هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 65

سالّی/ 2011 – بەرگی

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2011

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی(2011)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 65
چاپی یەكەم: 2011
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرست


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2011/3/29 ل 5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2011/4/4 ل 15

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2011/4/5 ل 71

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2011/4/6 ل 131

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (8)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2011/4/10 ل 241

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2011/4/11 ل 291



# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1)**

**سێ شەممە رێكەوتی 29\3\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1)

## سێ شەممە رێكەوتی 2011/3/29

كاتژمێر (12)ی نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2011/3/29 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (1)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (12)ی نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2011/3/29 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - دەقیقەیەك راوەستان بۆ گیانی پاكی خوا لێخۆشبوو (جەوهەر نامیق سالم) یەكەم سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان – عێراق.

2- خستنەڕووی دەست لەكاركێشانەوەی ئەندامی پەرلەمانی كوردستان – عێراق بەڕێز (رزگار محمد امین).

3- خوێندنەوەی یەكەمی ئەم پرۆژەو پێشنیارە یاساییانەی خوارەوە:

أ- یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2011.

ب- پێشنیاری یاسای ئەنجومەنی راژەی گشتی لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

ج- پێشنیاری یاسای هاوردەو هەناردە لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

د- پێشنیاری یاسای رێكخستنی قوتابخانە ئەهلی و تایبەتەكان لە هەرێمی كوردستان.

هـ- پێشنیاری بڕیاری دروست كردنی یەكەی نیشتەجێ بوون بۆ فەرمانبەرو خەڵكی كەم دەرامەت لە هەرێمی كوردستان.

و- پێشنیاری یاسای مافی نەخۆش لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (1)، رۆژی دانیشتن 2011/3/29، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی برگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری

دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆ، بەلاّم دواخرا بۆ کاتژمێر (12)ی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2011/3/29 بەم شێوەیە بێت:

1- دەقیقەیەك راوەستان بۆ گیانی پاکی خوا لێخۆشبوو (جەوهەر نامیق سالم) یەکەم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

2- خستنەڕووی دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بەرێز (رزگار محمد امین).

3- خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پرۆژەو پێشنیارە یاساییانەی خوارەوە:

أ- یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2011.

ب- پێشنیاری یاسای ئەنجومەنی راژەی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

ج- پێشنیاری یاسای هاوردەو هەناردە لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

د- پێشنیاری یاسای رێکخستنی فوتابخانە ئەهلی و تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

هـ- پێشنیاری بڕیاری دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ فەرمانبەرو خەڵکی کەم دەرامەت لە هەرێمی کوردستان.

و- پێشنیاری یاسای مافی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان.

بەڕێزان، ئێستاش فەقەرەی یەکەم لە بەرنامەی کار/ دەقیقەیەك راوەستان بۆ گیانی پاکی خوالێخۆش بوو یەکەم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەین، کە دەقیقەیە رابوەستن، سوپاس.

خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار/ خستنەڕووی دەست لە کارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، بەڕێز (رزگار محمد امین) داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین، کەرەم بکەن بۆ شوێنی خۆیان، کەرەم بکەن لیژنەی یاسایی بۆ خوێندنەوەی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێستا دەقی داواکاری بەڕێز کاك رزگار محمد امین ئەندامی پەرلەمان دەخوێنمەوە، سەبارەت بە دەست لە کارکێشانەوەی لە ئەندامێیەتی پەرلەمان، کە لە 2010/11/8 پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستانی کردووە.

بەپێی ماددەی سێیەم لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992 یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ئەندام پەرلەمان دەبێت نوێنەری گەلی کوردستان بێت و سوێند دەخوات کە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستان و بەرژەوەندییە بالأکانی بکات، بۆیە شایانی رێزە چ وەك تاك و چ وەك ئەوەش شەرەفی نوێنەرایەتی میللی پێ دەدرێ و کارمەند نییە لای هیچ بەرپرسێکی ئیداری پەرلەمان، ئێستاش کە بواری کار کردنم گونجاو نییە لە پەرلەمان، پێم باشە بگەڕێمەوە بواری دادوەری و دەست لەکار کێشانەوەی

**خۆم راگەیاند لە پەرلەمانی بەڕێزی کوردستان، لەگەڵ داوای لێبوردن و حورمەتی زۆرم بۆ سەرجەم و یەکە یەکەی خوشك و برایانی ئازیزم لە پەرلەمانی کوردستان و خودی بەڕێز سەرۆك پەرلەمانیش بفەرموون بۆ قەبول کردنی.**

**حاکم رزگار محمد امین**

2010/11/8

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، کاك حاکم رزگار محمد امین ئیستیقالەیدا، لە سەرەتا کەمێك نارەحەت بوو ئیستیقالەکەی بەشێوەیەك بوو، پاشان لەگەڵمان قسە کردو بەڕێزیان هاتنە سەر ئەوەی کە ئیستیقالەکەی بەم شێوەیە بنووسێت، کە ئێستا ئێوەی بەڕێز گوێتان لێ بوو و، بەڕێزیان فەرمووی من پێم خۆشە بچمەوە بواری دادوەری، لە هەمان کاتدا گوتی بڕیار، بڕیاری پەرلەمانە، بە هەر شێوەیەك قەبوڵ کردن، یان قەبول نەکردنی من ئیحتیرامم بۆ پەرلەمانەکەی خۆم هەیە، گوێڕایەڵی بڕیاری ئەندامانی پەرلەمانم، ئێستا ئیستیقالەی ئەو بەڕێزە خوێندرایەوە لەلایەن لیژنەی یاسایی، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە کە ئیستیقالەکەی پەسند بکرێت تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (43) بەڕێز لەگەڵە قەبوڵی بکەن، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (18) بەڕێز لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ ئیستیقالەکەی پەسند کرا، کە ئەمەش خواستی خۆی بوو، ئێمە زۆر زۆر هەوڵمان لەگەڵیدا پێمان خۆش بوو، برایەکی رێزدار وەك حاکم رزگار لەگەڵمان بێت، بەڵام وەکو خۆی گوتی حەنینم بۆ بواری دادوەرییە، تەمەنا دەکەم بچمەوە لەوێ کار بکەم، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، ئێستاش ئیستیقالەی ئەو بەڕێزە قەبول کرا، ئێستا بۆ خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پرۆژەو پێشنیارانەی خوارەوە:**

**أ-یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2011، کەرەم بکەن.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەروەك هەموو لایەك ئاگادارین پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش بە پەرلەمان کراوە، ئێستا دەقی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانتان بۆ دەخوێنمەوە، سەبارەت بە ناردنی بودجە بۆ پەرلەمانی کوردستان:**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ب/ پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ساڵی 2011**

**پشت بەست بە بڕگە (4) لە ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (3)ی ساڵی 1992، هاوپێچ پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ساڵی 2011 دەنێرین بۆ بەڕێزتان، کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (4) لە 2011/2/27 پەسند کراوە، بفەرموون بۆ وەرگرتنی، هاوپێچ پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ساڵی 2011 و هاوپێچەکانی:**

**1- خشتەکانی وردەکاری خەرجی پرۆژە سەرمایەدارەکان.**

2- خشتەکانی وردەکاری خەرجی بودجەی بەکارخستن.

**د.بەرهەم احمد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

بەڕێزان، ئەو پرۆژەیە لە 2011/3/10 ئیحالەی لیژنەی دارایی و ئابووری کراوە لە پەرلەمانی کوردستان، ئێستاش ئەمە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێت، ئەم پرۆژەیەش بریتییە لە سی مادده، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، کە ئەو پرۆژەیە ئیحالەی لیژنەکانی پەیوەندیداری پەرلەمان بکات، لەگەڵ ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بودجە کە گەیشتە پەرلەمانی کوردستان لە 2011/3/10، ئێمە بەنووسراوی رەسمی (ك 325) ئیحالەی لیژنەی دارایی و ئابووریمان کرد، لەسەر سایتەکانی پەرلەمان دانراوە، ئێستا پرۆژە یاساکە ئاراستەی لیژنەی دارایی و ئابووری و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان دەکەین، بودجەکەش لە لیژنەی داراییە، بودجەکە لەسەر سایتی پەرلەمانە، ئەو بەڕێزانەی، ئەو لیژنانەو، ئەوەی ئیختیصاصی ئەوانە، دەتوانن وەریبگرن، ئیحالەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەین بە رەسمی، ئێستا بۆ فەقەرەی (ب)، کەرەم بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دووەم/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای ئەنجومەنی راژەی گشتی لە هەرێمی کوردستان، واتا (قانون مجلس الخدمه العامه في اقليم كوردستان) ئەو پرۆژە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە پێشکەش کراوە، ئێستا دەقی داواکارییەکەتان بۆ دەخوێنمەوە:

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ب/ پرۆژەی یاسا**

سلاّوو رێزمان....

ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هاوپێچمان گەلاّلە کردووە، بەناوی پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی راژەی گشتی لە هەرێمی کوردستان (قانون مجلس الخدمه العامه في اقليم كوردستان)، تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان، لەگەڵ رێزماندا.

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە ناویان نووسراوەو تەقدیمیان کردووە:

1- شێروان ناصح حەیدەری. 2- عەونی کمال سعید بەزاز. 3- رۆژان عبدالقادر دزەیی. 4- بکر کریم محمد صالح. 5- عمر صدیق محمد. 6- دلّشاد شهاب حاجی. 7- ئەڤین عمر احمد. 8- تارا عبدالرزاق. 9- د.سەروەر عبدالرحمن. 11- د.بشیر خلیل حداد. 12- صباح بیت الله شکری.

ئەم پرۆژەیە بریتییە لە دوازدە مادده، لەگەڵ هۆکاری دەرچوواندنی یاساکە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، کە ئیحالەی لیژنەی پەیوەندیداری پەرلەمان بکات، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێمە ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان دەکەین، هەروەها بۆ ئەنجومەنی وەزیرانیشی دەنێرین، چونکە ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، تکایە فەقەرەی (ج) کەرەم بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم خاڵەش پەیوەندی هەیە بە پرۆژە یاسای ڕێکخستنی هاوردەو هەناردەکاران بۆ هەرێمی کوردستان، ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئێستا دەقی داواکارییەکەتان بۆ دەخوێنمەوە:

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ب/ پرۆژە یاسا**

ئێمەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کە لە خوارەوە واژوومان کردووە، پێشنیار دەکەین کەوا پرۆژە یاسای ڕێکخستنی هاوردەو هەناردەکاران بۆ هەرێمی کوردستان پێشکەش دەکەین، بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان و گفتوگۆ کردن لەسەری و دانانی بڕیاری گونجاو، لەگەڵ ڕێزماندا.

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی واژوویان کردووە لەسەر پرۆژەکە:

1- محمد دلێر محمود. 2- عبداللە مام علی. 3- شۆڕش سید مجید. 4- تارا ئەسعەدی. 5- سەردار رشید.
6- عمر عبدالرحمن. 7- سۆزان شهاب نوری. 8- شەونم محمد غریب. 9- ئەڤین عمر احمد. 10- خورشید احمد سلیم. 11- نیشتمان مرشد. 12- ئاواز عبدالواحد. 13- محمد شارەزووری.

ئەم پرۆژەیە بریتییە لە چواردە مادده، لەگەڵ هۆکاری دەرچوواندنی یاساکە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، کە ئیحالەی لیژنەی پەیوەندیداری پەرلەمانی بکات، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پیشەسازی و وزە و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی دەکەین، هەروەها بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی دەنێرین، زۆر سوپاس، بەڕێزان، بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز ئەو پرۆژەیە کە تەحویلی گشت ئەندامان دەکرێت لە لیژنە پەیوەندیدارەکان هەیەو، لەسەر سایتی پەرلەمانیش دادەنرێت، هەموو دەتوانن ببینن و بیرو بۆچوونی خۆیان بدەنە ئەو لیژنەیە، تیجارەش

زیمنی لیژنەی پیشەسازی و وزەیە، لەبەر ئەوە ئەو دوو لیژنەیە ئێمە بە گرنگی دەزانین، بۆ ئەوەی کە لیژنەکان زۆر بوون، پاشان شتەکان زۆر تاخیر دەبێت وەکو پێش ئێستامان لێ دێت، بۆیە ئاراستەی ئەو دوو لیژنەیەی دەکەین، بۆ فەقەرەی (د) کەرەم بکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (د) لە فەقەرەی سێیەمی بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای ڕێکخستنی قوتابخانە ئەهلی و تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، کە ئێستا داواکارییەکەیان بۆتان دەخوێنمەوە:

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ب/ پرۆژە یاسا**

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کە لە خوارەوە واژوومان کردووە، پێشنیار دەکەین کە پرۆژە یاسای ڕێکخستنی قوتابخانە ئەهلی و تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق پێشکەش دەکەین، بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان، بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری و بڕیاردانی گونجاو، لەگەڵ ڕێزماندا.

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە:

1- گەشە دارا حەفید. 2- د.سەروەر عبدالرحمن. 3- محمد شارەزووری. 4- سالار محمود مراد. 5- عمر نورەدینی. 6- شلێر محی الدین. 7- لانا احمد محمود. 8- سۆزان شهاب نوری. 9- رفیق صابر. 10- شەونم محمد غریب. 11- ئاواز عبدالواحد.12- صبیحە احمد مصطفی. 13- بێریڤان سەرهەنگ. 14- تارا عبدالرزاق.

ئەم پرۆژەیە لە (63) ماددە پێکهاتووە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانی بکات، لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان، لەگەڵ ڕێزدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی دەکەین، هەروەها بۆ ئەنجومەنی وەزیرانیشی دەنێرین، بۆ فەقەرەی (هـ) کەرەم بکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی (هـ) لە خاڵی سێیەمی بەرنامەی کار/ پێشنیاری بڕیاری دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ فەرمانبەرو خەڵکی کەم دەرامەت لە هەرێمی کوردستان.

ئەم پرۆژە بڕیارە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، بریتییە لە (7) مادده، لەگەڵ هۆکارەکانی دەرکردنی پرۆژەکە.

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە:

1- شلێر محمد نجیب. 2- جمال طاهر ابراهیم. 3- احمد سلێمان عبدالله(بلال). 4- سیوەیل عثمان احمد.

5- ئارام شاهین داود. 6- ژیان عمر شریف. 7- گەشە دارا حەفید. 8- سالار محمود مراد. 9- محمد شارەزووری.

10- حمە سعید حمە علی. 11- کوێستان محمد عبدالله. 12- نەسرین جمال مصطفی.

داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، ئاراستەی لیژنەکانی پەیوەندیداری بکات، لەگەڵ ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، پێشنیاری دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ فەرمانبەرو خەڵکی کەم دەرامەت لە هەرێمی کوردستان، ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی دەکەین، هەروەها بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی دەنێرین، بۆ فەقەرەی (و) کەرەم بکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی ئەخیر، کە ئەمڕۆ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێت، پرۆژە یاسای مافی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان.

ئەم پرۆژەیەش لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، پێکهاتووە لە (15) مادده، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە:

1- بێریڤان سەرهەنگ. 2- سمیرە عبدالله اسماعیل. 3- شیلان عبدالجبار عبدالغنی.

4- نیشتمان مرشد صالح. 5- لانا احمد محمود. 6- د.سەروەر عبدالرحمن عمر.

7- پەروین عبدالرحمن عبدالله. 8- د.دانا سعید صوّفی. 9- عمر نورەدینی.

10- تارا ئەسعەدی. 11- شلێر محی الدین.

داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، ئاراستەی لیژنەکانی پەیوەندیداری پەرلەمان و ئەندامە بەڕێزەکانی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستاش پێشنیاری یاسای مافی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی و ئەندامە بەڕێزەکانی دەکەین، هەروەها بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی دەنێرین، بەڕێزان، هەموو ئەو پرۆژانەی لێرە خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت و ئیحالە دەکرێت لەسەر سایتی پەرلەمان دەتوانن ببینن بۆ خۆتان و بۆ جەماوەری سەربەرزی کوردستان، ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین لە دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە، بەخێر بچن، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د. ارسلان بایز اسماعیل | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)**

**دووشەممە رێکەوتی 4\4\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2)

## دووشەممە رێكەوتی 2011/4/4

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2011/4/4 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێـراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (2)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لـە پێـڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان برِیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (2)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیـوەڕۆی رۆژی دووشـەممە رێكـەوتی 2011/4/4 دا بـەم شـێوەیە بێت:

1 - پێش چاوخستنی بە ئەندام وەرگرتنی پاڵێوراو بەڕێز كاوە محمد امـین حسـین، كـە بـە زنجیـرەی ژمـارە (62)ی لیستی كوردستانی ناوی هاتووە لە جێگای ئەندامی دەست لەكار كێشراو بەڕێز رزگار محمد امـین و، سوێند خواردنی یاسایی.

2- پـێش چاوخسـتنی پـەڵپگرتنی (اعـتراض) سـەرۆكایەتی هـەرێمی كوردسـتان، كـە بەنووسـراویان ژمـارە (د/625) لە 2010/12/23 هاتووە، لەسەر برِگە (10)ی ماددەی دووەمـی یاسـای وەزارەتـی رۆشـنبیری و لاوان ژمارە (14)ی ساڵی 2010.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای كاری رێكخراوە ناحكومیەكان لە هەرێمی كوردستان.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای گرنگیدان بە گەنجان لە هەرێمی كوردستان.

5- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای پرۆژە بچووكەكان لە هەرێمی كوردستان.

6- خستنەڕوو گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای سندوقی پاڵپشتی گەنجان لە هەرێمی كوردستان.

7- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای پشتگیری دارایی بۆ حزب و قەوارە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان.

8- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای دەستەی نەزاهەی گشتی لە هەرێمی کوردستان.

9- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای قەدەغە کردنی رێکخستنە حزبیەکان لەناو ریزەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی گشتیدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (2)، رۆژی دانیشتن 2011/4/4، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (2)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2011/4/4 بەم شێوەیە بێت:

1- پێش چاوخستنی بە ئەندام وەرگرتنی پالێوراو بەڕێز کاوە محمد امین حسین، کە بە زنجیرەی ژمارە (62)ی لیستی کوردستانی ناوی هاتووە لە جێگای ئەندامی دەست لەکار کێشراو بەڕێز رزگار محمد امین و، سوێند خواردنی یاسایی.

2- پێش چاوخستنی پەڵپگرتنی (اعتراض) سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، کە بەنووسراویان ژمارە (د/625) لە 2010/12/23 هاتووە، لەسەر برگە (10)ی ماددەی دووەمی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان ژمارە (14)ی ساڵی 2010.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای کاری رێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای گرنگیدان بە گەنجان لە هەرێمی کوردستان.

5- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای پرۆژە بچووکەکان لە هەرێمی کوردستان.

6- خستنەڕوو گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای سندوقی پاڵپشتی گەنجان لە هەرێمی کوردستان.

7- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای پشتگیری دارایی بۆ حزب و قەوارە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان.

8- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای دەستەی نەزاهەی گشتی لە هەرێمی کوردستان.

9- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای قەدەغە کردنی رێکخستنە حزبیەکان لەناو ریزەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی گشتیدا.

ئێستا دێینە فەقەرە یەك لە بەرنامەی کار/ پێش چاوخستنی بە ئەندام وەرگرتنی پالێوراو بەڕێز کاوە محمد امین حسین، کە بە زنجیرەی ژمارە (62)ی لیستی کوردستانی ناوی هاتووە لە جێگای ئەندامی دەست لەکار کێشراو بەڕێز رزگار محمد امین و، سوێند خواردنی یاسایی.

بەڕێزان، ئێستا ئەو بەڕێزەی کە..... نوقتەی نیزامیە؟ کەرەم بکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە ئەمڕۆ بەرنامەی کار بە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دانیشە، رجائەن، رجائەن دانیشە، روونی دەکەمەوە، دەزانم چی دەڵێی، دەزانم چ دەڵێی، رجائەن دانیشە، تکات لێ دەکەم دانیشە، روونی دەکەمەوە، ئەم بەڕێزە ئەوە دەڵێت کە وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە.... دەی کەرەم بکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو لایەکمان هاوڕاین لەسەر ئەوەی لە کوردستان دۆخێکی نائاسایی هەیەو، ئێمە نوێنەری خەڵکی کوردستانین و، لە پەرلەمانی کوردستانیش بۆ ئەم دۆخە نائاساییە، ئێمە چەند بڕیارێکمان دەرکرد، ئەو بڕیارەی کە پەیوەندی بە خواستی خۆپیشاندەر هەبووەو لەسەر دادگایی کردنی تاوانباران، لەسەر نەهێشتنی گەمارۆی عەسکەری لە شارو شارۆچکەکان، سەقفی زەمەنیمان بۆ دانا، ئێستا بەرنامەی کار دانراوە بە پێچەوانەی ئەو بەرنامەکارە نائاسایی کە هەبووە لە کوردستان، رەنگە جەنابت بڵێی ئەمە لیژنەی ناوخۆ راسپێردراوە لە نەخشە رێگا دەکات، بەڵام ئەمە ئەرکی پەرلەمانە، کە بەدواداچوون بکات، نەك وەزیری ناوخۆ بانگ بکرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە بودجە، لەبەر ئەوە پێموایە ئەم بەرنامەی کارە بە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە، ئەمە قانونیەکە کاك فرسەتیش لەوێیە، پێویستە ئێمە قسە لەسەر ئەو داواییە بکەین، کە خۆمان بڕیارەکەمان دەرکردووە، بڕیاری (17)ـە خاڵەکەمان پێشێل کراوە، نەك پێشێل کراوە، ئیدامەدان هەیە بەو خۆپیشاندانەی کە لە کەلار کرا، پەرلەمانتار سەری شکێنرا، یەعنی لەوە دۆخ نائاساییتر هەیە؟ کە پەرلەمان بێت باس لە بەرنامەی کارێك بکات، کە خۆمان خوێندنەوەی یەکەممان بۆ کردووە، رەنگە جەنابت بڵێی ئەو پرۆژانەی لەمەشدا هاتووە ئەولەویەتی لەخواستی خۆپیشاندەر هەبووە، بەڵام ئەمە بۆ داواکارییە بنەڕەتیەکان بوو، داواکاری هەنووکەیی هەیە، کە پێویستە پەرلەمان بەدواداچوونی بۆ بکات، نەك بچێتە سەر بەرنامەی ئاسایی، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئێمە بە هیچ شێوەیەك بە رەوای نازانین، کە بەردەوامی لە پێشێلکاری بکرێت لە پەیڕەوی ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئیسماعیل کەرەم بکە.

**بەڕێز اسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر بۆ راستكردنەوە بۆ كاك كاردۆ، ئێمە دوێنێ وەزیری ناوخۆمان بانگ كرد بۆ دوو خاڵ بووە، خاڵی یەكەمیان/ بەدواداچوون بووە لەسەر بودجە.

خاڵی دووەمیان/ بەدواداچوون بووە لەسەر رووداوەكانی $2/17$ بەدواوە، وەزارەتی ناوخۆ چی بینیوە، چ دەورێكی بینیوە، چی كردووە؟ لەسەر ئەوە بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، تكایە، فەرموو كاك سمیر.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لە $3/17$ بەپێی ئەو راپۆرتە هاوبەشەی لەنێوان لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەندە كاتیەكەی پەرلەمان تەشكیلیمان كرد بۆ رووداوەكان، كۆمەڵێك بەرنامەی داناوە، دەبێت ئەم بەرنامانە بخرێتە ئەجندەی كارەوە، جێ بەجێ بكرێت، هەر ئەم راپۆرتە ئەجندای كاری ئەم كۆبوونەوانە دیاری دەكات لە ئێستادا هەیە، یەعنی پێموایە ئەم ئەجندایە هیچی نەخراوەتە ناو ئەجنداكان كە ئێستا پێویستە بیكەین، یەكێكە لە رووی نیزامیەوە، خاڵێكی تر، ئەوەی كاك ئیسماعیل ئاماژەی پێ كرد، لەڕاستیدا راستە دوێنێ لەناو كۆبوونەوەكەی لیژنەی ناوخۆ لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ بابڵێم، كاك ئیسماعیل هێنایە كایەوە، بەڵام لەڕاستیدا پێشتر ئاماژەمان پێ نەكرد بوو، لە ئەجندەدا نەبوو، ئەمە تایبەتمەند بوو بە بودجەو دیراسەت كردنی تەخصیصاتی مالی بۆ وەزارەتی ناوخۆ، لەوێ قسەی لەسەر كرا، لەبەر ئەوە ئەم ئەجندایە ئەگەر بەپێی ئەو راپۆرتە بێت، دەبێت بەبێ ئەم راپۆرتەش بێت، لەڕاستیدا بەپێی ئەم راپۆرتە رەچاو نەكراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، تەواو دێینەوە سەر بەرنامەی كار، هیچ نوقتەی نیزامی نییە، تەواو، رجائەن، راوەستن وەڵامتان بدەمەوە، بەنیسبەت بەرنامەی كاری ئەمرۆ، ئێمە لە پەرلەمانی كوردستان، راستە لەناو كوردستان هەندێك زروف هەیە لیژنەی دیالۆگی بۆ دانراوە لە پەرلەمانی كوردستان، لیژنەی ناوخۆ بە ئەركی خۆی هەڵدەستێت، خۆپیشاندەران دەبینرێتن، هەموو شتێك دەكرێت، بەرنامەی كاری ئاسایی پەرلەمان بەردەوام دەبێت، ئەوە حەز دەكەم بۆ هەمووتان روون بێت، نیصاب تەواو بێت، كاری ئاسایی پەرلەمان بەردەوام دەبێت، بەرنامەی ئەمرۆمان ئەمەیە، هیچ نوقتەیەكی نیزامی نییە، خاڵی یەكەم/

پێش چاوخستنی بە ئەندام وەرگرتنی پاڵێوراو بەڕێز (کاوە محمد امین حسین)، کە بە زنجیرەی ژمارە (62)ی لیستی کوردستانی ناوی هاتووە، کێ لەگەڵە؟ رجائەن، کێ لەگەڵە بەڕێز (کاوە محمد امین) لە لیستی کوردستانی ببێتە ئەندامی پەرلەمان لە شوێنی رێزدار (رزگار محمد امین)؟ (69) بەڕێز لەگەڵە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ رجائەن لەجێی خۆتان قسە مەکەن، دانیشە، رجائەن کەس لە جێی خۆی قسە نەکات، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، داوا دەکەین لە بەڕێز (کاوە محمد امین) بێت بۆ سوێند خواردن، کەرەم بکە.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

(من (کاوە محمد امین حسین)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە کاکە، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیردواد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت قسەت لەسەر لیژنەی دیالۆگ کرد، ئەوە لیژنەی دیالۆگ خۆیان ئامادەن.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رجائەن دانیشە، بەرنامەی کار تەواو، رجائەن دانیشە، بەرنامەی کاری ئەمڕۆ ئەمەیە، ئیعلان کراوەو لەسەری بەردەوام دەبین، خاڵی دووەم/ داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی دەکەین کەرەم بکەن بۆ ئێرە، رجائەن جەلسەکە تێك مەدەن، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین کەرەم بکەن بۆ ئێرە، خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار/ پێش چاوخستنی پەڵپگرتنی (اعتراض) سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، کە بەنووسراویان ژمارە (د/625) لە 2010/12/23 هاتووە، لەسەر بڕگە (10)ی ماددەی دووەمی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان ژمارە (14)ی ساڵی 2010.

رجائەن دانیشن، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆیان نییە بەو شێوەیە هجوم بکەنە سەر ئەندام پەرلەمانی تر، قەبولی ناکەین لێتان، پەرلەمان تێك نادەن، فەرموون بڕۆنە دەرەوە، تەواو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە بەو شێوەیە نابێت، عەرقەلە دەکەن، ئیجرائاتان بەرامبەر وەردەگرم.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەو بارە نائاساییە، من پێشنیار دەکەم کە دوا بخرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رجائەن گاڵە گاڵ بەسە، دانیشتنەکە تەئجیل دەکەین بۆ چەند دەقیقەیەك، ئاگادارتان دەکەینەوە، زۆر سوپاس.

**دانیشتنی دووەم**

**دانیشتنی ژمارە (2) دانیشتنی دووەم لە 2011/4/4 رۆژی دوو شەممە**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەڕێزان، بەردەوام دەبین لەسەر بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، ئێستاش داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین کەرەم بکەن بۆ سەر مەنصە، بۆ بەڕێوە چوونی بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار، کەرەم بکەن، بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کار/ پێش چاوخستنی پەڵپگرتنی (اعتراض) سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، کە بەنووسراویان ژمارە (د/625) لە 2010/12/23 هاتووە، لەسەر بڕگە (10)ی ماددەی دووەمی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان ژمارە (14)ی ساڵی 2010، کەرەم بکەن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم لە دانیشتنی ئەمڕۆ 2011/4/4 بریتییە لە پێش چاوخستنی پەڵپگرتنی (اعتراض) سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، کە بەنووسراویان ژمارە (د/625) لە 2010/12/23 هاتووە، لەسەر بڕگە (10)ی ماددەی دووەمی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان ژمارە (14)ی ساڵی 2010، پێشکەشتان دەکەم بە زمانی کوردی.

**بڕیار ژمارە (19)ی ساڵی 2010**

بەپێی خاڵی دوو لە بڕگەی یەکەمی ماددەی دەیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (1) ساڵی 2005ی هەموار کراو، بڕیارماندا کە یاسای ژمارە (14)ی ساڵی 2010 یاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان، کە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (14) لە 2010/11/10

تەشریعی کردووە، بگەڕێنینەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی دەستەواژەی جەندەر کە لە بڕگەی دەیەمی ماددەی دووەمدا هاتووە بگۆڕێت بە دەستەواژەیەکی کوردی، یان عەرەبی پەسند کراو لە زمانی کوردیدا، یان پێناسەیەکی روونتر بۆ دەستەواژەی جەندەر بکات لە یاساکەدا.

**مەسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.داوا دەکەم حەوالەی لیژنە تایبەتمەندەکان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەو بڕیارەی ژمارە (19)ی ساڵی 2010ی رێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی رۆشنبیری دەکەین بۆ لێکۆڵینەوەو دوا راپۆرتیان لەسەری، ئێستا بۆ بڕگەی سێیەم لە بەرنامەی کار/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی یاسای کاری رێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان، نوقتەی نیزامیە؟ کەرەم بکە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ئیعتیرازەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم ئاراستەی لیژنەی ئێمەش بکرێت باشە، لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزتان وەك ئەندامێکی پەرلەمان، دەتوانن لە لیژنەی رۆشنبیری بەشدار بن و رەئی خۆتان بدەن، چونکە ئەم پرۆژەیە هی وەزارەتی رۆشنبیرییە، لەسەر فەقەرەیەك لە ماددەکەیە، زۆر سوپاس بۆ جەنابت، لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی و لیژنەی یاسایی هەرسێکتان کەرەم بکەن بۆ سەر مەنصە، کەرەم بکەن بۆ بڕگەی سێیەم لە بەرنامەی کار، فەرموون.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگە سێیەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ 2011/4/4 بریتییە لە خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی یاسای پێشنیاری یاسای کاری رێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. ئەو پرۆژە یاسایە لەکاتی خۆیدا لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، دوای ئەوەی لەگەڵ لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی و لیژنەی ناوخۆ چەند کۆڕو سیمینارێکی زۆری لەسەر کرا، لە سلێمانی و لە بەیروتی پایتەختی لوبنان بە ئامادە بوونی نوێنەرانی سەرجەم رێکخراوە مەدەنیەکانی کوردستان، دوای ئەوەی

**کەوا دیراسەیەکی چڕو پڕی لەسەر کرا، هەروەها لەگەڵ لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان ڕاپۆرتێکی هاوبەشمان پێکەوەنا، تکامان وایە لە بەڕێزت، ئەو ڕاپۆرتە هاوبەشە بکەیتە ئەساسی موناقەشە کردن، بۆ ئەوەی بکرێتە ئەساسی موناقەشە کردن، ئەمڕۆ لە هۆڵی پەرلەمان پێویستە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئێستا هەر سێ لیژنە کۆکن لەسەر ئەوەی ڕاپۆرتە هاوبەشەکە ببێتە ئەساس بۆ گفتوگۆی دانیشتنەکە، ئەگەر لەسەری موتەفیقن، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ دوو کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، کەرەم بکەن بۆ موناقەشەی پرۆژەکە.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی و لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بە زمانی عەرەبی پێشکەشتان دەکەم.**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان – العراق**

**م/ تقرير مشترك**

**اجتمعت لجان الشؤون القانونية وشؤون المجتمع المدني والداخلية والامن والمجالس المحلية يوم الاحد (14 سەرماوەرز)2710 كوردى المصادف ليوم 2010/12/5 لدراسة مشروع قانون المنظمات غير الحكومية فى اقليم كوردستان – العراق، المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى اللجان المعنية بعد القراءة الاولى فى البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (19) والمؤرخة 2010/6/27 وبعد المناقشة والمداولة قررت اللجان الاستفادة من النشاطات المختلفة والافكار المقدمة لاغناء المشروع وتنظيم صياغته بالشكل المقدم وكالاتى:**

**قانون المنظمات غير الحكومية في اقليم كوردستان**

**رقم ( ) لسنة 2010**

**الفصل الاول**

**التعاريف**

**المادة الاولى: يقصد بالتعابير والمصطلحات الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:**

**اولاً - الأقليم: اقليم كوردستان – العراق.**

ثانياً - المنظمة: المنظمة غير الحكومية وهي مجموعة من الأشخاص الطبيعية أو المعنوية، تتمتع بالشخصية المعنوية وفقا لأحكام هذا القانون، وتسعى لتحقيق اهداف ليس فيها اقتسام للربح.

ثالثاً- الدائرة: دائرة منظمات غيرالحكومية، الدائرة في مجلس وزراء الأقليم.

رابعاً- المنظمات الكوردستانية: هي المنظمات المسجلة في الأقليم وفق احكام هذا القانون.

خامساً- المنظمات العراقية: منظمات مسجلة وفقا للقانون العراقي، وتقوم بأعمالها ونشاطاتها في الأقليم، بموجب أحكام القوانين النافذة في الأقليم.

سادساً- المنظمات الأجنبية: المنظمات المسجلة بموجب قانون دولة أخرى، وتقوم بأعمالها ونشاطاتها وفقا للقوانين النافذة في الأقليم.

سابعاً- شبكة المنظمات: هي منظمة غير حكومية مسجلة بموجب أحكام هذا القانون، وتتألف من عدد من المنظمات غير الحكومية وتتمتع بالشخصية المعنوية.

## الفصل الثاني
## المبادئ العامة

**المادة الثانية:**

تأسيس المنظمات حق دستورى، يجب ان لا تكون هناك اية عوائق امام تأسيسها خارج الشروط القانونية.

**المادة الثالثة:**

المنظمات لها الحق في أن تكون لها فروع داخل أو خارج الأقليم والعراق.

**المادة الرابعة:**

أولاً: لمنظمتين مسجلتين او أكثر الحق في تأسيس شبكة فيما بينها.

ثانيا:

1- على شبكة المنظمات التي تسعى للحصول على الشخصية المعنوية، أن تقدم طلب التسجيل بموجب أحكام هذا القانون. وتكتسب الشخصية المعنوية، وهي مستقلة عن الشخصيات المعنوية للمنظمات المكونة لها.

2- الشبكة غير المسجلة لاتعد غير قانونية، ولكن لا تكتسب الشخصية القانونية.

3- لشبكتين أو أكثر من شبكات المنظمات ان تنضم الى بعض، وقد تتكون شبكة المنظمات من منظمات كوردستانية او عراقية او أجنبية. ولأي شخص طبيعي او معنوي أن يصبح عضوا في شبكة المنظمات.

4- يعفى طلب ومعاملات التسجيل من الرسوم.

**المادة الخامسة:**

**بامكان أي شخص أن ينوب عن المنظمة أو الشبكة أمام المحاكم والجهات الرسمية وغير الرسمية حسب النظام الداخلي للمنظمة.**

**الفصل الثالث**

**العضوية في المنظمات**

**المادة السادسة:**

**تحدد شروط العضوية وشروط العمر وحق التصويت والترشح واالشروط الاخرى في النظام الداخلي.**

**المادة السابعة:**

**يجب تجنب مشاركة اعضاء وعاملين في اصدار قرارات من شانها ان تؤدي الى التعارض بين مصالحهم الشخصية او الوظيفية او مصلحة المنظمة.**

**الفصل الرابع**

**الأهداف والحقوق**

**المادة الثامنة:**

**تسعى المنظمة الى تحقيق اهدافها بما تنسجم مع مبادىء الديمقراطية والمعاهدات والاتفاقيات الدولية الخاصة بحقوق الانسان وأن تكون واضحة وعلنية.**

**المادة التاسعة:**

**للمنظمة الحق في:**

1 -**تقييم دور مؤسسات الدولة.**

2 -**الوصول الى المعلومات.**

3 -**اقامة التجمعات والاجتماعات، والتظاهر والاضراب، واقامة المؤتمرات و ورش العمل، وجميع الأنشطة المدنية الأخرى.**

4 -**نشر التقارير والمعلومات وطبع المناشير.**

5 - **للمنظمة الحق في القيام بجميع أعمالها ونشاطاتها في حالة عدم تعارضها مع أهدافها.**

**زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو.**

**بەڕێز عمر حمد امين خدر(نورەدينی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الخامس**

**دائرة المنظمات غير الحكومية**

**المادة العاشرة:**

الدائرة هي الجهة الوحيدة المخولة بتسجيل المنظمات وادارة شؤونها.

## الفصل السادس

## تسجيل المنظمات

**المادة الحادية عشرة:**

**شروط التسجيل**

اولاً: لتسجيل المنظمات الكوردستانية، يجب أن يقدم الاعضاء المؤسسون طلباً الى الدائرة، على أن لا يكون عددهم أقل من ثلاثة أشخاص، ويكون الطلب موقعاً من قبلهم جميعاً ومرفقاً به النظام الداخلي للمنظمة مع المعلومات التالية:

1- أسم المنظمة وأغراضها وأهدافها.

2- الاسم، اللقب، الجنس، الجنسية، العمر، المهنة، مستوى التحصيل الدراسي، ومحل السكن للاعضاء المؤسسين.

3- هيكلية (تكوين) المنظمة وأساليب تكوين هيئاتها، واختصاصات كل هيئة منها، وكيفية عملها، والانتخابات الداخلية، وتوضيح شروط عضوية المنظمة.

ثانيا: المنظمات العراقية

تعتبر المنظمات العراقية المسجلة لدى السلطات الاتحادية مسجلة تلقائياً في الأقليم، وعليها تقديم المعلومات التالية للدائرة باللغتين الكوردية والعربية:

1.اسم المنظمة واسم من يمثل المنظمة في الاقليم.

2.عنوان ورقم هاتف المكتب الرئيسي للمنظمة في العراق.

3.خطة العمل للنشاطات التي تنوي المنظمة تنفيذها في الأقليم.

4. نسخة مصدقة من وثائق التسجيل الأتحادية للمنظمة.

ثالثا: المنظمات الأجنبية

من أجل الحصول على شهادة التسجيل، ينبغي على المنظمات الأجنبية تقديم المعلومات التالية للدائرة باللغة الكوردية:

1. اسم المنظمة.

2.عنوان ورقم هاتف مكتب المنظمة الرئيسي في العراق وبلد الأم.

3. بيان الأهداف والنشاطات التى تسعى المنظمة لتحقيقها في الاقليم.

4. نسخة مصدقة من النظام الداخلي للمنظمة.

5. تأييد يثبت تسجيل المنظمة كمنظمة غير حكومية في البلد الأم.

**المادة الثانية عشرة: اجراءات التسجيل**

1- على دائرة المنظمات ان تجيب على طلب التسجيل خلال (30) يوماً من تاريخ استلام الطلب، عندما تقدم المنظمة الطلب، يجب على الدائرة ان تزودها بوصل استلام مؤرخ، يعتبر هذا الوصل دليلاً على موعد تقديم الطلب لاغراض حساب هذه المدة وهي 30 يوما.

2- في حالة عدم توفر الشروط القانونية الواردة في طلب التسجيل وفقا لهذا القانون على الدائرة اعادة الطلب الى هيئة المؤسسين خلال (15) يوماً من تاريخ الوصل، لغرض استكمال نواقصه، وفي هذه الحالة تحسب مدة الجواب من التاريخ الموجود على وصل الطلب الجديد.

3- في حالة عدم الاجابة على الطلب وانقضاء المدة المذكورة في الفقرة (1) من هذه المادة، فان المنظمة تعتبر مسجلة وعلى الدائرة تزويد المنظمة بوثيقة التسجيل عند الطلب.

4- اذا رفضت الدائرة طلب التسجيل، فان للاعضاء المؤسسين الحق في الطعن على قرار الرفض أمام المحكمة الادارية في اقليم كوردستان خلال (30) يوماً من تاريخ استلامهم لقرار الرفض، وعلى المحكمة البت في قرار الرفض خلال (15) يوماً.

5- يجب على الدائرة ارسال كتاب رسمي مسبب لرفضها لطلب التسجيل الى طالبي التسجيل والاسباب التي يمكن ان تستند الدائرة اليها في رفضها لطلب التسجيل هي حصراً عدم توافر المنظمة لشروط المواد الثامنة، الحادية عشر، وفقرة (1) من المادة الخامسة عشرة من هذا القانون.

6- بعد ابداء الموافقة على طلب التسجيل، او انقضاء المدة القانونية دون الاجابة عليه، على الدائرة نشر النظام الداخلي للمنظمة مع وثيقة التسجيل في جريدة يومية في الأقليم.

المادة الثالثة عشرة:

سجلات المنظمات

على المنظمة ان تكون لديها السجلات الآتية، والتي يجب تصديقها من قبل كاتب العدل:

1- سجل الاعضاء: العنوان، العمر، الجنس، المستوى الدراسي، وتواريخ انتمائهم.

2- سجل القرارات: وتتضمن قرارات كل من الهيئة الادارية للمنظمة والهيئة العامة، و(اسم) الشخص الذي يمثل المنظمة بموجب النظام الداخلي للمنظمة، ويكون السجل موقعاً من قبل هيئة ادارة المنظمة.

3- سجل الحسابات: تسجل فيه عوائد ونفقات المنظمة.

4- سجل الاساس (سجل الموجودات): تسجل فيه جميع ممتلكات المنظمة من الممتلكات والثروات المنقولة وغير المنقولة.

## الفصل السابع

## مالية المنظمة

المادة الرابعة عشرة:

تتكون مالية المنظمة من:

1- المساعدات التي يقدمها اعضاء المنظمة.

2- المساعدات والتبرعات والهدايا والمنح المقدمة من قبل الافراد والقطاع الخاص والجهات المحلية والاجنبية الاخرى.

3- أي مكسب آخر تستحصله المنظمة نتيجة فعالياتها لدى استثمار ثرواتها.

4- حصة المنظمة من مبالغ الميزانية السنوية للاقليم المخصصة، واية مساعدات اخرى مقدمة من قبل الحكومة لدعم مشاريع المنظمات.

المادة الخامسة عشرة:

1- على جميع المنظمات والشبكات غير الحكومية ان يكون لها حساب مصرفي.

2- تقوم المنظمات بادارة اموالها عن طريق ميزانية سنوية، وفق النظام المحاسبي المعتمد في الاقليم .

3- تقدم المنظمات والشبكات التقرير المالي السنوي الى دائرة المنظمات غير الحكومية، وتدقق من قبل ديوان الرقابة المالية في الاقليم.

4- تعفى ايرادات وممتلكات وأموال المنظمة من الضرائب والرسومات والكمرك.

5- على المنظمات التي تمول من قبل الحكومة تقديم تقرير مفصل للدائرة حول كيفية تنفيذ مشاريع المنظمات.

## الفصل الثامن

## التعليق و الحل والدمج

المادة السادسة عشرة: للدائرة ان تقوم بمسائلة المنظمات اذا قامت بمخالفة احكام هذا القانون، كالآتي:

1. للدائرة تنبيه المنظمة المخالفة لاحكام هذا القانون لأزالة المخالفات خلال مدة (15) يوماً.

2. في حالة عدم قيام المنظمة بأزالة المخالفات خلال المدة المذكورة في الفقرة (1) للدائرة ايقاف اعمال وانشطة المنظمة لمدة (30) يوماً.

3. تكون قرارات الدائرة خاضعة للتظلم أمام المحكمة الادارية خلال مدة (10) أيام من تاريخ التبليغ بقرار الايقاف، وعلى المحكمة البت في التظلم خلال سبعة أيام من تأريخ استلامه الطعن.

المادة السابعة عشرة : يمكن حل المنظمة أو الشبكات غير الحكومية اختيارياً او إجبارياً.

اولاً: في حالة الحل الاختياري، يكون حل المنظمة، وفقا لنظامها الداخلي، و يجب على المنظمة تبليغ الدائرة بقرار الحل على الاقل قبل 30 يوماً من نفاذه.

ثانياً: في حالة الحل االإجباري، يكون حل المنظمة بقرار من محكمة بداءة محل المنظمة ويكون حصراً في الحالات التالية:

أ) انتهاك المنظمة للدستور أو القوانين النافذة في الاقليم.

ب) على أساس شكوى قضائية مقدمة من قبل الدائرة، اذا لم تقم المنظمة أو الشبكة غير الحكومية بأزالة ورفع المخالفة وفقاً لما ذكر في المادة (16) من هذا القانون.

**ثالثاً: للمنظمة حق الطعن في قرار المحكمة خلال مدة (30) يوماً من تاريخ تبليغها بالقرار امام محكمة التميز.**

**المادة الثامنة عشرة:**

**يجب على المنظمة تزويد المصفي بسجل لجميع حساباتها والأصول والايرادات، تستخدم الأصول أولا في سداد المديونيات المستحقة للمنظمة او الشبكة غير الحكومية، بعد سداد ديون المنظمة يجب ان تنقل الاصول المتبقية الى ملكية منظمة اخرى لها نفس الاهداف او اهدافها قريبة من اهداف المنظمة المنحلة.**

**المادة التاسعة عشرة:**

**أولاً: للمنظمات ذات الأهداف المتماثلة أو المتقاربة، أنْ تندمج مع بعضها وتؤلف منظمة واحدة بنظام داخلي وذلك وفقاً للنظام الداخلي لكلٍ منها.**

**ثانياً: تخضع إجراءات الدمج وتأسيس المنظمة الجديدة لأحكام هذا القانون.**

**ثالثاً: تؤول جميع الأموال المنقولة وغير المنقولة الى المنظمة المندمجة.**

## الفصل التاسع

## الأحكام العامة

**المادة العشرون: ليس للمنظمة البحث عن الفوائد المادية. الا ضمن اطار تحقيق أهدافها.**

**المادة الحادية والعشرون:**

**1.جميع القرارات الصادرة من المنظمة أو من الشبكة قابلة للإستئناف أمام المحكمة المختصة خلال (15) يوماً من تاريخ صدورها بناء على طلب أي شخص له مصلحة في ذلك، وان المحكمة تقرر الغاء القرار اذا كان مخالفا لأحكام القانون أو لبنود النظام الداخلي للمنظمة.**

**2.لا يؤثر قرار الالغاء على حقوق الاشخاص من خارج المنظمة وحسني النية.**

**المادة الثانية والعشرون:**

**على المنظمات العاملة في الاقليم أن تكيف اوضاعها مع أحكام هذا القانون خلال مدة سنة واحدة من تاريخ اصداره.**

**المادة الثالثة والعشرون:**

**لاتسري أحكام هذا القانون على النقابات المهنية والجمعيات والاتحادات والاحزاب.**

**المادة الرابعة والعشرون:**

**لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض وباحكام هذا القانون.**

**المادة الخامسة والعشرون:**

**يحدد مهام واختصاصات تشكيلات الدائرة بنظام.**

**المادة السادسة والعشرون:**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.**

المادة السابعة والعشرون:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الاسباب الموجبة**

بما ان المنظمات غير الحكومية في اقليم كوردستان تؤثر على تنمية المجتمع والحياة الديمقراطية والمدنية للاقليم، ونتيجة لهذه التنمية الكبيرة التي تعيشها هذه المنظمات بجانب دورها البارز في معظم مفاصل حياة المجتمع الحساسة، وكذلك لغرض تنظيم الاطار القانوني لهذه المنظمات، ولأجل تحقيق هذا الغرض، واحلال قانون عصري متقدم يلائم الثقافة الديمقراطية والمدنية، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەم بكەن بە كوردیش بخوێننەوە.

**بەڕێز د.دانا سعید صوٚفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راپۆرتی هاوبەش بە زمانی كوردی.

تەنیا روون كردنەوەیەك لە دەقە كوردیەكەدا پێشەكیەكە تەرجومە نەكراوە، بەلاٚم بۆ پرۆتۆكۆلە من ئێستا تەرجومەم كردووەو دەیخوێنمەوە.

**بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

**ب/ راپۆرتی هاوبەش**

لە رۆژی یەك شەممە بەرواری 2010/10/5 هەرسێ لیژنەی كاروباری یاسایی و كاروباری كۆمەڵەی مەدەنی و لیژنەی ناوخۆ و ئەنجومەنە خۆجێیەكان بۆ لێكۆڵینەوە لە پرۆژە یاسای رێكخراوە ناحكومیەكان لە هەرێمی كوردستان، كە پێشكەش كراوە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە، هەروەها نێردراوە بۆ لیژنە پەیوەندیدارەكان، دوای ئەوەی كە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (19) لە بەرواری 2010/6/27، دوای گفتوگۆ كردن و تاوتوێ كردن، هەرسێ لیژنەی ناوبراو بڕیاریاندا كە سوود لە چالاكی و هەوڵە جۆراوجۆرەكان، بیرۆكە پێشكەش كراوەكان وەربگرن، بۆ دەوڵەمەند كردنی پرۆژە یاساكەو رێكخستن و داڕشتنی بەم شێوەیەی خوارەوە:

یاسای رێكخراوەكانی ناحكومی لە هەرێمی كوردستاندا، ژمارە ( )ی ساڵی 2010

**بەشی یەكەم**

**پێناسەكان**

ماددەی یەكەم:

مەبەست لەم گوزارشت و زاراوانەی دادێن، ماناكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

یەكەم: هەرێم: هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

**دووەم: ڕێکخراو: ڕێکخراوی ناحکومی، کە کۆمەڵێك کەسی ئاسایی، یان مەعنەویی، کە بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە خاوەن کەسایەتیەکی مەعنەوییەو، هەوڵ بۆ بەجێ گەیاندنی ئامانج دەدات، کە دابەش کردنی قازانجی تێدا نییە.**

**سێیەم: فەرمانگە: فەرمانگەی ڕێکخراوەکانی ناحکومی، فەرمانگەکە لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمدا دەبێت.**

**چوارەم: ڕێکخراوەکانی کوردستان: ئەو ڕێکخراوانەن کە بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە هەرێمدا تۆمار کراون.**

**پێنجەم: ڕێکخراوەکانی عێراق: ڕێکخراوەکانی تۆمارکراو بەگوێرەی یاسای عێراق، کارو چالاکی لە هەرێمدا دەکات، بەگوێرەی حوکمەکانی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم.**

**شەشەم: ڕێکخراوەکانی بیانی: ڕێکخراوەکانی تۆمار کراو بەگوێرەی یاسای دەوڵەتێکی دی، کارو چالاکی خۆیان بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم دەکەن.**

**حەوتەم: تۆڕی ڕێکخراوەکان: ڕێکخراوێکی ناحکومییە بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە تۆمار کراوە، لەچەندین ڕێکخراوی ناحکومی پێکدێت و خاوەن کەسایەتیەکی مەعنەوییە.**

## بەشی دووەم
## بنەمای گشتی

**ماددەی دووەم:**

**دامەزراندنی ڕێکخراو مافێکی دەستوورییە، نابێ هیچ ئاستەنگێك لە دەرەوەی مەرجی یاسایی لەبەردەم دامەزراندنیدا هەبێت.**

**ماددەی سێیەم:**

**ڕێکخراوەکان مافیان هەیە لە ناوخۆ، یان دەرەوەی هەرێم و عێراقدا لقیان هەبێت.**

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم: دوو ڕێکخراوی تۆمار کراو، یان زیاتر مافی دامەزراندنی تۆڕێکیان هەیە لە نێوخۆیاندا.**

**دووەم:**

1- **ئەو تۆڕی ڕێکخراوانەی هەوڵ دادات کەسایەتییەکی مەعنەوی بەدەست بهێنێ، دەبێ داوایەکی تۆمار کردن بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێشکەش بکات و، کەسایەتیی مەعنەوی بەدەست دەهێنێت و، جودایە لەو کەسایەتییە مەعنەویانەی ئەو ڕێکخراوانەی پێکی دەهێنن.**

2- **ئەو تۆڕەی تۆمار نەکرا بێت بە نایاسایی دانانرێت، بەڵام کەسایەتیی یاسایی بەدەست ناهێنێت.**

3- دوو تۆڕ، یان زیاتر له تۆڕی ڕێکخراوەکان بۆیان هەیە بچنە پاڵ یەك و، دەکرێ تۆڕی ڕێکخراوەکان له ڕێکخراوی کوردستانی، یان عێراقی، یان بیانی پێك بێت و، هەر کەسێکی ئاسایی، یان مەعنەوی بۆی هەیە ببێتە ئەندام له تۆڕی ڕێکخراوەکاندا.

4- داوای مامەڵەی تۆمار کردن له ڕەسم دەبەخشرێت.

ماددەی پێنجەم:

هەر کەسێك بۆی هەیە ببێتە نوێنەری ڕێکخراو، یان تۆڕ لەبەردەم دادگاکان و لایەنانی فەرمی و نافەرمی بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە.

## بەشی سێیەم

## ئەندامیەتی له ڕێکخراوەکاندا

ماددەی شەشەم:

مەرجەکانی ئەندامیەتی و مەرجەکانی تەمەن و مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتن و مەرجەکانی دیکەش له پەیڕەوی ناوخۆدا دیاری دەکرێن.

ماددەی حەوتەم:

دەبێ خۆ بەدوور بگیرێت له بەشداری کردنی ئەندامان و کارمەندان له دەرکردنی ئەو بڕیارانەی دەبنە مایەی ناکۆکی لەنێوان بەرژەوەندیی کەسی، یان وەزیفیی ئەوان یان بەرژەوەندیی ڕێکخراوەکە.

## بەشی چوارەم

## ئامانج وماف

ماددەی هەشتەم:

ڕێکخراوەکە هەوڵ دەدات بۆ بەجێ گەیاندنی ئامانجەکانی بەو جۆرەی لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی و پەیماننامەکان و ڕێککەوتننامەکانی تایبەت به مافی مرۆڤ دەگونجێن و، دەبێ ڕوون و ئاشکراش بن.

ماددەی نۆیەم:

ڕێکخراو مافی هەیە له:

1- هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی دامەزراوەکانی دەوڵەت.

2- گەیشتنی به زانیاری.

3- گرێدانی گردبوونەوە و کۆبوونەوە، خۆپیشاندان و مان گرتن، گرێدانی کۆنگرە و وۆرك شۆپ و هەموو چالاکییەکی دیکەی مەدەنی.

4- بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت و زانیاری و چاپ کردنی پەخشنامە.

5- ڕێکخراو مافی هەیە هەموو کارو چالاکییەکانی بکات، له حاڵەتێکدا لەگەڵ ئامانجەکانیدا ناکۆك نەبێت.

## بەشی پێنجەم

## فەرمانگەی ڕێکخراوەکانی ناحکومی

**ماددەی دەیەم:**

**فەرمانگە تاکە لایەنی دەسەڵات پێ دراوە بە تۆمار کردنی ڕێکخراوەکان و بەڕێوە بردنی کاروباریان.**

## بەشی شەشەم

## تۆمارکردنی ڕێکخراوەکان

**ماددەی یازدەهەم:**

**مەرجەکانی تۆمار کردن:**

**یەکەم: بۆ تۆمار کردنی ڕێکخراوەکانی کوردستان، دەبێ ئەندامانی دامەزرێنەر داوایەك پێشکەش بە فەرمانگە بکەن، بەمەرجێك ژمارەیان لە سێ کەس کەمتر نەبێت، داوایەکەش لە لایەن هەموویانەوە واژۆکرا بێت و پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکەش هاوپێچی بێت لەگەڵ ئەم زانیاریانەی دادێن:**

**1- ناوی ڕێکخراوەکەو مەبەست و ئامانجەکانی.**

**2- ناو، نازناو، ڕەگەز، ڕەگەزنامە، تەمەن، پیشە، ئاستی بڕوانامەی خوێندن و شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەندامانی دامەزرێنەر.**

**3- پەیکەری ڕێکخراوەکەو شێوازی پێکهێنانی دەستەکانی، پسپۆرایەتیی هەر دەستەیەکیان، چۆنیەتی کار کردنی، هەڵبژاردنی ناوخۆو ڕوون کردنەوەی مەرجەکانی ئەندامیەتی ڕێکخراوەکە.**

**دووەم: ڕێکخراوەکانی عێراق:**

**ڕێکخراوەکانی عێراق کە لە لای دەسەڵاتی فیدراڵدا تۆمار کراون، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لەهەرێمدا بە تۆمار کراو دادەندرێن و، لە سەریانە ئەم زانیاریانەی دادێن بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی پێشکەش بە فەرمانگە بکەن:**

**1- ناوی ڕێکخراوەکەو ناوی ئەو کەسەی نوێنەرایەتیی ڕێکخراوەکە دەکات لە هەرێمدا.**

**2- ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنی نووسینگەی سەرەکیی ڕێکخراوەکە لە عێراقدا.**

**3- پلانی کاری ئەو چالاکیانەی ڕێکخراوەکە دەیەوێ لە هەرێمدا جێبەجێان بکات.**

**4- دانەیەکی ئەرێ کراو (تصدیق) لە بەڵگەنامەکانی فیدراڵی تۆمار کردنی ڕێکخراوەکە.**

**سێیەم: ڕێکخراوەکانی بیانی:**

**لە پێناو بەدەست هێنانی بڕوانامەی تۆمار کردن، دەبێ ڕێکخراوەکانی بیانی ئەم زانیاریانەی دادێن بە زمانی کوردی پێشکەش بە فەرمانگە بکەن:**

**1- ناوی ڕێکخراوەکە.**

**2- ناونیشان وژمارە تەلەفۆنی نووسینگەی سەرەکیی ڕێکخراوەکە لە عێراق و وڵاتی دایکدا.**

**3- ڕوون کردنەوەی ئەو ئامانج و چالاکانەی ڕێکخراوەکە هەوڵ دەدات لە هەرێمدا جێ بەجێیان بکات.**

**4- دانەیەکی ئەری کراو لە پەیڕەوی ناخۆی ڕێکخراوەکە.**

5- پشتگیرییەك كە تۆمار كردنی رێكخراوەكە وەك رێكخراوێكی ناحكومی لە وڵاتی دایكدا بسەلمێنێ.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی دوازدەهەم:**

**رێكاری تۆمار كردن:**

1- دەبێ فەرمانگەی رێكخراوەكان لە ماوەی (30) رۆژدا لە رۆژی وەرگرتنی داواكەوە وەڵامی داوای تۆمار كردنەكە بداتەوە. كاتێك رێكخراوەكە داوا پێشكەش دەكات، دەبێ فەرمانگە پسوولەیەكی بە رۆژی وەرگرتن پێ بدات. ئەو پسوولەیەش بەڵگەیە بۆ وادەی پێشكەش كردنی داواكە بۆ مەبەستی ژماردنی ئەو ماوەیەی كە (30) رۆژە.

2- لە حاڵەتی نەبوونی ئەو مەرجانەی یاسا كە بەگوێرەی ئەم یاسایە لە داوای تۆمار كردندا هاتوون، دەبێ فەرمانگە لە ماوەی (15) رۆژدا لە رۆژی پسوولەكەوە داواكە بگەڕێنێتەوە بۆ دەستەی دامەزرێنەر، بەمەبەستی تەواو كردنی كەم وكوڕییەكانی، لەم حاڵەتەشدا ماوەی وەڵامەكە لە رۆژی سەر پسوولەی داوا تازەكەوە ئەژمار دەكرێت.

3- لە حاڵەتی وەڵام نەدانەوەی داواكەو بەسەر چوونی ئەو ماوەیەی لە بڕگە (1)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، رێكخراوەكە بە تۆمار كراو دادەندرێت و، دەبێ فەرمانگە لەكاتی داوا كردندا بەڵگەنامەی تۆمار بداتە رێكخراوەكە.

4- ئەگەر فەرمانگە داوای تۆمار كردنی رەت كردەوە، ئەوە ئەندامانی دامەزرێنەر مافی تانە لێدانی بڕیاری رەت كردنەوەكەیان هەیە لەبەردەم دادگای كارگێڕی لە هەرێمی كوردستاندا لە ماوەی (30) رۆژ لە رۆژی وەرگرتنی بڕیاری رەت كردنەوەكەدا، دەبێ داگاش لە ماوەی (15) رۆژدا بڕیاری رەت كردنەوەكە یەكلای بكاتەوە.

5- دەبێ فەرمانگە نووسراوێكی فەرمی بە هۆكاری رەت كردنەوەی داواكە بۆ داواكارانی تۆماركردن بنێرێت و ئەو هۆیانەی كە دەكرێ فەرمانگە بۆ رەت كردنەوەی داوای تۆمار كردنەكە پشتیان پێ ببەستێت، تەنیا نەبوونی مەرجەكانی ماددەكانی هەشت، یازدەو بڕگە (1)ی ماددەی پازدەهەمی ئەم یاسایە لە رێكخراوەكەدا.

6- پاش دەربڕینی رەزامەندی لەسەر داوای تۆمار كردنەكە، یان بەسەر چوونی وادەی یاسایی بەبێ وەڵام دانەوەی، دەبێ فەرمانگە پەیڕەوی ناوخۆی رێكخراوەكە لەگەڵ تۆمار نامەكەدا لە رۆژنامەیەكی رۆژانە لە هەرێمدا بڵاو بكاتەوە.

**ماددەی سێزدەهەم:**

**تۆماری رێكخراوەكان: رێكخراو لە سەریەتی ئەم تۆمارانەی دادێنی هەبێت و، دەبێ لە لایەن دادنووسیشەوە ئەرێ كرابن:**

1- تۆماری ئەندامان: ناونیشان، تەمەن، ڕەگەز، ئاستی خوێندن و، ڕۆژی بوونە ئەندامیان.

2- تۆماری بڕیارەکان: بریتی دەبێت لە بڕیارەکانی هەر یەك لە دەستەی کارگێڕیی ڕێکخراوەکەو دەستەی گشتی، (ناوی) ئەو کەسەی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە نوێنەرایەتیی ڕێکخراو دەکات و، تۆمارەکەش لە لایەن دەستەی کارگێڕی ڕێکخراوەکەوە ئیمزا دەکرێت.

3- تۆماری بنەڕەت (تۆماری هەبووەکان): هەموو سامانی ڕێکخراو لە موڵك و سامانی گواستراوەو نەگواستراوەی تێدا تۆمار دەکرێت.

بەشی حەوتەم

دارایی ڕێکخراو

ماددەی چواردەهەم:

دارایی ڕێکخراو پێك دێت لە:

1- ئەو کۆمەکەی ئەندامانی ڕێکخراو پێشکەشی دەکەن.

2- ئەو کۆمەك و بەخشش و دیاری و مینحانەی لە لایەن کەسان و کەرتی تایبەت و لایەنانی ناوخۆ و بیانیی دیکەوە پێشکەش کراون.

3- هەر دەستکەوتێکی دی کە ڕێکخراو لە ئاکامی چالاکییەکانی لە کاتی وەبەرهێنانی سامانەکەی بەدەستی دەهێنێت.

4- بەشی تەرخان کراوی ڕێکخراو لە بڕە بودجەی ساڵانەی هەرێم و، هەر کۆمەکێکی دی کە لە لایەن حکومەتەوە بۆ پشتیوانی کردن لە پرۆژەی ڕێکخراوەکان پێشکەش دەکرێت.

ماددەی پازدەهەم:

1- پێویستە هەموو ڕێکخراوەکان و تۆڕەکانی ناحکومییە حیسابی بانکیان هەبێت.

2- ڕێکخراوەکان لە ڕێی بودجەیەکی ساڵانەوە، بەگوێرەی سیستەمی ژمێریاری پەیڕەو کراو لە هەرێمدا، دارایی خۆیان بەڕێوە دەبەن.

3- ڕێکخراوەکان و تۆڕەکان ڕاپۆرتێکی ساڵانەی دارایی پێشکەش بە فەرمانگەی ڕێکخراوەکانی ناحکومی دەکەن و، لە لایەن دیوانی چاودێریی دارایی لە هەرێمدا وردبینی دەکرێن.

4- داهات و موڵك و دارایی ڕێکخراوەکان لە باج و ڕەسم و گومرك دەبەخشرێن.

5- ئەو ڕێکخراوانەی حکومەت پشتیوانی داراییان دەکات، لە سەریانە ڕاپۆرتێکی ورد دەربارەی چۆنیەتی جێبەجێ کردنی پرۆژەی ڕێکخراوەکان پێشکەش بە فەرمانگە بکەن.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی هەشتەم

راگرتن و هەڵوەشاندنەوەو تێکەڵ کردن

**ماددەی شازدەهەم:**

**فەرمانگە بۆی هەیە لێپرسینەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا بکات، ئەگەر سەرپێچییان لە حوکمەکانی ئەم یاسایە کرد، بەم جۆرە:**

**1- فەرمانگە بۆی هەیە ڕێکخراوی سەرپێچیکاری حوکمەکانی ئەم یاسایە ئاگادار بکاتەوە، بۆ لادانی سەرپێچییەکان لە ماوەی (15) ڕۆژدا.**

**2- لەحاڵەتێکدا ڕێکخراوەکە سەرپێچییەکانی لەماوەی ناوبراو لە بڕگەی (1)دا لا نەدا، فەرمانگە بۆی هەیە کارو چالاکیی ڕێکخراوەکە بۆ ماوەی (30) ڕۆژ ڕابگرێت.**

**3- بڕیارەکانی فەرمانگە بەرحوکمی سکاڵانووسینن (التظلم) لەبەردەم دادگای کارگێڕیدا دەکەوێ لەماوەی (10) ڕۆژ لە ڕۆژی پێ ڕاگەیاندنی بڕیاری ڕاگرتنەکەوە، دەبێ دادگاش لە ماوەی حەوت ڕۆژدا لە ڕۆژی وەرگرتنی تانەکەوە، بڕیار لە بارەی سکاڵاکە بدات.**

**ماددەی حەڤدەهەم:**

**دەکرێ ڕێکخراو، یان تۆڕی ناحکومی بەخوایشت، یان بە زۆر هەڵبوەشێندرێنەوە.**

**یەکەم: لەحاڵەتی بەخوایشت هەڵوەشاندنەوەدا، هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆیی دەبێت، ڕێکخراویش لە سەریەتی کە بەلای کەمەوە بەر لە (30) ڕۆژ لە پیادە کردنی، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەکە بە فەرمانگە ڕابگەیەنێت.**

**دووەم: لەحاڵەتی بەزۆر هەڵوەشاندنەوەدا، هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکە بە بڕیارێك لە دادگای بەرایی شوێنی ڕێکخراوەکەوە دەبێت و، تەنیاش لەم حاڵاتانەی دادێ دەبێت:**

**أ- ڕێکخراو دەستوور، یان یاساکانی پەیڕەو کراو لە هەرێمدا پێشێل بکات.**

**ب- لەسەر بنەمای سکاڵایەکی دادوەری کە لە لایەن فەرمانگەوە پێشکەش کرا بێت، ئەگەر ڕێکخراو، یان تۆڕی ناحکومی سەرپێچییەکەی بەگوێرەی کە لە مادده (16)ی ئەم یاسایەدا هاتووە، لا نەداو هەڵی نەگرت.**

**سێیەم: ڕێکخراو مافی تانە لێدانی لە بڕیاری دادگا هەیە لە ماوەی (30) ڕۆژدا لە ڕۆژی پێ ڕاگەیاندنی بڕیارەکەوە لەبەردەم دادگای تەمییزدا.**

**ماددەی هەژدەهەم:**

**ڕێکخراو دەبێ تۆمارێکی بەهەموو ژمێریاری و بنەچەو داهاتێکی بداتە پاکتاوکار، بنەچەکان (الاصول) یەکەم بۆ دانەوەی قەرزی مستەهەقی ڕێکخراو، یان تۆڕی ناحکومی، پاش دانەوەی قەرزەکانی ڕێکخراو، دەبێ ئەو بنەچانەی ماون بۆ ڕێکخراوێکی دی بگوازرێنەوە، کە هەمان ئامانجی هەیە، یان ئامانجی نزیك بە ئامانجەکانی ڕێکخراوی هەڵوەشاوی هەیە.**

**ماددەی نۆزدەهەم:**

یەکەم: ئەو ڕێکخراوانەی خاوەن ئامانجی چون یەك، یان نزیکن، بۆیان هەیە تێکەڵ بە یەك بن و یەك ڕێکخراو پێك بهێنن بە پەیڕەوێکی ناوخۆ، ئەویش بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی هەر یەك لەوان.

دووەم: ڕێکاری تێکەڵ کردن و دامەزراندنی ڕێکخراوە نوێیەکە دەکەوێتە بەر حوکمەکانی ئەم یاسایە.

سێیەم: هەموو سامانی گواستراوەو نەگواستراوە دەچێتە ئەستۆی ڕێکخراوە لێکدراوەکە.

## بەشی نۆیەم

## حوکمی گشتی

**ماددەی بیستەم:**

ڕێکخراو بۆی نییە بە دوای سوودی ماددیدا بگەڕێت، تەنیا لە چوارچێوەی بەدی هێنانی ئامانجەکانیدا نەبێت.

**ماددەی بیست ویەکەم:**

1- هەموو ئەو بڕیارانەی لە ڕێکخراو، یان لە تۆڕەوە دەردەچن، قابیلی تێهەڵچوونەوەن لەبەردەم دادگای تایبەتمەندا لە ماوەی (15) ڕۆژدا لە ڕۆژی دەرچوونیانەوە، بەپێی داوای هەر کەسێك بەرژەوەندییەکی لەوەدا هەیەو، دادگاش بڕیاری ئیلغا کردنی بڕیارەکە دەدات، ئەگەر ناکۆك بوو لەگەڵ حوکمەکانی یاسا، یان بەندەکانی پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە.

2- بڕیاری ئیلغا کردنەکە کار لەسەر مافی کەسان لە دەرەوەی ڕێکخراوەکە و نیاز پاکان ناکات.

**ماددەی بیست ودووەم:**

ڕێکخراوەکانی دەست بەکار لە هەرێمدا لەسەریانە ڕەوشی خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا لە ماوەی یەك ساڵ لە ڕۆژی دەرچوونییەوە بگونجێنن.

**ماددەی بیست وسێیەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە سەندیکای پیشەیی و کۆمەڵەکان و یەکێتییەکان و حزبەکان ناگرێتەوە.

**ماددەی بیست وچوارەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی بیست وپێنجەم:**

ئەرك و پسپۆرایەتیی پێکهاتەکانی فەرمانگە بەپەیڕەوێك دیاری دەکرێت.

**ماددەی بیست وشەشەم:**

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدار لەسەریانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی بیست وحەوتەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان) ـەوە جێبەجێ دەکرێت.

## هۆی دەرچوونی

لەبەر ئەوەی ڕێکخراوەکانی ناحکومی لە هەرێمی کوردستاندا کار لە بووژانەوەی کۆمەڵ و ژیانی دیموکراسی و مەدەنیی هەرێم دەکەن و، لە ئاکامی ئەو بووژانەوە گەورەیەی ڕێکخراوەکان تێیدا دەژین، لە پاڵ ڕۆڵی بەرجەستەیان لە زۆربەی جومگەکانی هەستەوەری ژیانی کۆمەڵ، هەروەها بەمەبەستی ڕێکخستنی چوارچێوەی یاسایی ئەو ڕێکخراوانەو، لە پێناوی بە دی هێنانی ئەم مەبەستەو هێنانە ئارای یاسایەکی هاوچەرخی پێشکەوتوو، لەگەڵ کولتووری دیموکراسی و مەدەنیدا بگونجێت، ئەم یاسایە دەرچووێندرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، ئێستاش بۆ موناقەشەی ماددەی یەکەم لە پرۆژە یاساکە، کەرەم بکە، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ کەرەم بکە.

**بەڕێز اسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ لیژنەی ناوخۆ بانگهێشتی لیژنە ئەمنیەکانی هەولێرو سلێمانی کردووە، بۆ ئەو مەبەستە داوای مۆڵەت دەکەین کە لیژنەی ناوخۆ مەوعیدی لەگەڵیاندا هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەعات چەند؟ کەرەم بکەن، فەرموو بۆ خوێندنەوەی ماددەکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى: يقصد بالتعابير والمصطلحات الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

اولاً - الأقليم: اقليم كوردستان — العراق.

ثانياً - المنظمة: المنظمة غير الحكومية وهي مجموعة من الأشخاص الطبيعية أو المعنوية، تتمتع بالشخصية المعنوية وفقا لأحكام هذا القانون، وتسعى لتحقيق اهداف ليس فيها اقتسام للربح.

ثالثاً- الدائرة: دائرة منظمات غيرالحكومية، الدائرة في مجلس وزراء الأقليم.

رابعاً- المنظمات الكوردستانية: هي المنظمات مسجلة في الأقليم وفق الأحكام هذا القانون.

خامساً- المنظمات العراقية: منظمات مسجلة وفقا للقانون العراقي، وتقوم بأعمالها ونشاطاتها في الأقليم، بموجب أحكام القوانين النافذة في الأقليم.

سادساً- المنظمات الأجنبية: المنظمات المسجلة بموجب قانون دولة أخرى، وتقوم بأعمالها ونشاطاتها وفقا للقوانين النافذة في الأقليم.

سابعاً- شبكة المنظمات: هي منظمة غير حكومية مسجلة بموجب أحكام هذا القانون، وتتألف من عدد من المنظمات غير الحكومية وتتمتع بالشخصية المعنوية.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیش بخوێننەوە.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەكەم:

مەبەست لەم گوزارشت و زاراوانەی دادێن، ماناكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

یەكەم: هەرێم: هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

دووەم: رێكخراو: رێكخراوی ناحكومی، كە كۆمەڵێك كەسی ئاسایی، یان مەعنەویی، كە بەگوێرەی حوكمەكانی ئەم یاسایە خاوەن كەسایەتیەكی مەعنەوییەو، هەوڵ بۆ بەجێ گەیاندنی ئامانج دەدات، كە دابەش كردنی قازانجی تێدا نییە.

سێیەم: فەرمانگە: فەرمانگەی رێكخراوەكانی ناحكومی، فەرمانگەكە لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمدا دەبێت.

چوارەم: رێكخراوەكانی كوردستان: ئەو رێكخراوانەن، كە بەگوێرەی حوكمەكانی ئەم یاسایە لە هەرێمدا تۆمار كراون.

پێنجەم: رێكخراوەكانی عێراق: رێكخراوەكانی تۆماركراو بەگوێرەی یاسای عێراق، كارو چالاكی لە هەرێمدا دەكات، بەگوێرەی حوكمەكانی یاسا كارپێكراوەكانی هەرێم.

شەشەم: رێكخراوەكانی بیانی: رێكخراوەكانی تۆمار كراو بەگوێرەی یاسای دەوڵەتێكی دی، كارو چالاكی خۆیان بەگوێرەی یاسا كارپێكراوەكانی هەرێم دەكەن.

حەوتەم: تۆڕی رێكخراوەكان: رێكخراوێكی ناحكومییە بەگوێرەی حوكمەكانی ئەم یاسایە تۆمار كراوە، لە چەندین رێكخراوی ناحكومی پێك دێت و خاوەن كەسایەتیەكی مەعنەوییە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان، ئێستا ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بكەن، ناویان دەنووسین، ئەم بەڕێزانە داوای قسە كردنیان كردووە، رێزداران (عبدالسلام بەرواری، شوان كریم، د.سەروەر عبدالرحمن، سالار محمود، جەمال طاهر، تارا ئەسعەدی، بێریڤان سەرهەنگ، ئاسۆ كریم، ئەڤین عمر، سالم تۆما، د.احمد وەرتی)، كەسی تر هەیە بیەوێت قسە بكات؟ تەواو، كەرەم بكە كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا مەوزوعێکی زیاتر شەکلیە، ئێمە لە (ثانیاً: المنظمة) تەعریفمان کردووە، هەموو ڕێکخراوە ناحکومیەکان بە ڕێکخراو ناو دەبەرێن، کەچی لە حەوتەم دوو جار وشەی ناحکومی هاتووە، من ئیقتیراح دەکەم ئەو ناحکومیە لابدرێت، یەعنی (7- شبكة المنظمات: هي منظمة مسجلة بموجب أحكام هذا القانون، وتتألف من عدد من المنظمات وتتمتع بالشخصية المعنوية)، چونکە کەلیمەی غەیر حکومی داعی نییە، مادام تۆ مونەزەمەت تەعریف کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شوان کەرەم بکە.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە لەهەر سێ لیژنەی بەڕێز، دەربارەی ماددەی یەکەم/ بڕگەی دووەم، کە دەڵێت (وتسعى لتحقيق اهداف ليس فيها اقتسام للربح)، ئایا ئەهدافی سیاسی تیا هین ناکرێت؟ دیاری بکرێت، کە ئەو ڕێکخراوانە نابێت ئامانجێکی سیاسیشیان هەبێت، وەکو پرسیارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر سەروەر کەرەم بکە.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ تێبینیم هەیە سەبارەت بەو بابەتە، یەکێکیان/ سەبارەت بە خودی ناونیشانی پرۆژە یاساکەیە، یاسای ڕێکخراوەکانی ناحکومی، یان یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکان، سەرباری ئەوەی کۆمەڵێك تێبینی هەیە، ببورە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەوانەیە ئێرە شوێنی ئەوە نەبێت، بەڵام ئەمە دەکرێت بە پرۆتۆکۆڵ، ئەمە دەنووسرێتەوە، من هەست دەکەم ئەو زمانە کوردیەی بەکاری دەهێنین، چەند جاری تریش گوتوومە کێشەی تێدایە، بۆ نموونە ڕێکخراوەکانی کوردستان، ڕێکخراوە کوردستانیەکان، ڕێکخراوەکانی بیانی، ڕێکخراوە بیانیەکان، هەست دەکەم ئەمە پێویستی بە دەستکارییە، ئەمە یەك.\

دوو/ هەر لەو ماددەیەدا، خاڵێکی تریان هەست دەکەم نەنووسراوە، چونکە ئەو یاسایە کە دەردەچێت سەبارەت بە ڕێکخراوە ناحکومیەکانە، پێویستە سەرجەم ڕێکخراوە ناحکومیەکان بگرێتەخۆ، هیچ ڕێکخراوێکی ناحکومی نەبێت لەم یاسایەدا شوێنی بۆ نەکرا بێتەوە، یەك لەو خاڵانەی کە هاتووە، من پێشتریش دەنگم لەگەڵ ئەوە بوو، کە ئەسڵی پرۆژەکە بمێنێت، ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، ئەگەر قسەمان لەسەر ئەوەیە، من پرسیار لە هەرسێ لیژنەی بەڕێز دەکەم، ڕێکخراوە بیانیەکان مەبەستیان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیشە، پێموایە ئەمە هەڵەیە، چونکە ڕێکخراوی بیانیمان هەیە، ئەمە مناڵپارێزی بەریتانیە، ئەمە سۆلیدارێتی سویدییە، ئەمە وادی ئەڵمانیە، ئەمە شتێکە، ئەمە بەپێی یاسای تایبەتی خۆیان و

**ولآتەکەی خۆیان کار دەکەن، بەلآم ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان یاسای تریان هەیە، کە بەپێی پەیاننامەکانی نێودەوڵەتی دامەزراون، حەقە ئەمە شوێنی بۆ بکرێتەوە، ئەمە دوو.**

**سەمێیان/ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، خاڵێکی تر، من تێبینی دەکەم لێرەدا خاڵی سێیەم، کە دەڵێت فەرمانگە، من ڕەئیم لەگەڵ ئەوە دایە، کە ئەمە فەرمانگە نەبێت، بەڵکو کۆمسیۆن بێت، بۆچی کۆمسیۆن بێت؟ کە لە ئەسڵی پرۆژەکەدا ئەمە هاتووە، ئەگەر بێتو ئێمە سەیری بکەین کاری ڕێکخراوە ناحکومیەکان چاودێری کردن و بەدواداچوونی کاری حکومەتە، بەتایبەتی دەسەلآتی تەنفیزییە، ئەگەر بێتو ئێمە لەمەدا ئەم ڕێکخراوە ناحکومیانە لەژێر هەیمەنەی حکومەتدا بن، لە ژێر دەسەلآتی حکومەتدا بن، چۆن دەتوانن ئەدای کار کردنی خۆیان بکەن؟ بۆ نموونە، وەکو دیوانی چاودێری، کە دیوانی چاودێری دارایی لەبوارەکەی خۆیدا چاودێری ئیشوکاری حکومەت دەکات، پێویست نەبوو لە ژێر چاودێری حکومەتدا بێت، بۆیە هێندرایە سەر پەرلەمان، حیکمەتی ئەمە لەوە دایە، لە شوێنەکانی تر، لە ولآتانی تر، ئەوەندەی ئێمە موتابەعەمان کرد بێت، ئەم ڕێکخراوانە سەر بەشارەوانییەکانن، کە شارەوانیەکان هەڵبژێردراون، هەر بۆیە پێم باشە لێرەدا ئەگەر بکرێت، ئەمە فەرمانگە نەبێت، کۆمسیۆن بێت، بەڵکو ڕێکخراوەکان بتوانن وەکو پێویست بە ئەدای کاری خۆیان هەڵبستن، سوپاستان دەکەم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێزان، وەکو موتەبەع بڕیارمان لێدا بوو، تەحدیدی کات دەکەین، هەر کەسێ سێ دەقیقە، لەبیرمان چوو پێشتر ئاگادارتان بکەین، ڕێزدار سالار محمود کەرەم بکە.**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەڕاستیدا پێشەکی دەکرێت دەستخۆشی لەهەر سێ لیژنەی ناوبراو بکەین، بۆ ئامادە کردنی ئەم ڕاپۆرتە تێرو تەسەلە، کە پێموایە زۆر پوخت کراوەو کەمترین دەرفەتی هێشتۆتەوە بۆ جەدەل لەم بوارەدا، بەلآم ئەوەی تێبینی منە لەسەر ئەم مەسەلەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەردوو برای بەڕێزم کاك دکتۆر سەروەرو کاك عبدالسلام ئاماژەیان پێ کرد، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم لە گۆڕانی دەستەواژەی فەرمانگە بۆ کۆمسیۆن و، هەروەها بڕگەی حەوتەم لە دووبارە بوونەوەی دەستەواژەی ناحکومی، لە فەرمانگەوە بۆ کۆمسیۆن، ئەوە سێیەمیان، من لەسەر ناوەکە دەکرێت تێبینیم هەبێت و، دەکرێت تێبینیشم نەبێت، کە دەگوترێت ڕێکخراوی ناحکومی، دیارە ئەم دەستەواژەیە لە دەستەواژە جیهانیەکەوە هاتووە، (نۆن گۆڤەرمێنت ئۆرگەنایزیشن)، بەلآم ئایا ئەمە بۆ ڕێکخراوی حکومی و ناحکومی ئیشکالێك دروست دەکات؟ یان بۆ ڕێکخراوی بیانی، یان نا بیانی، دەکرێت لە تەفاسیلدا قسەی تری لەسەر بکرێت، سوپاستان دەکەم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار جەمال طاهر کەرەم بکە.**

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**مولاحەزا من لەسەر (ثانیاً) نەصی عەرەبی، لە ئاخیری دەڵێتن (وتسعى لتحقيق اهداف ليس فيها اقتسام للربح)، خۆی مونەزەمە ئەسڵەن مونەزەمەی غەیر ربحییە، بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەم رستە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە (وتسعى لتحقيق اهداف غير ربحية)، چونكە ئەگەر وەكو خۆی بمێنێتن، مانای وایە ئەم مونەزەمەیە ربح دەكات، بەلاَم دابەش ناكرێتن، خۆی لە ئەسڵدا غەیر ربحیە، كەواتە بڵێین (وتسعى لتحقيق اهداف غير ربحية)، كۆتایی بە جوملەكە بێنین، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێزدار تارا ئەسعەدی كەرەم بكە.**

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**منیش هەر لەسەر خاڵی دووەم لەسەر مونەزەمە وەكو تەعریف كردنێك، وا بە باشی دەزانم (انها منظمات لها رؤية محددة تهتم بتقديم خدمات للجماعات والافراد وتحسين الاوضاع التي تتجاوزها توجهات انمائية وتهتم بثقافة المجتمع ودفاع عن الحقوق الاقتصادية والاجتماعية، وتسعى لاهداف غير ربحية)، بەم شێوەیە بێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێزدار بێریڤان كەرەم بكە.**

**بەڕێز بێریڤان اسماعيل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**منیش پتشگیری مامۆستا جەمال دەكەم، منیش هەردەمویست وا بڵێم، بەنیسبەت ئەوەی پێویست ناكات بنووسرێت دابەش كردنی قازانجی تێدا نییە، چونكە كە پێناسەی رێكخراو دەكەین، ئەو كەسەی لە رێكخراو ئیش دەكات خۆی دەزانێ ئەوە بانك نییە، شوێن نییە، بچێت بۆ قازانج ئیشی لەناو بكات، دەبێت خەڵك وابزانێت رۆشنبیرە، خۆی ئەو شتە دەزانێت، ئێمە لەناو یاسایەك، لەناو ماددەیەك گومان ناخەنە ناو ئەو ماددەیە پێی بڵێین قازانجی تێدا نییە، خەڵك خۆی رۆشنبیرە، كە لەو كارە ئیش دەكات، دەبێت بزانێت، بۆیە بە رەئی من ئەو رستەیەی ئەخیر زیادە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێزدار ئاسۆ كەریم كەرەم بكە.**

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پشتیوانی لە رەئیەكەی كاك جەمال تاهیر دەكەم، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئەڤین کەرەم بکە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە هەر سێ لیژنەکە دەکەم، بەڕاستی ڕاپۆرتەکەیان ئەوەندە چڕوپڕە، هیچ کەلێنێکی نەهێشتۆتەوە بۆ ئێمە، کەوا گفتوگۆی لەسەر بکەین زیاتر، بەلاّم دیارە منیش هاوڕام لەگەڵ برادەرانی ترم، سەبارەت بە (تسعى لتحقيق اهداف) بەلای منیش ئەگەر بێتو لەوێوە ئەو دەستەواژە هەڵبگرێت، بەلاّم بە ڕەئی من ئەگەر بێتو ماددەی بیستەم (المادة العشرون: ليس للمنظمة البحث عن الفوائد المادية. الا ضمن اطار تحقيق أهدافها)، لەوێ دابنرێت، جوانترەو ماناکەی زیاتر دەبەخشێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سالم کەرەم بکە.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، قسەکانم کاك جەمال کردی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر ئەحمەد کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند تێبینیەکم هەیە، تەقریبەن هەندێك لە تێبینیەکان زمانەوانین، سەبارەت بە (ثالثاً/ الدائرة: دائرة المنظمات غير الحكومية) دەبێت ئەلف و لامی پێوە بێت، من پێم باشە دائیرەی دواتر بە نەکیرە بێت، یەعنی (دائرة في مجلس وزراء الاقليم)، نەك (الدائرة في مجلس وزراء الاقليم)، یەعنی کوردیەکە دەبێتە فەرمانگەیەکە لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، من کاتی خۆشی ئەم تێبینیانەمدا بە بەڕێز سەرۆکی لیژنە، کاتێك کە بەشدار بووین لە داڕشتنی، بەلاّم ڕەنگە هەندێك لە تێبینیەکان وەرنەگیرا بێت بە نەزەری ئیعتیبار، (رابعاً/ المنظمات الكوردستانية: هي المنظمات المسجلة)، چونکە مادام ئەلف و لامەکە بە مونەزەماتەوەیە، دەبێت موسجەلەش پێوەی بێت (في الاقليم وفقاً لاحكام هذا القانون)، نەك (وفقاً الاحكام هذا القانون)، ئەمە غەڵەتە، (وفقاً لاحكام هذا القانون)، (خامساً)یش بەهەمان شێوە (المنظمات العراقية/ المنظمات المسجلة وفقاً للقانون العراقي)، بەهەمان شێوەش (سادساً/ المنظمات الاجنبية: المنظمات المسجلة) هاتووە، دەبێت پێنجەمیش بەهەمان شێوە (المسجلة) بێت، یەعنی وەکو یەك بن، سەبارەت بە خاڵی (ثانياً) کە جۆرێك لە هاوکارانم ئاماژەیان پێدا لەدوا بڕگە ئاماژە بەوە دەکات (وتسعى لتحقيق اهداف ليس فيها اقتسام لربح)، ئەوە کاتی خۆی ئێمە زۆر مونەقەشەمان کرد، کە ڕێکخراوەکان نابێت هەوڵی بەدەستهێنانی قازانج بدەن، بۆ تەوزیع کردنەکەی، ئەگەرنا حەقی خۆیانە، مەسەلەن گۆڤارێکی هەیە، ڕەنگە داهاتی

دەست بكەوێتەوە، ئەمە ئاساییە، بەڵام نابێت هەوڵ بدات، بۆ ئەوەی وەكو كۆمپانیایەك سەرمایەی بێتە دەستیەوە، پاشان دابەشی بكاتەوە، چونكە ئەركی ئەو ڕێكخراوە ئەوە نییە، بەڵام حەقی خۆیەتی كە ربح هەبێت، بەڵام ربحەكە دابەش ناكاتەوە، تەوزیعی ناكات، هەر ئەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مولاحەزەكانت، ئێمەش ئەو مولاحەزەیەمان هەبوو ڕێزدار كاك دانا كەرەم بكە.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەناوەكەی، ڕاستیەكەی ڕێكخراوە ناحكومیەكان بێت، یان ڕێكخراوەكانی ناحكومی، پێموایە ئەوە تا ئێستا بەهەردوو شێوە بەكار دێت، زمانێكی ستاندارد نییە، تا ئێستا یەكلا نەبۆتەوە، جا بۆیە بەڕاستی بەلای ئێمەوە هیچ كێشەیەك نییە، ناوی یاساكە ڕێكخراوە ناحكومیەكان بێت، یان ڕێكخراوەكانی ناحكومی، ئەوە كێشەیەكمان لەسەر ئەوە نییە.

سەبارەت بە پێناسەی ڕێكخراو، بڕگەی دووەم پەیوەندی بە مەسەلەی ئەوەوە هەیە، كە هەوڵ بۆ بەجێ گەیاندنی ئامانج دەدات، كە دابەش كردنی قازانجی تێدا نییە، وەك دكتۆر احمد ئیشارەتی پێداوە موناقەشەیەكی زۆری لەسەر كراوە، بەڵام من پێموایە ئەو تەعریفە ئێمە لێرە جێگامان بۆ كردۆتەوە تەعریفێكی دروستە، لەبەر ئەوەی بیجگە لەوەی تەعریفێكی گشتییە، بەشێوەیەك دەتوانم بڵێم نێو نەتەوەییە ڕێكخراوە ناحكومیەكان، لەبەر ئەوەی ڕێكخراوە ناحكومیەكان ئەگەر ئەو یاسایەی پێش ئەو پێناسەیە پێشنیار كراوە، پێموایە ئەو كاتە ناتوانن ئەوانە بتوانن لە هیچ پرۆژەیەك بەشدار بن، كە بە قازانجی ڕێكخراوەكە بێت، یاخود ڕێكخراوەكە قازانج بكات، بەڵام ئەوەی ڕێگریان لێ دەكات، لێرە بەپێی ئەو تەعریفە ئەوەیە ڕێكخراوەكان دەتوانن، ڕێكخراوە ناحكومیەكان بۆیان هەیە قازانج بكەن، بەڵام ناكرێت قازانجێك بكەن، كە ئامانج تێیدا دابەش كردنی قازانجەكە بێت بەسەر ئەندامانی ڕێكخراوەكە، ئەوە تەنیا بۆ ئەوە دانراوە، لەبەر ئەوەی وەك ئەڤین خانیش گوتی، ڕوونی كردەوە لە ماددەی بیستدا لەوێش دیاری كراوە، كە چۆن یەعنی ناكرێت لەگەڵ ئامانجەكە یەك نەگرێتەوە، با بڵێین چالاكیەكانی ڕێكخراوەكە، یاخود جۆرێك لە قازانج كردن هەبێت، كە لەگەڵ ئامانجی ڕێكخراوەكە یەك نەگرێتەوە، من پێموایە تەنیا ئەوە ئێمە بیگۆڕین بیكەین بەهۆی ئەو پێناسانەی كە پێشنیار كرا بۆی نەبێت، با بڵێین چالاكی ئەوەی هەبێت كە مەبەست تەنیا قازانج كردن بێت، ئەوە ئێمە ڕێگری دەكەین لەوەی كە ئەوان بەشدار بن لە هیچ پرۆژەیەك، كە بە قازانجی خودی ڕێكخراوەكە بێت، یەعنی ئەوەی ئێمە دەزانین، ئەوەی ئێمە ئاگادارین زۆر ڕێكخراو هەیە پرۆژەیان هەیە لە بازاڕ جێ بەجێی دەكەن، لە وەزارەت بۆ حكومەت جێ بەجێی دەكەن، بەڵام ئەو داهات و دەستكەوتەی لە پرۆژەكان بەدەستیان دەكەوێت، لە بازاڕ بەدەستیان دەكەوێت، لەنێو خۆیاندا دابەشی ناكەن، بەڵكو بە ئامانجی ڕێكخراوەكەو لە پرۆژەكانی ڕێكخراوەكە سەرف دەكرێتەوە، ئەوە تەنیا ئەوەیە، مەسەلەیەكی تر ئەوەی پەیوەندی بە مەسەلەی كۆمسیۆنەوە هەبێت، ناوی

کۆمسیۆن بێت، یاخود فەرمانگەیەك بێت، ئێمە هەموومان، هەر سێ لیژنە دەتوانم بڵێم، ئێمە وەکو پرەنسیپ موتەفیق بووین لەسەر ئەوەی کە لە ئایندەدا دەکرێت ڕێکخراوە ناحکومیەکان، یاخود کۆمەڵگای مەدەنی بەشێوەیەکی گشتی کۆمسیۆنەك هەبێت سەرپەرشتی بکات، وەکو پرەنسیپ ئێمە موتەفیقن لەسەر ئەوە، بەلاّم لە حاڵی حازردا ئێمە پێمانوایە لەبەر چەند هۆیەك ناکرێت ئێمە لێرە بڕیار بدەین کۆمسیۆنێکی سەربەخۆ بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان دابمەزرێ، لەبەر ئەوەی یەك/ هۆیەکیان ئەوەیە کۆمسیۆن پێویستی بە یاسایەك هەیە، تۆ ناتوانیت لەناو ئەو یاسایە جێگای بۆ بکەیتەوە، ئەوە هۆیەکیان، هۆی دوومیان/ ئەوەیە ئەو کۆمسیۆنە کە دادەمەزرێت، ئێستا تەنیا ئەو یاسایە بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکانە، بۆ هەموو کۆمەڵگای مەدەنی نییە، بەلاّم ئێمە وەکو پرەنسیپ لەگەڵ ئەوەداین بۆ هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، نەك بە تەنیا بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان، بۆ ئەوەش پێویستمان بە هەموار کردنی یاسای ژمارە (17) هەیە، کە تایبەتە بە یەکێتی و کۆمەڵەو سەندیکاکان، جا بۆیە ئێمە پێمان باشە لە قۆناغی دووەم بتوانین یاسای ژمارە (17) کە تایبەتە بە یەکێتی و کۆمەڵەو سەندیکاکان هەموار بکرێت، ئەو کاتە هەموو ڕێکخراوە ناحکومیەکان وا بکەین کە کۆمسیۆنێك هەبێت سەرپەرشتیان بکات، ئەوە بەنیسبەت کۆمسیۆن، فەرمانگە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت پرسیاری کاك عبدالسلام و کاك شوان کەریمەوە لەسەر ناوی مونەزەمەکان، کە لە بەشی دووەم (المنظمة: المنظمة غیر الحکومیة) هاتووە، کاك عبدالسلام باسی لەسەر ئەوە کرد، کە لە بەشی حەوتەمیشدا هەر بە مونەزەمە غەیر حکومی هاتۆتەوە، داوای کرد ئەوەیان لابرێت، لەبەر ئەوەی دووبارەیە، بەلاّم زیاتر بۆ ڕوون کردنەوە، لە بەشی دووەم کە باس لە مونەزەمەی غەیر حکومی دەکرێت، ئەوە تەعریفی عامی هەموو مونەزەمە ناحکومیەکانە بە تەعریفێکی عام، بەلاّم لە ماددەی حەوت کە باس لەوە کراوەتەوەو گوتراوە (هي المنظمة غير الحکومية)، باس لە شەبەکەی مونەزەمات دەکات، شەبەکەی مونەزەمات بە مانای ئەوەیە کۆمەڵێك لەو ڕێکخراوانە دەمج دەبن لە تۆڕێکدا، لە شەبەکەیەکدا، بە تەئکید ئەو شەبەکەیە لە چەند مونەزەمەی تر پێك هاتبێت، هەر دەبێت پێی بڵێیتەوە مونەزەمەی غەیر حکومی. بەنیسبەت پرسیارەکەی کاك شوان، کە دەڵێت ئەهداف ربحی نییە، ئایا ئەهداف سیاسی تیایە؟ ئەمە لە ماددەی هەشت لە ئەهدافەکان بە ڕوون و ئاشکرا باسی لەسەر ئەوە کردووە، کە هەدەف ئەم ڕێکخراوانە تەحقیق کردنی ئەو ئەهدافانەیە، کە لە پرەنسیپە دیموکراتیەکان و موعاهدە دەولیەکان و ئیتیفاقاتی دەولی هەیە، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ بکرێت تیایدا.

ئاشكرایه جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، له كوردستانی ئێمه (699) زیاتر، نزیك (700) رێكخراو و كۆمەڵه له هەولێرو دهۆك و نزیك (500) رێكخراو له سلێمانی هەیه، لەبەر ئەوه پێویست بەوه دەكات یاساكه، یاسای مونەزەماتی غەیر حكومی بێت، من پێموایه ناوەكەی زۆر له شوێنی خۆی هاتووه، چونكه یاسای مونەزەماتی غەیر حكومی له عێراقیش بەو شێوەیه هاتووه، له زۆر له وڵاتەكانی دەرەوەش یاسای رێكخراوه ناحكومیەكان هاتووه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو، كەرەم بكه.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی باس كرا رێكخراوه نێودەوڵەتیەكان، برای بەڕێزم كاك دكتۆر سەروەر باسی كرد، لەڕاستیدا لەویٚ ئاماژه بەوه دراوه، كه ئەو رێكخراوانەی بەگوێرەی یاسای دەوڵەتێك تەسجیل كراوه، بەلاَم جەنابتان دەزانن تەبیعەتی رێكخراوی نێودەوڵەتی ئەوەیه بەگوێرەی یاسای دەوڵەتێك رێك ناخرێت، بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتان رێك دەخرێت قانون دەولی عام هەیه، بۆیه لەوێدا جیا كراوەتەوه، كه دەڵێت بەگوێرەی یاسای دەوڵەت رێك دەخرێت، هەروەها دەبێت پابەندیش بێت بەو یاسایانەی كه له هەرێمی كوردستاندا كاریان پیٚ دەكرێت، لەوێوه جیاكارییەك كراوه، كه مەبەست له رێكخراوی بیانی، یان رێكخراوی نێودەوڵەتی كامەیانه.

سەبارەت بەوەش كه مەسەلەی رێكخراوەكانی ناحكومی، یان رێكخراوه ناحكومیەكان، لەڕاستیدا لەڕووی زمانەوانیەوه، كۆكردنەوه له زمانی كوردیدا دەچێتەوه سەر ناو، بەلاَم له بەكارهێناندا ئێستاش باس دەكرێت، مەسەلەن دەڵیٚ چیا بەرزەكان، بەلاَم بەگوێرەی زمانەوانی دەبێت بڵێی چیاكانی بەرز، بۆیه لێره بەڕاستی بەپێی تێڕوانینی من دروستتره بڵێین رێكخراوەكانی ناحكومی، رێكخراوەكانی ناحكومی لەڕووی زمانەوانیەوه، بەلاَم له بەكارهێناندا ئێستاش، ئێمه له ژیانی رۆژانەماندا هەمیشه لەزمانی كوردیدا سیفەت جەمع دەكەین، سەبارەت بەوەی ئامانجی ئەو رێكخراوانه باس كرا، كه برای بەڕێزم كاك شوان باسی كرد، ئایا ئامانجی سیاسی هەیه، یان نییه؟ هەر رێكخراوێكی ناحكومی نابێت ئامانجی گەیشتن بێت به دەسەلاَتی سیاسی، ئەوه بڕاوەتەوه، یەعنی ئەمه مەبدەئێكی عامه له هەموو دنیادا سەبارەت به رێكخراوی مەدەنی و ناحكومی، بەلاَم بەشداری له ژیانی سیاسی دەكات، ئەوەیان شتێكی تره، بۆ نموونه وەزیری دەرەوەی ئەمریكا له مانگی سیٚ چوو بووه میسر، یەكەم لایەن كه لەگەڵیان كۆبۆوه دامودەزگای كۆمەڵگای مەدەنی بوو، یان له دەوحه وتی رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی ئێستا شەریكن له زۆر بواردا، كه دەكەوێته چوارچێوەی كاری حكومەتیشەوه، هەر بۆیەش لێره مەسەلەی دائیرەكه رەبت بووه لەگەڵ حكومەت هاتۆته ئاراوه، له زۆر وڵاتانی دنیاش، لێرەش حكومەت دەیەوێت له هەندێك پرۆژەدا دەرگا بكاتەوه بۆ

دامودەزگاكان و كۆمەڵگای مەدەنی و ڕێكخراوە ناحكومیەكان، كە هەندێ پرۆژەیان بداتێ هەتا لە بواری جێ بەجێ كردنیشدا، بۆ نموونە، مەسەلەن هەوڵدان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری، وەكو پرۆژەیەك دەدرێتە دامودەزگای ناحكومی كاری تێدا دەكەن، بەڵام لە ڕێگای حكومەتەوە پارەیان بۆ تەرخان دەكرێت، بەڵام گەیشت بە ئامانجی دەسەڵاتی سیاسی، بە تەئكید نابێت ئامانجی هیچ ڕێكخراوێك بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بیخوێننەوە لەگەڵ وەرگرتنی ئەو مولاحەزاتانەی وتران، بەتایبەت لە عەرەبیەكە، كاك دكتۆر احمد لە ڕووی قەواعیدە زۆر دروست بوو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الاولى: يقصد بالتعابير والمصطلحات الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

اولاً - الأقليم: اقليم كوردستان — العراق.

ثانياً - المنظمة: المنظمة غير الحكومية وهي مجموعة من الأشخاص الطبيعية والمعنوية، تتمتع بالشخصية المعنوية وفقا لأحكام هذا القانون، وتسعى لتحقيق اهداف ليس فيها اقتسام للربح.

ثالثاً- الدائرة: دائرة منظمات غيرالحكومية في مجلس وزراء الأقليم.

رابعاً- المنظمات الكوردستانية: هي المنظمات المسجلة في الأقليم وفقاً لأحكام هذا القانون.

خامساً- المنظمات العراقية: منظمات مسجلة وفقا للقانون العراقي، وتقوم بأعمالها ونشاطاتها في الأقليم، بموجب أحكام القوانين النافذة في الأقليم.

سادساً- المنظمات الأجنبية: المنظمات المسجلة بموجب قانون دولة أخرى، وتقوم بأعمالها ونشاطاتها وفقا للقوانين النافذة في الأقليم.

سابعاً- شبكة المنظمات: هي منظمة غير حكومية مسجلة بموجب أحكام هذا القانون، وتتألف من عدد من المنظمات وتتمتع بالشخصية المعنوية.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیەكەش كەرەم بكەن.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەكەم:

مەبەست لەم گوزارشت وزاراوانەی دادێن، ماناكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

یەكەم: هەرێم: هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

دووەم: ڕێکخراو: ڕێکخراوی ناحکومی، کە کۆمەڵێك کەسی ئاسایی، یان مەعنەویی، کە بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە خاوەن کەسایەتیەکی مەعنەوییەو، هەوڵ بۆ بەجێ گەیاندنی ئامانج دەدات، کە دابەش کردنی قازانجی تێدا نییە.

سێیەم: فەرمانگە: فەرمانگەی ڕێکخراوەکانی ناحکومی، فەرمانگەکە لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمدا دەبێت.

چوارەم: ڕێکخراوەکانی کوردستان: ئەو ڕێکخراوانەن، کە بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە هەرێمدا تۆمار کراون.

پێنجەم: ڕێکخراوەکانی عێراق: ڕێکخراوەکانی تۆمارکراو بەگوێرەی یاسای عێراق، کارو چالاکی لە هەرێمدا دەکات، بەگوێرەی حوکمەکانی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم.

شەشەم: ڕێکخراوەکانی بیانی: ڕێکخراوەکانی تۆمار کراو بەگوێرەی یاسای دەوڵەتێکی دی، کارو چالاکی خۆیان بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم دەکەن.

حەوتەم: تۆڕی ڕێکخراوەکان: ڕێکخراوێکی ناحکومییە بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە تۆمار کراوە، لە چەندین ڕێکخراو پێك دێت و خاوەن کەسایەتیەکی مەعنەوییە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ کەرەم بکە.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

چەند کەسێك تەلەبمان کرد لە ئاخیر جوملە فەقەرەی دووەم ببێتە (تسعى لتحقیق اهداف غیر ربحیة)، من و بێریڤان خان و کاك ئاسۆ هەرسێکمان گوتمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرسەت موداخەلەی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی کاك جەمال دروستە، بەس لەلایەکی تر باس کراوە، (اقتسام الربح) یەعنی تو لە قازانجێکی وا ناگەڕێیت لەسەر ئەندامان دابەش بکرێت، بەلاَم وەك مەبدەء حەقی قازانجی هەیە، ئەگەر بێتو قازانجەکە بۆ ئەهداڤ مونەزەمە بەکار بێتن، ئان ئەگەر ئەوە نەبوو، ڕەئی کاك جەمال دروستە، دەتوانن ئەوە لەناو تەعریفەکە دابنێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك لە تەعریفەکانی موجتەمەعی مەدەنی بەشێوەیەکی گشتی ئەو بوارە فراوانەیە لەنێوان سیاسەت و ئابووری، واتا من ڕێزم هەیە بۆ بۆچوونەکانی لیژنەی مافی مرۆڤ، مادام ئێمە لەو ماددەی تر گوتوومانە حەقی تەقسیم نییە، ئەگەر لێرە گوتمان اقتسام، واتا ربحەکە مەشروعە، بەڵام اقتسام مەشروع نییە، بۆیە منیش لەگەڵ ئەو رەئیەمە، ئەو داهاتەی دێت لەسەر ئەساسی ربح نییە، بەڵکو لەسەر ئەساسی سوود وەرگرتنی مونەزەمەیە، بۆیە تکاتان لێ دەکەم (اقتسام الربح) یەعنی (ضمنياً مشروعية الربح)، کەچی لە ماددەی دە دەڵێین نابێت ربح بێت، بۆیە لەسەر ئەساسی غەیر ربحی، ئەو مانایەی کاك دکتۆریش باسی کرد دەدات، بەڵام ئەم ئیشکالیەتە ناکات، (اقتسام الربح) مانای (مشروعية الربح ولكن عدم اقتسامه)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جەمال کەرەم بکە.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێتو سەیری ئەهدافی هەر مونەزەمەیەك بکەین، مونەزەمە هەدەفێکی هەیە پێی دەڵێن (الاهداف الثانية/ وهي تمثل رسالة المنظمة)، لێرە ئەم مونەزەمەیە ریسالەتیان، هەدەفی دووەم ئەوەیە خزمەت کردنە، تەحقیقی مەسڵەحەی گشتییە، ئەمە ریسالەیە، دووەم شت بە دەرەجەی (ثانية) ئەوە دێتن، پێی ناڵێن ربح، پێی دەڵێن (هامش الارباح) هامشی ربحە، نەك ربح، ئەگەر لێرە فەرق نەبێت، دەبێتە (بزنس ئۆرگەنایزیشن)، یان دەبێتە مونەزەمەیەکی تیجاری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تەوزیحەی کە بەڕێز کاك فرسەت دای دەقاو دەق موتابیقە لەگەڵ ماددەی بیستدا، هیچ ئیشکالیەتێك لێرە بەدی ناکرێت، لەوەی کە بڵێت ئەهدافی ئەم مونەزەمەیە ئیقتیسامی ربح نییە، ئیقتیسامی ربح بە مانای ئەوەیە کەوا ئەوانەی تەئسیسی مونەزەمەکە دەکەن هیچیان فەوائیدی ماددی وەرناگرن، ئەو پارانە دەگەڕێتەوە بۆ مونەزەمەکە لە کارو نەشاتاتی خۆیدا بەکاری دەهێنێت، ئەو دەستەواژەیە لە شوێنی خۆیدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەمە تەعریفە، لە حاڵەتی تەعریفەکە دێینە مەبادئی، دەڕۆینە شوێنی تر، دەتوانن ئەو مەوزوعانە حەسم بکرێت لەوێنە، ئێستا بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە بەکوردی و بە عەرەبی، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی یەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە، دەستی بەرز بکاتەوە؟ (47) بەڕێز، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (12) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەی دووەم کەرەم بکەن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**المبادئ العامة**

المادة الثانية:

تأسيس المنظمات حق دستوري، يجب ان لا تكون هناك اية عوائق امام تأسيسها خارج الشروط القانونية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەش کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**بنەمای گشتی**

ماددەی دووەم:

دامەزراندنی رێکخراو مافێکی دەستووریە، نابێ هیچ ئاستەنگێ لە دەرەوەی مەرجی یاسایی لەبەردەم دامەزراندنیدا هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ تەنها سێ بەڕێز دەیەوێت قسە بکات، رێزداران (خلیل عثمان، جمال طاهر، سەردار رشید)، کەسی تر هەیە؟ رێزدار کاك خەلیل کەرەم بکە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەو پرۆژە یاسایە یەکێکە لەو پرۆژانەی کە بەڕاستی ئیستیحقاقی خۆی وەرگرتووە لەبەینی موناقەشەی لیژنەکان و هەروەها لە پرس کردن لە رێکخراوەکان و کۆمەڵەی مەدەنی بەگشتی، بەلاَم پێم

باش بوو، مادام ئەمە بنەمای گشتییە لەم ماددەیە، ئەم ماددەیە بکرێت بە سێ خاڵ، ئەویش ئەوەیە کە لە زۆر درافتی یاساکانی دەوروبەرماندا هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەم مەبدەئەی بۆ ئیزافە بکرێت، یەکەم/ ڕێکخراوەکان شێوازی ئاشتیانەو دیموکراتیانە بگرنەبەر، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، کە ئەمەش تەواو کۆکە لەگەڵ پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ.

دوو/ حاڵەتێکی دیکە هەیە، ئەویش دوێنێکەش ئێمە دیارە  بە حوکمی ئەوەی لە خولی دوێنێش ئامادەییمان کردو موناقەشەیەکی زۆری لەسەر دروست بوو، هەر لەسەر شێوازی کاری مەدەنی، ئەویش ئەوەیە ڕێکخراوە حکومیەکان نابێت بەرنامەی لایەنێکی سیاسی دیاری کراو جێ بەجێ بکەن، یەعنی ناکرێت، کاتێك کە حکومەت نوێنەری ڕەئیسییە لەوڵاتی ئێمە، دەعمی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بکات، ئەو پارەیەی کە دەدرێت بەپێی ئەو پارەیە موڵکی گشتییەو دەدرێت بەو ڕێکخراوانە، نابێت ئەو ڕێکخراوانە لە خزمەتی جێ بەجێ کردنی بەرنامەی حزبێکی دیاری کراو بەکاری بێنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جەمال طاهر کەرەم بکە.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێتو سەیری ئەو دێرە بکەیت بە عەرەبی، ئەوە دیار دەبێتن کە مونەزەمە دابمەزرێت خارجی شروتی قانونی، جوملەکە تەواو نییە لە عەرەبیەکەی، بۆیە پێشنیار دەکەم (تأسيس المنظمات حق دستوري، يجب ان لا تكون هناك اية عوائق امام تأسيسها)، ئەگەر بەم شێوەیە بخوێنیەوە (خارج الشروط القانونية)، مەعنا وێ ئەوە یارمەتیدەرە با تەئسیس بێتن و هەتا لە خارجی شروتی قانونی، بۆچی پێشنیار دەکەم (امام تأسيسها عند استيفائها للشروط القانونية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سەردار رشید کەرەم بکە.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لەسەر ئەو ڕێکخراوانەی هاوشێوەن، یەعنی لە کوردستاندا ئامانجیان یەکە، بەڵام هەرچەندە ئیجازەیان وەرگرتووەو شەخصیەتی مەعنوی و قانونی خۆیان هەیە، بەڵام مەفروزە لەڕاستیدا مادام ئامانجیان یەکە ناوەکەشیان یەك بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئێستاش بە عەرەبی و کوردی بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، کەرەم بکەن وەکو خۆی بە عەرەبی و کوردی بیخوێننەوە.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**المبادئ العامة**

**المادة الثانية:**

**تأسيس المنظمات حق دستوري، يجب ان لا تكون هناك اية عوائق امام تأسيسها خارج الشروط القانونية.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەکوردیش کەرەم بکەن.**

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**بنەمای گشتی**

**ماددەی دووەم:**

**دامەزراندنی ڕێکخراو مافێکی دەستوورییە، نابێ هیچ ئاستەنگێك لە دەرەوەی مەرجی یاسایی لەبەردەم دامەزراندنیدا هەبێت.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (52) بەڕێز، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (5) بەڕێز، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، تکایە بۆ ماددەی سێیەم کەرەم بکەن.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة:**

**المنظمات لها الحق في ان تكون لها فروع داخل او خارج الاقليم والعراق.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەکوردیەش کەرەم بکەن.**

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی سێیەم:**

ڕێکخراوەکان مافیان هەیە لە ناوخۆ، یان دەرەوەی هەرێم و عێراقدا لقیان هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ یەك کەس، کاك جەلال کەرەم بکە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە بەشی شەشەمی یاساکەدا ژمارە دوو و ژمارە سێ هەمان ڕێکخراوەکانی ناو عێراق و دەرەوەی عێراق بۆیان هەیە لق بکەنەوە لە کوردستاندا، ئایا ئەمە لە یەکچوونە، یان مەسەلەیەکی یاسایی هەیە؟ هەم ڕێکخراوەکانی ئێمە لە عێراقداو لە دەرەوەی عێراقدا مافیان هەبێت ئەو ڕێکخراوە دابنێن، هەم ئەوانەی ناو عێراق و دەرەوەی عێراقیش بۆیان هەبێت لە کوردستاندا، لەوانەیە تەشابوهێك هەبێت، من پێموایە بەپێی تایبەتمەندی ئەگەر لە دەرەوەی عێراق، یان لە عێراقدا لەو جۆرە ڕێکخراوە نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت پرسیارەکەی کاك جەلالەوە، مونەزەمات حەقی هەیە لە داخیلیش و خارجی عێراقیشدا، لە داخیل و خارجی ئیقلیم و لە عێراقیشدا فەرعی خۆی بکاتەوە، ئەوە شتێکی دەستووریی و قانونی حەقی خۆیەتی، بەڵام من پێموایە ئەو ماددەیە بەم صیاغەیە بێت ئەو (لها)یە زیادە، بنووسین (للمنظمات الحق في ان تكون لها فروع داخل او خارج الاقليم والعراق)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە ڕەئیتان دەربارەی ئەوە.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هاوڕاین لەگەڵ لیژنەی یاسایی بەو صیاغەیەی ئێستا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر صیاغە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

للمنظمات الحق في ان تكون لها فروع داخل او خارج الاقليم والعراق.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیش کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

ڕێکخراوەکان مافیان هەیە لەناوخۆ یان دەرەوەی هەرێم و عێراقدا لقیان هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەیە؟ کەرەم بکە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەوەی کە وەکو دەستەواژەی دەرەوەی هەرێم هاتووە، پێویستی بەوەیە تەفاسیلی بدرێتێ، ئایا دەرەوەی هەرێم مەبەستی ئەوەیە ئەو وڵاتانەی دەرەوەی عێراقە؟ چونکە ئێمە بەپێی دەستوور لە کوردستاندا ناوچەیەکمان هەیە پێی دەڵێن دەرەوەی هەرێم، (مناطق المتنازع علیها) بەپێی ماددەی (140)ی دەستووری و، ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت لەم یاسایە دەست نیشان بکرێت، کە ئەوان بۆشیان هەبێت لەو ناوچە، چونکە لەنێوان عێراق و لەنێوان هەرێمی کوردستاندایە، ئێمە هێشتا ناوچەیەکمان هەیە لە ڕووی دەستووری و یاساییەوە یەکلا نەکراوەتەوە، ئەمە حەقێکی دەستووری جارێکی تر دەداتەوە ئەو مەنتیقەیە، کە موتەنازیعە، بەپێی خصوصیەتی خۆی تەعامولی لەگەڵدا بکرێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خۆی دیارە کە دەڵێت دەرەوە، دەرەوەی هەرێمە، بەڵام هەر وڵاتێك، هەر شوێنێك قانونی خۆی هەیە، جا ئەگەر لەگەڵ قانونەکەی ڕێت پێ بدات، دەتوانێت هەتبێت، ئەگەر نەدات ناتوانیت، بۆیە ئێستا ئاخیر صیاغە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

للمنظمات الحق في ان تكون لها فروع داخل او خارج الاقليم والعراق.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیش کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

ڕێکخراوەکان مافیان هەیە لەناوخۆ یان دەرەوەی هەرێم و عێراقدا لقیان هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (50) بەڕێز، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (2) بەڕێز، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، تکایە بۆ ماددەی چوارەم کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

أولاً: لمنظمتين مسجلتين او أكثر الحق في تأسيس شبكة فيما بينها.

ثانيا:

1- على شبكة المنظمات التي تسعى للحصول على الشخصية المعنوية، أن تقدم طلب التسجيل بموجب أحكام هذا القانون. وتكتسب الشخصية المعنوية، وهي مستقلة عن الشخصيات المعنوية للمنظمات المكونة لها.

2- الشبكة غير المسجلة لاتعد غير قانونية، ولكن لا تكتسب الشخصية القانونية.

3- لشبكتين أو أكثر من شبكات المنظمات ان تنضم الى بعض، وقد تتكون شبكة المنظمات من منظمات كوردستانية او عراقية او أجنبية. ولأي شخص طبيعي او معنوي أن يصبح عضواً في شبكة المنظمات.

4- يعفى طلب ومعاملات التسجيل من الرسوم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەش کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

یەکەم: دوو ڕێکخراوی تۆمار کراو، یان زیاتر مافی دامەزراندنی تۆڕێکیان هەیە لە نێوان خۆیاندا.

دووەم:

1- ئەو تۆڕی ڕێکخراوانەی هەوڵ دادات کەسایەتییەکی مەعنەوی بەدەست بهێنێ، دەبێ داوایەکی تۆمار کردن بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێشکەش بکات و، کەسایەتیی مەعنەوی بەدەست دەهێنێت و، جودایە لەو کەسایەتییە مەعنەویانەی ئەو ڕێکخراوانەی پێکی دەهێنن.

2- ئەو تۆڕەی تۆمار نەکرا بێت بە نایاسایی داناندرێت، بەڵام کەسایەتیی یاسایی بەدەست ناهێنێت.

3- دوو تۆڕ، یان زیاتر لە تۆڕی ڕێکخراوەکان بۆیان هەیە بچنە پاڵ یەك و، دەکرێ تۆڕی ڕێکخراوەکان لە ڕێکخراوی کوردستانی، یان عێراقی، یان بیانی پێك بێت و، هەر کەسێکی ئاسایی، یان مەعنەوی بۆی هەیە ببێتە ئەندام لە تۆڕی ڕێکخراوەکاندا.

4- داوای مامەڵەی تۆمار کردن لە ڕەسم دەبەخشرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ دەیەوێت قسە بکات لەسەر ئەو ماددەیە؟ ئەم ڕێزدارانە قسە دەکەن، (گۆران ئازاد، گەشە دارا، محمد شارەزووری، ئامینە، ئاسۆ کەریم، جلال علی، د.احمد وەرتی)، کەسی تر هەیە، کەرەم بکە کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینی ئەوەم هەیە دەمەوێت بۆشم روون بکەنەوە ئەگەر وایە، لە ماددەی چوار خاڵی یەکەم، کە دەگوترێت ئەو ڕێکخراوانەی تۆڕێك دروست دەکەن، هەوڵ دەدەن کەسایەتی مەعنەوی بەدەست بهێنێ، ئەگەر بەو مانایە بێت، واتا ئەوانە ئاساییە ئەگەر هەوڵیش نەدەن کەسایەتیە مەعنەویەکە بەدەست بهێنن، لە خاڵی دوودا باس لەوە دەکرێت کە ئەم تۆڕە ئاساییە، ئەگەر دابمەزرێ و کەسایەتی مەعنەویشی نەبێتن، شتێکی ناقانونیە، من دەپرسم بەیانی تۆڕێك دروست دەکرێت لە سی ڕێکخراو، گریمان چاودێری هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان دەکات، راپۆرتێك بلاّو دەکەنەوە کە ئەم هەڵبژاردنە تەشییری تیایە لە دەقی راپۆرتەکەدا، حکومەتی هەرێم، یاخود ئەو لایەنەی زەرەرمەند بووە لەو تەشییرە، دەیەوێت بگەڕێتەوە سەر ئەم تۆڕە، سی ڕێکخراوە، ئایا هەر سی ڕێکخراو کە شەخصیەتی مەعنەوی موستەقیلی خۆی هەیە، ئەم لایەنەی دەوێت بگەڕێتەوە، دەگەڕێتەوە سەر هەر سی ڕێکخراو؟ یاخود دەگەڕێتەوە سەر ئەوە شەخصە مەعنەویەی کە تۆڕەکەیەتی؟ پرسیارەکەی من ئەوەیە، چۆن دەکرێت تۆڕێك دروست بکرێت، ئاسایش بێت شەخصیەتی مەعنەوی نەبێت و کار بکات؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار گەشە خان کەرەم بکە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ کاك گۆران، دەڵێ (الشبکه غیر المسجله لا تعد غیر قانونیه، ولکن لا تکتسب الشخصیه المعنویه)، ئەگەر قانونیە چۆن شەخصیەتی مەعنەوی ئیکتیساب ناکات؟ کە قانونی بێت، دەبێت ئیکتیسابی

شەخصیەی مەعنەوی بکات، بەلاّم ئەگەر غەیر موسەجەل بێت، خۆی غەیر قانونیە، یەعنی شتێکی موتەناقیزە، پێموایە ئەو خاڵە لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار محمد شارەزووری کەرەم بکە.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا هاوڕام لەگەڵ کاک گۆران و گەشە خان، یەعنی ئەو خاڵە زیادە، تۆ دەڵێیت ئەو تۆڕە تۆمار نەکرا بێت بە نایاسایی دانانرێت، وەکو ئەوەی کاک گۆران ئاماژەی پێدا ئەو دووانە ئەگەر ئیستیفتا لەسەر شتێك بکرێت، دوایی یەکێکیان گرت، تۆ دەعوایەك هەبێت تەسجیلی بکەیت لەسەریان، بۆ ئەوەی حەقی خۆت وەربگریتەوە، دەعوا لەسەر کێ تەسجیل دەکەیت؟ لەسەر ئەو ڕێکخراوەی کە پێشتر ئیستیفتای کردووە، یان لەسەر ئەو کەسایەتیە مەعنەویەی کە دانراوە، بۆیە من دژ بەیەکی دەزانم، نایاسایی بێت، بەلاّم ئەگەر تەسجیل نەکرێت، دەبێت نایاسایی بێت، بەلاّم لێرە ڕێگەی پێ دەدرێت.

دوو/ ئەو تۆڕەی کە پێدەگەیندرێت، ئەو ڕێکخراوانەی کە پێکی دەهێنن، بەچ ناوێکەوە دەبێت؟ یەعنی ئایا حەقی هەیە لەم ماددەیەدا ئاماژەی پێ بدات؟ ئایا لە ژێر ناوێکی تازە دەبێت، یان ناوی یەکێك لە ڕێکخراوەکان؟ چونکە لە ناوەڕۆکی ماددەکە ئاماژەی پێداوە، دەڵێت هەر یەکێکیان ناوی مەعنەویەتی خۆیان هەیەو دەمێنێتەوە، بەلاّم ئەو تۆڕەی دروست دەکرێت لە ژێر چ ناوێکدا دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئامینە زکری کەرەم بکە.

**بەڕێز ئامینە ذکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەژیا هەڤ رای مە گەل هەڤالێت خۆ بەرێت خۆ، شتێکی تر ڤە سەڤارەت دوو ڕێکخراوێ تۆمارکراو، ئەگەر ئەم بێین سەح کەینێ، ئەگەر هاتو ناڤ وان تۆرادا بڕیاردان، یان پەسند کرنا تشتەکی ناڤ وان دەبیتە حەق بۆ گشت لایەکی ڤە، ئەگەر دوو ڕێکخراو بشێن تۆرەکی پێك بێنن، رەد کرن، یان پەسند کرنا بڕیاریا، یەعنی مەسەلە ڤیتو کرن ناڤ دوو ڕێکخراودا چێ نابێ، شی ئالیەتا تر ڤە ئەم بێین سەح کەین، ئیش ناحیە ئیقتیصادیا گەلەك دل بال گرانیا بەسەر حکومەتێ، چ ل گورڤێ یاسایێ تۆرێت ڕێکخراوی ناحکومی بشێن حقوقێ خویێت دکەت مادی وەرگرنەڤە، ئەگەر گور ئاخافتنا بەڕێز کاك عومەر (800) ڕێکخراوێ دهۆك و هەولێرێ مە هەی، (500) ڕێکخراوێ مە ژ سلێمانی هەی، یەعنی (1300) ڕێکخراو مەی هەی، ئەگەر تەقسیمی دوو ژی بکەین ئەڤە (650) تۆر دێمە ڤێرا هەبیت، (650) تۆر ئەگەر تەقسیما بکەیت ڤێژا ملیۆنەکی بۆ دانێی، یان دوو ملیۆنا بۆ دانێی، یان هەر مەبەلەغەکی بۆ دانێی، ئەڤە تەکلیفەیەکی گەلەك زێدە دێتە سەر حکومەتێ، ئەز دگەل هەندێ دانیمە دوو ڕێکخراو بن، بەلکو سێ، یان ژی پێنج

ڕێکخراو سەر وێدا ببنە تۆرێك، شی ئالیەتی تر ڤە خالە دوێ/ ئەو تۆرە کو نەهاتبیتە تۆمار کرن د چۆن یاسایی بیتن؟ تەعاروزا گەل مادده ئێکێ خالە حەفتێ دا هەی، کوت بێژیتن تۆرا ڕێکخراوە بێتن، یا گور ڤە یاسایێ هاتبیتە تۆمار کرن، ئەڤە ئەگەر نەیەتە تۆمار کرن، د چۆن یاسایی بیتن؟ سبەی فەرمانگەها کو ئەڤ ڕێکخراوە دێ ژێر چاڤدێریا دەبیت، د چۆن سکالا ل سەر دکات؟ د چۆن ئەگەر کارێکی نایاسایی کر، یان ئەگەر هاتو پێویستی هەندی هەبوو کە ئەڤ ڕێکخراوە بێتە هەلوەشاندن، دێ کێ تەعامولێ یاسایی دکەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئاسۆ کەریم کەرەم بکە.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا بەنیسبەت دووەم، دیسان هەر برگەی دووەم (الشبكة غير المسجلة لا تعد غير قانونية، ولكن لا تكتسب الشخصية القانونية)، بەو مانایە بێت ئەو قانونی ئێستا دەبێتە قانونێکی کاشف، نەك مونشیئ بۆ مونەزەماتی غەیر حکومی، چونکە لێرەدا پرسیارێك لە برادەران دەکەم، ئەویش ئەوەیە بەو مانایە بێت، دەبێت ئەو شەبەکە غەیر موسەجەلە ئایا دەتوانێت کاروچالاکیەکانی خۆی بکات، هەتا ئەگەر هاتو موسەجەلیش نەبێت، چونکە دەڵێت (لاتعد غير قانونية)، بەو مانایە دەتوانێت نەشاتاتەکانی خۆی بکات، بۆیە بە بڕوای من ئەگەر قانونەکە قانونێکی مونشیئی مونەزەمات بێت، لێرەدا دەبێتە کاشف، بۆیە لێرەدا بە بڕوای من تەناقوزێك هەیە.

پێشنیارێك دەکەم وەکو سێیەم ئیزافە بکرێت، ئەویش ئەوەیە بەو شێوەیە بێت لە رووی عەرەبیەکە (ان تكون الهيئة الادارية للمنظمة المستقلة عن اعضائها المؤسسين، او عن الهيئة المؤسسة)، یەعنی بۆ ئەوەی ئەوانەی بەڕێوە دەبەن لە رووی ئیدارییەوە جیاواز بن لەوانەی لە هەیئەی موئەسەسە، بۆ ئەوەی تێکەڵاوی دروست نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جلال علی کەرەم بکە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم/ خاڵی سێیەم، دیارە وەکو باس کرا سەدان ڕێکخراو هەیە لە کوردستاندا، کە تایبەتمەندی جۆراوجۆری هەیە لە پیشەکاندا، وەك کۆمەڵایەتی، مرۆڤایەتی، پزیشکی، کشتۆکاڵی............هتد، چۆن

هەر کەسێك ئەگەر تایبەتمەند هەبێت، بۆی هەیە ببێتە ئەندام لە ڕێکخراوێکدا بڵێین کشتوکاڵیە، یان پزیشکییە، یەعنی دەبێت ئەو کەسە تایبەتمەند بێت کە لەو ڕێکخراوەدا دەبێت، ئەگینا ئەو تێکەڵاویەی کە چەند ساڵی پێشوو هەیە، من کشتوکاڵیم دەچم پزیشکی، یەکێکی تر پزیشکیە دەچێتە مرۆڤایەتی، یەکێکی دیکە کۆمەڵایەتییە دەچێتە شتێکی تر، من پێم باشە ئەو کەسە تایبەتمەند بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی دووەم لە (ثانیاً) لەو سۆنگەوە ڕێکخراوەکانی ناحکومی دەبێت تۆمار بکرێن، ئەو کاتە شەخصیەتی قانونی خۆیان وەردەگرن، لەو ڕووەوە ئەو ڕێکخراوانەی کە تۆمار نەکراون شەخصیەتی قانونی وەرناگرن، بەڵام نایاسایی نینە بەو مانایە دەتوانن کاری خۆیان بکەن، واتا دەوڵەت مولاحەقەیان ناکات، بەڵام ئەگەر بێتە کاری ڕەسمی، ڕەنگە دەوڵەت بە ڕەسمی موعامەلەی لەگەڵدا نەکات، لەبەر ئەوەی کە ناوەکەی تۆمار نەکراوە شەخصیەتی قانونی وەرنەگرتووە، ئەمە بەنیسبەت ئەوە.

بەنیسبەت خاڵی سێیەمیش هەر لە (ثانیاً/لشبكتين او اكثر من شبكات المنظمات ان تنضم الى البعض)، نەك (ان تضم الى بعض)، ئەوە هەڵەیە.

بەنیسبەت خاڵی چوارەمیش لە کوردیەکەدا جیاوازییەك هەیە لەگەڵ عەرەبیەکەدا، کە عەرەبیەکە دەڵێت (یعفى طلب ومعاملات التسجيل من الرسوم)، کوردیەکەی دەڵێت (داوای مامەڵەی تۆمار کردن لە ڕەسم دەبەخشرێت)، پێموایە ماناکەی دەبێت (داوا و مامەڵەی تۆمار کردن لە ڕەسم دەبەخشرێت)، یەعنی داوای تەسجیلەکە، (طلب التسجيل ومعاملات) دوو شتە، هەردووکی لە ڕەسم دەبەخشرێت، دەبێت کوردیەکەی بەو شێوەیە ڕاست بکرێتەوە، بکرێتە (داوا و مامەڵەی تۆمار کردن لە ڕەسم دەبەخشرێت)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تۆڕی ڕێکخراوەکان، ئێمە دەزانین هەندێك پرس دێتە پێشەوە، لەوانەیە کۆمەڵێك ڕێکخراوی ناحکومی بیانەوێت هاوکاری یەکتر لەسەر ئەو پرسە ئیش بکەن لە کاتێکی دیاری کراو، لەوانەیە ئەو تۆڕە مانگێك بمێنێت، یان دوو مانگ، یان شەش مانگ بمێنێت، لەوانەشە بۆ چەند ساڵێك هاوکاریەکەیان بمێنێت، بەڵام بۆ ئەوەی نا قانونی نەبێت، بۆیە دەبێت ئەوانە ڕێگریان لێ نەکرێت، یەعنی لەماوەی مانگێك، یان شەش مانگدا بتوانن ئیشەکەی خۆیان بکەن، یەعنی ئەو بڕگەی دووەم پەیوەندی بەوەوە هەیە، ناقانونی نییە، دەتوانن وەکو تۆڕێك پێك بێنن، بەڵام مەرج نییە داوای ئەوە بکەن کەسایەتیەکی

مەعنەوی، یان قانونیان هەبێت، ئەوە تەنیا بۆ ئەوە دانراوە، ئەگەر ئەوە لابدەین، ئەو کاتە یەعنی ناتوانن ئیش و کارەکانی خۆیان بکەن، ئیلا دەبێت خۆیان تۆمار بکەن، بەلاَم ئەگەر پرسێك هاتە پێشەوەو پێویست بەوە هەبێت، تەنیا یەك مانگ ئیشی لەسەر بکەیت، ئایا زەرورییە ئەو هەموو رێکخراوە تۆمار بکەن، بەباوەڕی من ئەوە زەرووری نییە، یەعنی ئەوە روون کردنەوەیەك، هیوادارم لێمان وەربگرن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کەرەم بکە:

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت بڕگەی یەکەوە باس لەوە دەکات (على شبكة المنظمات التي تسعى للحصول على الشخصية المعنوية)، بە تەئکید شەبەکە پێشتر باسمان کرد کۆبوونەوەی چەند رێکخراوێکە لە یەك شەبەکە خۆیان دەمج دەکەن دەبن بە شەخصیەتێك، بەلاَم کەی؟ باقی فەقەرەکە دەڵێت (ان تقدم طلب التسجيل بموجب احكام هذا القانون)، دەبێت ئەم شەبەکەیە وەکو بیدایەتی مونەزەمەی خۆی تەئسیس دەکات، تەلەبێکی تازە تەقدیم بکاتەوە، بڵێت چەند رێکخراوێك دەبنە تۆڕێك بەو ناونیشانە ئیجرائاتی تەسجیلی بۆ دەکرێتەوە، بەم کاتە شەخصیەتێکی مەعنەوی وەردەگرێت، ئەم شەخصیە مەعنەویەتە بەگوێرەی قانون، یەعنی شەخصیەتی ئەدائە، یەعنی شەخصیەتی ئەدائ و واجیبە، یەعنی شەخصیەتی حەقی ئیمتیلاك و تەملیکی مومتەلەکاتە، شەخصیەتی مەسئوولە لەبەردەم موحاکم، شەخصیەتی تەمسیل کردنی ئەم شەبەکەیەو مونەزەمەیە لەبەردەم هەموو شوێنە رەسمیەکان و ئەوانەی کە پێویست بکات، ئینجا ئاخیرەکەی دەڵێت (وهي مستقلة عن الشخصيات المعنوية للمنظمات)، بە تەئکید کە تەوحید بوون، دەمج بوون، ئەم شەبەکە تازەیە شەخصیەتێکی مەعنەوی خۆی وەردەگرێت، ئەم شەخصیەتە مەعنەویە خاصە بەخۆی، ئیتر چیتر ئەم شەبەکەیە تەحەمولی تەبەعاتی مالی، مەسئوولیاتی مالی ناکات، کە پێش ئەوەی تەوحید ببوون بە یەکەوە، ئەگەر رێکخراوێك قەرزار بێت و ئیلتیزاماتی مالی لەسەر بوو بێت و هاتبێتە ئەم شەبەکەیەوە، ئەم شەبەکەیە شەخصیەتە مەعنویە تازەکەی ئێستا تەحەمولی تەبەعاتی ئەو کاتەی ناکات، پێش ئەوەی دەمج بوو بێت، ئەم عیبرەتە کە لێرە باس کراوە دەڵێت شەخصیەی مەعنەوی مونەزەماتی خۆی هەیەو عیلاقەی بە شەخصیەی مەعنەوی مونەزەماتەکانی پێشوو نییە.

بەنیسبەت بڕگەی دووەمەوە، کە دەڵێت (الشبكة غير المسجلة) دوای گفتوگۆیەك، بەڕێز کاك فرسەتیش هەمان رەئی لەسەر هەیە، وا چاکترە بۆ ئەوەی مانایەکی وازیحتر ببەخشێت، (الشبكة غير المسجلة تعد قانونية، ولكن لاتكتسب الشخصية) من پێموایە بنووسرێت (المعنويه)، راستە ئەم شەبەکەی کە دروست دەکرێت دائیرەیەکی قانونییە، بەلاَم شەرت نییە هەموو دائیرە قانونیەکان شەخصیەتی مەعنەوییان هەبێت، بەلاَم نا قانونی نین، لەبەر ئەوە ئەم شەبەکەیە، بۆیە ئەم عیبارەتەی بۆ دانراوە، ئەگەر تەسجیل

نەكرێت، قانونی راستە، بەڵام ناتوانێت شەخصیەتی ئەدائ و واجیب و ئیلتیزاماتی مالی كە باسمان كرد تەملیك و تەمەلوك ومەسئوول لەبەردەم محاكم و ئەمانەدا هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دوو تێبینی تر هەبوو، ئەوەی دكتۆر ئەحمەد وەرتی ئەو (واو)وە راستە، لە كوردیەكە دەبێت ئەوە چاك بكرێت، جیٚ (یا)ئەكە (واو، بێت سەبارەت بە خاڵی چوارەم، (داوا و مامەڵەی تۆمار كردن) بەو شێوەیە دەبێت.

سەبارەت بەوەی كە ئامینە خان باسی كرد، پێموایە مەسەلەی دارایی رێكخراوەكان لە بابێكی تر چارەسەر كراوە، هەروەها بۆ ئاگاداریشتان مەسەلەی دارایی و سەرچاوەی ئابووری رێكخراوەكان لەسەر بنەمای پرۆژە دەبێت، یەعنی ئەوەی لێرە پێشنیار كراوە، پەیوەندی بەوە نییە مانگانە پارە بدەیت بە تۆری رێكخراوەكانیش، یەعنی ئەوە هیچ پەیوەندییەكی بەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر صدیق كەرەم بكە.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر ئەو تەعلیقە بوو كە بەڕێز كاك دانا دای لەسەر قسەكانی ئامینە خان دەربارەی دارایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر نورەدینی كەرەم بكە.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا گفتوگۆ لەسەر ئەو برگەیە، ئەوەی پەیوەندی بە كەسایەتی مەعنەوی تۆڕەوە هەیە، هەم لێرەش، هەم لە كۆبوونەوەكانی بەیروتیش زۆر قسەو باسی لەسەر كرا، بەڵام لێرەدا دەبێت ئەوە روون بكرێتەوە، كە بوونی یاسایی رێكخراوێكی ناحكومی، بوونی یاسایی جیاوازە لەگەڵ وەكو دوای ئەوەی یەك دەگرن لەگەڵ مەجموعەیەك رێكخراوی تر كەسایەتی مەعنەوی وەردەگرن، وەرنەگرتنی كەسایەتی مەعنەوی تۆڕ، بوونی قانونی مونەزەماتی تر ئیلغا ناكاتەوە، چونكە پێشتر ئەوان بەگوێرەی یاسا شەرعیەتیان وەرگرتووە، بۆیە ئەو مولاحەزە دەقیقەی برای بەڕێزم كاك ئاسۆ باسی كرد، من پێموایە ئەم یاسایە بەنیسبەت هەر مونەزەمەیەكی غەیر حكومیەوە قانونەكە مونشیئە، بەڵام بەنیسبەت تۆڕەكەوە دەكرێت تەنها كاشف بێت، واتا هەردووكی بەیەكەوە كۆكردۆتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئاخیر صیاغە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

أولاً: لمنظمتين مسجلتين او أكثر الحق في تأسيس شبكة فيما بينها.

ثانيا:

1- على شبكة المنظمات التي تسعى للحصول على الشخصية المعنوية، أن تقدم طلب التسجيل بموجب أحكام هذا القانون. وتكتسب الشخصية المعنوية، وهي مستقلة عن الشخصيات المعنوية للمنظمات المكونة لها.

2- الشبكة غير المسجلة تعد قانونية، ولكن لا تكتسب الشخصية المعنوية.

3- لشبكتين أو أكثر من شبكات المنظمات ان تنظم الى بعض، وقد تتكون شبكة المنظمات من منظمات كوردستانية او عراقية او أجنبية. ولأي شخص طبيعي او معنوي أن يصبح عضواً في شبكة المنظمات.

4- يعفى طلب ومعاملات التسجيل من الرسوم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیەكەش كەرەم بكەن.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

یەكەم: دوو رێكخراوی تۆمار كراو، یان زیاتر مافی دامەزراندنی تۆڕێكیان هەیە لە نێوان خۆیاندا.

دووەم:

1- ئەو تۆڕی رێكخراوانەی هەوڵ دەدات كەسایەتییەكی مەعنەوی بەدەست بهێنێ، دەبێ داوایەكی تۆمار كردن بەگوێرەی حوكمەكانی ئەم یاسایە پێشكەش بكات و، كەسایەتیی مەعنەوی بەدەست دەهێنێت و، جودایە لەو كەسایەتییە مەعنەویانەی ئەو رێكخراوانەی پێكی دەهێنن.

2- ئەو تۆڕەی تۆمار نەكرا بێت یاسایی دەبێت، بەڵام كەسایەتیی مەعنەوی بەدەست ناهێنێت.

3- دوو تۆڕ، یان زیاتر لە تۆڕی رێكخراوەكان بۆیان هەیە بچنە پاڵ یەك و، دەكرێ تۆڕی رێكخراوەكان لە رێكخراوی كوردستانی، یان عێراقی، یان بیانی پێك بێت و، هەر كەسێكی ئاسایی، یان مەعنەوی بۆی هەیە ببێتە ئەندام لە تۆڕی رێكخراوەكاندا.

4- داواو مامەڵەی تۆمار كردن لە رەسم دەبەخشرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بەکوردی و عەرەبی گوێتان لێ بوو، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (52) بەڕێز لەگەڵە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (7) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، تکایە ماددەی پێنجەم، کەرەم بکەن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

بامكان اي شخص ان ينوب عن المنظمة او الشبكة امام المحاكم والجهات الرسمية وغير الرسمية حسب النظام الداخلي للمنظمة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیش کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

هەر کەسێك بۆی هەیە ببێتە نوێنەری ڕێکخراو، یان تۆڕ لەبەردەم دادگاکان و لایەنانی فەرمی و نافەرمی بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ ئەم ڕێزدارانە دەیانەوێت قسە بکەن، (عماد محمد، محمد شارەزووری، عبدالسلام بەرواری، سالار محمود، ڕۆژان دزەیی، بەفرین حسین، تارا ئەسعەدی، ئاسۆ کەریم، ئەڤین عمر، هاژە سلێمان، جلال علی)، کەسی تر هەیە؟ لانا چەلەبی، کاك عماد کەرەم بکە.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەڤ ماددەیە بەشێوەیەك بێتە صیاغە کرن (بامكان اي شخص تخوله المنظمة او الشبكة ان ينوب عنها امام المحاكم والجهات الرسمية وغير الرسمية حسب النظام الداخلي للمنظمة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار محمد شارەزووری کەرەم بکە.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەو ماددەیە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە (هەر کەسێك بۆی هەیە ببێتە نوێنەری ڕێکخراو بەمەرجێ لەناو ڕێکخراوەکەدا هەبێت)، چونکە ئەم دیاری نەکردووە، دەڵێت (هەر کەسێك بۆ ئەوەی ببێتە نوێنەری ڕێکخراو)، یەعنی ئەگەر لەناو ڕێکخراوەکە بێ، بۆیە دەبێتە نوێنەر، لە هەمان کاتدا بەپێی پەیڕەو، من پێموایە دەبێت ئەو ڕێکخراوە تەخویلی بکات، مخەوەلی بکات بۆ محکەمە بە نووسراوێك، ئەگینا چۆن بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ تحدید دەکرێت؟ دەبێت مخەوەل بێت لەلایەن ڕێکخراوەکە لەبەردەم محکەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەس گوتراوە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، یەعنی ئەوە تەشخیص کراوە، ئەوانیش پەیڕەویان هەبێت، ڕێزدار عبدالسلام کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی عرفی من قسە دەکەم، چونکە دامەزرێنەرو سەرۆکی ڕێکخراوێکی ناحکومی، ئەوە زیاتر نزیکەی دە ساڵە، لە هەر پەیڕەوێکی ناوخۆ، وەکو جەمعیات و ئەوانەش، هەتا بە یاسای ژمارە (15)ـەشەوە بوو، دەبێت ئەو شەخصەی نوێنەرایەتی ڕێکخراو بکات، تەحدید بکرێت لە نیزامی داخیلی، بۆیە ئەگەر تەماشای ماددەی (13/خاڵی/2) بکەین، لە زیمنی ئەو جیهات و قەراراتانە نووسراوە ئەو شەخصەی کە تەمسیلی مونەزەمە دەکات، بۆیە من ئیقتیراح دەکەم بێجگە لەوەی لە ماددەی یازدە ئیزافەی ئەوە بکەین، ئیقتیراح دەکەم بنووسرێت (يمثل المنظمة او الشبكة امام المحاكم والجهات الرسمية وغير الرسمية الشخص الذي يحدده النظام الداخلي للمنظمة)، ئەمە لەبەر ثباتە، لەبەر موعامەلاتە، ئەو کەسەی کە پەیڕەوی ناوخۆ دەست نیشانی دەکات، ئەو نوێنەرایەتی مونەزەمە دەکات یەکێك لەو جیهاتانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆرە ڕۆژان دزەیی کەرەم بکە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دیاری کردنی ئەو کەسەی کەوا نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکە دەکات لە هەموو دامودەزگاکان بەرپرسی یەکەم بەرپرسە لە هەموو ئەو کاروبارانەی کەوا لەو ماددەیەدا هاتووە، بۆیە سەرۆکی ڕێکخراو، یان هەر کەسێك کە سەرۆکەکە تەخویلی دەکات، ئەوە پێویستە لێرە دیاری بکرێت و دەست نیشان بکرێت، بۆ ئەوەی لەبەردەم دادگا نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکە بکات، داوا دەکەم دەقە کوردیەکە لەگەڵ دەقە عەرەبیەکە بگونجێت و ڕەچاوی ئەوە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سالار محمود کەرەم بکە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من دوو تەرح دەخەمە پێش چاو بۆ بەدیلی ئەمە، لەجیاتی هەر کەسێك بوترێت هەر ئەندامێك، چونکە بۆ هەر ڕێکخراوێك کە کۆمەڵێك تیایدا کۆدەبنەوە، بە مەبەستی ئامانجێك، ئەو ئەندامە کۆمەڵێك ئەرك و مافی لەئەستۆدایە، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەبەردەم دادگاشدا، دیارە ئەرکی داکۆکی کردن و مافی ڕووبەڕوو بوونەوە بۆ ئەندام گونجاوترە، نەك بۆ هەر کەسێکی تر، ئەمە خاڵی یەکەم لەجیاتی کەسەکە، ئەندام دابنرێت، یان ئەوەتا کە قسە لەبەر ئەوە دەکرێت بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە دەست نیشان دەکرێت، ئەم ماددەیە تەحصیل حاصلە، نەبوونیشی لە ئێستادا وەکو یەك وایە، مادام پەیڕەوی ناوخۆ ئەو مەسەلەیە یەکلا دەکاتەوە، نەبوونی لێرەدا نە ئیزافەیەکە، نە کەموکوڕیەکە، بۆیە هیوادارم ئەمەیان بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار بەفرین حسین کەرەم بکە.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی منیش هەر لەسەر دەستەواژەی هەر کەسێك بۆی هەیە، پرسیارەکە ئاراستەی لیژنەی بەڕێز دەکەم، بەتایبەتی کاتێك نوێنەرایەتی ڕێکخراو، یان تۆڕەکە دەکات لەبەردەم دادگادا، مەسەلەکە مەسەلەی دادگایە، وەکو هاوکارم کاك سالار گوتی، وشەی هەر کەسێك شتێکی عام و لەوانە دەرەوەی ڕێکخراوەکەش بگرێتەوە، پێم باشە ئەندام بێت و دیاریش بکرێت ئەو کەسە کێیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی کەرەم بکە.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەقاودەق لەگەڵ پێشنیازەکەی کاك سالارم، کە دەبێت ئەندام بێت لەناو ئەو ڕێکخراوە، تەخویل بکرێت لەناویدا، ئەگەر نەیلێیت، یان بیلێیت وابزانم شتێك ناگەیەنێت، چونکە لێرە لەناو نیزامی داخیلی ئەکید دەبێت تەخویل بکرێت، چونکە ئەگەر تەخویل نەکرێت، هەر کەسێك ناتوانێت بڕوات ئەو کارە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئاسۆ کەریم کەرەم بکە.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاز دەکەم ئەو ماددەیە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە (لمدیر ا لمنظمة او الشبكة او من يخوله ان ينوب عنها امام المحاكم والجهات الرسمية وغير الرسمية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئەڤین عمر کەرەم بکە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو هاوکارم دکتۆرە ڕۆژان باسی کرد، عادەتەن سەرۆکی هەموو ڕێکخراوێك خۆی تەمسیلی ڕێکخراوەکەی خۆی دەکات لە زۆر حاڵەتدا، حاڵەتی واش هەیە کەوا محامیەك تەخویل دەکات، یەکێك شەخصێکی قانونی تەخویل دەکات کە تەمسیلی بکات، ئەوەی لێرەدا باس کراوە، دەڵێت بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی مونەزەمەکە دیاری دەکرێت، کەواتە مادام دەڵێت لەناو پەیڕەوی ناوخۆی مونەزەمەکە دیاری دەکات، من لێرە هاوڕام لەگەڵ هاوکارم کاك سالار، کەوا بوون و نەبوونی وەکو یەکە، ئەم ماددەیە لێرەدا تەحصیل حاصلە، بۆیە منیش پێشنیار دەکەم کەوا ئەو ماددەیە ئەسڵەن لێرە وجودی نەبێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار هاژە سلێمان کەرەم بکە.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تێبینیەکەم لەسەر ئەوەیە، کە هەر کەسێك بۆی هەیە ببێتە نوێنەری ڕێکخراو، یان تۆڕ، بکرێت بە هەر ئەندامێکی ڕێکخراوەکە، ئەگەر ئەندامی ڕێکخراوەکە بێت، ئەو کاتە دەتوانێت نوێنەرایەتی ڕێکخراو، یان تۆڕەکە بکات لەبەردەم دادگا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جلال کەرەم بکە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە (بامكان اي شخص مؤهل من المنظمات)، هیوادارم کاك داناو کاك عومەر موئەهەلەکە لەوانەیە زۆر شت بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار لانا کەرەم بکە.

**بەڕێز لانا احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به رەئی من ماددەی پێنجەم، کە رەئی خۆم شەخصی ئەم ماددەیەم پێ زیادە، چونکە لێرە نووسراوە (بامکان اي شخص ان ينوب عن المنظمة)، ئێمە دەزانین، یەعنی ئەوەی من شارەزامە لە ئیدارە، ئیدارە لەسەر یەك شەخص تەتبیق ناکرێت، لەسەر مەجموعە ئەفرادێك تەتبیق دەکرێت، هەروەها مونەزەمەش لە مەجموعە ئەشخاصێك پێکهاتووە، لێرە لە مونەزەمەی مەجلیسی ئیدارە هەیە، رەئیسی مەجلیسی ئیدارە هەیە، ئەعزائی هەیە، هەروەها بەنیسبەت پێناسەی مونەزەمە، (المنظمة/ مجموعة من الاشخاص)، ئەو مونەزەماتانە هەدەفی ئیقتیصادی هەیە، هەدەفی ئیجتیماعی هەیە، هەدەفی سیاسی هەیە، هەدەفی روبحی هەیە، یەعنی ئەگەر بێمەوە سەر پێناسەی مونەزەمە، شەبەکەی مونەزەمە چیە (مجموعة من المنظمات)، لەوانەیە لەناحیەی نەوعی، لە ئەهدافی، ئەوانە مەربوت بن لە یەکتری، بە رەئی من ئەو ماددەیە پێویست ناکات لێرە وجودی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، بەحەقیقەت ئەو مونەزەمەیە هەر شەخصێك تەکلیف بکات، کە خۆیان بەپێی نیزامەکەیان، لەوانەیە سبەی محامیەك تەکلیف بکات بڕوات ئیشەکەیان بۆ بکات، بەڵام بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە، جا بۆیە لیژنە ئەگەر ئیعادەی صیاغە بکەن، کەرەم بکەن، بزانن فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو تەوەری قسەی ئەو برا بەڕێزانە مەوزوعێکی گرتەوە، کە ئایا ئەو شەخصە کێیە ئەو تەمسیلە دەکات؟ چۆنیش دادەنرێت؟، بەڵام ئەگەر سەیری ئەخیری فەقەرەکە بکەین، کە دەڵێت (حسب النظام الداخلي للمنظمة)، وەکو جەنابت ئێستا تەوزیحێکتدا، دەکرێت ئەو ماددەیە لێرە بمێنێتەوە، دەکرێت ئەو ماددەیە هەڵبگیرێت بچێتە ناو نیزام داخیلیەکە، بەڵام ئەگەر لێرە بمێنێتەوە، من پێموایە تەئکیدێکی یاسایی و قوەتێکی قانونی زیاتری دەدەینێ بە ئیمکانی هەر شەخصێك بێت ئینابەی مونەزەمەو شەبەکە بکات، بە تەئکید جەنابت تەوزیحێکتدا، هەموو شەبەکەیەك، هەموو مونەزەمەیەك لە نیزامی داخیلی کە دادەنرێت، نیزامی داخیلی موکەمیلی ئەو یاسایەیە کە بۆ ئەو ڕێکخراوە دانراوە، نیزامی داخلی جیاواز نییە، لە نیزامە داخیلیەکە عادەتەن هەر ڕێکخراوێك بێت بە کۆبوونەوە دادەنرێت، لە کۆبوونەوەکە ئەندامان حازر دەبن، لەوێدا ئیتیفاقی لەسەر دەکرێت، کێ دەبێتە مەسئوولی یەکەم؟ کێ هەیئەی ئیدارە دروست دەکات لەم ڕێکخراوە؟ ئەو کاتە لەوێ تەحدید دەکرێت کێ ئینابەی ئەم مونەزەمەیە بکات؟ یەعنی جائیزە محامیەك لە دەرەوەی ڕێکخراوەکە دێت وەکالەتێکی عامی بۆ دەکرێت، لەم وەکالەتە عامە حەقی هەموو ئیقرارو قەبزو بەیع و سەرف و حزورو هەرچی حقوقێکی یاسایی هەیە دەیدرێتێ، تەمسیلی ئەو ڕێکخراوە، یان ئەو شەبەکەیە دەکات لەبەردەم هەموو دەوائیر، کە وەکالەتی عامەی پێ بوو هەموو تەمسیلێك دەکات، هەندێ جاریش جائیزە هەر مودیری ڕێکخراوەکە، یان مەسئوولی موباشیر خۆی تەمسیل دەکات، بەڵام جائیزیشە خۆشی کەلعادە ئەو حەقانەی خۆی بداتە محامیەك، یان یەکێکی تری

**یاسایی هەڵبستێت بەو کارانە، بەڵام ئەمە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ کوێ؟ دەگەڕێتەوە بۆ نیزامی داخیلیەکە لە مونەزەمەکە، یەعنی دانانی ئەو کەسە بەخۆڕایی دانانرێت، ئەو کەسە لەنیزامی داخیلیەکە تەحدید دەکرێت، نیزامی داخیلیش بەشێکی تەواوکەرە لە یاسای ئەو رێکخراوە، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەمە رەئی ئێمەیە، ئەم ماددەیە بەصیغەیەکی یاسایی باش هاتووە، دەکرێت لەناو نیزامی داخیلیەکەدا بێت، لێرە لا ببرێت، دەکرێت بمێنێتەوە بۆ تەقویە کردنی ماددەکەو، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاک عومەر نورەدینی.**

**بەڕێز عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەڕاستیدا پێشنیاری ئەوە کرا ئەو ماددەیە هەر نەمێنێت، بەڕێزان، ئەگەر ئەو ماددەیە لێرە بمێنێت هەموو ئەو مونەزەمانە مولزەم دەبن بەوەی کە لەناو نیزام داخیلیدا باسی ئەوە بکەن کە چۆن نوێنەرایەتی دەکەن، بەس ئەگەر نەبێت، لەوانەیە باس نەکەن، بۆیە پێویستە بمێنێتەوە، بەڵام بەو شێوەیەی برای بەڕێزم کاک عومەر باسی کرد، دەکرێت صیاغە بکرێتەوە، دەنا مانەوەی گرنگەو پێویستە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، فەرموو کاک دانا.**

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**راستیەکەی پێموایە زۆر خیلافمان نییە لەسەر یاساکە، ئەو پێشنیارانەی لەبەر دەستی منەو هاتووە، هەر ئیشارە بە هەندێکیان بدەم، ئەوەی بەڕێز کاک عبدالسلام بەڕاستی تەئکید لەوە دەکاتەوە کە لە پەیڕەوی ناوخۆ دیاری بکرێت، پێشی وایە تەئکید کردنەوەیە ئەگەر لێرە هەبێت.**

**کاک جەلال تەنیا وشەی موئەهەلی بۆ زیاد کردووە، پێموایە ئەوەش هەر بەخۆی ئەو کەسە دەبێت موئەهەل بێت، یەعنی پێشتر لە پەیڕەوی ناوخۆکەدا هەیە.**

**کاک ئاسۆ، مودیری بۆ زیاد کردووە، پێموایە دەبێت ئازادی زیاتر بە رێکخراوەکە بدەین، بۆ ئەوەی خۆیان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ مەرج نییە هەر مودیر بێت، بۆ خۆیان ئەوانە دیاریان کردووە.**

**هەروەها کاک عیماد تەنیا ئیزافەی ئەوەی کردووە، کە دەڵێت هەر کەسێك بێت، بەڵام مونەزەمە، یان شەبەکە بۆ خۆی تەخویلی بکات، پێموایە مەفهومی ئەوەکەش لەوە هاتووە بۆ خۆی هەمان شتە، جا بۆیە ئێمە پێمان باشە بەڕاستی ئەو ماددەیە بمێنییێت، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی ئەوە لە ژێر بابی مەبادیئ عامەیە، بنەما گشتیەکانە، بەڕاستی ئەوە بمێنێت وەك کاک عومەریش ئیشارەتی پێدا، یەعنی تەئکید**

کردنەوەیە، تۆ ڕێکخراوەکان مولزەم دەکەیت بەوەی لە پەیڕەوی ناوخۆدا ئەو نوێنەرە، یاخود شێوازی میکانیزمی دیاری کردنی ئەو نوێنەرە دیاری بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا پێشنیارێك هەبوو، کە نەمێنێت، دەتانەوێت پێشنیارەکەتان سەحب بکەن، یان بخرێتە دەنگدانەوە؟ پێشنیارێك هەبوو کە ئەو بڕگەیە لەوێ هەڵبستێت، برادەران روونیان کردەوە، کە گرنگە بمێنێت، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە نەمێنێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ هەر سێ کەسەکە بوون، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ بمێنێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کراو وەکو خۆی مایەوە، ئێستا صیاغەکەی بخوێننەوە بەکوردی و بە عەرەبی، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

بامكان اي شخص ان ينوب عن المنظمة او الشبكة امام المحاكم والجهات الرسمية وغير الرسمية حسب النظام الداخلي للمنظمة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەش کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

هەر کەسێك بۆی هەیە ببێتە نوێنەری ڕێکخراو، یان تۆڕ لەبەردەم دادگاکان و لایەنانی فەرمی و نافەرمی بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەیەکی نیزامی هەیە، کەرەم بکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زۆر یاسامان دەرکردووە لەو پەرلەمانە بەنیسبەت مونەزەمات، عادەتەن رەئیسی مونەزەمە تەمسیلی شەخصیەتی مەعنەوی ئەو مونەزەمەیە دەکات، چ لە رووی ئیداری، چ لە رووی مالی، چ لە رووی ئامادە بوونی لە بۆنەکاندا، ئەمە وەکو مەبدەئێکی عام، بۆیە من پێموایە تەنها یەك تەعدیلم هەیە، یەکەم/ ئەو مافە بدرێت بە رەئیسی مونەزەمەکە، مونەزەمەکە دوایێ (او من ينوب عنه وفق الاحكام الواردة في النظام الداخلي)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، روون بوو، ئێستا گوێتان لێ بوو، ئەوەی پێی موناسیبە دەنگی پێ بدات، ئەوەی پێی موناسیب نییە دەنگی پێ نەدات، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە بەو شێوەیەی بە کوردی و عەرەبی خوێندرایەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (41) بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (9) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین تا سبەی سەعات (11)ی بەیانی بەخواتان دەسپێرین، خودا حافیز.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بايز اسماعيل** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 5\4\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/4/5

**کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/4/5 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (3)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/4/5 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای کاری ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**2-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای گرنگیدان بە گەنجان لە هەرێمی کوردستان.**

**3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای پڕۆژە بچووکەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**4-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای سندوقی پاڵپشتی گەنجان لە هەرێمی کوردستان.**

**5-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای پشتگیری دارایی بۆ حیزب و قەوارە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**6-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای دەستەی نەزاهەی گشتی لە هەرێمی کوردستان.**

**7-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای قەدەغی کردنی ڕێکخستنە حیزبیەکان لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی گشتیدا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (3) ڕۆژی دانیشتن 2011/4/5.**

**بەرنامەی کار:**

**1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای کاری ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**2-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای گرنگیدان بە گەنجان لە هەرێمی کوردستان.**

**3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای پڕۆژە بچووکەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**4-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای سندوقی پاڵپشتی گەنجان لە هەرێمی کوردستان.**

5-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای پشتگیری دارایی بۆ حیزب و قەوارە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان.

6-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای دەستەی نەزاهەی گشتی لە هەرێمی کوردستان.

7-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای قەدەغی کردنی ڕێکخستنە حیزبیەکان لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی گشتیدا.

بەڕێزان لە هەفتەی داهاتوو، دوو دانیشتنی نائاسایی ئەنجام دەدەین، ڕۆژی یەك شەممە بۆ هاتنی ڕێزدار وەزیری پێشمەرگە کاك (شێخ جعفر)، ڕۆژی چوار شەمیش لە هەفتەی داهاتوو ڕێزدار (کریم سنجاری) وەزیری ناوخۆ، هەردوو دانیشتنەکە بە پێی ئەو بەرنامانەی کە لەم پەرلەمانە بڕیارتان لەسەری دابوو، بۆ بەدواداچوون بە دەنگی هاووڵاتیانی خۆپیشاندەر بۆ ئەو کارەیە، ئێستاش داوا لە لیژنەی ناوخۆ، یاسایی، کۆمەڵگای مەدەنی، دەکەین کەرەمکەن بۆ شوێنەکانتان، ئێستاش بۆ خاڵی یەکی بەرنامەی کار، بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای کاری ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان، کەرەمکەن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**العضوية في المنظمات**

المادة السادسة:

تحدد شروط العضوية و شروط العمر وحق التصويت والترشح واالشروط الاخرى في النظام الداخلي.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیش کەرەمکەن.

**بەڕێز دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی سێیەم**

**ئەندامیەتی لە ڕێکخراوەکاندا**

ماددەی شەشەم:

مەرجەکانی ئەندامیەتی و مەرجەکانی تەمەن و مافی دەنگدان و خۆ پاڵاوتن و مەرجەکانی دیکەش لە پەیڕەوی ناوخۆدا دیاری دەکرێن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ ئەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات، ناوتان ئەنووسین، یشار نجم الدین، ئاسۆ، بێریڤان سەرهەنگ، شڤان احمد، عبدالسلام بەرواری، دلێر مەحمود، شەونم محمد، ئێستاش ئەم بەڕێزانە ئەیانەوێت قسە بکەن، کەرەمکە کاك یشار.

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی شەشەم لە کۆتایی بڕگەکەدا پێشنیار دەکەم ئەوە زیاد بکرێت، بە مەرجێك ناکۆك نەبێت لەگەڵ یاسا گشتییەکان و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە دەرئەنجام خۆیان، بەپێرەوە ناوخۆیەکە دەنووسن، کە بۆیان نەبێت بە هەموو شتێك و بە هەموو شێوازێك شتی داخل بکەن، دەبێ لەگەڵ یاسا گشتیەکان و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان ناکۆك نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کاك ئاسۆ کەرەمکە.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نووسراوە (تحدد شروط العضوية و شروط العمر وحق التصويت والترشح والشروط الاخرى في النظام الداخلي)، بە بڕوای من (شروط العمر)بەڕاستی لێرەدا زیادە، یەعنی لە(شروط العضوية) دا باس لە مەرجەکانی ئەندامێتی لەو ڕێکخراوەدا دەکرێت، کە ڕەنگە لەوان باس لە تەمەن بکرێت، هەروەها (والشروط الاخرى) چییە؟، بەڕاستی، یەعنی ئەلێرەدا چیتر دەگرێتەوە؟، چونکە لە سەرەوەدا نووسراوە(العضوية في المنظمات)، شروتەکانی تر چین بەڕاستی؟، بۆیە ئەوە بە بڕوای من پێویستە هەڵبگیرێ، پێویست ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان کەرەمکە.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی شەشەمدا نووسراوە، مەرجەکانی ئەندامێتی و مەرجەکانی تەمەن، پێش هەموو شتێك دەڵێم تەمەن یەك مەرجی هەیە، لە یاسا، ئەویش سەرەوەی 18 ساڵیە، تەمەن چەندین مەرجی نیە، کە بڵێین مەرجەکانی تەمەن، بۆیە حەز دەکەم بزانم لێرەدا مەبەست چیە لە مەرجەکانی تەمەن، دوایش کە ئێمە دەڵێین مەرجەکانی ئەندامێتی، واتە مەرجی تەمەنی تێدا هەیە، مانای تێیدایە، دەبێت سەرەوەی 18 ساڵی بێت، چونکە یەکێك لە بنەماکای مەرجەکانی ئەندامێتی ئەوەیە، کە تەمەنی سەرەوەی 18 ساڵ بێت، چونکە شیاوی یاسایشی تێدایە، بۆیە من دەڵێم مەرجەکانی تەمەن، لێرە بسڕێتەوە، تەنها مەرجەکانی ئەندامێتی تێدابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار كاك شڤان كەرەمكە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر عنوانی فەسلەكە، مـن پـێم باشـە، لـە عنـوانی فەسـلەكە مونـاقیزە، بـەو تەفسیلەی كـە لـە ماددەكـەدا هاتووە، عنوانی فەسـلەكە(العضـوية في المنظمـات)( والحـق التصـويت والترشـح) ئیزافـە بكرێـت، ئـەو عنوانـە جارێ پێش هەموو شتێك، مەسەلەی شروتی عمر، هەقیقەتەن جائیز نیە لێرەدا باس بكـرێتن، ئـەم مـاددە بەم شـێوەیە تەحدیـد بكـرێتن كـە ئێسـتا نووسـی كـاك فرسـەت، (تحـدد شـروط العضـوية والحـق التصـويت والترشح في النظام الداخلی لكل منظمة بحسب طبيعة عملها).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عبدالسلام بەرواری كەرەمكە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەگەر تەماشـای پرۆژەكـە هـەمووی بكـەم، لـە مـاددەی 11، یـەكێك لـە مەرجـەكانی یـان داواكاریـەكانی تەسجیل كردنی رێكخراوەكە، نیزامی داخلی مونەزەمە پێشكەش بكرێت، وەباشی كردووە ئـەوەی ئـەم ڕەش نووسەی نووسیوە، زۆر تەداخلی نەكردووە لە تەفاسـلی نیـزام داخلـی، كـو ئـازادی بێـتە مونـەزەمات، بـەڵام ئەگەر تەماشای ثالثا بكەین، (وتوضح شروط المنظمة) یە، واتە ئەمە یاسا دانەر، مەرجێكی ئەساسـی دانـاوە لە ناو پەیڕەوی ناوخۆ، یەكێك لەو شروتانەی كە دەبێت هەبێت، شروتی ئەندامێتیـە، بۆیـە ئەمـە هـاتووە، بۆیە من دەبینم ئەو ماددەیە ئەسلەن زیادە، چونكو هیچ شتێكی زیادی تێدانیە، غەیری ئەوەی كـە دەبێـت لە مەوقعی خۆی بێت، بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەم ماددەیە هەڵبگیرێت، چونكو هەدەفەكە تـەحقیق بـووە لە ماددەكـەی تـر، دووەم، ئـەم (الفصـل الثالث العضـوية في المنظمـات) ئەوكاتـە قیمـەتی نامێنێـت، مـاددەی حەوتەم، داخلی مەبادئ عامەیە، لەپاش ماددەی خامسەن، ئەو دەبێتـە مـاددەی سادسـەن، لـە زمنـی فەسـلی مەبادئ عامە، تەسەور دەكەم بەم شێوەیە قانونەكە رێك و پێكتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار كاك دلێر كەرەمكە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له ماددەی شەش هاتووە ئەڵێت، مەرجەکانی ئەندامێتی، مەرجەکانی تەمەن و مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتن و مەرجەکانی تریش لە پەیڕەوی ناوخۆدا دیاری دەکرێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا مەرجەکانی ئەندامێتی و، مافی ئەندامێتی تێکەڵ کراوە لەم ماددەیە، لەبەر ئەوە بە قەناعەتی من یان لە دواوە هاتووە هەڵبگیرێت، یاخود ئەمەیە ئەوە بکرێت بە دوو بڕگە، چونکە ئەمە تاوەکو ڕادەیەك مافی ئەندامێتی تیایدا گشتگیرە، من پێم باشە چاك بکرێت بە دوو مادده، یاخود بە دوو بڕگە بەم شێوەیەی خوارەوە:

مەرجەکانی ئەندامێتی: بریتی یە لە تەمەن و شەهادەو پیشە و شوێنی نیشتەجێ بوون و ئابوونە، وەبەشداری کۆبوونەوەکان، هەروەها مەرجەکانی تریش کەلە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتوون و، بەپێی بەرنامەو بەرنامەی ڕێکخراوەکە، بە مەرجێك لە پسپۆڕی ئامانج و ئەرکی ڕێکخراوەکە دەرنەچێت.

بڕگەی دووەم: مافی ئەندامان بریتی یە لە مافی دەنگدان و خۆ کاندید کردن و بەشداری کردن لە گفتوگۆ و پێشنیاز کردندا ...هتد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابت ڕەئیت لەگەڵ ئەوەش بوو کە لا بچێت، یەعنی پشتگیری لەوەش دەکەی؟.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لەو فەسلە هاتووە، پێمباشە یان لابچێت، یان ئەگەر بکرێت، بیکەینە دوو بەش، مەرجی ئەندامێتی و مافی ئەندامێتی تێکەڵ کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شەونم خان کەرەمکە.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بڕگەیە هەروەك برادەرەکانم لە پێشتریش باسیان کرد، منیش هەمان ڕەئیم هەیە، تەسەوری من وایە ئەو مادده زیادە لێرەدا بێت، وە پێویستە لەگەڵ بڕگەکانی داهاتوو تێکەڵ بکرێت، چونکە هەمان ئەو خاڵانەی لێرەدا هەیە، لە بڕگەکانی داهاتووش تکرار بکرێتەوە، بەتایبەتی لەنیزامی داخلیەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، لیژنەی یاسایی، مافی مرۆڤ کەرەمکەن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لە ئەساس فەسلی سیٚ، ( العضوية في المنظمات)، ئێمە پێمان وایە وەکو لیژنەی یاسایی، بکرێتە ( العضوية في المنظمة)، چونکە لە یاسا شت بە جەمع نایەت، ( العضوية في المنظمة) ڕاست تر دەبێت، بەلاَم مەسەلەی هەلگرتنی ئەم ماددەیە، یان هەلّنەگرتنی، پێموایە تەرکی دەکەین بۆ لیژنەی کاروباری ڕێکخراوە مەدەنیەکان، با ئەوان خۆیان ئەگەر پێیان باش بوو، لە نیزامە داخلیەکەیەوە شەرتی عمر و تەسویت و ئینتیخاباتیان و عزویەت و ئەمانە لەویٚ باس بکەن، من ئەمە بۆ ئەوان تەرکی دەکەم، بەلاَم عمومەن ئەو ماددەیەی کە لێرەدا هاتووە، باس لە شروتی عمر و تەسویت دەکات، ناحیەی یاساییەکەی من پێموایە شەرتی عمر شەرتێکی گرنگە لە مونەزەمات، چونکە بەگوێرەی یاسای عیراقی ئەگەر یەکێك 18 سالّ نەبێت، هەقی ئەدائی و واجب و ئەمانەی نابێت، ئەبیٚ وەسی و وەلی بەسەرەوە جێبەجیٚ بکرێت، ئەگەر لە خوار 18 سالّ بێت، وە شروتی ئوخرا، کە هەندێك لە بەعزیٚ برادەران باسیان کرد، شورتی ئوخرا یەعنی چی؟، شورتی ئوخرا لێرەدا بەو نەهجە هاتووە، کەنووسراوە شمولی ئەوە دەکات کە باس لە شەهادە بێت، ئیختیساس بێت، کەفائەبێت، کە موئەهەل بێت بۆ ئەو شتانە، بەلاَم ئەوە من بە نیسبەتی مانەوە یان نەمانەوە وەکو لیژنەی یاسایی، تەرکی دەکەم بۆ لیژنەی موختەس خۆیان، بزانین رەئیان چۆن دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزامی کاك سالار کەرەمکە:

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەوەی کە موتەعەلیقە بە پەیڕەوی ناوخۆ، من ڕام وایە کە ئەمە لێرە لێبگەڕێین بۆ ڕێکخراوەکان خۆیان، لە تەفاسیلی ئەو وەزعە کە پەیوەستە بە ئەرك و مافی کاری ڕێکخراوەیی، بیٚ بەش کردن لە ئەندامێتی دێتە پێشەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

توخوا کاك سالار ئەوە نیزامی بوو، رەجائەن، دانیشە، لیژنە بەردەوام بن.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە کاك یەشار باسی کرد، مەسەلەی داب و نەریت ئەوەشی بۆ ئیزافە بکرێت، بە بڕوای ئێمە ئەوە پێویست ناکات، لەبەر ئەوەی هەر شتێك بابلّێین تایبەتمەندی خۆی هەیە، یەعنی ناکرێت ئێمە لێرەوە سنوورداریان بکەین، ئەوانە شروتیشیان لەسەر هەیە، کاتێك کە پەیڕەوی ناوخۆیان دیاری دەکات، خالّێکی تێدایە دەلّێت، نابیٚ لەگەلّ دەستوور، لەگەلّ پەیماننامە کۆمەلاّیەتیەکان، لەگەلّ مافی مرۆڤ و ئەو شتانە ناکۆك بێت، ئەدی ئەوە بەخۆی پێشتر جێگای کراوەتەوە، سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەو ماددەیە لابچێت، یاخود بمێنێتەوە، یاخود بابلّێین ئیزافە بکرێت، وەکو ئەوەی لە ماددەی شەشەم لە بڕگەی 3

هاتووه، ئەوەی کاك عبدالسلام وکاك دلێرو هەندێك لە هاوکارانی تر باسیان کرد، بە باوەڕی من ئەمە کێشەیەکمان لەسەری نیە، یەعنی دەکرێت لەوێ هەڵبگیرێت، بەڵام دەبێت لە بڕگەی 3 ی ماددەی 6 دا بە باشتر ئیشارەتی پێ بکرێت، ئێمە هیچ لاریمان نیە، ڕاش، ڕای ئەندامانی پەرلەمانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر کەرەمکە.

**بەڕێز عمر حمدامین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە هیتر مەسەلەن، مەرجی تر، لەوانەیە ئاماژەی پێ نەدرابێت لێرە، لەوانەیە یەکێك لە مەرجەکان ئەوەیە مەحکوم نەدرابێت بە تاوانی موخل بالشرف، بەڵام لێرەدا باس ناکرێت، بەڵام لەوانەیە لە پەیڕەوی ناوخۆدا باس بکرێت، واتا مەجال هەیە کە دەڵێت هیتر، کەواتە مەرجی تر هەیە کە لێرەدا باس نەکراوە، سەبارەت بە مەرجی تەمەن، ئایا بەشێوەی تاك بێت یا بەشێوەی کۆ مەرجەکانی تەمەن؟، بەڕەئی ئێمە بەو شێوەیە دروستە کە لە ماددەکەدا هاتووە مەرجەکانی تەمەن، لەوانەیە دام و دەزگایەکی ناحکومی دروست ببێت، تایبەت مەسەلەن بە پیران، تایبەت بە گەنجان، کەواتە لەوێدا مەرجی مەسەلەن تەمەن هەیە، لەوەندە زیاتر نەبێت، لەوەندەش کەمتر نەبێت، لەوانەیە هەریەك مەرج نەبێت، چەند مەرجێکی تەمەن بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك فرسەت موداخەلەی هەیە، کەرەمکە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من مانی ئەو ماددەیە باشترە لە نەمانی، چونکو مانەکەی هیچ زەرەرێکی تێدانیە، بەس نەمانی ئیحتیمالاتی زەرەری تێدایە، سێ شتی سەرەکی تێدایە، شەرتی عمر، مافی دەنگدان، وە تەرشیح، ئیحتیمال هەیە ئەگەر ئیلتیزامی تێدانەبێت بۆ مونەزەمە، لە نەزانین یان لە سەبەبێکی تر ئیخفالی ئەو حالەتانە بکەن، ئێ باشە ئیخفالی بکەتن، ئەوە خەلەلەك دەخاتە ئیشی مونەزەمە، لەبەر ئەوە من بەخۆم لەگەڵ ئەوەمە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئاخیر سیاغەی ماددەکە بخوێننەوە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، هەرچەندە داوای لێبوردن دەکەین، سێ بەڕێز داوایان کرد لابچێت، ئەگەر سەحبی داخوازیەکەیان ناکەن ئەیخەینە دەنگدانەوە، بەڕێزان ئێستا چەند ئەندامی پەرلەمان داوایان کرد کە ئەو ماددەیە هەڵبگیرێت، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو ماددەیە هەڵبگیرێت، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 4 بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە

**هەڵبگیرێت، سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە بمێتەوە، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس،بە زۆرینەی دەنگ مایەوە، ئێستا سیاغەکەی بخوێننەوە بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدان، بە کوردی، عەرەبی.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**العضوية في المنظمات**

**المادة السادسة:**

**تحدد شروط العضوية و العمر وحق التصويت والترشح واالشروط الاخرى في النظام الداخلي**

**بەڕێز د.دانا سعيد سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی سێیەم**

**ئەندامیەتی لە رێکخراوەکاندا**

**ماددەی شەشەم:**

**مەرجەکانی ئەندامیەتی و تەمەن و مافی دەنگدان و خۆ پاڵاوتن و مەرجەکانی دیکەش لە پەیڕەوی ناوخۆدا دیاری دەکرێن.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، 68 رێزدار لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 4 بەڕێز لەگەڵدانیە، سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، تکایە بۆ ماددەکەی تر کەرەمکە.**

**بەڕێز د.دانا سعيد سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی حەوتەم:**

**دەبێ خۆ بەدوور بگیرێت لە بەشداری کردنی ئەندامان و کارمەندان لە دەرکردنی ئەو بڕیارانەی دەبنە مایەی ناکۆکی لە نێوان بەرژەوەندیی کەسی یان وەزیفیی ئەوان یان بەرژەوەندیی رێکخراوەکە.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة السابعة:**

**يجب تجنب مشاركة الاعضاء والعاملين في اصدار قرارات من شأنها ان تؤدى الى التعارض بين مصالحهم الشخصية او الوظيفية او مصلحة المنظمة.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ ئێستا ئەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات، ناوی دەنووسین، گەشە دارا، ناوت بڵێ کاك فاضل بەشارەتی، سالار محمود، سەردار رشید، جمال طاهر، شڤان احمد، ئاسۆ کریم، بێریڤان سەرهەنگ، تارا ئەسعەدی، خورشید احمد، احمد وەرتی، هاژە سلێمان، ئەڤین عمر، سۆزان شەهاب، سوپاس، کەسی تر ماوە، گەشە خان کەرەمکە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەم ماددەیە بمێنێت، بەڵام لەکاتێکدا ئەگەر کەسێك بە پێچەوانەی ئەم یاسایەوە کاری کرد، یاخود بڵێین لە بەرژەوەندی خۆی بڕیاریدا، ئیجرائاتی تیا نیە، ئەگەر ئیجرائاتی تیا نەبێت غایەکە تەحقیق نابێت، لەبەر ئەوە پێم باشە بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێت، بە ماددەیەکی جیاواز، کە بە پێی یاسا بەرکارەکان و پەیڕەوی ناوخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ئەو کەسە، کە پێچەوانەی ئەوە کار دەکات، پێچەوانەی ئەم یاسایە کاردەکات، لەبەرژەوەندی خۆی بڕیار دەربکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر پێشنیارەکەت بنووسی بۆیان بنێری، کاك فاضل بەشارەتی کەرەمکە.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی 7 دا وا هاتووە کە دەڵێت، دەبێ ئەو ئەندامە خۆی بەدوور بگرێت لە بەشداری کردنی ئەندامان وکارمەندان، لە دەرکردنی ئەو بڕیارانەی کە دەبنە ناکۆکی لە نێوان بەرژەوەندی کەسی یان، بە هەقیقەت بڕیاردانەکان دەبێت بەمەبەستی بەرژەوەندی گشتی، یان بەرژەوەندی پاراستن بێت کە ڕێکخراوەکە تیایدا، واتە نابێت بڕیارەکانی ڕێکخراو لەسەر بنەمای کەس و میزاجی تایبەتی بێت، بۆ ئەوەی لەکارنامەکەی خۆی دوور نەکەوێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار سالار محمود کەرەمکە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا من تەسەوڕم وایە کە ئەم ماددەیە زیادەیە، ئەگەر بێت و شتێك تەفسیل تر لە ماددەی هەشتەمدا، لە بڕگەی ئامانج و مافدا دەوڵەمەندتر بکرێت، چونکە لە ماددەی هەشتەمدا کە دەوترێ ڕێکخراوەکە هەوڵ دەدات بۆ بەجێ گەیاندنی ئامانجەکانی، بەو جۆرەی لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ بگونجێت، کە وتت بنەماکانی دیموکراسی، ڕاستەوخۆ یەکسانە بەوەی کە خۆی بە دوور بگرێت لەو مەسەلانەی کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی کەسی یان وەزیفیەوە هەیە، دواجاریش لە ماددەی 24 ی

یاساكەدا دەڵێت، كار بە هیچ بڕیارێك یان كارێك ناكرێت كە دژ بێت بـە حوكمـەكانی ئـەم یاسـایە، پێموایـە ئەمە جۆرێكە لەوەی كـە وا ئێمـە هـەوڵ دەدەیـن، لـەوەی كـە ڕاكێشـانێكی تێـدا دەبیـنین، بۆیـە بـۆ پوختـە كردنەوەی مەبەستەكە، ئەكرێت لە ماددەی 8 ئەوە دەوڵەمەندتر بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سەردار رشید كەرەمكە.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆ بەدوور بگیرێت لە بەشداری ڕای ئەندامان، كێ خۆی بەدوور بگرێـت لـە ڕای بەشـداری ئەنـدامان؟، ئایـا ڕێكخراوەكە یان سەركردایەتی ئەو ڕێكخراوە؟، ئەگەر وایە، ئـەی ئـازادی ڕا دەربڕینـی ئەنـدامان ئەكەوێتـە كوێوە؟، من پێموایە ئەم ماددەیە زیادە، هەقە پەیڕەوی ناوخۆ تەحدیدی ئەركەكان و ئەركەكانی ئەنـدامان و، ڕای سەربەخۆی ئەندامان بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

شڤان احمد كەرەمكە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەو ماددە بە زەروری دەزانم كە هەبێت، بە عەكسی ڕەفیقەكانی خۆم، بەس مـن پـێم باشـە و پێشـنیار دەكەم بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، یەعنی ئەو تێكەڵیەی كە لێرە دروسـت كـراوە، هەنـدێك غمـوزە، یتجنـب الاعضاء العاملون في المنظمات غير حكومية المشاركة في اصدافها تتعلق بمصلحة المنظمة من شأنها ان تـؤدی الی التعارض بين مصالحهم الشخصية والوطنية، پێشنیارەكەم نووسیوە ئەگەر استفادەی لێ بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار ئاسۆ كریم كەرەمكە.

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەكەم بڕگەیەكی تر، بۆ ئەو ماددەیە ئیزافە بكرێت، بەو مانایەی ئەوەی هەیە، بكرێـت بـە (أ) و ئـەوەی مـن پێشـنیاز دەكـەم بكرێـت بـە (ب)، بـەو شـێوەیە بێـت، ئـەویش سـتافی بەڕێوەبـەری ڕێكخـراو فەرمانبەری حكومەت نەبن، ئەمەش لەبەر یەك هۆ، هـەروەكو ئـەوەی دوێنـێ گوێمـان لێـی بـوو، زیـاتر لـە 1300 ڕێكخراوی ناحكومی هەیە، ڕەنگـە ئـیتریش دابمـەزرێت، ئەوانـەی سـتافی بەڕێوەبـەرن لـە سـتافەكە ئیش دەكەن، پێویستە فەرمانبەری حكومەت نەبن، بۆ ئەوەی هاوكار بێت بـۆ كەمكردنـەوەی بـێ كـاری لـە كوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بێرڤان خان كەرەمكە.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ئەو پێشنیارەی كاك ئاسۆ دەكەم، بەلاَم بە شێوەیەكی تر، ئەو ستافانەی كە لە ڕێكخراوەكە ئیش دەكەن، ئەگەر فەرمانبەر نەبن لە حكومەت، واتە هەلی كار زیاتر دەبێ بۆ ئەوانەی بێ كارن، بەلاَم ئەگەر هاتو ئەوانەش دوا ڕۆژیان دابین بكرێت، یاسای خانەنشینی بیان گرێتەوە، نەوەك لەوێ فەرمانبەرن و دوایش لەدوا ڕۆژ خانەنشین نەبن، بۆیە ئەوەش پێویستە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی فەسڵی چوارەم، ماددەی هەشتەم، كە گرنگترین فەقەرە دادەنرێت لەناو قانونەكە، چونكە هەدەفی پیشان دەدات، هەدەفی ڕاستەقینەی مونەزەمەی غیری حكومی بۆچی دادەنرێت؟، كە خۆی ئەو پردەیە لەنێوان حكومەت و لە نێوان كۆمەلگا، پیشاندانی ئەو كارە ڕێك و پێكانەیە كە بۆ هاوكاری حكومەت دادەنرێت، ئەو كارانەی كە ئەوان ناتوانن، دەتوانێت ئەو تەحقیقی بكات لە ناو مونەزەمەكەی كە كاری تێدا دەكات، لەبەر ئەوە من هەر شتێك زیاد دەكەم بۆ تەعریفەكە یان بۆ هەدەفەكەی كەهاتووە، لە كۆتایی ئەوەی كە دەڵێت(والاتفاقیات الدولیة الخاصة بحقوق الانسان و أن تكون واضحة وعلنیة، علماً بان المنظمات هي الملجأ الوحید في تنفیذ المشاریع الانسانیة وفي مواجهة عجز الدول وشلل اجهزتها وتزاید دورها على المستوى الاقلیمی والدولی)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جمال كەرەمكە.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بێین سەیری ئەو ماددەیە بكەین، تەنها موشارەكە لە قۆناغێك قەدەغە كراوە، كە پێیان دەڵێن ( اصدار القرارات)، (اصدار القرارات) تەقریبەن ئاخیر مەرحەلەیە، بۆیە من پێشنیار دەكەم، دووبارە دابڕێژرێتەوە، وەلێرە موشارەكەو ئیشتیراكە، موشارەكە شتێكە عادیە، تەوعیە دەتوانێت خۆی، بەلاَم ئیشتیراك فعلی فاعلێكە من ناهێڵم جەنابت ئیشتیراك بكەی، بەلاَم بەشداری كردن و موشارەكە شتێكی ترە، بۆیە من پێشنیار دەكەم، ئەم ماددە بەم شێوەیە دابڕێژرێت(یجب تجنب اشتراك اعضاء او العاملین في صناعة واتخاذ واصدار القرارات)، چونكە عەمەلیەی قەرار، سیناعەیە، پرۆسسێكە لە مەجموعەی بەحسە،

موفازەلەیـە، اختیـارە،( واصـدار القـرارات التـی تـؤدی مـن شـان الی التعـارض بـین مصـالحیە الشخصـیة او الوظیفیة او مصلحة المنظمة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەشداری و موشارەکە، هەر بەشداریە، خورشید احمد کەرەمکە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەم ڤێ فەقەرێ بخوینم ب ڕاستی ژ ناحیا زمانیڤە عەرەبی، نەیا عەمەلیە، ئـەم فەقـەرە بخۆ نـەیا عەمەلیە، (یجب تجنب مشارکة الاعضاء والعـاملین في اصـدار قـرارات مـن شـأنها ان تـؤدی الی التعـارض بـین مصالحهم الشخصیة او الوظیفیـة او مصـلحة المنظمـة) ئـەوە ژ ناحیـا زمانیڤـە، ئەڤـە بخـۆ یـا درسـت نینـە، پێشنیار ئەوە ئەم کو تشتەکی ڕوون و ئاشکرا ئەم ل ڤێرە، ب رەئیامن دبـی ڤـێ ڕەنگـی بیـت، (یجب تجنـب مشارکة الاعضاء والعاملین في المنظمة من تسخیر المنظمة توجیهها بشکل یخدم مصالحهم مـن الشخصـیة او الوظیفیة)، ڤێـرە یـەعنی تشـتەکە دێ دیـار بیـت، چـونکو چ ئیشکال تێـدا نامینێـت، (یجب تجنـب مشـارکة الاعضاء والعاملین في المنظمة من تسخیر المنظمة و توجیهها بشکل یخدم مصالحهم الشخصـیة او الوظیفیـة)، کورتەو دیارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.احمد وەرتی کەرەمکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تێبینیم هەیە لەسەر داڕشتنی ماددەکە، منیش وای بە باش دەزانم کـە بـەو شـێوەیە دابڕێژرێتـەوە، عەرەبیەکەی (یجب تجنب الاعضاء والعاملین في المنظمة في المشارکة في اصدار قرارات مـن شـانها ان تـؤدی الی التعارض بین مصالحهم الشخصیة او الوظیفیة او مصـلحة المنظمـة)، بـە کوردیەکـەی (پێویسـتە نـەوەك خـۆ بـەدوور بگیرێـت)، یـەعنی (یجـب) لـە کوردیەکـەدا دەبێتـە (پێویسـتە)، (پێویسـتە ئەنـدامان و کارمەنـدانی ڕێکخراوەکە خۆیان بە دوور بگرن لە بەشداری کردن لە دەرکردنی ئەو بڕیارانەی دەبنە مایەی نـاکۆکی لـە نێـوان بەرژەوەنـدی کەسـی یـان وەزیفـی ئـەوان یـان بەرژەوەنـدی ڕێکخراوەکـە)، واتـە لێـرەدا (مشـارکە) لـە کوردیەکەشدا زیاد دەکرێت (بە شـداری کـردن)، وە(یجـب) دەبێتـە (پێویسـتە) لـە کوردیەکـەدا، نـەوەك خـۆ بەدوور بگیرێت، پێویستە ئەندامان و کارمەندانی ڕێکخراوەکە خۆیان بە دوور بگرن لە بەشداری کـردن لـە دەرکردنی بڕیارەکان، یەعنی عەرەبیەکەی (یجب تجنب الاعضاء والعاملین في المنظمـة) ی بـۆ زیـاد بکرێـت، (في المشارکة في اصدار قرارات....... الخ)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە سلێمان کەرەمکە.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لەسەر سیاغەکە تێبینیم هەیە، بەڕاستی سیاغەی ئەو ماددەیە زۆر رەکیکەو، قوەتی قانونی تێدانیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە بەو شێوەیە سیاغە بکرێتەوە، (ئەندامان و کارمەندانی ڕێکخراو نابێت بەشداری بکەن لە دەرکردنی ئەو بڕیارانەی دەبنە مایەی ناکۆکی لە نێوان بەرژەوەندی کەسی یان وەزیفی ئەوان یان بەرژەوەندی ڕێکخراوەکە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین عمر کەرەمکە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەرەتادا باسی ئەوە دەکەم کە ئەم ماددەیە بە وجوبی هاتووە، یەعنی ئیلزامیەتی تیایە، چونکە لەسەرەتاوە هەر ئەڵێت (یجب)، کەواتە ئەبێت وابێت، بەلاَم خۆی لە ئەساس هەموو ڕێکخراوێك کە دادەمەزرێت، لەسەر ئەساسی ئەوەیە کە لە بەرژەوەندی گشتی دابێت، یاخود لە بەرژەوەندی زۆرینەی ئەندامەکان، یان ئەو توێژەی ئەو کاری لەسەر ئەکات، بۆیە کە کاتێك باسی ئەوە دەکەین، ئەوان یان ئەو ئەعزائانە، یاخود ئەو کەسانەی کە قەرارات دەردەکەن، بەشدرای نەکەن، ئەوە لێرەدا خۆی تناقضە لەگەڵ مەبادئی ئەساسی خۆیان، بۆیە بە ڕەئی من ئەگەر بێتو باسی ئەوە بکرێت ئەعزائەکان و، عاملینەکان بەشداری نەکەن لە قەراراتەکان، بەڵکو مونەزەمەکە بە هەموویەوە، هیچ قەرارێك وەرنەگرێت کە لە بەرژەوەندی گشتی دانیە لەگەڵ ئەهدافەکانی ئەودا ڕێك ناکەوێت، بۆیە بە ڕەئی من ئەبێت لەسەر ئەساسی بەشداری نەکردنی ڕێکخراوەکە بەگشتی، یاخود مونەزەمەکە بێت، نەوەك تەنها ئەندامەکان و عاملین، ئەسلەن کە خۆی تەوعی کردووە، کە کار دەکات یاخود بوو بە ئەندام لەو ڕێکخراوە بۆ ئەوەیە کەوا بەرژەوەندی خۆی بەلاوە بنێت و، بەرژەوەندی گشتی بەرپا بکات، بۆیە من ئەوە ئەبینم ئەوە تناقضی تیایە، لە مەبدەئی ئەساسی و لە هەدەف و ئامانجی ڕێکخراوەکە لەگەڵ ئەوەی کەوا ئەوان بۆی هاتوونە کاری لەسەر بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان شەهاب کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شەهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەست لە بوونی ئەم ماددەیە، ئەوەیە کە ئەو کەسانەی کەلەناو پرۆسەی دروست کردنی بڕیار لەناو ئەو مونەزەمەیەن، بڕیارێك نەدەن کە لە مەسلەحەتی شەخسی خۆیان تێکەلاَو بکەن، وە دژی مەسلەحەتی

مونەزەمەکە کاربکەن، یاخود بە پێچەوانەوە بێت، کەواتە لێرە نیەتەکە ئەوەیە، بۆیە لە ڕێکخستنەوەی ئەم ماددەیە، یەکەم، من پشتگیری ئەو تەرحە دەکەم کە کاك خورشید دای، بۆ ئەوەی کە بتوانین ئێمە، من خۆم ئێستا دەجار خوێندوومەتەوە بۆ ئەوەی تێبگەم چیە مەسەلە، چۆنیە؟، مەبدەئەکە چۆن وەردەگیرێت؟، چونکە پێچەوانەکەشی دەتواندرێت دابندرێتەوە، بۆیە من پێم باشە یان ئەوەی کاك خورشید دابندرێت، یاخود بوترێ(یجب تجنب الاعضاء والعاملین) ئەلف و لامەکە تەوکیدە دەبێت تێیدابێت (في المنظمة في اصدار قرارات تؤدی الی سوء الاستفادة من مناصبهم ولصالحهم وضد المصلحة المنظمة) بصیت، هەر ئەوەندە، بە ڕستەیەکی بەسیت بتوانین تێیان گەیەنین کەنابێت ئەو کارە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فرسەت مداخەلەی هەیە، کەرەمکە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕەئی من مەقسەدەکە دیارە، قەسدی موشەرەع لێرە زۆر زۆر دیارە، شتێکی زۆر مەنتقیە، کاك شێروان ئێستا تەنبیهی منی کرد، کو لە مەجالی قەوانینی تر بە نیسبەی موەزەفین تەقریبەن، نەسێکی موشابهیان هەیە، بەس چونکو ئەندامی مونەزەمە، شەرت نیە بە سیفەتی وەزیفی ببێتە ئەندامی مونەزەمە، لەبەر ئەوە ئەگەر بێین نەفسی مەبدەئەکە قەوانینی تر نەقلی ئێرە بکەین، شتێکی باشەو خراپ نیە، بەس رەئیەکم هەیە، سیاغەکە وای لێ بێت(لایجوز المشارکه)، لە باتی (یجب تجنب) تەقریبەن ئیشەکە بووەو ئەندامەکە هێشتینە لەسەر تەقدیری ئەو دوور نیە بە نەزەری ئیعتیبار مەسلەحەتی گشتی وەرنەگرێت و، بێت حازربێت و ئینکاری بکات، کو مەسلەحەتەکی هەیە، موعارز بێت لەگەڵ مەسلەحەتی گشتی، ئەگەر بێت و ناحیەی سیاغە بە عەرەبی بکەینە(لایجوز مشارکة الاعضاء والعاملین) هتد، مەفهومەکە وازح تر بێت و ڕوون تر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی هاوبەش کەرەمکەن.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

دوای وەرگرتنی بیرو ڕای ئەندامە بەڕێزەکان، ئێمە ئیتیفاقمان کرد کە سیاغەی ئەو ماددەیە بکەینەوەو بیکەین بە دوو بڕگە، کە جێگای هەموو بیرو ڕاو سەرنجەکان بێت، ئەگەر ئەمر بفەرموون ئێمە سیاغەیەکمان ئامادە کردووە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەتیجەی موداخەلەی ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کردیان، ئێمە پێمان وابوو لێرە نەسی ماددەکە وەکو خۆی دیارە هەموویان موتەفیقن لەسەری، ئەو ئیتیفاقەش ئێمە پێمان وایە ئەو ماددەیە ئەساسەن بمێنێت، بەڵام ئەگەر گۆڕانکاریەکی تیا بکەین، بە سیاغەیەکی تر، یاسایەکە بەهێز تر دەکات، هەدەفی مانەوەی ئەو ماددەیە لێرە، بەڕاستی زیاتر نواندنی شەفافیەتە لە ئیش و کاری ئەو مونەزەماتانە، ئێمە هەموو هەوڵێکمان ئەوەیە ئەمڕۆ، یاسایەك دەربکەین زیاتر شەفافیەتی تیا بێت، دوور بێ لەگەندەڵی و کاری خراپی و بێ یاسایی، بەڵام جەنابی کاك فرسەت موفتەرەحێکی تەقدیم کرد، وتی با(یجب تجنب) بکرێتە( لایجوز) ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی و لیژنەی هاوبەش هەرسێ لیژنەکان، موتەفقین لەسەر ئەوەی (یجب تجنب) مەتاتیەتێکی تیایە، بەڵام (لایجوز) قەتعیە و سیاغەیەکی یاساییە، کە بە قەتعەن موشارەکەی یاسا ناکرێت، لە صناعەی قەرارات و اصدار بۆ مەسلەحەتی خۆی، برادەرێکی تر باسی لەوە کرد کە وا کەلیمەی (صناعە القرارات) ی بۆ دەربکرێت، ئێمەش موتەفقین لەسەر ئەوە بکرێتە(صناعە واصدار القرارات من شأنها..... الخ)، بەڵام موفتەرەحێکی ترمان بۆ هات، ئەو موفتەرەحە داوای ئەوە دەکات، کە ئێمە پێشمان وایە وەکو یاسایی، وەکو لیژنەی هاوبەش، ئەو موفتەرەحەش شکلێکی یاسایی تایبەتی خۆی هەیە، لەو کاتەدا ئەو کەسانەی کەوا موخالەفەی ئەم بڕگەیە بکەن، بە واتا پێویستە سزایەکیش بۆ ئەو کەسانە دابندرێت، کە ئەگەر موخالەفەی ئەم بڕگەیە بکەن، بە موشارەکە کردنی قەرارات و سەناعەی قەرارات بۆ مەسالحی شەخسی خۆیان، لەبەر ئەوە ئێمە وامان بینی، ئەم ماددەیە بکەینە دوو بڕگە، بڕگەی یەکەمیان، بە شێوەیەك بێتە خوارەوە پێی بڵێین(لایجوز مشاركة الاعضاء والعاملين في صناعة واصدار قرارات من شأنها ان تؤدى الى التعارض بين مصالحهم الشخصية او الوظيفية او مصلحة المنظمة) وە فەقەرەی دووەمی، بێینە خوارەوە بڵێین (عند مخالفة العضو فيما ورد في الفقرة الاولى من هذه المادة يعاقب وفقاً الاحكام القوانين النافذة والنظام الداخلى)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دانا کەرەمکە.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەکوردیەکەش داڕشتنەکەی دەخوێنمەوە ئێستا، ئەوەی کە ئیتیفاقمان لەسەری کردووە، ماددەی حەوتەم:

یەکەم: نابێت ئەندامان و کارمەندان بەشدای بکەن لە دەرکردن و دروست کردنی ئەو بڕیارانەی دەبنە مایەی ناکۆکی لە نێوان بەرژەوەندی کەسی، یان وەزیفی ئەوان یان بەرژەوەندی ڕێکخراوەکە.

دووەم: لەکاتی سەرپێچی کردنی ئەندام لە بڕگەی یەکی سەرەوە بە پێی یاسا کار پێکراوەکان و پەیڕەوی ناوخۆ سزا دەدرێن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر کەرەمکە.

**بەڕێز عمر حمدامین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك ئاسۆ پێشنیارێکی کرد، بێریڤان خانیش تەئیدی کرد، ئەویش ئەوەیە کە دەستەی بەڕێوەبەر، یان بە شێوەیەکی تر بڵێین، ئەندامانی کارمەند لەناو ڕێکخراوەکەدا پێویستە کارمەندی حکومەت نەبن، لە ڕاستیدا ئەمە پێویستە زیاتر لەسەری بوەستین، چونکە مەسەلەیەکی جدی و گرنگە، مەسەلەن ژمێریاری ڕێکخراو، 1300 ڕێکخراو هەیە، 1300 ژمێریاری پێویستە، نموونەی زیندوو هەیە کە بەشێك لە موحاسیبی ئەو ڕێکخراوانە، بەیانیان لە دائیرەیەك دەوام دەکەن، ئێوارانیش لە مونەزەمەکە دەوام دەکەن، بۆیە بە ڕەئی من بڵێین ئەندامانی کارمەند، لەناو ڕێکخراوەکە پێویستە کارمەندی حکومەت نەبن بۆ ئەوەی هەلی کار بڕەخسێت، تەسەوڕ دەکەم یان بە شێوەیەکی تر لەسەر ئەم فکرە بوەستین، هەوڵ بدەین گونجاندنێکی یاساییانەی بۆ ئەنجام بدەین، بۆ ئەوەی لەگەڵ مەبدەئی ڕەخساندنی هەلی کار بگونجێت، کارێکی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە کاك عمر.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە بڕگەیەك زیاد بکەین بەوەی کە بڵێین فەرمانبەری حکومی بۆیان نیە لەناو ئەو ڕێکخراوانە بن، ئەمە ڕاستەوخۆ تەداخولە لە ئیش و کاری ڕێکخراوەکان، وە تەداخول کردنە لە نیزامی داخیلی ئەو ڕێکخراوانە، وە ئێمە دەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت، هەیکەلیەت، تەبیعەتی ئیش، جۆری ئیش، هی ئەو ڕێکخراوانە جیاوازن، ئەکرێت شەریحەیەکی تایبەتمەند کە مامۆستایانی زانکۆن، یان لە هەر شەریحەیەکی ترن، ڕێکخراوێکی دیارکراو دروست بکەن، بۆ بەرژەوەندیەکی تایبەت، یان لە پێناو پرسێکی تایبەت ئیش بکەن، لەوانەیە زۆرینەشیان فەرمانبەری حکومی بن، مانای ئەوە نیە، ئەوانەی فەرمانبەری حکومین هەڵگری پرس، یان قەزیەیەکی دیاریکراو نین، لەبەر ئەوە من بە پێویستی نازانم بڕگەیەکی وا دروست بکەین، ئەمە پەیوەندیدارە بە پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکان، تەبیعەتی ئیشی ڕێکخراوەکان، بۆخۆیان دەتوانن دەست نیشانی بکەن، لەناو ڕێکخراوەکانیش ئەسلەن یەکێك لەو مەبدەئانەی کە هەیە، لەسەری ڕێك کەوتووین، ئەم ڕێکخراوانە زۆرینەیان ڕێکخراوی قازانج نەویستن، واتە شوێنی ئەوە نین کە بەتاڵەی پێ نەهێڵێ، یان بێ ئیشی پێ نەهێڵێ، نەخێر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك د.ئەرسەلان موداخەلەی هەیە.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەرەو موجتەمەعێکی مەدەنی بە حیساب، ئەو ڕێکخراوانە بۆ بوونی موجتەمەعێکی مەدەنیە زیاتر، ئەم کار ئاسانیە بۆ ئەم ڕێکخراوانە ئەبێ تەقیدێکیش، کۆسپێکیش دابنێین، بۆ ئەوەی ئەحزابە سیاسیەکان نەیەنە ناو ئەو مونەزەماتانە، بۆ ئەوەی ئەحزابەکان نەیکەنە مەیدانی خۆیان، بۆ ململانێ بۆ هەندێ مەسائیلی تایبەتی، لەبەر ئەوە بوونی ئەو دوو مووچەیە، یان ئەو دوو کارکردنە لەوێ، بە ڕەئی من تەعاروز دەکات لەگەڵ ئەوە، یەعنی حوریەتی ئەوان باشتر ناپارێزێت، لەبەر ئەوە من تەئیدی کاك عمر دەکەم بەڕاستی بۆ ئەم مەسەلەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددیەی کە لێرەدا هاتووە، کە موشارەکەی ئەعزاو عاملین نەکرێت، ئەمە ئەم یاسایە کە ئێمە لێرە دەری دەکەین خاصە بەو کەسانەی کە تەئسیسی مونەزەمەکە دەکەن، بەلاَم جائیزە مونەزەمات خەڵکی تر بگرێت بەکرێ وەکو فەرمانبەر، بەلاَم ئەندامی ناو مونەزەمەکە نین، کارمەندن لەو مونەزەمانە، کارمەندی حیسابین، کۆمپیوتەرن، مودەقیقن، ئیشیان بۆ دەکەن بە کرێیەکی مانگانە بێت، هەفتانە بێت، هەرشتێ بێت، ئەوانە عیلاقەیان بەمەوە نیە، ئەمە خاصە بە دامەزرێنەری مونەزەمەکە، لەبەر ئەوە ئەو ماددەیە لە شوێنی خۆی باش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز، ئێستا بیخوێننەوە، لەگەڵ وەرگرتنی ئەو مولاحەزەیەی ئیزافەی فەقەرەی دوو بکەی، بیخوێننەوە بە کوردی، پاشانیش بە عەرەبی، کەرەمکە.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

یەك: نابێت ئەندامان و کارمەندان بەشداری بکەن لە دەرکردن و دروست کردنی ئەو بڕیارانەی دەبنە مایەی ناکۆکی لە نێوان بەرژەوەندی کەسی یان وەزیفی ئەوان یان بەرژەوەندی ڕێکخراوەکە.

دوو: لەکاتی سەرپێچی کردنی ئەندام لە بڕگەی یەکی سەرەوە بەپێی یاسا کارپێکراوەکان و پەیڕەوی ناوخۆ سزا دەدرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لە جێگای خۆتانەوە قسە مەکەن، ڕەجائەن، کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة: واحد: لايجوز مشاركة الاعضاء والعاملين في صناعة و اصدار القرارات من شانها ان تؤدى الى التعارض بين مصالحهم الشخصية او الوظيفية او مصلحة المنظمة.

اثنان: عند مخالفة العضو والعاملين في المنظمة فيما ورد في الفقرة الاولى اعلاه يعاقب وفق القوانين النافذة والنظام الداخلى.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزامیە کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

النظام الداخلی، زیادە بوو چووە ناویەوە، ئەگینا ئێمە بەس باسی قەوانینی مەرعیەمان کرد ئەوەل جار، نیزامی داخیلی، دەبێت ئەوان ئازاد بن لە دانانی نیزامی داخلی خۆیان و مەرجەکانی خۆیان و، عەرز دەکرێت بۆ سەر دائیرەی ڕێکخراوەکان، بۆیە پێم باشە نیزامی داخلی تیا نەبێت، ئەو ئازادیەیان دەبێت هەبێت، بۆ ئەوەی ئەوان خۆیان ئەو کارانە جێگیر بکەن لەناو ئەو ڕێکخراوانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بۆیە نیزامی داخیلیمان دانا، چونکە ئەگەر هەر یەکێك لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە تەوەروتی کرد بەوەی کە، کە موشکیلەیەك یان کێشەیەك دروست بکات، دواتر ئیحتیمال دەکات لە ناو پەیڕەوی ناوخۆی ئەو ڕیکخراوە، مەرجێکی وا دانرابێت، یان سزایەك دانرابێت لە ئەندامێتی نەمێنێت ئەو ئەندامە، بۆیە ئەوە تەئکید کردنەوەیە لەوەی کە جەریمەکە، عقوبەکەی توندتر بێت، نەوەك سووکی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزامیە کەرەمکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە لە نیزام داخیلیەکە دەبێت بمێنێتەوە، عقوباتەکەش دەبێت بمێنێتەوە، بە نیسبەت قەوانین، عقوباتی بۆ دانراوە، بە نیسبەت نیزامی داخلی عقوباتی ئیداری بۆ دانراوە، عقوباتی ئیداری، مونەزەمە حەقێکی تەبیعی خۆیەتی کە عقوباتی ئیداری بدات، ئەمما عقوباتی جەزائی بە گوێرەی قەوانینی نافیز دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل کەرەمکە.

**بەڕێز خليل عثمان حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مولاحەزەم لەسەر نەسە عەرەبیەکەو، نەسە کوردیەکەیە، ئەویان(صناعه واصدار القرارات).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوردیەکە ئەسلە، کاك خليل.

**بەڕێز خليل عثمان حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکەم ئەوەیە، پرسیارەکە ئەوەیە، ئەگەر نیزامی داخیلی ئەو مەرجەی دانەنابوو، چۆن ئەتوانرێت بە پێی نیزامی داخیلی، بەپێی ئەو سزایە بدرێت، یەعنی ڕێکخراوێك ئەم مەرجانەی دانەنابوو لە ناو نیزامی داخیلی خۆی، تۆ نووسیوتە بە پێی نیزامی داخیلی، ئەوکاتە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەی.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو موفتەرەحەی کە کاك شێروان باسی لەسەر کرد، زۆر واریدە و جائیزە، هەندێ لەو موخالەفانەی کە ڕوو دەدات، نەگاتە ئەو بابەی کە قانونی عقوباتی عیراقی بەسەردا جێبەجێ بکرێت، ئیکتیفا بکرێت بە مجلس تحقیقی یان عقوبەیەکی ئیداری، بەلاٌم شەرت نیە ئەوەی کاك د.احمد باسی کرد لە نیزامی داخیلیەکە، ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ قانونی عام، قانونی عام ئەویش نیزامی عام، قانونی عقوباتی هەیە، ئیشی لەسەر دەکرێت، هیچ ئیشکالێکی لەسەر نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر خوێندنەوە بخوێنەوە کاك دانا، کەرەمکە.

**بەڕێز د.دانا سعيد سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

یەك: نابێت ئەندامان و کارمەندان بەشداری بکەن لە دروست کردن و دەرکردنی ئەو بڕیارانەی دەبنە مایەی ناکۆکی لە نێوان بەرژەوەندی کەسی یان وەزیفی ئەوان یان بەرژەوەندی ڕێکخراوەکە.

دوو: لەکاتی سەرپێچی کردنی ئەندام لە بڕگەی یەکی سەرەوە بەپێی یاسا کارپێکراوەکان و پەیڕەوی ناوخۆ سزا دەدرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیش کەرەمکەن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

واحد: لايجوز مشاركة الاعضاء والعاملين في صناعة و اصدار القرارات من شأنها ان تؤدى الى التعارض بين مصالحهم الشخصية او الوظيفية او مصلحة المنظمة.

اثنان: عند مخالفة العضو والعاملين في المنظمة فيما ورد في الفقرة الاولى اعلاه يعاقب وفق القوانين النافذة والنظام الداخلى.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ لەگەڵدایە تکایە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 59 ئەندامی پەرلەمان لەگەڵدایە، سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 9کەس لەگەڵدانیە سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەی هەشتەم لە بەشی چوارەم.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی چوارەم ئامانج و ماف

ماددەی هەشتەم:

ڕێکخراوەکە هەوڵ دەدات بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی بەو جۆرەی لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی و پەیماننامەکان و ڕێکەوتننامەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ، دەگونجێن و دەبێت ڕوون و ئاشکراش بن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەعەرەبیش کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الفصل الرابع الاهداف والحقوق

المادة الثامنة:

(تسعى المنظمة الى تحقيق اهدافها بما تنسجم مع المبادئ الديموقراطية والمعاهدات والاتفاقيات الدولية الخاصة بحقوق الانسان وان تكون واضحة وعلنية)

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە مداخەلە بکات کەرەمکەن، عیماد محمد، زکیە سید صالح، شڤان احمد، شلێر محی الدین، خلیل عثمان، یشار نجم الدین، گوڵیزار قادر، بەفرین حسین، امیر گوگە، هاژە سلێمان، کاوە، کاک عیماد کەرەمکە.

**بەڕێز عیماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشتەم، پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە سیاغە بکرێت، (تسعى المنظمة الى تحقيق اهدافها بالوسائل السلمية والديموقراطية والمعاهدات والاتفاقيات الدولية الخاصة.....الخ)، بۆ ئەوەی هیچ ڕێکخراوێک پەنا بباتە بەر توندو تیژی، بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زکیە خان کەرەمکە.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە بۆچوونا من هەرچەندە ئەز بۆ خۆش ئێك ژ ئەندامێت لیژنا کۆمەڵێت مەدەنیمەو، دزانم ژی ب چەند قۆناغایا تێپەڕیە هەتا کو ئەڤ پرۆژە یاسایە هاتیە دروست کرن، بەس دگەڵ هندێ ژیدا، بۆ هندێ کو چار چیڤەیێ کارێ ڕێکخراوەیدا، ئەڤ ڕێکخراوە ب مینتەڤە، تەزاروبا یا ئیش و کارا مابەینا چەند ڕێکخراوەکا چێنەبیتن، وە شانسێ پتر ژی بۆ هەر ڕێکخراوەکا هەبتن، بۆچوونا من ڤێ درکێ ئەگەر ئەم زێدە بکەن، بۆ گەیاندنی ئامانجەکان بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ، چونکو ئامانجێ پەیڕەوی ناوخۆدا هاتینە دیار کرن، ژبەر هندێ ژی پەیرەوی ناوخۆ بهێتە زێدە کرن، بە ڕەئیا من دێ ئەوە باشتر بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان کەرەمکە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشت هەڤیقەتەن، حەسر کراوە تەنیا بە مەبادء دیموکراتی و حقوقی ئینسان، حقوقی ئینسان تەنیا هەردوو عەهدەکە دەگرێتەوە، من پێم باشە بەو شێوەیە حەسر نەکرێت بە حقوقی ئینسان، بەرفرەوانتر بێت ئەهدافی ئەم مونەزەمەیە، (تسعى المنظمة الى تحقيق اهداف واضحة وعلنية)، (واضحة وعلنية) ئیزافە بکرێت، (تنسجم مع المبادئ الديموقراطية والمعاهدات والاتفاقيات الدولية المعترف بها من قبل المجتمع الدولى) ئەو زۆر شمولی تر و بەر فرەوانتر دەکاتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان کەرەمکە.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لەسەر ماددەی هەشت لە سیاغە عەرەبیەکەی مولاحەزەم نیە، پێم باشە، بەلاّم لە کوردیەکەی هەر وەکو تەرجومەی حەرفی کرابێ، پێم باشە بە شێوەیەکی تر سیاغە بکرێتەوە، (ڕێکخراوەکە هەوڵ دەدات ئامانجەکانی بەجێ بگەیەنێت، بە جۆرێک بگونجێ لەگەڵ بنەماکانی دیموکراتی و، پەیماننامەکان و ڕێکەوتننامەکانی مافی مرۆڤ و، وە دەبێت ڕوون و ئاشکرا بێت)، یەعنی لێرە ڕێکەوتن نامەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ دەگونجێن، هەندێك سیاغەکەی رەکیکە لە کوردیەکەی، پێم باشە ئەو سیاغەیەی کە من خوێندمەوە، بەو شێوەیە بێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك خلیل کەرەمکە.**

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی هەشتەم من پێموایە ئەمە مەبدەئە، یەعنی دەبوو لە زمنی مەبادئی عامە بوایە، بۆیە من پێموایە لەگەڵ ئەو عینوانەی سەرەوە ناکۆکە، ئەمە هەدەف نیە، ئەهداف نیە، ئەگەر ئەهدافی قانونەکە بێت، ئەگەر باس لە ئەهدافی قانونەکە بکەین، ئەوا لەوانەیە لە ئەسبابی موجیبە دا هاتبێت، ئەگەر باس لە ئەهدافی مونەزەمە بکەین، من پێموایە غەیری ئەوەیە کە هاتووە، من پێموایە ئەوە مەبدەئێکی عامە، کە دوێنێکەش باسم کرد، دەبوو لە زمنی فەسلی دووەمدا هاتبایە، کە هەندێك مەبادئی تێدا هاتبوو بەڕاستی، ئێستاش یان دەبێت ئەم ئەهدافە بگۆڕدرێت، یان من پێموایە ناکرێت، ئەم فەقەرەیە، چونکە ئەوە مەبدەئێکی عامە، نابێ لەوێ بێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**گوڵیزار خان کەرەمکە.**

**بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێم باشە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەلاّم سیستەمی گشتی و ئادابی گشتی بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەفرین خان کەرەمکە.**

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارەكەی من لەسەر سیاغەكەیەتی، بەتایبەت لەسەر دەستەواژەی هەوڵدان، كە هەوڵ ئەدات، لە پێناو بە جێگەیاندنی ئامانجەكانی، بەلاَم ئەركی سەرشانی ڕێكخراو ئەوەیە كە كار بكات لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەكانی، نەوەك هەوڵی بۆ بدات، من پێم باشە لە بڕی دەستەواژەی(هەوڵ بدات)، (كار ئەكات لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەكان)، پاش ئەوەش كە دەڵێت ئامانجەكانی بگونجێت لەگەڵ بنەما دیموكراسیەكان و، ڕێكەوتننامەو، بنەماكانی مافی مرۆڤ، من پێم باشە یاسا ناوخۆیەكانیشی بۆ زیارد بكرێت، چونكە دەگونجێت ڕێكەوتننامەو پەیماننامە هەبن، لەگەڵ یاسا ناوخۆیەكان كۆك نەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك یشار كەرەمكە.

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك لە ماددەی هەشتەم هاتووە، ڕێكخراو هەوڵ دەدات بۆ بەجێ گەیاندنی ئامانجەكانی بەو جۆرەی لەگەڵ بنەماكانی مافی مرۆڤ دەگونجێت، من پرسیاری ئەوە دەكەم سەرۆكی پەرلەمان ئەی مافەكانی پاراستنی ژینگە؟، ئەی پاراستنی مافەكانی لەناو چوونی ئاژەڵە دەگمەنەكان؟، ئەی مافەكانی پاراستنی سامانە سروشتیەكان؟، ئەی ناكرێت لەگەڵ ئەوانەشدا دژی یەك نەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئەمیر كەرەمكە.

**بەڕێز ئەمیر گوگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی خاڵی( المادة الثامنة) ڕستەی (وان تكون واضحة وعلنية)بێتە لادان، چونكە ماددەی (حادية عشر)، (شروط تسجيل) ئەوەلەن هەیە(اسمها واغراضها واهدافها)، یەعنی تحصیل حاصلە، وەختێ مونەزەمە ئەڤ ئیجازە وەرگرت، لازمە هەمی تشت تێدا ڕوون و ئاشكرا بن، داعی نینە ل ڤی خالی بێتە دیار كرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

هاژە خان كەرەمكە.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش زیاتر لەسەر سیاغەكەی تێبینیم هەیە، لەگەڵ هاوكارم هاوڕام، بەفرین خان كە وتی ڕێكخراوەكە ئەبێ كار بكات، نەوەك هەوڵ بدات، هەوڵ دان، چونكە هەوڵدان ئەبێ یان نابێ، ئەگەر كار بكات، یەعنی بەجدی كار دەكات، بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجەكان، وەلە كوردیەكەشدا لە ڕێكەوتننامە نێودەوڵەتیەكاندا

نەهاتووە، نێودەوڵەتیەکانی بۆ زیاد بکرێت، چونکە لە عەرەبیەکە هاتووە، (والاتفاقيات الدولية الخاصة بحقوق الانسان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاوە کەرەمکە.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی هەشتەم لێرە وشەیەکی نەقسە، هەست بەوە دەکەی کە وەکو پڕۆژە یاسا خۆی دەرناخات، وەکو ڕێکخراوێك قسە دەکاتن، بۆیە (دەبێت) یان(پێویستە)ی بۆ زیاد بکەی، (پێویستە ڕێکخراوەکە هەوڵ بدات، نەوەك دەدات، بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی بەو جۆرە، هەتا تەعدیل بێت وەکو پڕۆژە یاسای لێ بێت، نەوەك وەکو ڕێکخراوێك کە لەو فەقەرە خۆی تەرح دەکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش کەرەمکەن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ئەو ڕوونکردنەوەی برادەران، ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشیان کرد، ئەگەر سەیرێکی ماددەکە بکەین ئێمە، کە دەڵێت، (بما تنسجم مع المبادئ الديموقراطية والمعاهدات والاتفاقيات الدولية الخاصة بحقوق الانسان) خۆی ئەسلەن مەبادئی دیموکراتیەت، یەکێکە لە مەبدەئە ئەساسیەکانی کە دیموکراتیەتی لەسەر دروست دەبێت، شەفافیەتەو، سەراحەتە و، یەکسانیە، ئیتر کە لێرە دەوترێت مەبادئی دیموکراتی، لێرەدا عام ئەم یاسایە هاتووە، هەموو مەبدەئەکانی کە دیموکراتیەتی لەسەر بەندەو لەسەر دروست دەبێت، موعاهەدات و ئیتیفاقیاتی دەولی، موعاهەداتیش بەو عیبارەتە هاتووە، کە هەموو عەهدە دەولیەکان دەگرێتەوە، کە موجتەمەعی مەدەنی، موجتەمەعی دەولی، ئیتیفاقی لەسەر کردووە، لەسەر عادە دەولیەکان، لە حقوقی تفل، حقوقی مەرئە، حقوقی ئینسان، حقوقی سیاسی، فیکری، ئیقتسادی، ئەمە هەمووی دەگرێتەوە، لێرە ناکرێت ئێمە یەك ناو بێنین، بەس کە دەڵێین (والمعاهدات والاتفاقيات الدولية)، ئیتیفاقیاتە دەولیەکانیش، ئەو ئیتیفاقیانەن کە سەرجەم دەوڵەتەکانی موشارك ئیتیفاقیان لەسەری کردووە، ئەو ماددەیە هەمووی بە شێوەیەکی عام و شامل، هەمووشتەکانی لە خۆی گرتووە، تەنیا یەك شت نەبێت، ئەیخەینە بەردەم بەڕێزتان و بەردەم ئەندامە بەڕێزەکان، (تسعى)کە بکرێت بە (تعمل المنظمة الى تحقيق اهدافها بما تنسجم مع مبادى الديموقراطية والمعاهدات والاتفاقيات الدولية الخاصة بحقوق الانسان وان تكون واضحة وعلنية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە زیاتر ڕاو سەرنجەکان لەسەر ئەوە بوو کە سیاغە بکرێتەوە، هەندێك وشە بگۆڕدرێت، ئەگەرنا پێموایە لەسەر ناوەڕۆکی ماددەکە هاوڕابووین، سەبارەت بەوەی پێشنیارەك هەبوو، پەیڕەوی ناوخۆی بۆ زیاد بکرێت، پێموایە زەکیە خان بوو، ئێمە لاریمان نیە، بەلآم پێموایە خۆی کە لە پەیڕەوی ناوخۆدا هەیە، بەلآم لاریشمان نیە، کە پەیڕەوی ناوخۆشی بۆ زیاد بکرێتن، یەعنی بە پێی پەیڕەوی ناوخۆش بڕوات، خۆی هەردەبێت وا بێت، نازانم بڵێم ئەوە تەحصیل حاصلە ئەو ئەوەیە، باس لەوە کرا، کاك خلیل وتی ئەو ماددەیە پەیوەندی بە مەسەلەی بنەما گشتیەکانەوە هەیە، بەلآم بە باوەڕی ئێمە ئەوە باس لە بنەما گشتیەکان ناکات، باس لەوە دەکات کە ئامانجەکانی خۆی، ئەو ڕێکخراوە بە چ شێوەیەك، بە چ ڕێگایەك، دەتوانێت بەدی بهێنێت، یاخود کاری لەسەر بکات، ئەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە، وەکو کاك عمریش ئیشارەتی پێیدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، یەك یەك جوابی ئەندامان مەدەنەوە، ڕەئیەکەی خۆتان بدەن، وازح کە کامەی وەردەگرن، وەری گرن، ئەوەی تر ڕەئیەکەتان بدەن، کەرەمکە.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی لە جیاتی وشەی(هەوڵ دەدات)، (کاردەکات) بەکاربهێنین، ئێمە هیچ لاریمان لەسەر ئەوە نیە، دەتوانین بیگۆڕین، وە سیاغەیەکیشمان ئامادە کردووە ئێستا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئاخیر سیاغەتان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگ دانەوە، کەرەمکە، سیاغەکە بە کوردی، پاشان بە عەرەبی بیخوێننەوە، کەرەمکە.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دەبێت ڕێکخراو کار بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی بکات، بەو جۆرەی کە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی و پەیماننامەکان و ڕێکەوتن نامەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ دەگونجێن و دەبێت ڕوون و ئاشکراش بن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نێو دەوڵەتی، بۆ ئیزا فە ناکەن؟.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

دەبێت ڕێكخراو كاربكات بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجەكانی، بەو جۆرەی كە لەگەڵ بنەماكانی دیموكراسی و پەیماننامە نێودەوڵەتیەكان و ڕێكەوتننامەكانی تایبەت بە مافی مرۆڤ بگونجێن و دەبێت ڕوون و ئاشكراش بن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دوو نوقتەی نیزا می هەیە، كاك عبدالسلام و گولیزار خان، كاك عبدالسلام كەرەمكە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە یاسایەك دەردەكەین، بۆ خەڵكێك بە خۆبەخش ئەچن ئیشێك دەكەن، ئەم (یجب)ە نازانم لە كوێ هاتووە؟، وابزانم داوای كەس نەبوو، ئێ ئەتو هاوكاری بكەی، تەنها تۆ وەسف دەكەی لێرە لەو ماددەیە، ئەڵێت هەوڵ دەدات بۆ ئەو شتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

گوڵیزار خان كەرەمكە.

**بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیارێكم كرد، سیستەمی گشتی و ئادابی گشتی بۆ زیاد بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كەرەمكە.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم: ڕێكخراو هەوڵ دەدات بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجەكانی، بەو جۆرەی كە لەگەڵ بنەماكانی دیموكراسی و پەیماننامە و ڕێكەوتننامەكانی نێو دەوڵەتی تایبەت بە مافی مرۆڤ دەگونجێن و دەبێت ڕوون و ئاشكراش بن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثامنة: تسعى المنظمة الى تحقيق اهدافها بما تنسجم مع المبادئ الديموقراطية والمعاهدات والاتفاقيات الدولية الخاصة بحقوق الانسان وان تكون واضحة وعلنية.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵدایە وەكو خوێندرایەوە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، زۆر سوپاس، 57 ئەندامی پەرلەمان لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، سوپاس، 4ئەندام پەرلەمان لەگەڵدانیە، كەرەمكەن بۆ ماددەی نۆیەم، فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی نۆیەم:**

**ڕێکخراو مافی هەیە لە:**

**1-هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی دامەزراوەکانی دەوڵەت.**

**2-گەیشتنی بە زانیاری.**

**3-گرێدانی گرد بوونەوەو کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و مانگرتن و گرێدانی وۆرك شۆپ و هەموو چالاکیەکی تری مەدەنی.**

**4-بلاّو کردنەوەی ڕاپۆرت و زانیاری و چاپ کردنی پەخشنامە.**

**5-ڕێکخراو مافی هەیە هەموو کاروچالاکیەکان بکات، لەحاڵەتێکدا لەگەڵ ئامانجەکانی ناکۆك نەبێت.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەرعەرەبیش کەرمکە.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة التاسعة:**

**للمنظمة الحق في:**

**1-تقييم دور مؤسسات الدوله.**

**2-الوصول الى المعلومات.**

**3-اقامة التجمعات والاجتماعات والتضاهر والاضراب واقامة المؤتمرات و ورش العمل وجميع الانشطة المدنية الاخرى.**

**4-نشر التقارير والمعلومات وطبع المناشير.**

**5-للمنظمة الحق في القيام بجميع اعمالها ونشاطاتها في حالة عدم تعارضها مع اهدافها.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ ئێستا ئەیەوێت لەسەری قسە بکات؟، د.بشیر خلیل، ئەڤین عمر، عبدالقادر، د.احمد وەرتی، بەفرین حسین، خورشید احمد، جلال، جمال طاهر، بێریڤان سەرهەنگ، ئامینە زکری، شوان کریم، شڤان احمد، شلێر محمد، د.سەروەر عبدالرحمن، سەردار، ژیان عمر، یاووز ئەرسەلان، رفیق سابیر، عبدالسلام بەرواری، صباح بیت الله، ئاواز عبدالواحید، دلێر محمود، گۆران ئازاد، فاضل بەشارەتی، سۆزان شهاب، کەسی تر نیە، شلێر محی الدین، د.بشیر کەرەمکە.**

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له ماددەی نۆیەم له خاڵی یەکەم و دووەم تێبینـیم هەیـە، لـە خـاڵی یەکـەم دەڵێت، ڕێکخـراو مـافی هەیـە هەڵسـەنگاندنی ڕۆڵـی دامـەزراوەکانی دەوڵـەت بکـات، باشـە ئـەو ڕێکخـراوە تـەنها مـافی ئـەوەی هەیـە کـە ڕێکخـراوە دەوڵەتیـەکان هەڵسـەنگێنێ، یـان ڕێکخراوەکـانی تـریش؟، ڕێکخراومـان هەیـە غـەیری دەوڵـەتی سەربەخۆ، ڕێکخراو بامافی هەبێ ئـەوانیش هەڵبسـەنگێنێ، بـا بازنـەی کارەکـانی فـرەوانتر بکرێـت، نـەوەك تەنها له دەوڵەت دابێت، له خاڵی دووەم گەیشتن بە زانیـاری، بـە زۆر شـێواز دەکرێـت، هەنـدێکجار شـێوازی نایاسـایی بـەکاردێت، شـێوازێکی ئـاوا بـەکاردێت، بۆیـە مـن پـێم باشـە بنووسـرێت، گەیشـتن بـە زانیـاری لەڕێگایەکی یاساییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ئەڤین عمر کەرەمکە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی نۆیەم، خاڵی یەکەم، کە دەڵێت (تقییم دور مؤسسـات الدولـة)، پێمباشـە ئەگـەر بێـت و (حسب اختصاص المنظمة )ی بۆ زیاد بکـەین، لەبـەر ئـەوەی هـەر مونـەزەمەیـەك هەڵنەسـتێت بـە ئـەهوائی خۆی و بـە کـەیفی خـۆی تـەقیمی دەوری موئەسەسـاتی وڵات بکـات، چـونکو هـەر موئەسەسـەیەك بـە پێـی ئیختیساسی خۆی کار دەکات، جا ئەگەر ئیختیساسی ئەو مونـەزەمەیـە نـەبێت، بەڕاسـتی ناتوانێـت تـەقیمی دەوری ئەو موئەسەسەیە بکات، خاڵی دووەم، من پشتگیری ڕەئیەکەی کاك د.بشیر دەکـەم، کـەوا(الوصـول الی المعلومـات) لـە ڕێگـای گەیشـتن بـە زانیاریـەکان، لـە ڕێگـای وسـوڵ بێـت، یـان لـە ڕێگـای ئـەوە بێـت، کـەوا موعتەمـەد و، بـە بەڵگـە بێـت، چـونکە دانـی مـەعلومات لـە ڕێگـای ناشـەرعیەوە، یـاخود لـە ڕێگایـەکی ناتەندروستەوە، وای لێ دەکات ڕەئیـەکی ناتەندروسـت دروسـت بێـت، لـەناو مونـەزەمەکـەو، دوایـی تـەعمیم بێتـە سـەر لایەنـەکانی تـر، یـاخود بـۆ ڕەئـی گشـتی، لـە خـاڵی سـێیەمدا، حـەز دەکـەم لـە دوای ئـەوەی کـە دەڵێین(وجمیع الانشطة المدنیة الاخری)، ئەم عیبارەتەی بۆ زیاد بکرێت(في حالة عدم تعارضها مع اهدافها)، لێرەدا خاڵی پێنجەم ئێمە هەڵی دەگرین، لەبەر ئەوەی کـە خـاڵی پێنجـەم ئـەڵێت (للمنظمـة الحق في القیـام بجمیع اعمالها)، لێرەدا زیادە، چونکە هەموو جمیع ئەعمالـەکان، جـەمیعی ئەنشـیتەی مەدەنیـە، کەواتـە لـە خاڵی سێیەم باست کردووە، لە خاڵی پێنجەم بـاس کردنەوەکـەی زیـادە، بۆیـە نیهایـەتی خـاڵی پێنجـەم، (في حال عدم تعارضها) بخرێتە سەر خاڵی سێیەم، خاڵی پێنجەم لێرەدا هەر هەڵبگیرێ، لە خاڵی چوارەم ئـەڵێ، (نشر التقاریر والمعلومات)، پێمباشە کەلیمەی(اسـتطلاعات)ی بـۆ زیـاد بکرێـت، لەگـەڵ (طبـع المناشـیر)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عبدالقادر بازرگان، کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالقادر اکرم جمیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە فەقەرە سێی ئەوە داهاتووە، دەڵێت(ڕێکخراو هەقی هەیە کۆڕو کۆبوونـەوەو خۆپیشاندان بکات)، ئـەمما دەبێت ئەو کۆڕو کۆبوونەوەو خۆپیشاندانانە، هاندەرێکی ئیجابی بێت، بۆ ئارامی شار، هـەروەها دەبێـت بـە شێوەیەك بێت کە بگونجێت لەگـەڵ زروفـی سیاسـی و ئـەمنی ئـەو شـارە، هـەروەها لـە فەقـەرەی چـوارەمدا هاتووە، کە ڕێکخراو هەقی هەیە چاپەمەنی هـەبێت، ئـەمما ئـەو چاپەمەنیانـە، یـەعنی دەبێـت هانـدەرێك بێت، بۆ ئەوەی نەبێتە بەکارهێنانی توندو تیژی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.احمد کەرەمکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەخاڵی ماددەی نۆهەم، (للمنظمة الحق في تقییم دور مؤسسات الدولة) منیش بەهەمان شێوە ئـەو تێبینیەم هەیە بەڕاسـتی، ڕێکخـراو یـان ڕێکخراوەکـان مـافی ئـەوەیان هـەبێت، کـە هەڵسـەنگاندن بـۆ ڕۆڵـی موئەسەساتی دیکەی غەیری دەوڵەت، یان غەیری حکومی بکەن، خـاڵی دووەم، (الوصـول الی المعلومـات)، مـن پێم باشە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت(الوصول الی المعلومات ذات الطابع العام)، یەعنی ئەو زانیاریانەی کە خـاوەن موڵکێکی گشتین، مافی ئەوەیان هەبێت کە بەو زانیاریە بگەن، سەبارەت بە خاڵی سێهەم و پێنجەم، منـیش ڕام وایـە وەکـو ئـەڤین خـان ئامـاژەی پێیـدا، ئـەو دوو خاڵـە لێـك نـزیکن، لێـك بـدرێن، بـەم شـێوەیە(اقامـة التجمعات والاجتماعات والتظاهر والاضراب واقامة المؤتمرات وورش العمل وجمیـع الانشـطة المدنیـة الاخـری شریطة عدم تعارضها مع اهدافها)، خاڵی پێنجەم لابرێـت، تـەنها ئەوەنـدەی بـۆ زیـاد بکرێـت(شـریطة عـدم وتعارضها مع اهدافها)، خاڵی چوارەمیش ببێتە سێهەم، وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەفرین خان کەرەمکە.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو باسی ئەوە دەکات، گەیشتن بە زانیاری، پێم باشە بکرێت بە پێی پسپۆڕی کاری ڕێکخراوەکە، لە نێوان بڕگەی سێ و پێنجا لێك چوونێك هەیە، ئەتوانم بڵێم خاڵی دوو دووبارەشـە، خـاڵی پێنجـەم تەئکیـد کردنەوەیە لە خاڵی سێهەم، چونکە سەرجەم ئەو مافانەی کە لە خاڵی سێدا هـاتووە، جارێکی تـر لـە پێـنج تەئکید کراوەتەوە لێی، کە مافی ئەوەی هەیە هەموو ئەو کارو چالاکیانە ئەنجام بدات، ئەوە زیادەیە، بـەڵام

لـه كۆتـايى برگـەى سـێدا هـاتووه، هـەموو كـارو چـالاكيەكى ديكـەى مـەدەنى، لەوانەيـە بـە نيسـبەت ڕێكخراوەكەوه، ئەو كارو چالاكيانە مەدەنى بن، بەلاّم لەوانيـە بـە پێچـەوانەبێت لەگـەڵ ياسـادا، لـە كۆتـايى برگـەى پێـنج، نووسـراوه لەحاڵەتێكـدا ئەگـەر لەگـەڵ ئامانجەكانيـدا نـاكۆك نـەبێت، ئەتوانـدرێت ئـەوه بهرێندرێتە كۆتايى برگەى سێ، بەلاّم ئيزا فەى ياساشى بۆزياد بكرێـت، بـە پێچـەوانەى ئامـانج و ياسـا كـار پێكراوەكان نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك خورشيد كەرەمكە.

**بەڕێز خورشيد احمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

خالاّ ئێكێ (تقييم دور مؤسسات الدولة) ئەز پێشنيار دكەم ڤى ڕەنگى بيت(تقييم دور المؤسسات الحكومية و غير الحكومية) يەعنى كەليمەى (حكومه) لە جياتى (دوله) يەعنى بەو شكله بيـت، (تقيـيم دور المؤسسات الحكومية و غير الحكومية)، دوو، (الوصول الى المعلومات)، لێرە بە موتلەق هاتووە، ئێمە مونەزەماتمان هەيـە هى كوردستانى، مونەزەماتى عيراقى، مونەزەماتى بيانى، لەبەر ئەوه من پێشنيار دەكەم بەو شكله بيت، بـۆ ئەوەى حيسابێك بكەين، بۆ مەسائلى ئەمنى يان مەسائلى (محظور الحصـول علـى المعلومـات المطلوبـة حسـب اختصاص المنظمة و وفق السياقات القانونية المتبعة)، يەعنى ئەمە موهيمە، چونكە نابێت ئێمە بە موتلـەق بلێين، هەر مەعلوماتێك حەز بكات وەرى بگرێت، ئەمە كارێكى باش نيە، يەعنى زەرەر دەكاتن، بەنيسبەتى خـاڵى 4، (نشـر التقـارير والمعلومـات وطبـع المناشـير التـى تخـص مجال عمـل المنظمـة)، يـەعنى نابێـت هـەر مونەزەمەيەك بە ئارەزووى خـۆى مەناشـير تـەبع بكـات، شـت بكـات و ئـازاد بێـت لـە هـەموو شـتەك، (نشـر التقارير والمعلومات وطبع المناشير التى تخص مجال عمل المظمة)، خاڵى پێنجەم، بەڕەئى مـن خـاڵێكى زيـاده، تحصيل حاصله، يەعنى پێويست ناكات ئەم خاڵە هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك جلال كەرەمكە.

**بەڕێز جلال على عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕاى هاوكارەكانمم، بەڕاستى بۆ هەر پێنـج خاڵەكە مەسـەلەى تايبەتمەنـدى ڕێكخراوەكـەى تيايـە، وەلە خاڵى دووەم و چـوارەميش، هـەم تايبەتمەنـدى ڕێكخراوەكـەى تيـا بێـت، هـەم سـوودمەندبێت بۆكـارى ڕێكخراوەكە، ئەوه شتێكى باشەو تەحديديش دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك جمال طاهر كەرەمكە.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەقریبەن زۆربەی قسەکانم کران، لێرە ئەو قانونە بۆ هەرێمە، لێرە دەڵێن (تقییم دور مؤسسات الدولة) ئەمە شتێکە لە یەك جیانە، (دور) یانیش(اداء)، مەبەستیان چیە؟، تەقیم دەورە، یان ئەدائە، هەندی دەورە، دەور تەحسیل حاسلێکە، ئەمە دەوری ئەو موئەسەسەیە، وا بکات و وا بکات و وابکات، بەلاّم تەقیم ئەدائەکە، ئەو ئەدائە لێرە پتر جێگەی دەگرێتەوە، (تقییم دور مؤسسات حکومة الاقلیم)، بەڵێ حکومە، چونکە کوردستان هێشتا نەبوەتە دەوڵەت، وا دیارە برادەران ئەوەیان یەکسەر نەقل کردووە، ئەو جوملەیان وا داناوە، (تقییم دور مؤسسات  حکومة الاقلیم)، ئەو موئەسەساتی تەشریعی و تەنفیزی، ئەگەر قەزائیە، ئەگەر بەوە درێژ بکەی، ئەمە یەك، (الوصول الی المعلومات)، جوملەیەك ئیزافە بکرێت، (عدا المتعلقە منها بأمن الاقلیم)، خاڵی سێیەم، (اقامة التجمعات والاجتماعات والتضاهر والاضراب.... الخ) ئێمە با لە بیرمان نەچێت، قانونێکمان دەرهێنا هی خۆپیشاندان و ئەوانە، بۆیە لێرە پێشنیار دەکەم، (وجمیع الانشطة المدنیة الاخری وفق القوانین النافذة في الاقلیم) ئەوە ئەو جوملە هەمووی دەگرێتەوە، وەلەگەڵ برادەرانم خاڵی پێنجەمیش لابرێت، چونکە مانای نامێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان کەرمکە.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی نۆیەم کە دەڵێت، ڕێکخراو مافی هەیە، لەبەشی دووەم، گەیشتنی بە زانیاری، منیش وەکو هاوڕێکانم گەیشتنی بە زانیاری بە موتلەق دایدەنێم، بە ڕەها هاتووە، دیاری نەکراوە، ئایا بە پێی یاسایە یان بە پێی یاسا نیە؟، بۆیە پێویستە بنووسرێت، گەیشتنی زانیاری بە پێی یاسا، هەتا بتوانن ئەو زانیاریانەی وەردەگرن لە ڕێگای یاساوە بە دەستیان بگات، هەروەها بە نیسبەت خاڵی پێنجەم، ئەوەش من پێم زیادە، لابرێت، چونکە لە ئامانج و لە هەموو ئەوەیەك یاسایەکە دیارە وەکو ڕێکخراو مافی هەیە چالاکیەکانی خۆی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئامینە زکری کەرەمکە.

**بەڕێز ئامینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت خالاّ ئێکێ، بابەتێ هەڵسەنگاندنێ، ئەگەر دێ ڕێکخراوە هەڵسەنگاندنێ بکات، دێ چەوا کەت، چ ڕێك دێکەتن، ئەز خۆ دگەل هەندێنینم، چونکو کارێك ڕێکخراوێت کۆمەلگەها مەدەنی هەڵسەنگاندنا کاری دام و دەزگاها بیتن، بەلکو ڕێکخراوێت کۆمەلگەها مەدەنی، شێن دیف چونابکەن، لێکۆلینا بکەن،

پێشنیارێت خۆ، رەئیێت خۆ بۆ جیهەتێت پەیوەندیدار بلند بکەن، نەوەکو هەڵسەنگاندنا کاریٚ وان بکەت، بۆ نموونە ئەز دیٚ بێژن، ئەز بەرپرسا پەیمانگەهەکیٚ بووم، کو پەیمانگەهەکا کاریٚ وی ڕاپرسی بوو، ئەز ئەگەر شێم تەعەویزیٚ حەتا دویٚ ڕاپۆرتیٚ ژیدا بکەم، بێم 200 کەسا هەڵبژێرم، ئەو 200 کەسێت ئەز دنیاسم، وە رەئیاوان دێبێژمیٚ فلان دەزگەها کاریٚ وی باش نینە، سەر چ ئەساسیٚ زانیارێیت وان درست دێنە کرن، ژبەر هندیٚ ژی، ئەز بێژم کاریٚ ڕێکخراوا، کارا رێکا دیف چونا دیراساتا، رەئی و پێشنیارێت خۆ بۆ جیهەتیٚ بلند، دیٚ بلند کەت، دوی حالەتێدا ئەو دەزگەها سەروان پێشنیارو دیف چوون و دیراسەتێت وان شۆل دکەن، سەبارەت وەرگرتنا زانیاری گەلەك رەهایا هاتی، ڤیٚ گاڤیٚ وەك تاکە کەس حقوقیٚ من دیٚ چەوا پاراستبیت وەکی دەزگەهەکیٚ، یان ڕێکخراوەکا کۆمەلگەها مەدەنی، ب شێوەکی هۆسا ڕەها، بشێتن زانیاریا وەربگری، حقوقیٚ من وەکی تاکەکەس ئەز چ زەمانەت دیٚ پاراستیبن، مەسەلێت ئەمنی، ئایا ڕێکخراوێت کۆمەلگەها مەدەنی دوی حالەتێدا دشێن هەمی زانیارێیت کو گریٚ دای، ئەمنی ڤە وەرگرن، ژبەر هندیٚ ژی یا باشتر ئەوە، ئەم ڤیٚ رەهاییٚ دەربێخین و، پێشنیاریٚ کاك خورشیدی ئەز پەسەندکەم و، هەکە پێش وەسا جەنابیٚ وی بەحس کری، بهێتە خاریٚ، سەبارەت خالا چاریٚ ژی، دیسان گۆر پسپۆریا خۆ بیتن، ڕێکخراوەك دیٚ چەوا دشێتن د ئالییٚ وەرزشیدا کاربکاتن، بهێتن چاپەمەنیەکی یان بەرنامەکیٚ پەخش بکەتن، یا گریٚ دای مەوزوعەکیٚ تر بیتن، مەوزوعەکیٚ ئیختیساسیٚ زراعی بیتن، ژبەر هندیٚ ژی ویٚ گۆڕ پسپۆڕیا بیتن، خالا پێنجیٚ ژی ئەز گەلەك زێدە بینم، چونکی دماددا هەشتێدا، گەلەك ئاشکراو ڕوونی هاتیە بەحس کرن و، یا تەحسیل حاسلە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان کەرەمکە.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی نۆ، من پێموایە کۆمەڵێك ماف سەلمێنراوە بۆ ئەو ڕێکخراوانە، کە مافی خۆیانە بە دڵنیاییەوە، یەك مافی گرنگی تیایە کە جێی نەکراوەتەوە، بە ڕەئی من پێویستە ئەو مافەی تیا بێت، ئەویش مافی مامەڵە کردنە لەگەڵ دام و دەزگاکانی حکومەتدایە، دام و دەزگاکانی دەوڵەتە، چونکە زۆربەی زۆری ئەو ڕێکخراوانە پێویستیان بەو مامەڵە کردنە هەیە، بۆ نموونە، ڕێکخراوێکی ژینگە پارێزی پێویستە مامەڵە لەگەڵ شارەوانی بکات، لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بکات، لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بکات، لە چوارچێوەی ئەرکەکانی خۆیدا، ئەو مامەڵە کردنە لێرە جێی نەکراوەتەوە، بۆیە من پێموایە دەبێت، خاڵێکی تر بۆ ماددەی نۆهەم لە مافەکان زیاد بکرێت، ئەویش بکرێت بە پێنجەم یان شەشەم، ئەگەر پێنجەم لابرا، ئەویش بوتریٚ (التعامل مع الدوائر ومؤسسات الدولة في اختصاصاتها)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ڤیان احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان زۆربەی زۆری ئیشارەتیان بە غموزی ئەم ماددەیە کرد، کە هەندێك ئیزافاتی تری دەوێت لەو بڕگانەی کە پێدا هاتوونە، مەسەلەن ئەگەر بڕگەی یەکەم (مؤسسات الدولة) تەبعەن نابێت، مەسەلەن (مؤسسات الحکومة) بێت، (في مجال اختصاصها) دەبێت، ئەویتریان موتەعەلیق بێت بە (الوصول الى المعلومات)، یەعنی ئەمانە غموزن و لێرە زیکر نەکراون، من پێم باشەو راست دەبینم ئەگەر لە عینوانی ماددەکە وا بنووسرێت (للمنظمة في مجال اختصاصها وطبيعة عملها وبموجب القوانين النافذة في الاقليم الحق في) ئینجا وەکو ئەوانی تر بێنە خوارەوە، ئەوە عیلاجی هەموو ئەو غموزانە دەکات.

ئەندامانی پەرلەمان هەموو ئیشارەتیان پێ کرد، بە رەئی من ئەو غموزە بەو شێوەیە عیلاج دەبێتن(المادة التاسعة: للمنظمة في مجال اختصاصها وطبيعة عملها وبموجب القوانين النافذة في الاقليم الحق في) وەکو خۆی بێتە خوارێ، بڕگەی پێنجەم من دەبینم تەحصیل حاصلە، من هاوڕامە لەگەڵ کاك خورشید تەحصیل حاصلەو پێویست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شلێر محی الدین کەرەم بکە.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی نۆیەم/ بڕگەی یەکەم ئەوە (تقييم دور مؤسسات الدولة)، ئەوە زۆر ڕۆڵێکی باش و گرنگە، بەڵام لە دووەمین دەڵێت (الوصول الى المعلومات)، وابزانم کەس نییە ڕێگای لێ بگیرێت و بگات بە مەعلومات، بۆی باشترە بکرێتە (داوا کردنی زانیاری لە موئەسەساتی دەوڵەت بەپێی یاسا)، یەعنی داوا کردنی زانیاری بێت، نەك (الوصول الى المعلومات)، هەر کەسێك مافی هەیە بگاتە مەعلومات، بەڵام ئەگەر لە موئەسەساتی دەوڵەت ڕێگای پێ بدرێت و وەکو مافێك داوای بکات، ئەوە باشترە.

بڕگەی پێنجەمیش، منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو رەئیەی کە لە بڕگەی پێنجەم لابدرێت، لەبەر ئەوەی لە بڕگەی سێیەمدا لە زۆر شوێنی تردا ئەو نەشاتات و عەدەم تەعاروزو ئەوانە هەمووی تێدا باس کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار د.سەروەر عبدالرحمن کەرەم بکە.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەوەی دەبینم، دیارە بەشێك لە قسەکانم کرا، بەتایبەت ئەوەی کاك جەمال باسی کرد، بەنیسبەتی بڕگەی یەکەمەوە (هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی دامەزراوەکانی دەوڵەت)، من پێم باشە بەو شێوەیە بێت، وای لێ

بکرێـت (هەڵسـەنگاندن و چـاودێری کردنـی پەرلـەمان و دەسـەڵاتی جـێ بـەجێ کـردن و دادوەری و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت)، چونکە ئەمە شوێنی هەموویان دەکاتەوە، هەم ئەو زاراوەیەش وەکو ئـەوەی کە ئێمە دەوڵەت نینە، ناکرێت لێرەدا بەکاری بێنین.

سەبارەت بە خاڵی دووەم/ گەیشتن بە زانیاری، بەڕاستی من لەلام سەیرە کە بڵێین بەشێوازی یاسایی چیەو نایاسایی چیە؟ ناکرێت ئێمـە هـیچ قیودێـك دابنـێین سـەبارەت بـەوەی کـە لێـرە مـافی ئـەوەی هـەبێت، یـان نەیبێت بگـات بـەزانیاری، ئێمـە پـرۆژە یاسایەکمان لەبـەر دەسـتە کـە خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە، بـۆ ئـەوەی بتوانرێت بە ئاسانترین شێوە هەم میدیاکاران و هەم ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی ئاشـنا بـن و بگـەن بـەو زانیاریانـە، جگـە لـەو خاڵانـە نـەبێت کـە ئـەو زانیاریانـەی سـەبارەت بـە مەسـائیلی ئـەمنی قـەومی و مەترسی دەخەنەوە، ئەمە شتێکی ترە، ئەگەرنا حەق نییە لە هیچ لایەنێکی ترەوە ڕێـی لـێ بگیرێـت، بۆیـە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم خاڵانەی کە وای لێ هـاتووە، مـن پێموایـە خـاڵێکی تـر پێویستە، بۆیە ماددەی نۆیەم بەو شێوازە بێت:

یەکەم/ ڕێکخراو مافی هەیە لە:

ئەمانە بەو شێوازە دابەزێت، هەر پێنج خاڵ بەدوای یەکدا، خاڵی دووەمی بۆ زیاد بکرێت، (دووەم)، خاڵێـك زیاد بکرێت، ئەویش بەو شێوازە بێت: (پێویستە دامودەزگاکانی حکومەت پایەند بـن بـە پێشـکەش کردنـی پشتیوانی و ئاسـانکاری پێویسـت بـۆ ئەنجامـدانی ئـەو مافانـەی لـە بڕگـەی سـەرەوەدا هـاتوون و، دەسـت لـە کاروباری ڕێکخراوەکانی تریشەوە وەرنەدەن)، ڕاستە ئەو خاڵانە لـە سـەرەوەدا هـاتوون، بـەڵام ئەمـە زەخـت کردنەوەیەکە لە یاساکە، چونکە دەبینین لە زۆربـەی کاتـدا، لێـرەدا دەڵێـت مـافی گەیشـتن بـەزانیاری هەیـە، بەڵام پێی نادات، دامودەزگا حکومیەکان پێی نادەن، واتا ڕێگەی پێ نادەن وەکو پێویست بێـت و چـاودێریان بکات، وەکو پێویست ئاسانکاریان بۆ بکات، بۆیە من بە پێویست دەزانم ئـەو خاڵـە زیـاد بکرێـت، بـۆ ئـەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی باشتر بە ئیش و کارەکانی خۆیان هەڵبستن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سەردار رشید کەرەم بکە.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە منیش ڕەئیم وایە تەشخیصی نەوعی ئەو زانیاریانـە بکـەم، چ جـۆرە زانیارییەکـە؟ چـونکە ڕێکخـراو، ڕێکخراوی دیموکراسی و مەدەنیە، ڕێکخـراوی دەزگـای هـەواڵگری، یـەعنی نـەوعی ئـەو زانیاریانـە بەڕاسـتی تەشخیص بکرێت، بۆ ئەوەی بزانین ئەو ڕێکخراوە، چونکە ئەوە مەهامی ئەوەیە کە بگات بە جەمع کردنـی مەعلومات لەسەر ئەفرادو لەسەر حکومەت و لەسەر شتی تر، ئەوە خاڵێك.

خاڵی دووەمیش/ من هاوڕام لەگەڵ برای بەڕێزم دکتۆر سەروەر، کە ئەمە دیارە لەم دەقە لە هەندێك خاڵدا ئیستیفادە لەوەی عێراقیەکە کراوە، حەقە دەوڵەتەکە بکرێت بە حکومەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ژیان عمر كەرەم بكە.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، قسەكانی من كران.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار یاووز كەرەم بكە.

**بەڕێز یاووز خورشید عیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر خاڵی سێ هەیە، ئەویش بەڕاستی ئەو خاڵە زۆر بابەتی گرنگی لەخۆ گرتووە، مەسەلەن وەكو ئیقامەی تەجەموعات و ئیجتیماعات و تەزاهورو ئیزڕاب و موئتەمەرات..........، بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەم خاڵە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: (للمنظمة الحق في اقامة التجمعات والاجتماعات والتظاهر والاضراب واقامة المؤتمرات و ورش العمل وجميع الانشطة المدنية الاخرى) لەكۆتاییدا (ضمن اطار القانون)ی بۆ زیاد بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دكتۆر ڕەفیق كەرەم بكە.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە من پێموایە بڕگەی دووەمی پەیوەندی بەگەیشتنی زانیاری، یان بە دەستكەوت هێنانی زانیارییەوە هەیە، بەو شێوەیەی لێ بكرێتەوە، ڕاستیەكەی یەكێك لە پرەنسیپەكانی دیموكراسی و كۆمەڵگەی دیموكرات ئەوەیە كە هاووڵاتیان و میدیاو هەموو ڕێكخراوەكان مافی ئەوەیان هەبێت زانیاری بەدەست بێنن و مافی ئەوەیان هەبێت بەڵگەنامە ڕەسمیەكانی دامودەزگاكانی دەوڵەت ببینن، بەو مەرجەی ئەو بەڵگەنامانە بەپێی قانون، یان بڕیاری تایبەت سروشتێكی نهێنیان پێ نەدرا بێت، هەر هاووڵاتیەك لە وڵاتانی دیموكراتدا مافی خۆیەتی چاودێری و بەدواداچوون بۆ كاروباری هەر وەزارەتێك و هەر دامودەزگایەك بكات، جا لێرەدا لە خاڵی یەكەمی ماددەی نۆیەمدا هاتووە، ئەم ڕێكخراوانە ڕۆڵ، یان كاروباری ئەو دامەزراوانەی حكومەت هەڵبسەنگێنن، بە دڵنیاییەوە بەبێ بوونی زانیاری، دەستكەوتنی زانیاری لەبارەی كاری ئەو دەزگایانەو بەبێ بینینی دكیۆمێنتە ڕەسمیەكانی، نووسراوە ڕەسمیەكانی ئەو دامودەزگایانە ناتوانن ئەو كارە بكەن، بۆیە من پێشنیار دەكەم بڕگەی دووەم بەو شێوەیەی لێ بێت (دەستكەوتنی هەر زانیاری و بەڵگەنامەیەكی ڕەسمی دامەزراوەكانی دەوڵەت كە بەپێی یاسا، یان بڕیاری تایبەت سروشتی نهێنیان پێ نەدرا بێت)، یەعنی هەر شتێك كە نهێنی نەبێت بەپێی یاسا، یان بەپێی

بڕیارێکی تایبەتی دەزگاکە، ئەو ڕێکخراوانە مافی ئـەوەیان هـەبێت، کـە بچـن ببیـنـن، بـۆ ئـەوەی زەمانـەتی ئەوەش بکەین، کە ئەم کارە پێویست بکرێت دامودەزگاکان ئەو هاوکارییە بکەن، من پشتگیری پێشنیارەکەی دکتۆر سەروەر دەکەم، کە بڕگەیەك زیاد بکرێت، دامودەزگاکانی وڵات، یان حکومەت، یان دەزگـا ڕەسمیـەکان ناچار بکرێن، یان ئیلزام بکرێن بەوەی کە هاوکاری ئەو ڕێکخراوانە بکەن.

سەبارەت بە بڕگەی پێنجەمیان، پێموایە زۆر ڕەکیك داڕێژراوە، ڕەنگە وای لـێ بکرێـت، ئەگـەر کوردیەکـەی وەربگرین هەر ئەوەندە بەس بێت (هەر کارو چالاکیەکی تر بکات، کە لەگەڵ ئامانجەکانیدا ناکۆك نـەبێت)، ئەم بڕگەیە ئەگەر سەیری سەرەوە بکەین دەڵێت ڕێکخراو مـافی هەیـە لـە، ئـەو مـافی هەیـە بـۆ هـەر پێـنـج بڕگەکەیە، بەلاّم لە بڕگەی پێنجەم، لە عەرەبیەکەش تەبیعی هەر وایە، (للمنظمة الحق في) یەك، دوو، سێ، چوار، کە دێتە سەر پێنجەم، دیسان دووبارە دەکرێتەوە (للمنظمة الحق في) جارێکی تر، بۆیە ئەمە زیادەیـە لە بڕگەی پێنجەم ڕێکخراو مافی هەیە پێویست ناکات، چونکە لەسەرەوە بۆ هـەر پێـنـج بڕگەکەیـە کـە مـافی هەیە، ئەو کاتە بەس ئەوەندە بنووسرێت پێنجەم (هەر کارو چالاکیەکی تر بکات، کە لەگەڵ ئامانجەکانیـدا ناکۆك نەبێت)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالسلام بەرواری کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەز دەکەم برادەرانی لیژنەی قانونی و کۆمەڵگەی مەدەنی گوێ بگرن، حەز دەکەم تێبینیەکانی من بە هەنـد وەربگـرن، بـەڕێزان، ئـەم ماددەیـە ئـەرکێکی زۆر سـەرەکی هەیـە، ئـەویش ئیلزامـی کۆمـەڵگا بـە موئەسەسات و ئەشخاصەوە کـە هاوکـاری یـەکتر بکـەن و تێگەیشـتن لـەکارەکانی مونـەزەمات بکـەن، ئـەگینا ڕەئیەك هەیە دەڵێت ئەوانە هەمووی دەتوانرێت لە پەیڕەوی نـاوخۆ بـێن، بـەلاّم پـەیڕەوی نـاوخۆ مـولزەم نییە بۆ جیهات، بۆیە من بـە پێویسـتی دەزانم تێبینیـەکانی ئێمـەو هەڵوێسـت لـەو ماددەیـە زۆر بـە گـرنگ وەربگیرێـت، چـونکە دوو لایەنیـە، یـەك/ وەکـو یاسـاکانی تـر، وەکـو مەسـەلەی خۆپیشـاندان، وا تـێ نەگەیەنرێت، یان خەڵك تێ بگەیەنرێت کە ئەمە قەید دادەنێتە سەر ئیشی مونـەزەمات، لـە هـەمان کاتـدا دەوڵەت بە ئاشکرایی ئیلزامی مونەزەماتی خۆی دەکات، کە ئەم مافانەیان دەستەبەر بکرێت، بـەلاّم ئـەوەش دەبێت بە ڕەئی من ئەم ماددەیە ئەگەر ڕێگام بدەنێ من صیاغەیەکی کاملم هەیـە بـۆ ئـەو ماددەیـە، یـەك/ پشتگیری ئەو خوشك و برایانە دەکەم، ئەوانەی پێشنیاریان کـرد بـوو، تـاکو یـەك وشـە دووبـارە نـەبێت لـە هـەموو خاڵـەکان، لەسـەرەتاوە بـۆ ڕێکخـراو هەیـە لەچوارچـێوەی یاسـاکان و تەبیعـەت، یـان ئامـانجی ڕێکخراوەکان ئەمەی خوارەوە، بەلاّم ئەمە ببێتە (أ)، چونکە (بـت و ج)یـش دێـت، یـان بیکەنـە (اولا وثانیـا وثالثاً)، یەعنی خاڵەکانی یـەك تـاکو چـوار یـەك پـۆلین کردنیـان بـۆ بکـەن، (تقيـيم دور مؤسسـات الدولـة)، ئەسڵەن مـن دژیمـە، دەوڵـە یـەعنی خـاك و خـەڵك و حکومـەت، لـە توراسـی حکومـەتی بـەعس دەوڵـەت و

**میللەتی قوت کرد بوو، مەفهومی دەوڵەت لەلای ئێمە مەفهومی حکومەت دەکات، راست ناکات، لەجیاتی تەقییم من نازانم لەسەر چ ئەساسێك رێکخراوێکی باوکانە کە منداڵەکانیان (ئۆتزمیان) هەیە، پێم نالێن ئیشی من چیە بە تەقییمی موئەسەساتی دەوڵەت، من تەسەور دەکەم فەهمێکی عام هەیە، ببوورن، ئێوەو ئەو پسپۆرانەی کۆمەڵگای مەدەنیش یەك تیپی رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنییان هەیە، ئەوەی موراقەبەی حقوقی ئینسان دەکات، ئەوەی ئەهدافی سیاسی هەیە، رێکخراوەکانی مەدەنی، کۆمەڵگای سڤیل، رەنگە لە 90٪یان عیلاقەیان بە سیاسەت نەبێت، بۆیە ئەم حەقە بە رەوا دادەنێم تاکو ئیتیهام نەکرێن ماف لە رێکخراو وەردەگرن، تۆ ماف دەدەیت، یان ئەوانەی کە رێکخراوێکیان دروست کردووە بۆ پەرەپێدانی بەخێوکردنی مێش هەنگ بچن تەقییمی موئەسەساتی دەوڵەت بکەن، من تێ ناگەم، دەکرێت ئەمە تەقدیری بکەین، بە عەرەبیەکەی (القيام بالدراسات الميدانية والكيفية المتعلقة بطبيعة اهدافها وحق الحصول على دعم المؤسسات الرسمية وغير الرسمية)، ئەمە یەك.**

**دوو/ (الوصول الى المعلومات)، زۆر قسەی لەسەر کرا، هێشتا قانونمان نییە، بەلاّم جارێکی تر، هەتا ئەگەر یاساشمان دەرکرد، رێکخراوێك بەپێی تەبیعەتی ئیشی خۆی دەتوانێت بچێت داوای ئەو مەعلوماتانە بکات، وابزانم یاسایەکەش ئەو وەختە تەحدیدی دەکات، بەس تا یاسا دەربچێت بە رەئی من لێرە (الوصول الى المعلومات المتعلقة بطبيعة عملها ومشاريعها)، تەحدیدی بکەین، ئەوها رەها نابێت، کە قانون دەرچوو، ئەو کاتە ئێمە ئیلغای دەکەین.**

**سێیەم/ (اقامة التجمعات والاجتماعات والتظاهر والاضراب)، دەزانی (الاضراب) یەعنی چی؟ ئەوانەی لە جێگای مەعمەلێکی موعەیەن ئیش دەکەن، پێکەوە بڕیار دەدەن بە عەرەبی (يضرب عن العمل)، واتا مان دەگرین و ئیش ناکەین، رێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنیم بۆ بدۆزنەوە، هەموو ئەندامەکانی لە فەرمانبەری یەك دەزگانە، یان یەك مەعمەلن ئیزراب بکەن، وشەی ئیزراب غەریبە لێرە، کەلیمەی ئیزراب، دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان تەزاهور و ئیزراب، ئیزراب لێرە وجودی نییە، چونکە ئەندامانی ئەو رێکخراوە مەکان عەمەلیان یەك نییە، (نشر التقارير والمعلومات وطبع المناشير) مەناشیر ئەوە پەنجا ساڵە لە ئەدەبیات نەماوە، ئیقتیراح دەکەم بیگۆڕن (طبع ونشر التقارير والمعلومات والبيانات والمواد التثقيفية)، ئەوانەی مونەزەماتەکە دەکەن، ئەگەر قەصدتان بەیانات بێت با هەبێت، بەلاّم پێی دەڵێن بەیانات، بەلاّم تەقاریرو مەعلومات و مەواد سەقافیە بەیاناتە، ئەمە بە رەئی من بکرێتە (أ) (يحق لها بصورة عامة).**

**(ب) وەکو هەندێك برادەر، کاك سەروەرو ئەوانەش باسیان کرد، من دەڵێم ئەو برگە پێنجە بکرێتە (ب)، بەشێوەیەك بێت کە دیاری بکرێت ئەو رێکخراوە ئەمجارە نیمچە سنوورێکە، کە تۆ رێکخراوێك دروست دەکەیت و ئەهدافەکانی دیار دەکەیت، بۆت هەیە هەموو نەشاتەکان، هەموو ئازادیت هەیە لە حدودی تەبیعەتی خۆت، واتا نابێت من جارێکی تر رێکخراوێکی پەرەپێدانی بە ساڵاّچووانم هەبێت و بچم خۆپیشاندانێك بکەم دژی ئۆتۆبانێك لە جێگایەك دەکرێت، دەچم بەو رێکخراوە دەڵێم، بۆیە زەرورییە زۆر ئەو (ب)یە یەعنی ئیشارەت بکرێت، کە هەموو نەشاتاتی خۆی دەبێت لە سنووری تەبیعەت و ئەهدافی ئەو**

ڕێکخراوه بێت، تاکو سپی و ڕەش له یەکتری جیا بکرێنـەوه، ئـەو کاتـه (ج) دەتـوانین بێـنین کـه پێشـنیاری دکتـۆر سـەروەرو بـرادەران و خوشـکان بـوو، ئـەوه پێویسـته هـەموو لایەنـەکانی ڕەسمـی و غـەیری ڕەسمـی هاوکـاری و پشـتگیری و هەماهـەنگی لەگـەڵ ڕێکخراوەکـانی کۆمـەڵگای مـەدەنی بکـەن، بـۆ ئەنجامـدانی کارەکانیان، ئەگەر بتانەوێت بۆتان به تەحریریش دەنووسم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار صباح بیت الله کەرەم بکه.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت خاڵی دوو ل ماددەی نۆ، من دوو پێشنیارێ هەنه بۆ ئـەڤێ خـاڵێ، ئێـك/ ئەڤـه بێتـه زێـده کـرن (الوصول الى المعلومات بموجب القوانين النافذة في الاقليم)، ئەڤەی بـۆ بێتـه زێـده کـرن، یـان ئەگـەرنا بـەری پرۆژه یاسایەك خاندنی له پەرلەمانێ بۆ هاته کرن دەربارێ دەزگا ئینانه زانیاریا، ئەم چاڤه رێ بـین هـەتا ئەڤ پرۆژه یاسایه بێته ئیقرار کرن، چونکه ل ڤی پرۆژه یاسای بـۆ هـەمی کەسـەکی مـافی هـەی کـو زانیاریـا بەدەست بینێتن.

له خاڵه سێ، (اقامة التجمعات والاجتماعات والتظاهر والاضراب) به ڕەئیـا مـن ئەڤـەی بـۆ بێتـه زێـده کـرن (وفق القوانين النافذة في الاقليم)، دیسان له خاڵه چوارێ ل مادده نۆ (نشر التقارير والمعلومات وطبع المناشير بما ينسجم مع اهداف المنظمة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئاواز کەرەم بکه.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تێبینیم لەسەر خاڵی سێیەم هەبوو، که باسی خۆپیشاندان و مانگ گرتن دەکات، هەمووومان دەزانین یاسای خۆپیشـاندان، ڕێکخستنی خۆپیشاندان که ئەمه تەصدیق کراوه لەلایـەن پەرلـەمانی کوردسـتان، بۆیـه ئێمه لێره ئەهـدافی ئـەم مونەزەمەیـە، ئـەرکی ئـەم مونەزەمەیـه نـاکۆك نـەبێت لەگـەڵ یاسـایەکی تـر، پـێم باشتره له کۆتاییدا ئەمەی بۆ زیاد بکرێت، لەکۆتایی خاڵی سێ بنووسرێت لەچوارچێوەی یاسـای ڕێکخسـتنی خۆپیشاندان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دلێر محمود کەرەم بکه.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی هۆیەکی گەیاندنە لەنێوان جەماوەرو حکومەتدا، کەواتە دەبێت هەموو کارەکانی بەپێی یاساو بەشێوەیەکی ئاشتیانەو شارستانە بێت لەپێناوی بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگە بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دوور لە توندوتیژی، من لەسەرەوە وا پێم باشە کە دەڵێت ڕێکخراو مافی هەیە، ئەوەی بۆ زیاد بکرێت وەکو زۆر لە برادەران ئیشارەتیان پێدا بەپێی پسپۆڕی، یاخود کە دێینە سەر خاڵی یەکەم دەڵێت هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی دامەزراوەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستاندا بەپێی پسپۆڕی و بەرنامەی ڕێکخراوەکە بێت، نەوەکو بۆ نموونە ڕێکخراوێك بێت لەبواری ژینگە بچێت لەسەر مەسەلەی دارایی قسە بکات، لەم کاتەدا ئەمانە زۆر جۆرە شتێکی ناکامل دەدات بە کۆمەڵ.

بەنیسبەت خاڵی سێیەمەوە، لەهەموو وڵاتانی دنیا هەرچی خۆپیشاندانێك هەیە، یان کۆمەڵێك شت دەکرێت مۆڵەتی هەیە، بەتایبەتی لەوڵاتە دیموکراتیەکاندا، یان ئاگادار کردنەوەیە، یاخود مۆڵەت هەیە، لەبەر ئەوە منیش لەگەڵ ڕەئی ئاواز خانم، پێویستە بەپێی یاساکانی خۆپیشاندان بێت لەو وڵاتەی کە دەکرێت، بەتایبەتی خۆپیشاندان و مانگ گرتن، یان کۆنگرە، دەبێت پێشتر ئاگادار بکرێتەوە.

لە خاڵی چوارەمدا، لەکاتێکدا دەگوترێت بلاو کردنەوەی ڕاپۆرت و زانیاری و پەخش نامە، ئەمەش دەبێت ئیشارەتی پێ بدرێت بەپێی یاسا، یاخود ڕێنماییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری بێت، وەکو کەسێکی تر بلاو کردنەوە، یان هەر نووسراوێك دەردەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار گۆران ئازاد کەرەم بکە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەکانی من کران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار فازل بەشارەتی کەرەم بکە.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە ئەو بەڕێزانەی پێش من قسەیان لەسەر مەسەلەی گەیشتن بە زانیاری کرد، بە بڕوای منیش مەسەلەی زانیاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پێموایە تەحدید بکرێت، مەسەلەن زانیاری لە چی؟ چونکە بەڕاستی نەك تەنها لەهەرێمی کوردستان، لەهەموو دنیا پێموایە هەندێك زانیاری هەیە، مەفروز نییە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بیزانێت، بەتایبەتی مەسەلەی هەندێك زانیاری هەواڵگری بەشی سەربازی هەیە لەهەموو دنیا، پێموا نییە زانیاری بەشی سەربازی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی

مەفروز بێت، یان کۆمەڵێك زانیاری تر، بۆیە من پێموایە لێرەشدا دەڵێت بەپێی یاسا، ئەگەر بەپێی یاسا تەحدید بکرێت، هەوڵدانیان بۆ گەیشتن بەزانیاری لە چیدا؟ مەسەلەن تەحدید بکرێت لە چیدا؟

خاڵێکی تر، من پێم باشە ئیزافەی بکەم و پێشنیار بکەم لە رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دیاری بکرێت، چونکە لێرەدا لەو ماددەی نۆدا نەهاتووە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی با یەکێك لە ئەرکەکانیان کە بە بڕوای من زۆر زۆر گرنگە، ئەوەتا ئێستا یەکێك کە دەبینین لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە شەقام چی هەیە، نازانم لەو ئالۆزیەی کە ئێستا لە شەقام هەیە، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەوریان چیە؟ بۆیە بەڕاستی لێرە بە بڕوای من تەحدید بکرێت و پێشنیاریش دەکەم با رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی یەکێك لە موهیمەکەیان ئەوە بێت بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵگا، تێگەیشتنی کۆمەڵگا لە وەزعی هەرێمی کوردستان لە رووداوەکان، لە ئەحداسەکانی ئەو هەرێمە کە روو دەدات، بۆیە ئەوەی کە روو دەدات تاکو ئێستا، من دەتوانم بڵێم بەشێکی، چونکە بەپێی ئەو مەعلوماتانە، بەپێی ئەو خەڵکانەی بۆ خۆیان رۆژانە دێنە سەر تەلەفزیۆن پەشیمانی خۆیان دەردەبڕن، داوای ئیعتیزار لە خەڵکی کوردستان دەکەن، بۆیە من دەڵێم ئەمە یەکێك بێت لە ئەولەویەتی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پێگەیاندن و پێگەیشتنی کۆمەڵگا لە ئایندە، ئەوە گرنگە لەناو ئەو پرۆژەیە ئیزافە بکرێت، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئەو دەورە پێی هەڵبستن کە زۆر گرنگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سۆزان شهاب کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

ئێمە لێرەدا باس لە مافەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەکەین، کە دەمانەوێت لەناو چوارچێوەی ئەم یاسایە ئەم مافانەیان بۆ جێگیر بکەین، مەبەست لەم ماددەیە، بەتایبەتی ئەوەیە هیچ رێگرییەك نەهێنرێتە بەردەمی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەژێر هەرچی ناو و پاساوێکدا، چونکە بەشێك لە گەشە کردنی دیموکراسیەت لە هەرێمی کوردستاندا پابەندەو پەیوەستە بە گەشە کردنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، لەبەر ئەوە ئێمە نابێت بەهیچ جۆرێك بیر لەوە بکەینەوە قەیدو قیودو ئەو شتانە دابنرێت و ناویشی بنێین ماف.

سەبارەت بە ماددەی نۆیەم، من حەز دەکەم لە پێشەکی ئەگەر ئێمە گوتمان (للمنظمة ووفق القوانين المرعية في الاقليم الحق في)، یەعنی ئەو شتانەی کە هەیە هەمووی لەچوار چێوەی یاسا دەبێت، ئیتر پێویست ناکات هەموو جارێك دووبارەی بکەینەوە.

لە خاڵی یەکەمدا بۆچی ئێمە هەموومان هێناوتەوەو پڕمان کردۆتەوە لە یەك خاڵدا، ئەویش (تقييم دور مؤسسات الدولة)، کاری رێکخراوەکان زۆر لەوە فراوانترە، کاری رێکخراوەکان زۆر جار هەیە تەبەروع کۆ

دەکەنەوە بەنامەی فەرمی، بۆ ئەوەی یارمەتی نەخۆشی ئۆتیزم بدەن، بۆ نموونـە، نەخۆشـی دڵ، نەخۆشـی جگەر، نەخۆشی سەرەتان، ئەمە کـاری خۆیانـە، مـافی خۆیانـە بتـوانن بیکـەن، بۆیـە مـن پـێم باشـە لـە پـاڵ حەقی خۆشیاندا، ئێمە نموونەمان هەبوو، بەداخەوە کە ئەمسـاڵ بـەردەوام نـەبوون مونەزەمـەی ئاسـك لـە خولی پێشوودا تەقیمی دەوری پەرلەمان و حکومـەتی کـردو زۆریـش سـوودمان لـێ وەرگـرت و کـارێکی زۆر زۆر باشیشیان کـرد، بۆیـە دەبێـت ئێمـە تەشجیعی ئـەو جـۆرە مونەزەمانـەش بکـەین، کـە تـەقیمی ئـەدائی موئەسەسـاتەکان بکات، بـەلاّم لـە پـاڵ ئـەوەدا، لـە پـاڵ تـەقیمی ئـەدائی موئەسەسـاتی دەوڵـەت، کـە دەڵـێین دەوڵەت مەبەستمان ئەوەیە، چونکە ئێمە لەسەر ئاسـتی عێـراقیش ئـەو مونەزەماتانـەی کـە دێـن عێـراقین دێنە ئێرە، دەتوانن هەمان شت بکەن، ئێمەش دەتوانین ئەگـەر خۆمـان تەسـجیل بکـەین لـەوێ هـەمان کـار بکەین، لەبەر ئەوە دەوڵەتەکە ئەگەر بشمێنێتەوە ئاسـاییە، (تقیـیم اداء مؤسسـات الدولـة واجـراء الدراسـات والاستطلاعات والبحوث وحسـب اختصـاص المنظمـة)، یـەعنی لـەپاڵ ئەوەشـدا ئیتسـیتلاعات دەکـات، بحـوس دەکات، دیراسات دەکات، هەرچی فەعالیەتێکە حەسب ئیختیصاصاتی خۆی.

(الوصول الی المعلومات)، زۆر باسی ئەوە کرا (الوصـول الی المعلومـات)، بـەڕێزان، ئەگـەر بڵـێین (وفـق القـوانین المرعیة)، ئێمە هێشتا یاساکەمان نییە، ئەی سبەی ڕۆژێ ئەم مونەزەمەیە داوای کۆمەڵێك مـەعلوماتی کـرد چـۆن بەدەسـتی بێنێـت کـە یاسـامان نییـە؟ راسـتە خوێندنـەوەی یەکـەمی بـۆ کـراوە، بـەس تـاکو ئێسـتا موناقەشەی نـەکراوەو پەسـندیش نـەکراوە، دەکرێـت تـۆ لەسـەر شـتێك ماددەیـەك دابنێیـت لەسـەر شـتێك یاسایەك کـە نـەبێت، ناکرێـت و مافیشـیان هەیـە، بـەلاّم ئێمـە ئێسـتا دەتـوانین باسـی یاسا نەکـەین، بڵـێین (الوصول الی المعلومات ماعدا مایتعلق بامن الاقلیم)، تـەواو، ئـەوەی کـە عیلاقـەی بەسـەر ئـەمنی ئیقلیمـەوە هەیە.

خاڵی سێیەم/ من پێم باشە درێژەی ئەوانی تر بێت، پێش تەجەموعات و شتەکە، (لمؤسسات حکومة الاقلیم التعامل مع المنظمات الغیر حکومیـة)، بـۆ ئـەوەی کـەس ڕێگـری نەهێنێتـە بـەردەمیان لـە مامەلـە کردنیـان، بەڕێزان، ئێمە ئەو حەقیقەتە لە خۆمان نەشارینەوە، هەندێك دەوائیری حکومی هەیە موعامەلەیان لەگەڵ ناکـات، ناشـبێت، ئـەوان ئەگـەر کارێـك دەکـەن، ڕێکخراوەکـان کارێـك دەکـەن، کارێـك بـۆ ئـەوە دەکـەن، بـۆ پێشخستنی کاروباری ئەو دائیرەیە بۆ نموونە، بۆیە تەعامول کردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی زۆر گرنگە لەلایەن موئەسەسـاتی دەوڵەتـەوە، دەبێـت بیڵـێین و مـافی خۆشـیانە، ناشـبێت ڕێگـری بهێنرێتـە بەینیانەوە، لەبـەر ئـەوە دەبێـت صـیاغەیەکی بـۆ بدۆزینـەوە، کـەوا هـیچ ڕێگرێـك نەهێنرێتـە بـەردەمیان، چونکە لە ئاخیردا سوود دەگەڕێتەوە بۆ موئەسەساتی دەوڵەت.

(اقامة التجمعات والاجتماعات والتظاهر والاضراب واقامة المـؤتمرات و ورش العمـل وجمیـع الانشـطة المدنیـة الاخـری الـتي لا تتعـارض مـع اهـداف المنظمـة)، ئیـزڕابیش بێـت زۆر زۆر ئیعتیادییـە، زۆر ئیعتیادییـە، بـۆ نموونە سەکتەرێك لە سەکتەرەکان، ڕۆژێك لە ڕۆژەکان داواکاریەکیان هەیە یەك ڕۆژ بـۆ سـەعاتێك ئیـزڕاب دەکـەن و دوایـی دەچـنەوە سـەر کارەکـەی خۆیـان و دنیـاش کـاول نابێـت، هیچیش نابێت، بەڕاسـتی، بـەلاّم

مونەزەمەكە لەوانەیە پشتگیرییان بكات، ڕێكخراو هەیە پشتگیریان بكات، ڕێكخراوی ماموّستایانمان هەیە، ئەوانەی تر كە پیشەیین، ئەوە عیلاقەی نییە بەسەریەوە، بەڵام دەكرێت پشتگیریان بكەن زۆر ئاساییە، با ئێمە لە هەموو شتێكی مەدەنی سڵ نەكەینەوە، ئیزراب شتێكی زۆر تەبیعیەو دەكرێت لە هەموو شوێنێكدا بكرێت.

چوارەم/ (نشر التقارير والمعلومات وطبع المناشير) مناشير نييە (المنشورات والاستطلاعات وحسب الاختصاص)، تەواو، حەسبی ئیختیصاصی خۆی دەیكات، بۆیە خاڵی پێنجەم لابدرێت، خاڵێك دابندرێت سەبارەت بە تەعامول كردنی موئەسەساتی دەوڵەت لەگەڵ ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار كاك دكتۆر ئەرسەلان كەرەم بكە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەرچی ئەو خوشك و برایانە بەشێكیان ئەوەی كە دەمویست بیڵێم بەتایبەتی كاك جەمال تاهیر بەدیقەت زۆر گوتی، ئێمە لە چاو ئەمریكاو ئەوروپا شتێكی زۆر زۆر بچووكین، ئێوە بینوتان (ویك لیكس) چ قیامەتێكی هەڵستاند، لەبەر ئەوە ناكرێت ئێمە مەسەلەی ئەمنی قەومی هەرێمەكەی خۆمان بە نادیدە بگرین، دەبێت لە صیاغەكاندا مەسەلەی ئەمنی قەومی موراعات بكرێت بەڕاستی.

دووەمیش/ پەیڕەوی ناوخۆی ئەو مونەزەمەیە قانونی شوێنەكە دەكات یان نا؟ بۆ موزاهەرات، بۆ خۆپیشاندان، بۆ ئیحتیجاجات، موراعاتی ئەو مەسەلانە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش، لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علي:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای وتو وێژێكی چڕو پڕی ئەندامە بەڕێزەكان، دەستیان خۆش بێ بۆ ڕوون كردنەوەی ڕێگا بۆ ئێمەش و بۆ یاساكە، یاسایەك جێگەی خۆی بگرێت، پرۆسەی مونەزەماتی مەدەنی، پرۆسەیەكی گرنگە، هەموومان ڕۆژانە باسی لەسەر دەكەین، دەوری فەعالیان هەیە، لەماددەی پێشووش لە ماددەی (8) باسمان لەمەبادئی دیموكراتی و موعاهەداتی دەولی و ئیتیفاقیاتی دەولی حقوقی ئینسان كردووە، لەبەر ئەوە پێویستە لە ئەهدافەكانی و لە حەقەكانیشا بە پێی ئەو بنەمایانەی پێشەوە بڕوات، ئێمە وەكو لیژنەی موشتەرەك، لەسەر زەوئی موقتەرەحاتی ئەو برا بەڕێزانە، ئەو خوشك و برا بەڕێزانە، دیار بوو هەموو كۆكرایەوە لەوەی كەوا پێویستە، هەموو هەقی ئەم مونەزەماتانە، كە ئەڕۆن بە دوای مەعلومات، بەدوای ئیش و كارەكانی خۆیان ئەگەڕێن، لە حدودی یاساو ئیختیساسی ئیشەكانی خۆیان ئەبێ، ئەمە كارێكی ڕەوایەو كارێكی گونجاوە و مۆدرێنە لەگەڵ هەموو یاسایەكان ئەگونجێت، لەبەر ئەوە ئێمە پێمان باش بوو، دوای

ئەوەی کە گەیشتینە گفتوگۆیەك، لەگەڵ برادەرانی کاروباری ڕێکخراوە مەدەنیەکان و لیژنـەی نـاوخۆ، بـەم شێوەیەی خوارەوە ئێمە سیاغەیەکی بکەینەوە، ئەگەر جەنابت بفەرمووی با بیخوێنینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة بەم شێوەی خوارەوەی لێ بێت:

للمنظمة و بموجب القانون وفي مجال عملها الحق في:

1- تقيم اداء مؤسسات الدولة،

ئێمە لێرە بۆیـە موئەسەسـاتی دەولـە ئەهێڵینـەوە، تحصـيل حاصـل ئێمـە ئيقلـيمين، بەشـێکين لـە دەولـەی عیراقی ئیتیحادی، لەبەر ئەوە ئەگەر دەولە بێت ئیختیساس و مەجالی دەسەلاٌتی ئـەم ڕێکخـراوە فـراوان تـر دەبێ.

2-الوصـول الى المعلومـات، الوصـول الى المعلومـات حسـب اختصـاص المنظمـة و وفـق، عـەفوەن، الوصـول الى المعلومات، تەبعەن لە سەرەوە باسمان کرد، ئەڵێ: وفق القانون و لە مەجالی عەمەلی خۆی.

3-اقامة التجمعات والاجتماعات والتظاهر والاضراب واقامة المؤتمرات و ورش العمل وجميـع الانشـطة المدنيـة الاخری.

یەعنی وەکو خۆی مایەوە، بەلاٌم ئەمە لەسـەرەوە باسمـان لێـی کـردووە، چ موزاهـەرە بـێ، چ ئیـزراب بـێ، چ موئتەمەرات بێ، هەمووی (وفق القانون) یەعنی ئەو قانونانەی کەنافیزە لە ئیقلیمی کوردستان.

4-نشر التقارير والمعلومات وطبع المنشورات واستطلاع الرأي.

فەقەرەی پێنجەمیش پێمان وایە ئیلغای بکەینەوە لەبەر ئەوەی زیادەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وتمان ئەبێ موئەسەساتی دەوڵەت ئیلتیزام بکەن بە تەعامول کردن، ئـەوە مـافی ڕێکخراوەکانـە، کـەوا تـەعامولیان لەگەڵدا بکـات، ڕێ گـری نەهێنێتـە بـەردەمیان، دەکـرێ ئـەوە بـە ماددەیـەك دابنـدرێت، وەك مافێك.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرست موداخەلەی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر گوتمان قانون، یەعنی ئیلزام، هەموو مولزەمن، ئەگەر گوتمان قانون و لە ئاخیری قانونەكە (ینفذ من تاریخ كذا) قانون بۆ هەموو لایەك مولزەمە كە ببێت و عیلاقەتی لەگەڵ بێت، موحتاجی ئەو نەصە ناكات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دانا بەكوردی بخوێنەوە، كەرەمكە.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

ڕێكخراو بە پێی یاساو بواری كاركردنی مافی هەیە لە:

1-هەڵسەنگاندنی ئەدای دامەزراوەكانی دەوڵەت.

2-گەیشتنی بە زانیاری.

3-گرێدانی گرد بوونەوەو كۆبوونەوە، خۆپیشاندان و مانگرتن، گرێدانی كۆنگرەو ووۆرك شۆپ و هەموو چالاكیەكی دیكەی مەدەنی.

4-بلاّو كردنەوەی ڕاپۆرت و زانیاری و چاپ كردنی پەخشنامەو ڕاپرسی.

(5) ئیلغا بوویەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك رفیق سابیر كەرەمكە.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارێك هەبوو كە ئەو بڕگەیە زیاد بكرێت، دەزگاكانی حكومەت مولزەم بكات بەوەی كەهاوكاری و زانیاری بدەن بەو ڕێكخراوانە، لەلایەن چەند كەسێكەوە، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ، دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، یەك، دووەم، ئێمە هیچ قانونێكمان نیە لەكوردستان و لە عیراقیش كە دەزگاكانی حكومەت ناچار بكات زانیاری بدەن بە هاووڵاتیان، یان زانیاری بدەن بە ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی یان بە میدیا، پڕۆژە قانونێكی وا لە پەرلەمان هەیە، هیوادارم بە زوویی ئەو پڕۆژەیە بە شێوەیەكی مۆدیرن بكەین، بۆیە قانونەكە ئەمەیان ناگرێتەوە، قانونەكەی .....

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەروەر كەرەمكە.

**بەڕێز د.سەروەرە عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببورە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، قسەكانی من كاك د.رفیق كردی، سەبارەت بەو خاڵەی گەیشتن بە زانیاری، ئەگەر بڵێین بە پێی یاسا، هەقە هەر لای بدەین، چونكە بە هیچ شێوەیەك مافی وەرگرتنی زانیاریان نیە بە پێی یاسا، بەپێی كام یاسا دەتوانن وەری بگرن؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نا، نا، بەپێی یاسا بۆچی نییە؟

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەڵێت بەپێی یاسا ئەو مافانەیان هەیە، من نازانم بە پێی كام یاسا دەتوانێت ڕێكخراوی كۆمەڵگەی مەدەنی، مافی هەبێ زانیاری وەری بگرێت؟ زانیاری بەدەست بێنێ، من پرسیارێكە دەیكەم لەو لیژنەیە، ئەگەر دەڵێن دوای ئەمە دوای شتێكی تر بێ لەوانەیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش كەرەم بكەن، كاك احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕاكەی د.رفیقم، بەو پێیەی كە هیچ یاسایەكمان نیە، ئەو رێكخراوانە و ئەو نەشاتاتانە و ئەو چالاكیانە ئەنجام بدەن، بۆیە من وا پێشنیار دەكەم، لە بری ئەوەی كە بنووسرێ بە پێی یاسا، بنووسرێ لە چوارچێوەی یاسا كارپێكراوەكان، چونكە ئەگەر بە پێی یاسا بێت یەعنی (حسب القانون) یەعنی ئەبێ قانونێكی دیاریكراو هەبێت بۆیان و ئەتوانێ بە پێی ئەو یاسایە چالاكیەكانی خۆی ئەنجام بدات، بۆیە ئەگەر بنووسرێ لە چوارچێوەی یاسا كارپێكراوەكان، چونكە چالاكیەكانیش موتەعەددیدە، یەعنی بۆ ئەوەی یاسایەكانیش بە شێوەی كۆ باس بكرێ باشترە لەوەی كە بڵێی بە پێی یاسایەكی دیاریكراو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عومەر صدیق كەرەم بكە.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەكە روونە، ئامانج و مافی رێكخراوەكان لێرەدا دیاری ئەكرێ لە بەشی چوارەم، بە پێی ئەو بڕگانەی كە هاتوون، لە بڕگەی ئەخیریش لە كۆتایی ئەم قانونە، لە ماددەی 26 هاتووە، كە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان لەسەریانە كە ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن، واتا ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان ئەبێ زانیاری پێویست بە پێی یاسا بدەن بە رێكخراوە ناحكومیەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دانا ڕوونكردنەوەت هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر ئیزافەیەك بۆ ئەوەی كە دەڵێن هیچ یاسایەكمان نیە تا ئێستا، یاسای بەدەستهێنانی زانیاری، بەڵام ئەوەش خۆی لە خۆیدا هەر یاسایەكە، ڕێگا بەوە دەدات كە دەبێن، یەعنی دامەزراوەكان مولزەم دەكات كە زانیاری بدەنە بەردەست، بەڵام ئەگەر ئێمە ئیزافەی بكەین لە جیاتی یاسا، بیكەین بە یاسا كارپێكراوەكان، وەكو ئەوەی ئێستا كە هەیە، با بڵێین چۆن توانیویانە زانیاری بەدەست بێنن، بە پێی ئەو یاسا كارپێكراوانەش دەتوانن زانیاری بەدەست بێنن، ئێمە بۆیە لە جیاتی بە پێی یاسا دەیكەینە بە پێی یاسا كارپێكراوەكان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.ئەرسەلان كەرەم بكە.

**بەڕێز د.ئەرسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم پرۆژە یاسایە لە لایەن حكومەتەوە جێبەجێ دەكرێ، ئەبێ حكومەت كار ئاسانی بۆ ئەمانە بكات، خۆ هەروا پرۆژە یاسا لە خۆمانەوە دەرناكەین، كە حكومەت جێبەجێ دەكات ئەبێ مولزەم بێت بەو بەند و یاسایانەی كە ئەو دوو خاڵەی كە لەناو پرۆژەكەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.سەروەر نیزامیە فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەس ئەوەندەیە ئەو خاڵەی داوامان كردبوو بۆ ئیزافە كردن حەقە بخرێتە دەنگدانەوە، چونكە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە تەئكید ئەیدەینە دەنگدان، باشە كاكە، بەڕێزان ئێستا ئەو پێشنیارە هات و لیژنەی هاوبەشیش ڕوونیان كردەوە كە ئەم یاسایە، كە ئەبێتە یاسا مولزەمە جێبەجێ بكرێ و، حكومەت پابەند دەبێ پێی، ئەو بەڕێزانەش دوو پێشنیار هەیە، هی دوو ئەندامی پەرلەمان، ئەڵێن: بڕگەیەك ئیزافە بكرێ كە حكومەت مولزەمە، جا ئێستا ئەو بڕگەیە ئەدەینە دەنگدان، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بڕگەیەك زیاد بكرێ كە حكومەت مولزەم بێت، كێ لەگەڵە دەستی بەرز بكاتەوە تكایە؟، چوار كەس، كێ لەگەڵدا نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ، حكومەت بە پێی ئەم یاسایە كە لە فەقەرەی ئەخیر دێ، پێویستە ئیلتیزامی پێ بكرێت و هیچ قانونێكی تر موعاریزی لەو بابەتە جێبەجێ ناكرێ، كاكە بیخوێننەوە و خەلاص.

**بەڕێز د.دانا سعید صوٚفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

ڕێکخراو بە پێی یاسا کارپێکراوەکان و بواری کارکردنی، مافی هەیە لە :

1-هەڵسەنگاندنی ئەدای دامەزراوەکانی دەوڵەت.

2- گەیشتنی بە زانیاری.

3-گرێدانی گردبوونەوە و کۆبوونەوە، خۆپێشاندان و مانگرتن، گرێدانی کۆنگرە و وۆرك شۆپ و هەموو چالاکیەکی دیکەی مەدەنی.

4-بڵاوکردنەوەی راپۆرت و زانیاری و چاپکردنی پەخشنامە و راپرسی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیش کەرەم بکەن بیخوێننەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة: للمنظمة وبموجب القوانين النافذة وفي مجال عملها، الحق في:

1-تقييم اداء مؤسسات الدولة.

2-الوصول الى المعلومات.

3-اقامة التجمعات و الاجتماعات و التظاهر والاحزاب والاضراب واقامة المؤتمرات و ورش العمل وجميع الانشطة المدنية الاخرى.

4-نشر التقارير والمعلومات وطبع المنشورات واستطلاع الرأي.

5-الغاء.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵە، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی تر تکایە.

**بەڕێز د.دانا سعید صوٚفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بەشی پێنجەم

## فەرمانگەی ڕێکخراوەکانی ناحکومی

ماددەی دەیەم:

فەرمانگە، تاکە لایەنی دەسەڵات پێدراوە بۆ تۆمارکردنی ڕێکخراوەکان و بەڕێوەبردنی کاروباریان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الخامس**

**دائرة المنظمات غير الحكومية**

**المادة العاشرة:**

**الدائرة هي الجهة الوحيدة المخولة بتسجيل المنظمات و ادارة شؤونها.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەو ماددەیە پێشنیارێك هەیە لە سەرۆکایەتی بۆ ئیلغا کردنی، ئەگەر موافیق بن ئەیخەینە دەنگدانەوە، لێژنەی هاوبەش ڕەئیتان چیە؟.**

**بەڕێز عمر عبد الرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە وەکو لێژنەی هاوبەش کە داوای لابردنی ئەو ماددەیە ئەکەین، لەبەر دوو هۆیە، هۆکاری یەکەمیان ئەصڵەن دائیرە تەعریف کراوە لە بیدایەتەوە دائیرە چیە؟ دووەم لە ماددەی 11 لە فەصڵی شەشەم لە تەسجیلی مونەزەمات، ئەمە ئەم دائیرەیە خاصە بە تسجیل و ئیدارەکردنی ئەم مونەزەمانە، لەبەر ئەوە لە بەشی یەکەمی ماددەی 11 هاتووە بە نەصێکی صەریح دەڵێ: تسجیل المنظمات الکوردستانیة، یجب ان یقدم المؤسسون طلباً الی الدائرة، بما معنی ئەم دائیرەیە لێرە تیکرار کراوەتەوە لەبەر ئەوەی لە فەصڵی پێنجەمدا ئێمە بە زیادی ئەزانین، لەبەر ئەوە داواکارین ئیلغای بکەین.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**پێشنیار بۆ ئەوەی ئەم ماددەیە ئیلغا بیت، کێ لەگەڵدایە؟، 69 کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نیە؟، 3 کەس لەگەڵی نیە، سوپاس، ئەو ماددەیە ئیلغا کرا، ئێستا بۆ بەشی شەشەم، تۆمارکردنی ڕێکخراوەکان.**

**بەڕێز د.دانا سەعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەبەر ئەوەی ماددەی پێشوو ئیلغا کرا، ئێستا ماددەی 11 دەبێ بە ماددەی دەیەم.**

**بەشی شەشەم**

**تۆمارکردنی ڕێکخراوەکان**

**ماددەی دەیەم:**

**مەرجەکانی تۆمارکردن:**

**یەکەم-بۆ تۆمار کردنی ڕێکخراوەکانی کوردستان دەبێ ئەندامانی دامەزرێنەر داوایەك پێشکەش بە فەرمانگە بکەن، بە مەرجێك ژمارەیان لە سێ کەس کەمتر نەبێ، داوایەکەش لە لایەن هەموویانەوە واژووکرابێت و پەیڕەوی ناوەخۆی ڕێکخراوەکەش هاوپێچی بێت لەگەڵ ئەم زانیارانەی دادێن:**

1-ناوی ڕێکخراوەکە و مەبەست و ئامانجەکانی.

2-نـاو، نازنـاو، ڕەگـەز، ڕەگەزنامـە، تەمـەن، پیشـە، ئاسـتی بڕوانامـە و خوێنـدن و شـوێنی نیشـتەجێبوونی ئەندامانی دامەزرێنەر.

3-پەیکـەری ڕێکخراوەکـە و شـێوازی پێکهێنـانی دەسـتەکانی، پسـپۆرایەتی هـەر دەسـتەیەکیان، چۆنیەتی کارکردنی ناوەخۆ و ڕوونکردنەوەی مەرجەکانی ئەندامیەتی ڕێکخراوەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی کەرەم بکە فەرموو.

**بەڕێز عبد السلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێش دەست پێکردن بە خوێندن، دەستم هەڵگرت، بۆیە قسەکەم پێشەوە، کە ماددەی 10 نەما فەصڵی پێنجەم بە رووتی ما، ویستم بڵێم دوو ئیقتیراح هەیە، یان فەصڵی پێنج نامینێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەشـی شەشـەمە کاکـە، باشـە چـاوەکەم، فەسـڵی 5 لادەچـێ و فەسـڵی 6 دەبێتـە فەسـڵی 5، کـاك د.احمـد کەرەمکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من ئەو پرسیارەم هەیە کە ئەو ڕاپۆرتە ڕاپۆرتێکی هاوبەشی لیژنەکانە، نـازانم بـەڕێزان لـە لیژنـەی هاوبەش چۆن ئەو مافەیان بە خۆداوە کە پێشنیاری ئەوە بکەن فەسڵێك یان ماددەیەك ئیلغا بکرێت؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرۆکایەتی پێشنیاری کرد ئەو بەڕێزانەی لێرەن نوێنـەری لیژنەکـەن و تەئیـدیان کـرد، ئـەوەکانی تـریش دەتوانن بێن لەگەڵیان دابنیشن، زۆر سوپاس، ئێستا بەشی شەشەم بووە بەشی پێنجەم ماددەکە بخوێننـەوە، کەرەمکە کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەسڵی شەشەم کە دەبێتە فەسڵی پێنجەم لەبەرئەوەی پێنجەم لە بیدایەت دا بە دەنگ ئیلغا کرا بە واتا:

**الفصل الخامس**

**تسجيل المنظمات**

**المادة العاشرة: شروط التسجيل:**

أولا: لتسجيل المنظمات الكوردستانية يجب ان يقدم الاعضاء المؤسسون، طلبا الى الدائرة على ان لايكون عددهم اقل من ثلاثة اشخاص، ويكون الطلب موقعا من قبلهم جميعا ومرفقا به النظام الداخلى للمنظمة مع المعلومات التالية:

1- اسم المنظمة واغراضها واهدافها.

2- الاسم، اللقب، الجنس، الجنسية، العمر، المهنة، مستوى التحصيل الدراسي، ومحل سكن الاعضاء المؤسسين.

3- هيكلية تكوين المنظمة واساليب تكوين هيئاتها واختصاصات كل هيئة منها وكيفية عملها و الانتخابات الداخلية و توضيح شروط عضوية المنظمة.

ثانيا: المنظمات العراقية:

تتعتبر المنظمات العراقية المسجلة لدى السلطات الاتحادية مسجلة تلقائيا فى الاقليم وعليها تقديم المعلومات التالية للدائرة باللغتين الكوردية والعربية.

1- اسم المنظمة واسم من يمثل المنظمة فى الاقليم.

2- عنوان ورقم هاتف المكتب الرئيسي للمنظمة فى العراق.

3- خطط العمل للنشاطات التى تنوي المنظمة تنفيذها فى الاقليم.

4- نسخة مصدقة من وثائق التسجيل الاتحادية للمنظمة.

ثالثا: المنظمات الاجنبية من اجل الحصول على شهادة التسجيل ينبغى على المنظمات الاجنبية تقديم المعلومات التالية للدائرة باللغة الكوردية.

1- اسم المنظمة.

2- عنوان و رقم هاتف مكتب المنظمة الرئيسى فى العراق وبلد الام.

3- بيان الاهداف والنشاطات التى تسعى المنظمة لتحقيقها فى الاقليم.

4- نسخة مصدقة من النظام الداخلى للمنظمة.

5- تأيد يثبت تسجيل المنظمة كمنظمة غير حكومية فى البلد الام.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە كوردیەكەی، كاك دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی پێنجەم**

**تۆماركردنی ڕێكخراوەكان**

ماددەی دەیەم/

مەرجەكانی تۆماركردن

یەکەم: بۆ تۆمار کردنی ڕێکخراوەکانی کوردستان دەبێ ئەندامانی دامەزرێنەر داوایەك پێشکەش بە فەرمانگە بکەن بەمەرجێك ژمارەیان لە 3 کەس کەمتر نەبێت، داوایەکەش لەلایەن هەموویانەوە واژوو کرابێت و پەیرەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکەش هاوپێچی بێت لەگەڵ ئەم زانیاریانەی دادێن:

1. ناوی ڕێکخراوەکە و مەبەست و ئامانجەکانی.

2. ناو، نازناو، ڕەگەز، ڕەگەزنامە، تەمەن، پیشە، ئاستی بڕوانامەی خوێندن، شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەندامانی دامەزرێنەر.

3- پەیکەری ڕێکخراوەکە و شێوازی پێکهێنانی دەستەکانی پسپۆرایەتی هەر دەستەیەکیان، چۆنیەتی کارکردنی، هەڵبژاردنی ناوخۆ و ڕوونکردنەوەی مەرجەکانی ئەندامیەتی ڕێکخراوەکە.

دووەم/ ڕێکخراوەکانی عێراق

ڕێکخراوەکانی عیراق کە لەلای دەسەڵاتی فیدراڵی دا تۆمار کراون بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە هەرێمدا بە تۆمار کراو دادەندرێن و لەسەریانە ئەم زانیاریانەی دادێن بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی پێشکەش بە فەرمانگە بکەن.

1. ناوی ڕێکخراوەکە و ناوی ئەو کەسەی نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکە دەکات لە هەرێمدا.

2. ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنی نوسینگەی سەرەکی ڕێکخراوەکە لە عیراقدا.

3. پلانی کاری ئەو چالاکیانەی ڕێکخراوەکە دەیەوێ لە هەرێم دا جێ بەجێ یان بکات.

4. دانەیەکی ئەرێ کراو (تصدیق) لە بەڵگەنامەکانی فیدراڵی تۆمارکردنی ڕێکخراوەکە.

سێیەم/ ڕێکخراوەکانی بیانی

لە پێناو بە دەست هێنانی بڕوانامەی تۆمارکردن دەبێ ڕێکخراوەکانی بیانی ئەم زانیاریانەی دادێن بە زمانی کوردی پێشکەش بە فەرمانگە بکەن.

1. ناوی ڕێکخراوەکە.

2. ناونیشان و ژمارە تەلەفۆنی نووسینگەی سەرەکی ڕێکخراوەکە لە عیراق و وڵاتی دایك دا.

3. ڕوونکردنەوەی ئەو ئامانج و چالاکیانەی ڕێکخراوەکە هەوڵ دەدات لە هەرێم دا جێ بەجێ یان بکات.

4. دانەیەکی ئەرێ کراو لە پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە.

5. پشتگیریەك کە تۆمارکردنی ڕێکخراوەکە وەك ڕێکخراوێکی ناحکومی لە وڵاتی دایك دا بسەلمێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ دەیەوێ موداخەلە بکات؟ ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ موداخەلە بکەن، بەفرین حسین، خلیل عثمان، جمال طاهر، ئاسۆ کریم، امینە ذکری، شوان کریم، عبدالسلام بەرواری، صباح بیت الله، دلێر، لانە، فاضل بەشارەتی، هاژە سلیمان، د.احمد وەرتی، بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 11 باس لە مەرجەکانی تۆمار کردن دەکات جارێکی تریش لە بڕگەیەکی تر جارێکی دیکە دووبارە بووەتــەوە، بۆیــە پێشــنیار دەکــەم تۆمــاری دووەم لابربێــت وەك چــۆن لــە بڕگــەی 2 و 3 دا نووســراوە ڕێکخراوەکــانی عــێراق و ڕێکخراوەکــانی بیــانی تــەنها ڕێکخراوەکــانی کوردســتان بێــت و تۆمارکردنەکــەیان لابربێت، چونکە لەسەرەوە هەم دیسان مەرجەکانی تۆمارکردن هاتووە، تێبینی دووەمم لەسەر ژمــارەی ئــەو ســێ کەســەیە ئەگــەر بێتــو ئەنــدامانی دەســتەی دامەزرێنــەر ژمارەیــان 3 کــەس بێــت ئەمــە ژمارەیــەکی ستانداردی جیهانیە بۆ ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر ئەوە من هیچ قسەیەکم لەسەری نیــە، بــەڵام ئەگــەر ستانداردیش نیــە ژمــارەی ســێ کــەس مــن پێموایــە ئــەو ژمارەیــە زۆر کەمــە، هــەر لــە عائیلەیەکدا دایــك و باوکێك یان دوو منداڵەکانی دەتوانن داوایەك تۆمار بکەن بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا قسەی من لەسەر دەقە کوردیەکەیە لەبڕگەی 4 و لــە بڕگەیــەکی دیکــەش دا هــاتووە دانەیــەکی ئــەرێ کــراو، لــەپاڵی دا نووســراوە تەســدیق مــن پێموایــە ئــەم ئــەرێ کــراوە بــە مــەعنای ئیجاب دێــت زیــاتر، ئــەوە بکرێــتە پەسەند کراو باشترە، کەلیمەی پەسەند کراو بەکاربێت لە جیاتی ئەرێ کراو باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لێرە تەقریبەن دوو، سێ مولاحەزەم هەنە، یەکــەم/ لــە خــاڵی یەکــەم (اســم المنظمــة اغراضــها واهــدافها) ئەوە لێرە تەقریبەن نزیکــی یــەکن ئــەغراز و ئەهــداف، ئیداریــەن، بۆیــە پێشــنیار دەکــەم بنووســرێت (اســم المنظمــة مهامهــا واهــدافها) ئەمــە یــەك، خــاڵی ســێیەم (هیکلیــة تکــوین المنظمــة) وادیــارە بــڕادەران تــا ئێســتا تەقریبــەن جیاوازیــەك نەکریــە مــا بــەینی هەیئــە و مونەزەمــە، وشــەی هەیئــە (Faculty) گــەورەترە لــە (Organization) کە مونەزەمەیــە، چــونکە هەیئــە ئیحتمالــە دە مونەزەمــەی تێــدا بێــت، بۆیــە پێشــنیار دەکەم ئەو خاڵە وابنووسرێت، (ثالثا: تشکیلات المنظمة واســالیب تکوینهــا واختصاصــاتها وکیفیــة عمــل کــل منها........ الانتخابات الداخلیة وتوضیح شروط عضویة المنظمة)، خــاڵی ســێیەم (بیــان الاهــداف والنشــاطات التی تسعی المنظمة لتحقیقها فی الاقلیم) نەشاتات شتێکە و ئەهداف شــتێکی تــرە، تــەحقیق لەگــەڵ ئەمــە و لەگەڵ ئەوە ناگونجێ، بۆیە پێشنیار دەکــەم (بیــان النشــاطات التــی تنــوي المنظمــة القیــام بهــا والاهــداف التــی تسعی لتحقیقها فی الاقلیم) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاسۆ  فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یەکەم لە بڕگەی 2 کە نووسراوە ناو و نازناو ئیتر ئەوانە لێرە من تەنها پرسیارێکم هەیە کە باسی جنسیە کراوە ئایا ئەمە یەکێکی دیکە لەوانەی کە بابڵێین لە هەیئەی موئەسەسە یان لەوانەی دەستەی دامەزرێنەرن لە سێ کەس یان زیاتر ڕەگەزنامەی ولاّتێکی تریشی هەبێت و، مونەزەمەیەکی کوردستانی دابمەزرێنێت، مەبەستەکە ئا ئەوەیە، ئەو دەم تەئسیر لە سیفەتی مونەزەمەیەکی کوردستانی ناکات؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئامینە زکری کەرەمکە.

**بەڕێز ئامینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت خالاّ سێیێ، پەیکەرێ ڕێکخراوا، گەلەك مونەزەماتێت هەی، نە هەڵبژاردنێت ناڤخۆ دێنە کرن، نە ئەندااما وەرگرن، یەعنی پێتڤی هندێ ناکا، بۆ نموونە ئەز بێژم، ئەو مونەزەمێ من تێدا شۆل کرد، ئیختیساسێ وی بەس ڕا پرسی بوون، ئەز موحتاجی هندێ بووم، موتەخەسسەکێ کۆمپیوتەری، ئێکێ داتایێ، ئێکێ ژمێریاریێ، یەعنی چار پێنج کەسەك بوون، کو پێتڤی نەکرد ئەز چ ئەندااما وەربگرم، یان مونەزەمەیەکی یا گرێدای خێر خازیێ، یەعنی هەمی مونەزەمات نە ئەندااما وەرگرن، نە هەڵبژاردنێ ناڤخۆ بکەت، ل کوردستانێ دێ هەمی مونەزەمات، ئیلزام بێنە کرن، کو هەڵبژاردنێ ناڤخۆ بێنە کرن، ڤێ گاڤیدا، دێ ئەز شێم ناڕاستیا بێژم، بێژم من ناڤخۆدا هەڵبژاردن کریە و ئەز بومە سەرۆکا وێ، بلا ئەم وان فێری هندێ نەکەین، کو تشتەکێ وێ مونەزەمێدا نەیی، ئیجبار سەربکەین کو هەڵبژاردنێ ناڤخۆ بێنە کرن، یان ئەندام بێنە وەرگرتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شوان کریم کەرەمکە.

**بەڕێز شوان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کۆتایی بڕگەی یەکەمدا، کە ئەڵێت پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکەش هاوپێچ بێت لەگەڵ ئەم زانیاریانەی دێن، دواتر لە سێی یەکەمدا هاتووە دەڵێت، پەیکەری ڕێکخراوەکەو شێوازی پێکهێنانی دەستەکانی، چۆنیەتی هەر دەستەیەکیشیان، چۆنیەتی کارکردنی، هەڵبژاردنی ناوخۆو ڕوون کردنەوەی

مەرجەکانی ئەندامێتی ڕێکخراوەکە، باشە من پرسیارێك لە لیژنە بەڕێزەکان دەکەم، ئەمە هەر پەیڕەوی ناوخۆکە نیە خۆی؟، پەیڕەوی ناوخۆ بریتیە لەوانەی کە ورد کراوەتەوە، لەبەر ئەوە یا دەبێت سێهەمی تیا نەبێت، یا دەبێت هاوپێچی پەیڕەوی ناوخۆکەی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام بەرواری کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکەی ئامینە خان دەکەم، ئێمە ئەتوانین تەنها لەسەر خاڵی سێهەمدا، من پێموایە لە سەرەتا کە هاتووە، ئەم داواکاریە پێشکەش بکەت، کە ئەم شتانەی تێدایە، وە هاوپێچیش پەیڕەوی ناوخۆ بێت، من هەوڵی سیاغە زۆرجار داومە، بەلاَم ئەگەر وا لێ بکەن، ماددەی سێیەم، ببێتە پێشکەش کردنی پەیڕەوی ناوخۆ کە تێیدا، وە تەکمیلە بکەن، بۆ؟، لە زۆر جێگا ئەم یاسایە هاتووە، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ، بۆیە من تەسەوردەکەم بۆ تەکمیلی یاسایی، چونکە لە هەندێك جێگا باسی شتێك کراوە، گوتوویانە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ، هەدەف لێرە لە خاڵی سێیەم، مەبەستی موشەرع ئەوەبوو، کە بڵێت هەویکەلیەو، ئەساليب و، تەکوین، یەعنی ئەو شتانەی کە على ئەقەل دەبێت لە هەر پەیڕەوێکی ناوخۆداهەبن، لێرە تەسبیت کراون، هەدەف وابزانم ئەو بوو، بۆیە یەکەم، ئەو مەسەلەی ئینتیخابات شەرت نیە، کەلیمەی هەیئە، من نازانم مەبەست چیە لە هەیئە؟، ئەوانەی لە کۆمەڵگای مەدەنی ئیشیان کردووە، هەیئە یەعنی چی؟، یان بەشە ئیداریەکانن، یان فروعاتە خسوسیەکانن، بۆیە ئەم وشەی هەیئەیە لە جێگایەکی تریش، تەبەنی کراوە من نازانم هەیئە چیە؟، ئەمە ئیقتیراحی من یەکەمە، یەعنی دوو وشەی پەیڕەوی ناوخۆ کە لە سەرەتاوە هاتووە لابدە، لە خاڵی سێهەم بڵێ، پەیڕەوی ناوخۆ کە تێیدا پێویستە ئەمەی خوارەوەی تێدابیت بە پێی ئینتیخابات، بەلاَم چونکە لە چەند ماددەی تر باسی دەمج و حەل کراوە، جارێکی تر وتراوە بە پێی مەنهەجی پەیڕەوی ناوخۆ، بە پێویستی ئەزانم لێرە چۆن نووسیوتە(تكوين وتوضيح شروط)، ئیزافە بکەی چۆنیەتی هەڵوەشاندنەوەو دەمج کردن، شتێکی تریش، باسی ئەو کەسەی نوێنەرایەتی ڕێکخراو دەکات، وەکو لە ماددەی قەرارات، ئەو کەسەی کە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ دەست نیشان کراوە، ئەوا بە تەسەوری من لێرەش دەبێت بڵێی، واتە ماددەی سێهەم بڵێت، پەیڕەوی ناوخۆ کە پێویستە بە لای کەمەوە پێك هاتبێت، یەعنی هەیکەلیەی مونەزەمە، چۆنیەتی پێکهێنانی بەشەکانی و بزانن هۆبەکانی، وە کاری هەریەك لەوانە، دیار کردنی مەرجەکانی ئەندامێتی، چۆنیەتی هەڵوەشاندنی ڕێکخراوەکە، دەست نیشان کردنی ئەو کەسەی کە نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکە دەکات، بە تەسەوری من ئەوە هەقی ئەو خاڵە دەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك صباح بيت الله کەرەمکە.**

**بەڕێز صباح بيت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی 11 ئەوەلەن بێژیتن، نسبەتا دەستەیا دامەزرێنەر، (ان لا يكون العدد اقل من ثلاثة اشخاص)ئەز پێشنیار دکەم ڤێ ڕەنگێ بیتن، (ان لايكون العدد اقل من خمسة اشخاص و متمتعين بالاهلية القانونية) دیسان ماددەی 11، ثالثا، فقرة 3، ئەز تەئیدا پێشنیارا سەیدا جمالی دکەم، کە ئەهداف و نەشاتات هاتینە تێکەلێ کرن، ئەو سیاغا سەیدا جمالی گۆتی ب ڕاستی، ڤێ ڕەنگی بێتە داڕشتن، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك دلێر کەرەمکە.**

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە ولأتانی دیموکراتیدا زیاتر کارەکان و بیر کردنەوەکان، لە هەموو پەیکەرێکی سیستەمی سیاسی و کۆمەلأیەتی و ڕۆشنبیری، بەرەوە کاری جەماعی دەڕوات، بۆ ئەوەی هەر ڕێکخراوێکیش کە دادەمەزرێت زیاتر مشورخۆری هەبێت، لە هەموو کاتێکدا، بۆیە دەستەی دامەزرێنەر، من وای بە باش دەزانم لە پێنج کەس بۆ حەوت کەس بێت، هەروەها لە دوو کەسیان زیاتر خزمی دەرەجە یەکی یەکتری نەبن، و کو براو برا، خوشك وخوشك، خوشك و براو، ژن و مێردو، باوك و دایك و، نەوە، ئەمە خالێك، خالێکی تر بە نیسبەت ڕێکخراوە بیانیەکانەوە کە دێنە هەرێمی کوردستانەوە، من وای بە باش دەزانم یەکێك لە خالەکانی ئەوەبێت، کۆك نەبێت لەگەلێ یاسای ڕێکخراوە نا حکومیەکان لە هەرێمی کوردستاندا، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك فاضل بەشارەتی کەرەمکە.**

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لەسەر ئەو ماددەیە تەنها تێبینەیەکم لەسەر ماددەی سێهەم، ڕێکخراوەکانی بیانی هەیە، کە برای بەڕێزم کاك دلێر ئیشارەتی پێی کرد، بە بڕوای من، خالێ شەشی بۆ ئیزافە بکرێت، ئەویش بە دانانی لیژنەیەك یان تۆڕێکی چاودێری، چونکە بەڕاستی لێرە باسی ڕێکخراوەکانی بیانی دەکات، ڕێکخراوەکانی بیانی بۆئەوەی چۆن ئێمە مەبەست و تایبەتمەندی خۆمان هەیە، بە تەئکید ئەویش ئەهدافی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی بە هەقیقەت لێرە زیاتر بۆ تایبەتمەندی، یان پاریزگاری کردنی کیانی نەتەوەیمان، بەڕاستیەکەی مەفروزە لێرە، تۆڕێك یان لیژنەیەکی چاودێری کردن، بە دزە نەکردنی هیچ جۆرە مەعلوماتێك لە لایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی، وە بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی، بیانی**

هەبێت، لەبەر ئەوەی لەوێ هەروەکو ئەڵێ تەناقوزاتێك دروست نەبێت، کە زەربە لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئێمە لە هەرێمی کوردستان بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لانە خان ئەگەر ببووری ناوتمان باز داوە، سڕابۆوە لێرە کەرەمکە.

**بەڕێز لانە احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت فەسلی شەشەم کە بوویتە پێنجەم، یەعنی بە ڕەئی من کە دەبینم ئەو تەسنیفە کراوە، مونەزەماتی کوردستانی و، عیراقی و، ئەجنەبی، بە ڕەئی من ئەوە یەعنی پێویست ناکات ئەو تەسنیفە لێرە بکرێت، لەبەر ئەوەی لە فەسلی یەکەم، ئەگەر بگەڕینەوە، تەسنیفمان کردووە، لە چوارەم و پێنجەم و شەشەم، لێرە لە عەینی کاتیش دەبینم زۆر نوقات هەیە دووبارە کراوەتەوە، ئەوەی من پێشنیار دەکەم کە بەو شێوەیە بێت، سیاغەکە بکرێت، بە نیسبەت فەسلی پێنجەم، کەلە زمنی عنوانەکەی(تسجيل المنظمات، شروط تسجيل المنظمات الكوردستانية- العراقية- الاجنبية) زائیدەن هەندەك ئیزافاتی دیکەی بێتە سەر، لێرە کە خاڵی یەکەم دەڵێین(تسجيل المنظمات يجب ان يقدم الاعضاء المؤسسون طلبا الى الدائرة على ان لايكون عددهم اقل من ثلاثة اشخاص)، تەبعەن ئەوەش پشتگیری لە ڕەئی کاك صباح وکاك دلێر دەکەم، بە ڕەی من سێ کەس، عەدەدەکەی زۆر کەمە، یەعنی لە پێنج هەتا حەوت بێت، وە ئەهلیەی قانونیشیان هەبێت، لە عەینی کاتیش خوشك و برا نەبن ، لە یەك خێزان نەبن، (وان يكون الطلب موقعا من قبلهم جميعا و مرفقا به النظام الداخلى للمنظمة باللغتين الكوردية والعربية) لێرە ئیزافە بکرێت، لە عەینی کات خاڵی سێیەم، (هيكلية المنظمة) کەلە مابەینی دوو قەوس نووسراوە(تكوين المنظمة)، (واساليب التكوين)، لە باتی ئەو (هيئاتها) ببیتە (وحداتها)، (واختصاص كل وحدة منها وكيفية عملها وبيان نشاطاتها)، ئەو(وبيان نشاطاتها)ئیزا فە بکرێت، لەگەڵ خاڵێکی تریش ئیزافە بکرێت، خاڵەکەش ئەوەیە، (عنوان ورقم هاتف المنظمة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان کەرەمکە.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی 11 کە بوو بە ماددەی دەیەم، یەکەم، خاڵی سێیەم، کە هاتووەو دەڵێت، پەیکەری ڕێکخراوەکەو شێوازی پێکهێنانی دەستەکانی پسپۆڕایەتی هەر دەستەیەکیان چۆنیەتی کارکردنی هەڵبژاردنی ناوخۆ، ڕوون کردنەوەی مەرجەکانی ئەندامێتی ڕێکخراوەکە، پێموایە ئەوە زیادە، پەیوەندی

بە پەیڕەوی ناخۆ هەیە، کە تەحدیدی دەکات، مادەم پەیڕەوی ناخۆش هاوپێچ دەبێت، کەواتە پێویست بەوە ناکات، کە باس لە هەڵبژاردنی ناوخۆ بکرێت، یان مەرجەکانی ئەندامێتی ڕێکخراوەکە، دووەم، لە ڕێکخراوەکانی عیراق، لە خاڵی دووەمدا، ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆن و، پێموایە بەریدی ئەلیکترۆنیشی بۆ زیاد بکرێت، چونکە ئێستا زیاتر پەیوەندیەکان و، قسەو گفتوگۆکان لە ڕێگەی بەریدی ئەلیکترۆنیەوە دەکرێت، پێموایە ئەوە گرنگە کە بۆی زیاد بکرێت، وەهەروەها خاڵێکی تر زیاد بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە، لە ڕێکخراوەکانی عیراق ئەوە نەهاتووە، پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە، کە هەبێت لەناو مەرجەکان، سێیەم لە ڕێکخراوەکانی بیانی، یەکەم، ناوی ڕێکخراوەکەو، دیسان ئەوەش وەکو ڕێکخراوە عیراقیەکە، وەناوی ئەو کەسەی نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکە دەکات لە ناو هەرێمدا، دوەم بە هەمان شێوە، ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆن و بەریدی ئەلیکترۆنی ڕێکخراوەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار د.احمد کەرەمکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی سێهەم، ئەوەلەن، منیش بە هەمان شێوەی هاوکارانم ئەو تێبینیەم هەیە کە ئەو خاڵە مادام نیزامی داخیلی پێشکەش دەکات، ئەو خاڵانەی کە(هیئة تکوين المنظمة واساليب تكوين هيئاتها.......الخ)، ئەوانە هەمووی لە نیزامی داخیلی تۆمار کراون، کەوابوو لێرە پێموایە زیادەیە ئەو خاڵی سێهەم، دەکرێت نەبێت، چونکە مادەم پەیڕەوی ناوخۆی پێشکەش دەکات، لەناو پەیڕەوی ناوخۆ هەموو ئەو خاڵانە نووسراون، سەبارەت بە ثانیا (تعتبر المنظمات العراقية المسجلة لدى السلطات الاتحادية مسجلة تلقائيا في الاقليم) لە کوردیەکە نووسراوە، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، من پێموایە ئەگەر بنووسرێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە هەرێمدا بە تۆمارکراو دادەندرێن، باشترە لەوەی کە تلقائیەن بە تۆماتیکی تەرجەمە بکرێت، سەبارەت بە فەقەرەی ثالثا(المنظمات الاجنبية) منیش هاوڕام لەگەڵ ڕای هاژە خان، کە پێویستە ئەوانیش نیزامی داخیلی خۆیان پێشکەش بکەن لەگەڵ مەعلوماتەکان، لەگەڵ ئەوەشدا بنووسرێت، (باللغتين الكورديه والعربيه)، نەوەك بە تەنها زمانی کوردی، چونکە ئەوان مونەزەماتی ئەجنەبین، کە هاتوونەتە عیراقەوە، بەر لەوەی هاتبنە هەرێمی کوردستان، هاتونەتە وڵاتێك کە عیراقە، حەتمەن ئەو زانیاریانەیان یان نیزامی داخیلی خۆیان بە زمانی عەرەبیش هەیە، بۆیە موتابەقە بکرێت لەگەڵ زمانی کوردی، پێویستە بە زمانی کوردی و عەرەبی پێشکەش بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش کەرەمکەن، بەڕێزان زۆر سوپاس، بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، زۆر موداخەلەی باشتان کرد، ئەم ماددەیەش زۆر گرنگە، بە تایبەت وەرگرتنی ئیجازە، وەکو هەندێ ئەندامی بەڕێزیش ئاماژەیان پێیدا، لە زۆر وڵات هەیە، ئەبێ ئەوانەی دایدەمەزرێنن، دانیشتنێکی خۆیان بکەن، ڕاپۆرتیان هەبێ بڕیاردەرو بەرپرسی دارایی دیاری بکەن، ئینجا داوا بکەن لە شوێنەکانی تر، پاشان هەقیان ئەبێ ژمارەی بانکیش بکەنەوە، بۆیە ئێمە داوا لە لیژنەی هاوبەش دەکەین باشتر دیراسەی بکەن، سبەی سەعات یەك ئەلێرە بەردەوام دەبین، لەسەر دانیشتنە کەمان، یەك، بەیانیەکەی ئیلتیزاماتی تر هەیە، یەکی پاش نیوەڕۆ سبەی، تاکو ئەو کات بەخواتان ئەسپێرین کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆ دێنین، باشە سەعات 2ی پاش نیوەڕۆ سبەی، بە سەلامەت بچن، خواتان لەگەڵ.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د. ارسلان بایز اسماعیل | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)**

**چوارشەممە رێکەوتی 6\4\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (4)

## چوارشەممە رێكەوتی 2011/4/6

كاتژمێر (2)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2011/4/6 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) له پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (4)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن له كات (2)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2011/4/6 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە روو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای كاری رێكخراوە ناحكومیەكان له هەرێمی كوردستان.

2-خستنە روو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای گرنگیدان بە گەنجان له هەرێمی كوردستان.

3-خستنە روو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای پرۆژە بچووكەكان له هەرێمی كوردستان.

4-خستنەروو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای سندوقی پاڵپشتی گەنجان له هەرێمی كوردستان.

5-خستنەروو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای پشتگیری دارایی بۆ حیزب و قەوارە سیاسیەكان له هەرێمی كوردستان.

6-خستنە روو و گفتوگۆكردنی یاسای دەستەی نەزاهەی گشتی له هەرێمی كوردستان.

7-خستنەروو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای قەدەغەكردنی رێكخستنە حیزبیەكان لەناو رێزەكانی پێشمەرگە و ریزەكانی ئاساییش.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەكەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (4)، رۆژی دانیشتن 2011/4/6، بەرنامەی كار:

به پێی حوکمەکانی ماددەی (1)ی برگە 20 لە پەیڕەوی ناوەخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە 4ی ئاسایی خولی سییەمی هەڵبژاردن، لە کاتی 2ی پاش نیوەرۆ، رۆژی چوارشەممە، لە رێکەوتی 2011/4/6دا، بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە روو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای کاری رێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان.

2-خستنە روو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای گرنگیدان بە گەنجان لە هەرێمی کوردستان.

3-خستنە روو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پرۆژە بچووکەکان لە هەرێمی کوردستان.

4-خستنەروو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای سندوقی پاڵپشتی گەنجان لە هەرێمی کوردستان.

5-خستنەروو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پشتگیری دارایی بۆ حیزب و قەوارە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان.

6-خستنە روو و گفتوگۆکردنی یاسای دەستەی نەزاهەی گشتی لە هەرێمی کوردستان.

7-خستنەروو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای قەدەغەکردنی رێکخستنە حیزبیەکان لەناو ریزەکانی پێشمەرگە و ریزەکانی ئاساییش.

ئێستا داوا لە لێژنەی هاوبەش، یاسایی، ناوەخۆ، کۆمەڵگای مەدەنی دەکەین، کەرەم بکەن بۆ ئێرە ، فەرموون.

لێژنەی هاوبەش، ئێستا ئەوەی کە دوێنێ دانیشتن، صیاغەی بکەن و دووبارە بیخوێننەوە، ئەیدەینە دەنگدان، پێشەکی بە کوردی بیخوێنن، پاشان بە عەرەبی تکایە، فەرموون.

**بەڕێز د.دانا سعید صوفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی پێنجەم:

تۆمار کردنی رێکخراوەکان

ماددەی دەیەم:

مەرجەکانی تۆمار کردن:

1-بۆ تۆمارکردنی رێکخراوەکانی کوردستان، دەبێ ئەندامانی دامەزرێنەر داوایەك پێشکەش بکەن بە فەرمانگەی تایبەت بە تۆمارکردن و بەرێوەبردنی کاروباری رێکخراوەکان، بە مەرجێك ژمارەیان لە سێ کەس کەمتر نەبێت، داوایەکەش لە لایەن هەموویانەوە واژوو کرابێت و پەیڕەوی ناوەخۆی رێکخراوەکەش هاوپێچی بێت، کە ئەم زانیارانەی دادێن لە خۆ بگرێ:

1-ناوی رێکخراوەکە و ئەرك و ئامانجەکانی.

**2-ناو، نازناو، ڕەگەز، رەگەزنامە، تەمەن، پیشە، ئاستی بڕوانامەی خوێندن و، شوێنی نیشتەجێبوونی ئەندامانی دامەزرێنەر.**

**3-پەیکەری ڕێکخراوەکە و چۆنیەتی کارکردنی.**

**2- ڕێکخراوەکانی عیراق: ڕێکخراوەکانی عیراق کە لە لای دەسەڵاتی فیدراڵدا تۆمار کراون، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە هەرێمدا بە تۆمارکراوی دادەنرێن و لەسەریانە ئەم زانیارانەی دادێن بە کوردی و عەرەبی پێشکەش بە فەرمانگە بکەن:**

**1-ناوی ڕێکخراوەکە و ناوی ئەو کەسەی کە نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکە دەکات لە هەرێمدا.**

**2-ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنی نووسینگەی سەرەکی ڕێکخراوەکە لە عیراقدا.**

**3-پلانی کاری ئەو چالاکیانەی ڕێکخراوەکە دەیەوێ لە هەرێمدا جێبەجێی بکات.**

**4-دانەیەکی ئەرێ کراو(تصدیق) لە بەڵگەنامەکانی فیدرالی، تۆمارکردنی ڕێکخراوەکە.**

**3-ڕێکخراوەکانی بیانی، لە پێناو بە دەست هێنانی بڕوانامەی تۆمارکردندا دەبێ ڕێکخراوەکانی بیانی ئەم زانیارانەی دادێن بە زمانی کوردی پێشکەش بە فەرمانگە بکەن.**

**1-ناوی ڕێکخراوەکە.**

**2-ناونیشان و ژمارە تەلەفۆنی نووسینگەی سەرەکی ڕێکخراوەکە لە عیراق و وڵاتی دایکدا.**

**3-ڕوونکردنەوەی ئەو ئامانج و چالاکیانەی ڕێکخراوەکە هەوڵ دەدات لە هەرێمدا جێبەجێیان بکات.**

**4-دانەیەکی ئەرێ کراو لە پەیڕەوی ناوەخۆی ڕێکخراوەکە.**

**5-پشتگیریەك کە تۆمارکردنی ڕێکخراوەکە وەك ڕێکخراوێکی ناحکومی لە وڵاتی دایکدا بسەلمێنێ.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الخامس**

**تسجيل المنظمات**

**المادة العاشرة : شروط التسجيل:**

**اولآ: لتسجيل المنظمات الكوردستانية، يجب أن يقدم الاعضاء المؤسسون طلبا الى الدائرة الخاصة بتسجيل المنظمات و ادارة شؤونها، على أن لا يكون عددهم أقل من ثلاثة أشخاص، ويكون الطلب موقعا من قبلهم جميعا ومرفقا به النظام الداخلي للمنظمة و التي تتضمن المعلومات التالية:**

**1- أسم المنظمة و مهامها وأهدافها .**

**2- الاسم، اللقب، الجنس، الجنسية، العمر، المهنة، مستوى التحصيل الدراسي، ومحل السكن للاعضاء المؤسسين .**

**3- هيكلية (تكوين) المنظمة و كيفية عملها.**

**ثانيا: المنظمات العراقية:**

تعتبر المنظمات العراقية المسجلة لدى السلطات الاتحادية مسجلة تلقائيا في الأقليم، وعليها تقديم المعلومات التالية للدائرة باللغتين الكوردية و العربية:

4. اسم المنظمة و اسم من يمثل المنظمة في الاقليم .
5. عنوان ورقم هاتف المكتب الرئيسي للمنظمة في العراق .
6. خطة العمل للنشاطات التي تنوي المنظمة تنفيذها في الأقليم .
4. نسخة مصدقة من وثائق التسجيل الأتحادية للمنظمة .

ثالثا : المنظمات الأجنبية :

من أجل الحصول على شهادة التسجيل، ينبغي على المنظمات الأجنبية تقديم المعلومات التالية للدائرة باللغة الكوردية:

1. اسم المنظمة .
2. عنوان ورقم هاتف مكتب المنظمة الرئيسي في العراق وبلد الأم .
3. بيان الأهداف والنشاطات التى تسعى المنظمة لتحقيقها في الاقليم.
4. نسخة مصدقة من النظام الداخلي للمنظمة .
5. تأييد يّثبت تسجيل المنظمة كمنظمة غير حكومية في البلد الأم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا گوێتان لێ بوون بەو شێوەیە خوێندرایەوە، ئەیخەینە دەنگدان، كێ لەگەڵێدایە تكایە دەستی بەرز بكات، 58 ئەندامی پەرلەمان لەگەڵێدایە، كێ لەگەڵدا نیە؟، 3 ئەندامی پەرلەمان لەگەڵێدانیە، بۆ ماددەی 11 كەرەم بكەن.

**بەڕێز د.دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی یازدەهەم:**

ڕێكاری تۆمار كردن:

1 - دەبێ فەرمانگەی ڕێكخراوەكان لە ماوەی (30) ڕۆژدا لە ڕۆژی وەرگرتنی داواكەوە وەڵامی داوای تۆمار كردنەكە بداتەوە. كاتێك ڕێكخراوەكە داوا پێشكەش دەكات، دەبێ فەرمانگە پسوولەیەكی بە ڕۆژی وەرگرتن پێ بدات. ئەو پسوولەیەش بەڵگەیە بۆ وادەی پێشكەش كردنی داواكە بۆ مەبەستی ژماردنی ئەو ماوەیەكە (30) ڕۆژە.

2 - لە حاڵەتی نەبوونی ئەو مەرجانەی یاسا كە بە گوێرەی ئەم یاسایە لە داوای تۆمار كردندا هاتوون، دەبێ فەرمانگە لە ماوەی (15) ڕۆژ لە ڕۆژی پسوولەكەوە داواكە بگەڕێنێتەوە بۆ دەستەی

دامەزرێنەر، بە مەبەستی تەواو کردنی کەم وکوڕییەکانی، لەم حاڵەتەشدا ماوەی وەڵامەکە لە ڕۆژی سەر پسوولەی داوا تازەکەوە ئەژمار دەکرێت.

3- لە حاڵەتی وەڵام نەدانەوەی داواکە و بەسەر چوونی ئەو ماوەیەی لە بڕگە (1)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، ڕێکخراوەکە بە تۆمار کراو دادەندرێت و، دەبێ فەرمانگە لە کاتی داوا کردندا بەڵگەنامەی تۆمار بداتە ڕێکخراوەکە.

4- ئەگەر فەرمانگە داوای تۆمار کردنی ڕەت کردەوە، ئەوە ئەندامانی دامەزرێنەر مافی تانە لێدانی بڕیاری ڕەت کردنەوەکەیان هەیە لە بەردەم دادگای کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا لە ماوەی (30) ڕۆژ لە ڕۆژی وەرگرتنی بڕیاری ڕەت کردنەوەکەدا، دەبێ دادگاش لە ماوەی (15) ڕۆژدا بڕیاری ڕەت کردنەوەکە یەکلایی بکاتەوە.

5- دەبێ فەرمانگە نووسراوێکی فەرمی بە هۆکاری ڕەت کردنەوەی داواکە بۆ داواکارانی تۆمارکردن بنێرێت و ئەو هۆیانەی کە دەکرێ فەرمانگە بۆ ڕەت کردنەوەی داوای تۆمار کردنەکە پشتیان پێ ببەستێت، تەنیا نەبوونی مەرجەکانی ماددەکانی 8،10 و بڕگە (1)ی ماددەی، چواردەهەمی ئەم یاسایە لە ڕێکخراوەکەدا.

6- پاش دەربڕینی ڕەزامەندی لەسەر داوای تۆمار کردنەکە، یان بەسەر چوونی وادەی یاسایی بە بێ وەڵام دانەوەی، دەبێ فەرمانگە پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە لەگەڵ تۆمارنامەکەدا لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە لە هەرێمدا بڵاو بکاتەوە.

یەك ڕوونکردنەوە بدەم، لە بڕگەی (5)، ئەوەی کە لەبەر دەستتانە، نووسراوە ماددەی (8) دوایی (11)، (11) لەبەر تەسەلسولەکەی گوڕا بووە 10 بۆیە بە 10 خوێندمەوە، و بڕگەی 1 لە ماددەی 15 دەبێتە 14، ئەوە هەر بۆ ڕوونکردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکەن بە عەرەبیش بخوێننەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 12 لە ڕاپۆرتە موشتەرەکەکە ئەبێ بە ماددەی 11.

**المادة الحادية عشرة : اجراءات التسجيل**

1- على دائرة المنظمات ان تجيب على طلب التسجيل خلال (30 )يوما من تاريخ استلام الطلب. عندما تقدم المنظمة الطلب، يجب على الدائرة ان تزودها بوصل استلام مؤرخ. يعتبر هذا الوصل دليلا على موعد تقديم الطلب لاغراض حساب هذه المدة وهي 30 يوما.

2 - في حالة عدم توفر الشروط القانونية الواردة في طلب التسجيل وفقا لهذا القانون على الدائرة اعادة الطلب الى هيئة المؤسسين خلال (15 ) يوماً من تاريخ الوصل، لغرض استكمال نواقصه، وفي هذه الحالة تحسب مدة الجواب من التاريخ الموجود على وصل الطلب الجديد.

3 - في حالة عدم الاجابة على الطلب وانقضاء المدة المذكورة في الفقرة ( 1) من هذه المادة، فان المنظمة تعتبر مسجلة و على الدائرة تزويد المنظمة بوثيقة التسجيل عند الطلب.

4 - اذا رفضت الدائرة طلب التسجيل، فان للاعضاء المؤسسين الحق في الطعن على قرار الرفض أمام المحكمة الادارية في اقليم كوردستان خلال (30 )يوما من تاريخ استلامهم لقرار الرفض، وعلى المحكمة البت في قرار الرفض خلال ( 15 ) يوما .

5 - يجب على الدائرة ارسال كتاب رسمي مسبب لرفضها لطلب التسجيل الى طالبي التسجيل والاسباب التي يمكن ان تستند الدائرة اليها في رفضها لطلب التسجيل هي حصرا عدم توافر المنظمة لشروط المواد الثامنة، الحادية عشر، والفقرة (1) من المادة الخامسة عشر من هذه القانون.

6 - بعد ابداء الموافقة على طلب التسجيل، او انقضاء المدة القانونية دون الاجابة عليه، على الدائرة نشر النظام الداخلي للمنظمة مع وثيقة التسجيل في جريدة يومية في الأقليم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەوانەی ئەیانەوێ موداخەلە بكەن، با كەرەم بكەن ناویان بنووسن، ئەو بەڕێزانەی كە ناویان تۆمار كردووە، سۆزان شهاب، ئەڤین عمر، سالم تۆما، بێریڤان سرهەنگ، شوان احمد، رفیق صابر، صباح بیت الله، گۆران ازاد، كەسی تر هەیە؟، سۆزان خان كەرەم بكە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵا من هەر ئەوەندە لەسەر (على دائرة المنظمات ان تجيب على طلب التسجيل خلال (30)يوما لا تحتسب فيها ايام العطل )، چونكە ئەوەی ئەبێ تێدا بێ، لە وڵاتی ئێمە پشوو زۆر زۆرە، ئەگەر لە وەرزێكیشدا بێ كە وەكو مانگی سێ و وەكو مانگی چوار، پشووەكان ئەوەندە زۆر ئەبێ، ئەگەر لە كاتی خۆیدا ئەو كارە تەواو نەكرێ، كارێكی باش نیە، ئەگەر بنووسرێ (لا تحتسب فيها ايام العطل) پێم وایە باشتر دەبێ، بۆ ئەوەی (30) رۆژی رۆژانی كار بێت، لە كاتی رۆژانی كار بێت، لە خاڵی پێنجەمدا، یەك مولاحەزەی بەسیتم هەیە لەسەر ئەوەی كە باسی مەوادەكان ئەكرێ، ئەگەر قەوسێك بكرێتەوە بۆ ئەوەی، چونكە ئەوەی ئێستا هەیە تۆزێك تێكەڵی و پێكەڵی هەیە، ئەگەر قەوسێك بكرێتەوە (المواد الثامنة، العاشرة، و الفقرة الاولى من المادة الخامسة عشرة)، چونكە نووسراوە (المادة الخامسة عشرة)، ئەگەر چاك بكرێتەوە (من هذا القانون)، باشە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش، ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە من پشتگیری سۆزان خان دەکەم، لەوەی کە باسی ئەوەی کرد کە خاڵی پێنجەم فەوسەکە بکرێتەوە بۆ ئەوەی دیاری بێ کە مەوادەکان چین و، وشەی (و الخامسة عشر) هەڵگیرێ لەگەڵ ئەوەی (من هذه المادة) بکرێتە (هذا المادة)، (من هذا القانون) عەفوەن ، وا پێشنیاریش دەکەم خاڵی شەشەم کە ئەڵێ ( التسجیل في جریدة رسمیة)، بکرێتە (في جریدتین رسمیتین في الاقلیم)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها یەك مولاحەزەی بچووکم هەیە هەر لەسەر بڕگەی پێنج، (یجب علی الدائرة ارسال کتاب رسمي) یان بنووسین (المسبب لرفضها) یان بنووسین (یبین سبب رفضها)، لەبەر ئەوەی شتەکە رەکیکە لێرە، یان بیکەین (کتاب رسمي المسبب لرفضها) یان (یبین سبب رفضها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی 12 کە ئێستا بوویتە ماددەی 11، لە بەشی یەکەمدا نووسراوە، دەبێ فەرمانگەی رێکخراوەکان لە ماوەی 30 رۆژ لە وەرگرتنی داواکە، وەڵامی داوای تۆمارەکەیان بدرێتەوە، هێشتا ئەو رێکخراوە قبوڵ نەکرایە، بۆیە حەق وایە بنووسرێت دەستەی دامەزرێنەر نەنووسرێت رێکخراوەکە، هەروەها لە بەشی سێیەمی ماددەی 11 لە حاڵەتی وەڵام نەدانەوەی داواکە و بەسەر چوونی 30 رۆژ، رێکخراوەکە بە تۆمارکراو دادەنرێت، لە بڕگەی یەکەمدا نووسراوە:دەبی وەڵام بدرێتەوە، لەوەی تر نووسرایە: ئەگەر وەڵام نەدرایەوە دەبێ بە تۆمارکراو حیسابە، بەرەئی من ئەوە غەڵەتە، چونکە بە ئا و بە نا تۆ دەبێ وەڵام بدەیەوە، ئەگەر هات و وەڵامت دایەوە و بە نووسراوی بڵێی لەبەر هۆکاری ئەو شتە باشانەی تێدایە ئەو رێکخراوەتان قبوڵە لە لای ئێمە، ئەگەر هات و قبوڵ نەکرا، هۆیەکەشی دیسان بۆ روون بکەیەوە، بڵێی ئەوە لەبەر ئەو هۆیانە ئێمە قبوڵی ناکەین، بە نیسبەت ئەوەی کە لەبەشی شەشەمدا لە ماددە نووسراوە کە رێکخراوەکە لەگەڵ تۆمارکردنەکە لە رۆژنامەیەکی رۆژانە لە هەرێمی کوردستاندا بلاّوبکاتەوە، بە رەئی من ناوی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر لە ماڵپەری ئینتەرنێت و فەرمانگەکە بلاّوبکرێتەوە، ناوی ئەو کەسانەش بنوسرێ کە رێکخراوەکە بەڕێوە دەبەن، هەتا خەڵکەکە بزانن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم لە ماددەی 11 هەندێك زیاد و ئەوەی تێدایە بەڕەئی من، (علی دائرة)، (علی الدائرة)، (المنظمات) پێویست ناکات ئیزافە، بە خۆی تەعریف کراوە، (علی الدائرة) وازیحە، دێینە ئاخیریش : یعتبر هذا الوصل دلیل علی تقدیم الطلب) ئەوە هەر بە خۆی زیادە، ئەو وەصلە هەر ئەوەندە بەسە پێویست ناکات ئیزافە بکات، هەندێك درێژە تێدایە زیاتر، من بەو شێوەیە ئەو بڕگەی دروستتر دەبێنم ( علی الدائرة ان تجیب علی طلب التسجیل خلال 30 یوم عمل من تأریخ استلام الطلب، وان تزود مقدمي الطلب بوصل استلام مؤرخ) ئەوەی تر پێویست ناکات، چونکە ئەو وەصڵە بۆ هەموویان مەبەستە، پێویست ناکات ئەو زیادەیە، ئەوەی (مقدمي الطلب) بۆی ئیزافە بکرێ، یان 30 رۆژەکە عەمەلە، 30 رۆژی عەمەلە، هەموو تاریخێکیش کە تەحدید بکرێ هەمزەی لەسەر بێ، چونکە موحەددەدە، نەك مێژوو نیە، بڕگەی 4 لە ئاخیر دێر کە هاتووە( و علی المحكمة البت في قرار الرفض خلال 15 یوما) ئەوە من دەبێنم تەقیدکردنی ئیدارەیە، تەقید ناکرێ بەو شێوەیە، نابێت ئیدارە تەقید بکرێ، وەکو دەڵێن: زەمانـاتی تەقازی، تەعداد نابێ، بەو شێوەیە بنووسرێ بە رەئی من ( علی المحكمة اعتبارها دعوة مستعجلة)، دعوی مستعجلە ئەوانەی قانونین باشتر دەزانن، وەکو دعوای موستەعجەل تەعامولی لەگەڵ بکرێ، بڕگەی (5) من دەبێنم تەحصیل حاصلە لە 14 عیلاج کراوە، هەر بە زیادە دەبێنم، زۆر سوپاس، هەر ئەوەندە بوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، کاك رفیق صابر فەرموو.

**بەڕێز رفیق صابر :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرنجی من دوو بەشە، بەشێکیان پەیوەندی بە بڕگەی شەشەمەوە هەیە، بەشێکیشیان لە لایەن زمانەوانی کوردییەکەوە، روون نیە، یان تۆزێك بە شێواوی هاتیە، سەبارەت بە بڕگەی شەشەم ئەوەیە کە داوا یان فەرمانگە ناچار بکرێ پەیڕەوی ناوەخۆی ئەو رێکخراوانە لە رۆژنامەیەکی رۆژانەدا بڵاوبکاتەوە، ئەمە بۆ خۆی لە رووی ئابوورییەوە ئەرکێکی زۆر گران دەخاتە سەر شانی ئەو فەرمانگەیە، ئەگەر پەیڕەوی ناوەخۆ لاپەڕەیەك لە رۆژنامە بگرێ، بەلای کەمەوە چەند هەزار دۆلارێك دەبێ ئەو فەرمانگەیە بیدات، کە ئەو فەمانگەیە هیچ مولزەم نیە، لە جیاتی باشترە لە سایتی ئەلیکترۆنی خۆیدا بڵاوی بکاتەوە، کە لەوێ هیچی تێناچێ لە رووی ئابوورییەوە، سەبارەت بە لایەنی زمانەوانیەکەی، بۆ نموونە، خاڵی یەکەم وا دەست

پێدەکات( دەبێ فەرمانگەی ڕێکخراوەکان لە ماوەی 30 ڕۆژدا لە ڕۆژی وەرگرتنی داواکەوە وەڵامی داوای تۆمار کردنەکە بدات)، لێرە کە داواکە دێ کەس نازانێ داواکە چیە؟، داواکە لێرە بەشێوەی نەناسراوە، بەڵام پێشتر نەهاتووە، بۆیە لە ڕۆژی وەرگرتنی داوای تۆمارکردنەکەوە دەبێ وەڵامی داواکە بداتەوە، ناسراو یان مەعریفە، یەکەم جار ناوی وشەکە دێ دوایی بە ئامرازی ناساندن دەبێتە ناسراو، یان لە برگەی دووەمدا دەڵێ: لە حاڵەتی نەبوونی ئەو مەرجانەی یاسا، شتی وا نیە لە کوردیدا، ئەو مەرجانەی یاسا، لەبەر ئەوە مەرجە یاساییەکانە، دوایی دەڵێ: دەبێ فەرمانگە لە ماوەی 15 ڕۆژ لە ڕۆژی پسوولەکەوە، ڕۆژی پسوولەکە چیە؟، ڕۆژی جەژنە؟، ڕۆژی عوتلەیە؟، ڕۆژی وەرگرتنی پسولەکەیە،یەعنی ئەمانە لە رووی زمانەوانیەوە بەراستی هەمووی هینە، بێجگە لەوە کە دەڵێی: یازدەهەم، دوازدەهەم، سێزدەهەم، ئەو هەمە فارسییە، ئێمە بە کوردی زیاتر یازدەیەم، سێزدەیەم، چواردەیەم، پازدەیەم، ئاوا هەم ڕەوانترە و کوردیتریشە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم هەر هەمووی ئاوای لێ بکرێتەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، کاک صباح بیت الله فەرمووو.

**بەڕێز صباح بیت الله :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەرباری ماددەی 11 ، فەقەرە یەك کە دەبێژیتن:

على دائرة المنظمات ان تجيب على طلب التسجيل خلال (30 )يوما من تاريخ استلام الطلب، بە ڕەئیا من ببێتن: على دائرة المنظمات ان تجيب على طلب التسجيل خلال (15 )يوما من تاريخ استلام الطلب ، ئەوە ببێتە لغو کرن، چونکە زیادەیە، لە فەقەرە دوو: اعادة الطلب الى هيئة المؤسسين خلال (15 ) يوماً من تاريخ الوصل، بە ڕەئیا من ببێتن: اعادة الطلب الى هيئة المؤسسين خلال اسبوع من تاريخ استلام الطلب، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکم لەسەر خاڵی 4 و 5 هەیە، کە ئەگەر برادەرانی لێژنە مولاحەزەکەی بنووسن، یەعنی شکلیە زیاتر هەست دەکەی دابڕانێك لە خوێندنەوەکە هەیە، لە خاڵی 4 ئەگەر بەو شێوەیەی لێ بێ: ئەگەر فەرمانگە داوای تۆمار کردنی رەت کردەوە، بێینەوە سەر خاڵی پێنج، دەبێ فەرمانگە نووسراوێکی فەرمی بە هۆکاری رەت کردنەوەی داواکە بۆ ئەوانەی کە داوایان کردووە، دواتر خاڵی پێنج بێینە سەر ئەوەی بڵێین: ، لەبەرامبەر رەت کردنەوەکەدا، ئەندامانی دامەزرێنەر مافی تانە لێدانی بڕیاری رەت کردنەوەکەیان هەیە، واتا خاڵی چوارەم کامل دەبێ بە رەت کردنەوە و پێدانی نووسراوی رەتکردنەوە بە لایەنەکە، خاڵی

پێنجەمیشیان دەبێتە بە گرتنە بەری ڕێگای تەعن لێدان لە لایەن ئەوانەی کە دامەزرانـدنی ڕێکخراوەکەیان کردیە، پشتیوانی لە بۆچوونەکەی کاك ڕفیق صابر دەکەم کە بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمی پەیڕەوی ناوەخۆ پێویست ناکات، تەنها تۆمار نامەکە پێویستە بڵاوبکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، کاك محمد فەرمووو.

**بەڕێز محمد احمد علی (شارەزووری) :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرنجم لەسەر خاڵی سێ و خاڵی شەش هەیە، لێکچوونێکی تەواو لە بەینیان هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم هەردوو خاڵ بکرێن بە خاڵێك، چونکە لە خاڵی، ئەتوانین بەم شێوەی لێ بکەین: پاش دەربرینی ڕەزامەندی لەسەر تۆمارکردنەکە، یان لە حاڵەتی وەڵام نەدانەوەی داواکە و بەسەرچوونی ئەو ماوەی لە بڕگەی یەکی ئەم ماددەیە هاتووە، ڕێکخراوەکە بە تۆمارکراو دادەنرێت، دەبێت فەرمانگە لە کاتی تۆمارکردنی داواکە بە نامەی تۆمارکراو پەیڕەوی ناوەخۆی ڕێکخراوەکە لە ڕۆژنامەیەکی هەرێمدا بڵاوبکرێتەوە، بۆیە پێشنیاری من ئەو خاڵی سێ و خاڵی شەش بکرێت بە خاڵێك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، لێژنەی هاوبەش، بەڕێزان کەرەم بکەن بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دوو ڕۆژنامە ئەوەی بڵاوکردنەوەی پەیڕەوی ناوەخۆ، ڕەئی جیاواز هەبوو، هەندێك داوای ئەوەیان کرد کە لە دوو ڕۆژنامە بڵاوبکرێتەوە و هەندێکیش پێیان وابوو کە ئەوە مەصرەفێکی زۆر دەکات، بە شێوازێکی تر بڵاوبکرێتەوە لە سایتێك یاخود هەر پێویست ناکات پەیڕەوی ناوەخۆ هەموو بڵاوبکرێتەوە، هەر هەندێك مەعلوماتی سەرەکی و لەو بابەتانە، جا بەراستی ئێمە ئێستا بیر لەوە دەکەینەوە کە بە چ شێوەیەك بڵاوی بکەینەوە، سەبارەت بە هەندێ خاڵی تر ئەوە بوو کە، ئەگەر دوای 30 ڕۆژ فەرمانگە وەڵامی نەدایەوە، وەڵامی داواکاری ئەوانەی کە دەیانەوێ ڕێکخراوێك تۆمار بکەن، وەڵامیان وەرنەگرتەوە، بە ئۆتۆماتیکی بە تۆمارکراو حیساب بێ، بەڵام ڕەئیەك هەبوو کە ئەوە نابێ، دەبێ وەڵام بدرێتەوە، بە هەر نەوعێك بێ وەڵام بدرێتەوە، جا ئێمەش پێمان خۆشە، یاساکەش هەر بۆ ئەوەیە وەڵام بدرێتەوە، ئەگەر لە حاڵەتێك وەڵام نەدراوە، ئێمە پێمان وایە دەبێ با بڵێین ئەو مەسەلەی تۆمارکردنەکە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی حیساب بکرێ، دەنا ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین دەبێ وەڵام بدرێتەوە، سەبارەت بە ماددەی با بڵێین بڕگەی یەکەم، کە وشەی ڕێکخراوەکان بە ئیزافە هاتووە، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین لایبدەین، لەبەر ئەوەی دەبێ فەرمانگە، فەرمانگە پێشتر تەعریف کراوە، فەرمانگەی

**ڕێکخراوە ناحکومییەکانە، لاریمان نیە لەوە، سەبارەت بەوەی کە یازدەهەم یان دوازدەهەم بگۆڕین بۆ یازدەم یان دوازدەم، لاریمان نیە لەسەر ئەوەش، کێشەیەکمان نیە، سەبارەت بەوەی کە گۆڕینی ماددەی، با بڵێین تەبدیل کردنی شوێنی ماددەی 4 و 5، بە هێشتنەوەی بڕگەی یەکەم: ئەگەر فەرمانگە داوای تۆمارکردنی ڕەتکردەوە، لاریمان نیە لەسەر ئەوەش، ئێستا خەریکین صیاغەکەی دادەڕێژینەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**موداخەلەی تر ماوە؟ کەرەم بکەن.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە نیسبەت پرسیاری تەڵەبی تەسجیل خیلالی (30) ڕۆژ، لە ڕۆژی تەئریخی ئیستیلام، باس لەوە کرا کە لەبەر ئەوەی عوتڵە هەیە، عوتڵە زۆرە لە کوردستان دا، بە هۆی ئەوەی کەوا موناسەبات زۆرە، بەڵام ئێمە حیساباتی تەبلیغات باس کراوە لە قانونێکی تایبەت دا، کە پێی دەووترێ قانونی مورافەعاتی مەدەنی، ئەو قانونە حسێبی ئەوەی کردووە ڕۆژی عوتلەشی تیادا حسێب کراوە، بە واتا ئەو (30) ڕۆژە بە گوێرەی یاسا حسێب دەکرێ لە ڕۆژی دوای دانەوەی جوابەکە، یەعنی (يوم تلي التبليغ)، یەعنی ئەو ڕۆژەی کە دائیرە جواب دەداتەوە، لە ڕۆژی دوای ئەوەوە (30) ڕۆژ حسێب دەکرێ، لە زمنی ئەو (30) ڕۆژەدا جومعەشی تێدەکەوێ، ڕاستە عوتڵەشی تێ دەکەوێ، بەڵام ئەندامەکان بۆیان هەیە لەو (30) ڕۆژە ڕۆژێکیان بەکار بهێنن بۆ جواب دانەوەی خۆیان، بۆ تەعن بێ، بۆ هەر شتێ بێ لەسەری، ئەگەر هاتوو سەری (30)هەمین ڕۆژەش بەر ڕۆژی عوتڵە کەوت، جائیزە جاری وا سەری (30)هەمین ڕۆژ، یان پێشتری لە (28) و (27) و (26)ەوە بەر جەژنەکان دەکەوێ کە (3) ڕۆژن، (4) ڕۆژن و (5) ڕۆژن، قانونی مورافەعاتی مەدەنی دەڵێ: (يوم تلي العطلة، يوم الدوام الرسمي)، ئەو ڕۆژەی کە عوتڵە کۆتایی پێ دێ، ئەو ڕۆژە دەبێتە دەوامی ڕەسمی، بە واتا ساحیبی ئەو مونەزەمانە، ئەگەر سەری (30)هەمین ڕۆژە بەر عوتڵە کەوتبێ، دوای (30)هەمین ڕۆژ، ڕۆژی دوای ئەوە، ئەگەر مانگ (31) بوو، دەوام هەبوو، دەتوانێ تەعنەکەی خۆی بدا، زمنی موددەی قانونی خۆیەتی، ئەگەر (31)مین ڕۆژ بەر جومعە یان بەر عوتڵە کەوت، ڕۆژی دوای ئەوەی کە دەوامی ڕەسمی دەست پێ دەکاتەوە، موددەی موحتەسەبە قانونی و حەقی نەفەوتاوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بەو پێشنیارەی کە کرا تایبەت بە ماوەی (30) ڕۆژ لە بڕگە (3) هاتووە، ئێمە هەوڵمان دا بگونجێ لەگەڵ یاسای ئەنجومەنی شورا ژمارە (14)ی ساڵی 2008، کە لەمادده (12) باسی دادگای کارگێری دەکات، لە مادده (13) ئەو ماوەیە هەمان موددەیە کە لەوێشدا هاتووە، نەمانویست موددەیەك کەم بکرێ، یان زیاد بکرێ، باس لە قەزای موستەعجەل کرا، ئەویش ئەحکامی تایبەتی خۆی هەیە، لێرە کە (15) ڕۆژەکە دانراوە، چونکە دووجار ماف تانە گرتنەکەی هەیە، جارێك لەبەردەم دادگا کە قۆناغی**

دووەمە، جاری یەکەمیش هەر لەبەردەم هەمان فەرمانگە، بۆیە ئەگەر ماوەکان حیساب بکەین (15) بە (30) بە (15) دەکاتە ماوەیەکی گونجاو بۆ ئەوەی سەیری هۆیەکانی ڕەت کردنەوەی داواکە بکەن، پێشنیارێك کرا بە زیادکردنی، لە بڕگەی شەش ئەوە زیاد بکرێ کەوا ماڵپەری ئەلکترۆنی ڕێکخراوەکە، هەر ڕێکخراوێك ئازادە لە ماڵپەڕەکەی خۆی چ زانیارییەك بڵاو دەکاتەوە، هیچ ڕێگرێکی یاسایی نیە لەبەردەم ئەوەی پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە لە ماڵپەڕی ئەلکترۆنی بڵاو بکرێتەوە، بەڵام لێرە کە لە دەقی یاساکە هاتووە، ئیلزامی دەکەین کەوا پێویستە لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بڵاو بکرێتەوە، شەهادەی تەسجیلەکە، تەئسیسەکە لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ، بەڵام ئەگەر دەقێك لە یاسا هەبێ، یان نەبی، ئەوە ئازادە دەتوانێ لە ماڵپەڕەکە شتی وا بڵاو بکاتەوە، لە بڕگەی دووەم پێشنیاری ئەوە کرا زۆر ڕوون نیە وەسڵەکە مەبەست چیە؟ ئەگەر وشەی ئیستیلام لە دوای وشەی وەسڵ زیاد بکرێ، بکرێتە (وصل الإستلام)، ئەوە ئەو نارِوونییەی کە هەیە نامێنێ، سەبارەت بە بڕگەی چوار و پێنجیش پێویستی بە دارِشتنەوە هەیە، وەکو کاك گۆران پێشنیاری کرد، بڕگە چوار بکرێتە پێنج، بڕگە پێنجیش بکرێتە چوار، بەڵام دەستکارییەك بکرێ کە بیدایەتی بڕگە چوارەکە وای لێبێ، ئەگەر لە حاڵەتێك کەوا داواکە ڕەت کراوە، ئاگاداری ئەندامەکان بکاتەوە، هۆیەکان، ئەوجا دواتر بڕگەی چوار بکەینە بڕگەی پێنج، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، ئێستاش ئاخیر صیاغەتان بخوێنن، بە کوردی، پاشان بە عەرەبی، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، کەرەمکە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە شێوەیەك ماددەکەمان هەوڵدا دابرێژینەوە، ئەو تێبینیانەی بەڕێزتان هەمووی لە خۆ بگری،

المادة الحادية عشرة :

إجراءات التسجيل:

1-على الدائرة أن تجيب على طلب التسجيل خلال (30 )يوما من تاريخ استلام الطلب. عندما تقدم المنظمة الطلب، يجب على الدائرة ان تزودها بوصل استلام مؤرخ. يعتبر هذا الوصل دليلاً على موعد تقديم الطلب لاغراض حساب هذه المدة وهي 30 يوما.

2-في حالة عدم توفر الشروط القانونية الواردة في طلب التسجيل وفقا لهذا القانون على الدائرة اعادة الطلب الى هيئة المؤسسين خلال (15 ) يوماً من تاريخ وصل الإستلام، لغرض استكمال نواقصه، وفي هذه الحالة تحسب مدة الجواب من التاريخ الموجود على وصل الطلب الجديد.

3-في حالة عدم الاجابة على الطلب وانقضاء المدة المذكورة في الفقرة (1) من هذه المادة، فان المنظمة تعتبر مسجلة و على الدائرة تزويد المنظمة بوثيقة التسجيل عند الطلب.

4-في حالة رفض طلب التسجيل، على الدائرة تبليغ أعضاء المؤسسين بأسباب الرفض و الأسباب التي يمكن أن تستند الدائرة إليها في رفضها لطلب التسجيل. هي حصراً عدم توافر المنظمة لشروط المواد (8)، (10)، والفقرة (1) من المادة الرابعة عشرمن هذا القانون.

5-للاعضاء المؤسسين الحق في الطعن على قرار الرفض أمام المحكمة الادارية في اقليم كوردستان خلال(30 )يوما من تاريخ استلامهم لقرار الرفض، وعلى المحكمة البت في قرار الرفض خلال ( 15 ) يوما .

6-بعد إبداء الموافقة على طلب التسجيل، أو إنقضاء المدة القانونية دون الإجابة عليه، على الدائرة نشر وثيقة التسجيل في صحيفة يومية في الإقليم.

**بەڕێز د.دانا سعيد صوفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (11)

ڕێكاری تۆمار كردن:

1- دەبێ فەرمانگە لە ماوەی (30) ڕۆژدا لە ڕۆژی وەرگرتنی داواكەوە وەڵامی داوای تۆمار كردنەكە بداتەوە، كاتێك ڕێكخراوەكە داوا پێشكەش دەكات، دەبێ فەرمانگە پسوولەیەكی بە مێژووی وەرگرتن پێ بدات، ئەو پسوولەیەش بەڵگەیە بۆ وادەی پێشكەش كردنی داواكە بۆ مەبەستی ژماردنی ئەو ماوەیە كە (30) ڕۆژە.

2- لە حاڵەتی نەبوونی ئەو مەرجانەی یاسا كە بە گوێرەی ئەو یاسایە لە داوای تۆماركردندا هاتوون، دەبێ فەرمانگە لە ماوەی (15) ڕۆژ لە ڕۆژی پسوولەكەوە داواكە بگەڕێنێتەوە بۆ دەستەی دامەزرێنەر، بە مەبەستی تەواو كردنی كەم و كووڕییەكانی، لەو حاڵەتەشدا ماوەی وەڵامەكە لە ڕۆژی سەر پسوولەی داوا تازەكەوە ئەژمار دەكرێ.

3- لە حاڵەتی وەڵام نەدانەوەی داواكە و بەسەرچوونی ئەو ماوەیەی لە بڕگەی (1)ی ئەو ماددەیەدا هاتووە، ڕێكخراوەكە بە تۆمار كراو دادەنرێت و دەبێ فەرمانگە لە كاتی داواكردن دا بەڵگەنامەی تۆمار بداتە ڕێكخراوەكە.

4- ئەگەر فەرمانگە داوای تۆماركردنی ڕەت كردەوە، دەبێ فەرمانگە نووسراوێكی فەرمی بە هۆكاری ڕەت كردنەوەی داواكە بۆ داواكارانی تۆمار كردن بنێرێت و ئەو هۆیانەی كە دەكرێ فەرمانگە بۆ ڕەت كردنەوەی داوای تۆماركردنەكە پشتیان پێ ببەستێت، تەنیا نەبوونی مەرجەكانی ماددەكانی (8)، (10) و بڕگەی (1)ی ماددەی چواردەمی ئەو یاسایە لە ڕێكخراوەكەدا.

6- پاش دەربڕینی ڕەزامەندی لەسەر داوای تۆماركردنەكە یان بەسەرچوونی وادەی یاسایی بە بێ وەڵامدانەوە دەبێ فەرمانگە تۆمار نامەكە لە ڕۆژنامەیەكی ڕۆژانە لە هەرێمدا بڵاو بكاتەوە.

**بەڕێز عمر صديق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**له برگەی یەکەم له عەرەبیەکه و له کوردییەکەی له دێری دووەمی، وشەیەك لەبیر کراوە، ئەویش دەستەی دامەزرێنەری رێکخراو، نەك رێکخراو، هەر لێرە نووسراوە (عندما تقدم المنظمات)، ئەوە (منظمة) نیە، لەبەر ئەوەی تۆمار نەکراوە، دەبێ بوترێ دەستەی دامەزرێنەر، ببوورە، چەند ئەندام پەرلەمانێکیش پێشنیاری ئەوەیان کرد.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك دانا چاکی بکە، بیخوێنەوە، فەرموو.**

**بەڕێز د.دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێستا دوا صیاغەی دەخوێنینەوە.**

**ماددەی (11)**

**رێکاری تۆمار کردن:**

**1- دەبێ فەرمانگە لە ماوەی (30) ڕۆژدا لە ڕۆژی وەرگرتنی داواکەوە وەڵامی داوای تۆمار کردنەکە بداتەوە، کاتێك دەستەی دامەزرێنەر داوا پێشکەش دەکات، دەبێ فەرمانگە پسوولەیەکی بە مێژووی وەرگرتن پێ بدات، ئەو پسوولەیەش بەڵگەیە بۆ واددەی پێشکەش کردنی داواکە بۆ مەبەستی ژماردنی ئەو ماوەیە کە (30) ڕۆژە.**

**2- لە حاڵەتی نەبوونی ئەو مەرجانەی یاسا کە بە گوێرەی ئەو یاسایە لە داوای تۆمارکردندا هاتوون، دەبێ فەرمانگە لە ماوەی (15) ڕۆژ لە ڕۆژی پسوولەکەوە داواکە بگەڕێنێتەوە بۆ دەستەی دامەزرێنەر، بە مەبەستی تەواو کردنی کەم و کوڕییەکانی، لەو حاڵەتەشدا ماوەی وەڵامەکە لە ڕۆژی سەر پسوولەی داوا تازەکەوە ئەژمار دەکرێ.**

**3- لە حاڵەتی وەڵام نەدانەوەی داواکە و بەسەرچوونی ئەو ماوەیەی لە برگەی (1)ی ئەو ماددەیەدا هاتووە، ڕێکخراوەکە بە تۆمار کراو دادەنرێت و دەبێ فەرمانگە لە کاتی داواکردن دا بەڵگەنامەی تۆمار بداتە ڕێکخراوەکە.**

**4- ئەگەر فەرمانگە داوای تۆمارکردنی ڕەت کردەوە، دەبێ فەرمانگە نووسراوێکی فەرمی بە هۆکاری ڕەت کردنەوەی داواکە بۆ داواکارانی تۆمار کردن بنێرێت و ئەو هۆیانەی کە دەکرێ فەرمانگە بۆ ڕەت کردنەوەی داوای تۆمارکردنەکە پشتیان پێ ببەستێت، تەنیا نەبوونی مەرجەکانی ماددەکانی (8)، (10) و برگەی (1)ی ماددەی چواردەمی ئەو یاسایە.**

**5- ئەندامانی دامەزرێنەر مافی تانە لێدانی بڕیاری ڕەت کردنەوەیان هەیە لەبەردەم داداگای کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان دا لە ماوەی (30) ڕۆژ لە ڕۆژی وەرگرتنی بڕیاری ڕەت کردنەوەکەدا، دەبێت دادگاش لە ماوەی (15) ڕۆژدا بڕیاری ڕەت کردنەوکە یەکلایی بکاتەوە.**

6- پاش دەربڕینی ڕەزامەندی لەسەر داوای تۆمارکردنەکە یان بەسەرچوونی وادەی یاسایی بە بێ وەڵامدانەوەی دەبێ فەرمانگە تۆمار نامەکە لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە لە هەرێمدا بڵاو بکاتەوە.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەکەم لە عەرەبییەکە و لە کوردییەکەی لە دێڕی دووەمی، وشەیەك لەبیر کراوە، ئەویش دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراو، نەك ڕێکخراو، هەر لێرە نووسراوە (عندما تقدم المنظمات)، ئەوە (منظمة) نیە، لەبەر ئەوەی تۆمار نەکراوە، دەبێ بوترێ دەستەی دامەزرێنەر، ببوورە، چەند ئەندام پەرلەمانێکیش پێشنیاری ئەوەیان کرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دانا چاکی بکە، بیخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دوا صیاغەی دەخوێنینەوە.

ماددەی (11) ڕێکاری تۆمار کردن:

1- دەبێ فەرمانگە لە ماوەی (30) ڕۆژدا لە ڕۆژی وەرگرتنی داواکەوە وەڵامی داوای تۆمار کردنەکە بداتەوە، کاتێك دەستەی دامەزرێنەر داوا پێشکەش دەکات، دەبێ فەرمانگە پسوولەیەکی بە مێژووی وەرگرتن پێ بدات، ئەو پسوولەیەش بەڵگەیە بۆ وادەی پێشکەش کردنی داواکە بۆ مەبەستی ژماردنی ئەو ماوەیە کە (30) ڕۆژە.

2- لە حاڵەتی نەبوونی ئەو مەرجانەی یاسا کە بە گوێرەی ئەو یاسایە لە داوای تۆمارکردندا هاتوون، دەبێ فەرمانگە لە ماوەی (15) ڕۆژ لە ڕۆژی پسوولەکەوە داواکە بگەڕێنێتەوە بۆ دەستەی دامەزرێنەر، بە مەبەستی تەواو کردنی کەم و کوڕییەکانی، لەو حاڵەتەشدا ماوەی وەڵامەکە لە ڕۆژی سەر پسوولەی داوا تازەکەوە ئەژمار دەکرێ.

3- لە حاڵەتی وەڵام نەدانەوەی داواکە و بەسەرچوونی ئەو ماوەیەی لە بڕگەی (1)ی ئەو ماددەیەدا هاتووە، ڕێکخراوەکە بە تۆمار کراو دادەنرێت و دەبێ فەرمانگە لە کاتی داواکردن دا بەڵگەنامەی تۆمار بداتە ڕێکخراوەکە.

4- ئەگەر فەرمانگە داوای تۆمارکردنی ڕەت کردەوە، دەبێ فەرمانگە نووسراوێکی فەرمی بە هۆکاری ڕەت کردنەوەی داواکە بۆ داواکارانی تۆمار کردن بنێرێت و ئەو هۆیانەی کە دەکرێ فەرمانگە بۆ ڕەت کردنەوی داوای تۆمارکردنەکە پشتیان پێ ببەستێت، تەنیا نەبوونی مەرجەکانی ماددەکانی (8)، (10) و بڕگەی (1)ی ماددەی چواردەمی ئەو یاسایە.

5- ئەندامانی دامەزرێنەر مافی تانە لێدانی بڕیاری ڕەت کردنەوەیان هەیە لەبەردەم داداگای کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان دا لە ماوەی (30) ڕۆژ لە ڕۆژی وەرگرتنی بڕیاری ڕەت کردنەوەکەدا، دەبێت دادگاش لە ماوەی (15) ڕۆژدا بڕیاری ڕەت کردنەوکە یەکلایی بکاتەوە.

6- پاش دەربڕینی ڕەزامەندی لەسەر داوای تۆمارکردنەکە یان بەسەرچوونی وادەی یاسایی بە بێ وەڵامدانەوەی دەبێ فەرمانگە تۆمار نامەکە لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە لە هەرێمدا بڵاو بکاتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزامی، کاک عبدالسلام، کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مادده (11) کە (12)ی ئەصڵیە، لەسەر هەر (3) جۆری ڕێکخراوەکان تەتبیق دەبێت، ڕێکخراوە کوردستانیەکان، عیراقیەکان، ئەجنەبییەکان، لەوێ دەستەی دامەزرێنەر داوای تەسجیل ناکات، لەوێ ڕێکخراوەکە خۆی داوا دەکات، بۆیە ئیشکالەتێکمان هەیە، ئەگەر ئێمە وشەی دەستەی دامەزرێنەر کە بە کارمان هێناوە، لەو مادده ئەوها باس بکەین، واتا ڕێکخراوی بێگانە دەبێ بچن ئەوانەی دامەزرێنەر، خودا دەزانێت هەنە یان نا؟ بۆیە من ئیقتیراحێك پێشنیار دەکەم، جارێکی تر بە پێچەوانەی ڕەئی برادەرم کاك عمر، چونکە ئەو حەقی بوو لە دووەم و سێیەم هەیئە هەبوو، ئێمە لە ماددەی پێشوو ئەوەی (11) کە بووە بە (10)، بە نیسبەت تەنها لە کوردستانیەکان وتوومانە: دەبێ دەستەی دامەزرێنەر تەقدیمی بکات، بۆیە من دەڵێم ئەوە بکرێتە ڕێکخراو، چونکە لە فەلسەفەی ئیجازە وەرگرتن و تۆمارکردن ئەو جیاوازییە هەیە، مادام تۆ ئیجازە ناخوازی، واتا بە پێی یاسا مافە گشتییەکان مافی خەڵك هەیە تەجەمووع و تەشکیلی مونەزەمات بکات، دەیەوێ تەسجیلی بکات تاکو شەخسیەی قانونی وەربگرێت، تۆمارەکە تەڵەب بکات، چونکە لە ماددەیەکی تر وتمان/ دەتوانێ تەسجیلی نەکات، بۆیە من پێشنیار دەکەم هەموو دەستەی دامەزرێنەر لەو ماددەیە بکرێتە ڕێکخراو، چونکە دەکرێ ڕێکخراو دانیشێت، هەموو لۆگۆی خۆی بکات، عینوان، پاشان ئیتر لەلای کێوە؟ بۆیە ئیقتیراح دەکەم چونکە ناقانونییە، بکرێتە ڕێکخراو لەباتی دەستەی دامەزرێنەر.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لێژنەی هاوبەش وەری دەگرن ئەو پێشنیارە؟ کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو موقتەرەحەی کاك عبدالسلام لە شوێنی خۆیدایە، لەبەر ئەوەی ئەو مونەزەمە ئەجنەبیانە کە دێن، ئەوانە لە ئەصڵدا موئەسەسن، تەئسیس کراون، ئەوە فەرعی دەکاتەوە لێرە، یاخود ئەو مونەزەمە عیراقیانەی کە دێن، لە کوردستاندا فەرع دەکەنەوە، ئێمە لە پێشتر باسی ئەعزای موئەسیسینمان کردووە،

خاسەتەن بەنیسبەت ئەو مونەزەمە کوردستانیانەی لای خۆمان، ئەعزای موئەسیسین دەبێ ئەو تەڵەبە تەقدیم بکەن، بەڵام ئێمە لێرە مونەزەمەکە واقیعە، وجودی هەیە، لەبەر ئەوە پێویستە مونەزەمەکە ئەو تەڵەبە تەقدیم بکات، تەواوە، ئێمە پێمان وایە وەکو خۆی بمێنێتەوە کە چۆن نووسراوە لە تەقریرەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر صیاغەتان بخوێنن، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، کەرەمکە.

**بەڕێز د.دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (11) ڕێکاری تۆمار کردن:

1- دەبێ فەرمانگە لە ماوەی (30) ڕۆژدا لە ڕۆژی وەرگرتنی داواکەوە وەڵامی داوای تۆمار کردنەکە بداتەوە، کاتێك ڕێکخراوەکە داوا پێشکەش دەکات، دەبێ فەرمانگە پسوولەیەکی بە مێژووی وەرگرتن پێ بدات، ئەو پسوولەیەش بەڵگەیە بۆ وادەی پێشکەش کردنی داواکە بۆ مەبەستی ژماردنی ئەو ماوەیە کە (30) ڕۆژە.

2- لە حاڵەتی نەبوونی ئەو مەرجانەی یاسا کە بە گوێرەی ئەو یاسایە لە داوای تۆمارکردندا هاتوون، دەبێ فەرمانگە لە ماوەی (15) ڕۆژ لە ڕۆژی پێدانی پسوولەی وەرگرتن داواکە بگەڕێنێتەوە بۆ دەستەی دامەزرێنەر، بە مەبەستی تەواو کردنی کەم و کوڕییەکانی، لەو حاڵەتەشدا ماوەی وەڵامەکە لە ڕۆژی سەر پسوولەی داوا تازەکەوە ئەژمار دەکرێ.

3- لە حاڵەتی وەڵام نەدانەوەی داواکە و بەسەرچوونی ئەو ماوەیەی لە برگەی (1)ی ئەو ماددەیەدا هاتووە، ڕێکخراوەکە بە تۆمار کراو دادەنرێت و دەبێ فەرمانگە لە کاتی داواکردن دا بەڵگەنامەی تۆمار بداتە ڕێکخراوەکە.

4- ئەگەر فەرمانگە داوای تۆمارکردنی ڕەت کردەوە، دەبێ فەرمانگە نووسراوێکی فەرمی بە هۆکاری ڕەت کردنەوەی داواکە بۆ داواکارانی تۆمار کردن بنێرێت و ئەو هۆیانەی کە دەکرێ فەرمانگە بۆ ڕەت کردنەوی داوای تۆمارکردنەکە پشتیان پێ ببەستێت، تەنیا نەبوونی مەرجەکانی ماددەکانی (8)، (10) و برگەی (1)ی ماددەی چواردەمی ئەو یاسایە لە ڕێکخراوەکەدا.

5- ئەندامانی دامەزرێنەر مافی تانە لێدانی بڕیاری ڕەت کردنەوەیان هەیە لەبەردەم دادگای کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان دا لە ماوەی (30) ڕۆژ لە ڕۆژی وەرگرتنی بڕیاری ڕەت کردنەوەکەدا، دەبێت دادگاش لە ماوەی (15) ڕۆژدا بڕیاری ڕەت کردنەوکە یەکلایی بکاتەوە.

6- پاش دەربڕینی ڕەزامەندی لەسەر داوای تۆمارکردنەکە یان بەسەرچوونی وادەی یاسایی بە بێ وەڵامدانەوە دەبێ فەرمانگە تۆمار نامەکە لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە لە هەرێمدا بڵاو بکاتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە عەرەبیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الحادية عشرة : إجراءات التسجيل:

1-على الدائرة أن تجيب على طلب التسجيل خلال (30 )يوما من تاريخ استلام الطلب. عندما تقدم المنظمة الطلب، يجب على الدائرة ان تزودها بوصل استلام مؤرخ. يعتبر هذا الوصل دليلاً على موعد تقديم الطلب لاغراض حساب هذه المدة وهي 30 يوما.

2-في حالة عدم توفر الشروط القانونية الواردة في طلب التسجيل وفقا لهذا القانون على الدائرة اعادة الطلب الى المنظمة خلال (15 ) يوماً من تاريخ وصل الإستلام، لغرض استكمال نواقصه، وفي هذه الحالة تحسب مدة الجواب من التاريخ الموجود على وصل الطلب الجديد.

3-في حالة عدم الاجابة على الطلب وانقضاء المدة المذكورة في الفقرة (1) من هذه المادة، فان المنظمة تعتبر مسجلة و على الدائرة تزويد المنظمة بوثيقة التسجيل عند الطلب.

4-في حالة رفض الدائرة طلب التسجيل، عليها ارسال كتاب رسمي مسبب لرفضها لطلب التسجيل الى المنظمة والاسباب التي يمكن ان تستند الدائرة اليها في رفضها لطلب التسجيل هي حصرا عدم توافر المنظمة لشروط المواد (8)، (10)، وفقرة (1) من المادة الرابعة عشر من هذا القانون.

5-للمنظمة الحق في الطعن على قرار الرفض أمام المحكمة الادارية في اقليم كوردستان خلال (30) يوما من تاريخ استلامهم لقرار الرفض، وعلى المحكمة البت في قرار الرفض خلال (15) يوما .

6-بعد إبداء الموافقة على طلب التسجيل، أو إنقضاء المدة القانونية دون الإجابة عليه، على الدائرة نشر وثيقة التسجيل في صحيفة يومية في الإقليم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

(الطعن في القرار)، فەقەرە پێنج دیسان بخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی پێنجەم،

(للمنظمة الحق في الطعن في قرار الرفض أمام المحكمة الادارية في اقليم كوردستان خلال (30) يوما من تاريخ استلامهم لقرار الرفض، وعلى المحكمة البت في قرار الرفض خلال (15) يوما).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا كێ لەگەڵە دەست بەرز بكات؟ (61) ئەندام پەرلەمان لەگەڵدایە، كێ لەگەڵ دا نیە؟ كەس دژ نیە، بۆ ماددەی دوازدە، كەرەمكە.

**بەڕێز د. دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (12)**

**تۆماری ڕێكخراوەكان:**

**ڕێكخراو لە سەریەتی ئەم تۆمارانەی دادێی هەبێت و، دەبێ لە لایەن دادنووسیشەوە ئەرێ كرابن:**

1- **تۆماری ئەندامان: ناونیشان، تەمەن، رەگەز، ئاستی خوێندن و، رۆژی بوونە ئەندامیان.**

2- **تۆماری بڕیارەكان: بریتی دەبێت لە بڕیارەكانی هەر یەك لە دەستەی كارگێڕی ڕێكخراوەكەو دەستەی گشتی، (ناوی) ئەو كەسەی كە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ڕێكخراوەكە نوێنەرایەتیی ڕێكخراو دەكات و، تۆمارەكەش لە لایەن دەستەی كارگێڕی ڕێكخراوەكەوە ئیمزا دەكرێت.**

3- **تۆماری بنەڕەت (تۆماری هەبووەكان): هەموو سامانی ڕێكخراو لە موڵك و سامانی گواستە و نەگواستەی تێدا تۆمار دەكرێت.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة (12)/ سجلات المنظمات**

**على المنظمة ان تكون لديها السجلات الآتية، والتي يجب تصديقها من قبل كاتب العدل:**

1- **سجل الاعضاء: العنوان، العمر، الجنس، المستوى الدراسي، وتواريخ انتمائهم.**

2- **سجل القرارات: وتتضمن قرارات كل من الهيئة الادارية للمنظمة والهيئة العامة، و إسم الشخص الذي يمثل المنظمة بموجب النظام الداخلي للمنظمة، ويكون السجل موقعا من قبل هيئة ادارة المنظمة .**

3- **سجل الحسابات: تسجل فيه عوائد ونفقات المنظمة .**

4- **السجل الاساس(سجل الموجودات): تسجل فيه جميع ممتلكات المنظمة من الممتلكات والثروات المنقولة وغير المنقولة.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئێستا كێ دەیەوێ موداخەلە بكات؟ ئەو بەڕێزانە داوایان كردووە قسە بكەن: یشار نجم الدین، سالم تۆما، هاژە سلیمان، بەفرین حسین، خورشید أحمد، خلیل عوسمان، جمال تاهیر، تارا ئەسعدی، ئامینە زیكری، شلێر محی الدین، شڤان أحمد، شلێر محمد نجیب، عبدالسلام بەرواری، كەیلی ئەكرەم، صباح بیت الله، فەرمووو.**

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لە تۆماری ڕێكخراوەكان ئاماژە بەوە نەكراوە، ئەو تۆمارە هەر یەك جار پێشكەش دەكرێ، شەش مانگ جارێك نوێ دەكرێتەوە، یان ساڵێ جارێك پێویست بەوە دەكات دووبارە بكرێتەوە، چونكە ئەو تۆمارانە،**

تۆماری ئەندامان، لەوانەیە ئەندامەکان لەبەینی ماوەك بۆ ماوەیەکی تر زیاد و کەم بکات، ناونیشانەکان جێگیر نەبێ وەکو خۆی، هەتا ئاستی خوێندنیش بەردەوام بەرەو پێشچوون دەبێ، لەبەر ئەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە ئەو تۆمارە، ماوەیەکی بۆ دابنرێ شەش مانگ یان ساڵێ جارێك دووبارە نوێ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سالم تۆما، کەرەمکە.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە خاڵی (2)، (سجل القرارات)، من پێمباشە (سجل المحاضر) بێت، چونکە ئیحتیمالی هەیە مەحزەری کۆبوونەوە دەکرێ، بڕیار نیە بەس کۆبوونەوەکە ئیعتیادیە، دەورییە دەکرێ، (محاضر) وا بزانم پەسند ترە، سێیەم/ (سجل الحسابات) و (تسجل فيه إيرادات و نفقات المنظمة)، ئیرادات وابزانم ماددیە، عائیدات، ئیرادات، چوارەم/ (سجل الإصول) نە (أساس)، سجل الإصول (موجودات)، موستەڵەحی مالیە زیاتر بەکار دێت، ئیصول و خصوم، (إصول) موتەبەعترە، (سجل الإصول) زائیدەن (سجل النشاطات) ئەگەر زیاد بکرێت، یاخود مەشاریعە، نەشاتە، شتێکە هەیبێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، هاژە سلیمان، کەرەمکە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی تێبینی دەکرێ لە ماددەی (12)، لە کوردییەکەی سێ خاڵە، لە عەرەبییەکەی چوارە، سجلی حیسابات لە کوردییەکەی دانەنراوە، من پشتگیری لە بەڕێز قسەکانی کاك سالم دەکەم، بۆ ئەوەی کە سجلێکی تر لەوێ دابنرێت، ئەویش سجلی مەشاریعە، چونکە زیاتر ئیشی ڕێکخراوەکان لەسەر مەشاریع پەیوەندە، سجلی مەشاریع بێت، یان سجلی نەشاتات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەفرین حسین، کەرەمکە.

**بەڕێز بفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی سیانزە کە هاتووە (ڕێکخراو لەسەریەتی ئەو تۆمارانەی دادێ هەبێت)، (ئەو تۆمارانەی خوارەوەی هەبێت) دادێ لاببردرێت، لە بڕگە یەکیش کە باسی تۆماری ئەندامان دەکات، ناوی ئەندامان نەهاتووە، تەنها ناونیشان هاتووە، ئیزافەی ناویش بکرێ لەگەڵ ناونیشاندا، خاڵێکی تر زیاد بکرێ بۆ تۆماری کار و چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش، كاك خورشید، كەرەمكە.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستی ئەڤ نفیسینا هەنێ، یەعنی خالێت هەنێ، لاوازییەكا تێدا هەی، ئەكەر بێینە خالا ئێكێ "(سجل الأعضاء)/ العنوان، العمر، الجنس، المستوى الدراسي، و تواريخ إنتمائهم"، یەعنی عیبارەكە زۆر نارێكە، ڕەكیكە، من پێشنیار دەكەم، "سجل الأعضاء/ و يدون فيه أسماء الأعضاء و العمر و الجنس و التحصيل الدراسي و تاريخ الإنتماء"، یەعنی شتەكان جەبیت ڕێك بن و دیار بن، ئەوەی لە ئەصلەكەدا هاتووە، بەڕاستی ڕەكیكە و مەعنای یاسایی زۆر تێدا نینە، دوو/ "سجل القرارات: و تتضمن قرارات كل من الهيئة الإدارية للمنظمة و الهيئة العامة و إسم الشخص الذي مثل المنظمة بموجب النظام الداخلي للمنظمة و يكون السجل موقعاً من قبل هيئة الإدارة للمنظمة"، یەعنی زۆر ڕەكیكە تێدا دیارە، من پێشنیار دەكەم بۆ ئەوەی ڕێك بخرێ و شتەكە مەفهوم بێ، "سجل القرارات: و يدون فيه القرارات الصادرة عن الهيئة الإدارية و الهيئة العامة للمنظمة و تذيل القرارات بتوقيع أعضاء الهيئة الإدارية للمنظمة"، سێ/ سجل الحسابات: تسجل فيه عوائد و نفقات المنظمة"، دروستیەكە دەبێت بەو شكلە بێت، "سجل الحسابات: و تدون فيه الإيرادات و النفقات"، چوار/ "السجل الأساس (سجل الموجودات): تسجل فيه جميع ممتلكات المنظمة من الممتلكات والثروات المنقولة و غير المنقولة السجل، الأساس أو سجل الموجودات و تثبت فيه جميع الممتلكات المنقولة و غير المنقولة لمنظمات"، یەعنی شتەكە بەو شێوەیە ڕێكتر دەبێت، بەڕاستی صیاغەكەی ئەوەی درێژە و بێ مەعنایە، من پێشنیار دەكەم تەعدیل بكرێت بەو شكلە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستخۆش، بەڕێز خلیل، فەرموو.

**بەڕێز خليل عثمان حمدأمين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا من سەرنجەكەم لەسەر خاڵی سێیەمە، (سجل الحسابات: تسجل فيه العوائد والنفقات)، لە دوای نەفەقات من پێم باشە (ديون المنظمة)ش باس بكرێ، چونكە زۆرجار مونەزەمە قەرزاریش دەبێ، ئەوە بڕگەیەكی تری بۆ زیاد بكرێ (و تدون فيها أسماء و عناوين المانحين الأساسيين للمنظمة الغير الحكومية)، چونكە زۆرجار مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی لە غەیری حكومەت مینحە لەلایەنی تریش وەردەگرن، یەعنی لە شەخصیات، لە كۆمپانیا، یاخود لە مونەزەماتی ئەجنەبی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستخۆش، بەڕێز جمال تاهیر، فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیاتر موداخەلەی منیش تەقریبەن زیاتر زمانەوانییە، یەك/ (سجلات المنظمات) بیکەین بە (سجلات المنظمة) چاکتر دەبێت ئەوە، دروست ترە، ئەم دێرەی تر بەم جۆرە بێتە خوارێ (تكون لدى المنظمة السجلات الآتية المصدقة من قبل كاتب العدل)، چاکتر دەبێت، (يجب) یان (على المنظمة أن تكون لديها السجلات الآتية و التي يجب تصديقها) لێرە هەر دووبارە دەبێت، چاکترە بڵێین (تكون لدى المنظمة السجلات الآتية المصدقة من قبل كاتب العدل)، برادەرم کاك خورشید هەر باسی ئەوەشی کرد، منیش پشتیوانی دەکەم ببێتە (التحصيل الدراسي)، (و تأريخ الإنتماء)، خاڵی دووەم/ پاش (إسم الشخص الذي يمثل المنظمة بموجب النظام الداخلي للمنظمة) دیسان دووبارە بووە، بکرێت (بموجب نظامها) لێرە قوڵتر دەبێ، خاڵی چوارەم/ (سجل الموجودات) أو (سجل الآساس: تسجل فيه جميع أموال المنظمة المنقولة والغير المنقولة)، چونکە دائیمەن (الآموال المنقولة والغير المنقولة) ئەوە موتەداویلە (قانوناً و قضاءاً و إلخ)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، بەڕێز تارا، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لێرە لە یەکەم خاڵ دا کە دەڵێ/ (سجل الأعضاء)، وا بە باش دەزام بۆ زیاتر نەزاهەی ئەو عزوەی کە دەچێ ئەو ڕێکخراوە ڕێك دەخات، ئەگەر زیادکردنی (كشف رصيد العضو قبل أن يكون عضواً في المنظمة)، ئەوە زیاتر وای لێ دەکات، دوایی ڕێکخراوەکە دەگات بەچی؟ پێش ئەو شتی هەبووە، مومکینە لە ئەنجامی کارکردنەکەی ئەو شتانەی کە هی خۆی بوو پێشتر با لەسەری حیساب نەکرێ کە مونەزەمەکەی داناوە، دووەم شت لە (سجل القرارات) نازانم دەڵێ/ (كل من الهيئة الإدارية للمنظمة الهيئة العامة)، (الهيئة العامة) نازانم هەر مەبەستی هەیئەی عاممەی مونەزەمەکەیە؟ ڕوون بکرێتەوە لێرەدا، چوارەم شت وا بە باشی دەزانم (سجل الأساس) یان بکرێت بە (سجل الممتلكات) تاکو ئەو صیاغەی کە کراوە بەو شێوەیە بمێنێتەوە، (الثروات المنقولة و غير المنقولة) یان (سجل الموجودات) بمێنێتەوە، بەس وەکو کاك جمال فەرمووی، من لێرە پشتگیری دەکەم (تسجل فيه جميع ممتلكات المنظمة من ألاموال المنقولة وغير المنقولة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز آمنة، فەرموو.

**بەڕێز آمنة ذكري سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت تۆمارکردنی بۆ دادنویسی وەخت نەهاتیە دەستنیشان کرن، هەی هەبیتن ساڵانە دبیتن، چەند ساڵا جارەکی ڤێ بچنە بەردەم کاتب عەدل، ڕاستە بەس وەخت بێتە تەحدید کرن، ژ لایەکی تر لە خاڵا ئێکێ تەلەفۆن و ئیمێلێت ئەندامی ژی شتەکە زەرووری یە، گەر هاتو پەیوەندی بە ئەندامان بکەن،

تەلەفۆن و ئیمێل یێ شتەکی گرنگە، سەبارەت دەستەی گشتی مەبەست ژێ چی یە؟ چونکی لێرەدا نەهاتیە تەعریف کرن، ژ بەر هەندێ بزانین کە مەبەست بۆ هەندێك دەستە گشتی هینا ئێرەدا، سەبارەت یا عەرەبی یێ هەر خالا دووێ جهەکێ گوتیە (الهیئة الإداریة للمنظمة) هەر گوتیە (هیئة الإداریة المنظمة) و (هیئة إدارة المنظمة)، ئەگەر ئەوە ژی بهێتە ڕاست ڤێ کرن، سەبارەت ناڤێ هەر ئەوی ناڤخۆ ببێتە ئەگەر صەح کەین مادده پێنجێ دا گەلەك رەکیکە، یەعنی بۆ هەر کەسەك و کە هەین نوێنەرایەتی بکات کە ڤە لێرە ژ ناڤێ ئەو کەسە کە پەیرەوی ناوخۆیێ مونەزەمێ بێهتە نڤیسین یەعنی گەلێ جارا هەی گور مادده پێنجێ هەر کەسەك بیتن بەردەم دادگایێ، موحامیەکێ بۆ بەردەم دەزگایەکی، نوێنەرەکی دی دەستنیشان بکات، ئەڤە تەحدید کریا مادده پێنجا تەحدید کری نینە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، بەڕێز شلێر، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەقریبەن قسەکانم هەمووی کرا، بەڵام لە بڕگەی یەکەم (سجل الأعضاء) کە دەڵێی (سجل الأعضاء) (العنوان)، (العمر) (کأنما) عینوان و عومر و جنس و ئەوانە هەمووی سجلی تایبەتن، بۆیە تەنها (سجل الأعضاء یتضمن)، وشەی (یتضمن) زیاد بکرێ، (سجل الأعضاء یتضمن العنوان، العمر، الجنس، المستوى) لە جیاتی (تدوین)، (سجل القرارات)یش لێرە (تتضمن قرارات كل من الهیئة الإداریة و المنظمة)، وا باشترە ببێتە (سجل القرارات: وتتضمن جمیع القرارات التي تصدر من المنظمة و إسم الشخص الذي یمثل المنظمة) ئەوانی تر وەکو خۆی، بەس چونکە جیهەی ئەوی قەرار دەدات دیارە، بۆ لێرە تەحدید بکرێ؟ (جمیع القرارات التي تصدرها المنظمة)، ئەوانی تر، قسەکانی ترم کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، بەڕێز شڤان، فەرموو.

**بەڕێز شڤان أحمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا منیش زۆر قسەکانم، ئەو تێبینیانەی هەبوون کران، بەس یەك، دوو تێبینی ئەو ماون، لە بڕگەی (2) دێری دووەم (بموجب النظام الداخلي للمنظمة) پێویست ناکات دووبارە تیکرار ببێتەوە لە ئاخیریش (هیئة إدارة المنظمة)، پێویست ناکات، (للمنظمة) زیادە، بڕگەی چوارەمیش من بەو شێوەیە دەبینم (من الممتلكات و الثروات) ئەوە ڕەش بکرێتەوە، چونکە (تسجل فیه جمیع ممتلكات المنظمة المنقولة و غیر المنقولة) (ممتلكات و ثروات) زیادە لێرە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، بەڕێز شلێر، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت (سجل الأعضاء) ئەوە بڕگەی یەکەم، بەڵام ئێمە قەت باسی خەتم و شیعاری مونەزەمەمان نەکردووە، کە ئەوەش مەفرووزە لای کاتب عەدل تەسجیل بێ، چونکە هەموو شوێنێ لۆگۆی خۆی هەیە، بە نیسبەت ئەوەی کە ئاماژەی پێدرا سجلی یەعنی سێهەم، سجلی دوای حیسابات، (سجل النشاطات و المشاریع) چونکە ئێمە کە لای کاتب عەدل دێت، دوایی بۆ ئەوەی موصەدەق بێت (یدون فیه نوع النشاط أو المشروع و جهة تمویله)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، بەڕێز عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەصەور دەکەم ئەو سجیلاتانە شتێکی تازە نین، ئێمە ئیقتیراحی ناکەین، یەعنی لە تەسجیلی شەریکات، هەتا لە قانونی (15)ش ئەوەی داوا کردووە، بۆیە دەتوانی سجلاتی تریشت هەبێ وەکو هی نەشاتات، بەڵام ئەوانە ئەساسین وابزانم بە پێی قەوانینی مەرعی لە وڵاتی ئێمە، تێبینیەکانم تەئیدی ئەو خوشك و برایانە دەکەم ئەوەی وشەی (عوائد)، عەوائید وابزانم بۆ شەریکاتە، ئەو پارەیەی کە لە کارخستنە، بۆیە (واردات و مصاریف)، واریدات و ئەوە شتێکی وا بێ، ئەوە یەك، دوو/ سجلی ئەساس، یان سجلی مەوجودات، وابزانم سجلی جەردەکەیە، یەعنی (inventory)ە، بۆیە با زۆر تەحمیلی نەکەین، من ئیقتیراح دەکەم (تسجل فیه کافة الممتلکات العینیة للمنظمة من أجهزة و أثاث و مکائن)، نەصەن سجلی ئەساس ئەوانەنە، شتی تری تێدا نیە، بەڵام موناقەشەی من لەسەر خاڵی دووەمە، لە خاڵی دووەم من حەز دەکەم ئێمە زۆربایەخ بدەینە ئەو مەسەلەیە، چونکە هیچ تەحدیدێك لە دەرەوەی قانون بۆمان نیە بۆ مونەزەمات بکەین، کە تۆ (الهیئة الإداریة للمنظمة و الهیئة العامة)ت وت، تۆ بە پێی قانونێك ئیلزامی هەر ڕێکخراوێکت کرد، هەیئە عامەی هەبێت و هەیئە ئیدارەی هەبێت، کەچی ئێمە دەزانین دوو نەوع هەیە، هەیئە، ئەوانەی هەیئەی موئەسەسە دەبنە (board of directories)، نا هێنە ئینتیخاب کردن، ناهێنە گۆڕان، ئەوان هەیئەیەکی دەستەی کارگێری دادەنێن، یەعنی (مدیر تنفیذي) و ڕەنگە سکرتاریەت و مودیر مەشروع، بۆیە ڕەنگە هەیئەی ئیداریان نەبێت، هەندێکیش بە عەکسەوە هەیئە عاممەیان هەیە، ساڵانە هەموو ئەندام کۆدەبن و هەیئەی ئیداری ئینتیخاب دەکەن، ئەوە دوو (نموذج) هەیە، ئێمە لێرە ئەگەر وامان کردبێت کە ئێمە قەرارمان داوە (نموذج)ی دووەم وەرگرین، سێ چارەکی مونەزەماتی نەشیتی زیرەك لە کوردستان هەنە، دەبێ خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو سیستەمە سەقەتە بە ڕەئی من، نموونەیەکی زۆر بەسیت هەیە کە لە یەکتر تێ بگەین، شەش مامۆستای جامیعە لە کوردستان سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی دیراسیان دروست کردووە، ئەندامیشیان هەیە و هاوکاریشیان هەیە، ئەوان بە بۆچوونی خۆیان دەیانەوێ

خزمەتی ئەو بوارە بکەن، ئەگەر هەندێك لە ئەندام، یان لە دەرەوەی ئەندام پێیان باش نیە ئەو سیاسەتە، خۆشی موجتەمەعی مەدەنی ئەوەیە هەڵدەستن ئەوان بۆ خۆیان سەنتەرێکی تری دیراسەت دەکەن، بەڵام دەبینن ئەوەی هەیئەی موئەسەسە، چونکە ئەوان خاوەنی بیرۆکەکەنە، بۆیە بە ڕەئی من ئەوە لە هەر جێگایەکی تریش هاتبێت، زۆر وریابین، تەقیید نەکەین بە نموزەجێك، ئەوە یەك مولاحەزە، مولاحەزەی دووەم/ ئەگەر باش بیخوێنن، صیاغە عەرەبیەکە من دەخوێنم، (سجل القرارات/ تتضمن قرارات كل من)، یەعنی ئێستا دەیبینین، قەراراتی هەیئەی ئیداریە، قەراراتی (هيئة العامة)، لێرەش سەیری کە من تێ نەگەیشتوومە، (وإسم الشخص الذي يمثل المنظمة)، قەراراتی، یەعنی (قرارات و إسم الشخص الذي..)، بەس یەك تێم بگەیەنێت مەعنای چیە؟ (ويكون السجل موقعاً من هيئة إدارة المنظمة)، هەیئەی ئیدارەی مونەزەمە شەرت نیە هەموو سجلات تەوقیع بکات، سجلیش عیبارەت بی، ڕەنگە ببیت بە عەصری ئێستا، فایلی ناو ئەنتەرنێت بن، لە ناو کۆمپیوتەر بن و تەبعیان دەکەی، یانیش مەلەفێك بێت لە ( data base)ێك دا لە وەختی ویستت لەسەر کاغەز لێی دەدەی، بۆیە ئەو مەسەلەی (موقع من قبل هيئة إدارة المنظمة) بە ڕەئی من نەبیت، دوو/ بۆ من شەرح بکەن، ( قرارات و إسم الشخص الذي يمثل المنظمة) چیە؟ تەصەور دەکەم ئەوە زیادە، بەس بنووسین (سجل القرارات/ القرارات التي يتم إتخاذها بإسم المنظمة)، یان بڕیارەکانی کۆبوونەوەکانی دەستەی پێکهاتەکانی ڕێکخراو، بە شێوەیەك لە شێوەکان کە ئێمە ناوێکی موحەدەد نەڵێین، ئاخیر قسەم، تۆماری نووسراوی هاتوو، دەرچووش تەصەور دەکەم یەکە لە تۆمارەکانی زەرووری کە هەیبێت، لە هەر تەحقیقێك، لە هەر تەفتیشێك نووسراوی بۆ هاتووە، نەهاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، کەیلی ئەکرەم، فەرموو.

**بەڕێز کەیلی أكرم مەنتك:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان پێشنیار دەکەم بە زیادکردنی سجلی نەشاتات و مەشاریع و جیهەی تەمویل و فائیدەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، بەڕێز صباح بيت الله، فەرموو.

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی (12) کە دبێژیتن (على المنظمة أن تكون لديها السجلات الآتية)، برەئیا من، ناڤ هینانا سجلا تنێ کافیە، ئەڤ شەرحە کو تێداهاتی بە رئیا من بە پێی پەیڕەڤێ ناڤخۆیا وێ ڕێخرابێ کە ئەو بۆ خۆ تەحدید بکاتن، پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراویدا کو هاتیە شەرحا، برئیا من یا زێدەیە، لە فەقەرە (2)

دبێژیت (سجل القرارات و محاضر الجلسات) ئەگەر بێتە ئیزافە کرن، (سجل المشاريع)یش بێتە ئیزافە کرن، پێم باشە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستتان خۆش، لێژنەی هاوبەش، کەرەمکەن.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارانەی کە خرانە ڕوو، باس لەوە کرا کە ئەو تۆمارانە ئایا مانگانەیە؟ ئەو سجلاتانە شەش مانگە، ئەو سجلاتانە ئیلزامی یە، دەبێ هەر ڕێکخراوێك ئەوەندە کە چوار جۆرە سجل هاتووە ئیلزامی یە، پێویستە دەبێ پابەند بێ بە بوونی ئەو جۆرە سجلاتانە، بەڵام ئایا بۆ ماوەی چەندە؟ ئەوە بۆ ماوەی ڕێکخراوەکەیە، بەڵام هەوو سجلاتەکان نوێ دەکرێنەوە، بە زانیاری، بۆ نموونە باس لە ژمارەی ئەندامان دەکات، لەوانەیە ئەندامی تر بێنە ناو ئەو ڕێکخراوە، بە بەردەوامی ئەو سجلانە نوێ دەکرێنەوە، بەو زانیاریە، بە پێی گۆڕینی زانیارییەکان، باس لە زیادکردن و کەم کردنی سجلاتەکان کرا، سێ ئەندام بوون پێشنیاری ئەوەیان کرد کە سجلێك بە ناوی چالاکی ڕێکخراوەکە زیاد بکرێ، سەبارەت بەو جۆرە سجلاتانەی کە لەناو یاساکە دێ، ئەو چوار جۆرەی کە هاتووە، ئەو ئیلزامی یە، دەبێ هەبێ، بەڵام هەر ڕێکخراوێك دەتوانێ سجلی هەبێ بۆ کارو چالاکییەکان، هەر ڕێکخراوێك دەتوانێ سجلێکی هەبێ بۆ صادیرە و واریدە، هەر ڕێکخراوێك دەتوانێ تۆمارێکی هەبێ بۆ تۆمارکردنی ئەو قەرزانەی کە وەردەگرێ و یان ئەو هیبە و عەتائانەی کە بۆی دێ، هیچ ڕێگرێك نیە، هەرچەند سجلات هەیە، بەڵام دەبێ پابەند بێ بە بوونی ئەو چوار جۆرە سجلاتانە، سەبارەت بەو پێشنیارانەی کە کرا بۆ داڕشتنەوەی دەقی ماددەکە، هەر لە ناونیشانی ماددەکە بە ناوی (سجلات المنظمات) هاتووە، وشەی (منظمات) دەکرێتە (منظمة)، (سجلات المنظمة) ئەوە هەردوو لێژنە لەسەری ڕێکین، پێشەکی ماددەکە (على المنظمة أن تكون لديها) ئەوەش دووبارە دادەڕێژرێتەوە، (على المنظمات مسك السجلات)، (تواريخ إنتمائهم) دەگۆڕێ بۆ (تاريخ الإنتماء)، مستەوای دیراسی دەگۆڕێ بۆ تەحصیلی دیراسی، عەوائیدەکانمان کردە ئیرادات لەسەر پێشنیاری بەڕێزتان، جۆری چوارەمیش (تسجل فيه جميع أموال المنظمة المنقولة و غير المنقولة)، واتا (ممتلكات) و (ثروات) ئەو وشانە نامێنێ، تەنها صیاغەکە دووبارە دەکەینەوە، (النظام الداخلي للمنظمة)ش لە هەر شوێنێك هاتبوو، کە دەڵێین (النظامها الداخلي)، ئەوە مەعلومە دەزانین مەبەست ئەوەیە پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکەیان، ئەوەش دووبارە پێویستی بە داڕشتنەوە هەیە، هەر ئەوەندە تێبینیەم ڕەچاو کرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دانا، کەرەمکە.

**بەڕێز د.دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی تۆماری چالاكییەكانیان هەبێ، من پێموایە لە ماددەیەكی لە دواتر، كاتێ كە ڕێكخراوكان داوای پرۆژە دەكەن، یان دەبێ با بڵێین ڕاپۆرتی چالاكییەكانیان بنێرن بۆ ئەو فەرمانگەیەی، یانیش بنێرن بۆ ئەوەی ڕەقابەی مالی، شتێكی لەو بابەتەی تێدا هەیە، بۆیە پێویست ناكات لێرە دووبارە بێتەوە، سەبارەت بەوەی كە ناوی دۆنەرەكانی تێدا بێت، پێموایە كە تۆ باسی ئەوە دەكەیت دەڵێی: ئەوە ئیراداتە، ئەوە نەفەقاتە، ئیراداتەكان لەوێ دەبێ، ناوەكان بۆ خۆی، یەعنی ئۆتۆماتیكی تۆمار دەكرێ، لە چ شوێنێكەوە هاتووە ئیراداتەكە؟ هی چ شوێنێكە؟ ئەوانی تر موتەفیق بوون لەسەر ئەوەی د. ڕۆژان باسی كرد، مەسەلەی كورت كردنەوە و داڕشتنەوەی شوێنەكان، سەبارەت بە هەیئەی ئیداری، ئەو هەیئەیە با بڵێین هەیئەی عام، لەوانەیە هەندێك ڕێكخراو هەبێ هەردووكیان هەبێ، یكێشیان تەنها یەكیان هەبێ، بەڵام ئەوە ئەگەر لە بیرتان بێ لە ماددەكەی پێشوو ئێمە دیاریمان كرد، لە پەیڕەوی ناوخۆ وتمان دەبێ ئەو شتانەی تێدا بێ، ئەوەی خاڵی سێیەم، بڕگەی سێیەم ئەوەبوو كە پەیكەری با بڵێین ڕێكخراوەكە، هەروەها چۆنیەتی كاركردنی، یەعنی دەبێ لە پەیڕەوی ناوخۆ ئەو مەسەلەیە یەكلاكرابێتەوە، جا بۆیە ئەوە كێشەیەك نیە ئێمە لێرە ناوی هەیئەی گشتی و یاخود كارگێری بێنین، لەبەر ئەوەی ئەگەر ڕێكخراوێك نەیبوو، بێگومان ئەوە پێویست ناكات، چونكە تۆ لە ماددەی پێشتر یەكلاییت كردۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سجللات زۆر باس كرا، ڕەئیتان لەسەری چی بوو؟ سێ، چوار پێشنیاری موختەلیف بۆ سجللات هات، سجلی عائیدات، واریدات.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر سجللەكانی ئەو مونەزەمانە كە باسمان لەسەر كرد، ئەو ڕوونكردنەوەی لەسەر درا، بەڵام چوار ئەندامی بەڕێز باسیان لەوە كرد كە پێویستە سجللی نەشاتات و مەشاریع هەبێ، ئەوە لە یاسای عراقیش دا هاتووە، دیارە ئەو برادەرانە لەسەر زەوئی ئەوەوە هێناویانە، ئیجرائی تر ئەمری جەنابی سەرۆكایەتی یە، دەیخەنە دەنگەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نەصەكەی بخوێنن، ئەو پێشنیارانەی هاتووە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (12)/ سجلات المنظمة

**على المنظمة مسك السجلات الآتيةعلى أن تكون مصدقة من كاتب العدل:**

**1- سجل الاعضاء: مدون فيه الإسم، العنوان، العمر، الجنس، التحصيل الدراسي، و تاريخ الإنتماء.**

**2- سجل القرارات: وتتضمن قرارات كل من الهيئة الادارية للمنظمة والهيئة العامة، و إسم الشخص الذي يمثل المنظمة بموجب نظامها الداخلي، ويكون السجل موقعا من قبل هيئة إدارة المنظمة .**

**3- سجل الحسابات: تسجل فيه إيرادات ونفقات المنظمة .**

**4- السجل الاساس (سجل الموجودات): تسجل فيه جميع أموال المنظمة المنقولة وغير المنقولة.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**دكتۆرە، ئەو پێشنیاری ئەندامەكان ئەوەی كە بۆ سجللات، ئەو پێشنیارەی ئەوان بخەینە دەنگدانەوە، وەردەگیرێ یان نا؟**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پێشنیار كرا كەوا سجللاتی (نشاطات و مشاريع) زیاد بكرێ، (سجل الأساس) هەیە لە بڕگە چوار، ناوەكە بگۆڕێ ببێتە چی سجلی ئەساس؟ (سجل الأساس أو سجل الموجودات)، ئەوە سجلێكە، ناوەكە لە زۆر بواران هەیە، لە زۆر مەجالان هەیە، ڕێكخرا و ئەو جۆرانە، بەڵام پێشنیاری ئەوە كرا سجلی نەشاتات و مەشاریع، سێ ئەندام پێشنیاری كرد، ئەگەر بەڕێزتان ئەوەی دەدەنە دەنگدان، ئێمە لاریمان نیە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**نیزامی، كاك عبدالسلام، فەرموو.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**وەڵامی ئەوەیان نەدا، وشەی (قرارات إسم الشخص الذي يمثل المنظمة) مەعنای چیە و بۆچی لێرەیە؟ یەك، دوو/ سوپاسی دكتۆر دانا دەكەم، خۆی دان بەوە درا كە ئێمە بۆ نیزام داخلی دەهێلێن چ نموزەجیان هەبێ،بەڵام ئەوە تەناقوزی هەیە، یەعنی نیزامییەكەم لەوەی تەناقوزی لەگەڵ ئەوەیە ئێمە لێرە تەسبیتی ئەو هەردوو موسەمەیات بكەین، بۆیە من پێشنیارێكم داوە بە برادەران، حەز دەكەم موراعاتی بكەن.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئامینە خان، فەرموو.**

**بەڕێز آمنة ذكري سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەز پەسەندا ڕەئیا كاك عبدالسلام دكەم، یا دێتژی پێشنیارا تەلەفۆن و ئیمێلی ژ هەبۆ، ئەوە ئەو بەحس ناكا، لە خاڵی یەكەم، تەلەفۆن و ئیمێلیش زێدە ببی.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك عمر، فەرمووو.

**بەڕێز عمر صديق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی تایبەتمەندە بە ناونیشان، یان با بڵێین تەلەفۆن و ئیمێل، لە سجلی ئەعزا نووسراوە، نووسراوە ناو، ناوی ئەندامەکان، ناونیشانەکەی، حەتمەن ناونیشانەکەی هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە.

**بەڕێز د. دانا سعيد صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ وەڵامەکەی ئامینە خان، من پێموایە لە هەردوو ئەوەی کە ئیشارەتی پێ کرد، لە ماددەکانی پێشوو و لەوە، هەمان مەعنای هەیە، لەوێ هاتووە دەڵێ/ ئەو کەسەی کە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکە دەکات، لێرەش بەهەمان شێوە، هەمان مەعنای هەیە، یەعنی ئەوەی کە پەیڕەوی ناوخۆ دیاری دەکات کێ نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکە دەکات؟ تەناقوزی تێدا نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە تەوزیح بکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت سجلاتی ئەو ڕێکخراوانەوە، زۆر بە وازیحی سجلەکان هاتووە، لە یەکەمیان کە باس لە سجلی ئەعزا دەکات، برادەرینە، سجلی ئەعزا یەعنی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە، ناو، یان جنس، یان عومر، ئەوەی کە باسی لەسەر کراوە، بە نیسبەت سجللی قەرارات، کە کاك عبدالسلام و هەندێ لە برادەران باسیان لەسەر کرد، بە تەئکید ئەو سجللە زۆر زەرووریيە لە هەموو ڕێکخراوەکان، لە هەموو شەریکەکان، لە هەموو سەندیکا و کۆمەڵەکان دا هەبێ، بۆچی؟ بۆ نووسینەوەی ئەو بڕیارانەی کە هەیئەی ئیدارە، یان هەیئەی عاممە کۆ دەبنەوە، بڕیار دەدەن، دەبێ نەصی مەحزەری کۆبوونەوەکان و نەتیجەی کۆبوونەوەکان چییان بڕیاردا؟ لەسەری دەنووسرێ، هەیئەی ئیدارە یەك بە دوای یەك ئیمزای دەکات، چونکە ئەم سجللاتانە سبەینێ لە زیمنی نەشاتاتی ئەو مونەزەمەیە، ئەو ڕێکخراوە حسێب دەکرێ، ئەو جیهەتەی کە ئیجازەی داوەتێ بۆی هەیە حیساباتی لەگەڵ دا بکات، داوای لێ بکات نەشاتاتی چیە؟ ئیشی چیە؟ قەراراتت چی دەرکردووە؟ لەسەر ئەو سجلە، ئەمما کە دەڵێ (وإسم الشخص الذي يمثل المنظمة) بەفەرقێك هاتووە، کە سجللەکە قەراراتی هەیئەی ئیداری تیادا دەنووسرێتەوە، لەو سجللەشدا بڕیار دەدرێ، لە نەتیجەی کۆبوونەوەیەکی هەیئەی عاممە بێ، یان هەیئەی ئیدارە بێ، یان ئەعزای موئەسیسین بێ، کێ مومەسیلی

**ئەو مونەزەمەیە لەوێدا بە قەرارێکی ئیداری باسی لەسەر دەکرێ، خۆ مومەسیلی ئەم ڕێکخراوانە لە خۆیەوە یەکێك نابێ، دەبێ هەیئەی ئیدارە کۆبێتەوە، یان هەیئەی عاممە کۆبێتەوە، تەخویلی یەکێك بکەن، دەبێتە مومەسیلی ئەم مونەزەمەیە بە گوێرەی چی؟ بە گوێرەی نیزامە داخیلیەکەی، لەبەر ئەوە بە نیسبەت ئەو سجیلی قەراراتەوە زۆر وازیحە، ئێمە پێمان وایە وەکو لێژنەی هاوبەش هیچ غمووزێکی تێدا نیە، بە نیسبەت سجیلی حیسابات، عائیداتەکە کراوە بە ئیرادات، زۆر باشە، سجیللی ئەساس، سجلێکە لەو سجللە زەرووریانەی کە دەبێ ببێ، چونکە مومتەلەکاتی ئەو ڕێکخراوانەی تیا دەنووسێ، بەڵام ئێمە لەبەر لێژنەی موشتەرەکە کردوومانە بە (تسجل فیه جمیع أموال المنظمة المنقولة و غیر المنقولة)، ئەوە نەصێکی قانونی یە، هەموو ماڵەکانی ئەو ڕێکخراوانە دەگرێتەوە، چی هەیە لە ئەموالی منقول، لە پارەکان، لە پارەیە، سەنەداتە، صکوکە، ئەموالی غێر منقولەش لە ئەبنیە و مونشەئات و ئەجهیزە و ئەدات و ئەدەواتەکانی تر کە هەیەتی، لەبەر ئەوە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەوانە مولاحەزاتەکانی زۆرینەیان بە هەند وەرگیرا، ئامادەیە بۆ خستنە دەنگدانەوە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز صباح بیت الله، فەرموو.**

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەرسڤا پێشنیارا من نەهاتە دان، من داخواز کر تەنێ نابێ سجلات بێتە کرن، شەرحا وێ بۆ پەیڕەوێ ناڤخۆیێ وێ ڕێخراوێ بێتە هێلان، هەڤالان ئەو بەرسڤا من نەدا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك شێروان نیزامی هەبوو، فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەر هەمان مولاحەزەم هەیە، ئەو سجیللانە لە هەموو مونەزەماتێك هەیە، لەو پەرلەمانەش ئیقرار کراوە، تەفاصیلی ئەم سجیللانە هەموو بۆ نیزام داخیلی گەڕاوەتەوە، هەر مونەزەمەیەك بە پێی تایبەتمەندی خۆی ئەو مولاحەزاتانە پڕدەکاتەوە، ئێمە لێرە حەقوایە خۆمان تووشی ئەو ئاستەنگە نەکەین، مومکینە هەندێ مولاحەزات هەبێ ئەسڵەن لە بیریشمان نەبێ، بۆ نیزام داخیلیەکە بە جێ بهێڵینەوە، مونەزەمەکە خۆی تەحدیدی ئەو شرووتانە بکات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك عمر، فەرموو.**

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك لەلایەن كاك عبدالسلام هاتووە، ئەوەی پەیوەندیدارە بە سجلی قەرارات، وابزانم لەلایەن بەڕێزێكی تریش هاتبوو، وابزانم داڕشتنەكەی بەو شێوەی كە ئەوان دایانڕشتووە زۆر دروستە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئێمە باس لەوە دەكەین ئەم سجللە هەموو بڕیارەكانی ڕێكخراوی تێدایە، یەكێك لەو بڕیارانە ئەوەیە كە بەبڕیار نوێنەری ڕێكخراوەكان دەستنیشان دەكرێ، بۆیە پێویست ناكات جارێكی تر ئێمە بڵێین نوێنەری ڕێكخراوەكەش دەست نیشان دەكرێ، چونكە ئەوە بە بڕیارە، بەردەوام ئەوە دووبارە دەبێتەوە، ئیمكانی هەیە ڕێكخراوەكە بۆ نوێنەرایەتی خۆی، بۆ لایەنێك یان بۆ موناسەبەیەكی دیاری كراو كەسێك دەستنیشان بكات، بۆ شوێنێكی تر یەكێكی تر دەستنیشان دەكات، بۆیە پێویست ناكات ناوی نوێنەری ڕێكخراو بهێنرێتەوە، بەس تەنها بە بڕیارەكان، ئەوەی كاك عبدالسلام هێناویەتی تەصەور دەكەم دروست بێ، ئێمە وەكو لێژنەی كۆمەڵگەی مەدەنی و ناوخۆ پشتگیری دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەمكە كاكە، فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش سید مجید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر پشتگیری ئەوڕەئیە دەكەم، چونكە بە تەئكید سجللی قەرارات كە دابندرێ، یاخود دەگیرێ لەو ڕێكخراوەدا بۆ نووسینەوەی بڕیارەكانە، هەروەكو كاك عمر باسی كرد، ڕەنگە بۆ كارێك نوێنەرێك دیاری بكات، بۆ كارێكی تر نوێنەرێكی تر دیاری دەكات، كە ڕەنگە بۆ مەحاكم محامییەك دیاری بكات، ئەوەی ئێمە باسی بكەین، یان باسی نەكەین، ئەوان بە تەئكید لە مەحزەری بڕیارەكانی خۆیان دا دەینووسنەوەلەوێ تۆمار دەكرێ، بۆیە پێویست ناكات لێرە باسی بكەین، ئەوە بهێڵینەوە بۆ پەیڕەوی ناوخۆی ڕێكخراوەكان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە پێشنیارەكە بخوێنن بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، یان دەنگی دەدەنێ، یان نایدەنێ، كەرەمكە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

2- سجل القرارات: تتضمن قرارات كل من الهيئة الإدارية للمنظمة والهيئة العامة ويكون السجل موقعاً من قبل هيئة إدارة المنظمة.

پێشنیارەكە تایبەتە بە بڕگە (2)ی ماددەكە، (وتتضمن القرارات الصادرة عن إجتماعات المنظمة و وحداتها).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بكات تكایە؟ ئەوەی خوێندرایەوە دەیدەینە دەنگدان، بیخوێنەوە دووبارە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تایبەتە بە دارشتنەوەی بڕگە (2)ی ماددەکە،**

**2 - سجل القرارات: وتتضمن القرارات الصادرة عن إجتماعات المنظمة و وحداتها.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵە دەست بەرز بکات؟ نا، هەردوو نەص نا، موقتەرەحەکە، کێ لەگەڵە دەست بەرز بکات؟ ئەو نەصەی خوێندرایەوە؟ (20) بەڕێز لەگەڵە، کێ لەگەڵ دا نیە تکایە؟ (23) لەگەڵ دا نیە، ئەوە ڕەفز کرا، ئێستا هەمووی بخوێنەرەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، کەرەمکە.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (12)/سجلات المنظمة**

**على المنظمة مسك السجلات الآتية على أن تكون مصدقة من كاتب العدل:**

**1- سجل الاعضاء: مدون فيه الإسم، العنوان، العمر، الجنس، التحصيل الدراسي، و تاريخ الإنتماء.**

**2- سجل القرارات: وتتضمن قرارات كل من الهيئة الادارية للمنظمة والهيئة العامة، و إسم الشخص الذي يمثل المنظمة بموجب نظامها الداخلي، ويكون السجل موقعا من قبل هيئة إدارة المنظمة .**

**3- سجل الحسابات: تسجل فيه إيرادات ونفقات المنظمة .**

**4- السجل الاساس (سجل الموجودات): تسجل فيه جميع أموال المنظمة المنقولة وغير المنقولة.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە کوردیش توخوا بیخوێننەوە، لە وەختی ئەوە موناقەشە نەکەن، کەرەم بکەن.**

**بەڕێز د.دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی 12/تۆماری ڕێکخراو**

**ڕێکخراو لەسەرێتی ئەم تۆمارانەی دادیێ هەبێت و دەبێ لە لایەن دادنووسەوە ئەرێ کرابێ:**

**1-تۆماری ئەندام:ناونیشان، تەمەن، ڕەگەز، پلەی خوێندن و ڕۆژی بوونە ئەندام.**

**2-تۆماری بڕیارەکان:بریتی دەبێ لە بڕیارەکانی هەر یەك لە دەستەی کارگێڕی ڕێکخراوەکە و دەستەی گشتی، ناوی ئەو کەسەی بە پێی پەیڕەوی ناوەخۆی ڕێکخراوەکە نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکە دەکات و تۆمارەکەش لە لایەن دەستەی کارگێڕی ڕێکخراوەکەوە ئیمزا دەکرێت.**

3-تۆماری ژمێریاری: تیایدا داهات و خەرجیەکانی رێکخراوی تێدا تۆمار دەکرێت.

4-تۆماری بنەڕەت (تۆماری هەبووەکان):هەموو سامانی گواستە و نەگواستەی رێکخراوی تێدا تۆمار دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆمار یەعنی تسجیل، نەك سجل، لە جیاتی سجل وشەیەکی تر بەکار بێنن. کاك ئاراس کەرەم بکە.

**بەڕێز ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای داڕشتنەوەی نازانم تا چ حەدێك لێرە نوقتەی نیزامیە؟، هەندێ هەڵەی قەواعیدی هەیە لە بڕگەکاندا ئەگەر ڕێم پێ بدەی؟، بینووسم و بۆت بنێرم؟، بەڵێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردی بیخوێنە تا عەرەبیەکەش ئەوە چاکی دەکات و تەواو.

**بەڕێز د.دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 12/تۆماری رێکخراو

رێکخراو لەسەریێتی ئەم تۆمارانەی دادیێ هەبێت و دەبێ لە لایەن دادنووسەوە ئەرێ کرابێ:

1-تۆماری ئەندام: ناو، ناونیشان، تەمەن، ڕەگەز، پلەی خوێندن و رۆژی بوونە ئەندام.

2-تۆماری بڕیارەکان:بریتی دەبێ لە بڕیارەکانی هەر یەك لە دەستەی کارگێڕی رێکخراوەکە و دەستەی گشتی، ناوی ئەو کەسەی بە پێی پەیڕەوی ناوەخۆی رێکخراوەکە نوێنەرایەتی رێکخراوەکە دەکات و، تۆمارەکەش لە لایەن دەستەی کارگێری رێکخراوەکەوە ئیمزا دەکرێت.

3-تۆماری ژمێریاری: تیایدا داهات و خەرجیەکانی رێکخراوی تێدا تۆمار دەکرێت.

4-تۆماری بنەڕەت (تۆماری هەبووەکان):هەموو سامانی گواستە و نەگواستەی رێکخراوی تێدا تۆمار دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، وەکو خوێندرایەوە، ئێستا کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، دەنگدانە و لە وەختی دەنگدان نیزامی نیە، 47 ئەندامی لەگەڵە، کێ لەگەڵدا نیە؟، 3 ئەندامی پەرلەمان لەگەڵدا نیە، کاك رفیق کەرەم بکە.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆیە لەگەڵ نیم، چونکە نیصابی قانونی...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا حیسابم کردووە و تەواوە، 56 کەسە فەرمووو حیسابی بکە خۆت بە پێوەی حیسابی بکە، حیسابم کردیە، نیصاب هەیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی تر تکایە.

**بەڕێز د.دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی شەشەم/ دارایی ڕێکخراو

ماددەی 13/دارایی ڕێکخراو پێك دێت لە :

1 - ئەو کۆمەکەی ئەندامانی ڕێکخراو پێشکەشی دەکەن.

2 - ئەو کۆمەك و بەخشش و دیاری و مینحانەی لە لایەن کەسان و کەرتی تایبەت و لایەنانی بیانی و ناوەخۆ و دیکەوە پێشکەش کراون.

3 - هەر دەستکەوتێکی دی کە ڕێکخراو لە ئاکامی چالاکیەکانی و کاتی وەبەرهەمهێنانی سامانەکەی بەدەستی دەهێنێت.

4 - بەشی تەرخانکراوی ڕێکخراو لە بڕە بودجەی ساڵانەی هەرێم و هەر کۆمەکێکی دی کە لە لایەن حکومەتەوە بۆ پشتیوانی کردن لە پرۆژەی ڕێکخراوەکان پێشکەش دەکرێت.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مالیة المنظمة

المادة 13/ تتكون مالية المنظمة من:

1 - المساعدات التي يقدمها اعضاء المنظمة.

2 - المساعدات و التبرعات و الهدايا و المنح المقدمة من قبل الافراد و القطاع الخاص و الجهات المحلية و الاجنبية الاخرى.

3 - اي مكسب اخر تستحصله المنظمة نتيجة فعالياتها لدى استثمار ثرواتها.

4 - حصة المنظمة من مبالغ الميزانية السنوية للاقليم المخصصة و اية مساعدات اخرى مقدمة من قبل الحكومة لدعم مشاريع المنظمات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێ موداخەلە بکەن، تکایە زۆر پەیت بن، چونکە ئەم یاسایە ئەمڕۆ هەتا تەواو نەبێ دەرناچین، ئەبێ تەواو بێت، کەرەمکەن ناوتان بنووسن، شەونم محمد کەرەمکە.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئـەم بڕگەیـەوە، بڕگـەی یەکـەم (المساعدات التـى يقـدمها اعضـاء المنظمـة ومـن ضـمنها اشـتراكات الاعضاء)، یەعنی زیادە بکری بۆ ئەو بڕگەیە، بە نیسبەتی بڕگەی دووەمەوە (المساعدات والتبرعات و الهدايا والمنح المقدمة من قبل افراد القطاع الخاص)، لە مەسەلەی قیتاعی خاص، من پێم باشە کاتێـك کـە قیتـاعی خاص بکرێت بە بڕگەیـەك بۆهاوکـاری کردنـی مونـەزەمات، بـۆ ئـەوەی دەسـتی مونەزەماتـەکان بکرێتـەوە، قیتاعی خاص هاوکاریان بکات، بەڵام بە مەرجێ بێت، ئەگەر هاتو قیتاعی خاص هاوکاری هەر ڕێکخراوێکی کرد، لەو ڕێکخراوانە بۆ کاری خێری، بۆ نموونـە، قوتابخانەیـەك دروست بکات، مزگـەوتێك دروست بکات، هەرچۆن ئێستا لەناو حکومەتدا ئەو حاڵەتـە هەیـە، ئەگـەر یـەکێك پڕۆژەیـەکی خـەیری دروست کـرد، لـە هەموو باجـەکان خـۆش دەبـن لەسـەر ئـەو کەسـە، بەنیسبەتێکی موعەیـەن، داواکـارم ئـەو خاڵـەش ئیزافـە بکرێت، لێرە بە هەمان حاڵەت موعامەلە لەگەڵ مونەزەماتەکان دا بکرێت، پـاش ئـەوە ( أي مكسب تحصـله المنظمة نتيجة فعاليتها لدى إستثمار ثرواتها ) بێگومان ئەو ڕێکخراونە هەندێ ئیش و کار دەکەن بۆ ئەوەی بڕێك پارە بێتە ناو میزانیەی ڕێکخراوەکان و ئیشی لەسەر بکەن، پـێم باشـە لێـرەش هـەر بڕگەیـەکی تـر ئیزافە بکرێت، کە لەلایەن حکومەتەوە ئەو ڕێکخراوانە هاوکاری بکرێن، بەوەی کە هەندێ پڕۆژە هەیە لـە مـەجالاتی کۆمەڵایـەتی، یـاخود لـە پـەروەردە، لـە سـێکتەرە جیاوازەکـان، بـۆ نموونـە، ئەگـەر پـەروەردە بەرنامەیـەکی هـەبێ بـۆ نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری، ئـەم بەرنامەیـە، زۆرجـار ئـەو بەرنامانـە لـە لایـەن حکومەتەوە ئـەکرێت بـە تەنـدەر، ڕێگـا بـدرێت بـەم ڕێکخراوانـە، ئـەم ڕێکخراوانـەش هاوبەشـی بکـەن لـەو تەندەرانە، بۆ ئەوەی ئەگەر قازانجێك هەبێ، ئەوانیش قازانجی لێ بکەن، ئەمەش .......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەکە گوێیان لێتە تکایە، بۆ ئەندامان قسە ئەکەن ئێوە، ئێمەش گوێمان لێتانە، بەس بۆ ئەو بەڕێزانەیە کە دەنگ دەدەن، ڕەئیەکەی جەنابتان بە گرنگ وەربگرن، فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو حاڵە ئەگەر هاتو هاوکاری ڕێکخراوەکان بکرێت، ڕێکخراوەکان تێکەڵ بوونێك ئەبێ لە بەینی حکومـەت و ڕێکخراوەکـان، بـە هەماهـەنگی و ئەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە ئیشـی ئـەوانیش بـاش ببێـت، ئیشـەکانیش بـە تەئکید لە کۆتایی ڕێکخراوەکان ئەگەڕێتەوە بۆ خزمەتی کۆمەڵگا، بڕگەیەکی ترمان هەیە، ئەو پارەیەی کە حکومەت دایئەنێت لە سندوقێکی تایبـەتی، بێگومـان بڕێـك پـارە هەیـە، سـەرووی شـەش ملیـارە حکومـەت دایناوە بۆ هاوکاری ڕێکخراوەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ئەو پارەیەی کە لـە لایـەن حکومەتـەوە ئەدرێت بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، پێویستە ئەو بڕگەیە ئەو خاڵەی تیـا دەسـت نیشـان بکرێـت، کە بە پێی ئەو پڕۆژانە بێ کە پێشکەشی دەکەن، بۆ نموونە ڕێکخراوی ڕەقەم یەك، هـیچ پڕۆژەیـەکی نیـە، ئەو پارەیە وەرنەگرێت، بـەڵکو ڕێکخـراوی ڕەقـەم دوو کـە پڕۆژەیـەکی زیـاتری هەیـە، سـوود لـەو پڕۆژەیـە وەربگرێت و ئیستیفادەی لێ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەیلی ئەكرەم كەرەمكە.

**بەڕێز كەیلی ئەكرەم احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیم هەیە لەسەر خاڵی دووەم، كە موساعەداتی محلی و ئەجنەبی، موساعەداتی ئەجنەبی پێویستە كاتێك كە هەر ڕێكخراوێك هاوكاری دەكرێت، هاوكاریەكی زۆری دەكرێت پێویستە دائیرەكەی لێ ئاگادار بكرێتەوە، ئەوە بە نیسبەت خاڵی دووەم، خاڵی چوارەم، تەحدید كردنی ئەو حسەیە كە بۆ ڕێكخراوەكە دادەنـدرێت، پێویستە بە پێی پێوەرەكە كە بۆ دەعمی مەشاریعەكان دەبێت، چونكە دەزانین هەنـدێ ڕێكخراو حسەكی باش وەردەگرێت، بەس هەنـدێك ڕێكخراو وانیە، بەس بزانین تەحدیدی ئەو حسەیە چۆن دەبێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك گۆران كەرەمكە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا من پشتگیری لە هاوڕێم شەونم خان دەكەم، كە بڕگە دوو ببێتە دوو تەوەر، بەشێكیان بریتی بێت لەو موساعەداتە خارجیانەی كە لە لایەن ولاّتانی بیانی، یاخود ڕێكخراوە بیانیەكان پێشكەش بە ڕێكخراوەكانی هەرێمی كوردستان دەكرێت، خاڵێكی تریش ببێت بەو كۆمەك و بەخشین و دیاریانەی كە لە لایەن كەرتی تایبەتەوە پێشكەش بە ڕێكخراوەكان دەكرێت، لە بەرامبەر ئەوەدا حكومەت 30٪ كە نسبەیەك دابندرێت لە ڕێژەی باج ببەخشرێت ئەم كۆمپانیاو كەرتی تایبەت، بۆ ئەوەی جارێكی تر دەبێتە هۆی ئەوەی حكومەت موشارەكەی ببێت لە دەعم كردنی ڕێكخراوەكاندا، وە خاڵی چوارەم پێشنیار دەكەم بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، وازح نیە، چونكە ئێمە لە بەشی بودجە كە دادەنـدرێت، تەنها بۆ ڕێكخراو دانادرێت، بۆ ڕێكخراو وئەحزاب دادەنـدرێت، بابڵێین ساڵی پار كە 90 ملیار دانـراوە، لەسەر ئەساسی پڕۆژەش بێ بەو شێوەیە، بەشی تەرخانكراوی ڕێكخراوەكان لە بودجەی ساڵانەی هەرێم كە بە پێی پڕۆژە دەدرێت بە ڕێكخراوەكە، هەر كۆمەكێكی تر كە لە لایەن حكومەتەوە بۆ پشتیوانی كردنی ڕێكخراوەكان پێشكەش دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

گەشە خان كەرەمكە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەبارەت بە خاڵی چوارەم، بەشی تەرخانکراوی ڕێکخراو لە بودجەی ساڵانەی هەرێم، ئەویش بە پێی پڕۆژە بێت، لەبەر ئەوەی ئەو ڕێکخراوانەی کە چالاکن و کار دەکەن، زیاتر بە دەر دەکەون، ڕۆحێکی تەنافسی دروست دەبێ لە ڕێکخراوەکان کە باشتر ئیش بکەن، هاوڕام لەگەڵ شەونم خان و کاك گۆران، سەبارەت بەو بەرنامجە ئینسانیانەی کە حکومەت هەیەتی، لە ڕێگەی وەزارەتەکانەوە جێبەجێی دەکات، لە ڕێگەی تەعاقدەوە لەگەڵ ئەم ڕێکخراوانە دەبێ، بۆ نموونە، تەئهیلی گەنجان بۆ کار، یاخود تەوعییەی خوێندنگاکان دژ بە توندو تیژی، دژ بە ژنان یاخود خێزان، ئەمانە لە ڕێگەی ئەم ڕێکخراوانەوە بێ، کە ئیختیساسیانە نەوەك لە ڕێگەی کۆمپانیایەکەوە بێ، کە ڕەنگە خەڵکی موختەس بگرێتەوە، وا باشترە کە عەقد لەگەڵ ئەم ڕێکخراوانە بکرێت، هەروەها هاوڕام لەگەڵ شەونم خان، کە باسی لە زەریبە کرد، کاتێك کە کەرتی تایبەت، پێشکەشی ئەم ڕێکخراوانەی دەکات بۆ جێبەجێ کردنی پڕۆژە، کە ئەوانیش لێ خۆشبوونیان هەبێ، کە لە یاساکانی تر هەمانە سەبارەت بە کارە خەیریەکان، ئەم مونەزەمانە ڕاپۆرتی ساڵانەیان هەبێ، لەسەر هەموو کارەکانیان کە جێبەجێی دەکەن، بۆ دائیرەی مونەزەمات، سەرچاوەی بودجەکەشیان دەست نیشان بکەن لە ڕاپۆرتەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر کەرەمکە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش زیاتر لەسەر خاڵی چوارەمە کە گەشە خان و کاك گۆران باسیان لەسەری کرد، پێوەرێك هەبێ بۆ ئەو مەسەلەی ئەو بودجەیەی کە حکومەتی هەرێم دەست نیشانی کردووە، لەبەر ئەوەی ئەمساڵ کە 200 ملیارە، ئەو 200 ملیارە بۆ حیزب و ڕێکخراوەکانە، ئێستا بە نیسبەت حکومەتەوە مانگی دوو ملیۆن و نیویان ئەداتێ بەبێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان ڕێکخراوێکی چالاك و ڕێکخراوێکی ناچالاك بکات، کەواتە ئەو پێورە بە قەناعەتی من لەسەر ئەساسی پێشکەش کردنی پڕۆژە بێت، ئەو بودجەیان کە بۆ تەرخان دەکرێت، دەیان درێتێ، بۆ ئەوەی خۆی لە خۆیدا بەربەرەکانێ دروست بێ لە نێوان ڕێکخراوەکان، زیاتر بتوانن خزمەتی کۆمەڵی مەدەنی کوردی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح کەرەمکە.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارامن ل سەر هندێیە، فەقەرە دوو ل ڤی ماددەی، کە دبێژیتن (المساعدات والتبرعات والهدایا والمنح) رەئیا من ئەڤە بێتە ئیزافە کرن، (المساعدات والتبرعات والهدایا والمنح والهبات والوصیة المقدمة من قبل الافراد و القطاع الخاص والجهات المحلیة والاجنبیة الاخرى) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رفیق سابیر کەرەمکە.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرنجی من لەبارەی بڕگەی سێیەمە، کە نووسراوە، هەر دەستکەوتێکی دی کە ڕێکخراو لە ئاکامی چالاکیەکانی لەکاتی وەبەرهێنانی سامانەکەی بەدەستی دەهێنێ، ڕاستیەکەی لێرە هەندێ ڕێکخراو هەیە، دەشێ وەکو خەدەماتێك لەو ڕێگەیەشەوە سامانێك بە دەست بهێنن، یان داهاتێکیان دەست کەوێ، بۆ نموونە سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەیە، لەگەڵ وەزارەتێك، لەگەڵ دائیرەیەك ڕێك دەکەوێ، چەند لێکۆڵینەوەیەکی بۆ دەکات، لە بوارێك بەرامبەر داهاتێك، بەرامبەر پارەیەك، من پێشنیار دەکەم بەو شێوەیەی لێ بێت(هەر دەستکەوتێکی دی کە ڕێکخراو لە ئاکامی چالاکیەکانی و لە ڕێگای وەبەرهێنانی سامانەکەی بەدەستی دەهێنێت) نەوەك تەنها لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی سامانەکەیەوە، بەڵکو لەئاکامی چالاکیەکانی و لە ڕێگای وەبەرهێنانی سامانەکەی بە دەستی دەهێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش، كاك سەروەر کەرەمکە.

**بەڕێز د.سەرومر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەبارەت بە خاڵی دووەم هاوڕێکانم خاتوو گەشەو مامۆستا گۆران و شەونم خان باسیان کرد، دووبارەی ناکەمەوە، لەوەی کەوا دەکرێت بەشێك لەو پرۆژە خزمەتگوزاریانە لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانەوە بکرێت، نازانم چ میکانیزمێکی بۆ دادەندرێت، ئالیەتەکەی چۆنە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بۆ ئەوەی بتوانین ڕۆڵی ئەوان کارا تر بێت و هاوکاری زیاتر بکرێن، سەبارەت بە خاڵی چوارەمەوە، هەمان رای وانم هەیە، بەڵام بەو جۆرەی کە ئەمەی لێرەدا هاتووە، بەشی تەرخانکراوی ڕێکخراو لە بڕە بودجەی ساڵانەی هەرێم، بەو جۆرە کە هاتووە ئەمە هەموو ڕێکخراوەکان دەگرێتەوە، ئێمە لێرەدا هاتووە بەشی تەرخان کراوی ڕێکخراو لە بڕە بودجەی ساڵانەی هەرێم بەو جۆرە کە هاتووە ئەمە هەموو ڕێکخراوەکان دەگرێتەوە، ئێمە لێرەدا بە پێی ئەم یاسایە کە دەردەچێت، دیارە دەزانین کە مۆڵەتی ڕێکخراوەکان زۆر ئاسان کراوە، کە ئاسان دەکرێت ئەگەر بەو جۆرە بڕوات پێموایە لە کورتترین ماوەدا بە هەزاران ڕێکخراوی تر دروست دەبێت، کە بە هەزاران ڕێکخراو دروست بکرێت و هەموویان بە بێ جیاوازی ئەو جۆرە بودجەیەیان پێ بدرێت پێموایە بودجەی هەرێم و بودجەی ڕێکخراوەکان تەحەمولی ئەوە ناکات و سەدان و هەزاران ڕێکخراو لەوانەیە وەهمیش بێتە کایەوە کە لە ئەهمیەتی ئەو ڕێکخراوە گرنگانە، ڕێکخراوە ڕاستەقینانەش کەم بکاتەوە، بۆیە بە گرنگی دەزانم کە بە پێی پرۆژە بێت، چونکە دوو فەقەرەیە بەشێکیان دەڵێت بە پێی پرۆژە بێت، بەشی تەرخان کراوی ڕێکخراو لە بودجەی ساڵانەی هەرێم وەکو مامۆستا بە پێی پرۆژە

دەدرێت بە ڕێکخراوەکە، ئەمە سابتە، بەشێکی دیکەشی هەمان بڕگەی دووەمی وە هەر کۆمەکێکی تر کە لەلایەن حکومەتەوە لەوانەیە هەندێك حاڵەت بێتە کایەوەو بدرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

امینە خان فەرموو.

**بەڕێز امینە ذکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێت من هاتنە گۆتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارەکەم تەوجیهی خوشك وبرایانی یاسایی دەکەم، مەسەلەی هەدایە و تەبەروعات لەگەڵ یاسا دەگونجێ بۆ ڕێکخراوەکان یان بۆ فەرمانگەکان؟ بەخشیش و ئەوەی تر.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حەقیقەت من وشەیەك هاتووە کە دەڵێ (تتکون مالیة المنظمة) من پێشنیارێکم هەیە ئەگەر مالیە بگۆڕدرێت، چونکە مالیە بەڕاستی دەستەواژەیەکی گشتگیرە و دوو لایەن دەگرێتەوە، لایەنی ئیراداتیش دەگرێتەوە و لایەنی نەفەقاتیش دەگرێتەوە، ئێستا لێرە ئێمە ئەم ماددەیەی کە هەمانە تەنها مەبەستی ئیراداتە نەك نەفەقات، لەبەرئەوە من پێم باشە ئەگەر بخرێتە دەنگدانەوە یان لیژنەی بەڕێز ڕازی بێت لەسەری (تتکون ایرادات المنظمة) لەباتی ئەوەی بڵێی (تتکون مالیة المنظمة) ئەوە وەکو بۆچوونێك، بە نیسبەت خاڵی 3 ەوە کە باسی ئیستسماری سەروات دەکات، بەڕای من یەعنی وەکو پێشنیارێك گونجاو ترە من وای لێ تێ دەگەم (استثمار اموالها) نەك (ثرواتها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم کە سیاغەی ئەو ماددەیە بەو شێوەیە بێت ( تتکون مالیة المنظمة من 1. الاشتراکات التی یقدمها اعضاء المنظمة،2. المساعدات والتبرعات والهدایا والمنح المقدمة من قبل الافراد والجهات المحلیة والاجنبیة الاخری بدون شرط، 3. المساعدات المالیة من القطاع الخاص بنسبة ثلاثین بالمئة من الضرائب الواجب دفعها بشرط الصرف فی الخدمة العامة من قبل المنظمة، 4. دعم الحکومة للمنظمة من المیزانیة السنویة للاقلیم، 5. مساهمة المنظمات فی تنفیذ بعض المشاریع الحکومیة بالاخص فی الوزارات الخدمیة عبر مشاریع او شراکات مقدمة من قبل المنظمات الی الهیئات التنفیذیة، 6. ای مکسب اخر تستحصله المنظمة نتیجة فعالیتها او استثمار ثرواتها لغرض تحقیق اهدافها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 10 لە خاڵی سێیەمەوە دەست پێ دەکەم، یەکەم تێبینیم لەسەر ئەوەیە تەبعەن لە نەسە عەرەبیەکەی دەڵێ (اي مکسب اخر) ئێمە لێرەدا باسی مالیە دەکەین مەکسەب تەنها مالی نیە، مەکسەبی تریش هەیە چالاکی هەیە ، بۆیە بە من ئەگەر لێرە مەکسەبەکە بگۆڕین ببێتە (اي مورد مالي اخر تستحصله المنظمة نتیجة نشاطاتها او فعالیاتها لدی استثمار اموالها) بەو شێوەیە زیاتر ئێمە شکلێکی مالی دەدەینێ لەوەی کەوا ئێمە نەشاتات و شتەکانی بۆ مەکسەبێکی تریش بڕوات، سەبارەت بە خاڵی 4 ئەوەی من تێی گەیشتم لەم خاڵە و خوێندنەوەم بۆ ئەم خاڵە ئەوەیە بووەتە دوو بەش، بەشێکی ئەوەیە کە تۆ وەکو ڕێکخراوێك ئیلزامێکت هەیە یاخود حکومەت مولزەمە بەرامبەر ئەوەی کەوا بەشێك لە میزانیەی خۆی تەخسیس بکات بۆ تۆ بەبێ ئەوەی تۆ هیچت کردبێت، چونکە تۆ حصەیەکت هەیە وەکو مونەزەمە لە میزانیەی سەنەوی ئیقلیم، ئەوە تۆ حسەیەکی مەزمونت هەیە مانگانە، ئەوەی تری کە باس دەکات لەگەڵ ئەو حسەیەی کە هەیەتی موساعەداتی هەیە کاتێك کە نەشاتەکەی ئەنجام بدات، یاخود مەشاریع بۆ مونەزەمەکە ئەنجام بدات، کەواتە لێرە ئەم ڕێکخراوانە دوو جۆرە موساعەدات لە حکومەت وەردەگرن، یەکێکی حصەی مانگانەی خۆیانە، دووەمیان ئەوەیە کە موساعەداتێك وەردەگرن بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانیان، وەکو من خۆم هەرچەندە ئەوە بە ئیفتخارەوە دەڵێم ڕۆژێك لە ڕۆژان من کارم کردووە لە ڕێکخراوێ (Human Rights Watch)ی کوردی بۆیە هەندێك مەعلوماتم هەیە لەسەر ئەوە، یەعنی گوناحە من ئەو ڕێکخراوانەی کە کاردەکەن و نەشاتاتیان هەیە و ڕۆژانە و لەگەڵ ڕێکخراوی تر هەیە بەس تەنها ناوە، ئێمە ئەم دوو شێوە مالیە بۆ ئەو ڕێکخراوانە بە یەك پێوەر یاخود بە یەك چاو سەیریان بکەین، بۆیە ئەگەر بکرێت بە پێی ئەو پێشنیارانەی کە پێشی من ئەندامە بەڕێزەکان پێشکەشیان کرد، ئەگەر ئێمە لێرەدا لە سەرەتاوە حسەی مونەزەمەکە وای لێ بکەین ببێتە ئەو یارمەتیەی

کە حکومەت لە میزانیـەی ساڵانەی خـۆی دەیبەخشـێ یـە موزەمەکـە کـە کاتێـك نەشـاتێکی ئەنجامـدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لـە خـاڵی 3 مـەوە دەسـت پـێ دەکـەم، ئەمـەی کـە بـاس دەکرێـت لێـرەدا تێکەڵکردنێکـە لـە نێـوان کـاری وەبەرهێنان و کاری ڕێکخراوەیی دا من تێ ناگەم ڕێکخراوێك کـە کارەکـەی کـارێکی ئینسـانی بێـت و کارێـك بێت بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا، بۆچی لێرەدا ئەو پارەیەی کە هەیەتی یـاخود وەری دەگرێـت لـە حکومـەت دا بهێنـدرێ و بخرێتـە ئیستسـمارەوە، ئیستسـماری پـێ بکـات؟ ئەمـە تێکـەڵکردنێکی زەقـە لـە نێـوان کـاری ڕێکخراوەیی و کاری ئیستسماری دا کە بەڕاستی ئەوە ئیشەکەی خۆی ون دەکات، بۆیە دەکرێـت ئێمـە ئەمـە بەشێوازێکی تر سیاغە بکەینەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕێکخراوانە سوودمەند بن لەو کارانەی کە هەیانە، ئـەویش بەوەی کە بڵێیت (تعفى المنظمات من الضرائب على جميع العائدات المالية وخاصة الخدمية منها)، لێرەدا تـۆ ئیعفای دەکەی مەکتەبێك دروست دەکات، چۆن مزگەوت ئیعفا دەکرێ لـە زەریبـە ئـەوەی کـە موزەمەکـەش مەکتەبێك دروست دەکات ئیعفا بکرێت لە زەریبەدا، باشە لەویا هەیە، ئاخر دەڵێ: (تعفى ايرادات وممتلكات واموال المنظمـة مـن الضـرائب والرسـومات الكمركيـة) مـن لێـرەدا باسـی کارەکـانی دەکـەم، باسـی کارەکـانی خەدەمی دەکەم، چونکە ئێوە باسی ئەوەتان کردووە دەتوانێ ئیستسمار بکـات، چـوارەم (حصـة المنظمـة مـن مبالغ الميزانية السنوية للاقليم المخصصة وأية مساعدات مقدمة مـن قبـل الحكومـة لـدعم المشـاريع و حسـب المشاريع التى تقدم للدائرة)، ئەبێ مەشروع تەقدیم بکات بۆ ئـەوەی هـەم مونەزەمەکـەش ئـەکتیف دەبـێ و کارەکـانی خۆشـی ئـەکات و ئـەو پارەیـەی کـە دەدرێـت بـە مونـەزەمات بـە عەدالـەت دەدرێتـی، حەسـەبی کارکردنەکەیەتی، لەبەرئەوە ئەبێ ئەو مەشاریعە بخرێتە سەری و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی؟ پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك دکتۆر من ناوی خۆم گوت کەچی ناویشت نەخوێندمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە کەرەمکە، ڕاستە ناوت هەبوو سریمانەوە، پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەرخان كردنی ئەو بڕە پارەیە بۆ هەر ڕێكخراوێك كە پرۆژەیەكە تەقدیم دەكات من پێم باشە ئەو بڕە پارەیەی كە حكومەت تەرخانی دەكات بە شێوەی مینحە بێ و بە هەر پرۆژەیەك كە تەقدیمی دەكات، چونكە لێرە حكومەت ئیلزام دەكرێت بە دانانی ئەو بڕە پارەیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش كەرەمكەن، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای وتوێژێكی زۆر ئەو بەڕێزانە بەرچاو ڕوونیەكمان دەست كەوت هەندێك لە بڕگەكان پێمان وایە وەكو لیژنەی موشتەرەك هەر سێ لا موتەفقین لەسەر ئەوەی كە هەندێ گۆڕانكاری تیا بكەین، بەڵام پێش ئەوە باس بكەین كە بەڕێز كاك جلال پرسیارێكی كرد داوای كرد فەرقی هەدیە و تەبەروع و ئەمانە ئەكرێ بە مونەزەمات بدرێت؟ بەڵێ لە هیچ یاسایەك كە مەنعێك نیە بۆ ئەوەی ریبا و هەدیە وتەبەروعات و مینحە بدرێت بە هەركەسێك كە ئەوە شتێكی ئیختیاریە خەڵك لە ڕەغبەتی خۆیەوە دەیدات، بە نیسبەت فەقەرە یەكی ئەم ماددەیەوە زۆر لە برادەران باسیان لەوە كرد كە ئیشتراكاتیشی لیژنەی هاوبەش هیچ پێمان خراپ نیە ئەگەر بكرێت بە ( مساعدات والاشتراكات التی یقدمها اعضاء المنظمة)، بە نیسبەت فەقەرەی 3 كە باس لە (ای مكسب اخر تستحصله المنظمة)، ئێمە لە دوای ئەو مولاحەزاتانەی كە ئەو بەڕێزانە پێیانداین، هەر سێ لیژنە موتەفقین لەسەر ئەوەی بیكەین بە (أی مكسب اخر تستحصله المنظمة نتیجة استثمار اموالها وریع نشاطاتها)، بە نیسبەت فەقەرە 4 برادەران باسیان زۆر لەوە كرد كە ئایا ئەم پارەیە لە حكومەتەوە چۆن حسەی بۆ تەحدید دەكرێت؟ لەسەر چ قیاسێك و چ پێوەرێكی بۆ دائەنرێ مەشاریع تەقدیم دەكات یان هەروا دەیدەنێ؟ ئەم مونەزەمانە خۆیان لە خۆیاندا ناوی مونەزەماتی مەدەنیە، شكلە سەربەخۆییەكیان هەیە و ئەمە یەكێكە لەو ڕێكخراوانەی كە هەڵدەستێ، شەرت نیە هەر ئیستسماری ئەموال بكات، لەوانەیە نەشاتاتی خەیریشی هەبێت و ئیشی باشیشیان هەبێ و خزمەتی زۆر لایەن و جیهاتی تریشی پێ بكەن، لەبەرئەوە ئێمە پێمان وایە هەر سێ لیژنەی هاوبەش دوای ئەو مولاحەزاتانەی ئەو بەڕێزانە بەم شێوەیەی لێ بێت و بڵێین فەقەرە 4 (أیة منح او مساعدات مقدمة من قبل الحكومة لدعم مشاریع المنظمات)، جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، ئەمە نەتیجەی ئەو مولاحەزاتانە بوو، بەڵام بە نیسبەت ئەوەی سۆزان خانەوە كە باسی لە ئیعفائاتی زەریبیش كرد، ئەگەر بێتە ماددەی 14 لە فەقەرەی 4 ی دا ، باس لە ئیعفای زەریبی دەكات بۆ مونەزەمات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئاخر سیاغەتان بخوێننەوە بە كوردی، پاشان بە عەرەبی بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە، كاك دانا فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی شەشەم**

**داهاتی ڕێكخراو**

داهاتەكانی ڕێكخراو پێك دێت لە:

1. ئەو كۆمەك و ئابوونەیەی كە ئەندامانی ڕێكخراو پێشكەشی دەكەن.

2. ئەو كۆمەك و بەخشش و دیاری و منحانەی لەلایەن كەسان و كەرتی تایبەت و لایەنانی ناوخۆ و بیانی دیكەوە پێشكەش كراون.

3. هەر دەسكەوتێكی دی كە ڕێكخراو لەڕێگەی وەبەرهێنانی سامانەكەی و چالاكیەكانی بەدەستی دێنێت.

4. هەر كۆمەك و بەخششێكی دی كە لەلایەن حكومەتەوە بۆ پشتیوانی كردن بۆ پرۆژەی ڕێكخراوەكان پێشكەش دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

الفصل السادس.......... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە، گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە سێ كەس پێشنیاری ئەوەمان كرد ئەو مەشاریعە ئینسانیانەی كە لەڕێی ڕێكخراوەكانەوە یاخود لە ڕێی حكومەتەوە بەرنامەی هەیە تەعاقود بكرێت لەگەڵ ئەم ڕێكخراوانە، چونكە ئەمان موختەسن، پێشنیارێكی كە ......... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیارەكەت بنووسە و بینێرە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، زەحمەت نەبێ بە نووسین بینێرە، كاك سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وابزانم هەشت تا نۆ كەس تەرحی شتێكمان كرد كە چۆن ئەو پارەیە و ئەو منحەیە دەدرێت؟ هەموو داوای ئەوەمان كردووە بە پرۆپۆزەل بێ و بە پێی پرۆژە بێت، بەڵام ئەوە باس نەكراو و لەوێدا نەهاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر جوابی بدەوە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پارانەی كە بۆ ئەو ڕێكخراوانە سەرف دەكرێت بە تەئكید ئێمە ناتوانین ڕێگا بۆ حكومەت دابنـێین كـە چۆن پارەی بۆ سەرف بكات، ئـەو پارانـە ئـەوان بـەگوێرەی تـەعلیماتی مـالی خۆیـان هەڵدەسـتن بـە سـەرف كردنی پارە، بە نیسبەتی ئیعفای زەریبیەكە، ئێمە لێـرە نـاتوانین ئیعفـای كۆمپانیـا و شـەریكات بكـەین لـە زەرائیب، چونكە زەرائیب خاسە بە حكومەتی خۆی، ئەوە وەزارەتی مالیە موختەسە بە ئیعفـا كردنـی هـەر جیهەتێك لە زەریبە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر بۆ ڕوونكردنەوەی ئەو مەسەلەیە لە بڕگەی 4 كە تازە من خوێندمەوە، دوو بڕگە بوو، بڕگەی 1 لادرا كە پێتان وابوو مەسەلەی ئەوەیە با بڵێین لەسەر بنەمای پرۆژە نیە كە ڕێكخراوەكان تـەمویل دەكـرێن بـە پێـی بڕگـەی 1، بـەڵام ئێمـە لامانـدا، بۆیـە سـیاغەكەم خوێنـدەوەو دووبـارە دەیخوێنمـەوە، ئـەوە تەئكیـد كردنەوەیـە لـەوەی ڕێكخراوەكـان لـەڕێی پرۆژەكانیانـەوە تـەمویل دەكـرێن، كـە دەڵـێ هـەر كۆمـەكێك و بەخششێكی دی كە لە لایەن حكومەتەوە بۆ پشتیوانی كردن لـە پـرۆژەی ڕێكخراوەكـان پێشكەش دەكرێـت، ئەوە تەئكید كردنەوەیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئـەم ماددەیـەی دارایـی گرنگیـەكی هەیـە ئـەمڕۆ بـۆ خـەڵك لـە دەرەوە، ئەمـە نوێنـەرانی ڕێكخراوەكـانی كۆمەڵگەی مەدەنی لێرەنە، لەپارەوە لەسەری ساڵ پارمەتیەكانیان هەموویان هەندێكیان بڕاوەو هەنـدێكیان هێنرانە خوارەوە كەمترین میزانیە ساڵێكە ڕێكخراوەكان چاوەڕوانن، ئێمە گوتمان ڕاوەستن تاوەكو یاسـایەك دەربكەین، ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لەوێ شـێوەی یارمـەتی كـردن لـە حكومەتـەوە دیـار دەكرێـت، ئێمە ئەگەر ئەم ماددەیەمان تێ پەڕاند و تێیدا بە وزوحی میكـانیزمی یـان بنـەماكانی یارمـەتی دانـی ئـەو ڕێكخراوە نەدەین، خەڵكەكە چاوەڕوانی بڕیارە لە ئێمە، ئەم مەتاتیەتە هیچ جەواب نیە، وەكو من زانیومە هەفتەی ڕابردوو ئەو ملیۆن و نیو یان ئەو پارەی بەشی كرێیەكیش ناكات ئەویشیان بڕیوە و كـە زانیویانـە

پەرلـەمان یاسـا دەردەکـات، واتــە لـە حکومــەتیش و خـودی ڕێکخراوەکـانیش چـاوەڕوانی ئــەم یاسـایەن چارەسەری بکات بۆ مەسەلەی تەمویلیان، بۆیە رجاتان لێ دەکەم زیاتر مشتومڕ و گفتوگۆی لەسـەر بکـەن، ئـەم یاسـایە خـەڵك چـاوەڕوانیەتی، بڵێین حکومـەت تـەمویلی مونـەزەماتی موجتەمـەعی مـەدەنی دەکـات لەسەر ئەم بنەمایانە 1و 2 و 3 و 4 و5، ئەگەر ئەمەی تێیدا نەبێ بڕوا بکە بێ ئومێد دەبن ئـەو خەڵکـە و ڕەنگە ڕەدفعلێکی خراپیشی هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیاتر لە 3 کەس باسیان لەوە کرد کە هاوکاری کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکانی (NGO) بکرێت بەوەی کە حکومـەت هاوکاریان بکـات لـەو پـرۆژانـەی کـە هەیـە، بـۆ نموونـە مـن هێنامـەوە پرۆژەیـەکی نەهێشـتنی نەخوێندەواری، توندوتیژی ژنان، پرۆژە کۆمەڵایەتیەکان، ئەم پرۆژانە دەتوانێ حکومەت ئەو تەندەری کـە دەیکا ڕێگایەك بکرێتەوە، ڕێگایەکی قانونی بۆ ڕێکخراوەکان و ئەو ئیشانە وەربگرن، چونکە هـەر کـەس بـە پێی مەجال و ئیختساساتی خۆی تەحدید بکرێت، ئەمە یەکێکـە لـەو ڕێگایانـەی کـە ڕێکخراوەکـان دەتـوانن مەکسەبی مالیان لەو ڕێگایەوە بێتە بەردەسـت و ئیشـی لەسـەر بکـەن و قسـمێکی زۆریـش لـەو ڕێکخراوانـە ڕێکخراوی ئینسانین و دەوراتی تەدریبیان بینیوە و کاریان کردووە لەو مەجالە، زۆربەشیان ئیشـەکانیان لـە سـاحەی کوردسـتاندا دیـارە تـاوەکو ئێسـتا کـە ئیشـیان کـردووە و ئـەم کۆمەڵگایـەش سـوودمەند بـووە لـە کارەکانیان و هیوادارم بکرێت بە خاڵێك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بـۆ ئـەوەی هەنـدێك ڕوونکردنـەوەی زیـاتر بـدەین لەسـەر ئـەوە، ئێمـە لەگـەڵ ئەنجومـەنی وەزیـران و لەگەڵ حکومەت ئیشمان کردووە لەسەر ئەوەی کە ئـەو سیسـتەمی کـۆنی مینحەیـە دەگـۆڕێـت و دەبێـت بـە سیسـتەمی پـرۆژە، فۆرمـەکانیش ئامادەیـە، ئیشـمان لەسـەری کـردووە و هەنـدێکی لیژنـەی بـۆ دانـدراوە و هەندێکی هەڵسەنگاندنی بۆ دانراوە و هەر بۆ ئاگاداریتان یـەعنی ئـەو مەسـەلەیە بڕاوەتـەوە و ئـەوەش لـە خاڵی 4 کە ئێستا خوێندمەوە، یەعنی ئـەو مەسـەلەیەی بڕاندووەتـەوە و ئێسـتا ئێمـە زەروری نیـە بچینـە سەر ئەوەی کە میکانیزمی ئەوە دیاری بکەین و، بەڕاستی ئەو پرۆژانە چۆن تەوزیع دەکرێت، ئایا دەدرێتـە

بەشی با بڵێین پەروەردە؟، بەشی ژنان یاخود پرۆژەیەك تایبەت بێت بە ژینگە، بێ گومان ئەوە پێویست ناكات لێرە ئەوە بكرێت لەبەرئەوەی ئەگەر دیاری بكەین دەبێ دوو، سێ لیستی بۆ زیاد بكەین، لەبەرئەوەی ئێمە ناتوانین تەحدیدی بكەین بەڕاستی لە چ بوارێكەوە دیاری بكەین كە ئەولەویەتی حكومەت لە چ بوارێك بێ و لە چ بوارێك نەبێ، پێموایە ساڵانەش دەگۆڕێت، یەعنی ئەولەویەتی حكومەت چ پرۆژەیەك دەعم دەكات و چی دەعم ناكات، جا بۆیە بەڕاستی وەكو گوتم ئەوە پرەنسیپێكە وازحە و پرەنسیپی تەمویل كردنی مونەزەماتە لەسەر بنەمای پرۆژەكانیان، مەسەلەی منحە و ئەوانەی تیا نیە ئەوەی كە سابت بێت، ئامادەكاریش كراوە و فۆرمی داواكردنیش ئامادەیە و هەروەها لیژنەی هەڵسەنگاندنیش خەریكە وا تەواو دەكات ئێستا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی شەشەم**

**دارایی ڕێكخراو**

**ماددەی 13/ داهاتەكانی ڕێكخراو پێك دێت لە:**

1- ئەو كۆمەك و ئابوونەیەی ئەندامانی ڕێكخراو پێشكەشی دەكەن.

2- ئەو كۆمەك و بەخشش و دیاری و منحانەی كە لەلایەن كەسان و كەرتی تایبەت و لایەنانی ناوخۆ و بیانی دیكەوە پێشكەش كراون.

3- هەر دەسكەوتێكی دی كە ڕێكخراو لەڕێگەی وەبەرهێنانی سامانەكەی و چالاكیەكانی بەدەستی دێنێت.

4- هەر كۆمەك و بەخششێكی دی كە لەلایەن حكومەتەوە بۆ پشتیوانی كردن لەسەر بنەمای پرۆژەی ڕێكخراوەكان پێشكەش دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل السادس**

**ايرادات المنظمة**

المادة 13/ تتكون ايرادات المنظمة من:

1- المساعدات والاشتراكات التی يقدمها اعضاء المنظمة.

2. المساعدات والتبرعات والهدايا والمنح المقدمة من قبل الافراد والقطاع الخاص والجهات المحلية والاجنبية الاخرى.

3. اى مكسب اخر تستحصله المنظمة نتيجة استثمار اموالها وريع نشاطاتها.

4. اية منح أو مساعدات مقدمة من قبل الحكومة لدعم مشاريع المنظمات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵە تكايە دەست بەرزبكاتەوە، دەنگدانە، 47 ئەندامی پەرلەمان لەگەڵ دايە، كێ لەگەڵ دانيە؟ 8 ئەندامی پەرلەمان لەگەڵ دانيە، بەزۆرينەی دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەی (14)، د. رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەيی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 14

1. على جميع المنظمات والشبكات غير الحكومية ان يكون لها حساب مصرفى.

2. تقوم المنظمات بادارة اموالها عن طريق الميزانية السنوية وفق النظام المحاسبي المعتمد فى الاقليم.

3. تقدم المنظمات والشبكات تقريرا ماليا سنويا الى دائرة المنظمات غير الحكومية، وتدقق من قبل ديوان الرقابة المالية فى الاقليم.

4. تعفى ايرادات وممتلكات واموال المنظمة من الضرائب والرسومات والكمارك.

5. على المنظمات التى تمول من قبل الحكومة تقديم تقرير مفصل للدائرة حول كيفية تنفيذ مشاريع المنظمات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعيد صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 14

1. پێويستە هەموو ڕێكخراوەكان و تۆڕە ناحكوميەكان حسابی بانكيان هەبێ.

2. ڕێكخراوەكان لەڕێی بودجەيەكی ساڵانەوە بە گوێرەی سيستەمی ژمێرياری پەيڕەو كراو لە هەرێم دا دارايی خۆيان بەڕێوە ببەن.

3. ڕێكخراوەكان و تۆڕەكان ڕاپۆرتێكی ساڵانەی دارايی پێشكەش بە فەرمانگەی ڕێكخراوە ناحكوميەكان دەكەن و لەلايەن ديوانی چاودێری دارايی لە هەرێمدا وردبينی دەكرێن.

4. داهات و موڵك دارايی ڕێكخراوەكان لە باج و ڕەسم و گومرگ دەبەخشرێن.

5. ئەو ڕێکخراوانەی کە حکومەت پشتیوانی داراییان دەکات لەسەریانە ڕاپۆرتێکی ورد دەربارەی چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی پرۆژەی ڕێکخراوەکان پێشکەش بە فەرمانگە بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ ئێستا دەیەوێ موداخەلە بکات؟ ئەم بەڕێزانە داوای موداخەلەیان کردووە، د.بشیر، د.ئاراس، جیهان خان، جمال، تارا خان، ئاسۆ، شلێر خان، سەروەر، عبدالسلام، گۆران ئازاد، کاك د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ماددەیەدا لە خاڵی 3 لە عەرەبیەکەی دەڵێ (تقدم المنظمات والشبكات التقرير المالي السنوي) یان (تقريرا ماليا سنويا)؟ کامەیە؟ (ال) لەگەڵە یان بێ (ال)ە، (التقرير أو تقريرا)، لەبەرئەوەی لە هەرسێکی بەهەر دوو نەوع نووسراوە، (تقريرا ماليا سنويا) یەك لای بکەنەوە مەسەلەکان، لە پاشان بۆ کێ تەقدیم دەکات ئەوەی، (الى دائرة المنظمات غير حكومية) باشە ئێمە دائیرەمان تەعریف نەکردووە لە پێشتر؟ بۆ دیسان بڵێین (الى دائرة المنظمات..........) (الى الدائرة)، بەسە ئەوەی دیکە زیادە، لەبەرئەوە خۆی موعەرەفە، بەلای من خاڵی 5 زیادە (على المنظمات التي تمول من قبل الحكومة تقديم تقرير مفصل) لەبەرئەوەی لە خاڵی 3 دا دەڵێ (تقدم المنظمات التقرير المالي السنوي) بەخۆی تەقریر مالیەکەی پێشکەش دەکات جا هی مەشاریع بێت یان هی غیر مەشاریع بێت، مەشاریعی خۆی تەقدیم دەکات، بۆئە ئەمە زیادە لە خاڵی 3 وارد بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حەقیقەت دەربارەی ئەم ماددە سێ یە تێبینم هەیە، تێبینی یەکەم کە دەڵێ (وفق النظام المحاسبي المعتمد) بە پێی بۆچوونی من تەحدیدی کردووە، بەڕای من ئەو مونەزەمانە کە هەیە مومکینە مونەزەماتی مەحەلی بێ و ئەجنەبیش بێت، نیزامی موحاسبیش یەك نیزاممان نیە چەند نیزامێکمان هەیە و ئەو نیزامانەش بۆ ئەوەی سیستمی تازە دایم لە پێشکەوتن دایە، بەڕای من ئەگەر بکرێت بە (وفق نظام محاسبي معتمد في الاقليم) حور تر دەبن لەباتی ئەوەی تەحدیدی بکەین بە (ال) ئەوە وەکو بۆچوونە، بۆچوونێکی دیکەم هەیە دەربارەی خاڵی 3 تەواو لەگەڵ بەڕێز د.بشیر دام، بەڵام کە (تقريرا ماليا سنويا) دوایی نەك (تدقق)، (يدقق)، وشەکە بگۆڕین، چونکە تقرير دەبێ بڵێی (يدقق)، من دەربارەی خاڵی 5 بە حەقیقەت بۆچوونێکم هەیە (على المنظمات التي تمول من قبل الحكومه وغيرها) مەرج نیە هەموویان قابیلی چی بن، قابیلی ئەوە بن کە تەقریرێك پێشکەش بکەن، چونکە ئەو مونەزەماتانە چەندین جۆرن و چەندین نەشاتاتیان هەیە، باشترایە دەوڵەت مادام ئەو مونەزەمانە لەسنووری

**دەوڵەتدان و ئیش دەکەن و ئاگایان لە نەشاتاتیان بێت، نەك تەنها ئەوانەی کە حکومەت تەمویلیان دەکات، (من قبل الحکومە) بە ئیزافە کردنی وشەی (أو غیرها)، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**د.جیهان فەرموو.**

**بەڕێز د.جیهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من چەند تێبینیەکم هەیە لەسەر ماددەی 14 ئەو ژی پتر سەر سیاغەنە، بڕایێ من ئەگەر ل قانونێ دا هەر کەلیمە بە موفرەد بێتن باشترە ل جەمع، یەعنی (علی المنظمة والشبكة) داعی نینە بنڤیسین (غیر الحكومية) چونکی هاتیە تەعریف کرن ل بیدایەتێ، (علی المنظمة والشبكة ان یکون لها حساب مصرفی)، نەفسی تشت بە نیسبەت دوو (یقوم المنظمة بادارة اموالها)، و ب نسیبەت سێ ژی (تقدم المنظمة والشبكة تقریرا مالیا سنویا الی الدائرة) داعی نینە جارەکا دی تەعریف کەین، (ویدقق من قبل دیوان الرقابة المالیة)، ب نسبەت 5 ژی (علی المنظمة التی تمول من قبل الحکومة) هەروەسا (کیفیة تنفیذ مشاریع المنظمة) یەعنی ئەوە جەمع هەمی بن، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك جمال فەرموو.**

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەمووان مولاحەزاتێ من ئەوانەش تەقریبەن زمانەوانینە زۆربەیان، فەقەرەی یەکەم (علی جمیع المنظمات والشبكات) نە (شبكات غیر الحكومية)، خاڵی سێیەم ئەوە (تقدم المنظمات والشبكات تقاریرها المالية السنوية الی الدائرة ........ وتدقق الرقابة المالية فی الاقلیم)، خاڵی چوارەم لێرە باسی گەمارگی کردیە، گەمارگی مەبەستیان پێی چیە؟ یان کەلیمەی (استیرادات)لازمە ئیزافە بکرێت، رسومات نیە و رسومی گورگی هەیە ئەگەر هەبێت، تەنها رسوم گومرگیش نینە، رسوم شتێکی ترە، هەتا بڕواتە مەحکەمە دەعوا تەسجیل بکەی ئەوە رسومە، ئێمە لێرە لە تەعریفەی گومرگیە مەبەستیان، ئەگەر من غەڵەت نەبم، بۆیە (تعفی ایرادات وممتلکات واموال المنظمة واستیراداتها عند الحاجة)، ئەگەر هاتو پێویستی بوو شتێکی ئیستیراد بکەن، مەبەستتان ئەوەیە، لە زەرائیبی گومرگی عەفو بکرێت، (من الضرائب والرسوم والتعریفة أو التعریفات الكمركية)، خاڵی 5 تەئیدی کاك د.ئاراس دەکەم، (غیرها) ئیزافە بکرێت، (وتقدیم تقریر مفصل للدائرة حول کیفیة تنفیذ مشاریعها) (حول کیفیة تنفیذ مشاریع المنظمات) نا چێ بیتن، خۆی لازمە (کیفیة تنفیذ مشاریعها)، یەعنی مەشاریعی مونەزەمات لابدرێت و زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تارا خان فەرموو.**

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی یەکەم هاوڕام لەگەڵ هاوکارم د.ئاراس کە نیزامی محاسەبی زۆر گرنگە تەحدید بکرێت، چ نیزامێکی محاسەبی، ئایا ئەو چەند نەوعەی کە هەیە لەسەر هەمووی یانیش بە شێوەیەك یەك نیزام هەیە لابردنی وابزانم ئەو (المحاسبيه) موشکیلەکە حەل دەکات، خاڵی 5 هەمانە ئایا (كيفية تنفيذ مشاريع المنظمات) ئەگەر نەوعیەتیشی بۆ زیاد بکرێت شتێکی باشە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بکر كريم محمد ((ئاسۆ)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕای د.ئاراس دەکەم هەروەها ڕەئی کاك جمال سەبارەت بە بڕگەی 5ی ماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من قسەکانم زۆری د.ئاراس کردی، بەس لە ئەخیری وابزانم لەوەی عیراقیش دا ئیشارەتی پێ دراوە (تحتفظ المنظمة بوثائقها المالية وتقاريرها وسجلاتها لمدة خمس سنوات)، چونکە زۆر جار قابیلی تەعنە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی 3 من پێم باشە ئەمە ئیزافەیەکی بۆ بکرێت، چونکە هەست دەکەم جۆرێك لە لێڵی هەیە تیایدا بە تایبەت لە خاڵی 5 دا شتێکیان تەرح کرد هەڤاڵە بەڕێزەکانم بەوەی کە خاڵی 5 نەمێنێ زیادە، بەڵام من پێموایە ئەگەر ئەویش نەهێڵین لە خاڵی 3 شتێکی تری بۆ زیاد بکرێت بەو جۆرە کە دەڵێ (ڕێکخراوەکان و تۆڕەکان ڕاپۆرتێکی ساڵانەی دارایی پێشکەش بە فەرمانگەی ڕێکخراوەکانی ناحکومی دەکەن و لەلایەن دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمدا وردبینی دەکرێت ئەمە چی دەگرێتەوە؟ چونکە لێرە لە خاڵی 5 دەڵێ تەنها ئەوەی کە حکومەت پاڵپشتی دەکات، لە خاڵی 3 دا ناڕوونیەك هەیە، ئێمە بەشێوەیەك ئەمە دابڕێژین کەوا هەموو ئەو پرۆژانەی کەوا ڕێکخراوەکان جێ بەجێ ی دەکات بچێتە ژێرباری چاودێری داراییەوە و ڕاپۆرتی بۆ بنووسرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، مەبەستمان لێرە ئەوەیە کە لەو یاسایەدا هیچ تەفسیر و تەئویلێکی جیا جیا نەکرێت بۆ ئەوەی کەلەبەرێکی تێدا نەبێت، چونکو

ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە دوو حاڵەتمان هەیە بۆ ئەوەی کە جەختی لەسەر دەکەینەوە، جەخت کردنەوەیەکە لەسەری، یەکێکیان ڕێگە لە دیاردەی گەندەڵی بگیرێت و دووەمیشیان ئەو کۆمەکانەی کەوا وەری دەگرن ڕێکخراوەکان جا لەهەر شوێنێکەوە بێتە ژێر ئەو بارە، ئەویش ئەمەی بۆ زیاد بکرێت لەبڕگەی $3$ دا کە ئەمە دەڵێ بچێتە ژێر وردبینیەوە، بڵێین جا پرۆژە پاڵپشتی کراوەکەیان لای حکومەتەوە یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان یان وڵاتانی کۆمەك بەخش یان هەر لایەنێکی ترەوە پشتگیری کرا بێت، ئەگەر ئەمەشی بۆ زیاد بکەین دەکرێت خاڵی $5$ فرێ بدەین، بۆ نموونە هەندێك لە ڕێکخراوەکانمان هەیە کە کۆمەکێکی زۆریان لەلایەن وڵاتە بیانیەکانەوە یاخود لەلایەن ڕێکخراوە کۆمەك بەخشەکانەوە پێ دەبەخشرێ، بۆ نموونە ئەوەی پێ دەبەخشن کە دەڵێ $20$ لە نەخۆشەکانی هەڵەبجە چارەسەر دەکەین کە پارەکەی تەرخان دەکات بۆ ڕێکخراوی أ، ڕێکخراوی (أ) تەنها دوو نەخۆشیان چارەسەر دەکات، بەڵکو لەنێو ئەوەدا $18$ ناوی تریەوەهمی دەنووسێت، حاڵەتی وا ڕووی داوە بۆ ئەوەی ئێمە هەم دیاردەی گەندەڵی ڕێگەی لێ بگیرێت و هەم ئەو کۆمەکانەی لەدەرەوەش دێت سوودبەخش بێت، من پێم باشە هەموو ئەو حاڵەتانە بچنە ژێر دیوانی چاودێری و ڕاپۆرتیان لەسەر بنووسرێ و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارەکەت بە نووسین بینێرە بۆ لیژنەکە، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئیعادە ئەو ئەختائەی لوغەوی، یەکەم/ (علی کافة) نا (جمیع) (الذی یعاد کافة..... علی کافة المنظمات والشبکات) داعی نیە (غیر الحکومیة)، چونکو لەتەعریف هاتووە، (ان یکون لها حساب مصرفی) قبوڵە، (تقدم المنظمات تقریرا مالیا سنویا الی الدائرة) نا (دائرة)، (ویدقق)، ئەوە لوغەویەکانە، پێنجەم/ (علی المنظمات التی تمول من قبل الحکومة) شتی وا نیە، دەبی سیاغەی بکەین، ئێستا دێم بۆ پێنجەم و سێیەم، سێیەم (المنظمات التی تمول من قبل الحکومە) تەعریفی وا نیە، چونکو مونەزەمەی موجتەمەعی مەدەنی نابێ تەمویلی حکومی وەربگریت، بەڵام دەتوانیت موساعەدە وەربگرێ بۆ هاوکاری بۆ ئەوە، دوایی ئیعادەی سیاغەم هەیە بۆ ئەو موفتەرەحە، سێیەم من زۆر پشتگیری لە قسەکانی د.سەروەر دەکەم، چونکە ئێمە لەکۆمەڵگای مەدەنی ئیش دەکەین، خەریکە شەرم دەکەین سومعەکەمان لەبەر هەندێ گەندەڵ ئەوانەی کە باسی گەندەڵیش دەکەن، ئەوە لە (مانح)یش هاتووە، مانح هەیە فێری مونەزەماتی ئێمەی کردووە، چۆن گەندەڵ ببیت؟، بۆیە ئەگەر ئیشارەتێك لە سێ هەبێت (عن کافة الاموال المستحقة) کافیە، (کافة)ەکە تێدا بێت لە قانون، (تقریرا مالیا سنویا عن کافة الاموال والمساعدات المستحصلة الی الدائرة.....)، تاوەکو هیچیتر تەفسیر نەکرێت بۆ ئەوانەی دەڵێن ئێمە لە دەرەوە دەگرین و حەقمان پێی نیە، بۆ ئەوانەی کە پێنجەم لە (اموال اخری) حەزدەکەم تەوزیحێك بدەم، سێیەم تەحدیدی دەکات کە هەموو جموجۆڵی دارایی لەوێ کراوە خاضعە وەکو هەموو شتەکانی ناو هەرێم بۆ رەقابەی مالی، تاوەکو تەهەروب نەبی، بەڵام پێنجەم

یەك هەدەفی بچووكی هەیە، ئەو پارەی لە حكومەت وەری دەگرێت وەكو سلفە دەبی تەسفیەی بكەی لای حكومەت، بۆیە بەڕێزان ئەو ئوخرایە حەل كراوە لە سێیەم، بەڵام نە تەعریفی بكەی (المنظمات التی تمول من قبل الحكومة)، (على المنظمة تقديم تقرير مفصل الى الدائرة حول كيفية تنفيذ صرف المبالغ المستحصلة من الحكومة لتغطية مشاريعها ونشاطاتها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی لەو ماددەیەدا تێبینی دەكرێت بەڕێزان د.سەروەر و كاك عبدالسلام باسیان كرد فكرەی ئەوەیە كە بەڕاستی لەو ماددەیەدا هەم لەلایەنی وردبینی كردنەوە و هەم لەلایەنی پرۆژەوە بەو ئاراستەیە ڕۆیوە كە تەنها وردبینی بۆ ئەو داهاتە دەكرێت كە لە حكومەتەوە وەردەگیرێت، پرۆژەش تەنها ئەوانە پرۆژە پێشكەش دەكەن كە داهات لە حكومەت وەردەگرن، د.سەروەر و كاك عبدالسلام یەكی موقتەرەحێكیان پێشكەش كرد كە بەڕاستی منیش هەمان مەبەستم هەیە، بەڵام دەكرێ بە سیاغەیەكی دیكەش ئێمە دای بڕێژینەوە، بەڵام لە خاڵی 3 دا خۆ دەكرێت بەدەر لەوەی ڕێكخراوەكان خۆیان ئەو مەرجەیان بۆ دابندرێت كە ڕاپۆرت پێشكەش بكرێت، بە گوێرەی قانون كاری ڕەقابەی دارایی ئەوەیە خۆی دەبێت بچێ وردبینی كردن لە داهاتەكان بكات، بۆیە دەكرێت بڵێین سێیەم بەو شێوەیە بێت ( ڕێكخراوەكان و تۆڕەكان كۆی داهاتەكان ئەوجا ئەگەر بڵێین ناوخۆیی و دەرەوەش، چۆنیەتی سەرف كردنی لەلایەن دیوانی چاودێری داراییەوە وردبینی دەكرێت و فەرمانگەی لێ ئاگادار دەكرێتەوە، دەكرێت ئەمە بەو شێوەیە بێت و خاڵی پێنجەم با بڵێین (سەرجەم ڕێكخراوە تۆماركراوەكان و تۆڕەكان بە گوێرەی ئەم یاسایە لەسەریانە ڕاپۆرتی ورد دەربارەی چۆنیەتی جێ بەجێ كردنی پرۆژەی ڕێكخراوەكانیان پێشكەش بە فەرمانگە بكەن، واتە ئەو كاتە ئێمە لە پێناسەكان باسمان كردووە كە ڕێكخراو چ كوردستانی بێت و عیراقی بێت یاخود بیانی بێت، ئەمە تۆمار دەكرێت و تۆڕەكانیش هەمانە تۆمار دەكرێ و هەمانە تۆمار ناكرێت هەمووی دەگرێتەوە، لەسەریانە ڕاپۆرت لەسەر پرۆژەكانیان پێشكەش بكرێ و ئەو ئەشكالیەتە حەل دەبێ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش كەرەمكەن، كاك دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو تێبینە زمانەوانیانەی كە لە بڕگەی یەكەم دا، ئەوە لابدرێت با بڵێین (جمیع)، ئێمە هاوڕاین دەتوانین ئەوە لاببەین، هەروەها سەبارەت بە ناحكومی كە زیادەیە، ئەوەش لادەبەین، لە بڕگەی 3 دا

فەرمانگە بە تەنیا دەمێنێـەوە، ڕێکخـراوە ناحکومیـەکان لادەبـەین و پێویسـت ناکـات، سـەبارەت بـەوەی کـە برگـەی 3 و برگـەی 5 وەك یـەکن یـاخود لێـك بـدرێن و یـاخود لابـدرێن بـەڕای ئێمـە بـەو شـێوەیە نیـە، دەمەوێ ڕوون کردنەوەیەك لەسـەر ئـەوە بـدەم، برگـەی 3 هـەموو ڕێکخراوەکـان دەگرێتـەوە، ئـەوەتا دەڵـێ ڕێکخراوەکـان و تۆڕەکـان ڕاپـۆرتێکی سـاڵانەی دارایـی پێشـکەش بـە فەرمانگـە دەکـەن و لەلایـەن دیـوانی چاودێری دارایی لە هەرێمدا وردبینی دەکرێت، یەعنی شتەکە بە موتڵەقی نووسراوە دەبێ ڕاپۆرتی دارایـی ساڵانەی خۆیان پێشکەش بکەن و لەلایەن دیوانی چاودێری داراییشەوە وردبینی بۆ دەکرێت، بـەڵام برگـەی 5 پەیوەندی بەوەوە هەیە کـە ئـەو ڕێکخراوانـەی یـاخود ئـەو تۆڕانـەی کـە پرۆژەکانیـان لەلایـەن بـا بڵێین حکومەتەوە تەمویل دەکرێت یان پشتیوانی دەکرێت ئەوانـە پێویسـتە ڕاپۆرتێـك بنووسـن لـە چۆنیەتی بـا بڵێین ئەوەی کە چۆن چالاکیەکان و پرۆژەکانیـان جـێ بـەجێ کـردووە و چـۆنیان مەسـرەف کـردووە، ئـەوە تەنیا پەیوەندی بەوەوە هەیە دیسان ئەو ڕێکخراوانەش لەبەرئـەوەی لـە برگـەی سـێیەم هـاتووە، دیسـانەوە مەبەست لەوە ئەوەیە ئەوانە لە زمنی چالاکی ئـەو سـاڵانەیان بـووە و ڕاپـۆرتی دارایـی ئـەو سـاڵەیان بـووە، دەبێ هەر لەوێدا هەبێ، یەعنی دووبارە ئەو ڕێکخراوانە مولزەمن بەوەی کە ڕاپۆرتێکی تایبەتی بنێـرن بـۆ فەرمانگـە، ئـەوەش قـابیلی وردبینـی کردنـە لەلایـەن دیـوانی چـاودێری داراییـەوە، بۆیـە ئـەوە دوو برگـەی لەیەك جیاوازن ناتوانین لێکیان بدەین یان ناتوانین هیچیان لابدەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو موقتەرەحانەی کە بۆمان هاتووە و لەسەر فەقەرەی 3 کەوا کافەتی ئەموال و ئەمانەی ئـەو ڕێکخراوانە و دیوانی رەقابەی مالی حەقی هەبێ تـەدقیقی بکـات، ئـەم مـاددەی 14 یـە بەشـێکە لـە مالیـەی مونەزەمەکە، مالیەی مونەزەمە لەسەر ئەو ماددەی 13 کە ئێمە ئێستا دەنگمـان لەسـەری دا و باسمـان لێـی کردووە و لە چی و چی پێك هاتووە، باسمان لە هەموو مالیەکەی کردووە، وە لە فەقەرەی 3 لە ماددەی 14 کە دەڵێین دەبێتە تەقریرێکی مالی سەنەوی، یەعنی ئەو تەقریرە مالیـە سـەنەویە دەبـێ موتـەزامن بـێ لـە هەموو ئەو مالیەتـەی کـە لـە مـاددەی 13 دەسـتی کـەوتووە، ئـیتر لـە مـنح و موسـاعەدات و تەبەروعاتـە و ئەجنەبیە و هەدایەیە و هیبات و ئیستسمارە و رەیعی مەشاریعە، لەبەرئەوە فەقەرەی 3 زۆر بـە وازحـی و بە شاملی بەعام هاتووە کە دەڵێ (تقریر مالی سنوی) یەعنی (تتضمن) یەعنی پێـك دێـت لـە هـەموو مالیـە بە ئیرادات و بە دەسکەوتەکانی ئەم ڕێکخراوە، لەبەرئەوە ئەو فەقەرەیە بە شێوەیەکی ڕێك پێـك هـاتووە و دوای وەرگرتنی ئەو سەرنجانەی کە کاك دانـا باسـی لەسـەری کـردو ئێمـە وەکـو لیژنـەی یاسـایی موتـەفقین لەسەر ئەو گۆڕانکاریانەی کە تیایا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە كوردی بیخوێننەوە پاشان بە عەرەبیەكەی ئاخر سیاغە، كاك دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 14

1. پێویستە ڕێكخراوەكان و تۆڕە ناحكومیەكان حسابی بانكیان هەبێ.

2. ڕێكخراوەكان لەڕێی بودجەیەكی ساڵانەوە بە گوێرەی سیستمی ژمێریاری پەیڕەو كراو لە هەرێم دا دارایی خۆیان بەڕێوە دەبەن.

3. ڕێكخراوەكان و تۆڕەكان ڕاپۆرتێكی ساڵانەی دارایی پێشكەش بە فەرمانگە دەكەن و لەلایەن دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمدا وردبینی دەكرێن.

4. داهات و موڵك و دارایی ڕێكخراوەكان لە باج و ڕەسمی گومرگ دەبەخشرێن.

5. ئەو ڕێكخراوانەی حكومەت پشتیوانی داراییان دەكات لەسەریانە ڕاپۆرتێكی ورد دەربارەی چۆنیەتی جێ بەجێ كردنی پرۆژەی ڕێكخراوەكان پێشكەش بە فەرمانگە بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە عەرەبیكەی كەرەمكەن، د. ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 14

1. على المنظمات والشبكات فتح حساب مصرفي.

2. تقوم المنظمات بادارة اموالها عن طريق الميزانية السنوية وفق نظام محاسبي معتمد في الاقليم.

3. تقدم المنظمات والشبكات تقريرا ماليا سنويا الى الدائرة ويدقق من قبل ديوان الرقابة المالية في الاقليم.

4. تعفى ايرادات وممتلكات واموال المنظمة من الضرائب والرسوم الكمركية.

5. على المنظمات التي تحصل على المنح والمساعدات من قبل الحكومة تقديم تقرير مفصل للدائرة حول كيفية تنفيذ مشاريع المنظمات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ 52 كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵ دانیە؟ 2 كەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا بۆ ماددەی 15 كەرەمكەن. كاك دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی حەوتەم**

**ڕاگرتن و هەڵوەشانەوە و تێکەڵ کردن**

**ماددەی 15**

**فەرمانگە بۆی هەیە لێپرسینەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا بکات، ئەگەر سەرپێچیان لە حوکمەکانی ئەم یاسایە کرد، بەم جۆرە:**

**1ـ فەرمانگە بۆی هەیە ڕێکخراوی سەرپێچی کاری حوکمەکانی ئەم یاسایە ئاگادار بکاتەوە بۆ لادانی سەرپێچیەکان لە ماوەی 15 ڕۆژدا.**

**2ـ لەحاڵەتێك دا ڕێکخراوەکە سەرپێچیەکانی لەماوەی ناوبراو لە برگەی 1 دا لانەدان فەرمانگە بۆی هەیە کاروچالاکی ڕێکخراوەکە بۆ ماوەی 30 ڕۆژ ڕابگرێ.**

**3ـ بڕیارەکانی فەرمانگە بەر حوکمی سکاڵا نووسینن (التظلم) لەبەردەم دادگای کارگێڕی دا لەماوەی 10 ڕۆژ لەڕۆژی پێ ڕاگەیاندنی ڕاگرتنەکەوە، دەبێ دادگاش لە ماوەی 7 ڕۆژدا لەڕۆژی وەرگرتنی تانەکەوە بڕیار لەبارەی سکالاکە بدات.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە عەرەبیکەی کەرەمکەن، د. ڕۆژان فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل السابع**

**التعليق والحل والدمج**

**المادة 15: للدائرة ان تقوم بمسائلة المنظمات اذا قامت بمخالفة احكام هذا القانون كالاتي:**

**1ـ للدائرة تنبيه المنظمة المخالفة لاحكام هذا القانون لازالة المخالفات خلال مدة 15 يوم.**

**2ـ في حالة عدم قيام المنظمة بازالة المخالفات خلال المدة المذكورة في الفقرة 1 للدائرة ايقاف اعمال وأنشطة للمنظمة لمدة 30 يوما.**

**3ـ تكون قرارات الدائرة خاضعة للتظلم امام المحكمة الادارية خلال مدة 10 أيام من تاريخ التبلغ بقرار الايقاف وعلى المحمكة البت في التظلم خلال 7 ايام من تاريخ استلامه الطعن.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ موداخەلە بکەن؟ ئەم ئەندامە بەڕێزانە دەیانەوێ موداخەلە بکەن، عماد، گۆران، گەشە خان، شلێر خان، شڤان، شوان کریم، بێریڤان خان، شەونم خان، تارا خان، کاك عماد فەرموو.**

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دەڵێ (لدائره ان تقوم)، پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە بێت (للدائرة مع مراعات تتنص عليه القوانين الاخرى ان تقوم بمسائلة...... تا (المنظمات) بکرێتە (المنظمة) اذا قامت بمخالفة احكام هذا القانون وكالاتي:)**

سەبارەت بە بڕگەی 1 ((للدائرة)) پێویست ناکات، چونکە لەسەرەوە ئێمە گوتمان (للدائرە) یەکسەر، یەکەم/ تنبیە المنظمة المخالفة لاحکام هذا القانون لازالة المخالفة) نەك (المخالفات) خلال مدة 15 یوما، لەبڕگەی 2 (فی حالة عدم قیام المنظمة)، دیسان (بازالة المخالفة) نەك (مخالفات) خلال المدة المذکورة فی الفقرة 1، پێویست ناکات جارەکی تر (للدائرة) (یتم ایقاف عمل والانشطة المنظمة خلال او لمدة 30 یوما)، سەبارەت بە بڕگەی 3 (تکون قرارات الدائرة خاضعة للتظلم امام المحکمة الاداریة خلال مدة 10 ایام من تاریخ التبلیغ بقرار الایقاف وعلی المحکمة البت فی التظلم خلال 7 ایام من تاریخ استلامە للطعن)، پێویست ناکات ئیستلامی تەعن، (من تاریخ استلامها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لەداڕشتنی ئەو یاسایەدا لە سزادانی ڕێکخراوەکان بەڕاستی دەبێ کەمێك دوور بکەوینەوە و حەزەر بین لەبەرئەوەی کارێك نەکەین لەڕووی قانونیەوە موبەرریێك بدرێتە دەست دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن، داخستن و ئازادی ڕێکخراوەکان کەم بێتەوە، لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم لە خاڵی یەکەم ئەم ماوەی 15 ڕۆژە بکرێت بە 30 ڕۆژ، چونکە لەوانەیە کۆمەڵێك ئیجرائات بە هۆی زۆری ڕۆتین لە هەرێمی کوردستان 15 ڕۆژ کەمە، لەبەرئەوە بۆ لابردنی سەرپێچیەکان 30 ڕۆژ بێت و ماوەکەی زیاد بکرێت، لە خاڵی دووەم کە ئەگەر سەرپێچیەکەی لانەدا  فەوری ڕێگە نەگیرێتە بەر بۆ داخستنی ڕێکخراوەکە، بەڵکو پێویستە و پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بەرلەوە بە نووسراوێکی فەرمی ڕێکخراوەکە ئاگادار بکرێتەوەو ئەم ڕێکخراوە فەرمیە بچێتە ناو دۆسیەکە کە ئۆتۆماتیکیەن هەر پرۆپۆزەڵ و هەر پرۆژەیەك و هەر کارێکی ڕێکخراو کە دەیکات کاتێك لەسەر سەرپێچیەك بە ڕەسمی ئاگادار دەکرێتەوە کار لە شەخسیەی ئەم ڕێکخراوە دەکات دوای ئەوە ئەوجا پەنا ببردرێت بۆ داخستنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ کاك گۆران سەبارەت بەو 15 ڕۆژە کەمە بۆ ئەوەی کە ئیعادەی تەئهیلی خۆی بکاتەوەو ئەو سەرپێچیانە لاببات، هەروەها سەبارەت بە ئەو سزایەی کە 30 ڕۆژ دەسەپێندرێت بەسەر ڕێکخراوەکەدا، پێموایە ئەوە باشترە دوای جێ بەجێ کردنی، بۆ نموونە ڕێکخراوێك هەیە بەرنامەی نەهێشتنی نەخوێندەواری هەیە ناکرێت ئەو پرۆسەیە ڕابگیردرێت لەو ماوەی 30 ڕۆژەدا دوای ئەوەی دەست پێ بکاتەوە، لەبەرئەوە وا باشترە کە ئەو بەرنامەیە لەو حاڵەتانە کە دەستی پێ کردبێت لە

ناوەڕاست دا بێت و بەرنامەکەی تەواو جێ بەجێ بکات، ئینجا ئـەو 30 ڕۆژە بەسـەریدا بسەپێندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێرخان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەکە دەڵێ (للدائرة ان تقوم بمسائلة المنظمات اذا قامـت بمخالفـة احكـام هـذا القـانون كـالاتی:) یـەعنی موسائەلەکە (کالاتی: بێت (للدائرة تنبيه المنظمة) لێـرە موسـائەلە شـتێکی ئیسـتجوابە لەبڕگـەکان هـاتووە، یەکسەر عقوبەیە، یەعنی ئەو دەتوانێ بە بـێ موسائەلەشـە ئـەو عقوبانـەی بـداتێ، بۆیـە ئـەو موسـائەلەیە پێویستە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، (للدائرة ان تقوم بمسـائلة المنظمـات اذا قامـت بمخالفـة احكـام هـذا القـانون واتخاذ الاجراءات كالاتي) یەعنی پاشی موسائەلە کردن ئەو ئیجرائاتانە وەرگری تەنبیهە و داخستن و نازانم ئیقاف و ئەوانە، باشـتر وایـە ئـەوە بکرێتـە ئیجرائـات بەعـدە موسـائەلە، نـەك هـەر موسـائەلەکە بەشـێوەی عقوبە بێت، دەتوانی ئەگەر موسائەلەشی نەکات بەو شێوەیە عقوبەکانی بداتێ و ئیقافی بکا بۆ داخسـتنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینەکی یاساییم هەیە حەقیقەتەن لە بڕگەی 3 کە هاتووە (تکـون القـرارات الجـائره خاضـعة للـتظلم امـام المحكـه الاداريـه)، تـەزەلوم لـە مەحکەمـەی ئیـداری نیـە، تـەزەلوم لـە خـودی ئـەو جیهەتـە قەراریـە ئیداریەکەیە، ئەگەر بنووسرێت یان نەنووسرێت (من جهة الادارة) ئـەوە هـەر تەحسـیلێ حاسـڵە، بۆیـە مـن دەبینیم ئەوە نەشنووسرێت زۆر تەبیعیە، (خلال مدة 10 يوما) زۆر زۆر، ئەوەیە لە هەموو قانونێك دا لە حەدی ئـەدنا لـە 15 کـەمتر نیـە، ئـەوە بکرێتـە 15 ڕۆژ، مـن بـەو شـێوەیە دامڕشـتووە کـە (تکـون قـرارات الدائرة خاضعة للتظلم خلال مدة 15 يوم من تاريخ التبليغ لقرار الايقاف وقرار الادارة برفض التظلم قابل للطعن خلال (ئەو 7 ڕۆژەش 15 ڕۆژ بێت حەدی ئەدنا) قابل للطعـن خـلال 15 يومـا مـن تـاريخ التبليـغ)، ئەوەی دیکە من بە زیادی دەبینم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم دوو بەشە، بەشێکیان پەیوەندی بە داڕشتنی ماددەی (16) ەمەوە هەیە لە دەقە کوردیەکە کە ئێستا بووەتە 15، لەسەرەتای ماددەکە دەڵێ (فەرمانگە بۆی هەیە)، دواتریش لە خاڵی 1 دا جارێکی دیکە ئەو (فەرمانگە بۆی هەیە) دووبارە بۆتەوە، باشتر وایە مادام لەسەرەوە ئەو دەقە هەیە (فەرمانگە بۆی هەیە)ی خاڵی (1) لابردێت، هەر یەکسەر بەوەوە دەست پێ بکات، 1. ڕێکخراوی سەرپێچی کار حوکمەکانی سەرپێچیکاری حوکمەکانی ئەم یاسایە ئاگادار بکاتەوە، بۆ ئەوە وا جوانترە لەڕووی زمانەوانیەوە، بەشی دووەمی قسەکانم پەیوەندی بەوەوە هەیە کە من پشتگیری ڕاو بۆچوونەکانی هاوکارم کاك گۆران دەکەم بە فعلی (15) ڕۆژەکەی یەکەم کەمە بکرێت بە (30) ڕۆژ و لە دووەمیش دا یەکسەر چالاکی ڕێکخراوەکە بەڕاستی ڕانەگیرێ، عادەتەن لە هەموو شتێك دا ئاگادار کردنەوە هەیە، دوای ئەو ئیجرائاتەی دوای ئاگادار کردنەوە خاڵێکی دیکە زیاد بکرێت، سێیەم ئینجا ئیجرائاتی ڕاگرتنی کاری ڕێکخراوەکە بکرێت بە فەقەرەیەکی جیاواز، ئەوە دوو، سێیەم لەگەڵ بۆچوونەکەی خاتوو شلێرم کە دەڵێ ئەوە لێپرسینەوە نیە، ئەوە ئیجرائاتە، موسائەلە و ئیجرائات دوو شتی جیاوازن، هیوادارم برادەرانی قانونی مولاحەزەی ئەوە بکەن ئەگەر ڕەئیەکی موخالفیان هەیە پێمان بڵێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی( 15) لە بەشی یەکەم نووسراوە ئەگەر ڕێکخراو سەرپێچی یاسای کرد 15 ئاگادار بکرێتەوە لە هی دووەم نووسراوە ئەگەر سەرپێچی کرد لە برگەی 1 ، 30 ڕۆژ دابخرێت، دواییش نووسراوە ئەو کەسانە و ئەو ڕێکخراوانە سکالا بنووسن لە دادگا ئەگەر هاتو حەز دەکەم ماددەیەك زیاد بکرێت، چونکە ئەگەر دادگا بڕیار دەدات ئەوە شتێکی نایاساسیی کردووە یان یاساییە، بۆیە پێویستە بڵێ ئەگەر هاتو وا نەبوو و نایاسایی بوو پێی داخرا ( 30 ) ڕۆژ داوای لێ بووردنی لێ بکرێت بە نووسراو و قەرەبووش بکرێتەوە، چونکە (30 ) ڕۆژ داخراوە مەحکەمە بڕیار دەدات ئەوە نایاساییە یان یاساییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به نیسەبەت بڕگەی یەکەمەوە لەم ماددەیە کە 15 ڕۆژ دانراوە، بێ گومان منیش ئەو 15 ڕۆژەم پێ کەمە بۆ ئاگادارکردنەوە، دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی هاوڕێکانم بۆ زیاد کردنی ئەو بڕگەیە و بکرێت بە 30 ڕۆژ، بە نیسبەت بڕگەی دووەمەوە کاتێك کە ڕێکخراوێك موخالەفەیەك دەکات، ئەو ڕێکخراوە موخالفەکەی کردووە تەنبیە دەکرێتەوە لە فەترەیەکی زەمەنی بۆ چاککردنی موخالەفەکەی، من پێم باشە ئەو مودەیەی کە دانراوە بکرێت بە 3 مانگ، چونکە هەندێ لەو ڕێکخراوانەیان هەیە پرۆژەکان لە خزمەتی خەڵك دایە و پرۆژەکان قابیلی ئەوە نیە کە بوەستێنرێن، لەبەرئەوە پێم باشە ئەو ماوەیە بکرێ بە 3 مانگ و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی بوونی ئەو ژمارە کاتانە کە بۆ ڕۆژ دانراوە، تەنبیە کردن لەبەرئەوەی هەر لەناو هەرێمی کوردستانە و ئیمانی بە دیموکراسیەت و بەو ئازادییەی کە هەیەتی خۆی لەناو ڕێکخراوە هەستن بۆ خزمەتکردن، وادەکات ئەگەر تۆ ماوەی زیاتری بدەیتێ لەو کاتە دا وابزانم نە تەزەلومەکە دروست دەبێت نە تەعن دروست دەبێت، کاتێکیش وەردەگرێت ئەگەر ئەو غەڵەتی کردووە، ئەومونەزەمەیە لە شتێك زۆر جار لە مەحکەمەش دائەنرێن لە ئیقافن، کاتێکی زۆری پێ دەچێت هەتا دەلائیل دەبێت کە ئەوە زوڵمی لێ کراوەو، دوایی بەر دەبێت، ئایا بە(15) ڕۆژ موخالەفەیەك دەتوانرێت؟ نەخێر، لەبەرئەوە تەئیدی هاوکارەکانم دەکەم کە هەمان قسەیان کردووە، ئەو( 15 ) ڕۆژە زیاتر کاتی بدرێتێ بۆ ئەوەی موخالەفەکەی خۆی دابندرێت، یەعنی پێی پێدا داگرێت و بزانێ کە ئەوە موخالەفەیە، پێش ئەوەی کە قەتعی شت بڵێین کە داخستنی مونەزەمە، وابزانم ئەوانە کەم ڕوو دەدات، ئەگەر بێتو کاتەکەی بۆ زیاد کرابێت، عەفوو کردنیش ئەگەر هاتو بە هەڵە پێی داخرا وەکو ئەو قانونەی کە لێرە لە هەرێمیش دا ئەوە بووە کە قەرەبوو بکرێتەوە بەو ماوەیەی کە داخراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش، کاك دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێ تێبینی هەبوو، تێبینیە زمانەوانیەکان ئەوانە هەندێکیانمان وەرگرتووە و چاکمان کردووە دواتر کە سیاغەکە دەخوێنینەوە بۆتانی دەخوێنینەوە، سەبارەت بەوەی کە هەست دەکەم تێ نەگەیشتنێك هەبوو سەبارەت بەوەی کە ئەو فەرمانگە لەتوانای دا نیە ڕێکخراو دابخات، وەکو لە ماددەکەش بە ئاشکرا هاتووە لەو سێ ماددەیە، فەرمانگە با بڵێین دوو جۆر لێپرسینەوەی هەیە یەکێکیان/ ئاگادار کردنەوەیە، تەنیا

ئاگادار کردنەوەیە ئەگەر سەرپێچیەك هەبوو و ڕێکخراو سەرپێچی هەبوو، لە قۆناغی دووەم/ ئەگەر سەرپێچیەکەی خۆی ڕاست نەکردەوە، ڕێکخراوەکە ئەوە لە توانای فەرمانگە دایە چالاکیەکانی ڕێکخراوەکە ڕابگرێت، یەعنی لە توانای فەرمانگە دانیە ڕێکخراوێك دابخات، بەڵکو ئەوە لە توانای دادگا دایە، ئەویش دواتر لە بڕگە ومادەکانی دوایی کە دێت ڕوونکراوەتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو 15 ڕۆژە کە مودەکە کەمە و زیاد بکرێت، بەڕێزان ئەو (15 ) ڕۆژە ئێمە پێویستە پەلە بکەین لە چاککردنەوەو نەهێشتنی ئەو سەرپێچیەی کە هەیە، نەك داوا بکەین مودەکە زیاد بکرێت بە زووترین کات هەوڵ بدەین ڕێکخراوەکە هەر سەرپێچیەکی کردووە چارەسەری بکات، دواتر ئەو مودەیە لەبەرواری ئاگادار کردنەوەیە ولە بەرواری تەنبیه کردنەکەیە، ئەگەر سەرپێچیەکەی ئەو ڕێکخراوە دوای مانگێك ئاگادار کراوە لە دوای ئەو مانگە ئەوجا (15) ڕۆژەکە حساب دەکرێت، پێویست ناکات ئەو ماوەیە زیاد بکرێت وابزانم ماوەیەکە گونجاوە بۆ ئەوەی دەرفەتێك بێت لەبەردەم ڕێکخراوەکە هەر سەرپێچیەکی کردبێت و ئەو موسائەلەیەش ئەوەی کە باسی موسائەلەو جوابی کرد، د.دانا ڕوونی کردەوە کە چەند ڕێگایەك کە باس لە هەڵوەشاندنەوە ناکات لەو ماددەیەو ماددەی دواتر باس لە هەڵوەشاندنەوە دەکات و نەمانی ڕێکخراوەکە ئەوە تەنها قۆناغەکانە چ دەکرێت ئەگەر ڕێکخراوێك سەرپێچی کرد، سەرەتا ئاگادار دەکرێتەوە، دواتر ئەگەر ئاگادار کردنەوەکە سوودی نەبوو، سەرپێچیەکەی هەڵنەگرت و چارەسەری نەکرد، ئەوجا بڕیاری ئەوە دەدرێت کە کارەکانی ڕابگیردرێت، ئەو دوو قۆناغەیە و بۆشی هەیە تانە لە بڕیارەکە بدات لەبەردەم دادگای کارگێڕی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند برادەرێك باسیان لەوە کرد بۆچی موسائەلە هاتووە لە (للدائرە ان تقوم بمسائلە)، لە دوایی لە فەقەرەکانی تر باس لە تەنبیه و ئیقاف و دوایی بۆ خوارتری ماددەکانی تر باسی حەل دەکات، موسائەلە

لێپرسینەوەیە بە تەئکید، تەنبیە و ئیقاف و حەلی ئیجباریش ئیجرائاتی یاساییە بەرامبەری دەکرێت، فەرقەکە لەوەدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک دانا ئاخر سیاغەتان بە کوردی و پاشان بە عەرەبی بۆ ئەوەی بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بەشی حەوتەم

## ڕاگرتن و هەڵوەشاندنەوە و تێکەڵ کردن

ماددەی 15

فەرمانگە بۆی هەیە لێپرسینەوە لەگەڵ ڕێکخراو بکات، ئەگەر سەرپێچی لە حوکمەکانی ئەم یاسایە کرد، بەم جۆرە:

1ـ فەرمانگە بۆی هەیە ڕێکخراوی سەرپێچی کاری حوکمەکانی ئەم یاسایە ئاگادار بکاتەوە بۆ لادانی سەرپێچی لە ماوەی 15 ڕۆژدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو پێشنیار هەبوو کە ماوەکە زیاد بکرێت، وەرتان نەگرت؟.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

2. لەحاڵەتێك دا ڕێکخراوەکە سەرپێچیەکانی لەماوەی دیاری کراو لە بڕگەی 1 دا لانەدان فەرمانگە بۆی هەیە کاروچالاکی ڕێکخراوەکە بۆ ماوەی 30 ڕۆژ ڕابگرێ.

3. بڕیارەکانی فەرمانگە بەر حوکمی سکاڵا نووسینن (التظلم) لەبەردەم دادگای کارکێڕی دا لەماوەی 10 ڕۆژ لەڕۆژی پێ ڕاگەیاندنی ڕاگرتنەکەوە، دەبێ دادگاش لە ماوەی 7 ڕۆژدا لەڕۆژی وەرگرتنی تانەکەوە بڕیار لەبارەی سکالاکە بدات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر نیزامیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت مودەکە پێموایە سێ برادەر داوایان کرد کە مودەکە زیاد بکرێت لە 15 ڕۆژەوە بۆ 30 ڕۆژ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ئاگامان لێیە، بەس لە ئێوەمان داوا کرد ئەگەر وەری ناگرن دەیخەینە دەنگدان، کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەرمان نەگرت، لەبەرئەوە مودەكە زۆر كافیـە و پێویستیشمان بەوەیـە كـە ڕێكخراوەكـان بـەزووترین كات كاری خۆیان جێ بەجێ بكەن، ئەگەر مودەكان زۆر بێ پێ ئەچێ ئیش و كارەكانیان دوا بكەوێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتر سەبارەت بەو بابەتە، ئێمە وتوومانـە ئەگـەر ڕێكخراوێـك سەرپێچی ئـەو یاسایەی كـرد، واتـە دژ بـە مەبادیئـە ئەساسـەكانەوەیە ئەوانـەی كـەوا لـەو یاسـایە هـاتوون مـەبادیئی ئینسـانین و دیمـوكراتین ومـەدەنین، موخالەفـە نـەكردنی ئـەو قەوانیانـەی كـە لـەناو هـەرێمی كوردسـتاندا جـێ بـەجێ دەكرێت، ئایا دەكرێت ئێمە ڕێ بدەین بە كەسێك كە بزانین سور سەرپێچی كارە، ڕێی پێ بدەین مودەتێكی زیاتر سەرپێچی یاسایی بكات؟ نـەخێر بـۆ خۆشـیان ڕێكخراوەكـان پـاش ئـەوەی ڕاوێـژمان لەگـەڵ كـردوون، زۆرینـەیان لەگـەڵ ئـەوە بـوون كـە مـودەی 15 ڕۆژ زۆر كافیـە بـۆ ئـەوەی ڕێكخراوێـك ئەگـەر چالاكیەكەی سەرپێچی یاسایی تێدا بوو بۆ ئەوەی ڕاستی بكاتەوە، ئەمە خاڵێكیان، خـاڵی دووەمیـان ئـەوەی تایبـەت بـوو بە كاك شڤان احمد باسـی كـرد تایبـەت بـوو بـە تـەعن كـردن لـە قـەراری فەرمانگـەكان، ئـەو مودەتـەی كـە دانـدراوە زۆر كەمە بۆ ئەوەی بڕواتە بەردەم دادگای ئیداری تا بەزووترین كات بگاتە ئـەوێ و بـە زووتـرین كاتیش وەڵام بداتەوە، ئەمە لە مەسڵەحەتی كاری ڕێكخراوەییە تا بزانین ئەو فەرمانـەی یـان ئـەو بڕیـارەی كە فەرمانگەی ڕێكخراوە ناحكومیەكان دەیدات لە داهاتوو دا تایبەت بە كاروباری ڕێكخراوێكی دیـاری كـراو زوو یەكلابكرێتەوە بە ئەرێنی یان بە نەرێنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دیسان تیكراری دەكەمەوە تەزەڵوم لە جیهەی ئیداری دا لە بەرامبەری مەحكەمەی ئیـداری نیـە، ئەمـە غەڵەتێكی قانونیە با بەسەر ئێمەدا تێپەڕ نەبێت، ڕەفزی تەزەڵوم ئـەو وەختـە مەحكەمـە بـەت دەكـات لـە تەعنەكە، نەك لە تەزەڵومەكە، (بـرفض الـتظلم) لـە جیهـەتی ئیـداری ڕەفـزی كـرد تـەزەڵومی ئـەوەی كـە پێشكەش كرابوو ئەوجا مەحكەمە باس لە تەعنەكە دەكات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی من گلەییەکەم و تێ بینیەکەم لەسەر برادەرانی ئیدارەدانی کۆبوونەوەکەیە، ئێمە ئەوە چەند موقتەرەح بکەین لە ماددەکانی تریشەوە ئەگەر بڵێم ئەوەی دەیانەوێ باشە ئەوەی نا رەفز دەکرێتەوە، لەڕووی پرۆتۆکۆڵیەوە و لەڕووی قانونیەوە بخرێتە دەنگدان با دەنگ نەهێنێ، ئەوە یەك، .... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وتومانە دەیخەنە دەنگدانەوە کاك گۆران، ئێمە لێرە دەیخەینە دەنگدانەوە، بەس ڕوون کردنەوەتان دەدینێ سیاغەکەیان کرد، بۆیە داوامان لێی کرد سیاغەکە بخوێنێتەوە بزانین وەریان گرتووە یان وەریان نەگرتووە، کە وەریان نەگرتووە پێشنیارەکەی جەنابت پێتانم وت بە نووسین بینێرن ئەیخەینە دەنگدانەوە، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەندین پێشنیارمان نارد نەخوێندراوە، وەلحاسڵ، دوایی ڕوونکردنەوەکان کە دەدرێت بەڕاستی لەلایەن برادەرانەوە لەسەریانە ڕوونکردنەوەیەکی قانونی و مەنتیقیمان پێ بدەن، قەناعەتمان پێی هات دەنگی بۆ نادەین، ئەگەر نا دەنگی بۆ دەدەین، ئێستا کاك عمر ڕوونی کردەوە و دەڵێ ئەگەر چالاکیەکەی موخالەفە بوو، باسی چالاکیەکەی دەکات لەو ماددەیە، دەکرێت تۆ یەك سجلت نەقس بێت ڕێکخراوەکە مانگێك داخەی، کەی باسی چالاکی دەکات؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر پێشنیارەکەیان بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، پێشنیارەکەی ئەو 3 ئەندامە بەڕێزەی پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی کە هاتووە ئەوەیە کە (فەرمانگە بۆی هەیە ڕێکخراوی سەرپێچی کاری حوکمەکانی ئەم یاسایە ئاگادار بکاتەوە بۆ لادانی سەرپێچی لەماوەی 30 ڕۆژدا).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

داویان کردووە ماوەکە زیاد بکرێت بۆ 30 ڕۆژ، بەڕێزان کێ لەگەڵ ئەوەیە....، کاك دانا جارێکی تر بیخوێنەوە بۆیان.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(فەرمانگە بۆی هەیە ڕێكخراوی سەرپێچی كاری حوكمەكانی ئەم یاسایە ئاگادار بكاتەوە بۆ لادانی سەرپێچی لەماوەی 30 ڕۆژدا).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵە دەست بەرز بكاتەوە تكایە؟ 7 ئەندامی پەرلەمان لەگەڵە كە بكرێتە 30 ڕۆژ، كێ لەگەڵ دانیە؟ بە زۆرینەی دەنگ وەكو خۆی مایەوە، ئێستا كەرەمكەن.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی حەوتەم**

**ڕاگرتن و هەڵوەشانەوە و تێكەڵ كردن**

ماددەی 15

فەرمانگە بۆی هەیە لێپرسینەوە لەگەڵ ڕێكخراو بكات، ئەگەر سەرپێچی لە حوكمەكانی ئەم یاسایە كرد، بەم جۆرە:

1ـ فەرمانگە بۆی هەیە ڕێكخراوی سەرپێچی كاری حوكمەكانی ئەم یاسایە ئاگادار بكاتەوە بۆ لادانی سەرپێچی لە ماوەی 15 ڕۆژدا.

2ـ لەحاڵەتێك دا ڕێكخراوەكە سەرپێچیەكانی لەماوەی دیاری كراو لە برگەی 1 دا لانەدان فەرمانگە بۆی هەیە كاروچالاكی ڕێكخراوەكە بۆ ماوەی 30 ڕۆژ ڕابگرێ.

3ـ بڕیارەكانی فەرمانگە بەر حوكمی تانەگرتن (التظلم) لەبەردەم دادگای كارگێڕی دا لەماوەی 10 ڕۆژ لەڕۆژی پێ ڕاگەیاندنی بڕیاری ڕاگرتنەكەوە دەكەوێ، دەبێ دادگاش لە ماوەی 7 ڕۆژدا لەڕۆژی وەرگرتنی تانەكەوە بڕیار لەبارەی سكاڵاكە بدات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە عەرەبیكەی كەرەمكەن، د. ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل السابع**

**التعليق والحل والدمج**

المادة 15

للدائرة ان تقوم بمسائلة المنظمة اذا قامت بمخالفة احكام هذا القانون كالاتي:

1ـ تنبيه المنظمة المخالفة لاحكام هذا القانون بازالة المخالفة خلال مدة 15 يوم.

2ـ في حالة عدم قيام المنظمة بازالة المخالفة خلال المدة المذكورة في الفقرة 1 يتم ايقاف اعمال وانشطة المنظمة لمدة 30 يوما.

3ـ تكون قرارات الدائرة خاضعة للطعن امام المحكمة الادارية خلال مدة 10 أيام من تاريخ التبلغ بقرار الايقاف وعلى المحكمة البت فى التظلم خلال 7 ايام من تاريخ استلامه.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵە دەست بەرز بکاتەوە تکایە؟ 53 ئەندامی پەرلەمان لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 5 ئەندامی پەرلەمان لەگەڵ دانیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەی 16 کەرەمکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شۆرش فەرموو.

**بەڕێز شۆرش سید مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 16

دەکرێ ڕێکخراو یان تۆڕی ناحکومی بە خوایشت یان بە زۆر هەڵبوەشێندرێتەوە:

1ـ لە حاڵەتی بەخوایشت هەڵوەشاندنەوە دا هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ دەبێت، ڕێکخراویش لەسەریەتی بەلای کەمەوە لە 30 ڕۆژ لە پیادەکردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەکە بە فەرمانگە ڕابگەیەنێت.

2ـ لە حاڵەتی بە زۆر هەڵوەشاندنەوە دا هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکە بە بڕیارێك لە دادگای بەرایی شوێنی ڕێکخراوەکەوە دەبێت و تەنیا لەم حاڵەتانەی دا دێت دەبێت:

أ. دەستوور یان یاساکانی پەیڕەو کراو لە هەرێم دا پێشێل بکات.

ب ـ لەسەر بنەمای سکاڵایەکی دادوەری کە لەلایەن فەرمانگەوە پێشکەش کرابێت، ئەگەر ڕێکخراو یان تۆڕی ناحکومی سەرپێچیەکەی بە گوێرەی کە لە ماددەی 15 ی ئەم یاسایەدا هاتووە لانەدا و هەڵی نەگرت.

3ـ ڕێکخراو مافی تانەدانی لە بڕیاری دادگا هەیە لەماوەی 30 ڕۆژدا، لەڕۆژی پێ ڕاگەیاندنی بڕیارەکەوە لەبەردەمی دادگای تەمیزدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 16 / يمكن حل المنظمة او الشبكات غير الحكومية اختياريا او اجباريا:

1. فى حالة الحل الاختيارى يكون حل المنظمة وفق نظامها الداخلى ويجب على المنظمة تبليغ الدائرة بقرار الحل على الاقل قبل 30 يوما من نفاذه.

2. فى حالة الحل الاجبارى يكون حل المنظمة بقرار من محكمة بداءة محل المنظمة ويكون حصرا فى الحالات التالية:

أ. انتهاك المنظمة للدستور او القوانين النافذة فى الاقليم.

ب ـ على اساس شكوى قضائية مقدمة من قبل الدائرة اذا لم تقم المنظمة أو الشبكة بازالة ورفع المخالفة وفق ماورد فى المادة 16 من هذا القانون.

3. للمنظمة حق الطعن فى قرار المحكمة خلال مدة 30 يوما من تاريخ تبليغها بالقرار امام محكمة التميز.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ دەیەوێ موداخەلە بكات؟ ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ موداخەلە بكەن، سۆزان شهاب، ئەڤین عمر، بێریڤان سەرهەنگ، تارا ئەسعەدی، محمد شارەزووری، صباح بیت الله، سۆزان خان فەرمو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەم ماددەیەدا لە بەشی (ثانیا) (أ و ب) ی ئەمانە حاڵەتێكی عقوبین، عقوبەی ئەو ڕێكخراوە یاخود حەل كردنەكەی لەڕێگەی مەحكەمەوەیە یاخود لەسەر ئەساسی ئینتهاكی دەستووری، (ثالثا) ئەمە مافە، مافی ئەو ڕێكخراوەیە كە بچێت لەبەردەم مەحاكم دا تەعنی لێ بدا و لەبەرئەوە من پێم باشە ئەو (ثالثا)ە بكرێتە ماددەیەكی جیاواز، چونكە ئەوە مافە تێكەڵ نەكرێت لەگەڵ ئەو عقوباتانەی كە هەیە لە (أ و ب) دا، ڕەئی منیش وایە ئەگەر لە (أ و ب) دا (ج)ێكی بۆ ئیزافە بكرێت لە حاڵەتێك كە بەڕاستی زۆر باسی لێوە دەكرێ، ج ـ فى حالة الحل الاجبارى (ئەمەشی بچێتە سەر) عند ثبوت تقديم وصولات كاذبة أو مشاريع وهمية واثبت عليها عدم النزاهة)، زۆر باس لەوە دەكرێت كە پارە ومەشاریعی وەهمی هەیەو وصولاتی تەواو نیە وئەم شتانە، ئێمە دەمانەوێ ڕێگە بگرین لە گەندەڵی، گەندەڵی لەهەر كوێیەك بێت هەر گەندەڵیە، خۆ دەشكرێ ئەمە یەكێك بێت لەو حاڵەتانەی كە تۆ ئەو مونەزەمەیە كارێكی وای كرد حەل بكرێت، ئاساییە، بۆیە بكرێتە یەكێك لەو خاڵانەی كە عقوبەی پێ بدرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەتە دەقاو دەق من پشتگیری سۆزان خان دەكەم بۆ ئەوەی ئێمە كە كاتێ هاتین حەلێكی ئیجباریمان بۆ ڕێكخراوێك دانا دەبێ ئەو حاڵەتەش دیاری بكەین كە كاتێك هات، چونكە ئەوە لە ئەرزی واقع دا هەیە، ئەگەر هاتو لەسەری ئیسپات بوو كەوا ئەو وصولاتانەی پێشكەش كردووە تەواو نین یاخود ئسوڵی نین

یاخود شکی لەسەرە یاخود ئـەو پرۆژانـەی کـە پێشکەشـی کـردووە هەنـدێکیان وەهمـین، بۆیـە ئەگـەر بێتـو حاڵەتی نەزاهە لەسەر هەر چی ڕێکخراوێ ئیسپات بـوو بگاتـە ئـەو حـەدەی کـەوا حـەلی ئیجبـاری بکرێـت، سەبارەت بە (ثالثا)یش، منیش لەگەڵ هەرهەمان ڕئیەم کە ئەم خاڵە جیابکرێتەوە و بکرێت بە ماددەیەکی تایبەتی، لەبەرئەوەی ئەمە هەرچەندە عقوبە دراون، ئەگـەر هـاتو موخالـەفاتیان هـەبێ، بۆیـە ئەمـە وەکو زەمانـەیەکی یاساییە بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کـە ئەگـەر هـاتو شـکیان هـەبوو یـاخود بـەو قـەرارەی مەحکەمـە ڕازی نـەبوون، بۆیـە ئەمـە ئەگـەر بکرێتـە خـاڵێکی تایبـەتی و ماددەیـەکی تایبـەتی بـۆ پاراسـتنی مـافی ڕێکخراوەکان، هەروەها بۆ سیاغەش کۆتایی 3 دەڵێ ئەمە (المحكمة التمييز) (ال)ی مەحکەمە هـەڵبگیردرێت و بکرێتە (محكمة التمييز)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشگیری هەردوو هاوڕێم ئەڤین خـان و سـۆزان خـان دەکـەم لەسـەر ئـەوەی کـە خاڵێـك زیـاد بکرێـت لەبەشی دووەم ئەگەر هاتو ڕێکخراوەکە ئیسپات بوو ڕێکخراوێکی وەهمیە یـان تـەزویرە و گەنـدەڵی لەسـەر ئیسپات بوو هەڵوەشێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاسـتی ئـەو مەشـروعە کـە هەمانـە و لەبەردەسـتمانە لەهـەموو ئەوانـەی زیـاتر دیومـە لـە هـەموو کۆبوونەوەکان کردوویانە زۆر کۆمەڵگای مەدەنی لەگەڵ زۆری مونەزەماتەکانیش ڕەئیەکی زۆر وەرگیراوە و ماندوو بوونێکی زۆری پێوە دیارە، ئەمە تەنها بەس قانونێك نیـە تەقـدیم کرابـێ، بـەڵکو بـەڕای خەڵکـەوە هاتووە بەڕای منەزەمەکان خۆیەوە هاتووە، مـن شـاهێدی ئـەوە دەدەم و چـەند جـار لەگەڵیانـدا بـووم هـەتا لەگەڵ مونەزەماتی ئەجنەبیش کە هاتووەتە ناو ئەو پەرلەمانەوە تاوتوێ کـراوە و زۆر لەسـەر ئـەم قانونـە بە هیوام نیهایەتی خۆپیشاندان نـەبێت وەکو قانونەکـەی خۆپیشـاندان، ئـەمجارە حـەززی زیـاتر بێـت ئـەم قانونـە، چـونکە زۆر شـتی باشـی تیـا کـراوە، تێبینیـەکانم تـەنها زمانەوانیـە، دەڵـێ یەکـەم (فی حالـة الحل الاختياري وفق نظامها الداخلی) نووسراوە (و واجب على المنظمات) بکرێتە (وعليها)، (ثانيـا) هـەر لـەڕووی زمانەوانیەوە (فی حالة الحل الاجباری يكون حل المنظمة بقـرار مـن محكمـة بـداءة محل المنظمـة) نوسـراوە

(المنطقة التى تعمل فيها المنظمة) بەو نەوعی چاك بكرێتەوە باشترە، ئەوەندەی مولاحەزە بكەم كە لايەنی زمانەوانيەكە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد شارەزوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەرەتا بە يەك وشەی زمانەوانی دەست پێ دەكەم بەڕاستی (خوايشت) كەليمەيەكی فارسيە و بكرێت بە (ئارەزومەندانە) يان (بەويست) بێت، ويست و ئارەزومەندانە بێت، لەبڕگەی $1$ دا باسی هەڵوەشانەوە دەكرێت ئەگەر ئارەزومەندانە بێت، من لەبەردوو هۆ دەمەوێت كە لە جەريدەش دا بڵاو بكرێتەوە، ئێمە لە ماددەيەكی پێش ئەمە باسی ئەوەمان كرد لەحاڵەتی پێش دامەزراندندا لە جەريدەی ڕەسمی بڵاودەكرێتەوە، لە حاڵەتی ئێستەش كە هەڵدەوەشێتەوە ئارەزمەندانەش بێت لەجەريدە بڵاوبكرێتەوە، چونكە بۆی هەيە ئەو $3$ كەسە دوو كەسيان هەڵی بوەشێننەوە، بەڵام يەكێكی تر تەعنی لێ بگرێ بۆ ئەوەی كە هەڵبوەشێتەوە ئەمە حاڵەتی يەكەم، لەبڕگەی $3$ لەم ماددەيە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئێمە حەق نادەين بەو ڕێكخراوە ئەگەر لە كاتی بردنەوەی تەعنەكە لەدادگا دەبێ قەرەبووی ماددی و مەعنەوی ئەو ڕێكخراوە بكرێتەوە، كێ قەرەبووی ماددی و مەعنەوی ئەو ڕێكخراوە دەكاتەوە لە حاڵەتێك دا كە ئەگەر دەعواكەی بردەوە؟، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بيت الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی $16$ لە (ثانيا) (أ و ب) هاتووە، ئەز پێشنيار دكەم كو فەقەرە (ج) بێتە ئيزافە كرن بە (اذا عجز منظمة عن تحقيق اهدافها الواردة فى هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەی هاوبەش كەرەمكەن، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای ئەو مولاحەزاتانەی كە بەڕێزان پێكەشيان كرد بە نيسبەت $3$ ئەندامی بەڕێز باسيان لەوە كرد كە ئينتهاكی قانون پێويستە تەوزيح بكرێت لێرە، بەڵام فەقەرەی خۆی بە نەسێكی سەريح هێناويەتی و دەڵێ (انتهاك المنظمة للدستور أو القوانين النافذة) يەعنی ئيتر ئەوە هەموو ئەو ئيشە موخالفە ياساييانە دەگرێتەوە كە ئەو مونەزەمەيە بيكات، بە نيسبەت ئەوەی بۆچی باسی ئەوە كرا كە قەراری حەل

کردنەکەی ئیعلان ناکرێ و وەکو ئەوەی کەوا قەراری تەئسیسەکەی ئیعلان دەکرێت؟ لێرە حەلەکەمان بە دوو حاڵەت هێناوە حەلێکی ئیجباری و حەلێکی ئیختیاری، حەلە ئیختیاریەکە بە ئارەزوومەندانەی دەستەی دامەزرێنەری مونەزەمەکە خۆیان بڕیار دەدەن بە گوێرەی نیزامەکەی خۆیان حەلی خۆیان ئەکەن، بەڵام لێرە پێویستی بە ئیعلان و جەریدە ناکات، لەحاڵەتی دووەمیان کە حەل ئیجباری بوو بەقەرارێکی مەحکەمە بە نەتیجەی ئەو موخالفانەی کە لە ماددەکانی سەرەوە 15 قسەی لەسەر کرا، کە خۆی چاك نەکرد موخالەفەکانی ئیزالە نەکرد بڕیار ئەدا مەحکەمە حەلی ئەو ڕێکخراوە بکرێت، ئەو حەلەش مەحکەمەی بەدائەمان بۆیە تەخسیس کردووە، مەحکەمەی بەدائە موختەسە بە تەسفیەو ئموری تەسفیە، وە دەبێ مەحکەمەی بدائەی مەحەلی ئەو شوێنە بێت، چونکە قانونی مورافەعاتی مەدەنی لە سەڵاحیاتی مەکانی تەحدیدی مەحکەمەی بیدائەی مەحەلی منەزەمەکەی کردووە بۆ ئیجرائاتی تەسفیە و دانانی موسەفی، وە لەم حاڵەتەیاندا ئیعلانی قەراری موسەفیەکە دەکرێت بە جەریدە ئەویش بۆ ئەوەی خەڵك بزانێ ئەگەر ئیلتزامات و دیونی لەسەر شانی مونەزەمەکە هەیە موراجەعەی موسەفیەکە بکەن بۆ وەرگرتنەوەی حەقەکانیان، تەنیا مولاحەزەیەکمان وەرگرت ئەویش زمانەوانیە کە لەبەردەم (المحكمة التمييز) دەکرێتە (محكمة التمييز)، ماددەی 16 ەکە لەبەرئەوەی خۆمان ماددەیەکمان ئیلغا کردووە (كما ذكر فى المادة 16) دەبێتە 15، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دانا فەرموو.

**بەڕێز دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارە زمانەوانیەی لە دەقە کوردیەکەی (خوایشت) بکرێتە (ئارەزومەندانە) هیچ لاریمان نیە و دەتوانین بیگۆڕین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە کەرەمکە کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاری ئەوەم کرد کە کاك عمر لیژنەی یاسایی بەڕاستی ئەوانە من باسی ئەوەم کرد ئەگەر ئەم مونەزەمەیە فەرمانگە دای دەخات بۆ ماوەی مانگێك دوایی لە مەحکەمە دەیباتەوە و سەرپێچی نەکردووە ئەی کێ تەعویزی ماددی و مەعنەوی ئەو منەزەمەیە دەکات؟ و خۆ دەبێ لەم قانونە تیایا بێت، لەبەر ئەوە من سوپاستان دەکەم ئەگەر ئەوە بێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەسەلەی ئاخر عقاب كە ئەو ڕێكخراوە وەری دەگرێت كە بە تەسەلسول لەم ماددانە هاتووە ئەوەیە كە پێی دەوترێ حەلی ئیجباری، بەڵام ئەوەی كە كاك محمد باسی لەسەر كرد بۆ ئەوەی كەوا 30 ڕۆژ دەوەستێنرێت، بەڵام دوایی دەردەكەوێ نەتیجەی تەعنەكەی ڕێكخراوەكە موخالف نیە، لێرە قەواعیدێك هەیە لە قانونی مەدەنیا، قەواعیدی عامەی تەڵەبی تەعویز كردنە، هەرچەند مەوادی قانونی تر هەیە كە باس لەوە دەكات جەوازی شەرعی و نافز زەمان ئەو كەسەی كەوا بە قانون قەرارێك دەدات، ئیجرائاتێك دەكات پارێزراوە لە دانی تەعویزی ئیجرائاتەكەی خۆی، بەڵام ئەگەر ئەم ڕێكخراوە داخرا لەسەر شكاتی یەكێك بە تەعویز كە دەكاتە تەعەسوفی ئەوا ڕێكخراوەكە دەتوانێ داوای شكاتی لێ بكاو تەعویزاتی قانونی خۆی لەو كەسە بسێنێ كە بە كەیدی شكاتی لێ كردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە سێ كەس بەدوای یەكتری داوای ئیزافە كردنی فەقەرەیەكمان كردووە كە ببێت بە (ج) لەگەڵ (ثالثا) وەكو ئەوەی مادام ئەمە مافە بكرێتە ماددەیەكی جیاواز، مەفروزە بیخەنە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە بەسەر چاو ئەگەر سەحب نەكرێت دەیخەینە دەنگدانەوە، كاك فرست موداخەلەیەكی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر مەقسەدیان ئەوە بێت باسی گەندەڵی دەكەن وباسی جەریمە دەكەن و مەشاریعی وەهمی ئەوە هەموو ئینتهاكی قانونە، قانونی عقوبات لەوێیە، موحتاجی ئەوە ناكات كە ئەو جەریمانە یەك ، یەك بیننە خار، دوو/ ئەگەر شتێك مەخالفی قانون بێت بەڕەئی من نابێت ئەوە بیخەینە تەسویت، مەبدەئێك بێت لە قانون چۆن بیخەیە تەسویت؟.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كێشەی ئەم وڵاتە ئەوەیە لە ژێر ناوی قانون دا زۆر شت دەكرێ و زۆر شت پەردەپۆش دەكرێت، لەبەرئەوە كە تۆ دێی باسی دەكەیت بزات لەحاڵەتی (عدم النزاهة تقديم مشاريع وهمية، تقديم وصولات وهمية)

ئەوە دەبێت بخرێتە ناویەوە، چونکە تا ئێستا ڕاستە لە ئەرزی واقع دا زۆر زۆرە باسی لێوە دەکرێت، ئێمە ئەگەر بێین تەوکیدی بکەین لەناو ئەم ماددەیەدا هەتا ئێستا پێم بڵێین چ ڕێکخراوێك لەسەر کارێکی وا بردراوەتە مەحکەمە؟ بۆ چ ڕێکخراوێك؟ ئێستا ناکرێت بەڵام بە پێی دەرچوونی ئەم یاسایە بۆ ئەوەی لەمەودوا ئەوانیش حسابی خۆیان بکەن، ئێمە باسی نەهێشتنی گەندەڵی دەکەین، ئەگەر بە یەك نەسی قانونی بە فەقەرەیەك ئیزافە بکرێت خۆ کارێکی خراپ نیە، بەڵکو کارێکی باشە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو برام کاك فرست باسی لەسەر کرد، انتهاکی قەوانین وە لە پێشتریش دا باسمان لە ماددەکان کرد کە هەموو حسابات و ئیش و کار وسجلات و نەشاتاتی ئەم ڕێکخراوانە خازعی ڕەقابەی مالیە، کە خازعی ڕەقابەی مالی بوو ئەگەر هەر موخالەفەیەکی یاسایی بێنین بە گوێرەی قانون و ئیدعای عام ئیحالەی ئیدعای عامی دەکەی و ئیدعای عام شەکوای یاسایی خۆی لەسەر ئەو ڕێکخراوە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەمافی ئەندامان مادام هەرسێکمان بڵێین سەحب ناکەین بەو جەوابە قەناعەت ناکەین دەبێ بدرێتە دەنگدان، کورت و موختەسەر.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرست موداخەلەیەکی تەوزیح تری هەیە لەسەر ئەو وەزعە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆ جەریمە هەر ئەو سێ جەریمە نینە کە خوشکان و برادەران باسیان کردووە، ئەگەر ئەتو بێی دوو جەریمە یان سێ جەریمە حەسری بکەی مەعنای ئەوەیە ئەوانی تر کە ناوی ئەوان نەهاتووە موباحن، ناتوانی محاسەبەی لەسەر بکەی، خەرقی قانون یان ئینتهاکی قانون شاملی هەر موخالەفەیەك و هەر جەریمەیەکی قانونی بێت، وەکی تر خۆ تەزویر و مەشاریعی وەهمی و گەندەڵی بەس ئەوانە نیە، بۆ ئیختلاس نە جەریمەیە؟ ها؟ ئیهمال و زەرەر لە خەڵکێك بدەی، نە جەریمەیە؟ ئیتسالْ بە لایەنێك و پارەیەك لە لایەکی مەمنوع وەر بگری، نە جەریمەیە؟ ئەوە هەمووی جەریمەنە، ئەگەر بێتو حەسری بکەی بە سێ جەریمە مەعنای ئەوانەی نەهاتبێ هەمووی ئیش و کارێکی مەشروعە و موباحە، یەعنی

ئینتهاکی قانونی و ئینتهاکی دەستوور وە کیفایەتە، دوو/ نابێت ئێمە قانونێك دەربکەین بۆ دیعایەت، ئان بۆ ئەوەی خەڵکێك مەدحمان بکات، موهیم قانونەکە مەوزوعی بێت و تەحقیقی ئارمانجەکە بکات وەکی تر خەڵکێك بە شکلێکی تر تێ بگات ئەوە موهیمەی ئێوەیە تێی بگەیەنن کە وا نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو بەڕێزانە مەبەستیان ئەوە بێت کە کێشەی دارایی یان با بڵێین فەسادی ئیداری و مالی لەناو ڕێکخراوەکاندا ڕوونەدات، بەباوەڕی من لە ماددەکانی پێشوو ئەمە ڕوون کراوەتەوە، لەو ماددەی کە پەیوەندارە بە دارایی ڕێکخراو دواتر دەست نیشان کراوە داهاتی ڕێکخراو چیە و لەڕێگەی ئەو ڕاپۆرتانەی کە ڕێکخراوەکان دەینرن بۆ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان و تەدقیق کردنی دیوانی ڕەقابەی مالی بۆ ڕاپۆرتەکانی ئەوان و بە پێی ماددەی پێشوو فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆیان هەیە لەڕێگەی مەحکەمەوە داوای حەل کردنی فلانە ڕێکخراو بکەن، بۆ؟ لەبەرئەوەی سەرپێچی فلانە یاسای کردووە، لەبەرئەوە من تەسەور دەکەم بە شێوەیکی گشتگیر هەموو ئەو سەرپێچیانەی کە ئەگەری هەیە ڕێکخراوێك تووشی ببێت لەڕووی یاساییەوە لەبڕگەی (أ) دا جێی کراوەتەوە کە باس لە شکاندنی دەستوور و ئەو یاسا کارپێکراوانەی کە لەناو هەرێمدا هەن بەو شێوەیە ڕێگریان لێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی برای بەڕێزم کاك فرست دەکەم، چونکە لە هیچ دەزگایەکی حکومی ئەو نەسە نەهاتووە کە ئەو بەڕێزانە ئیشارەتیان پێی دا، لەبەرئەوەی خازعی حساباتی موعتەمەدن لەلایەن ڕەقابەی مالیەوە، ئەمە یەك، دوو/ ئێمە ئەو جەرائیمانەی کە ئەوان دەڵێن هەمووی موعالەجە و شەرتیش نیە بە تەفسیلاتەوە تۆ لە قانونی مونەزەمەکان بێیە خوارێ و ئەگەر هاتو ئەو نەسە هاتە خوارێ لە قانونی مونەزەمات بە قەناعەتی من ئەوە تەجاوزە لەسەر حقوقی مونەزەمات، چونکە وەکو هەموو دامودەزگاکانی تر خازعی ڕەقابەی مالینە و خازعی موسائەلەنە، خازعی قەوانینی ئێمەیە، بۆیە من پشتگیری لە ڕەئیەکەی کاك فرست دەکەم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرمووو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەتە من ڕێزێكی زۆر زۆرم هەیە بۆ كاك فرست و بۆ جەنابی كاك شێروان، بەڵام لێرەدا حاڵەت هەیە لە ئەرزی واقعدا ڕێكخراو هەیە و نۆ ملیۆن دینار وەردەگرێ وسولاتی دروست دەكا و تەسدیقی مالی دەكرێت لەلایەن وەزارەتی مالیەشەوە بەلام تا ئێستا نەتوانراوە یەك ئیجراء وەربگیردرێت بەرامبەر ئەوە، ئەمەیە موشكیلە، ئەمە موشكیلەیەكە لە ئەرزی واقعە، لەگەڵتانم قەوانین هەیە، ئەمە خروقاتی قانونی هەیە ئەو شتە، بەلام ئەم حالەتە وجودی هەیە ئەگەر بێتو باس بكرێت لەناو یاسایەكە بە پێچەوانەوە زیاتر قوەت دەداتە یاسایەكەی ئێمە نەوەك لەنگی بكات و یاخود موخالەفەیەكی قانونی لەسەر دروست بكرێت، بۆیە من داوا دەكەم و سەحبی ناكەینەوە وبخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فرست موداخەلەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من یەك پرسیار لەو خوشكانە دەكەم ، قانونەك هەیە مەنعی ئەوە بكات وەسڵێكی وەهمی تەزویرەك بێت كو موحاسەبە بكرێت؟ فەرقەك هەیە لەمابەینی قانونێك هەبێت موحاسەبە بكات و مابەینی دەزگایەك هەبێت بە واجبی خۆی هەڵنەستێ؟ یەعنی من نازانم ئەوەڵەن/ مەشاریعی وەهمی لە قانون پێی ناڵێین مەشاریعی وەهمی لە قانونی عقوبات، پێی دەڵێن ئیحتیال، قانون محاسەبەیەك دەكات وبە توندیش محاسەبە دەكات، وسولاتی وەهمی ئان تەزویرە ئان ئیحتیالە، باشە تو هەنكە نەسەكە دابنێی، نەسەكە وەكی جەنابتان ئیقراحتان كرد با لێرە دابنێین، بەس ئەگەر دەزگایەك تەنفیزی نەكات، من ناوی دەزگایەكان ناهێنم ئێوەبەخۆتان دەزانن، ئەگەر ئەو دەزگایە تەنفیزی نەكات، باشە تەفسیرەكە لە قانونە یان لە دەزگایە، ئەو جەرائیمانە هەمووی لە قانونی عقوبات و لە قەوانینی ترن، لەبەرئەوە من دەڵێم قانون وەك ئەوامری ئیداری نیە، من تەئكیدی لەسەر بكەم، قانون ئەگەر نەسەكت دانا لە تەشریعێك نابێت جارێكی تر ئەو نەسە تیكرار بكەی، قانون قانونە نە ئەمرەكی ئیداریە من هەموو جار تیكراری كتابەكە بكەم و (امرنا الاداری المرقم) بكەم، قانون قانونە، وەكی تر نەقسەكە لە قانوندا نیە، نەقسەكە لە دەزگایەكانە كو واجبی خۆیان هەڵناستن، مودەعی عام ئەگەر بێتو بزانی جەریمەیەكی عام بوویە تەزویرە یان ئیحتیالە و كوشتنە و لەپێش چاوی بویە ئان ئاگادار بوویە، نەهێتن دەعوا ئیقامە نەكات تەفسیرەكە لە قانونی عقوباتە؟ تەفسیر لە قانونی عقوبات نیە، تەفسیر لە قانونی دەزگایەكەیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ئەو دوو خوشكە دەیانەوێ فەقەرەیەك ئیزافە بكرێت، ئەگەر ئەو گەندەڵیە بكات بچێتە بابی نزاهە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە باس لە حەلی ئیجباری دەكات، مونەزەمەیەك كە ئەو كارەی كرد با ئەمەشی هەبێت، (عند ثبوت تقديم وصولات كاذبة أو مشاريع وهمية واثبات عدم النزاهة)، ئەمە دەبێتە یەكێك لەو حاڵەتانەی كە مونەزەمەكەی پێ هەڵدەوەشێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان وەكو ئەوەی سۆزان خان خوێندیەوە كێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە دەستی بەرز بكات؟ 9 ئەندامی پەرلەمان لەگەڵە، كێ لەگەڵ دانیە؟ بە زۆرینەی دەنگ لەگەڵ دانیە، ئێستا كاك شۆڕش نەسەكە بخوێنەرەوە.

**بەڕێز شۆڕش سید مجید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 16/ دەكرێ ڕێكخراو و تۆڕی ناحكومی بە ئارەزوومەندانە یان بە زۆر هەڵبوەشێندرێتەوە:

1. لە حاڵەتی بەئارەزوومەندانە هەڵوەشاندنەوە دا هەڵوەشاندنەوەی ڕێكخراو بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ دەبێت، ڕێكخراویش لەسەریەتی بەلای كەمەوە بەرلە 30 ڕۆژ لە پیادەكردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەكە بە فەرمانگە ڕابگەیەنێت.

2. لە حاڵەتی بە زۆر هەڵوەشاندنەوە دا هەڵوەشاندنەوەی ڕێكخراوەكە بە بڕیارێك لە دادگای بەرایی شوێنی ڕێكخراوەكەوە دەبێت و تەنیا لەم حاڵەتانەی دا دێت دەبێت:

أ. دەستوور یان یاساكانی پەیڕەو كراو لە هەرێم دا پێشێل بكات.

ب ـ لەسەر بنەمای سكاڵایەكی دادوەری كە لەلایەن فەرمانگەوە پێشكەش كرابێت، ئەگەر ڕێكخراو یان تۆڕی ناحكومی سەرپێچیەكەی بە گوێرەی كە لە ماددەی 15 ی ئەم یاسایەدا هاتووە لانەدا و هەڵی نەگرت.

3. ڕێكخراو مافی تانەدانی لە بڕیاری دادگا هەیە لەماوەی 30 ڕۆژدا لەڕۆژی ڕاگەیاندنی بڕیارەكەوە لەبەردەمی دادگای تەمیزدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە عەرەبی، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 16 / يمكن حل المنظمة او الشبكة اختياريا او اجباريا:

1- فى حالة الحل الاختيارى يكون حل المنظمة أو الشبكة وفق نظامها الداخلى ويجب على المنظمة أو الشبكات تبليغ الدائرة بقرار الحل على الاقل قبل 30 يوما من نفاذه.

2- فى حالة الحل الاجبارى يكون حل المنظمة أو الشبكة بقرار من محكمة بداءة محل المنظمة ويكون حصرا فى الحالات التالية:

أ- انتهاك المنظمة أو الشبكة للدستور او القوانين النافذة فى الاقليم.

ب - على اساس شكوى قضائية مقدمة من قبل الدائرة اذا لم تقم المنظمة أو الشبكة باءزالة ورفع المخالفة وفقا لماذكر فى المادة 15 من هذا القانون.

3- للمنظمة أو الشبكةحق الطعن فى قرار المحكمة خلال مدة 30 يوما من تاريخ تبليغها بالقرار امام محكمة التميز.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ 47 ئەندامی پەرلەمان لەگەڵە، كێ لەگەڵ دانیە؟ 5 ئەندامی پەرلەمان لەگەڵ دانیە، بۆ ماددەی 17 كەرەمكە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دانا فەرموو.

**بەڕێز دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 17

ڕێكخراو دەبێ تۆمارێكی بە هەموو ژمێریاری و بنەچە و داهاتێكی بداتە پاككتاو كەر، بنەچەكان (1- یەكەم بۆ دانەوەی قەرزی موستەحەقی ڕێكخرا و یان تۆڕی ناحكومی پاش دانەوەی قەرزەكانی ڕێكخراو دەبێ ئە بنەچانەی ماون بۆ ڕێكخراوێكی دی بگوازرێنەوە كە هەمان ئامانجی هەیە یان ئامانجی نزیك بە ئامانجەكانی ڕێكخراوی هەڵوەشێندراوەی هەیە).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 17: یجب على المنظمة تزوید المصفي بسجل لجمیع حساباتها والاصول والایرادات، تستخدم الاصول:

اولاً: سداد المدیونیات المستحقة للمنظمة أو الشبكة بعد سداد دیون المنظمة یجب ان تنقل الاصول المتبقیة الى ملكیة منظمة أخرى لها نفس اهداف، او اهدافها قریبا من اهداف المنظمة المنحلة.

بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان، تەنها یەك تێبینمان هەیە ئەگەر دەرفەت هەبێ، سەبارەت بەو ماددەیە باس لە موسەفی دەكات، بەڵام برگەیەك پێشتر لە مسوەدەكان هەبوو نازانم بۆ لێرە نەمایە، دامەزراندنی ئەو

موسەفیە لەلایەن کێ دەکرێ و کو دادەمەزرێ؟ بۆیە ئەگەر پێشنیارەکەمان وەربگرن و ئەو ماددەیە بکرێتە بڕگەی 2 و بڕگەیەك کە بڕگەی 1 زیاد بکرێت (فی حالة صدور قرار قضائی بالحل تقوم المحكمة بتعين المصفی) چونکە موسەفی لە هەموو حاڵەتێك پێویست ناکات ئیللا ئەگەر ڕێکخراوەکە هەڵبوەشێتەوە و بۆیە دیاری نەکراوە کە کێ ئەو کەسە دادەمەزرێنی و دیاری دەکا ولە چە حاڵەتێك، بۆیە پێشنیاری لیژنەکەمان ئەوەیە کە بڕگەیەك لە بڕگەی یەکەم زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ ئەیەوێ موداخەلە بکات لەو ماددەیە؟ کاك جمال طاهر و د.ئاراس، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێین و بەرێ خۆ بدەینێ ئەڤی نەسێ تەقریبەن عیبارەتی رەکیکن، یەعنی تەواو نینە و تەواو نینە، ئەوەڵەن المصفی، موسەفی کەسێکە یان لیژنەیەکە؟ شەرت نیە موسەفی کەسێك بێت، ئیحتمالە لیژنەیەك بێت، ئیزەن لێرە باشترە بڵێین (علی المنظمة أو الشبكة) لێرە شەبەکەتان دیسان لەبیرتان چووە، چونکە مولاحەزەی پێش ئێستام نووسی ئێوە هێناتانە خوارێ، ئیزەن لێرە باشترە دەبینم بڵێن (علی المنظمة ، ویجب علی المنظمة) ئەگەر گوتی (علی) ئەوە بووە ئیجباری ئیعتیادیە، (یجب)ەکە لابدرێت.

(علی المنظمة أو الشبكة عند حلها تزوید الجهة القائمة بالتصفیة بسجل لجمیع حساباتها واصولها وارادتها استخدم الاصول اولاً من تسدید الدیون المستحقة علیها، وتنقل الاصول المتبقیة الی ملكیة منظمة او شبكة اخری لها نفس الاهداف او اهداف قریبة من اهداف الشبكة او المنظمة المنحلة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر ئاراس، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حەقیقەت تا ئێستا من دوو تێبینیم هەیە، دەربارەی ئەم ماددەیە، دکتۆرە هەندێکی ڕوون کردنەوە، بەس ڕوونکردنەوەی تەواو نەبوو، برای بەڕێزم کاك جەمالیش بەهەمان شێوە، بەڵام بەنیسبەت موسەفی من پێم باشە، تەحدید بکرێت، موسەفی کێیە، چ جیهەتێکە؟، ئەگەر بکرێت لەڕووی یاساییەوە، ئەو موسەفیە چۆن لە ماددەی یەکەم هاتووە، دائیرە مەبەستمان چیە؟، مونەزەمە مەبەستمان چیە؟، مونەزەمەی ئەجنەبی مەبەستمان چیە؟، ئەو موسەفیەش ئەگەر بکرێت تەحدید بکرێت، چونکە ئێمە هەمانە موسەفیمان هەیە عائید بە مومکینە ڕەقابەی مالی بێت، شەریکاتی دەرەوەی حکومەتمان هەیە، خۆی لەوانەیە لەناو مونەزەمەکەدا جیهەتێکی هەبێت بۆ تەصفیە، بۆیە بەڕای من ئەگەر بکرێت ئەو وشەی تەعریفێکی هەبێت لەناو ڕستەکەدا تا دیاربێت، چونکە دەبێ بزانین موسەفی کێیە؟، ئەوە وەکو بۆچوونێك هیوادارم لیژنەی بەڕێز بتوانن وەڵامم بدەنەوە، بەتایبەتی ئەو بەڕێزانەی لەبواری یاسا

ئیختصاصیان هەیە، تێبینیەکی تریشم هەیە، لێرە بەنیسبەت دێڕی دووەمی ماددە یاساییەکە، یجب ان تنقل الاصول المتبقية الى ملكية منظمة اخرى لها نفس الاهداف او اهداف قريبة من اهداف المنظمة المنحلة، ئەی ئەگەر ڕێکخراوێکمان دۆزییەوە، نزیك نەبوو لەوەوە، یان هەدەفەکانی نزیك نەبوو، ئەوکاتە ئەو ئەموالە چی لێ دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بیخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو پرسیارەی کە موصەفیەکە پێناسە بکرێت ئەوە پێویست ناکات، لەبەر ئەوەی ئەگەر بڕگەی یەکەم کە هەر سێ لیژنە پێشنیارمان کرد کە زیاد بکرێت دادگا موصەفیەکە تەعین دەکات، ئەوە دادگا خۆی ڕەچاوی ئەوە دەکات، کە پێویستی بەو لایەنەیە یان ئەو کەسە، کە ببێتە موصەفی ئایا موصەفی ڕێکخراوە، تۆڕە، یان موصەفی شەریکاتە، ئەوە بۆ دەسەڵاتی دادگای بەجێ دەهێڵین، پێشنیارەکەی ئێمەش کەوا بڕگەیەك زیاد بکرێت، ئەو بڕگەیەش کە کرا بە ماددەی دووەم، ئەوە بەچەندین شێوە بۆمان هاتووە کە دایبڕێژینەوە، بەشێوەیەکی ڕێك و پێکتر لەڕووی زمانەوانیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە نەصەکەی بخوێننەوە تا بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموون.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەڤدەهەم:

1-لەحاڵەتێك کە دادگا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو یان تۆڕیدا، دادگا پاکتاوکارێك(مصفى) دیاری دەکات.

2-ڕێکخراو دەبێ تۆمارێکی بەهەموو ژمێریاری و بنەچەو داهاتێکی بداتە پاکتاوکار، بنەچەکان( الاصول)یەکەم بۆدانەوەی قەرزی موستەحەقی ڕێکخراو یان تۆڕ، پاش دانەوەی قەرزەکانی ڕێکخراو، دەبێ ئەو بنەچانەی کەماون بۆ ڕێکخراوێکی تر بگوازرێنەوە کە هەمان ئامانجی هەیە، یان ئامانجی نزیك بە ئامانجەکانی ڕێکخراوی هەڵوەشاوەی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەعەرەبیش بیخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە ئەگەر ئەو پێشنیارە قبوڵکرا، وە کرا بە دوو بڕگە ئاوای لێدێت.

المادة السابعة عشرة: اولاً: في حالة صدور قرار قضائي بالحل تقوم المحكمة بتعين المصفي.

ثانياً: على المنظمة أو الشبكة تزويد المصفي بسجل لجميع حساباتها والأصول والايرادات، تستخدم الأصول أولا في سداد المديونيات المستحقة للمنظمة او الشبكة وتنقل الاصول المتبقية الى ملكية منظمة او شبكة اخرى لها نفس الاهداف او اهدافها قريبة من اهداف المنظمة او الشبكة المنحلة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تكايە كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات؟، 54كەسی لەگەڵدایە، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، یەك ئەندامی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەژدەهەم:

یەكەم: ئەو ڕێكخراوانەی خاوەن ئامانجی چوون یەك یان نزیكن، بۆیان هەیە تێكەڵ بە یەك بن و یەك ڕێكخراو پێك بهێنن بە پەیڕەوێكی ناوخۆ، ئەویش بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی هەر یەك لەوان.

دووەم: ڕێكاری تێكەڵ كردن و دامەزراندنی ڕێكخراوە نوێیەكە، دەكەوێتە بەرحوكمەكانی ئەم یاسایە.

سێیەم: هەموو سامانی گواستە و نەگواستە دەچێتە ئەستۆی ڕێكخراوە لێكدراوەكە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة عشرة:

أولآ: للمنظمات ذات الأهداف المتماثلة أو المتقاربة ، أنْ تندمج مع بعضها وتؤلّف منظمة واحدة بنظام داخلي وذلك وفقاً للنظام الداخلي لكلٍ منها.

ثانياً: تخضع إجراءات الدمج وتأسيس المنظمة الجديدة لأحكام هذا القانون.

ثالثا: تؤول جميع الأموال المنقولة وغير المنقولة الى المنظمة المندمجة .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێز كێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بكات، دەستی بەرز بكاتەوە تا ناوی بنووسم، فەرموون، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بكەن(عیماد، عبدالسلام، شیلان، شوان، ئەڤین)كاك عیماد، فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تەنها یەك تێبینیم هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، لەسەر بڕگەی سێیەم، دەڵێت تؤول جميع الأموال المنقولة وغير المنقولة الى المنظمة المندمجة، بەس لێرە (والموجودات) زیاد بكات، یەعنی ببێت بە (ثالثا: تؤول جميع الأموال والموجودات المنقولة وغير المنقولة الى المنظمة المندمجة، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر یەکەم هەیە، لیژنەکە هەندێکیان ئاگادارن ئەوە چەند ساڵە کوردستان نیازێك هەیە، بۆ کەم کردنەوەی ژمارەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، چونکە ئەبینین لە شارێك چوار ڕێکخراو هەیە بۆ مافی مرۆڤ، پێنج هەیە بۆ کەم ئەندام، دوو هەیە بۆ دیموکراسی، لەبەر ئەوەی ئێمە هەمیشە، تێڕوانینمان بۆ سەندیکاکان هەیە، وە بۆچوونێکی بەهێزیش هەیە، کە ئەمانەی وەکو یەکن ببن بەیەك ڕێکخراو تا پەرت و بڵاو نەبێت، بەڵام من دەڵێم ئەمە بە پێچەوانەی پرەنسیپی کۆمەڵگای مەدەنییە، بۆیە ئیقتراحەکەم زۆر بەسیتە، لەباتی عەرەبیەکە دەخوێنم، أولآ: للمنظمات ذات الأهداف المتماثلة أو المتقاربة ئێمە بیکەین بەگشتی بڵێین ( لمنظمتين او اكثر ان تندمج،...... والى اخ) واتە بەکوردی بڵێین ( دوو ڕێکخراو یان زیاتر بۆیان هەیە) من مەترسی ئەوەم هەیە، وەکو وتم ئێمە ئەمانەوێت لەکۆمەڵگای مەدەنی ئیشمان کردووە ئەزانین، ئەمە مەترسیەك لەلای کۆمەڵگای مەدەنی دروست دەکات، کە ڕێکخراوەکان ناچار بکرێن یان یارمەتی وەرناگرن، یان دەبێ خۆتان ڕێك بخەن، من تەسەور دەکەم ئەمە کۆمەڵگای مەدەنی دەکوژێت، بۆیە دەیکەم بە موحەدەد، ( لمنظمتين او اكثر ان تندمج) بەکوردیش( دوو ڕێکخراو یان زیاتر بۆیان هەیە) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، شیلان خان، فەرموو.

**بەڕێز شیلان عبدالجبارعبدالغنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی هەشتێ بەحسا ڕاگرتنێ و هەڵوەشاندنێ و تێکەڵکردنا ڕێکخراوا دکەتن، بەڵێ چ بەحس نینە، سەر جیدا بینا، هەیە ڕێکخراو جیدا بیتن، گیرو گرفت دروست دەبیتن لە ڕێکخراوێکدا، جیدا بینەك دروست دەبیتن، چ بەحسا وێ تشتێ نینە لە ڤێ بەشێدا، ئەرێ ئەو ڕێکخراوە جودا بیتن، دێ چەوا بیتن، ئیجرائاتێ وێ دێ چەوا بیتن، سەرێ وێ دەستپێکرن، وەکی بۆ تۆمارکرنێ داخوازیا مۆڵەت وەرگرتنێ، تۆمارکەتن، یانیشی هەروەسا بۆ مەسەلا ئەموالی مەنقول و غیر مەنقولا، ئەو دێ چ بیتن مەسیرا وێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شوان کریم، فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گەر بە هەڵە نەچووبم وشەیەك لە شوێنی خۆیدا بە کار نەهاتووە، پێم وابێ هەڵەیەکی تێدایە، لە ثالثا: تؤول جميع الأموال المنقولة وغير المنقولة الى المنظمة المندمجة، ئەوە لەوێدا (المندمجة) بۆ یەکێکیان

دەگەڕێتەوە بۆ هەردووکیان ناگەڕێتەوە، چونکە دوو ڕێکخراوە ئیندیماجیان کردووە، عەمەلیەی ئیندیماج موندەمیجە دروست ناکات، موستەحدەسە دروست دەکات، یەعنی ڕێکخراوێکی تازە پێکهاتوو دروست دەکات، لەبەر ئەوە بەڕای من ئەوە بگۆڕدرێت بۆ (الى منظمة مستحدثة) هەروەها لە کوردییەکەشدا (الجديدة يان مستحدثة يان لێکدراو) تکایە مولاحەزەی ئەوە بکەن و پێیدا بچنەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەڤین خان، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لێرەدا تەنها ئیزافەیەکم هەیە، ئەویش بۆ أولآ: کە دەڵێت( أنْ تندمج مع بعضها وتؤلف منظمة واحدة بنظام داخلي جديد)، لەبەر ئەوە ڕاستە تۆ ڕێکخراوەکان هەر یەکەو نیزام داخلی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەو نیزام داخلیانە شەرت نیە دەقاو دەق وەك یەکتری بن، کەوا هەردوو نیزام داخلیەکە بکرێن بەیەك، بۆیە دەمج کردنیان لەوەدایە لە هەریەکەیان شتێك وەربگرێت و لەهەر یەکەشیان شتێك ئیلغا بکرێت، بۆیە ئەگەر بێت و نیزامە داخلیە تازەکە کە دادەنرێت نیزام داخلیەك بێت کە بیرو بۆچوونەکان و ئەهدافی هەردوو ڕێکخراوەکە کۆ بکاتەوە، بەڵام شەرتیش نیە دەقاو دەق هی یەکێك لە ڕێکخراوەکان بێت و ئەوی تریان بسڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارە زمانەوانیەی کە موندەمیجە بێت یان مودمیجە بێت، تەنها لە عەرەبیەکە وایە، ئەویش وەرگیراوە لە عەرەبیەکە صیاغە دەکرێتەوە، بەڵام لە کوردیەکە لێکدراو پێم وایە تەواوەو هیچ موشکیلەمان نیە، تۆ پێشتر ڕێکخراوێکت هەیە، ڕێکخراوێکی تر دروست دەکەن ئەو ڕێکخراوەی کە دروست بووە ئەوە لێکدراوەکەیە، لە کوردیەکە هیچ موشکیلەی نیە، سەبارەت بەو ڕێکخراوانەی کە ئامانج و بواری ئیشکردنیان لەیەکتری نزیکە، بتوانن ڕێکخراوێکی نوێ دروست بکەن، بەپێی پێڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکەی خۆیان کە ڕێگەیان پێدەدات، بەباوەڕی من ئەوە تەنها بۆ ئەوەیە کە نووسراوە ئەو ڕێکخراوانەی کەخاوەن ئامانجی چوون یەکن، یان لەیەك نزیکن، بۆ ئەوەیە کە، ئەگەر دوو ڕێکخراو دژی یەك بن، یاخود لەبواری جیا جیادا ئیش بکەن بەزەحمەت دەبێت ئێمە پێمان وایە ئەوە زەحمەت دەبێت یەك بگرن، ئەگەر نا ئەوان پەیڕەوی ناوخۆیان هەیە، مادام ئێمە نووسیومانە پەیڕەوی ناوخۆیان هەبێت، هیچ کێشەیەك نیە، گرفتێك نیە، لە بڕگەی دووەمیدا ڕوونکراوەتەوە دەڵێت بەپێی پێڕەوی ناوخۆی خۆیان، مادام ڕێگای پێبدات هیچ کێشەیەك نیە لەسەر ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

یەكەمجار بە كوردی بیخوێننەوە، لەگەڵ صیاغە تازەكە پاشان بەعەرەبی، فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەڤدەهەم:

یەكەم: ئەو ڕێكخراوانەی خاوەن ئامانجی چوون یەك یان نزیكن، بۆیان هەیە تێكەڵ بە یەك بن و یەك ڕێكخراو پێك بهێنن بە پەیڕەوێكی ناوخۆ، ئەویش بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی هەر یەك لەوان.

دووەم: ڕێكاری تێكەڵ كردن و دامەزراندنی ڕێكخراوە نوێیەكە، دەكەوێتە بەرحوكمەكانی ئەم یاسایە.

سێیەم: هەموو سامانی گواستە و نەگواستە دەچێتە ئەستۆی ڕێكخراوە لێكدراوەكە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دانا ئەوە ماددەی هەژدە بوو نەك حەڤدە، فەرموو بە عەرەبیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثامنة عشرة:

أولآ: للمنظمات ذات الأهداف المتماثلة أو المتقاربة ، أنْ تندمج مع بعضها وتؤلف منظمة واحدة بنظام داخلي وذلك وفقاً للنظام الداخلي لكلٍ منها.

ثانياً: تخضع إجراءات الدمج وتأسيس المنظمة الجديدة لأحكام هذا القانون.

ثالثا: تؤول جميع الأموال المنقولة وغير المنقولة الى المنظمة الجديدة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم وایە، دەستەواژەی (ذات الأهداف المتشابهة والمتماثلة) زیادەو دژی دەستوورە، چونكە پێشێلكاریەكی ڕاستەوخۆی مافی پێك هێنان و بەئەندامبوونە لە ڕێكخراو وسەندیكا و كۆمەڵەكان، بۆیە پێشنیار دەكەم ئەم ماددەیە تەنها باسی مافی یەكگرتنی دوو ڕێكخراو یان زیاتر بكات، تاكو ئازادی ئەو بڕیارەیان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو موفتەرەحەی كاك عبدالسلام لەسەر ئەو خاڵە زۆر ڕاستە، بەڵام لەسەرەوە باسكراوە، دەڵێین(للمنظمات ذات الأهداف المتماثلة أو المتقاربة) یەعنی دوانیش و بەرەو سەرتر ئەتوانن ئەگەر ئەهدافیان هاوشێوە بێت و نزیك بن لەیەكەوە دەمج ببن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم (ذات الأهداف المتماثلة) لابرێت باشترە، خۆ مەرج نیە ئەهدافەكانیشیان هاوشێوە بێت، بەڵام دوو ڕێكخراو كارەكانی خۆیان پێكەوە گرێ دەدەن و دەبن بەیەك ڕێكخراو، لەبەر یەكێك لەو هۆیانەی كە خۆیان بە باشی دەزانن، لەبەر ئەوە (ذات الأهداف المتماثلة أو المتقاربة) با لابچێت باشترە، سپەیسێكی فراوان دەدەین بەو ڕێكخراوانە بۆ ئیختیار كە دەمج بكرێن، نەك ئەوەی كە بڵێت دەبێ چەند ڕێكخراوی كەم ئەندامان هەیە دەمج بكرێن، یاخود دووانیان یان سیانیان دەمج بكرێت، ئەو فەزای ئازادییەی كە دروست دەبێت بۆ پەرەپێدانی دیموكراسیەت زۆر بوونی ڕێكخراوی مەدەنیە، لەبەر ئەوە تەنها ئەوەندە بوترێت، (للمنظمات ان تندمج مع بعضها)ئیتر ئەوی تر ئیختیارییە بۆ خۆیانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دانا، فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنها ئەو پرسیارە دەكەم دوو ڕێكخراو كە ئامانجی زۆر جیاوازیان هەبێت ئایا دەتوانن یەك بگرن؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆرە ڕۆژان، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم: دەمجەكە جەوازییە، ئیختیارییە، ئیلزامی نیە بڵێیت ئیلا دەبێ دەمجی بكەن، دووەم: ئەوانەی كە چالاكیان لەیەكتری دوورە دەمجەكە تەقیدمان كردووە بەوەی كە چالاكیەكانیان لەیەكتری نزیك بێت یان وەكو یەك بێت، بەڵام ئەگەر دەمجیان نەكرد و چالاكیەكانیان وەكو یەك نەبوو، جیاواز بوو، ئەوە دەتوانن پرۆژەی هاوبەش پێشكەش بكەن یان هاوكاری لەنێوان یەكتری بكەن، بەڵام دەمج كردنە ئیختیارییەكە تەنها ئەوەیە كە، ئەگەر ئامانجەكانیان لەیەكتری نزیك بوو، یان وەكو یەك بوو، تەنها ئەوەندەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عومەر هەورامی، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كە دوو ڕێكخراو یەكیان گرت، حەتمەن ئەو كاتە پەیڕەوی ناوخۆی نوێیان دەبێت، ئالیەت و ئەهدافی نوێیان دەبێت، لەبەر ئەوە هیچ پێویست ناكات، ئەوەی كە بەڕێزان پێشنیاری دەكەن زۆر دروستە، مەرج نیە ئەهدافەكانیان یەك بێت، ئیحتیمال دەكات چەند ڕێكخراوێكی دیاریكراو بۆ ماوەی سێ ساڵ یان دە ساڵ بۆ ئامانجێك تێ بكۆشن، پاش ئەوەی كە ئامانجەكەیان تەحقیق دەكەن، هەر ئەو چەند ڕێكخراوە هەڵدەستن چەند ڕێكخراوێكی تر دروست دەكەن، ئامانجێكی تر دەستنیشان دەكەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، بەس صیاغەیەكی بۆ حازر بكەن، كاك عبدالسلام صیاغەكەت بخوێنەرەوە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لمنظمتین او اكثر.......... الى اخ. بە كوردیش ( دوو ڕێكخراو یان زیاتر بۆیان هەیە.... تا دوایی. سوپاس،

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان گوێتان لێبوو، ئەو موقەدیمەیە زیاد بكرێت، فەرموو دكتۆرە بیخوێنەرەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثامنة عشرة:

أولاً: لمنظمتین او اكثر، أنْ تندمج مع بعضها وتؤلّف منظمة واحدة بنظام داخلي وذلك وفقاً للنظام الداخلي لكلٍ منهما

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا كێی لەگەڵدایە با دەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ ئەوە ئیزافە كرا، ئێستا هەموو ماددەكە بەو صیاغە تازەی كە وەرگیرا كاك دانا بیخوێنەرەوە بەكوردی، فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی هەژدەهەم:

یەكەم: دوو ڕێكخراو یان زیاتر، بۆیان هەیە تێكەڵ بە یەك بن و یەك ڕێكخراو پێك بهێنن بە پەیڕەوێكی ناوخۆ، ئەویش بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی هەر یەك لەوان.

دووەم: ڕێکاری تێکەڵ کردن و دامەزراندنی ڕێکخراوە نوێیەکە، دەکەوێتە بەرحوکمەکانی ئەم یاسایە.

سێیەم: هەموو سامانی گواستە و نەگواستە دەچێتە ئەستۆی ڕێکخراوە لێکدراوەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەعەرەبیش بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة عشرة:

أولاً: لمنظمتين او اكثر ، أنْ تندمج مع بعضها وتؤلف منظمة واحدة بنظام داخلي وذلك وفقاً للنظام الداخلي لكلٍ منهما.

ثانياً: تخضع إجراءات الدمج وتأسيس المنظمة الجديدة لأحكام هذا القانون.

ثالثا: تؤول جميع الأموال المنقولة وغير المنقولة الى المنظمة الجديدة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە با دەستی بڵند بکات، 59 کەسی لەگەڵدایە، کێی لەگەڵدا نیە؟، 1 کەسی لەگەڵدا نیە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ بەشی نۆیەم ماددەی نۆزدەهەم.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الفصل الثامن/ الأحكام العامة

المادة التاسعة عشرة:ليس للمنظمة البحث عن الفوائد المادية. الا ضمن اطار تحقيق أهدافها.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی هەشتەم/ حوکمی گشتی

ماددەی نۆزدەهەم:

ڕێکخراو بۆی نییە بە دوای سوودی ماددیدا بگەڕێت، تەنیا لە چوارچێوەی بەدی هێنانی ئامانجەکانیدا نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان پێشنیارێك لەسەرۆکایەتی هەیە بۆ ئێوەی بەڕێز، ماددەی نۆزدەهەم بکرێت بە(أ و ب) کە پێویستە ساڵانە لە بودجەی هەرێمی کوردستان بڕێك پارە تەرخان بکرێت بۆ پاڵپشتی پڕۆژەو چالاکی ڕێکخراوەکان، ئەمە ئیزافە بکرێت، کاك دانا ئەوە بکە بە خاڵی (أ) و بیخوێنەرەوە.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی هەشتەم/ حوكمی گشتی**

**ماددەی نۆزدەهەم:**

پێویستە ساڵانە لە بودجەی هەرێمی كوردستان بڕێك پارە تەرخان بكرێت بۆ پاڵپشتی پرۆژەو چالاكی ڕێكخراوەكان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ دەیەوێت لەسەری قسە بكات، دەستی بەرز بكاتەوە تا ناوی بنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ قسەی لەسەر بكەن( خلیل عوسمان، سەروەر عبدالرحمن، عبدالسلام بەرواری، قادر حسن، گۆران ئازاد، سۆزان شهاب)، كاك خەلیل، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە زیادكردنی ئەو بڕگەیە لەلایەن سۆزان خانەوە، هەدەفەكە لێی ئەوەیە، پێم وایە بەو شێوازە بنووسرێت، ئەو پاڵپشتە داراییەو كۆمەكانەی كە لەلایەن حكومەتەوە پێشكەش بە ڕێكخراوەكان دەكرێت لەسەر بنەمای پێشبڕكێی پرۆژەكان پێشكەش بكرێت، چونكە هەدەف لە تەخصیص كردنی ئەو پارەیە، ئەمە تەداخول نیە لە ئیشی حكومەت وەكو كاك عومەر پێشتر ئاماژەی پێكرد، بەڵكو ئەمە یارمەتی دانی حكومەتە بۆ كەمكردنەوەی ئەو حاڵەتەی كە ئێستا لەناو ڕێكخراوەكاندا هەیە، كە هەندێ لەڕێكخراوەكان هەست بە غوبن دەكەن، كە لەوانەیە زۆر ئەكتیف بن، بەڵام مینحەی میزانیەی كەمیان لە حكومەت هەیە، هەندێكیش ڕێژم هەیە بۆیان بەس ئەكتیف نین، بەس میزانیەیەكی باشتر لەحكومەت وەردەگرن، من پێم وایە دانانی ئەم ماددەیە لەسەر بنەمای پێشبڕكێی پرۆژە بێت بۆ بەدیهێنانی عەدالەتێك لەنێوان ڕێكخراوەكان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، بەس لەوێ هەیە دەڵێت بەپێی پرۆژەكان، كە تەقدیمی دەكەن، دكتۆر سەروەر، فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە بەڕاستی ئەو یاسایەی كە تا ئێستا ئەوەندەی نەماوە تەواو بكرێت، هەست دەكەم شانازییەكی زۆر گەورەیەو یاسایەكی پێشكەوتووە لەهەرێمی كوردستان دەردەچێت لەپەرلەمان، وە زۆر پێشكەوتووترە لە یاساكەی عێراقیش كە هەیە، ئەم یاسایە كۆمەڵێك خاڵی ئیجابی تێدایە، بەڵام دوو خاڵی زۆر گرنگی

**تێدایـە، یەکـەمیان: مۆڵەتـدانی ئاسـان کـردووە، کـە بـەو شـێوەی تەسـجیلە ئـەوەی تێـدا تەسـبیت کـراوە، دووەمیان: مەسەلەی تەمویلە، لە مەسەلەی تەمویلدا بەرچاو ڕوونیەك نیـە، هـەر بۆیـە بـۆ ئـەو مەبەسـتە ئەو پێشنیارەی کەدەکرێت، من پێم باشە، ماددەیەکی سەربەخۆ بێت، نەك لەگەڵ ئەم خاڵە دەمـج بکرێـت و بکرێت بە برگەیـەك، ئەگـەر بەشـێوازی دوو خـاڵ بێـت، یەکـەم: حکومـەتی هـەرێم برێـك پـارە تـەرخان دەکات، بۆ یارمەتی دان و هاوکاری کردنی مانگانەی ڕێکخراوەکان، لـەڕێگای فەرمانگـەوە لـە ڕێگـای پـڕۆژەو چالاکی پێشنیار کراو لەلایەن ڕێکخراوەکەوە، چونکە ئەگەر بێت و بەو شێوازە نەبێت ئەوە نابێت، ئایا ئەو پارەیە لەڕێگای سندوقەوە دەبێت، یان نا ئـەوە چـۆنە، خـاڵی دووەم: بەشـێوازێکی تـر کـە خـاڵێکی تـر زیـاد بکرێـت پێویسـتە وەزارەتـەکانی حکومـەت مـن نـازانم شـێوازەکەی چـۆن دەبێـت بـەڕێزان لـە لیژنـە چـۆن دایدەڕێژنـەوە، پێویسـتە وەزارەتـەکانی حکومـەتی هـەرێم و لایەنـە ئـەکادیمی و کـەرتی تایبـەتیش سـوود وەربگـرن لـە توانـاو پسـپۆڕی ڕێکخراوەکـان لـەڕێگای پـڕۆژەی هاوبـەش، بەمەبەسـتی فراوانکردنـی فـەزای دیموکراسی و پەرەپێدانی کۆمەڵگای مەدەنی، بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارەی کە پێشتر کراو ڕەد کرایەوە، لێرەدا دەکرێ جێگای بکرێتەوە، بۆ ئەوەی وەزارەتەکان بۆ ئەو پڕۆژە خزمەتگوزارییانەی کە هەیانە وەکو بەشێك لەمەش لەوێدا جێگای ببێتەوە، لەڕێگای ڕێکخراوەکانەوە جێبەجێ بکرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك عبدالسلام، فەرموو.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێشـەکی سـوپاس و دەسـتخۆشـی لـە سـەرۆکایەتی پەرلـەمان دەکـەم، کـە لەگـەڵ ئێمـەدا بیریـان دەکـردەوەو ماندوو دەبوون، من پشتگیری ئەو پێشنیارەیان دەکەم، کە خاڵەکە ببێت بە خاڵی دووەم لەو ماددەیە، بـەس ڕجا دەکەم کە خاڵی سێیەمیش زیاد بکرێت، ئەمەی ئێستا من ئیقتراحی دەکەم دەبێتە پشتگیری بـرام کـاك دکتۆر سەروەر، لەبەر ئەوەی یەکەم: ئەنجومەنی وەزیران لە یـەکێ لەکۆبوونـەوەکانی ئـەم پرەنسـیپەی کـە ئێسـتا مـن باسـی دەکـەم تەبـەنی کـردووە، تـاکو ئـەم چـالاکی و پڕۆژانـە هـەدەفیان هـەبێت، لـەڕێگای خزمەتکردن و هاوبەشی بێت کە خزمەتکردنی کۆمەڵگای مەدەنیە، من پێشنیار دەکەم، ئێمە لەم یاسـایەدا بڵێین وەزارەتەکان و ناوەندە ئەکادیمی و زانستی و کـەرتی تایبـەتیش، سـوود وەربگـرن لـە توانـاو پسـپۆڕی ڕێکخراوەکان لـەڕێگای دابـین کردنـی تێچـووی پـڕۆژەو چالاکیەکانیان، ئەمـە زۆر گرنگـە، بـۆ ئـەوەی هـانی ڕێکخراوەکان بدەین، بیر لەپڕۆژەی سوودمەند بکەنەوە ئەمـە یەکـەم: دووەم: ئـەو شـتانەی کـە لەبـەر زۆر هۆ وەزارەتەکان یان ناوەنـدە ئەکادیمیـەکان حـەتا کـەرتی تایبـەتیش کـە کۆمپانیایـەکی گەورەیـە، ئالیـات و ئامرازیان نیە، بەڵام ڕێکخراوکـانی کۆمـەڵگای مـەدەنی پسـپۆڕیان هەیـە، فیرەقـی ئیسـتیفتائیان هەیـە، زۆر توانایان هەیە، ئەتوانن لە خزمەتیدا بـن و موکـەملن، ئـەو کاتـە دەوری دروسـتی کۆمـەڵگای مـەدەنی دێـت، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەم خاڵی سێیەمەش ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی جەنابت وتت، چونکە کەرتی تایبەت ئازادە ناتوانی لەسەری فەرز بکەی، دەتوانن ئەوە بکەن، ئەگەر شێوازێك بدۆزیتەوە، باشە بینووسەو بینێرە، کاك قادر حسن، فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ئەو ماددەیە، ئەگەر ماددەیەکی سەربەخۆ بێت، کە تازە عەرزتان کرد، من پشتیوانی لێدەکەم و قسەم لەسەری نیە، بەس لەسەر ئەوەی کە تازە هەبوو، کەنۆرەی هات قسەی لەسەر دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گۆران ئازاد، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لەقسەکانی دکتۆر سەروەر و کاك عبدالسلام دەکەم، وە دەستخۆشی لەسەرۆکایەتی دەکەم، بۆ خستنە ڕووی پێشنیاری ئەم ماددەیە، چونکە پێم وایە بە پەسەند کردنی ئەم ماددەیە، کۆڵەگەیەکی ئەساسی لە یاساکە جێگیر دەکەین، ئەگینا پێم وایە بە کەموکوڕی دەبێت، بۆیە منیش پێشنیاری دەقەکە دەکەم کەوا دوو بڕگە بێت، یەکەم: دەستنیشان کردنی بڕێك پارەی ساڵانە لە بودجەی هەرێم تایبەت بە حزب و ڕێکخراوەکان بۆ یارمەتیدان و هاوکاری کردنی مانگانەی ڕێکخراوکان، لەڕێگەی فەرمانگەوە لەسەر بنەمای پرۆژەو چالاکی ڕێکخراوەکان بدرێت، دووەم: پێویستە لەسەر وەزارەتەکانی حکومەت وناوەندی ئەکادیمی و زانستی و کەرتی تایبەت سوود وەربگرن لە توانا و ئەزموونی ڕێکخراوەکان، لەڕێگەی دابینکردنی تێچوونی پرۆژەکانەوە، کەخزمەت بە فەزای گشتی کۆمەڵگا دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، بەس ئێمە یارمەتیمان بۆ لایەنە سیاسیەکان لادا، چونکە ئیحتیماله بەیانی یاساکەی دەربچێت، ئەو ئیمکانیەتەی نەمێنێت، بۆیە وەکو ئەو پێشنیارەی کەهاتووە باشترە، سۆزان شهاب، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە دواین کۆبوونەوەماندا وەکو سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی حکومەتدا کەباسی لەو بڕە پارەیە کردووە، وە داواشی کردووە کە هەوڵ بدرێت پارەی حزبەکان کەم بکرێتەوە پارەی ڕێکخراوەکان زیاد بکرێت، ئەوە ئەو داوایەشی کرد بەڕێز سەرۆکی حکومەت، پارەی ڕێکخراوەکان زیاد بکرێت، بۆیە بەم شێوەیە ئەگەر دایبڕێژین، وە بکرێت بە نەرێتێکی ساڵانە، پارەکەیان دەمەج نەکرێت لەگەڵ پارەی

حزبەکاندا، بەڵکو بەفەقەرەیەکی جیاواز لەناو میزانیەدا بێت، دەڵێین(على الحكومة ان تخصص سنوياً وفي قانون ميزانيتها مبلغ محدد للمنظمات والشبكات، وعلى ان تكون المنح والمساعدات على اساس تنافس المشاريع المقدمة) خاڵی دووەم: ( على الوزارات والمراكز الاكاديمية والقطاع الخاص الاستفادة من الخبرات والتجارب والاحصائيات والمنظمات والشبكات عن طريق تقديم المشاريع للمنظمات حسب الاختصاص) چونکە زۆرجار هەیە سوود وەردەگرن لەو ئیحسائیاتانەی کە دەیکەن، ئەوە باس بکرێت ئیستتلاعات و ئیحسائیاتی بخرێتە ناو، فتاعی خاصیش هەیە زۆر جار دەکرێت سوود لەوانیش وەربگرین، بەس ئێمە ناکرێت ئیجباری بکەین لەسەریان، بەس دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش، فەرموون.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای وەرگرتنی سەرنج و تێبینیەکان، ئێمە بە باشمان زانی کە ماددەی نۆزدەهەم بەم شێوە دابڕێژینەوە، خۆی بەمانای بودجەیەکی تایبەت دێت، کە دەڵێت(پێویستە ساڵانە لە بودجەی هەرێمی کوردستان بڕێک پارە تەرخان بکرێت، بۆ یارمەتی دان و هاوکاریکردنی ڕێکخراوەکان، لەسەر بنەمای توانا و پڕۆژەو چالاکیەکانیان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، بە عەرەبیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الفصل الثامن

الأحكام العامة

المادة التاسعة عشرة:

على حكومة الآقليم تخصيص المبالغ اللازمة ضمن الميزانية السنوية، لمساعدة ودعم المنظمات على اساس الكفاءة والمشاريع والنشاطات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کێی لەگەڵدایەبادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە، کاک عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر داوای بەڕێزت صیاغەی خاڵی سێیەم کرا، نەخوێندرایەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، فەرموو بیخوێننەوە.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەم ماددەیەی کە ئیزافە کرا تەنها پەیوەندیدارە بە پارەوە، بۆیە ئێمە ئەو پێشنیارەمان لەوێدا وەرنەگرت، یەعنی دەکرێت ئەو پێشنیارەی کە کاک عبدالسلام کردی ئەوەی کە پەیوەندیدارە بەوەی کە ڕێکخراوەکان هەوڵبدەن، بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان و حکومەت و ناوەندە ئەکادیمی و زانستیەکان، بۆ ئەنجامدانی پرۆژەو چالاکی هاوبەش، بۆ سوود وەرگرتن لەتواناو شارەزایی ڕێکخراوەکان، ئەمە تەسەور دەکەم وەکو مەبدەئێك دەکرێت بە ماددەیەکی تر ئیزافە بکرێت، نەك لەگەڵ ئەم ماددەیەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیستەم:

ڕێکخراو بۆی نیە بەدوای سوودی ماددیدا بگەڕێت تەنها لەچوارچێوەی بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا نەبێت.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة العشرون:ليس للمنظمة البحث عن الفوائد المادية. الا ضمن اطار تحقيق أهدافها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیاری تازە صیاغە کرا ئێستا دەیخوێننەوە، تکایە ئاگاتان لێبێت، چونکە ئەمە بۆ سوودی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیە لەهەرێمی کوردستان، فەرموون.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیستەم: دامودەزگاکانی هەرێم دەتوانن سوود لەتواناو چالاکی ڕێکخراوەکان وەربگرن، لەڕێگای ئەنجامدانی پرۆژەی هاوبەش.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ لەگەڵدایە تکایە بادەستی بلند بکات؟، فەرموون کێ لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئێستا بۆ بەشی نۆیەم، فەرموون.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الحادية والعشرون: ليس للمنظمة البحث عن الفوائد المادية. الا ضمن اطار تحقيق أهدافها.**

**بەڕێز د. دانا سعيد سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی بیست و یەكەم: ڕێكخراو بۆی نیە بەدوای سوودی ماددیدا بگەڕێت تەنها لەچوارچێوەی بەدیهێنانی ئامانجەكانیدا نەبێت.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئێستا كێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بكات؟، ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە لەسەر ئەم ماددەیە بكەن(محمد شارەزووری، قادر حسن، عیماد محمد، ثائر عبدالاحد، سەردار رەشید، بێریڤان سەرهەنگ، ئەڤین عومەر) كاك محمد فەرموو.**

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من تەنها تێبینیم لەسەر ئەوەیە كە ڕێكخراو یان تۆڕێكی بۆ زیاد بكرێت، واتە ڕێكخراو یان تۆڕ بۆی نیە بەدوای سوودی ماددیدا بگەڕێت، چونكە لەیاساكەشدا باسی تۆڕ (شبكە) دەكات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك قادر حسن، فەرموو.**

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هەر لەو ماددەیەدا كە هاتووە دەڵێت (ليس للمنظمة) من شبكەشم زیاد كردووە، وەك برای بەڕێزم كاك محمد وتی، ليس للمنظمة او الشبكة البحث عن الفوائد المادية. الا ضمن اطار تحقيق أهدافها. من تەسەور دەكەم ئەمە ڕوون نیە، تەحدید، كێ تەحدیدی دەكات؟ ئایا ئەمە لە چوارچێوەی ڕێكخراوەكەیان یان لەدەرەوەی چوارچێوەیەكەیە؟ یان ئەو پڕۆژانەی كە لە خزمەتی چوارچێوەی ڕێكخراوەكەیە یان سوودی شەخصی لێ وەردەگیرێت؟ یەعنی ئەم تەشخیص وجیاكردنەوەیە كێ دەیكات؟، بۆیە من پێم باشە لەكاتی پێشكەشكردنی هەر پڕۆژەیەك لەلایەن ڕیكخراو یان تۆڕەوە لێكۆڵینەوەو بەدواداچوونی بۆ بكرێت، كە ئایا فعلەن ئەم پڕۆژەیە لەچوارچێوەی بەرنامەو سروشت و كارو چالاكی ئەوانە، یان نا ئینجا ڕەزامەندی لەسەر پڕۆژەكانیان بدرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك عماد فەرموو.**

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن سـەبارەت بـەم ماددەیـە پێشـنیار دەكـەم كـە لابـبرێـت، چـونكە تەحصـیل حاصـلە لـەدوو جێگـای تـر موعالەجە كراوە، یەكەم: لە پێناسەی ڕێكخراو كەهاتووە، (وتسعى لتحقیق اهداف لیس فیها اقتسام للـربح)، دووەم: دیسان لـە مـاددەی نۆیـەم لـە بـڕگـەی پێنجـەم كـە هـاتووە، (للمنظمـة الحـق في القیـام بجمیـع اعمالها ونشاطاتها في حالة عدم تعارضها مع اهدافها)واتە ئەم ماددەیە تەحصـیل حاصـلە، بۆیـە پێشـنیار دەكـەم كـە لابـبرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ثائر، فەرموو.

**بەڕێزد.ثائر عبدالاحد اوغسطین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لەهاوڕێم كاك عیماد دەكەم، كە ئەو ماددەیە زیادەیە، كە لە فەصڵی یەكەم بەهەمان شێوە هاتووە، مانای وایە پێویست ناكات لێرە ئیزافە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەردار ڕەشید، فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕێكخراو بۆی نیە بەدوای سوودی ماددیدا بگەڕێت، من پێم وایە حەقـە ئـەوە ئەشخاصـی بـۆ زیـاد بكرێـت، ئەگەر ڕێكخراو پارەیەكی هەبێت، حەقی خۆی نیە ئیستیسـماری بكـات بـۆ سـوودی خـۆی بـەكاری بهێنێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بێریڤان سەرهەنگ، فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان محمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری بەڕێز كاك عیماد دەكەم كە ئەو ماددەیە زیادە، چونكە ئەوە تەحصیل حاصلە، لە پێشەوە لەماددەكانی تر ڕوونكراوەتەوە، بۆ ئامانجەكانی چۆن بەكار بهێنـدرێت، بـەڵام ئەگـەر هـاتو دەنگـی نـەهێنا، بـەو شـێوەش ڕازی نـیم كـە دانـراوە، چـونكە زۆر نەگەتیڤانـە دەیخوێنمـەوە، ئـەویش بـەڕەئی مـن ئـەو ڕێكخراوە ئەوەندە نـەئی تێـدا نـەبێت، لەسـەرەتاوە نـەئی تێدا بـوو، ئـیتر سـوودی مـاددی تێـدا نابێـت، بـۆ

ئامانجەکانی بێت، بەو شێوەیە حەز دەکەم بنووسرێت، ڕێکخراو هەوڵ دەدات، سوودی ماددی وەربگرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین عومەر، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ هاوکارانم هاوڕام کە ئەم ماددەیە هەڵبگیرێت، ئەگەر هەڵنەگیرا بەشێوەیەك صیاغە بکرێتەوە کە بەم شێوەی ئێستای نەبێت، لەبەر ئەوەی ئێمە لە ماددەی یەکەمدا تـەعریفی ڕێکخراومـان کـردووە، کـە دیاریمان کردووە کە دەبێت ئەوە ئیقتیسامی ربح نەکات، ئەوە لەوێدا دەزانێت کـە ئـەو ربحـە بکات، پاشـان لەماددەی هەشتەم باسمان کردووە، کە ئـەڵێت تـەعاروز نـەکات لەگـەڵ ئەهدافـەکانی، تـۆ لێـرە بـۆت دیـاری کـردووە کـە ئـەبێت ئـەو کـار بکـات لەسـەر ئـەو ئەهدافانـەی کـە لـە پـەیڕەوی نـاوخۆدا دیـاری کـردووە، لەبیریشمان نەچێت ئێمە دەنگدانمان کرد لە ماددەی سیازدەهەمدا، لە خاڵی سێیەم دەڵێین، (اي مکسب اخر تستحصـله المنظمـة نتيجـة فعالياتهـا لـدى اسـتثمار اموالهـا) ئێمـە لێـرە دەنگمـان بـۆدا کـە دەتوانێـت ئـەو ئیستسماری ئەموالی خۆی بکات، بەڵام لەڕێگای حدودی ئەو هەدەفانەی کە لە پەیڕەوی ناوخۆیدا بۆ خـۆی دیاری کردووە، کە ئێمە لێرەدا هاتین ئەمە ئەبێتە موناقزی ئەو سێ ماددەیە، بۆیـە بـەمن ئەگـەر بکرێـت یان ئیلغا بکرێتەوە یان صیاغە بکرێتەوە کە لەگەڵ ئەو سێ خاڵەی پێش خۆی بگونجێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز د. دانا سعيد سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە لە ماددەی نۆیەم هاتووە، بەهیچ شێوەیەك لەم ماددەیەدا باسی ئەوە ناکات تەنها باسـی ئـەوە دەکـات وابـزانم لـە برگـەی سـێیەمیەتی، دەڵێـت نـابێ ئەوانـەی کـە ئـیش دەکـەن لـە ڕێکخـراودا هـەر بڕیارێـك دەربکـەن تـەعاروز بکـات، لەگـەڵ بەرژەوەنـدی نێـوان ئەوانـەی کـە بڕیـار دەردەکـەن و لەگـەڵ ڕێکخراوەکەش، ئەوەی تر مەسەلەی پێناسـە لـە مـاددەی یەکەمـدا هـاتووە، تـەنها دەچێتە بـابی پێناسـەوە، هەمان ناوەڕۆکی نیە ئەوەی لەو ماددەیەی تێدایە، ئەو ماددەیە بە باوەڕی ئێمـە بمێنێتـەوە باشـترە، لەبـەر ئـەوەی تـەنها بـاس لـەوە دەکـات، کـە دەڵێـت(ڕێکخـراو بـۆی نیـە بـەدوای سـوودی ماددیـدا بگـەڕێت تـەنها لەچوارچـێوەی بـەدیهێنانی ئامانجەکانیـدا نـەبێت) مەبەسـت لەمـە ئەوەیـە کـە بـۆ نموونـە ڕێکخراوەکـە ئامـانجێکی دیـاریکراوی هەیـە، ئـەو ڕێکخـراوە بـۆی هەیـە سـوودی مـاددی بکـات، بـەڵام لەچوارچـێوەی ئامانجەکانی بێت، یەعنی ئەگەر ئامانجێکی هەبێت بۆ نموونە، یارمەتیدانی هـەژاران بێـت، بچێت لـەڕێگای شتێکی ترەوە کە، لەگەڵ ئامانجەکـەی خـۆی ناگونجێـت یـەعنی بەشـێوەیەکی تـر قـازانج بکـات، بـۆ نموونـە

**لەڕێگای شتێكی نایاسایی ئەوە ڕێگا لەوە دەگیرێت، یەعنی مەسەلەكە تەنها ئەوەیە كە حوكمێكی خیتامییە عیلاقەی بەوەوە نیە، ڕاستە پێشتر بەپێی ماددەكانی تر ڕێ وشوێنی بۆ دانرا كە بەچ شێوەیەك دەتوانێ قازانج بكات، بەڵام ئەوە تەنها مەبەست لێرە تەئكید كردنەوەیە لەوەی كە دەبێت لەچوارچێوەی ئامانجەكانی بێت، نابێ لەدەرەوەی ئامانجەكانی بێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان وەك ڕوونكردنەوەیەك، سوودی ئەم پرۆژانە، مەسەلەن پرۆژەیەك بۆ كەسانی كەم ئەندام، پارەیەكی بۆ تەرخان دەكرێت، دێن پرۆژەكەیان بۆ دادەنێن، ربحی پرۆژەكە بۆ ئەندامانی ڕێكخراوەكە نیە، بۆ ئەو كەسانەیە تا ژیانیان باشتر بكرێت، لێرە ئەمە كەهاتووە، بۆ ئەوەیە نەچن تجارەت بكەن، یەعنی ئەو پارەیە بۆ خۆیان تجارەت نەكەن، بۆیە مانەوەی خراپ نیە، بۆ نموونە لە ئەڵمانیا لەشوێنێك كەسی كەمئەندام لە كارەساتێك یان لە سروشتەوە كەم ئەندامە، پرۆژەیەكیان بۆ كردبوون ئێمە چووین سەیرمان كرد، بەس ئەتوانی یەك ئیش ئەنجام بدات، وەزعیشیان زۆر خۆش بوو، ماڵی خۆیان هەبوو، هەموو شتێكی تایبەت بەخۆیان هەبوو، ربحی ئەو پرۆژەیەش كە خۆیان دروستی دەكەن ئەچێتە حسابیان و بۆ خۆیان تەوزیعی دەكەن، بەوەش ژیانیان زیاتر خۆش دەبێت، ئەمە مانای وایە بۆ كەسانی ڕێكخراوەكە نیە، بۆ ئەو كەمئەندامانەیە، بەیانی كۆنسێرتێك دەكرێت بۆ كەسی هەژار، ربحەكەی بۆ كەم دەرامەتەكانە نەك بۆ ئەو كەسانەی كە بەكارەكە هەستاون، مانەوەی لەجێگای خۆی خراپ نیە و بمێنێ باشترە، كاك شۆڕش، فەرموو.**

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هەر بۆ تەوزیحی ئەو بابەتە، وابزانم برای بەڕێزم كاك قادر بوو باسی لەوە كرد، كێ تەحدیدی ئەو چوارچێوەیە دەكات كە لە سنووری ئەهدافی ئەو ڕێكخراوەدایە، واتە ئەو دەستكەوتە ماددیەی كە بەدەستی دەهێنێت، ئەوە پەیڕەوی ناوخۆی ڕێكخراوەكە دەستنیشانی دەكات، بۆیە نابێت لەو چوارچێوەیەش دەربچێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئێستا ئەوانەی كەداوایانكرد لابچێت، سەحبی ناكەنەوە، دەیخەینە دەنگەوە، كاك عیماد، فەرموو.**

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دوای تەوزیحەكە من پێشنیارەكەم سەحب دەكەم، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ جەنابت، ئەڤین خان، فەرموو.**

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئـەوەداین کـە ئەگـەر سـەحبیش دەکرێـت بـا صیاغە بکرێتـەوە، بەشـێوەیەك کـە ڕوونـتر بێـت لەوەی ئێستا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ صیاغەکەی زۆر ڕوونەو باشە، کاك دانا ئێستا بیخوێنەرەوە تا بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیست ویەکەم:

ڕێکخراو یان تۆڕ بۆی نیە بەدوای سوودی مادددیدا بگەڕێت تەنها لەچوارچـێوەی بـەدیهێنانی ئامانجەکانیـدا نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەعەرەبیش تکایە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادية والعشرون: ليس للمنظمة او الشبكة البحث عن الفوائد المادية، الا ضمن  اطار تحقيق أهدافها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێـی لەگەڵدایـە بادەسـتی بڵنـد بکـات تکایـە؟، فـەرموون کێـی لەگەڵـدا نیـە؟، 2 کەسـی لەگەڵـدا نیـە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی بیست و دووەم.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و دووەم:

1 - هەموو ئەو بڕیارانەی لە ڕێکخراو یان لە تۆڕەوە دەردەچن، قابیلی تێهەڵچوونەوەن لـە بـەردەم دادگـای تایبەتمەند دا لە ماوەی (15) ڕۆژدا لە ڕۆژی دەرچوونیانەوە، بە پێی داوای هەر کەسێك بەرژەوەندییـەکی لەوەدا هەیەو، دادگاش بڕیاری ئیلغا کردنی بڕیارەکە دەدات، ئەگەر ناکۆك بوو لەگەڵ حوکمەکانی یاسا یـان بەندەکانی پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە.

2 - بڕیاری ئیلغا کردنەکە کار لە مافی کەسان لە دەرەوەی ڕێکخراوەکە و نیاز پاکان ناکات.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية والعشرون:

1.جميع القرارات الصادرة من المنظمة أو من الشبكة قابلة للإستئناف أمام محكمة المختصة خلال(15) يوماَ من تاريخ صدورها بناء على طلب أي شخص له مصلحة في ذلك وان المحكمة تقرر الغاء القرار اذا كان مخالفا لأحكام القانون أو لبنود النظام الداخلي للمنظمة.

2.لايؤثر قرار الالغاء على حقوق الاشخاص من خارج المنظمة وحسني النية .

جەنابی سەرۆك، ئەگەر رێگامان پێبدەی رِوونكردنەوەیەكمان هەیە هی لیژنەی هاوبەش لەسەر ئەم ماددەیە.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خاڵی یەكەم(1.جميع القرارات الصادرة من المنظمة أو من الشبكة قابلة للإستئناف) ئەوە (للإستئناف ) بكرێت بە( للطعن)، فەرموو كاك عومەر.

**بەرێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابت ئەوەت ئاشكرا كرد، ئێمەش وەكو لیژنەی هاوبەش پێم وایە ئەم ماددەیە وەك ئەم شێوەی خوارەوەی لێبكرێت، (جميع القرارات الصادرة من المنظمة أو من الشبكة قابلة للطعن أمام محكمة البداءة خلال(15) يوماَ من تاريخ صدورها بناء على طلب أي شخص له مصلحة في ذلك) لێرەدا كۆتایی بەم برِگەیەی بێت، بەنیسبەت فەقەرەی دووەمیش، كە ئەڵێت (2.لايؤثر قرار الالغاء على حقوق الاشخاص من خارج المنظمة وحسني النية) پێمان باشە ئەو فەقەرەیە هەڵبگیرێت، چونكە لێرەدا باس لەوە كراوە، (من تاريخ صدورها بناء على طلب أي شخص له مصلحة في ذلك) یەعنی هەركەسێك مەسڵەحەتی لەو برِیارەدا هەبێت، كە دەرچووە لەو رێكخراوە، وە تەعنی لێ دەدرێت لەبەردەم مەحكەمەی تایبەتمەندی خۆیدا، كە مەحكەمەی بەدائەی ناوچەكەیە، ئەگەر مەسڵەحەتی هەبوو، ئەو قەرارەش زەرەری بە مەسڵەحەتی گەیاندبوو، بۆی هەیە بێت داوای تەعنی خۆی بكات بەگوێرەی یاسا، بۆیە ئەڵێین مەحكەمەی بیدائە، چونكە مەحكەمەی بیدائە خازعی تروقی تەعنی ئیستیئنافیش دەبن، وە تەمیزیش دەبن، وە تەسحیحی قەراری تەمیزیش دەبن، ئەوە زیاتر بۆ تەحقیقی عەدالەتە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بكات ناوتان دەنووسم، كەس نیە، كاك دانا بیخوێنەرەوە تا بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەرێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و دووەم:

هەموو ئەو بڕیارانەی لە ڕێکخراو یان لە تۆڕەوە دەردەچن، قابیلی تانە لێدانن لە بەردەم دادگای تایبەتمەند دا لە ماوەی (15) ڕۆژدا لە ڕۆژی دەرچوونیانەوە، بە پێی داوای هەر کەسێك بەرژەوەندییەکی لەوەدا هەبێت.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية والعشرون:

جميع القرارات الصادرة من المنظمة أو من الشبكة قابلة للطعن أمام محكمة البداءة خلال(15) يوماً من تاريخ صدورها بناء على طلب أي شخص له مصلحة في ذلك.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی بسیت و سێ.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیست وسێیەم: ڕێکخراوەکانی دەست بەکار لە هەرێمدا لە سەریانە ڕەوشی خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا لە ماوەی یەك ساڵ لە ڕۆژی دەرچوونییەوە بگونجێنن.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة والعشرون:

على المنظمات العاملة في الاقليم أن تكييف اوضاعها مع أحكام هذا القانون خلال مدة سنة واحدة من تاريخ اصداره.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات، ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە قسە دەکەن( شیلان خان، کاك شڤان، تارا خان) شیلان خان، فەرموو.

**بەڕێز شیلان عبدالجبارعبدالغنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤ ماددەیە، وەك ئەز تێگەهشتیمە، شمولی وان ڕێکخراوا کرن کە دەست بەکار کرینە، بەلێ گەلەکێت هەین ژمێژە داخازیا مۆڵەتێ کریە، هەتا نوکە مۆڵەت وەرنەگرتینە، کێشاوان مایە ڕاوەستانێ چ لە ئاسایشا گشتی بتن، چ لەوەزارەتا ناڤخۆ بتن، ئەوێ مەسیرێ وان کەسا دێ چ بیتن، ئەرێ دیف تەعلیماتێ بەرێ دوماهیك دێت، یانیش دیف یاسایێ، ئەگەر دیف یاسایێ نەبیتن شما غەدرەك هاتیە کرن، ساڵەکە، دوو ساڵە پتر ژی کێشەوان مایە، لە وەزارەتێ یان ئاسایشا گشتی، شما غەدرا سەری پێوان دماهیك بێتن و جارێکی تر

لەسفرەوە دەست پـێ بکـەن و داوای مۆڵـەت دان بکـەن، ئینجا پێشـنیاری ئێمـە ئەوەیـە کـە بڕگەیـەك زیـاد بکرێت لێرەدا، کەوا ئەو کەسانەی داوای مۆڵـەتیان کـردووە، لـە مێـژەوە، تـەعلیماتێ بـەرێ دوماهیـك بێتـە کرن، یەعنی تێپەڕێنن چ بە موافەقەت یان بە ڕەد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەکە وەك خۆی بێت بەس (من تاریخ اصدارە) نـا (مـن تـأریخ نشـرە)** چـونکە ئیصـدار فـەرقی هەیـە لەگەڵ نەشر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا ئەسعەدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وای دەبینـم دوای ئەوەی کـە ئـەو تەئریخـە نـەفاز دەبێـت، چـونکە زۆر قـەرارات ئیصـدار دەبێـت، بـەڵام نەفازی نیە لەناو هەرێمدا، لە تـەئریخی نەفازییـەوە حیسـاب بکرێـت، لـەو حاڵەتـەدا، ئـەو ڕێکخـراوە خـۆی یاساکە دەخوێنێتەوە دەزانێت، ئەگەر لەگەڵی نەگونجێت ئەصڵەن خـۆی داینانێـت، لەبـەر ئـەوە سـاڵێك زۆر زۆرە بۆ ئەوەی خۆی بگونجێنێت، ئەگەر نەتوانێ لەساڵێك خۆی بگونجێنێت ئـەوە هـەر ڕێکخراوەکـە خـۆی نایکات، بۆیە ساڵێك زۆر زۆرە بۆ خۆگونجاندن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش، فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە ئەو ڕێکخراوانەی داوای مۆڵەتیان کردووە، هێشتا لەوەزارەتی ناوخۆ دەرنـەچووە، نـەك هەر ئەو ڕێکخراوانە ڕێکخراوەکانی تریش ئەوانەی کە مۆڵەتیان هەیـە، هـەموویان لـەماوەی سـاڵێکدا دەبـێ خۆیـان لەگـەڵ ئـەو یاسـایەدا بگـونجێنن، ئەگـەر سـەیری ماددەکـانی دواتـریش بکـەن، بەتایبـەتی مـاددەی ئەخیری، ئەو یاسایە ئیشی پێدەکرێت، لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی، یەعنی لەوێـدا هـاتووە، بەماددەیـەکی تـر تـەنزیم کـراوە، مەسـەلەی خۆگونجاندنەکـەش، بۆیـە سـاڵێکمان دانـاوە، تـا ڕێکخراوەکـان بتوانن بە پێی ئەو یاسا تازەیە کۆمەڵێك ڕێکاری تر هەیە، تا مەجالیان هەبێت، یـەعنی مـەجالی زیاترمـان داونەتێ، مەرج نیە، ئەو کاتە بێ، بەس ئەبێت ئەوان خۆیان بگونجێنن، ئەمەش بۆ ئاسانکارییە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دانا (تأريخ نشره) ئەوە دروست ترە، ئەوەش وەربگرن.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی بیست و سێیەم (ڕێکخراوەکانی دەست بەکار لە هەرێمدا لە سەریانە ڕەوشی خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا لە ماوەی یەك ساڵ لە ڕۆژی بڵاو بوونەوەی بگونجێنن).

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة اثالثة والعشرون:

على المنظمات العاملة في الاقليم أن تكييف اوضاعها مع أحكام هذا القانون خلال مدة سنة واحدة من تاريخ نشره.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی بیست وچوارەم.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیست وچوارەم:

حوکمەکانی ئەم یاسایە سەندیکای پیشەیی وکۆمەڵەکان و یەکێتییەکان و حیزبەکان ناگرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة والعشرون : لاتسري أحكام هذا القانون على النقابات المهنية و الجمعيات والاتحادات و الاحزاب.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس لەسەر ئەم ماددەیە قسەی هەیە؟، ئامینە خان، فەرموو.

**بەڕێز ئامینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە، حوکمی ئەم یاسایە بۆ سەنتەری ڕۆشنبیری دەگرێتەوە؟، چونکە سەنتەری ڕۆشنبیری هەدەفی قازانجی نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز عمر صديق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا دەزانم دەقەکە زۆر وازحە ناوەکانی زۆربەوازحی هێناوە، سەندیکای پیشەیی وکۆمەڵەکان و یەکێتییەکان و حیزبەکان ناگرێتەوە، تەنها ڕێکخراوی ناحکومیە، سەنتەرەکانیش سەر بە وەزارەتی دیاری کراون، خۆتان دەزانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمینە خان، فەرموو.

**بەڕێز ئامینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەنتەری ڕۆشنبیری لە وەزارەتی ناوخۆ ئیجازە وەردەگرێت، یاسای ژمارە (15 و18)دەیگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم کێشەیە ئەگەر مەجالم بدەی پێویستی بە تەوزیح هەیە، دوو شت هەبووە بەناوی سەنتەری ڕۆشنبیری، یەکەمیان: وەزارەتی ڕۆشنبیری خۆی دایدەنا، ئەمە شتێك بوو سەر بە وەزارەت بوو، وا بزانم لەپارەوە حەل کراوە، دووەمیان: ئەوەی ئامینە خان باسی کرد، هەندێ ( ئین، جی ، ئۆ) هەیە، ناوی سەنتەری ڕۆشنبیرییە، بەڵام ناچنە خانەی سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکانەوە، بۆیە ئەوە ڕێکخراوێکی عادییەو بە ( ئین، جی ، ئۆ) حساب ئەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك کاك عبدالسلام باسی کرد، ئەو سەنتەرانە هەندێجار سەنتەری رۆشنبیری و نادی ڕۆشنبیریش دەگرێتەوە، ئەوانە لە وەزارەتی ناوخۆ ئیجازەیان وەردەگرت، هەندێکیشیان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری وەری دەگرێت، تەنها لەسەر ناوەکانە، ئەم یاسایە لەسەر ناو تەحەکوم ناکات، لەسەر ئەهداف و ئامانج و مەبادیئی ئەم ڕێکخراوانە جێبەجێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر صیاغە بخوێننەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی بیست وچوارەم:

حوكمەكانی ئەم یاسایە سەندیكای پیشەیی و كۆمەڵەكان و یەكێتییەكان و حیزبەكان ناگرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الرابعة والعشرون : لاتسري أحكام هذا القانون على النقابات المهنية و الجمعيات والاتحادات و الاحزاب.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی بیست و پێنجەم.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی بیست وپێنجەم:

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الخامسة والعشرون: لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض واحكام هذا القانون .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بكات، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە پەرلەمان یاسایەك دەرچووە یاسای ژمارە(15) لەساڵی 2001، یاسای ڕێكخراوە ناحكومیەكان، لەهەمان كاتدا لە ئیدارەی سلێمانیش بڕیارێك دەرچووە بە ژمارە(297) ساڵی 1999 ئەویش تایبەتە بەڕێكخراوە ناحكومیەكان، لەبەر ئەوەی لە پڕۆژەكەدا نەهاتووە، ئێستا جێگای خۆیەتی كە بۆ ئەو قانون وبڕیارە، ماددەیەك دابڕێژرێت بۆ ئیلغاكردنی هەردووكیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت یاسای ژمارە(15) لەساڵی 2001 لە ماددەی بیست و سێ باسی كردووە، لا یعمل بأي نص یتعارض واحكام هذا القانون) ئەم یاسایە كەی دەرچووە لە وەقائیعی كوردستاندا كە نەشر كراوە، لەو تەئریخەوە ئەم یاسایە نەفازی خۆی وەرگرتووە، بەوەی كە یاسای ڕێكخراوە ناحكومیەكانی ئەوسای سلێمانی كاری پێناكرێت و مەفعولی نەماوە، لێرەشدا ئەم یاسایەی كە ئێستا خەریكین، هەر بەهەمان نەص كاك شێروان خۆی باش دەزانێت، هاوكار بووە لەدانانی( لا یعمل بأي نص قانوني او قرار یتعارض واحكام هذا القانون) بەوەی كە هەرچی یاساو بڕیارێك هەیە لەدوای ئەمە كاری پێناكرێت، لەدوای نەفاز كردنی ئەمەوە كاری پێناكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستە، ئەوەی كاك عومەر دەیڵێت، بەس بۆ ئێمە مەسیری ئەم یاسایانە بە هەڵواسراوی بەجێ بهێڵین؟، ئێمە ئەگەر ماددەیەك دابڕێژین بەڕوون وئاشكرا دەڵێین ئەو دووانە ئیلغا بووە، ئیتر تەعاروزو شت قیمەتی نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شڤان، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەدیوێكی تری قسەكانی كاك شێروان، ئەگەر هاتو ئیلغا نەكرێت، ئەوە بەدوو یاسا كە لەم پەرلەمانە دەرچووە دەتواندرێت كاری پێبكرێت، تەعاروزیش ناكات، سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كاك شێروان باسی لەسەر كرد، ئێمە لە پێشتر لەیاساكانی تر هەمان صیاغەمان كردووە، بە هەمان شت ڕۆشتووین، ئیلغای یاسایەكی ترمان كردووە، بەڵام لێرە لەم یاسای ڕێكخراوانەدا بەرامبەر بە كێشەیەك دەبینەوە كە لەسەرەوە باسمان كردووە، ئەم ڕێكخراوانە ئەبێت لەماوەی ساڵێكدا خۆیان بگونجێنن، لەگەڵ واقعی ئەم یاسایەدا، لەڕۆژی دەرچوواندنیەوە، ئەگەر ئێستا ئیلغای بكەین لەوانەیە تەئریخی نەشر دوا بكەوێت، تووشی تەعاروز ببین، لەنێوان ئەم یاسایانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، دوو بەڕێز لەسەر ئەوە قسە بکەن کە ماددەکە ئیزافە بکەین بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسا و بڕیارە، دوو بەڕێزیش لەگەڵ ئەوە بن کە ئیزافە نەکرێت، ئەوانەی کە دەیانەوێت ئیزافە بکرێت، (کاك عبدالسلام، سۆزان خان) کاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕێزم هەیە بۆ هەردوو ڕای یاسایی، یەکەم: ئەوەی من لێی تێدەگەم، ئەو یاساو بڕیارە، (يتعارض واحكام هذا القانون) لەبەر ئەوەی لە زۆر شت وەکو یەکن، دووەمیان: فیعلەن ئیشکالێکی گرنگە خۆی ئێمە صیاغەی ماددەیەك دەکەین، دەڵێین (يوقف العمل بالقانون رقم( ) اعتباراً بعد سنة من نشر هذه القانون) ئەو کاتە دوای ساڵەکە هەموو ڕێکخراوەکان کاری خۆیان ڕێکخستووە، بەڵام تاکو ئیبهامی تەعاروزەکەش نەمێنێ، بۆیە بەتەسەوری من ئیقاف بکەین باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو ماددەیە ئیزافە بکرێت، چونکە لە هەموو یاساکانی تردا کە بەهۆی کێشەی دوو ئیدارییەوە قانون و قەرارات دەرچووە، کێشەی دروست کردووە بۆ ئەوەی زەمانەتی ئەوە بکەین کە کار بەهیچ یاسایەکی تر نەکرێت غەیری ئەم یاسایەی کە چەندین ساڵە هەموو ڕێکخراوەکان بەتەمای ئەم یاسایەن، وە پێشم وا نیە تەئریخی نەشرەکەی ئەوەندە تەئخیر بێت کە زەرەر لەو ڕێکخراوانە بدات، یان فەراغی یاسایی دروست بکات، لەبەر ئەوە من پێم باشە لەگەڵ ڕەئی برای بەڕێزم کاك شێروان ئەو نەصە ئیزافە بکرێت، بۆ ئەوەی ئێمە لە دیاردەی دوو ئیدارەیی نەجاتمان ببێت و لەدیاردەی دوو یاسایی ودوو قەراری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت ئیزافە نەکرێت و وەك خۆی بمێنێتەوە، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە کاك عبدالسلام تەوزیحێکی باشی پێداین، زۆر سوپاسی دەکەم، ئەگەر باس لە ئیلغا کردنی ئەو دوو بڕیارە بکەین دوای تەنفیز کردنی ئەم یاسایە، یەعنی ئیلغا نەبێت تا ئەم یاسایە قابیلی تەنفیز دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە ڕۆژان، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر لە پڕۆژەکەدا لە هۆیەکانی دەرکردنی یاساکەدا، باسی ئەوە کراوە کە بڕیاری (297)ی ساڵی 1999 و یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکانی ژمارە (15)ی ساڵی 2001 هەڵبوەشێندرێتەوە، ئەوە پێشتر لەماددەکە هاتووە ئێستا بیکەین بە ماددەیەك و زیادی بکەین زۆر ئاساییە، ئەو کێشانەی کە باس دەکرێت نامێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا گوێتان لێی بوو کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات کەماددەکە ئیزافە بکرێت؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، 2 کەسی لەگەڵدا نیە، ئێستا صیاغەکەی حازر بکەن تا بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموون.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الماده الخامسه والعشرون: يلغى قانون المنظمات الكوردستانية غير الحكومية، رقم (15) لسنة 2001، وقرار رقم (297) لسنة 1999.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەکوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بسیت و پێنجەم:

یاسای ڕێکخراوە کوردستانیە نا حکومیەکانی ژمارە(15)ی ساڵی 2001 و بڕیاری ژمارە (297)ی ساڵی 1999، هەڵدەوەشێندرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی بیست و شەشەم.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة والعشرون: لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض واحكام هذا القانون .

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی بیست وشەشەم:**

**کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی بیست و حەوتەم.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة السابعة والعشرون: يحدد مهام واختصاصات تشكيلات الدائرة بنظام.**

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی بیست وحەوتەم: ئەرك و پسپۆرایەتیی پێکهاتەکانی فەرمانگە بە پەیڕەوێك دیاری دەکرێت.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی بیست و هەشتەم.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثامنةوالعشرون: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.**

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی بیست هەشتەم: ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندیدار لە سەریانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی بیست و نۆیەم.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة التاسعة والعشرون: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیست ونۆیەم: ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان) ــەوە جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێی لەگەڵدایە بادەستی بلّند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنـگ وەرگیرا، بـۆ ئەسـباب الموجبە، تکایە، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر لەگەڵ ماددەکان دەمەویست قسە بکـەم، ئەوەنـدە بـە پەلـە ڕۆشـت، ئـەو یاسـایەی کـە دەردەچێت ئێمە لەهەموو یاساکانی تردا لایـەنی پەیوەندیـدارمان ڕاسپاردووە کـەوا تـەعلیماتی پێویست دەربکات، بـۆ تەنفیزی ئەم یاسایە، ئێستا هیچ لایەنێك ئاگادارنەکراوەتەوە لەسەر ئەوەی کە تەنفیزی ئەم یاسایە، بکات، ئەوماددەی کە تێیدایە ئەرك ومەهامی فەرمانگەکە بە پەیڕەو دیاری دەکرێت، نەك تەعلیمات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی بیست وهەشت علی مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفیذ أحکام هذا القانون.

ئێستا بۆ ئەسباب الموجبە تکایە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الاسباب الموجبة

بما ان المنظمات غیر الحکومیة في اقلیم کوردستان تـؤثر علـی تنمیـة المجتمـع والحیـاة الدیمقراطیـة والمدنیـة للاقلیم، ونتیجة لهذه التنمیة الکبیرة التي تعیشها هذه المنظمات بجانب دورها البارز في معظـم مفاصـل حیـاة المجتمع الحساسة وکذلك لغرض تنظیم الاطار القانوني لهذه المنظمـات، ولأجـل تحقیـق هـذا الغـرض، واحـلال قانون عصري متقدم یلائم الثقافة الدیمقراطیة والمدنیة، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆی دەرچوونی**

لەبـەر ئـەوەی ڕێکخراوەکـانی نـاحکومی لـە هـەرێمی کوردسـتاندا کـار لـە بووژانـەوەی کۆمـەڵ و ژیـانی دیموکراسی و مەدەنیی هەرێم دەکەن و، لە ئاکامی ئەو بووژانەوە گەورەیەی ڕێکخراوەکان تێیدا دەژیـن، لـە پـاڵ ڕۆڵـی بەرجەسـتەیان لـە زۆربـەی جومگـەکانی هەسـتەوەری ژیـانی کۆمـەڵ، هـەروەها بـە مەبەسـتی ڕێکخستنی چوارچێوەی یاسایی ئەو ڕێکخراوانە و، لە پێناوی بە دی هێنـانی ئـەم مەبەسـتەو هێنانـە ئـارای یاسـایەکی هاوچـەرخی پێشـکەوتوو، لەگـەڵ کولتـووری دیموکراسـی و مەدەنیـدا بگونجێـت، ئـەم یاسـایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس ئەیەوێت لەسەر ئەسباب موجەبە قسە بکات، ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن(تارا ئەسعەدی، رەفیق سابر، عیماد محمد، ئەمیر گۆگە) کاك ئەمیر، فەرموو.

**بەڕێز ئەمیر گوگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دائیمەن قانون کاتێ دەردەچێت ئەبێ صیاغە بکرێت بۆی، بەڕەئی من صیاغەکەی بەم شێوەیە بێت باشە، (نظراً للمنظمات غیر حکومیة علی التنمیة والحیاة الدیمقراطیة، والمدنیة للآقلیم ونتیجة لهذه التنمیة الکبیرة التي تعیشها هذه المنظمات بجانب دورها البارز في معظم مفاصل حیاة المجتمع الحساسة وکذلك لغرض تنظیم الاطار القانوني لهذه المنظمات،واحلال قانون عصري متقدم یلائم الثقافة الدیمقراطیة والمدنیة، ولأجل تحقیق ذلك فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا ئەسعەدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەڵێت (بما ان المنظمات غیر الحکومیة والشبکات العاملة في اقلیم کوردستان) ئەمە زیاد بکرێت،( تؤثر علی تنمیة المجتمع والحیاة الدیمقراطیة والمدنیة للاقلیم وبما ان المنظمات غیر الحکومیة هي تخفیف العبء عن الحکومة عن طریق مشارکتها في تقدیم الخدمات في جمیع المجالات الرعایة والتنمیة التي تعیشها هذه المنظمات بجانب دورها البارز في معظم مفاصل حیاة المجتمع الحساسة وکذلك لغرض تنظیم الاطار القانوني لهذه المنظمات، ولأجل تحقیق هذا الغرض، واحلال قانون عصري متقدم یلائم الثقافة الدیمقراطیة والمدنیة، فقد شرع هذا القانون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رەفیق صابر، فەرموو.

**بەڕێز رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من سەرنجەکانم لەسەر لایەنی زمانەوانیە، لایەنە زمانەوانیەکەی پێویستی بە دیقەت و پێداچوونەوەی زیاتر هەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم بەم شێوەی لێبێت، ئەگەر برادەران قبوڵ بکەن، لەبەر ئەوەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە کوردیدا هەمیشە کۆ دەکەوێتە لای ئاوەڵناوەوەو لەگەڵ ئەودا دەوترێت، لەبەر ئەوەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستاندا کار لەگەشە پێدانی کۆمەڵ دەکات، تەنمیە بووژاندنەوە نیە، ئینعاشە کار لە گەشە پێدانی کۆمەڵ و ژیانی دیموکراسی و مەدەنی هەرێم دەکەن و لەئاکامی ئەو گەشە کردنە گەورەیەی ڕێکخراوەکان تێیدا دەژی لەپاڵ ڕۆڵی بەرجەستەیان لەزۆربەی

جومگە هەستەوەرەكان (هەستەوەر)بەڕاستی ئەمە تەرجومەیەكی حەرفی حەساسە، كورد ناڵێت هەستیار و هەستەوەر وئەو شتانە، كورد دەڵێت ناسك، حەساس بەكوردی ناسكە، هەستیار شتێكە كە زیندوو بێت و هەستی هەبێت، لەبەر ئەوە ڕۆڵی بەرجەستەیان لە زۆربەی جومگە یان لایەن یان بوارە ناسكەكانی ژیانی كۆمەڵ، هەروەها بەمەبەستی ڕێكخستنی چوارچێوەی یاسایی ئەو ڕێكخراوانەو لەپێناو بەدیهێنانی ئەم مەبەستەو هێنانە ئارای یاسایەكی هاوچەرخ و پێشكەوتوو كە لەگەڵ كلتوری دیموكراسی و مەدەنیدا بگونجێت ئەم یاسایە دەرچوێندرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عیماد، فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا منیش هەر قسەكانم لەسەر صیاغەكەیە، (بما ان المنظمات غير الحكومية والشبكات في اقليم كوردستان) ببێت بە الاقليم، چونكە تەعریف كراوە، تؤثر على تنمية المجتمع والحياة الديمقراطية والمدنية للاقليم ونتيجة لهذه التنمية الكبيرة التي تعيشها هذه المنظمات بجانب دورها البارز في معظم مفاصل الحياه) پێویست ناكات بڵێین (حياة المجتمع الحساسة) وكذلك لغرض تنظيم الاطار القانوني لهذه المنظمات، ولأجل تحقيق هذا الغرض، واحلال قانون عصري متقدم يتلائم الثقافة الديمقراطية والمدنية، فقد شرع هذا القانون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش تكایە ڕەئیتان.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەكان زۆربەی زمانەوانی بوون، ئێمە تێبینیە زمانەوانیەكان بەتایبەتی ئەوەی كە پەیوەندی بە دەقە كوردییەكەوە هەیە، وەری دەگرین بەو شێوەیە:

**هۆی دەرچوونی**

لەبەر ئەوەی ڕێكخراوەكانی ناحكومی لە هەرێمی كوردستاندا كار لە گەشەپێدانی كۆمەڵ و ژیانی دیموكراسی ومەدەنیی هەرێم دەكەن و، لە ئاكامی ئەو گەشەكردنە گەورەیەی ڕێكخراوەكان تێیدا دەژین، لە پاڵ ڕۆڵی بەرجەستەیان لە زۆربەی جومگەكانی ژیانی كۆمەڵ، هەروەها بە مەبەستی ڕێكخستنی چوارچێوەی یاسایی ئەو ڕێكخراوانە و، لە پێناوی بەدی هێنانی ئەم مەبەستەو هێنانە ئارای یاسایەكی هاوچەرخی پێشكەوتوو، كەلەگەڵ كولتووری دیموكراسی و مەدەنیدا بگونجێت، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

حەساس یاخود هەستەوەرەکەشمان لادا لەبەر ئەوەی پێویستی نەدەکرد لەزۆربەی جومگەکانی ژیانی کۆمەڵ، وای لێهات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خەلیل نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز خليل عثمان حمه امين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تکا دەکەم بەر لەوەی دەنگی کۆتایی لەسەر بدرێت وپەسەند بکرێت ئەم پڕۆژە یاسایە، ئەگەر جەنابتان بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کە لەلایەنی زمانەوانیەوە ئەم یاسایە کەمووکوڕی زۆری تێدایە، لیژنەی هاوبەش ڕابسپێردرێت، لەگەڵ پسپۆڕی زمانەوانیدا ، چونکە من هەست دەکەم گوناحە بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ زمانی کوردیدا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نەخێر، ڕێکخراوە ئەوەی دەنگی بۆ دراوە وەك خۆی دەمێنێتەوە، تەنها ئێستا لەسەر هۆکاری دەرچوونیەتی، ئەگەر قسەیەکتان هەیە ئەوە چاکی بکەن، عەرەبیەکەش بخوێننەوە تا بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموون.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

نظراً لتأثير المنظمات غير الحكومية في اقليم كوردستان على تنمية المجتمع والحياة الديمقراطية والمدنية في الاقليم، ونتيجة لهذه التنمية الكبيرة التي تعيشها هذه المنظمات بجانب دورها البارز في معظم مفاصل حياة المجتمع وكذلك لغرض تنظيم الاطار القانوني لهذه المنظمات، ولأجل تحقيق هذا الغرض، واحلال قانون عصري متقدم يلائم الثقافة الديمقراطية والمدنية، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا هەموو یاساکە، لەگەڵ ئەسباب موجبە دەخەینە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا پیرۆزبایی دەکەین لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان، لەخەڵکی کوردستان، سوپاس بۆ ئێوەش ئێستا دانیشتنەکەمان کۆتایی پێ دێنین بۆ ڕۆژی دوو شەممە سەعات 11 ،

**بـەڵام ڕۆژی یـەك شـەممە سـەعات 3ی پـاش نیـوەڕۆ بانگهێشـتی ڕێـزدار وەزیـری پێشـمەرگە دەکـەین بـۆ دانیشتنێکی نائاسایی، بەڕێزتان لێرە ئامادەبن، تا ئەوکاتە بەخواتان دەسپێرم.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8)نائاسایی**

**یەك شەممە رێکەوتی 10\4\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8)ی نائاسایی

**یەك شەممە ڕێکەوتی 2011/4/10**

**کاتژمێر (3)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی 2011/4/10 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (8)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (8)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (3)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی 2011/4/10 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1-ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، بۆ ڕوونکردنەوەو لێپرسینەوە لە بارەی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان. دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن 8 نائاسایی، ڕۆژی دانیشتن 2011/4/10.**

**بەرنامەی کار:**

**بە پێی حوکمی برگە یەکی ماددە شەش، لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە یەکی هەموار کراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە 8ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن، لە کات 3 ی پاش نیوەڕۆ، ڕۆژی یەك شەممە، ڕێکەوتی 2011/4/10 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1-ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، بۆ ڕوونکردنەوەو لێپرسینەوە لە بارەی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان.**

**زۆر بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە کاك (شێخ جعفر) دەکەین زۆر زۆر بەخێرهاتی، هەروەها بەخێرهاتنی بەڕێز(سعد خالد) ڕێکخەری نێوان پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران دەکەین، زۆر بەخێربێن.**

**بەڕێزان وەکو ئێوەی بەڕێز ئاگادارن، لە بڕیاری ژمارە یەکی پەرلەمانی کوردستان، کە 17خاڵ پەسەند کرا، بڕیار بوو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و، وەزیری پێشمەرگەو، وەزیری ناوخۆ بێنە پەرلەمانی کوردستان، هەر بۆ ئەو مەبەستەش، بۆ ڕێکاری یاسایی، ئەم داخوازیە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە پێشکەش کران، وە بۆ بەڕێزتان ئەیخوێنینەوە، لەگەڵ ناوەکانیان.**

**بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان**

**بابەت/ داوای ئامادەبوون**

**ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان کەلە خوارەوە واژوومان کردووە، بە پێی خاڵی 15 ی بڕیاری ڕۆژی 2011/2/23ی پەرلەمان، تایبەت بە بانگهێشت کردنی سەرۆکی حکومەت و وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە بۆ پەرلەمان، بۆ ڕوونکردنەوەو لێپرسینەوە، لە ڕووداوەکانی 2011/2/17 و دواتر، داوای ئامادەبوونیان دەکەین، لە نزیکترین کاتدا کەلە هەفتەی یەکەمی وەرزی یاسایی تێنەپەڕێت.**

**ناو وواژووی پەرلەمانتاران:**

**1-ناسك تۆفیق 2-بیلال سلێمان 3-کاردۆ محمد 4-عمر عبدالعزیز 5-ئارام قادر 6-سمیر سلیم 7-عبداللە مەلا نوری 8-پەیمان عبدالکریم 9-عدنان عثمان 10-پەیمان عزالدین 11- ڤیان عبدالرحیم 12-عبدالرحمن حسین**

**13-ئاشتی عزیز 14-ڕێباز فتاح 15- پێشەوا تۆفیق 16-نەریمان عبداللە قادر 17-یاووز خورشید عثمان 18-یشار نجم الدین نورالدین 19- پەیام احمد 20-هاوڕاز شێخ احمد 21-بەیان احمد حسن 22- کاروان صالح احمد**

**23-شێرزاد عبدالحافظ 24-کوێستان محمد 25-پەریهان قوبلای 26-نەسرین جمال 27-سەرگوڵ رضا 28-اسماعیل سعید 29-عظیمە نجم الدین 30-حمە سعید حمە علی 31-د.صباح بەرزنجی 32-شێردڵ تەحسین**

**ئێستاش داوا لە ڕێزدار وەزیری پێشمەرگە کاك (شێخ جعفر) دەکەین کەرەمکە بۆ شوێنی جەنابت، بەڕێز کاك (شێخ جعفر) ئێستا کەرەمکە، ڕوونکردنەوەیەك لە سەر وەزعەکە بدە، پاشان دەست دەکەینە پرسیاری ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان، کەرەمکە.**

**بەڕێز شێخ جعفر/ وەزیری پێشمەرگە**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

**خوشك و برایانی بەڕێز، ئەندامانی پەرلەمان، زۆر خۆشحاڵم ئەمڕۆ وەکو وەزیری پێشمەرگە، لەسەر داوای بەڕێزتان هاتوومەتە هۆڵی پەرلەمان، بۆ گوێ گرتن لەهەموو پرسیارێکتان، وە وەڵامدانەوەی، لە هەموو ئیستیفسارێك و ڕوونکردنەوەیەك، وەلە هەموو پێشنیارەکانتان کە هەتانە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و وەزیری پێشمەرگە، هیوادارم پرسیارەکانمان، ڕوونکردنەوەکانمان دیاری کردنی کەم و کوڕی و نوقسانیەکان بێت، بە هەموو لایەکمان بتوانین، وەبە هاوکاری هەموو لایەکمان بتوانین زیاتر و زیاتر هێزی پێشمەرگە بەهێزتر بکەین، بتوانین کارێکی وا بکەین کە بە شێوەیەکی ڕێك، ئەو ئەرکەی کە دەکەوێتە ئەستۆی، بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایش، بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی هەموو هەڕەشەیەك، لەو دەستکەوتانە کە ئەمڕۆ لە کوردستان بەدەست هاتووە، بگاتە ئەو ئاستە، دیارە لەو ماوانە کۆمەڵێك ڕووداو ڕوویداوە لە دوای 17 ی مانگ، چ لەسەر ئاستی کوردستان، چ لەسەر ئاستی ناوچە دابڕاوەکان، ئێمە وەکو هێزی پێشمەرگە، بەشداری کاریگەرمان هەبووە، بەرچاومان هەبووە، ئەوە دیارە لە نەتیجەی پرسیارەکان، هەم بەشداری**

کردنەکانمان هەم دەورەکانمان بە تەئکید بۆ ئێوەی بەڕێز و هەموو خەڵکی کوردستان ڕوون دەکەینەوە، من هیچ شتێکی ترم نیە، جگە لە گوێ گرتن لە پرسیارەکانتان، هەر شتێکی ترتان هەبێت من دیارە لەو هۆڵی پەرلەمانە دەنگم دراوەتێ و، بووم بە وەزیر، ئێستاش بە خۆشحاڵیەوە هاتوومەتە لای ئێوە، گوێتان لێ بگرم، چۆن سیقەتان داوە پێم، بە هەمان شێوە وەڵامی پرسیارەکانتان بدەمەوە، هەر ڕوونکردنەوەیەك و ئیستیفسارێکتان هەبێ، لە خزمەتی ئێوە بیگەیەنم بە ئێوەو بە هەموو جەماوەری کوردستان، زۆر زۆر سوپاس بۆ جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، هەموو پەرلەمانتارەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ئێستا داوا لە پەرلەمانتارانی کوردستان دەکەین، ئەوانەی پرسیاریان هەیە، تکایە پرسیارەکان زۆر موحەدەد، زۆر وازح بێت، لە مەوزوعیش دەرنەچن، هەریەکێکیش سێ دەقەی دەدەینێ قسە بکات، کەرەمکە، پەیمان عزالدین، پەریهان قوبلای، کوێستان محمد، کاردۆ محمد، اسماعیل، هاژە سلێمان، ئارام قادر، د.احمد وەرتی، عمر عبدالعزیز، حەمە سعید، بەفرین حسین، بیلال سلیمان، گوڵیزار قادر، جمال طاهر، اسماعیل محمود، پەروین عبدالرحمن، زانا، پێشەوا تۆفیق، پەیام احمد، سیوەیل عثمان، عظیمة نجم الدین، عبداللە، شاهۆ سعید، سەرهەنگ فەرەج، سەرگوڵ، سمیر سلیم، صباح بیت اللە، نەریمان عبداللە، نەسرین جمال، کاروان صالح، عدنان، ڤیان عبدالرحیم، عبدالرحمن حسین، شێرزاد حافظ، ئاشتی عزیز، ئاواز عبدالواحد، محمد شارەزووری، گۆران، فاضل بەشارەتی، هاوڕاز خۆشناو، سۆزان شەهاب، ئامینە، جعفر علی، دڵشاد شەهاب، کەس ماوە، شڤان احمد، خلیل عثمان، پەیمان خان کەرەمکە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرسیارانەی کەمن دەمەوێت بیکەم، پەیوەندی هەیە بە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان، پێشتریش ئەبێت بگەڕێینەوە بۆ خودی کارەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، ئەمانەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، پێش ئەوەی قسە بکەی، سێ دەقیقەیە، تەواو بوو ڕاتان دەگرم، ئیسرار نەکەن، رەجائەن، هەرکەسێك، کەرەمکە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیاری یەکەم، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، یان ئەو وەزارەتەی کە جەنابتان وەزیرن، وەزارەتێکی سەرتاسەری هەرێمی کوردستانە؟، یاخود هەتاوەکو ئێستا وەکو باقی وەزارەتەکانی تر کەبە ئیعتیرافی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، دوو وەزارەتە یان دوو ئیدارەیە، بەلاَم وەزیرێك سەرپەرشتی دەکات، چونکە هەتاوەکو ئێستا هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە نێوان فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانی، یەکەم و دووەم، کەیەکێتی و پارتیە، لەگەڵ هێزەکانی 80 و هێزەکانی 70 کە دیسانەوە، هی یەکێتی و پارتیە، بە تایبەتی

هێزەکانی 80، 70 کە هەردوو فەرماندەیی یەکێتی، لەگەڵ فەرماندەیی گشتی پارتی، بۆ خستنە سەر بودجەی حکومی ناوەکانیان بووە بە هێزەکانی 70و80، بەڵام تاوەکو ئێستا کە پرسیاری دووەم لێرەوە دەست پێ دەکات، ئەو هێزانە بە فیعلی هێزی پێشمەرگەی کوردستانن 70و80، یان هێزی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانن، هێزی پارتی دیموکراتی کوردستانن، چونکە هەتاوەکو ئێستا ئەو هێزانە بە تایبەتی هێزی 70، کە ژمارەی لیواکانی 36 لیوایە، لە سلێمانی و دەوروبەری لە ئیدارەی یەکیەتی، هەتاوەکو ئێستا ئەو هێزانە کە بەداخەوە لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ گەورەیی ناوی پێشمەرگە، بەڵام لەناو خودی هێزی پێشمەرگەیا بە فەلەکان ناو ئەبرێ، کە ئەمە بۆخۆی گەورەترین سووکایەتیە بە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە، ئەم هێزانە هەم لە مووچەوە، لە فەرماندەی هێزەکانی پشتیوانی یەکەم و دووەم فەرقیان هەیە، هەم لە ڕووی ئەرك و کارکردنەوە، کە ئەو هێزانە ئیشی سەرەکیان پاراستنی باڵەخانەو، بیناو، پڕۆژەکانی یەکیەتی وپارتیە لە ناوچەکانی خۆیان، وە ئەو جێگاو ماڵی بەرپرسانەی کەلە یەکێتی و پارتیا بەرپرسی باڵان، بۆیە پرسیارەکەم ئەوەیە کە ئەو هێزانە هێزی پێشمەرگەی کوردستانن، یاخود هێزی یەکێتی و پارتین؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، وەرە سەر ڕووداوەکان، یەعنی تەحدید کراوە بۆ ڕووداوەکانی 17 ی شوبات، تکایە، ڕەجائەن.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی کە ئەوە ڕوون بۆوە، لەبەر ئەوەی من تەسەوڕدەکەم، ئەوانە هێزی حیزب بن، ئەمە ئەمانخاتە بەردەمی ئەوەی کە ئەو ڕووداوانەی دوایی بۆ ڕوویدا، کە جووڵاندنی هێز، بەبێ ئاگاداری وەزیر، بەبێ ئاگاداری هیچ جیهەتێکی ڕەسمی، لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر جووڵەیان پێ کرا، هەتاوەکو ئێستا ئابلوقەی سەربازی کە بەشێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە لە ناوچەکان هەیە، کە دواترینیان ڕووداوەکانی کەلار بوو، ئەو لیوایە یەکێکە  لە لیوا یەك خراوەکان، کەلە سنووری کفری گوێزرایەوە بۆ کەلار، بە توندی ئابلوقەی کەلاریان داوە هەتاوەکو ئێستا، کە ئەوانە لیوای تایبەتی فەرماندەیەکی سەربازی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستانن، بۆیە ئەمانە ئەمان خانە بەردەم ئەو مەترسیەی کە پرسیاری لەم ڕووداوانەی دواییەوە کە بەم جۆرە هێز جووڵێندرا، ئایا وەزیری پێشمەرگە، زەمانەتی ئەوە دەکات کە لە سایەی ئەمر پێ کردنی حیزبی و، لە سایەی بوونی هێزەکانی 80 و 70ی یەکێتی و پارتیەوە، شەڕێکی تری ناوخۆ ڕووناداتەوە؟.

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان:**

پەریهان قوبلای کەرەمکە.

**بەڕێز پەریهان قوبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ڕووداوەکانی 17ی شوباتەوە دەست پێ دەکەم، کە پرسیارێکم هەیە، ئەوەیە کە هێز جوولێندران بەرەو سلێمانی، ئایا بەڕیزی وەزیری پێشمەرگە ئاگای لە جوولاندنی ئەو هێزە هەبوو؟، فەرمانی پێیان دابوو؟، دوایی هەدەفی جوولاندنی ئەو هێزە چی بوو؟، کە ئێمە خۆمان ئەزانین تەنها هەدەفی ئەوەیە، ئەوان هێزێکی نیشتیمانیە بەرگری لە سنوورەکانی کوردستان دەکەن، من دوای 17ی شوبات، من پرسیارەکان ئەوەیە کە پێشێل کردنی بڕیاری یەکی پەرلەمانی کوردستانە، کە ئەویش بڕگەکانی پێنج وشەش و دە، لەوەوە دێت پاراستن و ڕێکخستنی خۆپیشاندەران، تەنها بەهێزەکانی پۆلیس و ناوخۆ و چالاکە مەدەنیەکان سپێردراوە، ئەویش شوناس و باجیان پێوەبێت، بۆچی تا ئێستا ئێمە ئەو هێزانە هێزی پێشمەرگە، بۆچی تا ئێستا وجودیان هەیە؟، بە تایبەتی لە کەلار، بۆچی تا ئێستا ئێمە هێزی دەمامك دار ئەبینین؟، ئایا ئەمانە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن یان ناوخۆن؟، هەروەها لە پێشێل کردنی وەزارەتی پێشمەرگە، لە پێشێل کردنی خاڵی شەش، کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هەمووجۆرە ململانێیەکی سیاسی ناوخۆ بە دووربێ، ئەمە بڕیاێکە کە لە پەرلەمان دەرچووە، بەلاَم تا ئێستا ئێمە ئەو هێزانە رەبتیان هەیە، لەوەی وجودیان هەیە لە پاراستن، یان ئاگایان لە خۆپیشاندەران بێت، کە ئەبێت ئەوە بەس تەنها ئیشی پۆلیس و چالاکیە مەدەنیەکان بێت، لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە تا ئێستا ئەو هێزانە بە چاو ئەبینین، ئایا فەرق هەیە لە بەینی سلێمانی و هەولێر؟، بۆچی هێز جوولێندراوە لە هەولێر بەرەو سلێمانی؟، ئایا بۆ تا ئێستا وجودیان هەیە؟، تا ئێستا بۆچی هێزەکانی پێشمەرگە یەك نەخراوەتەوە؟، پرسیارم بۆ وەزیری پێشمەرگە ئەوەیە، مادام ئەوەتا کە ئەو هەموو پێشێلکاریانە بۆ بڕیاری 1ی پەرلەمان کراوە، ئەم وەزارەتە وەزیری پێشمەرگە و وەزارەتی پێشمەرگە موفەسر بووە، لەبەر ئەوە من داوای لێ دەکەم، کە دەست لە کار بکێشێتەوە، لەبەر ئەوەی بڕیاری 1ی پەرلەمان پێشێل کراوە، دوای 2/17 ی شوبات دەرکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان محمد کەرەمکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، ئەوە ڕوونە کە هێزی پێشمەرگە، دروستکەری ئەم ڕۆژانەن، ئەوان براو هاونیشتیمانیانی ئێمەن، پرسیارەکانی من، بە پێی چ ماددەو بڕگەیەکی یاسایی بەڕێزتان ئەو هەموو هێزانەتان بەرەو شارباژێر، ڕانیە، قەلاَدزێ، بەرەو شاری سلێمانی جوولاَند، لەکاتێکدا بە پێی یاسای ژمارە 25 ساڵی 2007، بە پێی ناو، بە پێی ئەرکەکانیان ئەمانە تەنها بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ترسی دەرەکین، نەوەك بۆ شەڕی هاونیشتیمانیان، وەتا ئێستاش دوای بڕیاری 17 خاڵیەکەی پەرلەمانی

کوردستان، هێزی پێشمەرگە ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران دەبێتەوە، ئایا هیچ ترسێکتان نەبوو لەوەی کە ئەم هێزانە بجوولێندرێن، شەڕی ئەهلی دروست دەبێت لە ناو شارەکان، پرسیارێکی ترم، ئەو چەکە قورستانەی وەکو دەبابەو دۆشکەو ناوەکانی دیکە کە من نایزانم، ئامادە کرابوون بۆ ڕووبەڕووبونەوەی خۆپیشاندەران، ئایا زێرەڤانی کە جوولێندران بەرەو شاری سلێمانی، ئەم هێزانە بە پێی برگەی 8 لەماددەی 7 سەر بە وەزارەتەکەی بەڕێزتانن، ناوی پێشمەرگەش هەر زێرەڤانیە؟، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ئەوەی ڕوون کردەوە، لە وتارێکی ڕەسمی کە بەڕێزتان ئەم هێزانەتان جوولاندووە، ئایا ئەم هێزانە سەر بە وەزارەتەکەی ئێوەن؟، ئەگەر سەربە وەزارەتەکەی ئێوەنین، بە چ دەسەلاتێك و یاسایەك براونەتە ژێر ڕکێفی وەزارەتێکی دیکەوە، ئایا ئێوە بڕیارتان داوە ئەم هێزانە بجوولێندرێن بەرەو سلێمانی؟، ئەگەر ئێوە بڕیارتان داوە، ئەوە بەرامبەر کێ جوولاندتان ئەم هێزانە؟، ئەو هەموو هێزە دەمامك دارانە بەتایبەتی ئەو هێزانەی بەناو دژە تیرۆر، کە دەستێکی بالأیان هەیە لە سەر کوت کردنی خۆپیشاندەران، ئایا سەر بە وەزارەتەکەی ئێوەن؟، لەگەڵ ئەوەی بەڕێزتان زۆر جار بۆ مونەسیقی ئێمە باسی ئەوەتان کردووە، کە سەر بەوەزارەتەکەی ئێوە نین، دواتر لە ڕوونکردنەوەیەکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، کە سەر بە وەزارەتەکەی ئێوەن، ئێمە دەمانەوێت ئەوەمان لەبەر چاو ڕوون بێت، سەر بە وەزارەتەکی ئێوەن یان نا؟، ئەگەر سەر بە وەزارەتەکەی ئێوەن، لە کوێی وەزارەتەکەی ئێوەن؟، ئەگەرنا ئەمانە تەعلیمات لەکوێ وەردەگرن؟، بە پێی بڕیارو بە چ دەسەلاتێك ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران دەبنەوە؟ من دوا قسەم ئەوەیە کە بەڕێزتان ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری ژمارە 2مان دەرکردووە، کە پێویستە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە دووکەسی بێ لایەن بن، بۆیە من بەڕێزەوە داوا لە بەڕێزتان دەکەم، کە تا زووە خۆتان دەست لەکار بکێشنەوە، بۆ ئەوەی ئەو بڕیارەی پەرلەمان دەری کردووە، کەسێکی بێ لایەن بخرێتە جێگەی وەزیری پێشمەرگەو وەزیری ناوخۆش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاردۆ محمد کەرمکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەمڕۆ لە بەردەم چەند بڕیارێکداین، کە هەم یاسای ژمارە 19 ی ساڵی 2007ی وەزارەتی پێشمەرگە، هەم بڕیاری ژمارە 1ی پەرلەمان، هەم بڕیاری ژمارە 2، کە پێموایە وەزارەتی پێشمەرگە بە پێچەوانەی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە و بڕیارەکانی پەرلەمان ڕەفتاری کردووە، هەروەها یاسای خۆپیشاندان، یاسای ئەحزاب، لە مادده 2ی یاسای وەزارەتی پێشمەرگەوە هاتووە، کە پاراستن و پاسەوانێتی هەرێمی کوردستان، بەرگری کردن و مسۆگەر کردنی بەرژەوەندی نیشتیمانی ونەتەوەیی، ئێمە لە ڕووداوەکانی زیاتر لە 50 ڕۆژی ڕابردوو، جوولاندنی هێزەکان، ڕەفتار کردنی وەزارەتی پێشمەرگە بە پێچەوانە ئەوە دەسەلمێنن، بۆ هەر جوولانەوەیەکی نارەزایی شەقام، بە هەر شێوەیەکی مەدەنی و شارستانی دەربڕدرێت، ئەمە هێزی بۆ

جوولێندراوە، هەم لە پارێزگای سلێمانی کە دەکاتە هەڵەبجە، هەم کەلاریش، ئەمە لایەنێك، لایەنێکی تریش لە هەولێریش، ئەو هێزانەی کە بارەگای کەی، تی، ڤی و و ڕادیۆی گۆڕانیان سووتاند، کە هێزی چەکدار بوون، زانیاریەکان وادەڵێن کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن، لە هەموو ململانێی سیاسی و شارستانیەکان، بە موئامەرەی دەستی دەرەکی و، ئینقیلاب و گێرە شێوێن و ئاژاوە گێڕ و تێکدەر، وەك چۆن لە بەرامبەر بەیاننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان، کەلەبەر چاومە، ئەمە دەبابە دەجوولاوە، لەبەرامبەری ئەمە، ئەمە لە کاتێکدا هێزێکە 25 کورسی هەیە، مۆڵەتی هەیە، وەهێزی چەکداریشی نیە، تا نەهەقیشی بەرامبەر بکرێت، لە هەر پرۆسەیەك شەڕ هەڵگیرسێنێت، کە ئەمەیە مەترسی هێزەکانی سەر وەزارەتی پێشمەرگە، ئەمە خاڵێکیان، خاڵێکی تر ئەوەیە کە دەمەوێت تەئکیدی لەسەر بکەمەوە، بەچ هەقێك بەبێ ڕووی قانونی هێز بجوولێندرێت، بۆ ئەوەی پەلاماری گردی زەرگەتە بدرێت، کەی، ئین، ئێن دابخرێت، بەبێ ئەوی هیچ رێگەی یاسایەك گیرابێتەبەر لەبەرامبەر ئەو دامەزراوە، ئەمە خاڵێکە دەبێت تەئکیدی لێ بکەینەوە، وە خاڵێکی تر، کە گرنگە برادەرانم زۆر باسیان کرد، ئەویش ئەوەیە بوونی لەشکری حیزبی، یەعنی یەك نەخستنی هێزی پێشمەرگە، کە هێزێك وەلائی نیشتیمانی هەبێت، نەتەوەیی هەبێت، ئەم یەك نەخستنە ئێمە پێمان وانیە هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر ناوخۆی کوردستان، وە دەرەوەش، کە ئێمە لەم ماوەیە لە ناوچە دابڕاوەکان، کێشەیەکمان بینی کە هێزی بۆ جوولاندرا، ئێستا هێزەکان دەیانەوێت بکێشێتەوە، پێویستە وەزیری ناوخۆ ئامانج لە جوولاندنی ئەم هێزە چی بوو؟، وە بۆ ئێستا دەیکێشێتەوە؟، ئەمە خاڵێك بوو کەبەلامەوە گرنگ بوو، دوو، هێزی زێرەڤانی سەر بە چ وەزارەتێکە؟، یەعنی ئێستا لە یاساکان دیار نیە، لە کاتێکدا جوڵەی پێ دەکرێت، لە کاتێکدا جووڵە بە هێز دەکرێت، لە لایەن ئەوانەی کە سیفەی حیزبیان هەیە، هیچ سیفەتێکیان نیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەچی دەتوانن هێزەکان جوولە پێ بکەن، لە بەرامبەر هەر.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل کەرەمکە، نوقتەی نیزامیە فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامدانەوە نیە، هاوکاری بەڕێزم کوێستان خان، ئیشارەتی کرد کەوا لە بڕیاری پەرلەماندا هاتووە، پەرلەمان بڕیاریداوە، ئەبێ وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە بێ لایەن بن، بڕیارەکان مەوجودن، پەرلەمان بڕیاری نەداوە، وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە بێ لایەن بن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، وازحە وای نەوت، کەرەمکە.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی مافی هیچ ئەندام پەرلەمانێك نیە وەڵامی ئەندامی پەرلەمان بداتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رجائەن دانیشە، كاك اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی بەڕێز، بەڕێز وەزیری پێشمەرگە، من لە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە ئەپرسم، هێزی دەمامك لەسەر یەعنی چی؟، ئەگەر هێزی پێشمەرگە، لە تەعریفی هێزی پێشمەرگە، لە قانونی وەزارەتی پێشمەرگە، تەنها پاراستنی سنوورەكانی هەرێمی كوردستانە، لە هیچ شوێنێك هێزی پێشمەرگە، ئیجازەی پێ نەدراوە، ڕووبەڕووی خەڵكی كوردستان ببێتەوە، بەتایبەتیش بە شێوەی دەمامك لەسەر، من جارێكی تر تەئكید دەكەمەوە، هێزی دەمامك لەسەر ئەمە چ مەتەڵێكە؟، ئەو جوابەمان دەوێت، هەروەها لە گرتە ڤیدیۆیەكەی كەلاردا ئەبینین، هێزێك هەیە بە جلی كوردیەوە، ئەمە چیە؟، بە جلی كوردیەوە تەقە لە خۆپیشاندەران دەكات، وەكو پۆلیسێكی بەڕێز پەلاماری ئەدات و نایەڵێت خەڵك شەهید بكات، ئەم هێزە چیە؟، یەعنی ئێمە ئەزانین، ئەو هێزەی كە ئێمە تا ئێستا یەكیشی نەگرتۆتەوە، جلێكی ڕەسمی خۆی هەیە، بەڵام لە كەلار ئەبینین بە جلی كوردیەوە جارێكی تر تەقە لە خەڵك دەكرێت، ئەم هێزە یەعنی چی؟، ئەم هێزە كێیە؟، جارێكی تر تەئكید دەكەمەوە، من تەئكید دەكەمەوە لەسەر قسەكەی كوێستان خان، بە پێی دەستووری عیراقی هاتووە، وەزیری پێشمەرگەو وەزیری ناوخۆ دەبێت خەڵكی بێ لایەن بن، هەروەها لە داخوازی خۆپیشاندەرانی بەڕێزدا هاتووە، كە وەزیری پێشمەرگەو وەزیری ناوخۆ، ئەبێت بێ لایەن بن، ئێمە لە بڕیاری ژمارە 2دا بڕیارمان لەسەری داوە، بۆیە منیش جارێكی تر تەئكید دەكەمەوە، من ڕێزم هەیە بۆ وەزیری پێشمەرگە، هەموو گەنجیەتی خۆی بۆ ڕزگار كردنی خەڵكی كوردستان سەرف كردووە، بەڵام كاك شێخ (جعفر) كادیرێكی حیزبیە، مەسئولێكی حیزبیە، بۆیە منیش داوا لە بەڕێزیان دەكەم ئیستیقالە بكات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، هاژە خان كەرەمكە.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێز وەزیری پێشمەرگە، پێشمەرگە ئەو كەسەیە كە هەردەم گیان لەسەر دەست بووە، بۆ بەرگری كردن لە خاك و نیشتیمان لە ڕۆژە سەختەكاندا، پێشەنگ بووە بۆ بەدەست هێنانی ئەزموونی ئەمڕۆمان، ئێستاش وەك پاسەوان سنوورەكانی هەرێم دەپارێزێت، لە هەر هێرشێك كە

بکرێته سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە هەردەم جێگای ڕێزو تەقدیرن، دوای ڕووداوی 17ی شوبات و دواتر لە سلێمانی و شارەکانی تری کوردستان، هەندێك لە هێزەکانی پێشمەرگە جووڵەیان پێ کراوە، لە هەولێر بۆ سلێمانی، کە بووە هۆی نیگەرانی دانیشتوانی سلێمانی، بۆیە لە دانیشتنە نائاساییەکەی پەرلەمان و بڕیارە 17 خاڵیەکەدا، لە خاڵی دووەم بڕیاردرا، بە کشانەوەی دەست بەجێی سەرجەم هێزە جووڵە پێ کراوەکان، کەبە هۆی ڕووداوەکانی 17ی شوبات جووڵەیان پێ کرابوو، گەڕانەوەیان بۆ بارەگاکانیان، هەروەها لە خاڵی شەشەمی بڕیارەکەدا، دەڵێت هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە هەموو جۆرە ململانێیەکی سیاسی و ناوخۆیی بەدوربێت، ئەرکی نیشتیمانی خۆی وەك هێزێکی نیشتیمانی و پاراستنی دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان جێبەجێ بکات، خاڵی 15ی بڕیاری پەرلەمان بۆ بانگهێشت کردنی سەرۆکی حکومەت و وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە بۆ پەرلەمان، بۆ ڕوون کردنەوەو لێپرسینەوە بە پێی ڕێکارە یاساییەکان، کە ئەمڕۆ یەکێك لەو خاڵانە جێبەجێ دەکرێت، بۆیە پرسیارەکانی من ئەوەیە، یەکەم، ئایا ئەو بڕیارانە جێبەجێ کراون، کە لە خاڵی دوو، و خاڵی شەشی دانیشتنی نائاسایی پەرلەمان دا هاتوون؟، دوو، ئایا هێزی پێشمەرگە بە پرسی وەزیری پێشمەرگە جووڵەی پێ کراوە؟، لە کاتێکدا کە بە پێی یاسای ژمارە یەکی ساڵی 2005 ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، لە بەشی چوارەم خاڵی دوازدەیەم، تەنها بۆ سەرۆکی هەرێم هەیە، لە کاتی پێویستدا بە ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان، هێزەکانی پێشمەرگە تەنها بۆ دەرەوەی هەرێم بنێردرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك ئارام کەرەمکە.**

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیری پێشمەرگە دەکەم، پرسیارەکەم ئەوەیەکە، ئەوەی هێزی پێشمەرگە و بەکارهێنانی هێزی پێشمەرگە، بۆ بڵاوپێکردنی خۆپێشاندەران و ترساندنی خۆپێشاندەران و، هەروەها پێشێل کردنی ڕێگرتن لە ڕۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی بەکاری خۆیان هەڵسن، ئەمانە هەمووی پێچەوانەی یاسای خۆپێشاندانە و یاسای وەزارەتی پێشمەرگە و، بڕیاری ژمارە (1) و (2)ی پەرلەمانە، چەند نموونەیەکیش دەهێنمەوە بۆ ئەوەی لەبەر دەم وەزیری پێشمەرگەدا بێت، لە کەلارەوە دەست پێ دەکەم، کە لە 25 و 26ی شوبات و، هەروەها 3/31، فەوجی یەك لیوای سێی هێناوەتە ناو کەلار، بەردەوام بەکارهێنراوە لە هەر کاتێك خۆپێشاندان کرابێت، لە سلێمانی، جێگیر کردنی لیوای سێی تایبەت، سەر بە وەزارەتی پێشمەگە، لە دادگای کۆنی سلێمانی، هەروەها هێزەکانی زێرەڤانی کە لە پاش 17ی شوبات، جێگیر کراون لە گوندی دارەتووی نزیك تاسلوجە، لە پیرە مەگروون، فەرماندەی هێزی پێشمەرگە ، هەروەها لەناو شار، وەکو هاوکارانیشم باسیان کرد، هێنانی تانك بۆ ناو شاری سلێمانی، لە رانیە لە 19ی مانگ تا 23ی مانگ، فەرماندەی چوار قورنە چوویتە ناو شار و جێگیر بووە لە چوار دەوری قایمقامیەت و

لە نێوان رانیە و چوار قورنە، لە 3/5 لە یادی راپەڕیندا، کۆمەڵێك گەنج ویستوویانە بۆ بەرز راگرتنی یادی راپەرین، بەرەو شاری رانیە بڕۆن، بەڵام هێزێکی پێشمەرگە رێگایان لێ گرتوون و سیلاحیان بەرامبەر دەرهێناون و هەڕەشەیان لێ کردوون، لە چوارقورنە لە 17ی شوباتەوە، هێزێکی پێشمەرگە رۆیشتووتە ناو مزگەوتێك، زیاتر لە 2 حەفتە لەو مزگەوتە جێگیر ببوون، ئەمەش بارێکی نا ئاسایی خوڵقاندووە بۆ ناوچەکە، لە نزیك قوتابخانەی ئارامیش ئەو هێزە بە هەمان شێوە هەندێکی جێگیر کراوە، لە 3/31 یەکێك لە خۆپێشاندەرانی شاری رانیە، بەرەو شاری وەرتێ دەڕوات، کاتێك دەگاتە شارەکە، لە لایەن فەرماندەی هەڵگوردەوە، فەلاقە دەکرێ و لێ دەدرێ و هەتا ئێستاش چاك نەبوویتەوە ئەو لاوە، بەناوی شەماڵ ئەحمەد، لە چەمچەماڵ، لیوای کەرکووك هاتووتە ناو چەمچەماڵ، لە 25ی شوبات، لە کتێبخانەی گشتی ئەو هێزە جێگیر کراوە، تەنانەت فەرمانی دەستگیرکردنی خەڵکیشیان پێ بووە، لە شاری کۆیە، 12 رۆژ فەوجی 1 لیوای 26ی کۆیە لە مزگەوتی حەمامۆك، لەوێ جێگیر کراون و هەر کاتێ خۆپێشاندان کراوە، ئەو هێزە یەکسەر جوولێنراوە، جوولانی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ناو شار و شارۆچکەکان، یەکێك بوو لەو خاڵە هەنووکەیانە کە خۆپێشاندەران، بەتایبەتی ئەنجومەنی کاتی سەرای ئازادی داوایان کرد، کە ئەوهێزانە بڕواتە شوێنی خۆی، بۆ ئەوە دەرگای دیالۆگ دەست پێ بکات، بەڵام بە داخەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە ئەکەین، پرسیارەکانی من لێرەوە بە خاڵی یەکەم لە بڕیاری ژمارە 1ی پەرلەمان، لە دانیشتنی نائاسایی رۆژی 2011/2/23دا دەست پێ دەکەم، کە تەحریم کردن و تەجریمی هەموو توند و تیژیەك و، تەقە کردن لە هاووڵاتیان کراوە، لەخاڵی دووەمدا، داوای کشانەوەی دەست بەجێی هەموو هێزە جوولە پێکراوەکان کراوە کە بە هۆی رووداوەکانەوە بۆ شارەکان نێردراون، کە پاشەکشەیان پێ بکرێت بۆ بارەگاکانی خۆیان، پرسیارەکە ئەوەیە کە هەنووکە ئەم دیاردەیە، واتا بوونی هێزی پێشمەرگە لە شارەکان هەستی پێ دەکرێ، لە کاتێکدا بە گوێرەی بڕیاری پەرلەمان لە خاڵی 5 دا جەخت کراوەتەوە کە پاراستن و رێکخستنی خۆپێشاندەران، تەنیا بە هێزەکانی پۆلیس و ناوەخۆ و پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان دەسپێردرێ، ناسنامەیان ئاشکەرا بێت، وەك ناو و باج و شوێنی کار، نەهێڵدرێت هیچ کەسێك بە دەمامك و ئۆتۆمبیلی جام ڕەش، هاتوچۆ بکات، ڕێ و شوێنەکانی وەزارەت چیە بۆ تەشەنە نەکردنی ئەم وەزعەی کە ئێستا هەیە؟، ئەم بارودۆخەو هێشتنەوەی هێزی پێشمەرگە، بە دوورگرتنی لە ململانێی سیاسی ناوەخۆ و مانەوەی وەك هێزێکی نیشتمانی کە بەرگری لە دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بکات، تەقەکردن و کوشتن، خواستی هیچ کەس نیە، بەڵام رووداو

بەداخەوە روویداوە و بۆتە هۆی ئەوەی کە چەندین هاونیشتمانی لەو هەرێمە لە هاوولاتیان و پۆلیس ببنە قوربانی ، و بە دەیان کەسیش بریندار بووینە، ئێوە وەکو وەزارەتی پێشمەرگە، لای خۆتان چیتان کردووە کە نەهێڵن ئەم رووداوانە دووبارە ببنەوە؟، لەگەڵ دەستخۆشی بۆ هێزی پێشمەرگە کە لە هەوڵەکانی بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان و دەستکەوتەکانی، بەشێك لە گرفتەکان و لە پرسیارەکان کە پەیوەستن بە پێشمەرگە و وەزارەتی پێشمەرگە، کە پەیوەندیشی بە بارودۆخی ئێستاوە هەیە، یەك نەخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەیە، بۆچی یەك خستنەوەی هێزی پێشمەرگە دوا کەوتووە تا ئێستا و تا هەنووکە ئیجرائاتی یەکخستنەوەی تەواوەتی هێزی پێشمەرگە تەواو نەبووە؟، سوپاس؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، عمر عبدالعزیز فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا منیش بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە دەکەم، هیوادارم بە روونی وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتاران بداتەوە، من دوو خاڵ لە پێشەکی عەرز دەکەم و دوایی چەند پرسیار ئاراستەی بەڕێزیان دەکەم، یەکەم، من وا ئەزانم مەسەلەی شارەزایی پێشەیی، و خیبرەی وەزیفی، ڕۆڵێکی زۆرگرنگی هەیە بۆ پاراستنی ئاسایش و دەستەبەر کردنی ئازادییەکانی هاوولاتیان بە گشتی و، ئازادییە گشتیەکان، پێشمەرگەش لە زیهنی هەمموومانە ئێستا و ئینشاء الله هەر واش ئەمینێ، وشەیەکی ناسك و خۆشەویستە و بە بیستنی وشەی پێشمەرگە، خەبات و شۆڕش و کۆڵنەدانمان بیر دێتەوە، بەڵام بەڕاستی بە حیزبانـدنی پێشمەرگە، لادان لە پیشەیی بوونی و نەبوونی هوشیاری وەزیفی لە لایەن خودی پێشمەرگە بەڕێزەکانەوە، بە تایبەتی لەو قۆناغەی تێدا ئەژین، ئەترسین ئەو واتایانە خوا نەخواستە لە دەست بدات، هیوادارین تەداروکێکی خێرا بکرێت بە هەموو لایەکمانەوە و، لەسەر ئەو ڕۆڵە بمینێ، ئەو حاڵەتە بمینێ کە پێشتر بوویەتێ، لە قۆناغی ئێستادا نابێ کارێك بکرێ کە هاوولاتی، گەنجی کوردستان لە پێشمەرگە بترسێ، کە وەکو هەمان ئەو واتا جوانانە ببەخشێ کە پێشتر بوویەتی، ئەوەی بینرا و هەستی پێکرا لە رووداوەکانی $2/17$ و بەدواوە، پێشمەرگە بەکارهێنرا بۆ رووبەڕووبوونەوەی هاوولاتیانی خۆپێشاندەر، کە بەشێوەیەك لە شێوەکان، رەنگە زۆرێکی بەڕێز لە وەزیری پێشمەرگە وەڵامی بداتەوە، بەڵام ئەمە لە زیهنیەتی هاوولاتی ئێستای کوردستاندا هەیە، من ئەم چەند پرسیارەم هەیە کە تەئکیدکردنە بەعزێکی و بەعزێکی رەنگە نوێ بن، بە فەرمانی کێ زێڕەڤانی جوولێندران، ئایا هەماهەنگی هەبوو لە نێوان وەزارەتی ناوەخۆ و پێشمەرگە؟، بۆچی لە پاش بڕیارەکەی پەرلەمان لە $2/23$ نەبرانەوە شوێنی خۆیان؟ کە بڕیاری دووەم ئەڵێ:دەستبەجێ ببرێنەوە شوێنی خۆیان، بە پێی ماددەی $11$ی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە، ئەبێ وەزیر لە کاتی پێویستدا، پشت بە ڕاوێژکار و یاساناس ببستێ، ئایا بەڕێز وەزیری پیشمەرگە بۆ ئەم حاڵەتە نائاساییە، بەو ئەرکە هەستاوە؟ لە حەوت دەرکەکەی وەزارەتی پێشمەرگە هەمووی باسی پاراستنی هەرێم

و سنووریەتی، باسی بەکارهێنانی پێشمەرگە بۆ هێزی ناوەخۆ بە هیچ شێوەیەك نەکراوە، ئایا لەم رووداوانە لە لایەن وەزارەتەوە، هێزەکانی پێشمەرگە ئاگادار کراونەتەوە لە سنووری، لە چوارچێوەی ئەو ئەرکانەی خۆیان؟، لە بڕیارە $17$ خاڵیەکەی $2/23$ هاتووە کە هێزەکان دەست بە جێ بگوازرێنەوە، بەڵام هەست دەکرا بە ئاڵوگۆڕ کردنیك لە شوێنە جیاجیاکاندا، من ئەڵێم وەزارەتی پێشمەرگە چەندە پەیوەندیدارە بەم حاڵەتەوە؟، ئایا بە بۆچوونی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە لە حیزب دەست تێوەردانی نەبوو لە وەزارەتی پێشمەرگە و هێزی پێشمەرگە؟، کۆتاییشم، کۆتایی خاڵم نوقتەی نیزامیە کە چەندە پەیوەندی بە جەنابی وەزیرەوە هەیە؟، لە $2/27$ بڕیار درا کە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە و ناوەخۆ و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئامادە بن، لە $3/1$ ئێمە رێکاری یاساییمان گرتووتە بەر پێش جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید، فەرموو.

**بەڕێز حمه سعید حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاش بەخێر هاتنی وەزیری پێشمەرگە، پرسیارێکی جیددی وەڵامی بداتەوە، جوولاندنی هێزی پێشمەرگە لە سەلاحیەتی کێیە؟، ئەو چەند رۆڵی بووە تیایدا و چەند ئاگادارە؟، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی دیکەش بە پێی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە، یاسای ژمارە $19$ی ساڵی $2007$، کە ئەرکەکانی دیاری کراوە، کە باسی پاراستنی سنوورەکان و رێ خەتەرە دەرەکییەکانە، بۆ چی لە کێشە ناوەخۆییەکاندا، هێزی پێشمەرگە بەشداری کرد؟ وەکو فەرماندەییەکانی کەلار و گەرمیان و شارەزوور و هەڵەبجەو سەید صادق و بتوێن و رانیە و کۆیە و چەمچەماڵ و شارەکانی تری دەوروبەری سلێمانی، کە ئەو هێزانە ئابلۆقەی ئەو شارانەیان دا و شارەکانی تریش، لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە، کە ئەوە پێچەوانەی یاسای پێشمەرگە خۆیەتی، خاڵێکی تر، تەقە کردن لە خۆپێشاندەران، لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە، لەو شارانەی کە باسمان کرد، پێچەوانە و پێشیل کردنی بڕیاری پەرلەمانە و یاسای پێشمەرگەیە و یاسای خۆپێشاندانە، بۆچی؟، خاڵێکی تر، لێدان و ترساندن و گرتنی خۆپێشاندەران و هاووڵاتیان لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە، وەك ئەوەی روویدا لە سەید صادق و کەلارو چەمچەماڵ و رانیەو شارەکانی تر، کە ئەمە بەڵگەنامەیەکە و چەند بەڵگەنامەیەکی تر لە لایەن هاووڵاتیانەوە کە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و رێکخراو و دەزگا پەیوەندیدارەکان کە باسی ئەو لێدان و گرتن و ئەزیەتدانەیە، خاڵێکی تر، ئەم بارە نائاساییەی کە ئێستا هێزی پێشمەرگە لە شارەکاندا، ئابلۆقەی شارەکانی داوە، کە بارێکی نا ئاساییە بە فیعلی، بۆ چی؟، خاڵێکی تر، بۆ چی هێزی پێشمەرگە لە ژێر ئەمری حزب و بەرپرسە حیزبییەکان دایە لە زۆربەی ناوچەکان و لەو شوێنەی کە پێشمەرگە ئابلۆقەی شارەکانی داوە؟ خاڵێکی تر بەراستی کە ئەمە ئەرکی سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانە، کە پێشمەرگە و وەزارەت، دیارە وەزارەت ئاگای لێیەتی، یان بە بێ ئاگایی ئەو، کە

ئەڵێن عوز لە قەباحەت خەراپتر بوو، بۆچی پێشیل کردنی هەندێ لە بڕیارەکانی ژمارە 1ی 17 خاڵی و، ژمارە 2ی هەشت خاڵیەکە و یاسای ئەحزاب و یاسای پێشمەرگەی خۆی خروقاتی کردووە و پێشیلی کردووە؟ لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەفرین حسین فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاش بەخێرهاتنی بەڕێز جەنابی وەزیر و، ئامادەبوونی بەڕێزیشیان بۆ جێبەجێکردنی خاڵێکی دیکە لە قەرارە 17 خاڵیەکەی پەرلەمانی کوردستان، ئەمەش جێگای خۆشحاڵیە، لەگەڵ ئەوەش کەوا هێزی پێشمەرگەی کوردستان تا ئێستا نەتوانراوە لە هێزێکی تەواوی یەکگرتوودا کە سەرجەم پێکهاتەکان لە خۆی بگرێ، بتوانێت دروست بکرێ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، بینیمان کە چۆن هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسەر سنووری هێزی جوگرافی کوردستان بوو و خۆیان گەیاندە ئەو سنوورانە کاتێك کە هەڕەشە لە لایەن عەرەبە شۆڤینیەکان و بەعسیەکانەوە هەبوو، توانیان دیفاع لە سنووری کوردستان بکەن، بەڵام پرسیارەکانی من لێرەدا ئەوەیە جەنابی وەزیر، لە ڕووداوەکانی 2/17 و بەدواوە و جووڵاندنی هێزەکانی زێرەڤانی بۆ سنووری پارێزگای سلێمانی، ئەو نێگەرانیەی کەوا هەیە زیاتر لەسەر جوولە پێکردنی هێزەکانی پێشمەرگەیە بۆ ئەو سنوورانە، پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا جووڵاندنی ئەو هێزە، یان با بڵێین هێزی پێشمەرگەی کوردستان، یان زێرەڤانی، بۆ بەدەنگەوە چوون یان بۆ بەدەنگەوە هاتنی سنووری کەرکووك و حەمرین و خانەقین و تا دوایی بوو، یانیش بۆ پاراستنی ئەمنیەت و ئاساییشی پارێزگای سلێمانی و دەورووبەری بوو؟، پرسیارەکەی دیکەم ئەوەیە، ئایا جووڵاندنی هێزەکان بۆ سنووری پارێزگای سلێمانی، لە ژێر فەرمان و دەسەڵاتی کێ دا بوو؟، لە دەسەڵاتی کێ دایە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، کاك بیلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحیم، وەڵا من پێش ئەوەی پرسیارەکانم ئاراستەی جەنابی وەزیر بکەم، پرسیارێکم هەیە بۆ جەنابی....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا ، پرسیارەکەت ئاراستەی ئەو بکە وەختت نیە رەجائەن، ئیستیجوابی وەزیر کراوە، ئیمزات کردووە، تکایە لە مەوزوع دەرمەچن و وەختەکەش دەڕوات، رەجائەن، نییە، پرسیارەکەت ئاراستەی ئێرە بکە، وەختەکەت تەواو بێت، داتدەنێم، عاجز مەبە، کەرەم بکە، گوڵێزار فەرموو.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، پرسیارێکم لە جەنابی هەیە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر ساغ بووەوە پێشیلکاریەکان لە لایەن هێزی چەکداری پێشمەرگە بووە، جەنابی وەزیر چ ئیجرائاتێك دەکات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەمال تاهیر فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، هەر دەزانین ئێمەش کە یەکێك لە ئەرکەکانی پێشمەرگە ئەوەیە دیفاع لە شەرعیەتی موئەسەساتی تەشریعی و تەنفیزی و قەزائی هەر وڵاتێك بکاتن، وا دیارە لە لای من وایە کە تا ئێستا هێزی پێشمەرگە بەو کارە هەڵساوە، من لێرە دەمەوێ جەنابی وەزیر خاڵێکم بۆ روون بکاتەوە، ئایا رۆڵی هێزی پێشمەرگە لە سەرەتای رووداوەکانی 2/17 تا ئەمڕۆ، چی بوو لە بواری سەقامکردنی وەزع و پاراستنی سەر و ماڵی خەڵکی هەرێمی کوردستان؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئیسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکەی من لە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە ئەوەیە، لە رووداوەکانی 2/17 بەدواوە، سەرپەرشتی هێزەکانی ناوەخۆشیان دەکرد، بە تایبەتی هێزی بەرگری و هێزی زێڕەڤانی کە ئەو دوو هێزە هەردووکیان سەر بە وەزارەتی ناوەخۆن، بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو دوو هێزە، وەکالەتی وەزارەتی ناوەخۆی هەبووە؟، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێر هاتنی وەزیری پێشمەرگە دەکەم، من بەس روونکردنەوەیەکم لە بەڕێزیان دەوێ، ئایا لە دوای رووداوەکانی 2/17، هیچ بازگەیەك لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگە دانراوە بۆ فشار خستنە سەر خۆپێشاندەرەکان؟، ئایا هێزی پێشمەرگە بەشدار بووە لەو بازگانە؟، مەبەستم لە دانانی بازگە، ئەو بازگانە

ئایا بازگە لە دەرەوە و ناوەوەی شار دانراوە، بۆ ڕێگە گرتن لە خەڵك بۆ ئەوەی بەشداری لە خۆپێشاندان بکات؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمەکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەمەوێ تێبینیەکانم لەو چەند خاڵە کورت بکەمەوە، سەرەتا ئەمەوێ بڵێم کورت کردنەوەی قەزیەکی وەکو ڕووداوەکانی $2/17$ و دواتر کورت کردنەوەی لە $3$ دەقەدا، وا بزانم بچووك کردنەوەی بابەتەکە زیاتر هیچ مانایەك ناگەیەنێ، مەفروز بوو کاتی زیاتر بدرێ بە ئەندام پەرلەمانەکان قسە بکەن، ئەمە یەکەمیان، دووەمیان، مەفروز بوو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، هاوکات لەگەڵ وەزیری پێشمەرگە ئامادە بووایە، چونکە ئێستا مەسئولیەت مەسئولیەتی تەزامونیە، هەر بەرپرسیاریەتیەك لە وەزیرێك هەبێ، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش پێوەی بەرپرسە، وا هەست دەکەم تەریك کردنی وەزیرەکان لە مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم دۆخە، شتێکی غەڵەتە و پێچەوانەش ئەوەستێتەوە لەگەڵ سیستەمی پەرلەمان، من ناپرسم لێرە لە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە، لەسەر ئەو ڕووداوانەی کە لە رابوردوو ڕوویاندا، چونکە تەوەرەکە لەسەر $17$ی شوباتە، بۆیە نایەمە سەر باس کردنی نان بڕانی زیاتر لە $1500$ کەس، یاخود هێنانی دەبابە بۆ شاری سلێمانی، بەڵام تەنها ئەو پرسیارانە لە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە ئەکەم لە دوای ڕووداوەکانی $17$/شوباتەوە، یەکەم، لە دوای $17$ی شوباتەوە تۆ چیت کرد بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە دابڕێت لە ململانێ سیاسیەکان؟، کامانەن هەنگاوەکانت؟، تۆ چیت کرد لە دوای $17$ی شوباتەوە بۆ دروست کردنی هێزێکی نیشتیمانی؟، بە تەواوەتی کە بتوانێ، ئایا بەڕێزتان لەناو وزارەتی پێشمەرگە، ئەم هێز جوولاندنە کە ئەمە بوویتە شتێکی ئاشکرا، تکایە ئاگادارمان بکەوە لەوەی کە ئایا ئەمە بە ئەمری حیزب کراوە؟، یاخود بە ئەمری سەرۆکایەتی هەرێم کراوە، یاخود بە ئەمری ئەنجومەنی وەزیران کراوە؟، ئەگەر بە ئەمری حیزب کراوە، من هیچ قسەیەك ناکەم وەڵامەکەی دەبێ هەر بۆ خۆت بەجێی بێڵم، ئەگەر بە ئەمری سەرۆکی هەرێم کراوە، ئەوە زۆر باشە بۆ ئەوەی بتوانین بەرپرسیاریەتیەکان دەستنیشان بکەین، ئایا ئەمە بە ئەمری سەرۆکی هەرێم کراوە؟ بە پێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، یاخود ئەمە بە ئەمری وەزارەتە؟، ئەگەر بە ئەمری وەزارەتیش ئەمە کردووتە، یاخود بە ئەمری ئەنجومەنی وەزیران ئەمە کردووتە، ئەمە پێشێڵ کردنێکی ئاشکرای سەرجەم یاسا پەیڕەوکراوەکانی هەرێمی کوردستانە، کە تۆ نابێ بەکار بهێندرێ، بەڕێزتان لە قسەکانی خۆتاندا، لەو بەشەی قسەتان باستان کرد، کە هەڕەشە هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان، من حەز دەکەم لێرە بە ئاشکرا پێمان بڵێ، ئایا خۆپێشاندان لە هەرێمی کوردستاندا بە هەڕەشەیەکی جیددی دادەنرێت لەسەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان؟، یاخود هەڕەشەیەکمان هەیە لە دەرەوەی ئەم ئەزموونەیە؟ بەڕاستی ڕەنگە بە شێوەیەك لە شێوەکان کاریگەری

هەبووبێت، پاشان، کێ حەقی داوە بە وەزارەتی پێشمەرگە کە بەشداری بکات لەم ململانێیە؟ کێ ڕێگەی داوە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بەشداری بکات لە یەکلایی کێشەکاندا؟ لە کاتێکدا ئەم کێشەی کە هەبووە، کێشەیەك نیە لە ململانێ لە نێوان هێزە سیاسیەکاندا بە قەد ئەوەی کە کێشەیەکە لە نێوان هاوولاتی و بەشێك لە دەسەلاتدا، یاخود لە حکومەتدا، یاخود لەگەڵ دەسەلاتدا بە شێوەیەکی گشتی بۆ گەیشتن بە داواکارییەکانیاندا، جا ئەگەر ئەمە بۆ کاری ململانێیە سیاسیەکان ناڕەوا بێت کە هێزی پێشمەرگە بەشداری بکات، جا ئەگەر ئەم وەزارەتە بێت و تەدەخول بکات لە ئیشێکدا کە پەیوەندی هەبێت لە نێوان هاوولاتیان و دەسەلاتدا، کۆتا پرسیارم لە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە، ئایا بەڕێزتان لە چ کاتێکدا لە پلانتان هەیە کە خۆتان دەست لەم کار بکێشنەوە؟، ئەگەر ڕێکەوتنامەیەکی سیاسی هەبێت لەسەر ئەم بابەتە، یاخود ئەگەر حکومەت ئیقالەی پێ بکرێت، یاخود خۆت دەست لە کار بکێشیەوە، من ئومێدەوارم هەڵوێستەکان، من داوا لە هاورێیەکانم ناکەم لەناو پەرلەماندا، کە کار بکەین بۆ متمانە لێ وەرگرتنەوە لە وەزیری پێشمەرگە، بەلام ئومێدەوارم ئەم هەنگاوە لە خودی وەزیری پێشمەرگە ببێنین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من دەمەوێت لەسەر راپۆرتی لێژنەی ناوەخۆ و ئاسایش، ئاماژە بە خاڵێك بدەم، کە ئەم راپۆرتە لە بەرواری 2011/2/22 نووسراوە، کۆبوونەوەك کراوە لە نێوان لێژنەی ناوەخۆ و لەگەڵ وەزیری ناوەخۆ و دەبوایە لەو کۆبوونەوەیە، بەڕێز وەزیری پێشمەرگە ئامادە بووایە، بەلام لە راپۆرتی لێژنەکەدا هاتووە، دوای ئەوەی کە موناقەشە و گفتوگۆ کراوە لەگەڵ وەزیری ناوەخۆ، پاساوەکانی ئامادە نەبوونی وەزیری پێشمەرگە، جگە لە لایەن لێژنەکەیانەوە، لێژنەی ناوەخۆ پەسند نیە، دەبوایە ئامادە بێت، ئاماژەیان بەوە نەداوە پاساوەکانیان چیە، من حەز دەکەم لێرە وەکو پرسیارێك ئاماژەی بەڕێزیان بکەم، دوای ئەوەی کە 17ی مانگ لەگەڵ 22ی مانگ، پێنج رۆژیان فەرقە، ئەو کات کە بارودۆخێکی ناهەموار هەبووە، گرژییەکان لەو پەڕی ئاڵۆزی بووینە، خەڵك شەهید بووە، خەڵك بریندار بووە، ئەو پاساوانە چین کە جەنابی وەزیر نەیتوانیوە ئامادە بێ؟، هەر لەو راپۆرتەدا، سەبارەت بە وتەکانی وەزیری ناوەخۆ، ئاماژەی بەوە کردووە هێزەکانی زێرەڤانی، بە تەنسیق و بڕیاری حکومەت نێردراوە بۆ سلێمانی بە مەبەستی پاڵپشتی کردنی هێزەکانی ناوەخۆ، لەوێ خراونەتە ژێر فەرمانی وەزیری پێشمەرگە، ئایا بەڕێز وەزیری پێشمەرگە ئاگاداری ئەوەیە ئەو هێزانە جوولێنراون بۆ سلێمانی؟، لە کاتێکدا سەرۆکی حکومەت ئاگاداری ئەوە نەبووە، ئەگەر لە ژێر فەرمانی ئەودا بووینە، دیارە بە هاوبەشی بووە لەگەڵ ئەو هێزانەی تر کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەی بووینە، بۆیە ئەمەش بەرپرسیارییەتییەکی گەورەش ئەکەوێتە سەر وەزیری پێشمەرگە، بەو پێیەی کە لەو کاتەدا چەندان خەڵك کوژراوە و بریندار هەبووە، ئیجرائاتی چی

هەبووە لەو کاتەدا، ئەگەر ئەو بەرپرسی ئەو هێزانە بووە؟ چۆن فەرمانی دەرکردووە بۆ ئەم هێزانە کە مامەڵە بکەن لەگەڵ خەڵك؟، لە چاوپێکەوتنێکی هاووڵاتیدا، کە ئەمە وێنەکەیە، بەڕێز وەزیری پێشمەرگە باس لەوە دەکات، کە گۆڕان بەرنامەی پەلاماردانی بانك و فەرمانگەکانی حکومەت و کۆمپانیا و حیزبەکانی هەبووە، ئەوە قسەی من نیە، قسەی بەڕێز وەزیری پێشمەرگەیە، من حەز دەکەم وەکو پرسیارێك بۆ جەنابی وەزیری پێشمەرگە و وەڵامیشمان بداتەوە، ئایا ئەگەر بەڵگە و مەعلوماتی لایە، پێم باشە لێرە بیخاتە روو بۆ ئەوەی هەم پەرلەمانتاران و هەم هەموو خەڵکی کوردستانیش بزانن، ئایا ئەو هێزە بە چ بەرنامە و ئالیەتێك هەوڵی داوە فەرمانگە و بانك و فەرمانگەکانی حکومەت و کۆمپانیاکان پەلامار بدات، لە کاتی دوای رووداوەکانی $17$ی شوبات، ئەگەر بەڵگەی لا نیە، بەراستی ئەوە تووشی بەرپرسیاریەتیەکی یاسایی دەبێت بۆ ئەوەی کە تۆمەتی بزووتنەوەیەکی سیاسی دەبێت لە کوردستان، پرسیاری کۆتاییم ئەوەیە، بەڕێز جەنابی وەزیری پێشمەرگە، ئایا ئەو هێزانەی کە پاسەوانی بارەگا حیزبییەکان دەکەن، لقە، مەڵبەندە، کۆمیتەیە، ناوەندە، ناوچەیە، ئایا ئەم هێزانە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن؟، ئەگەر سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن، ئیجرائات چی کراوە بۆ ئەو کەسانەی کە تەقەیان لە خۆپێشاندەران کردووە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیام خان فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە دەکەین، من پرسیارێکم هەیە بۆ بەڕێزیان ئەوەیە، ئایا ئەو هێزانەی کە هێنراون بۆ کەلار، لە ژێر فەرمانی ئەو بووە؟، بە ئەمری ئەو هێنراون بۆ کەلار؟، ئەو کوچە و کۆڵانانەی کە هەموو کەلار هێزی پێشمەرگەی لێبوو، هەموو ئەو شارە ئابلۆقە درابوو بە هێزی پێشمەرگە، ئایا ئەو فەرمانی کردووە؟ بۆ ئەوەی ئەو خۆپێشاندانەی کە لە کەلار ئەکرێ، ئەوەندە خەتەری هەبووە لەسەر هێزی پێشمەرگە، کە ئەو هەموو هێزە و ئەو هەموو چەکە هاتووە بۆ کەلار، باسی ئەوە ئەکەم، پرسیارێکی تر، ئەو هێزەی کە هێنرا بۆ سلێمانی، ئایا وەکو بەڕێزی کە هاورێکانم باسیان کرد، کە سەرۆکی حکومەت ئاگای لێ نەبوو، ئایا وەزیری پێشمەرگە خۆی چەند ئاگای لە جووڵانی ئەو هێزە هەبووە، پرسیاری کۆتاییم ئەوەیە، ئەو هێزی پێشمەرگە تاوەکو ئێستا لە ئینزاردان، ئەو پێشمەرگانەی کە چەندین جارە تەلەفۆنمان بۆ ئەکەن و پەیوەندیمان لەگەڵدا ئەکەن، کە وەزعێکی زۆر خەراپیان هەیە، لە ئینزاردان، ئایا وەزعی کوردستان، ئەم خۆپێشاندانە وا ئەکات هەموو هێزەکانی پێشمەرگە لە کوردستاندا لە ئینزاردابن؟ بۆیان نەبێت دابەزن و تەنها یەك رۆژیان هەبێ، هەندێکیان لە سلێمانی و لە ناوچە دوورەکان کە ئەگەڕێنەوە بۆ گەرمیان، هەر تەنها ئەوان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سێوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان پرسیارم هەیە، جوولەی هێز لە هەولێرەوەبۆ سلێمانی، ئایا لە دەسەڵاتی کێیە؟، وەزیری ناوەخۆ؟، سەرۆکی حکومەت؟، سەرۆکی هەرێم؟، یان جێگری سەرۆکی یەك لە حیزبەکان؟، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە دەسەڵاتی وەزیری پێشمەرگەیە، هەر کام لەوانە ئەگەر جوولەی هێزیان کردبێ، حەق وا بوو وەزیری پێشمەرگە هەڵوێستی هەبێ و مەوقیفی هەبێ، بۆ خۆی مادام دەسەڵاتی ئەوە، پێشێلی دەسەڵاتەکە و مافەکەیان خواردیە، پرسیارێکی دیم هەیە، تاکو ئێستا ئەوانەی تەقەیان کرد لە هێزی پێشمەرگە تاکو ئێستا نەگیراینە، ئەو هێزەی لە کەلارە کە تەماشای کەلار دەکەی، تێدەگەی مەعەسکەرە و وا تەصەور ناکەی شارە، تەبعەن هێزێك هەیە پێی دەڵێن هێزی دژە تیرۆر، هێزی دژە تیرۆر لە ناوەکەی دیارە دژی تیرۆرە، بەڵام من پێی دەڵێم هێزی دژی خەڵکی خۆپێشاندەر و ڕاگەیاندن و دەشیسەلمێنم، هێزی دژە تیرۆر، دژە خۆپێشاندەر ئەوەیە کە خەڵك دەگرن و لە خەڵك دەدەن و خەڵك ئازار دەدەن، بزریان دەکەن و دواییش ئازادیان دەکەن بەهەر شێوەیەك بێت، ئەوە یەك دژی خۆپێشاندەر، ئەگەر دژی ڕاگەیاندنیشە، ئەو هێزە، تەبعەن کەناڵی نالیا هەموو کەسێك دەزانی کە ئەو هێزە سووتاندی، ناوەکانیشیان دیارە و ڕێژەی سووتان و ئەوانە هەمووی لە لامانە، ئایا وەزیری پێشمەرگە جەنابی کو تەعامول دەکات لەگەڵ ئەو هێزە و سەر بە کێیە؟، کەس نازانی، یەك پرسیارم مایە، ئەوانەی خەیمەکانی سەرای ئازادیان سووتاند، ئەوەی خەیمەی سەرای ئازادیان سووتاند لە سلێمانی، پاسەوانی کێڵگەی نەوتی شیواشۆکن، نازانم ئایا پۆلیسن یان پێشمەرگەنە؟ ئەگەر پۆلیسن ئەوە قسەمان لەسەری نیە، چونکە پەیوەندی بە وەزیری پێشمەرگە نیە، پەیوەندی بە وەزیری ناوەخۆ هەیە، ئەگەر پێشمەرگەنە، ئایا مەوقیفی وەزیری پێشمەرگە چۆنە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئیتیهامی کەس مەکەن، شەرحی خۆتان بکەن و پرسیاری خۆتان بکەن و بەسەر چاو، عظیمة نجم الدین فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا ئەمەوێ لە خاڵێکەوە دەست پێ بکەم کە وشەی پێشمەرگە، هەمووومان ئەزانین کە یەکێکە لەو سونبولانەی کە کوردی پێ ئەناسرێ و پێشمەرگە پارێزەری خاك و نیشتیمان بووە، بەڵام ئەمڕۆ بەداخەوە لە کوردستاندا، ئەو پێشمەرگەیە کە جاران خەڵك سوێندی بەسەر ئەخوارد، کە ئێستا کەوتووتە ژێر دەستی دوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە شانازی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و ئەو دەستکەوتە گەورانە ئەکەین، بەڵام بەداخەوە، ئێمە

ئەبوایە کاتێك شانازیمان بە دەستکەوتە کوردیەکانمان بکردبایە، یەکێك لەو دەستکەوتانە لە هەرێمی کوردستاندا پێش هەموو کارێك کە بیکردبایە، یەکخستنی هێزی پێشمەرگە بوایە، وەزیری پێشمەرگە من یەك پرسیارم لێی هەیە، تا چەند توانیویەتی لە چوارچێوەی کارەکانی خۆیدا، هەوڵی ئەوەی داوە کە لە هەرێمی کوردستاندا، جگە لە وەزارەتی پێشمەرگە و هەوڵی داوە کە هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەك بخاتەوە، مادام ئێمە حکومەتێکمان هەیە بەناوی حکومەتی کوردستان، جگە لەو حکومەتە و لەو وەزارەتە، هەموو ئەو هێزانەی تر کە لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگەن، تا چەند مانەوەیان پێم وایە زیان ئەگەینێ بە وەزارەتی پێشمەرگە و ئەم دوو هێزە ، ئیحتیماله بۆ هەندێ کات کۆنترۆڵ لە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگەشدا نەبێت، من بۆیە لێرەوە داواکارم، وەزیری پێشمەرگە کار لەسەر ئەوە بکات کە هەموو هێزەکانی پێشمەرگە و هەموو ئەو هێزانەی کە هێزی پێشمەرگەیە لە هەموو لایەنە سیاسیەکان کۆ بکرێتەوە لە چوارچێوەی یەك وەزارەتدا و هیچ هێزێکی تر لە هیچ کاتێکدا بە تایبەتی هێزی پێشمەرگە تەنها بۆ پاراستنی خاك و نیشتمان بێ، نەك تەنها بۆ جوولاندنی هێز بۆ هێزێکی تر، لەبەر ئەوەی کورد هێزی پێشمەرگە خەباتی کردووە بۆ ئەوەی کە رۆژێك لە رۆژان ئەم هەرێمە بپارێزێت، نەك تەنها بۆ ئەوەی کە خاك و میللەتەکەی خۆی ئازار بدات و پەلاماری دام و دەزگا، یان خەڵکی خۆپێشاندەری وڵاتەکەی خۆی بدات، بەداخەوە ئەمڕۆ ئەبینین هێزی پێشمەرگە بڵاوەی پێکراوە لەناو شار و شارۆچکەکاندا، بەناوی ئەوەی کە خۆپێشاندان هەیە، بۆ پاراستنی، من پێموایە ئینکاری هێزی پێشمەرگە ئەوەیە کە لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان بتوانێ لە دەرەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە زۆر جار ئەڵێین هەرێمەکەمان لە ژێر مەترسیدایە، ئەو هێزە بەکاربهێندرێ بۆ پاراستنی کوردستان نەك بۆ پاراستنی ئەوە، ئێمە هێزێکی ترمان هەیە بەناوی هێزی ناوەخۆ، هێزەکانی ئاساییش و پۆلیسن، ئەوانە ئەرکیان پاراستنی ناوەوەی هەرێمی کوردستانە، ئێمە بە پێی یاسای خۆپێشاندانیش بێ، پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان و پۆلیسمان داناوە بۆ پاراستنی خۆپێشاندەران لە کاتی رووادنی ئەو حاڵەتانەی کە رووبەرووی هەندێ حاڵەتی نا ئاسایی ئەبینەوە، بەڵام ئەمڕۆ ئەبینین ئەو بڕیارانەش کە لە پەرلەماندا دەرکراوە، پێشێل ئەکرێ، هێزی ئاساییش و هێزی پێشمەرگە و هێزی زێرەڤانی و هێزی دژە تیرۆر و هەمووی دەستی هەیە لەوەی کە.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێکی زۆری قسەکانی من کرا، ئەوەی ماوەتەوە لە راستیدا من لە بەڕێز جەنابی وەزیری پێشمەرگە ئەپرسم، ئێستا کە قسە ئەکەین لە کەلاردا و لە زۆر ناوچەی تری کوردستاندا، بەڵام زیاتر من ئاگام لە کەلارە، هێزێکی بێ شومار لە کەلاردایە، ئەو هێزە قەناسیان پێیە و بێکەیسیان پێیە، دۆشکەیان پێیە و

تۆپی 106یان پێیە، سەیارەی جام ڕەش و ئەوانەیان پێیە کە هەموو ئەوانە لەگەڵ بڕیارەکانی پەرلـەمانی کوردستاندا ناکۆکە، بە داخەوە لە هەمووی سەیرتر بەشێك لەو هێزانە لە ڕەبیە بەرزەکان کـە کـاتی خـۆی ڕژێمی عیراقی بەرامبەر بە کورد بەکاری ئەهێنا، بەرامبەر بە خەڵکی ناوچەکە، واتـا بـە شـێوەیەکی گشـتی هێزێك لە کەلاردایە ئێستا ئەو هێزە لەراستیدا هەست دەکەی بـۆ سـەر کـوت کـردن هـاتووە، نـەك هەسـت دەکەی، بەڵکو 100٪ وایە، من پرسیارەکەم ئەوەیە، لە جەنابت ئەپرسم و حەز دەکەم وەکو خـۆی بیـزانم، هۆکاری هێنانی ئەو هێزە مەترسیدارە بەو هەموو ئەسلیحە قورسەوە چییە؟، ئایا هێزێك لە کەلاردا هەیـە ئەوەندە خەتەر بێ لەسەر ئاسایشی کوردستان؟، ئەگەر هەیە پێمان بڵێن بۆ ئەوەی پێکەوە وەکو پەرلـەمان هەڵوێستێکی توندیان بەرامبەر وەربگرین، لەم وڵاتـە شـار بـەدەریان بکـەین، وڵات بـەدەریان بکـەین ئەگـەر هەیـە، ئەگـەر نیـە، ئایـا جـەنابت وەکـو وەزیـری پێشـمەرگە، تـۆ قبوڵتـە هێزێـك کـە بەداخـەوە بەشـێکیان عەرەبن، یەعنی نایاناسین، خەتەرەکە ئەوەیـە کـە ئـەوە عەرەبـە و هاوزمـانی خـۆی نیـە و نـاتوانێ قسـەی لەگەڵ بکات، گفتوگۆی لەگـەڵ بکـات، ئایـا تـۆ قبوڵتـە ئـەم هێـزە بێـت کـەلار و خـەڵك شـەهید بکـات وەکـو کردیان؟، ئایا قبوڵتە هێزی پێشمەرگە ئەو ناوە پیرۆزە. بێتە گەرمیان (30) کەس بریندار بکـات، قبووڵتـە ئێستا کە قسە دەکەین ئەو هێزە بەو سەرپێچییە گەورەوە لەگـەڵ بڕیارەکـانی پەرلـەمان دا ئـەم هێـزە لـە کەلاردا بمێنێتەوە؟ هیوادارم هەڵوێستی خۆت بە وازحی بڵێ ی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شاهۆ سعید، کەرەمکە.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی بەڕێز، لە ڕاستی دا کارەساتێکی گەورەیە وەزارەتـی پێشـمەرگەی هـەرێمی کوردسـتان، کـە مەفرووزە ئەو تەشکیلاتە چەکدارانەی کە لە خۆی دەگرێ ڕۆڵی سوپای نیشتمانیی کوردسـتان ببـینێ، ئـەم وەزارەتە تێـوەگلابێ لـە داپلۆسـینی هاووڵاتیـانی خـەڵکی کوردسـتان، تێـوەگلابێ لـە ململانـێ سیاسـییەکانی کوردستان، ئێستا من ئەو زانیاری و ئەو پرسیارانە دەخەمە ڕوو کە هەموو ئەم قسەیەی من دەسەلمێنن، لە ڕۆژی (1/30) بەدواوە، هەرێمی کوردستان بارێکی نائاسایی، واتا حاڵەی تاریئی تێدا ڕاگەیێنراوە، وەزارەتی پێشمەرگە بەشێکە لەو جیهەتەی کە باری نائاسایی لە هەرێمی کوردستان دا جێبـەجێ دەکـات، جووڵانـدنی هێز، جووڵاندنی دەبابـە، بـڵاو کردنـەوەی قـەناص، بڵاوکردنـەوەی (106)، دۆشـکە لـە نـاو شـارەکان دا، لـە نێـوان شـار و شارۆچکەکان دا، ئـەوە ئـەو دیمەنەیـە کـە هاووڵاتیـانی کوردسـتان ڕۆژانـە بـە چـاوی خۆیـان دەیبیـنن، چـەندین گرتـەی ڤیـدیۆیی هەیـە کـە ئـەو ڕاسـتیە دەسـەلمێنێ، بـەڕێز وەزیـری پێشـمەرگە لـە چاوپێکەوتنێکی ئاوێنە لە (2/1) دواتر، چاوپێکەوتنێکی هاووڵاتی لە (2/23)دا باس لەوە دەکات کـە ئـەو هێزانە بۆ ئەوە جوولێنراون، بۆ ئەوەی بارەگای سەرۆکایەتی حکومەتی هـەرێمی کوردسـتان و نووسـینگەی سەرۆکی حکومەت و بانکەکان بپارێزن لە تالانچی و لە خەڵکی ئاژاوەگێڕ، بەڕێز وەزیری پێشمەرگە ئەوەی

كە كەوتە بەر مەترسی، ئەوە نە نووسینگەی سەرۆكی حكومەت بوو، نە بانكەكان بوو، ئەوەی كە سووتێنرا كەناڵی KNN بوو لە هەولێر، ئەوەی كە سووتێنرا بارەگای نالیا بوو، بارەگاكانی ئۆپۆزسۆن بوو لە هەولێر، ئەوەی كە كوژرا، ئەوەی كە شەهید كرا فەرمانبەری نووسینگەی سەرۆكی حكومەت و فەرمانبەرەكانی بانكەكان نەبوو، بەڵكو بیلال بوو، گەرمیان بوو، زمناكۆ بوو، شێرزاد بوو، ڕێژوان بوو، سووركێو بوو، ئەوانە بوون كە لە بارەگاكانی حیزبە دەسەڵاتدارەكانەوە تەقەیان لێ كرا، ئەركی هێزە نیشتمانییەكانی كوردستان ئەوەیە هاووڵاتیانی خەڵكی كوردستان بپارێزی، نەك بارەگاكان بپارێزێ، باس لە زانیاری وەهمی بكات سەبارەت بەوەی كە خەتەر لەسەر بارەگاكانی دەسەڵات هەیە، ئەوە كە ئێستا لەبەردەم مەترسی یە هاووڵاتیانی كوردستانە، حیزبە دەسەڵاتدارەكان نیە، مەفرووزە ئەگەر هێزە چەكدارەكانی كوردستان تەدەخول بكەن، تەدەخول بكەن لە بەرژەوەندی خەڵكی كوردستان، تەدەخول بكەن بۆ پاراستنی خوێنی هاووڵاتیانی كوردستان، ئینزار تاوەكو ئەو لەحزەیە بەردەوامە، من زانیاریم لایە چەندین پێشمەرگە فیراری كردووە، فیرار لە هێزی پێشمەرگەدا دروست بووە، پێشمەرگەی وا هەیە یەك مانگە ماڵ و مناڵی خۆی نەبینیوە، ئەو ئینزارە بۆچی؟ چ خەتەرێك لەسەر هەرێمی كوردستان هەیە؟ بۆ باسی ئەو خەتەرە ناكەن؟ بۆ باس لەو لایەنە دەرەكی یە ناكەن كە دەیەوێ كوردستان داگیر بكات؟ تا ئێستا فەوجەكانی (1)، (3)، (4) لە قلیاسان جێگیر كراون لە بارەگای كۆنی وەزارەتی پێشمەرگە، ڕۆژانە ئەو فەوجانە دێتە ناو شاری سلێمانی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك سەرهەنگ، كەرەمكە.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، دیارە قسەكانی من زۆربەی هاوڕێیانم كردیان، من ئەو قسانە دووبارە ناكەمەوە، تەنها تەئكید لەسەر ئەوە دەكەمەوە كە لە ماوەی ڕابردوودا لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە، بە داخەوە توند و تیژی بەرامبەر بە هاووڵاتیان بینرا لە چەند ناوچەیەك، لەوانە لە سەید سادق، لە هەڵەبجە، لە گەرمیان، لە ناوچەكانی تر، ئەوە بە زەقی پێشێل كردنی هەم یاسای خۆپیشاندانە، هەم بڕیاری ژمارە (2)ی پەرلەمانی كوردستانە كە لەم پەرلەمانە بەڕێزە چەند ڕۆژێ لەمەوپێش دەرچوو، ئەو قسانەی برادەرەكانم كە كردیان من پشتیوانی لێ دەكەم، من ئەوەی شتێك كە ئیزافەم بێ ئەوەیە، ماوەیەك لەمەوپێش دەزگای دژە تیرۆر ڕایگەیاند كە ئەوان سەر بەهێزی پێشمەرگەی كوردستانن، سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن، ئێمە سووتاندنی كەناڵی نالیامان لەبەرچاوە، ئەوان كۆمەڵێك بەڵگە و دۆكیومێنتی گرنگیان لایە لەسەر سووتاندنی كەناڵەكەی خۆیان، ئەوەندەی من ئاگادار بم، ئێمە یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرمان هەیە لە كوردستان، ئەوەندەی من تێگەیشتبم سووتاندنی كەناڵی نالیا وەكو موئەسەسەیەك كە خاوەندارێتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەشخاص، ئەوە مادده (1)ی یاسای ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆری بەسەر تەتبیق

دەبێ، ئایا دەزگای دژە تیرۆر بەڕێز جەنابی وەزیر ئاگای لێ بێ، چیان کردووە بۆ دۆزینەوەی ئەو تاوانبارە و دانیان بە دادگا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرگوڵ، کەرەمکە.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی دیاری کردنی سێ دەقە بۆ قسەکردن بۆ هەر پەرلەمانتارێك بەڕای من.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە پرسیارەکان بکە، وەختت لێ ڕۆیی، ئەوە 3 دەقەیە.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی پەرلەمانتاران فریای پرسیارەکان ناکەون، ئەم دانیشتنەش بۆ ئەوەیە پەرلەمانتاران پرسیاری خۆیان بکەن، پرسیارەکەی من لە وەزیری پێشمەرگە سەبارەت بەوەی کە جووڵاندنی هێز بۆ سلێمانی کە لەو کاتە لە دوای (2/17)ەوە، ئێمە دەزانین بە پێی یاسای خۆپیشاندان ئەو هێزەی کە ئەرکی بڵاوە پێکردنی خۆپیشاندەران و ئەوانەیە، پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانە، ئایا ئێوە وەکو وەزارەتی پێشمەرگە هەستتان بەوە کرد کە خەتەرێ هەیە لە سلێمانی هێزەکانتان جووڵاند؟ ئەو هێزەی کە باس دەکرا بەرەو سلێمانی ڕۆیی، هێزی زێرەڤانی بوو، بە پێی ئەو قانونەی وەزارەتی پێشمەرگە، هێزی زێرەڤانی یەکێکە لە پێکهاتەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، بەڵام ئێستا ئێمە دەبیستین دەوترێ هێزی زێرەڤانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە، لە یاسای وەزارەتی پێشمەرگە لە برگەی پێکهاتەی وەزارەتدا باسی دەکات دەڵێ/ پێکهاتەکانی نیزامی زێرەڤانی هەرێم بە پەیڕەو ڕێك دەخرێ، ئەوە لە یاساکەدا هاتووە، ئێمە دەمانەوێ بە وازحی وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەست کەوێ، هێزەکانی زێرەڤانی لە ژێر بڕیاری وەزیری پێشمەرگەدا بەرەو سلێمانی جووڵێنران، یان ئەوانیش ئاگادار نەبوون؟ دوایی خرانە ژێر ئەمری ئەمەوە، پرسیارێکی تر سەبارەت بە یەك نەخستنی هێزەکانی پێشمەرگە، ئەوەی کە ئێمە دەیبیستین لە زاری بەرپرسان و حکومەتەوە کە دوو ئیدارەیی هەیە ئێستاش لە هەرێمی کوردستان دا، وەزارەتی پێشمەرگەش وەکو یەکێ لەو وەزارەتانەی کە تا ئێستا یەك نەخراوەتەوە، ئایا وەکو وەزیری پێشمەرگە پلانی بەڕێزیان چی یە بۆ ئەوەی کە ئەو وەزارەتە یەك بخرێتەوە؟ خاڵێکی تریش، ئێمە لە پێشووتر لە پەرلەمان دا یاسایەکمان پێشکەش کرد بۆ قەدەغەکردنی ڕێکخستنی حیزبی لە ناو پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایش دا، پێشتر بەو تەبریرە دەوترا لە یاسای ئەحزاب دا ئەو خاڵە هەیە، کە دەبێ هێزەکانی پێشمەرگە لە ڕووی ئینتیمای سیاسییەوە بێ لایەن بن، ئایا جەنابیان وەکو وەزیری پێشمەرگە چ هەوڵێکیان داوە بۆ ئەم حاڵەتە؟ ئێمە دەزانین کە هێزی پێشمەرگە پێکهاتەی ئەو دوو حیزبەیە، حیزبەکانی تر لە ناو هێزی پێشمەرگە بە

برِێکی کەم وجوودیان هەیە، دوای ئەوەی کە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان بڕیارمان دەرکرد بۆ ئەوەی هێزە جووڵە پێکراوەکان بگەڕێنەوە، بەلآم لە دوای ئەو بەروارەش ئێمە هەستمان کرد کە هێزەکان ماونەتەوە، بەو تەبریرانەی کە پەرلەمانتارانی بەو تەئریخانە کە پێشکەشیان کرد، ئایا وەلآمی جەنابی وەزیر چی یە بۆ ئەوەی کە ئەو بڕیارەی جێبەجێ نەکردووە؟ ئەو هێزانەی ئەمری پێ نەکردوون بگەڕێنەوە، حالەتی ئینزاری هێزەکانی پێشمەرگە باس کرا، ئەوەی ئێمە دەبینین هەتا ئەمڕۆش، ئەم لەحزەیەش کە ئێمە قسەی تیا دەکەین، هێزەکانی پێشمەرگە لە ئینزاردان، زۆربەیان سکالآی ئەوەیان هەیە کە ناتوانن بە پێی پێویست لە حالەتی ئیعتیادی خۆیان دا بژین، ئەوە خالێکی گرنگە، ئایا هەست دەکرێ هەرێمی کوردستان لە حالەتێکی وایە کە هەموو هێزەکان بخرێتە ئینزارەوە، یان پێویست بەوە ناکات......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سمیر سلیم، کەرەمکە.

**بەڕێز سمیر سلیم أمین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بە پێی مادده (2) برگە (2) لە یاسای وەزارەتی پێشمەرگە، یەکێك لە ئەرکەکانی پێشمەرگە بریتی یە لە پاراستنی سیستەمی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان دا، واتا هەر کاتێك ئەگەر جووڵەیەك، یان ئیجرائاتێك لە هەرێمی کوردستان دا کرا، سیمای دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان دا، سیستەمی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان دا ئاراستەیەکی پێچەوانەیی وەرگرت، ئەو کاتە سوپا تەدەخول دەکات بۆ سنووردار کردنی ئەو ئیجرائاتە، یان ئەو جووڵەیە کە لە هەرێمەکەمان دا هەیە، بەلآم ئایا خۆپیشاندان جووڵەیەکی دیموکراتی نیە لە هەرێمی کوردستان دا؟ ئایا خۆپیشاندان و ئۆپۆزسیۆن بوون بەشێك نین لە سیستەمی دیموکراتی لە دونیا دا؟ لە کاتی ئیجرائاتی حکومەت دەزگا ڕەسمییەکان، هێزە ئەمنییەکان لە هەرێمی کوردستان دا بەرامبەر بە هاوولآتیان و خۆپیشاندەر کە ئیجرائاتی ئەمنی کرا، خەڵکی تیا شەهید کرا، ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە لە بەرگری کردن لە هاوولآتیانی خۆپیشاندەر، نەهێشتنی بەکار هێنانی ئیجرائاتی ئەمنی بەرامبەر هاوولآتیانی خۆپیشاندەر چی بوو؟ یەکێکە لەو پرسیارانەی ڕوو لە وەزارەتی پێشمەرگە دەکات، چونکە بەڕاستی شێوازی مامەڵە کردنی دام و دەزگا ئەمنییەکان و حکومەت لەگەڵ هاوولآتیانی خۆپیشاندەر دا لە هەرێمی کوردستان دا، بریتی بوو لە ئیجرائاتێکی قەسری، بریتی بوو لە سڕینەوەی سیمایەکی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان دا، دەبوو سوپای ئەم هەرێمە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، هێزی ئەمنی و دەزگای ئەمنی و حکومەتی سنووردار بکردایە لە بەکار هێنانی هێزی بێ مەعنا بەرامبەر بە هاوولآتیان، یەکێکە لەو پرسیارانەی کە من ئاراستەی بەڕێز جەنابی وەزیری دەکەم، کە بەڕاستی ئەو ڕۆڵەی کە بینیمان لە هێزی پێشمەرگە، نەك دیفاعی لە خۆپیشاندەران نەکرد، لایەنگری پێوە دیار بوو، پرسیارێکی ترم لە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە، بێ لایەن بوونی سوپا و چەك، یەکێکە لە سیماکانی نیشتمانی بوونی سوپا، نیشتمانی بوونی ئەو چەکە، بەلآم بینیم، دیارە خۆپیشاندانیش بەشێکە

لەو ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتییەی لە ناو سیستەمێکی حوکمڕانی دا ڕوو دەدات، لەم خۆپیشاندانەدا یەکێك لە سیماکانی نیشتمانی بوونی چەك و سوپا خرایە ژێر پرسیارەوە، لایەنگری هێزی پێشمەرگە بوو لەناو مەسەلەی خۆپیشاندانەکان دا، بۆچی هێزی پێشمەرگە لایەنگری خۆی، بێ لایەنی خۆی لە دەست دا، بووە لایەنگری هێزێك لە هێزە ململانێکەرەکانی هەرێمی کوردستان، پرسیاری سێهەم، کە ئاراستەی بەڕێزیان دەکەم، خۆپیشاندان مافێکی دەستووری یە، مافێکی یاسایی یە لە هەرێمی کوردستان دا، لەم پەرلەمانە قانونی بۆ دەرچووە، بۆچی ئەو خۆپیشاندانە بووە مەترسی لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە، هەتا وەکو جووڵەی پێ بکرێ، لایەنگری پێ بکرێ، ئیجرائاتی عەسکەری بەرامبەر هاووڵاتیان بکات لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

صباح بیت الله، کەرەمکە.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم خاڵە ئاراستەی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە جەنابی شێخ جەعفەر دەکەم، ئەویش ئەوەیە، دەربارەی جووڵاندنەوەی هێزی پێشمەرگە کە زۆر باسی لێوە دەکرێ، کە بە چ بڕیارێك بووە؟ بەڕێزیان ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو بابەتە بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نەریمان عبدالله، کەرەمکە.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز جەنابی وەزیری پێشمەرگە، ئەوە دوو کابینەیە لەو شوێنە وەزیری پێشمەرگەیە، واتا ماوەیەکی زۆر زۆری لەبەردەست دابوو کە بتوانێ کۆمەڵێك چاکسازی بکات، بۆیە دەبوایە بە پێی یاسا کاری بکردایە، من کۆمەڵێك یاسا پێشێلکاری لەلایەن وەزارەتەکەی جەنابییانەوە دەخەمە پێش چاو، داواکارم کە دوای ئەو یاسا پێشێلکاری یە، خۆی دەست لە کار بکێشێتەوە، یەکەم/ ماددەی (47) لە یاسای (38)ی ساڵی (2007) کە دەڵێ: نابێ چالاکی حیزبی لە نێوان هێزەکان و ڕێزەکانی پێشمەرگە دا ئەنجام بدرێ، یاسای دووەمی ژمارە (17)ی ساڵی 1993، ماددەی (12) و ماددەی (15)، یەکێکیان قەدەغەی کاری حیزبی دەکات لە ناو هێزی پێشمەرگە، کە تاوەکو ئێستا هەیە، تەنانەت هێزی پێشمەرگە مەڵبەندی هەیە، یاسای ژمارو (15)ەکەی، هێزی سەربازی یان نیمچە سەربازی و هێزی چەکداری دەرەوە قەدەغە دەکات لە هەموو حیزبەکان، کە تاوەکو ئێستا لە جاددەکان دا دەیبینن و بە وێنەوە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە من پێشکەشی دەکەم، بە CDش پێشکەشی دەکەم، ئەوانە CD پێشێلکاریەکانی هێزی پێشمەرگە و ئاسایشن کە لە سنووری گەرمیان ئەنجامیان داوە، پێشکەشی دەکەم، (106) و دۆشکەی چواردە و نیو، دوانزە و نیو تێدا

هاتۆتــە ســەر خــەڵك، هــەروەها بیجگــە ئــەو دوو یاسـایە لــە برِگــەكانی برِیـاری ژمـارە (1)ی پەرلــەمانی كوردستان، كە لە رِۆژی (2011/2/23) بە حەڤدە خاڵەكە ناسێنراوە، دەرچووە، لەو رِۆژەوە تاوەكو ئێستا وەزارەتەكەی بەرِێزیان برِگەی (2)، برِگەی (5)، برِگەی (6)، برِگەی (10) بە بەدەوامی لە پێشێلكردنە لەلایەن هێزەكانی وەزارەتی پێشمەرگەوە دەجوولێنرێن، دەبرێتە سەر خەڵك، تەقە لە خەڵك دەكات، كار گەیشتە ئەوەی كە ئامر فەوجەكانی بەرِێزیان لە لیوای (34) بەشدار بن لەوەی كە پارە بدەن بە گەنجان، كە ئەو گەنجانەی، ئەو چەند گەنجەی كە چوونە سەر لقی حیزبی پارتی دیموكراتی كوردستان، لە (25)ی شوبات، كە دوو كەس شەهید بوو و شەش كەس برینـدار بـوو، ژمارەیەك لەو گەنجانە، ئامر فەوجێكی جەنابیان (318)ی پێداون، لە ناو فەوجەكەی خۆیدا كە بچن خۆپیشاندانەكەی (3/31)ش كە دانرابوو بە تەختیت، بە بەرنامە هێرش ببەنە سەر پەرلەمانتاران و خۆپیشاندەران و تێكی بدەن، بەو ئاقارەی (25)ی شوبات دا ببەن، كە بە بەڵگەوە دەیسەلمێنم بۆی، كە ئامر فەوجێكی جەنابیانە، دوو فەوجی بەردەوامی سەر بە هێزەكانی یەكێتی نیشتمانیی كوردستان كە لە لیوای (34)ن، كە لیوای یەكگرتووە، بەردەوام بەكار دێ، دوو فەوجەكەی تریشی كە سەر بە پارتی دیموكراتی كوردستانە، بە هەمان شێوە لەلایەن لێپرسراوەكانی لق و مەڵبەندەكانەوە هەردوو هێزەكە بە جیاش بەكار دەهێنـدرێن، بۆیە نەیتوانیوە هێزی پێشمەرگەش یەك بخاتەوە، بەو پێیەی بەرِێزیان ئەو ماوە زۆرەی لەبەردەستیان دا هەبووە، نەیتوانیوە هێزی یەكگرتوومان بۆ دروست بكات، بەو پێیەی نەیتوانیوە هێزە چەكدارەكانی سەر بە حیزب و گروپەكانی تر نەهێڵێ، ئەمانە هەر فاكتەری گرنگیش بوون بۆ ئەوەی بووەتە هۆی ئەوەی كێشەیەكی وا، ئێمە وەكو هەرێم لەگەڵ بەغدا دروست كردووە، ئەویش كێشەی بودجەی هێزی پێشمەرگەیە، لەبەر ئەوە ئەو هێزە دروست نەكراوە، تا ئێستا یەكێكە لە ئەساسیاتی كێشەكان، كە بەرِێزیان مەسئولن لەسەری.

**بەرِێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نەسرین خان، كەرەمكە.

**بەرِێز نەسرین جمال مصطفی:**

**بەرِێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە خاڵێكەوە دەست پێ دەكەم، كە ئەویش كۆنگرەیەكی رِۆژنامەوانی یە، كە بەرِێز جێگری سەرۆكی پارتی پرسیارێكیان لێ كردووە، رِایدەگەیەنێ دەڵێ ئەم هێزانە بە فەرمانی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری ناوخۆ جوولێنراوە، بەڵام بەرِێز وەزیری پێشمەرگە جەخت دەكاتەوە لەوە، كە هێزەكان مۆڵكی هیچ دەستە و تاخمێك نین بە هەوەسی خۆیان بیجوولێنن، هەر لەم قاعەی پەرلەمانەش دا بەرِێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران كە باسی ئەوەی كرد لە ئاگاداربوونی لە جووڵاندنی هێزەكان، باسی كرد كە ئەو هێزانە، هێزی زێرەڤانی گەیشتۆتە قلیاسان ئینجا پێی زانیوە، من نازانم كە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران لەو كاتە زانیبێتی ئەو هێزە جووڵێنراوە، بەرِێز وەزیری پێشمەرگە دەبێ چ كاتێك زانیبێتی ئەو هێزانە

جووڵێندرابن؟ پرسیارێکی ترم بۆ بەڕێز وەزیری پێشمەرگە، هەموو لایەکمان دەزانین جووڵاندنی هێزەکان دەبێت بە یاسا بێ، یاسا و ڕێسای خۆی هەیە، بەڵام بە داخەوە لە جووڵاندنی هێزەکانی زێرەڤانی بۆ سلێمانی و بۆ هێزی پێشمەرگە بۆ کەلار و گەرمیان، حیزب سەیتەرەی کرد بەسەر حکومەت دا، حیزب بڕیاری جووڵاندنی هێزەکانی دا، کە ئەوە خۆی لە خۆی دا کارێکە کە نەکراوە و نابێت، کەواتە لە (17)ی شوبات بە دواوە ئەوە دەسەلمێنێ کە حکومەتی ئێمە خاوەنی ئەو هێزانە نین، بەڵکو هەردوو حیزبی دەسەلاتدار خاوەنی ئەو هێزانەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاروان صالح، کەرەمکە.

**بەڕێز کاروان صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیاری یەکەمم بۆ بەڕێز وەزیری پێشمەرگە، ئایا ئەو چەکە قورسانەی جووڵێنران، بە راجیمە و دۆشکەی چوار لوولەیی و هەروەها بە تایبەت دەبابەکان، لەلای وەزارەتە بەڕێزەکەی جەنابت تۆمار کراون؟ وەزارەتی جەنابت، وەزارەتی پێشمەرگە دەبابەی هەیە؟ پرسیاری دووەمم، ئایا تا ئێستا هیچ کەسێك لەو پێشمەرگە و فەرماندانەی تەقەی لە خەڵك کردووە؟ یان زیادە ڕۆیی یان پێشێلکاری کردووە لەلایەن وەزارەتەکەی بەڕێزتەوە، ئایا دراونەتە دەستی دادگا؟ لێپێچینەوەیان لەگەڵ کراوە؟ لەبەر ئەوەی شایانی باسە بڵێین سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێزیان لێرە باسی ئەوەی کرد کە ئەفسەرێکی سەر بە وەزارەتەکەی جەنابت لە سووتاندنی نالیا دەستی هەبووە، نازانین ئەو ئەفسەرە تا ئێستا دراوەتە دادگا، دەستگیر کراوە، یان تاوەکو ئێستا هەر ئازادە؟ پرسیاری سێیەمم ئەوەیە، ئایا بەڕێزتان لە جووڵاندنی ئەو هێزانە کە جووڵەی پێکراوە، وتمان ئاگاداری یان ئاگادار نی؟ ئێستا جەنابت بە خۆت وەڵام دەدەیەوە، بەڵام لەو خاڵانەی کە لەلایەن وەزارەتەکەی جەنابتەوە لە بڕیاری ژمارە (1)ی کۆبوونەوەی نائاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، کە دەرچووێندرا، چوار خاڵیان لەلایەن وەزارەتەکەی جەنابتەوە پێشێل کراوە دوای دەرکردنی ئەو بڕیارە، خاڵی (1) و (2)، خاڵی (6)، خاڵی (10) کە ئەوەی کە تەجریم و تەحریمەکەی تێدایە، ئەوەی کە هێزی پێشمەرگە دەبێ بکشێتەوە، ئەوەی کە لە دوای ئەوە هێزی پێشمەرگە جووڵەی پێکراوە، لە دوای ئەوە خەڵك تەقەی لێ کراوە، لە دوای ئەوە چوونی هێزی پێشمەرگە لە کەرکووك بۆ چەمچەماڵ هەبووە، لە کفری بۆ کەلار هەبووە، لە هەولێر بۆ سلێمانی هەبووە، من لە جەنابت دەپرسم، ئەگەر بڕیاری ئەو پەرلەمانەت پێ جێبەجێ ناکرێ، یان ئەگەر ناتوانی جێبەجێ ی بکەی، یان ئەگەر فشارێکی لاوەکیت لەسەرە، بۆ ڕایناگەیەنێ لەبەردەم ئەو پەرلەمانە بەڕێزە؟ بڵێی من ناتوانم ئەو وەزارەتە بەو شێوازە بەڕێوە ببەم، لەبەر ئەوەی ئەو وەزارەتە بە تەواوەتی تا ئێستا یەك نەخراوەتەوە، یان تا ئێستا دوو وەزارەتە، بەڵام جەنابت بە تەنها وەزیرێکی سەرپەرشتیاری ئەو وەزارەتە دەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عدنان عثمان، كەرەمكە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وێڕای تەبعەن پشتگیری لە قسەی خوشك و برایەكانم لە فراكسیۆنەكانی ئۆپۆزسیۆن، تەنها بە كورتی قسە لەسەر دوو خاڵ دەكەم، خاڵی یەكەم دەركەوت لە دوای ($2/17$)، دیارە بەتەواوەتی لە دوای ($2/17$)، دوای ئەو وەزارەتە چەند وەزارەتێكی با بڵێین هەستیار و گرنگە، هێزی پێشمەرگەش چۆن دەكرێت بە داخەوە بۆ مەرامی تر و مەبەستی تر بە كار بهێنرێت، بە تایبەتیش، بەڕاستی بوونی كەسێك لە سەرۆكایەتی وەزارەتەكە، واتا وەزیر لە پۆستێكی حیزبی باڵای دا، بە تایبەتیش حیزبەكە لە مەوقیعی مونافەسەیەكی سیاسی گەورەدا بێ، چەند وەزعەكە ئاڵۆز تر و بەرەو ئاقارێكی خەتەرناكی دەبات، چەندیش ئیتیهامات و با بڵێین بارێكی گرژ دروست دەبێ لە ناوچەكەدا، بۆیە لەڕاستی دا من كێشەم لەسەر ئەوە نیە جەنابی وەزیر لە پۆستەكەی دەمێنێتەوە، بەڵام زۆر كێشەمە لەسەر ئەوەی كە جەنابی وەزیر ئەندامی مەكتەبی سیاسی حیزبێك بێت، بە تایبەتیش ئەو وەزارەتە كە وەزارەتێكی زۆر گرنگە، مەفرووز بوو كەسی وەزیر كەسێكی بێ لایەن بێت، كەسێك بێت لایەنی كەم تەعەهود بدات لەماوەی وەزیر بوونی دا ئەندامی هیچ حیزبێكی سیاسی نەبێ، یان لایەنگری حیزبێكی سیاسی نەبێت، خاڵی دووەم/ من لە بەڕێز وەزیر دەپرسم، كێ یە صەلاحیەتی ئەوەی داوە؟ كێ ئەو ئەمرەی كردووە كوردستان دابەش بكرێتە سەر چەند ئیقتاعیەیەكی عەسكەری؟ چۆنە و بە چ فەرمانێك، چەند بەرپرسێكی حیزبی لە ناوچە جیاجیاكانی كوردستان دا كراون بە بەرپرسی حیزبی و ئیداری و ئەمنی هەموو ئەوناوچەیە؟ بە تایبەتیش هێزی پێشمەرگە كە قەرار وایە وەزیرێك هەبێت، وەزارەتێكی هەبێت، لەوانەشە باس لە یەكگرتن و هێزێكی نیشتمانی بكرێت، چۆنە هێزی پێشمەرگەی كوردستان بە ئەمری ئەندامێكی مەكتەبی سیاسی و بە ئەمری سەركردایەتیەكان لە ناوچە جیا جیاكان دا، بە تایبەتی لە ناوچەی گەرمیان دا، وەكو ئەوەی كاك نەریمان بە وردی باسی كرد دەجووڵێت، ئەم ئیقتاعی یە عەسكەریانەن دابەش كردنی هێزی پێشمەرگە بەسەر ئەندامانی مەكتەبی سیاسی دا، لەوانەیە بەشێك بێت لە نەریتی نەخوازراوی شەڕی ناوخۆ و یان هەر بارێكی گرژی كە لەگەڵ لایەنەكان دا هەبێ، بەڵام لە ئێستادا بەرامبەر بە خۆپیشاندانی گەنج و هاونیشتمانانی ئەو وڵاتە، خێرە ئەندامی مەكتەبی سیاسی حیزبێك كە خۆی بەشێكە لە ململانێ سیاسیەكان دەكرێە قائیدی عەسكەری ئەوێ؟ پێشم وایە بە بێ ئاگاداری وەزیری پێشمەرگەش جووڵە بە هێزەكانی دەكرێت، فەوجەكانیش ئەولاو ئەولا دەكرێت، ئەو ئەندامی مەكتەبی سیاسی یە كۆبوونەوە لەگەڵ فەوجەكان و لەگەڵ ئامر فەوجەكان و لیواكان دەكات، لە خانەقین، جەلەولا لە كوێ بە ئەمری ئەو هێز دەنێرێت، پێموانیە وەزیریش لەوانەیە ئاگادار كرابێتەوە، یەعنی ئەو مافە، ئەو حەقە كێ دەیدا؟

ئەگەر وەزارەت دابێتی بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، ئەوە کارەساتێکی گەورەیە، مەفرووز وایە وەزیر موحاسەبە بکرێ لەسەر ئەوە، ئەگەر وەزارەت ئاگادار نیە، ئەوە کارەساتێکی گەورەترە، مەفرووز وایە وەزیر و حیزبەکە و ئەو بەڕێزەی کە ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبەیە موحاسەبە بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان عبدالرحیم، کەرەمکە.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکانی منیش دەمەوێت بە چەند پرسیارێك ئاراستەی وەزیری پێشمەرگە، یەکەمیان/ ئەم هەموو هێزانەی کە بۆ ئێمە باس دەکرێت، لە هێزی دژە تیرۆر و زێرەڤانی و فەلەك و چەندین هێزی تر، کە ئەو هێزە زێرەڤانی و فەلەکەی کە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نێردرا بۆ سلێمانی، دەمەوێ لەلایەن وەزیری پێشمەرگەوە بۆمان ڕوون بکرێتەوە، ئایا بە ئەمری یان لە ژێر فەرمانی چ سەرۆکێك و چ وەزیرێك دا ئەو هێزانە دەجوولێنرێ؟ چونکە ئێستا ئێمە کەوتووینەتە بازنەیەکەوە نازانین لەلایەن چ وەزیرێك و لەلایەن چ سەرۆکێکەوە ئەم هێزانە دەجوولێنرێن، ئەوەی ئێمە بزانین هێزی زێرەڤانی، هێزێکە سەر بە هەرێمە، دەبێ لە کاتی بوونی مەترسی دەرەکی دا، ئەرکی پاراستنی سنوورەکان بێت، بە هەمان شێوە هێزەکانی پێشمەرگەش، بەڵام ئەوەی ئێمە دەیبینین لە ئێستا دا تەنها بۆ پاراستنی حیزب و دەستکەوت و مانەوەی حیزبەکانە، پرسیارێکی تریشم ئەوەیە، ئەو هێزانەی کە هێرشیان کردە سەر نالیا، تا ئێستا بۆمان ڕوون نیە، یاخود ئاشکرا نەبووە لەلایەن چ هێزێکەوە سووتێنراوە؟ بەڵام خێرە بە شەش ئیسعافی سەوز کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە، دەگوازرێنەوە بۆ هەولێر، لە نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی هەولێر دەمێننەوە؟ دواییش کەس نازانێ بەرەو کوێ دەبردرێن و دەشاردرێنەوە؟ پرسیارێکی ترم، هێنانی چوار هەزار زێرەڤانی لە بەرامبەر ئەوەی کە چەند گەنجێك یان چەند هاووڵاتیەك داوای مافەکانی خۆیان دەکەن، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە لە پێناو داواکردنی هەندێك ماف دا تۆ چوار هەزار، بە چوار هەزار زێرەڤانی وەڵامیان بدەیتەوە، پاشان وەزیری پێشمەرگە پێشتر ئاماژەی بەوە کردووە کە چوار لیوا لە ئامادەباشی دان بۆ تەشکیل کردنیان، لەوانەیە تا ئێستا تەواو بووبێت تەشکیلەکەیان، ئەم لیوایانە وەکو خۆشی ئاماژەی پێدا، ئەرکیان پاراستنی پتەو کردنی سنوورەکان دەبێ لە دزەکردنی تیرۆریستان، بەڵام لە (2007/8/15)ەوە هەموو سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لە ژێر هەڕەشەی دەرەکین، لەلایەن تۆپخانەکانی ئێران و تورکیاوە تۆپ باران دەکرێن، چەندین گوند، چەندین خەڵك زەرەرمەندبوون، ئەوە خێرە تا ئێستا ئەو هێزی پێشمەرگەیە کە ئەوە مەترسیەکی دەرەکیشە نەتوانراوە بە سانتیمەترێك جوولە بکات بۆ بەرگری کردن لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان؟ لە (2011/1/30)دا، هەر لە دوای بەیاننامەکەی گۆڕانەوە یەکسەر هێزەکان دەکەونە حاڵەتی ئامادەباشییەوە، پرسیارەکەی من لەوەوەیە، کە لە دوای بەیاننامەیەك هێزێك دەخرێتە ئامادەباشییەوە، ئەوە ئێستا بە هەمان شێوە سنوورەکانمان

کەوتوونەتـە بـەر مەترسـی و تـۆپ بـاران کـردن، ئایـا ئێسـتا هێزەکـانی پێشـمەرگە کەوتوونەتـە حاڵـەتی ئامادەباشی بۆ دووباره پاراستنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، عبدالرحمن حسین، کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین أبابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێر هاتنی جەنابی وەزیر دەکەم بۆ پەرلەمان، من پرسیارم ئەوەیـە بۆجـەنابی وەزیـر، ئەگـەر تـا ئێسـتا دوو هێزی پێشمەرگە هەیە لە کوردستان، یان سێ هێـز هەیـە، یـان چـوار هێـز هەیـە، بۆچـی نـەیتوانی یـە یەکی بخات و بیکاتـە یـەك هێـز لـە ژێـر چـەتری وەزارەت؟ کـە هـەموومان شـانازی پـێ بکـەین، دیفـاع یـان بەرگری لە سنووری هەرێمی کوردستان بکات، چونکە ئێمـە کـە دێـین باسـی پێشـمەرگە دەکـەین بەڕاسـتی، یەعنی هەموومان خـەمخۆرین و ئەوانـە هـەموو بـرا و خوشـك و کەسـانی ئێمەنـە، لەگـەڵ ئێمـە بوونـە لـە ڕۆژەکانی سەخت کە خەباتیان کردووە، زۆر ڕەفیقیان شەهید بوونە لەگەڵ ئێمە، ئێستا ئەوانە ماون، ئێمە شانازی پێ دەکەین ببنە هێزێکی نیشتمانی، بەرگری لە خاکی کوردستان بکەن، لە سەر و سامانی هـاووڵاتی کوردستان بکەن، بەڵام کەچی ئێستا لێرە زۆرجار وادیـار دەبـێ دەبیـنین کـە ئـەو هێزانـە لـە ژێـر چـەتری حیزب ماون یان لایـەنێ مـاون، کـە هـەر هەرەشـەیەك، بچووکترین هەرەشـە ڕوودەدات لـە کوردسـتان دا بـۆ مەرامی حیزبی بەکاری دێنن، ئەوە زۆر دلگرانییەکی گەورەیە بۆ هـەموو هـاووڵاتی کوردسـتان، بـۆ هـەموو خەڵکێکی هاونیشتمانی کوردستان، کە دەمانەوێ ئەو هێزە بەکاربێت دژی دوژمنانی کـورد لـە سـنوورەکانی کوردستان بپارێزن، ئەگەر هەر کێشـەیەك، هـەر هەڕەشـەیەکیش ڕوودەدات ئـەو هێـزە بمێنێـت، بـێ لایـەنی خـۆی بپـارێزێ، کـە هـەموو هاونیشـتمان و هـەموو کەسـانی کـورد شـانازی پێـوە بکـەن، لێـرە مـن دووبـارە پرسیارێکی تر لە وەزیری پێشمەرگە دەکەم، کە ئایا ئەگەر تۆ ئەو هێـزە ڕێـك بخـەی، یـان یـەك بکـەی، بـۆ یەك ناگرنەوە ببنە یەك هێز، کە هەمووی بە مەشق و بە شـێوەیەکی مەدەنیانـە، شـێوەیەکی سـەردەمیانە بەکار بێت بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ نەتتوانیوە تا ئێسـتا ئـەوە بکـەی؟ بـەڵام ئێسـتا وەکـو مـن باسـم کـرد، ئێمە دەبینین کە چەند حیزبێك هەنە، نەك بڵێین پارتی و یـەکێتی بـە تـەنیا، زۆر حیزبـی تـریش هێـزی هەنە، دەمانەوێ ئەوانە هەمووی ڕێك بخەی لـە ژێـر چـەتری هێـزی پێشـمەرگە، شـانازی پـێ بکـەین، ئـیتر هیچی تر بە کار نـەهێنین دژی هـاووڵاتی، بـۆ کوشـتنی هـاووڵاتی کوردسـتان، بـۆ بـەرگری ئـەم لایـەن، ئـەو لایەن، بۆ مەرامی لایەنێك، بۆ لایەنێکی تـر، هـەموومان هـاووڵاتی کوردسـتانین، هـەموومان بەیەکـەوە شـاد بین بەو کوردستانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شێرزاد عبدالحافظ، کەرەمکە.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێر هاتنی جەنابی وەزیری پێشمەرگە دەکەم، دیارە من قسەکانم بەزۆری کران بەڕاستی، یەك خاڵێك ماوە دەمەوێت تەئکیدی لێ بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە، هێز جووڵاندن لە کوردستان بەس بە قانونی (159)ی موحافەزاتی ساڵی (1969)، ئەویش موحافزی شارەکە دەتوانێت داوای هێزێك بکات بۆ کاریسەیەك کە لە شارەکەی دا بووبێت، لە بابەت ئاگرکەوتنێکە، لە بابەت لافاوە، لە بابەت بوومەلەرزەیەکی گەورە، لەو حاڵەتەدا لەوێ بە هیچ جۆرێك، هیچ یاسایەك نیە باس لەوە بکات کە هێز بجووڵێنرێ، بۆیە من جارێکی تر ئەو پرسیارە دەکەمەوە، تەئکید لە جەنابی وەزیر دەکەمەوە، کە بە چی یاسایەك ئەو هێزە جووڵێنرا؟ شەرت نیە کێ؟ کێ جووڵاندی؟ موهیم یاساکە چیە؟ ئەو یاسایەمان پێ بڵێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان، کەرەمکە.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا دەمەوێ ئەو دۆخەی کە جەنابت بەرپرسیت وەکو وەزیری پێشمەرگە، کۆمەڵێك فەرمانت دەرکردووە کە پێچەوانەی دەستووری عیراقە، بۆ ئەوەی کە ماددەی (13) لە دەستووری عیراق دا، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوە باڵاترین یاسایە لە عیراق دا، پێویستە یاسایەکیش دەرنەچێت کە پێچەوانەی ئەوە بێت، لە ماددەی (9)ی بڕگەی (1)ی (أ)، لە دەستووری عیراقی فیدرال دا دەڵێت، هێزی دیفاعی عیراق کە پێکهاتووە لە (مكونات الشعب العراقي)، واتا پێکهاتەکانی هاووڵاتیانی عیراقن، لە بەشی ئەخیری بڕگەکەدا بە گرنگی نازانم بیڵێمەوە، ئەوەی کە گرنگە سێ بڕگەت تیا پێشێل کردووە جەنابت، دەڵێ پێویستە بە (قيادة السلطة المدنية و تدافع عن العراق و لاتكون أداةً لقمع الشعب العراقي، و لا تتدخل في الشؤون السياسية و لا دور لها في تداول السلطة)، جەنابت ئەو سوڵتەیە دواتر بە بەڵگەوە دەیسەلمێنم کە جەنابت سوڵتەیەکی مەدەنی نیت کە ئەو پۆستەت وەرگرتووە، دواتر ئەو هێزە بە کار دەهێنیتن بە خراپ بەکاری دەهێنی بۆ قەمع کردنی هاووڵاتیانی کوردستان کە بەشێکن لە هاووڵاتیانی عیراق، هەروەها لە ململانێ سیاسیەکانیش دا بەکاری دەهێنی کە ئەو بڕگە دەستووری یە سەرتاسەر پێشێل کراوە، هەروەها لە بڕگەیەکی تری دەستووری عیراق دا لە ماددەی (35)دا هاتووە، کە پێویستە حوریەتی ئینسان و کەرامەتی پارێزراو بێ، هێزی دیفاعی عیراقی بۆ پاراستنی حوریەتی ئینسانە، جەنابت 100٪ پێچەوانە بە کار

دەهێنی، ڕێ دەگری لەبەردەم حوریەتی ئینسان، کە بریتی یە لە خۆپیشاندان، لە پرسیاری سێهەمم دا بۆ جەنابت، تۆ پێشێلی ئەو ڕەشنووسەی دەستووری کوردستانت کردووە، کە تیایدا تۆمار کراوە (هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزێکی بەرگری کردنی نیشتمانی یە، نابێت هیچ تەشکیلاتێك هەبێت و میلیشیایەکی موسەلەح هەبێت لە دەرەوەی ئەوانەی کە بەهێز، کە بە قانون ڕێکخراون میلیشیای تر هەیە کە بە بەردی هێزەکەی جەنابتەوە تەقە لە خەڵك دەکەن و بە هیچ یاسایەك و ناویان پێوەنیە و چۆن ئەمانە ڕێکخراون، جارێکی تر جەنابت سەرپێچیت کردووە بەرامبەر بە تەعریفە قانونیەکەی هێزی پێشمەرگە کە تیایدا نووسراوە قواتی پێشمەرگە هێزێکی بەرگری کردنی نیشتمانیە و هەروەها ئاماژە بەوە کراوە کە پێویستە و بەشێکە لە نیزامی دیفاعی عیراقی، پێویستە لە ململانێ ناوخۆیەکاندا بەکارنەهێندرێت، جارێکی تر ئەمەش بە پێچەوانەوە جەنابت خراپ بەکارت هێناوە، ئەمە وەکو فەرمانەکانی جەنابتە کە دەسەڵاتەکانت خراپ بەکارهێناوە، چونکە تاکە بەش لە هێزی پێشمەرگەدا کە نەگۆڕە و جێگای فەخرە ئەوەیە کە هێزی نیشتمانیە و مێژوویەکی گەورەی بۆ ئێمە تۆمار کردووە، جەنابیشت لە دوو لێدواندا پۆستەکەی خۆتت بە خراپ بەکارهێناوە بە بەڵگەوە، یەکەمیان/ لە لێدوانێك دا لە 2011 /1/31 دا جەنابت دەڵێی (هێزی پێشمەرگە لە حاڵەتی ئامادەباشیە بۆ هێرشکردنە سەر گۆڕان گەر بزوتنەوەی گۆڕان لە بەیاننامەکەی پاشەکشە نەبێتەوە)... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاواز خان فەرمووو.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە ئەمڕۆ هاتووەتە دی بەرهەمی ڕەنج و خەباتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، تەنانەت بە دەیان هەزار ڕۆڵەی ئەم میللەتە لە ئەنجامی ئەوەدا تووشی بریندار بوون و پەککەوتەیی بوونە کە ئێستاش ئاسەواریان بەسەر ژیانیان دا دیارە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە دەیبینین ئێستا هەوڵی ئەوە دەدرێت کە لە ئەرك و پیرۆزی ناوی پێشمەرگە کەم بکرێتەوە بەوەی کە ناوزەد دەکرێن بە هێزێکی ناوچەگەرایەتی یاخود هێزی مەترسیدار، ئەوەی کە دیمان واقعەکە ئەوە بوو هێزی پێشمەرگە هێزێکی هاوکار بوون لەم دواییەدا لە ئارامکردنەوەی بارودۆخەکە و پاراستنی هەرێمی کوردستان لە مەترسیە دەرەکیەکان لە مەترسیە شۆڤینیەکان، کە دوو دڵ نەبوون لەزیان گەیاندن بە هەرێمی کوردستان، بەڵگەش بۆ ئەوە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ناوچە دابڕاوەکان بوو، بۆیە من پرسیارێك دەمەوێ لە جەنابی وەزیر بکەم کە ئەویش ئەوەیە ئایا بە تەواوی بۆمان ڕوون بکاتەوە هێزی پێشمەرگە وەکو ئەوەی جار بەجار لەولاو ئەولا گوێبیستی دەبین ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران بۆتەوە؟ یاخود هاوکاریان بوونە؟ چونکە ئەوەی کە ئێمە دەیبینین و بیستمان وهەموو لایەك لێی ئاشکرایە هاوکار بوونە لە پاراستنی خۆپیشاندەران و هەروەها لە پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان، بۆیە داوا دەکەم کە ئەمەم بۆ ڕوون بکاتەوە؟ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری پێشمەرگە دەکەم، دیارە من پرسیارێکم هەیە، پرسیارەکە لە دوای ڕووداوەکانی $2/17$ بارێکی نائاسایی هاتە چەند ناوچەیەکی کوردستان و هێزی پێشمەرگەش بەشداری تیا کرد، بەڵام لە مانگی $3$ دا هێزی پێشمەرگە زۆربەی بەرەو ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان برا، جێگەی خۆیەتی ئێستا جەنابی وەزیری پێشمەرگە ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە ئەو هێزە بە چ مەبەستێك ڕۆیشتووە و دواتر لە ئەنجامی مانەوەی ئەو هێزانە لەناوچە دابڕاوەکاندا چەند لایەنێکی عیراقی و هەندێ هینی نێودەوڵەتیش داوای ئەوەیان کردبوو کە ئەو هێزە بکشێتەوە، ئایا کشانەوەی ئەو هێزە گەیشتووەتە کوێ؟ و سوپاسی دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند پرسیارێك ئاراستەی جەنابی وەزیر دەکەم و بەخێرهاتنیشی دەکەم، بەداخەوەم دیارە ئەمڕۆ باس لە مەوزوعێك دەکەم کە هێزی پێشمەرگەیە من ئاواتم دەخواست هێزی پێشمەرگە بەرەو هەرکوێ دەڕوات یان ئێستاکێ لەبەرناوەکەیشی هەڵبچینەوە، لەبەرئەوەی چونکە ئێمە ئەو بوون و دەسکەوت و ئەزموونەی کە هەمانە هینی هێز و بازوی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، بەڵام ئەوە ئاراستەی جەنابی وەزیر دەکەم ئایا تا ئێستا لە جووڵەی، چونکە زۆر باسی جووڵەی هێزی پێشمەرگە دەکرێت لە جووڵەی هێزی پێشمەرگە تا ئێستاکێ هیچ ڕووبەڕووبونەوەیەك بەرامبەر بە شەقام یان بە خۆنیشاندەر کراوە؟ چونکە لە هەرێمی کوردستان زۆر لە حەرەکات و بۆچوونەکانی هەرێمی کوردستان دەشوبهێندرێن بە مصر و بە تونس، بەڵام لە مصر کە خۆپیشاندان کرا هەموو ساحەی تەحریر بە جەیشی مصری ئابلۆقە درابوو،

باشە بۆ هێزەكەی ئێمەیش بەوە نەشوبهێندرێت بۆ پارێزگاری كردنی خۆنیشاندەر بووە بۆ هەر جێگایەك جوولێندراوە و ڕۆیشتووە، بۆچی بەوە بشوبهێندرێت كە ئەمە ڕۆیشتووە بۆداپلۆسین و بۆ قەتڵ و عام كردنی خەڵك؟ من پێم خۆشە ئەوەش ئاراستەی جەنابی وەزیر بكەم، ئایا لە هیچ یاسایەكی هەرێمی كوردستان دا هەیە كە بستە خاكێكی ئەم ولاتە حەرام كرابێ لە هێزی پێشمەرگە بۆی بچێ؟ ئەگەر نیە بۆچی وا باسی جوولەی هێزی پێشمەرگە بكرێت؟ خاڵێكی تر هەرچەندە برای بەڕێزم حمە شارەزوری ئیشارەتی پێیدا داواكارم جەنابی وەزیر ئیشارەت بە ئەو ڕۆڵ و ماندووبوونی هێزی پێشمەرگە بدات كە لە ناوچە دابڕاوەكان وبە تایبەتی لە كەركووك دا، چونكە ئەوەی دەبینین ڕۆژانە ئەگەر ڕۆژانەش نەبێت هەفتانە تەرمی پێشمەرگەی شەهیدمان لە ناوچەی موسڵ و لەناوچە دابڕاوەكان و لە كەركووك و لە مەنتیقەی خانەقین بۆ دێتەوە، داواكارم ئیشارەت بە ڕۆڵی پێشمەرگە و چوونی ئەو هێزانەش بۆ ئەو ناوچانە بدات، چونكە ئەوەندەی دەزانین بۆ چوونی هێزی پێشمەرگە عەرەبە شۆڤینیەكان زۆر سەغڵەتن بەو هێزەی كە چۆن لە قەڵەم دەدرێت لە سلێمانی و لە ناوچە دابڕاوەكانی تر كە ئێستاكێ لە كەركووك و ناوچەكانی تر ڕۆژانە لێیان شەهید دەبێ و تەدەخولاتی دەرەكیش دروست بووە لە جوولەی هێزی پێشمەرگە بۆ دیفاع كردن لەم ئەزموونە و هەرێمی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری پێشمەرگە دەكەم بۆ پەرلەمانی كوردستان، من ئەو پرسیارانەی كە هەم بوو خوشك و برایانم لە ئۆپۆزسیۆن كردیان پشتگیری پرسیارەكانی ئەوان دەكەم، بۆیە نامەوێ دووبارەی بكەمەوە پرسیارەكان، تەنها پێشنیارێك و پرسیارێكم هەیە، پێشنیارەكەم ئەوەیە بەڕاستی كاتێك كە پێشمەرگە جێگای شانازی هەموومانە ئێمە بۆ ئەوەی پێشمەرگە ببێتە هێزێكی نیشتمانی و بتوانین بە یاسایەك ڕێكی بخەین بەڕاستی و بە حەقیقی هێزێكی نیشتمانی بێت، هێزێكی حیزبی نەبێت، هێزێك نەبێت لەژێر بڕیار و لەژێر ئەمری مەكتەب سیاسیەكاندا بجوولێندرێ و ئیشی پێ بكرێت، پێشنیارەكەی من ئەوەیە بە یاسا وا ڕێك بخرێت، تەمەنێك و موالیدێك دابندرێت بۆ ئەوەی داوا بكرێت خەڵك ببێتە پێشمەرگە، یەعنی بەڕاستی من نازانم بۆچی دەبێ پێشمەرگە لە ژیان تا مردن هەر پێشمەرگە بێت، یەعنی ئەم پێشمەرگە ئەم ناوە شانازیەكە بۆ خۆی، بەڵام بۆ ئەوەی ببێتە هێزێكی نیشتمانی بە پێی یاسا وا ڕێك بخرێت تەمەنێك دیاری بكرێت بۆ ئەوەی گەنجانی ئێمە ببن بە پێشمەرگە، وەختێكیش دیاری بكرێت بۆ تەواو بوون لەو مەهامە، ئەوە هەم شانازیەك بە هەموو گەنجان دەبەخشێ و هەم ئەو دەورە دەبینێ، هەم هێزی پێشمەرگەش دەبێتە هێزێكی نیشتمانی و هی هەمووان دەبێت، پرسیارەكەم بەڕاستی ئێمە لە 2/23 بە پێی ئەو بڕیارە 17 خاڵیەش بڕیارماندا وەزیری پێشمەرگە و وەزیری ناوخۆ هەردوو بەڕێز ئامادەی

پەرلەمانی كوردستان بن، بەڵام تا ئێستا كە داواكاری خۆپیشاندەرانیش بوو ئەوە، بەڵام تا ئێستا وا 40 ڕۆژ بەسەر ئەوە تێ دەپەڕێ من نازانم هەتا دوای پشووی نەورۆزیش، بڕیار وابوو ڕاستەوخۆ دوای پشووی نەورۆز هەر دوو وەزیرە بەڕێزەكە ئامادە بن، یەعنی ئێستا پاش چل ڕۆژ ئامادە بێت؟ یەعنی ئەمە پرسیارەكە لای من، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە دەكەم، من پێموایە بەرز ڕاگرتنی ڕۆڵی پێشمەرگە و ئەو ڕۆڵەی كە بینیویانە بۆ سەقامگیری لە هەرێمی كوردستان دا و بۆ پاراستنی تەجروبەی دیموكراسی داوامان لێ دەكات كە هەڵوەستەیەك بكەین لەسەر ئەم چەند پێشهاتەی كە هات لەم دواییەدا و بووە هۆی ئەوەی كە پێشمەرگە بكەوێتە ئەو ئاستە، یاخود ئەو ڕۆڵە ببینێ لە پاراستنی تەجروبەكە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە دەزانین كە هێزی پێشمەرگە ئەو ڕۆڵەی بینیوە لە سەقامگیر كردنی تەجروبەكەمان و پاراستنی سەرو سامانی خەڵك، بۆیە من داواكارم لە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە ئەمەیان داواكاریەكە لەلایەن منەوە كە بەڕێزی و حكومەتی هەرێمی كوردستان هەوڵێكی جدیانە بدەن بۆ ئەوەی ئەو یاسایە یاخود ئەو ماددەیەی كە 5 ساڵە لەسەر یەكتری لەناو قانونی میزانیەی عیراق دا پەسەند دەكرێت كە باس لە بودجەی هێزی پێشمەرگە دەكات، من داوای لێ دەكەم هەوڵەكانی وەگەڕخات لەگەڵ ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی كورد كە لە عیراق دا ............ .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە ئەوەی ڕەبتی بە 17 مانگەوە بە دواوەیە، امینە خان فەرموو.

**بەڕێز امینە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخافتنێت مە هاتنە كرن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز د.جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەوە دەست پێ دەكەم لە هەموو وڵاتێك دا بە پێی یاسا باری نائاسایی ڕادەگەیەندرێت واتە قانونێك دەبێ هەبێ ئەوجا تۆحاڵەی تارىء ڕابگەیەنی، سوریا هەمووومان دەزانین وڵاتێكی دیكتاتۆرە و بەعس حوكمی دەكات، بەڵام كاتێك باری نائاسایی ڕاگەیاندووە بە پێی قانون ڕایگەیاندووە، ئەم حاڵەتەی كە لە

کوردستاندا هەیە، حاڵەتێکی نائاسایییە ڕانەگەیەنراوە، من لە جەنابی وەزیری پێشمەرگە دەپرسم کە بە عەمەلی پەیڕەو دەکرێت ئەو حاڵەتە ئایا چ قانونێك لە پشتی ئەم حاڵەتە ڕانەگەیەنراوە هەیە؟ خاڵێکی تر کە دەمەوێ وەکو پرسیار ئاڕاستەی جەنابی وەزیری بکەم، بەڕێز سەرۆك کۆماری عیراق لە 3/14 کۆبوونەوەی بە مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە کرد، جەنابیشت بە سیفەتی وەزیر لە تەنیشتیەوە دانیشتبووی، ئایا ئەمە پێچەوانەی یاسای ژمارە 17 ی قانونی ئەحزابی ساڵی 1993 نیە کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە؟ یەکەم سەرۆك کۆماری عیراق سیفەتی ئەوەی نیە کە کۆبوونەوە بە هێزی پێشمەرگە بکات، کە دیارە ئەو کۆبوونەوەی بە بەشێکی هێزی پێشمەرگە کردووە کە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە، جەنابیشت بە چ سیفەتێك ئایاوەکو وەزیر یان وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسی؟، ئەگەر وەکو وەزیرە هەم پێچەوانەی یاسایە، وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسیش لەگەڵ پێشمەرگە دابنیشیێ هەر پێچەوانەی یاسایە، خاڵێکی تر هێزی دژە تیرۆر، بودجەی لەسەر وەزارەتی پێشمەرگەیە، ئەگەر ئەو هێزە لەژێر فەرمانی جەنابت دا کار دەکات و فەرمان لە جەنابتەوە وەردەگرێت وەکو وەزیری پێشمەرگە، کەواتە تۆ لە هەموو ئەو تۆمەتانە بەرپرسیار دەبی کە لەلایەن ئەم هێزە دژە تیرۆرەوە لە کوردستان دا ئەنجام دراوە، بە ئیعترافی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەناو ئەو پەرلەمانەدا هێزی دژە تیرۆر تێوەگلاوە لە سووتاندنی کەناڵی نالیا لە کوردستان دا و ئەگەر پەیوەندی بە تۆوە نیە، بۆچی بودجەی لەسەر وەزارەتەکەی جەنابتە؟ پێم خۆشە ئەو پرسیارانە وەڵام بدەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پرسیارم لە جەنابی وەزیر هەیە، زۆر جارلە زۆربەی کەناڵەکانی ئۆپۆزسیۆن گوێمان لێ دەبوو لە چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە دابڕاوەکان لە پاش 2/25 بە سیناریۆ وەسف دەکرا، ئایا ئەمە سیناریۆیە؟ دووەم/ ئایا کاریگەری چوونی هێزی پێشمەرگە لەسەر هەوڵەکانی تیرۆرستان لەناوچە دابڕاوەکان کاریگەری هێزی پێشمەرگە تا چ ڕادەیەك کاریگەری سلبی و ئیجابی هەبووە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز جەنابی وەزیری پێشمەرگە دەکەم، بەڕێز جەنابی وەزیر بەشداری کردنی هێزی پێشمەرگە لەم ڕووداوانەی ئەم دواییەدا بۆ پاراستنی سەر و ماڵی هاووڵاتیان و گیانی خۆپیشاندەران و موڵکی گشتی کارێکی ئیجابیە، بەڵام ئەگەر وەك پەرچە کردارێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی

ناچار کرابن بە تەقە کردن یان بـەکارهێنانی توندوتیـژی بەرامبـەر بـە خۆپیشاندەران، پرسـیارەکەم لێـرە ئەوەیە ئایا لە چوارچێوەی وەزارەتەکەی بەڕێزتاندا چەند کەس سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە و ئایا ڕادەستی دادگا کراون؟ وە ئەگەر ڕادەستی دادگا نەکراون هۆکارەکەی چیە؟ خـاڵێکی تـرم بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، من پێشنیار دەکەم بەشێك لـەو قسانەی مامۆسـتا عمـر عبـدالعزیز کـردی و وتـی ناوشـیاری پێشـمەرگە لـە پرۆتۆکـۆڵ بسـڕدرێتەوە، چـونکە نـاکرێ ناوشـیاری لەسـەر تـەواوی هێـزی پێشـمەرگەدا تـەعمیم بکرێـت، دەتوانرا ئەم وشەیە بە بەشێك یـان چـەند کەسێك لـەناو هێـزی پێشـمەرگە بوترایـە، نـەك هـەمووی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا موداخەلەکان تەواو بوو، یـەك پرسـیار کـە وتـرا کـە سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـرانیش لێـرە بووایـە، چونکە تەزامونیە، ئەنجومەنی وەزیران هەم تەزامونیە، هـەم شەخسـیە، لەبەرئـەوە بـۆ ئیسـتجوابیش تـاك تاك بانگ دەکرێن، بۆ ئەوەی وەزعەکە تێکەڵ نەبێ، چـونکە سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیرانمـان بـانگ کـرد، ئەگەر سەحبی سیقەی لێ بکرابایەوە، گشت کابینەکەی سەحبی سیقەی لێ دەکرایەوە، ئێستا بەڕێز وەزیـری پێشمەرگە کەرەمکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی جەنابت کران، فەرموو.

**بەڕێز شێخ جعفر مصطفی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز خوشك و برایانی پەرلەمانتار، من زۆر سوپاستان دەکەم بۆ پرسـیارەکانتان و بـۆ هـەموو قسـەکانتان بە گشتی و حەقی خۆشتان دەدەمێ، ڕەنگە لەوە زیاتریش قسە لەسەر وەزعەکە بکەن و ئەوەنـدە ئـەهێنێ، چونکە ئێمە هەمووما‌ن مەسئولین لەو وەزعەی کە تیاین، لە هەموو ڕوویەکەوە و مەسـئولین لـە پاراسـتنی ئەو دەسکەوتانەی کـە ئـەمڕۆ هەیـە لـە کوردسـتان، بـەڵام مـن ئەگـەر ڕێگـەم بـدەن پێشـنیارێك دەکـەم بـۆ سەرۆکی پەرلەمان کە حەقە ئەو وەزیرانەی کە بانگ دەکرێن بۆ ئێـرە بەڕاسـتی لەپێشـەوە پرسـیارەکانیان بۆ بنێردرێت، چونکە هەندێ لەو پرسیارانە جوابی یاسایی هەیە و ئیشارەت دانە بـە یاسـا و بـە تـەعلیمات بۆ ئەوەی کـە لێـرە دوای ئـەوە ئەگـەر ئیستفسـارێکیش هـەبوو لـە لایـەن برایـان و خوشـکانی پەرلەمانـەوە جواب بدرێتەوە باشترە، چونکە لەزۆر شوێن ئێستا پێویستی بە یاسا هەیە و ڕەنگـە وەکو ئینسـان نـەتوانێ هینی پێ بکات، دووبارە خوشك و برایانی بەڕێز هەر خۆتان............ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەو پرسیارانەی کە ئیحتیاجت پێ یە دەتوانی پاشان لە دانیشتنێکی تـر وەڵامـی بدەیتـەوە، حەقی جەنابتە، زۆر سوپاس، کەرەمکە.

**بەڕێز شێخ جعفر مصطفی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر پرسیارێکی ترتان هەبوو بە نووسین بینووسن، هەر لیژنەیەکیش لە لیژنەکان داوای کردم بە دەردی کوردی خۆمان دەڵێ بە پێخاوسی دێم بۆ لای لیژنەکانتان و لەگەڵتانا دائەنیشم و لەهەر شوێنێکیش بم دەرگام کراوەیە بۆ هەموو پرسیارێك، مەهما کان ئیستفزازیە، ئیهانەیە، ئیحترامە، تەقدیرە، ڕێزە، هەر شتێکە، چونکە من پێشمەرگەم و دەبێت پێشمەرگایەتیش بسەلمێنم کە بەڕاستی پێشمەرگەم، خۆشتان شاهیدن ئەم پرسیارانەی کە ئێوە کردتان یەعنی چەند ئەندام پەرلەمان پرسیاری کردووە دەتوانم بڵێم هەمووی عەینەن پرسیار تیکراری زۆری تیایە و هەمووی لە چەند خاڵێك دا خۆی دەبینێتەوە و لەو چەند خاڵانەشدا من وەڵامی دەدەمەوە و هیوادارم من بە سنگێکی فراوانەوە هەموو پرسیارێکی ئێوە و ئیستفسارێکی ئێوە و قسەیەکی تریش وەردەگرم، ئێوەش بە هەمان سنگ فراوانیەوە وەڵامەکان وەرگرن، نەك لە ئێستەوە بڕیارت دابێ کە هەموو وەڵامەکان رەفز بێ و خەتی چەپ و ڕاستی بەسەرا بێنی، درۆشتان لەگەڵ ناکەم، یەعنی موتەئەکید بن درۆتان لەگەڵ ناکەم و قسەی دڵم ئەکەم، چونکە ئەوانە هەمووی عومری کورتە، ئەوانەشی تاوەکو ئێستا لێرە هەموو رەفیقم بوون و زۆر چاکم ئەناسن کە سەریحم و فەسیحم و واقعیم و چۆنیش ئیشم کردووە، ئەو برادەرانەی بە تایبەتی گۆڕان هەموومان لەسەنگەرێکا بووین و باشم ئەناسن، یەکێك لەو پرسیارانەی هەر لە بیدایەتەوە دەستی پێ کرد، باسی وەزارەتی پێشمەرگە و یەك نەخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و ئەوانەیە، بەڕاستی ئێستا وەزارەتی پێشمەرگە یەك وەزارەتمان هەیە و دەتوانین بڵێین هێشتا وەزارەتێکی موتەکامل نیە لە هەیکەلەکەدا کەکۆمەڵێك مەشاکل و کێشەمان هەیە و هیوادارم ئەوانەی کە بە دوای کێشە و مەشاکیلەکاندا دەچن بێن پرسیاریان لێ بکەن لەنزیکەوە کێشە و مەشاکیلەکان ڕەنگە بەشێکی زۆر کەمی ناوخۆی بێت، بەشەکەی تری هەمووی پەیوەندی بە عیراق و بە میزانیە و بە ئیمکانیەت و بەوانەوە هەیە، هێزی پێشمەرگە کە ئەمڕۆ دەڵێین یەکی نەگرتووەتەوە منیش بە تۆ دەڵێم بەو شێوەیە یەکی نەگرتووەتەوە کە تۆ دەتەوێ، چونکە یەکگرتنەوە ئەوەیە لە سریەو فەوج و لیوا و بە پێی ئەو وەزارەتی پێشمەرگە ئەمانە ڕێکبخرێن و قیادەیەکی خۆی هەبێت، بەڵام هێزی پێشمەرگە لە کوردستاندا برایانی خۆشەویست هەزار و دوو هەزار کەس نیە،مەرکەزی تەتەوعمان نەکردووەتەوە لە کوردستاندا بڵێین وەرن یەڵڵا تەتەوع دەکەین و دەینێرین بۆ مەرکەزی تەدریب و لە مەرکەزی تەدریبەوە دەینێرین بۆ فەوجەکان، ئێمە بەشی هەرە زۆرمان لێرە لە شاخ بووین و پێشمەرگەی حزب بووین و کە ئەوە سەروەریەکی گەورەیە، بەڵام ئەمڕۆ کە حکومەت و پەرلەمان هەبێت، ئەبێ هێزی پێشمەرگە دەبێ خازع بێت بۆ نیزام و بۆ یاسا و دەبێ هێزی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ و هێزی خەڵکی کوردستان بێت، بەڵام هێزێك هەیە ئێستا لە ساحەکەیا بمانەوێ و نەمانەوێ کە هەموو حیزبە کوردستانیەکان هێزیان هەیە و بەشداریان کردووە لە شۆڕشدا و بەشێکن لەم دەسکەوتانە و دەبێ و هەمووی لەگەڵیاندا قسە بکرێ و ئەم هێزە دەبێ ئێمە ئیستعاب بکەین، ئەم هێزە پێویستی بە مەعەسکەرات هەیە، پێویستی بە مەرکەز تەدریب هەیە، پێویستی بە تەجهیز هەیە و پێویستی بە تەسلیح هەیە و پێویستی بە بچووکترین شت تا گەورەترین شت هەیە، ئەمڕۆ ئەو هێزە

پێویستیەتی ئێمە وەکو وەزارەتی پێشمەرگە تاوەکو ئێستا خۆتان لە پەرلەمانن و لێرە تەنانەت نەتوانراوە بودجەیەکمان بۆ دانرێ کە بتوانین بچووکترین شتی پێ بکەین و ئەو پارەشی کە دەماندەنێ هەمیشە بە قەرزە یان بە سلفەیە، چونکە بە پێی دەستووری عیراق پێشمەرگە پاسەوانی هەرێمی کوردستانە، بەشێکە لە سیستمی بەرگری عیراق و دەبێ لە مەرکەز میزانیەی ئەم هێزە دابین بکرێت، ئێمە زۆر هەوڵمان داوە نەك ئەمڕۆ، بڵێین چوار ساڵە و پێنج ساڵە ئێمە لەگەڵ عیراقیەکان و بەسەرپەرشتی هێزەکانی هاوپەیمانان چەندین ئیتفاقمان ئیمزا کردووە لەسەر هێزی پێشمەرگە و لەسەر ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و لەسەر ژمارەی پێشمەرگە و لەسەر خانەنیشین و کەم ئەندام و شەهید و لەسەر هەمووی ئیشمان کردووە، بەڵام بەداخەوە خۆتان دەزانن ئەوە لە عیراق هیچی جێ بەجێ ناکرێت، جگە لەوە لە 2007 تا 2011 پێنج ساڵی ڕێك لە عیراق و لە پەرلەمانی عیراقی لە یاسای موازەنە تەسبیت کراوە کە دەبێ میزانیەی هێزی پێشمەرگە لەلایەن مەرکەزە دابین بکرێت و بووە بە قانون و، بەڵام تاوەکو ئێستا بە هەموو ئەو محاوەلاتانە و بە هەموو ئەو هەوڵانەی داومانە، بەوەشەوە کە ئەمریکیەکانمان هێناوەتە ناو هینەکەوەو تاوەکو ئێستا ئەوەی کە من بیزانم و ئاگام لێی بێت نە دۆلارێك نە دینارێك سەرف نەکراوە بۆ هێزی پێشمەرگە، لەبەرئەوە گەورەترین کێشەی ئێمە مەسەلەی میزانیەیە، لەگەڵ ئەوەشدا وەزارەتی پێشمەرگە هەنگاوی باشی ناوە و کاری باشی کردووە و بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا لە پەرلەمان دا ڕۆژێك لە ڕۆژان وەزیری پێشمەرگە بانگ نەکراوە بۆ ئێرە و لێی بپرسێ بڵێ ئەرێ ئێوە وەزارەتن تا ئێستا چیتان کردووە و کێشەکانتان چیە؟ و بەرنامەیەك دانێن بۆ ئەوان، بەداخەوە یەعنی ئەوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان پێم بڵێن وەڵڵا ئێمە لەم پەرلەمانە تۆمان داوا کردووە و بزانین ئەو وەزارەتەی تۆ نوقسانی چیە و کەموکوڕی چیە چۆن هاوکار دەبین یارمەتی دەر بین وەکو پەرلەمان بۆ ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە و بۆ ئەو هێزەی کە ئێستا داوای دەکەن لێرە کە من ئەوە ئومنیەتمە، چونکە من دەزانم بۆچی پێشمەرگایەتیم کردووە، پێشمەرگایەتی من بۆ شەخس و نە بۆ لایەك و ئەملاو ئەولا بووە، پێشمەرگایەتی من بۆ خەڵکی کوردستان بووە، لە پێشی ئیشکەم، لەگەڵ ئەوەش ئێمە چوار لیوامان دروست کردووە هەشت لیوای تر ئێستا لەبەرنامەماندایە هەم لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە موافەقەی لەسەر کراوە، هەم لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە و لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دراوەکە هەموو پێویستیەکانی بۆ جێ بەجێ بکرێت کە ئەمانە دەسکەوتن وبە حەقیقەتیش من پێتان دەڵێم ئەوە تەئسیر دەکات لەسەر میزانیەی هەرێمی کوردستانیش، چونکە لەباتی ئەوەی ئێمە میزانیەکەمان لە بەغدا وەرگرین لە کوێ و ئەو میزانیەی کە لێرەیە بۆ ئیشی تر و بۆ کاری خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە بەکاربێت، ئێمە هەنگاوی باشمان لەو ڕوانگەوە ناوە و کاری باشیشمان کردووە و ئێستا چوار لیوامان هەیە و ئەو حیزبانەی کە ئێستا لێرە دانیشتوون هێزی پێشمەرگەیان بووە و بەشداریان کردووە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورددا و شەهید و بریندداریان هەیە لێیان بپرسن و بانگیان بکەن بڵێن ئایا هێزەکانی ئێوە بەشدارن لەو لیوایانە یاخود بەشدار نین؟ داواتان لێ کراوە یان داواتان لێ نەکراوە؟ خەڵکانی تریش و

لایەنی تریش و حزبی تریش خەڵکی بۆ خانەنیشین کراوە لەسەر حسابی پێشمەرگە بووە بۆ ئەوەی کە بیزانن کە ڕەنگە ئێمە لە پاشەڕۆژدا وەکو وەزارەتی پێشمەرگەو کە بە مەسائیلی خانەنیشینی دا دەچینەوە زۆربەی ئەوانەی یاسای خانەنیشینی وەزارەتی پێشمەرگە نایانگرێتەوە، لەسەر ئەوە قسە زۆرە، بەڵام تەقریبەن دەتوانم بڵێم ئەوەندە بەسە ئەگەر قەراری تێ نەگەیشتن نەدرابێ و بەیەکەوە بە سنگێکی فراوان گوێ لە یەکتری بگرین، داوای لێ بوردن دەکەم کە ناویان ناهێنم کە هینەکانیان چۆنە، ئێمە کە باسی خۆپیشاندان دەکەین هێزی پێشمەرگەی کوردستان شەهیدەکانی و کەم ئەندامەکانی تێکۆشەرەکانی و ئەو دەیان هەزار تێکۆشەرەی ئێستا لەسەنگەردایەو ئیستراد نەکراوە، ڕۆڵە و خەڵکی کوردستانن، کوڕی ئەو فەلاحە و تەڵەبن و مامۆستان و هەڵقوڵاوی ناو جەرگەی ئەو خەڵکەن، ڕۆڵەی ئەو خەڵکەن، لەبەرئەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزی خەڵکی کوردستانە و هیچ کەسێکیش ناتوانێ سیمای بگۆڕێ یان ناوی بگۆڕێ یاخود بە شێوەیەکی تر و بەلایەکی تردا بیبات، لەبەرئەوە ئێمەی پێشمەرگە هێزی پێشمەرگەی کوردستان تا سەر ئیسقان پشتیوانی خۆمان، هەموو هێز و توانای خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ پشتگیری کردن لە داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، پشتگیری کردن لەو خۆپیشاندەرانەی کە بە یاسا بە شێوەیەکی شارستانی خۆپیشاندانەکانیان ڕێك دەخەن و داواکانیان ڕێك دەخەن ئێمە پشتیوانیان لێ دەکەین و پشتگیریان لێ دەکەین تاوەکو سەر ئیسقان، قەت ئیمکان نیە ئێمە ڕۆژێك لە ڕۆژان پشت بکەینە کەسوکارەکەمان و ڕۆڵەکانمان و گەنجەکانمان و لوولەی تفەنگیان تێ بکەین، ئەوانەی کە وامان پێ دەڵێن ئەوە زوڵمێك و غەدرە لە ئێمە دەکرێت، کە لە هەندێك شوێندا باسی سەرکوت کردن قەمع و ئەوانە دەکرێت، ئەوە حەق نیە لەگەڵ پێشمەرگە بەکاربهێندرێت یان وشەیەکی وای تیا بێت، بۆیە خوشك و برایانی خۆشەویست مەسەلەی خۆپیشاندان دەبێ ئێمە جیایی بکەینەوە لە هەندێ مەسائیلی تر، لە هەندێ مەسائیلی کاری توندوتیژی کە دەبێتە هۆی تێکدانی ئەمن و ئاسایش و دەبێتە تێکدانی ئارامی، بەداخەوە ئەوەی لە 17 مانگ ڕووی دا کە چەند گەنجێك لەگەڵ دەیان گەنجی تر شەهید بوون و برینـدار بوون کە ئەوە بەڕاستی دەبێت هەمووومان و ئەوەی کە تەقەی کردووە ئەوەی تەحەمولی مەسئولیەت بکات، ئەوەشی کە لە پشتی ئەوە بووە وهانی داوە و هێناویەتی کە تەمەنی لەخوار 18 ساڵەوەیە و بۆ ئەوەی کاری توندوتیژی پێ ئەنجام بدات، دەبێ ئەویش تەحەمولی بکات، ئەوە یەك لایەنە نیە دەبێ هەردوو لا بچنە بەردەمی دادگا، لەبەردەمی دادگا ساغی بکەنەوە کە تاوانبار بە سزای خۆی بگات، لەبەرئەوە کە تاوان دەخەیتە پاڵ پۆلیس و ئاسایش، بەڵام لە عەینی کاتدا ئەوەی هێناویەتی و پاڵی پێوە دەنێت و دەفعی دەکات وهانی دەدات، چ بە ئیزاعەو چ بە تەلەفزیۆن و چ بە کۆبوونەوە و چ بەهەر تەریقەیەك لە تەریقەکانی تر نامەوێ بچمە ناو هەموو ئیستفسارەکەوە، ئەی ئەو مەسئول نیە کە ئەوە دەکات؟، ئەگەر ڕێگەم نادەن قسەکانم بکەم، دوایی هەر جوابێکی ترت هەیە، .......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تكايە، شەرت نیە بە دلّتان بێت، کەس موفاتەعەی کەس نەکات، قسەی خۆی تەواو دەکات و کە تـەواو بـوو دەنگدانە، ئەوەی لەسەری ڕازی نیە داوای سەحبی بکرێتەوە، ئێستا مەجال نیە، کەرەمکە.

**بەڕێز شێخ جعفر مصطفی/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە بووە ئێمە بیزانین پۆلیس شەهید بووە بە گوللە، پۆلیس بریندار بووە بە گوللە، لە کاتێك دا تۆ باسی خۆپیشاندانم بۆ ئەکەی لەناو ئەوانەش کە تۆ ناوت ناوە و ناوی نراوە خۆپیشاندان، مـن پێـت دەڵێم خۆپیشاندەری تیایە، بەڵام ئەوەی کە تفەنگی پێ یە و فیشەك ئەنێ بە هێزەکانی ناوخۆوە شەهیدی دەکا و برینـداری دەکـات و ئـەوە نـاو ئـەنێی چـی؟ خەتـەری گـەورە لێرەیـە، لـەم جێگایـە کـە خۆپیشـاندەرێك هاتووەتە سەر جادە و داوایەکی ڕەوای هەیـە، چینێکە یـان توێژێکـە یـا هـەموو خـەڵکی کوردسـتانە، بـەڵام عەینی کات کابرایەکی تری ڕاوچی لە پشتی ئەوەوەو لە پشتی سەری ئەوەوە تفەگی پێیە بـۆ ئـەوەی نـاو و ناوبانگی ئەم پیاوەنیشتمان پەروەرە ناشیرین بکات و سومعەی بزڕێنێ و پۆلیس و ئاسـایش شـەهید دەکا و برینداری دەکات، ئـەوەی لـە 17ی مـانگ ڕووی دا هەریەکـەم ڕۆژ بـەڕێز جـەنابی کـاك نەوشـیروان ڕوونـی کـردەوە وتـی ئەمـە کـاری تێکدەرانەیـە، لـەوەی زیـاتری وت، چـونکە ڕۆژی 17 ی مـانگ موزاهـەرە بـوو و ئیجازەی بۆ وەرگیرا بوو بۆ بەردەرکی سـەرا لـە سـەعات 2 بـۆ 4، بەوفقورئانـە حـەز دەکـەی ئێسـتا هینەکـە هەڵگرە و گوێی نادەمێ و بە خەیاڵیشم نایەو پێڵاوەکانیشت لەسـەر سـەر و لەسـەر چـاوم، بـەڵام رجـات لێ ئەکەم با تۆ قسەی خۆتت کردووە با قسەکانیش وابێ حەز دەکەی ئێستا ئیعدامم بکەی، بەڵام دەبێ منیش جوابێکم هەبێت، قەناعەتت پێی کرد، پێی بکە، پێشت نەکرد خۆ جارێکی تر بانگم بکەمەوە، دە جاری تر بانگم بکەرەوە، داوای لێ بوردن دەکەم لە جەنابی سەرۆك، لەبەرئەوە خوشك و برایان دەبێ ئێمـە کـە لێـرە دانیشتووین دیفاع لە خۆپیشاندەریش بکەین، دیفاع لە خۆپیشاندەر بکەین و دیفاع لـە ئاسایشـیش بکـەین، دیفـاع لـە پێشـمەرگەش بکـەین، دیفـاع لـە هـەمووی بکـەین، بەشـێوەیەکی وا هـەتاکو بتـوانین داواکانمـان و پرسیارەکانمان و وەڵامەکانمان هەمووی بچێتە چوارچێوەیەکی واوە کە بەڕاستی کە ئێسـتا جـەماوەر گـوێی لێ دەگرێ و بڵێ وەڵڵا ئەمانە بە حەقیقەت یەك دەنگ و یەك ڕەنگن، من خۆم بەش بە حاڵی خۆم یەکێتی و تەبایی و ئەو یەکڕیزیەی میللەتەکەی خۆمانم پێ شـتێکە کـە تـەنها و تـەنها سـەرکەوتن لـەوەدا دەبیـنم، تەجروبەیەکی تاڵمان هەیە لـە هـەموو شـتەکانی تـردا، لەبەرئـەوە ئـەو تەجروبـە تاڵانـە بـە هـیچ جۆرێـك نابێت انشالله دووبارە بێتەوەو ڕێگە بدەین دووبارەی بکەنەوەو مەسئولی یەکەمیش ئێرەیە، ئەم قاعەیەیـە، تەبعـەن مـن نامـەوێ زۆر بچـمە نـاو تەفاسـیلەوە ئەگـەر دوایـی ڕام نەکێشـن، چـونکە ئەگـەر ڕاتـان کێشـام مەجبورم دیفاع لە خۆم بکەم و دیفاع لە پێشمەرگە بکەم، وەکو خـۆی، لەبەرئـەوە برادەرانـی خۆشەویسـت کارەکان گەیشتووەتە کاری ئەوەی لە سـەرەتا پـۆلیس و ئاسـایش نـەیانتوانیوە چارەسـەری کێشـەکان بکـەن، نەیانتوانیوە سەیتەرە بکەن بەسەر وەزعەکانـدا، ئـەوە بـوو ئـەو خۆپیشـاندانەی بـەردەرکی سـەرا لـەماوەی ئیجازە پێدراوی تەوجیهی خۆپیشاندانەکە، نەك خۆپیشاندەرە ئەصڵیەکان تەوجیهێکی تر هێنـدرا بـۆ لقـی

چوار، ئەوە بوو پەلاماری لقی چوار درا بەو نەوعە، بەداخەوە دەڵێم ملیۆنێك جار بەداخەوە، ئەوەی کە ڕوویدا ئەبوایە ڕووی نەدایە، بەڵام ڕوویدا، وەکو باسیشم کرد، هەموو کەسێك لێی مەسئولە، ئەوەشی کە تەقەی کردووە لێی مەسئولە، ئەوەشی کە هێناویەتیە ئەوێ و پێی دەڵێ وا بکە ئەوەش مەسئولە، ئەبێت هەموومان ئەوە باش بزانین، ئەوە دووبارە بوو، پەلاماردان دووبارە بوو، هەڕەشەکردن دووبارە بوو، ڕۆژی دوایش بەهەمان شێوە پەلاماردان وهەڕەشەکان دووبارە بوویەوە، لەبەر ئەوە هێزی پۆلیس و ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ، نەیانتوانی سەیتەرە بکەن بەسەر وەزعەکەدا، بۆیە شتێکی یاساییە، سەرۆکی یەکەی ئیداری، ئەگەر پارێزگارە، ئەگەر قائیم مەقامە، ئەگەر مودیری ناحیەیە، لەکاتێکی وادا کە زانی هێزەکانی ناوخۆ ناتوانن سەیتەرە بکەن بەسەر وەزعەکەدا، داوا بکات هێزی پێشمەرگە یارمەتیدەری بێت، واجبی هێزی پێشمەرگە ڕووبەڕوو بوونەوەی هەموو هەڕەشەیەکی دەرەکی و ناوەکیە، کە هەڕەشە بێت لەسەر ئەم دەستکەوتانەی کە ئەمڕۆ هەیە لە کوردستاندا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزی یارمەتیدەری پۆلیس، ئاسایشە بۆ دابین کردنی ئەمن و ئاسایش لەکاتێکدا لێی داوا دەکرێت هی خەڵکی کوردستان وە پارێزەری سەرو ماڵ و سامانی خەڵکی کوردستانە، جا ئەگەر پێشمەرگە ئەمە نەکات ئەوە تۆ بۆچیتە؟، با بڕوات خواحافیزی بێت، کە ئێمە بزانین ئەمن و ئاسایش نەپارێزرێت، سەروەت سامانی خەڵك نەپارێزرێت، ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەیەك نەبێتەوە، بەتایبەتی ئەم دەستکەوتانەی کە هەیە لەکوردستاندا، هەمووشمان دەزانین ئیعلامەکان بە جەریدە، بە تەلەفزیۆن، بە سەتەلایت، هەرچی لەتوانایاندا هەبووە هەوڵدان بووە بۆ هێنانە جۆش و خرۆشی خەڵکی کوردستان، بۆ پەلاماردان بۆ ڕژانە سەرجادە، ئێستاش ئەو خۆپیشاندانانەی کە هەیە لە سلێمانی هیچ شتێکی یاسایی نیەو ئیجازەی یاساییان وەنەگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکانی ناوخۆ، بەشاهیدی ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە لێرەن و خۆیان چوونەتە ئەوێ، خۆیان گوڵیانداوە بە پۆلیس و ئاسایش، خۆیان سوپاسی پێشمەرگەیان کردووە، خۆیان چوون لوولەی تفەنگەکانیان گوڵ پێوە کردووە، سوپاسیان کردوون، خەڵکی سلێمانی سوپاسی هێزی پێشمەرگەی کردووە، هێزی پێشمەرگە چووەتە ناو سلێمانی لەسەر داوای پارێزگار، لەسەر داوای لیژنەی ئەمنی سلێمانی بووە، زۆر بەکەمی و بۆ شوێنی دیاریکراو بەبێ ئەوەی کە لەیەك شوێندا ئەم هێزەی پێشمەرگەیە تەقەی کردبێ، یان ڕووبەڕووی توندووتیژی بوبێتەوە، یان لوولەی تفەنگی کردبێتە خەڵك، لەهەمان کاتیشدا ڕەنگە ئێوە هەندێکتان مەعلوماتتان نەبێ، چونکە من پێم وتوون هەموو شتەکانتان ڕاست پێدەڵێم، لەهەمان کاتدا من کراوم بە مەسئولی لیژنەی ئەمنی سلێمانی، ئێوە نایزانن هەموو کۆبوونەوەکانی من ئەوە مودیری شورتە ئەوە ئاسایش، ئەوە پۆلیس، ئەوە پاریزگار، ئەوە قائیم مەقام، هەموویان بانگ بکەن، ئەوە بووە کە ئەو کەسەی لوولەی تفەنگ بکاتە منداڵێکی کورد، تەسلیمی یاسای دەکەین، لێی قبوڵ ناکەین، بەیانی لەسەر دەردەکەین، لە هێزی پێشمەرگەو پۆلیس و ئاسایشیش دەری دەکەین، ئەوە واجبی خۆمان بووە، جێبەجێمان کردووە، بێگومان توانیوومانە کە زەبتی شتەکان بکەین، کارەکانمان ڕێك بخەین، هێزی پێشمەرگە، تۆ باسی قەزایەك یان ناحیەیەك دەکەیت، لەهەموو قەزاو ناحیەکان هێزی پێشمەرگە لەلایەن

قائیم مەقام یان لەلایەن مودیری ناحیە یان لەلایەن لیژنەی ئەمنیەوە داوا کراوە، هێزی ئەمنی بۆ پاراستنی ئەمنیەتی خەڵك، بۆ پاراستنی سەروەت و سامانی خەڵك، چونکە هەندێ شت هەیە خۆ دەسەڵاتی من و تۆ نیە، من زمانی خۆم دەبڕم بڵێم خۆپێشاندەر تاڵان دەکات، یان پیاو دەکوژێ یان ئیشی خراپ دەکات، ئێمە ڕاپەڕینمان کرد، خۆتان لەبەرنامەکەدا بوون، بەرنامەی ئێمە کاك نەوشیروان دایناوە، کە ئەو هەموو نوقاتە یەکێك خەڵك بکوژێت چی لێدەکەین، یەکێك تاڵانی بکات چی لێدەکەین، لەدائیرەیەکدا بووین بەخاوەنی کورسیەك، لەژێر سێبەری تۆدا، لەژێر ناوی تۆدا، لەژێر هێزی تۆدا، خەڵکێك هەیە خۆی حازر کردووە بۆ کاری تێکدان، جگە لەوە ئێمە دوژمنەکانمان کە دەیانەوێت یەکێتی ڕیزەکانمان تێك بدەن، کە هەرچی جوهدیان هەیە و هەرچی بەرنامەیان هەیە بۆ تێکدانی ڕیزەکانی ئێمەیە، هەموو قوەتیان خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی کە ئەمڕۆ ئاسایشی کوردستان تێك بدەن، من ناڵێم ئەوەی لە هەڵەبجە تەقەی کرد، پۆلیسی شەهید کرد، لە چ حزبێکە، بەڵام من دڵنیام لە شوێنێکەوە هاتووەو پێی وتراوە بڕۆ خەڵك بکوژە، بڕۆ خەڵك بریندار بکە، بڕۆ تەقە بکە بۆ ئەوەی وەزعی کوردستان تێك بچێت، جارێکی تر کوردستان و میللەتی کورد بەرەو نەهامەتی و نەگبەتی و قوڕ بەسەری بڕوات، جاری واش هەیە لە عاتیفەوە، گەنجێك لەڕووی عاتیفەوە تەماشا دەکەیت حەماسی هەڵدەستێت، ئیشێك دەکات، بەڵام ئەوە لە حەماسەوەیە لە پاکیەتی، لە دڵسۆزییەتی، لەبەر ئەوەی ئەو شتانەی کەڕوویداوە هێزی پێشمەرگە تەداخولی کردووە، بۆ هاوکاری کردنی پۆلیس و ئاسایش، بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایش، بۆ پاراستنی سەروەت و سامانی خەڵك، بۆ پاراستنی هەموو دەزگاکان کە لەکوردستاندا هەیە، بۆ ئەوە تەداخولی کردووە، بۆ ئەوەی کە ئێمە بەرەو ئەوە نەڕۆین کە وردە وردە دووژمنانمان ئەم هەڵە بقۆزنەوە، ببن بە فیتنەیەك لەناو میللەتەکەماندا و بەرەو کارەساتێکی ترمان ببەن، من تەئکیدتان بۆ دەکەمەوە هیچ هێزێکی پێشمەرگە بەخۆی و بەچەکیەوە بەرامبەر بە هیچ هێزێکی سیاسی، بەرامبەر بەهیچ ڕێکخراوێك، بەرامبەر بەهیچ حزبێك، بەهیچ بارەگایەك حەرەکەو جووڵەی پێ نەکراوە وەڵڵا، جا کێ بڕوام پێدەکات با بیکات، لەکوێ دانرابێت؟، چ چەکێکی پێ بووبێت؟، بەرامبەر بارەگای حزبێك، تەنزیمێك، هێزێك، دانەنراوە ئەم هێزە بڵێت، بەخوێنی هەرچی شەهید هەیە، جا لەبەردەم ئێوە خەڵکیش گوێی لەدەنگم دەبێت، ئەگەر خوێنی شەهیدم بەدرۆ خوارد مەعنای وایە ئەوە هەرچی سیفەت هەیە لەدەستی دەدەم، هیچ هێزێکی پێشمەرگە، ئەوەی دەڵێن دەبابەیە، وەڵڵا دەبابە نیە، ناقیلەی ئەشخاصە، چ خەبیرێك دەهێنن بیهێنن من پێتان پیشان دەدەم، ئەم ناقیلانە کەچوونەتە ئێرە، بۆ ئەوە چووە، ئەم دکتۆر بەرهەمە جارێکی تر هەوڵی کوشتنی دراوە، هەمووتان شاهیدن، هەوڵی کوشتنی دراوە، هەڕەشەیەکی گەورە هەبووە، ئێمە دەزانین، هەم بۆ پاراستنی ئەو بووە، هەم بۆ پاراستنی ئەمنیەت و ئاسایشی ناوچەکە بووە، وەڵڵا، چەند ئێوە بچن تفەنگ بگرن بەدەستانەوە بەرامبەر بە بارەگای گۆڕان، ئەو هێزە، ئەو چەکانە ئەوەندە بۆ ئەوان چووە، لەبەر ئەوە، ئەم مەسەلەیە دوورە لەواقیعەوە، کە ئێمە دەبابە یان ناقیلە یان چەکی قورسمان بردبێ بۆ فلان جێگا بەرامبەر بەو گردە دامان نابێت، کە هەندێ لە برادەرەکان لێی دەپرسی ئەڵێت ئەوێ چەکی لێ نیە، ئەگەر

چەکی لێ نیە دەبابەی بۆ چیە؟، یاخود بۆ سەر کێ ئەو سیلاحانە براوە؟، بۆ سەر هاوسەنگەرەکەم، بۆسەر هاوڕێکەم، بۆ سەر براکەم، کەسەکەی خۆم، ئەوە وانیە حەزدەکەم دڵتان پاك بێت، نیەتتان پاك بێت، ئەوە لەدڵ و مێشکی خۆتان ببەنە دەرەوە، کە ئەوە دوورە لەڕاستی سوێندیشم بۆ خواردن بەهەموو جۆرێك، موقابەلە کراوە، قسەت کردووە، منیش قسەم کردووە، قسە کراوە، لەبەر ئەوە گەر بێین و باسی قسەکان بکەین، باسی جەریدە بکەین باسی ئیزاعە بکەین، حەز دەکەی ئەمشەو دەچین گوێ لە تەلەفزیۆنەکان دەگرین بزانین چی دەڵێن، جاری وا هەیە ئینسان هەندێ شت دەبیستێ دەڵێت سەرت سپی دەبێت، یان دەڵێت لەداخانا سەرم دەڕنمەوە، یەعنی بەو شێوەیە کاکە، لەبەر ئەوە ئەو مەسەلەیە وانیە، مەسەلەی زێرەڤانی، جارێکی تر هاتم تەعلیقتان لێدام وتتان دەڵێت زرێڤانی، بەڵام زێرەڤانی، مەسەلەی زێرەڤانی و هێزێکی تریش هەیە هێزی بەرگری شارستانی پێدەڵێن، ئەم دوو هێزە، لەهەموو ڕوویەکەوە سەر بەوەزارەتی ناوخۆن، وەزارەتی پێشمەرگە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەم دوو هێزەدا نیە، بەس لەوکاتە من وای دەزانم و واشی لێ تێگەشتووم وەزیری ناوخۆ مەسئولی پاراستنی ئەمن و ئاسایشی هەموو هەرێمی کوردستانە، لەشوێنێك ئەگەر هێزی پۆلیس بێت یان لەهەر شوێنێك ڕووداوێك ببێت، ئەگەر پێویست بکات لە دهۆك بۆ خانەقین، لەخانەقین بۆ دهۆك، بۆ هەولێر، بۆ سلێمانی، بۆی هەیە هێزەکانی خۆی بجووڵێنێت، هێزی زێرەڤانی و هێزی ناوخۆ پۆلیسی محەلی نیە، من پێم خۆشە ئەوەشتان بۆ ڕوون بکەمەوە، هێزێکی نیزامیە هێزێکی مودەڕەبە، هێزێکی تەشیکل کراوە وەك چۆن لە عێراقدا پۆلیسی فیدڕاڵ هەیە، لێرەش ئەو هێزانە هەیە، ئێستاش کاری لێدەکرێت کە بەشێکی زۆری نقڵی سەر پۆلیسی فیدڕاڵ دەبێت، ئەو هێزانە هێزی زێرەڤانی لێرەوە بۆ سلێمانی بەفەرمانی وەزارەتی ناوخۆ جووڵەی پێکراوە، بەڵام وەزیری ناوخۆ لەگەڵ جووڵەی هێزەکەی منی ئاگادارکردۆتەوە کە ئەو هێزە دێت بەرەو سلێمانی، بەڵام لەبەر ئەوەی هێزێکی نیزامییە، ئەکەوێتە ژێر فەرمانی تۆ وەك وەزیری پێشمەرگە، جەنابی کاك بەرهەم کەزانیویەتی، من نازانم پرسی پێکراوە یان نەکراوە یاخود ئەو دەسەڵاتەی هەیە بەبێ پرسی ئەو هێز بجووڵێنێ، لەگەڵ جەنابی وەزیری ناوخۆ قسەی کردووە، ئەویش وتوویەتی ئەو هێزەی کەجووڵاوە بۆ سلێمانی با ڕێگەیان پێنەدرێت بێنە ناوشار، ئەوەشیان داوەتە دەست من، منیش نەمهێشتووە بێتە ناوشارەوە، لەدەرەوەی شار جێگیرمان کردوون، لەپاش چەند ڕۆژێك ئەو هێزە جارێکی تر بە ئەمری من بە بڕیاری من بە موئتەمەرێکی صحوفیش کە گرتوومە، ئەو هێزانەمان گەڕاندۆتەوە بۆ جێگای خۆیان، یەك زێرەڤانی لەو دەقەی کە من خەریکی موئتەمەرەکە بووم، وتم ئەوە بڕیارمداوە بەگەڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان، یەك زێرەڤانی لە سنووری دێگەڵەشدا نەماوە، لەبەر ئەوە ڕجاتان لێدەکەم ئێوە وا تێمەگەن داواشتان لێدەکەم، ئەگەر ویستتان پرسیار بکەن ئەوە وەعدتان دەدەمێ تەلەفۆنم بۆ بکەن، تەلەفۆنەکەشم لەلای هەمووتان هەیە، من ئامادەم لێرە هەستام، ئەم برادەرە ببەم ئەم چەکەی پیشتان بدەم، دەبابەشی پیشان بدەم، ئەگەر ئەوە دەبابە بوو، باشە خوشکی بەڕێز کوێستان خان، ئەرێ ئێوە چەند کەسن لێرەدا، هەموومان بەیەکەوە دەڕۆین بۆ سەیری هەموو چەکەکانمان، من وەعد بێت یەك

بەیەکیتان پیشان بدەم، ئەگەر ئەوە دەبابە بوو، ئەوە ئـەو خەڵکە گوێیـان لـەدەنگی منـە، ئەگـەر دەبابـەش نەبوو ئەوە دەڵێن وەڵڵا بە لوولەکەیدا لێمان تێك چووە، ئەوە شتێکی ترە، با، ئێمە دەبابەمان هەیە، بـەڵام بەخوێنی شەهیدان، بەخوشك وبرایەتیمان تۆ بستێك دەبابەت جووڵاندبێ، ئـەوە دەبابـەی ئێمـە لـەجێگای خۆی نەجووڵاوە، بەخوێنی شەهیدان، خۆت دەزانی ئیحترامی تایبەتم بۆت هەیە، بۆیـە دەڵـێم بەخوشـك و برایـەتیمان، ئەگـەر نەسـرین واز بـێنێ، مـن برادەرانـی خۆشەویسـت حـەز دەکـەم پێتـان بڵـێم، وەزارەت وەزارەتی یەکێتی و پارتی نیە؟، وەزارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەڵام بۆم باسکردن کە تـا ئێسـتا چەند ڕێگری هەیە، ڕێگریەکانیش کەمترین شتی پەیوەندی بە شتی ناوخۆوە هەیە، بەشی زۆری پەیوەندی بە دەرەوە هەیە، کەباسی پێشمەرگەو تەقـەی پێشمەرگەو کوشـتنی پێشمەرگە دەکـەین، حـەز دەکـەم ئـەو پێشمەرگانەی کە فـەرمانی گرتنیـان هەیـە لەلایـەن دادوەرەوە، یـاخود ئاگـاداری کـردوون و بۆمـان هـاتبێ، ئەگەر نەمان ناردبێ بۆ ئەوەی بینێرین، ئەوەشی بۆمان هـاتووە ئێمـە ناردوومانـە، چـونکە مـن پـێم وانیـە کەسمان بتوانین لەیاسا یاخی بین، ئەمڕۆ یاخی بین، سبەی یاخی بین، ئەوە یاخی بوون نیە لەدادگا، بـەڵام ناشکرێت من گوێم لەهەندێ قسە بوو، دادوەر بڕیارێك بدات لێـرە کـابرا بـە قاتیـل و بـە مـوجریم، حـوکم دەدرێت، فلان ئەوەی سووتاند و فلانـیش ئـەوەی سـووتان، بـەبێ ئـەوەی چاوەڕوانی دادوەر بکـەین خۆتـان دەزانـن مـدعی عـام دەیـان کەسـی گرتـووە، بەشـی زۆریـانی بەکەفالـەت بـەرەڵا کـردووە، ئەگـەر کەسـێکیش تەسلیم نەبووبێ ئـەمڕۆ بێـت یـان سـبەی ئـەبێ تەسـلیم بکرێـت، لـەناو هێـزی پێشمەرگە داوای دووکـەس کرابوو، لەسەر نالیا، یەکێکیان شێخ جەلالی ناوە مـودیری اسـتخباراتی وەزارەتـە، چووەتە بـەردەمی دادگـا، بەماددەیەك کە ئەو ماددەیە بە کەفالەت بەرەڵا کراوە، حەز دەکەی ئێستا بچۆ بەدادوەر بڵێ ئـەم ئێوارەیـە دەبێ داوای بکەیتەوە، وتی با بێـت ئـەم ئێوارەیـە بـۆت دەنێرمـەوە بـەردەم دادگـا، ئـەوی تریشیان یەکێکـە بەناوی ڕۆژ، کابرایەکە بەقەد شەش زەلام دەبێـت، تـۆ بیبـینی دەڵێـی بـڕۆ بـۆ کـوێ دەچیت بچۆ، ئـەویش چووەتە بەردەم دادگا، هەرکەسێکی تریش داوا بکرێت، بێگومان دەچێتە بەردەم دادگا، دڵنیا بن لەوە بـەس ناکرێـت لـە ئێسـتەوەی ئێمـە بڕیـار بـدەین وەڵڵا، بـە بیلاهـی، چـەند لـەماڵی ئێـوە ئیسعاف سـەوز هەیـە، ئەوەندەش لە وەزارەتی پێشمەرگە ئیسعاف سەوز هەیە، وەڵلاهی ئەو وەزارەتی پێشمەرگەیەی کە من ئێستا مەسئولیم لەناو وەزارەتدا ئیسعافێکی تێدا نیە، لەوانەیە لەناو لیواکان ئەمریکیەکان هەنـدێکیان پـێ دابـن، بـا بـزانن ئیسعاف سـەوز لـەکوێوە هـات یـان بـۆ کـوێ دەڕوات ئـەوە شـتێکی تـرە، جا لەبـەر ئـەوە برایـانی خۆشەویسـت ڕجاتـان لێدەکـەم، بەباشـی بـا تـەحقیق بکـەین، خـەڵك گـوێی لەدەنگتانـە، جـەماوەر گـوێی لەدەنگتانە، وەڵلاهی حـەز دەکـەم بیـزانن، هـەموو ئاگـادارن لـە ڕووداوەکـان تـا ئێـوارە، ئەگـەر مـن بمـەوێت تەشویهی دەموچاوێکی ئێوە بکەم، بوختانێك بـۆ ئێـوە بکـەم، بـڕوا بکـەن لەسـەرجادە خـەڵك زۆر لـە ئێـرە وریاترە، من جارێك چوومە ناو هەردەی کوردە میریییەکان کە بەحەیاتی ئاویش نـەبووە لـەوێ بیخۆیتـەوە، چـووین پێشـمەرگەیەکمان وتـی مـاڵی خزمێکمـان لێرەدایـە، چـووم سـەحنێکی دانـابوو دوو ئەوەنـدەی سەحنەکەی سەربانی ئێوە، بەشەرەفم ئەو باسـی ڕووسـیاو ئەوانـەی بـۆ ئـەکردم، وتم تـوو شـەرەفتان ئێمـە

تازە ئەوەمان پێدەخەڵەتێك؟، برادەرینە ڕاستیەكان، ئەمانە خەڵك گوێی لێ دەگرێت، خەڵك لێت تێدەكات، خەڵك سیقەت پێدەكات، ئەوە ناكرێت ئێمە وابزانین كە ڕاستیەكمان شاردەوە، بزانین خەڵك گیلە، بەو قورئانە خەڵك گێل نین، خەڵك زۆر لەوە وریاترە، حەز دەكەن هەرچی قسەیەك دەكەم لێرەدا بیخەنە چوارچێوەیەكەوە، بەس موهیم ئەوەیە خەڵك لێم تێبگات، ئەگەر خەڵك لێم تێنەگات قیمەتی هیچی نیە، بۆیە برادەران خۆزگە ئەو مەعلوماتانەی كەلاتانە، وەعدتان دەدەمێ ئەوەی پەیوەندی بەمنەوە هەیە، وەڵلا ڕەگ و ڕیشەی دەردەهێنم، بابە وەرن وەك برادەر پێتان دەڵێم، هەمووشتان بۆ باس دەكەم، حەز دەكەن وەرن بڵێن بۆ هێزی پێشمەرگە وای لێهات بۆ ئەم ڕۆیی بۆ ئەو وایە؟، بۆ ئەوی تر وایە، ئەگەر بەڕاستی پێم نەوتی ئەوسا گلەیی بكە، من دەتوانم بڵێم بەشی زۆری پرسیارەكان ئەوانە بوو كە جوابم دانەوە، لەسەر باسی كەركووك و ناوچە دابڕاوەكان، خوشك و برایانی بەڕێز ئێمە لەسەر ناوچە دابڕاوەكان ئیشمان زۆر كردووە، نەك ئەمڕۆ و دوێنێ، ئیشمان كردووە لەسەر ناوچە دابڕاوەكان ئێستا ئێمە سەیتەراتی موشتەرەكمان هەیە، هێزی هاوبەشمان هەیە، لە دیالە، لە كەركووك، لە موصڵ، كە سێ شوێنی زۆر زۆر گرنگە، پێشمەرگە لەگەڵ جەیشی عێراقی بە ئیشراقی ئەمریكیەكان لیژنەی تەنسیقمان هەیە، ئەخیر شت ئەم ڕووداوانەی ئەخیر بوو، بەداخەوە كە ئەبوایە بەكۆی دەنگ سوپاسی هێزی پێشمەرگەتان بكردایە، چونكە هێزی پێشمەرگە توانی شاری كەركووك، پێكهاتەكانی كەركووك، بە عەرەب، كورد، توركمان، مەسیحی، كلدانی، ئاسوری، لەگەورەترین كاریسە بپارێزێت، هەمووتان بارەگای حزبیتان هەیە لە ناو كەركووكدا، یەك بەیەك سەرم لێداون، هەموویان لەوێ بەخێرهاتنی هێزی پێشمەرگەیان كردووە، هێزی پێشمەرگە چوونی بۆ خواری كەركووك و غەربی كەركووك، بەوە زانیوە كە توانیمان گەورەترین موئامەرە لەسەر خەڵكی كەركووك و پێكهاتەكانی كەركووك بەتایبەتی كورد بپارێزین، هەموویان سوپاسیان كردووین، جگە لەوەی لە دوو كۆبوونەوەدا، كەیەكێكیان لەگەڵ پارێزگار كردوویانە، هەموو حزبەكان كە ئێستا لێرەن ئیمزایان كردووە، یەك دەنگ و یەك ڕەنگ بوون لەسەر كەركووك، لەكۆبوونەوەیەكی تریشدا من لەوێ بووم دووبارە هەموو حزبەكان سوپاسی هێزی پێشمەرگەیان كرد، تەنانەت برادەرێكی گۆڕان صیاغەی بەیانەكەشی كردبوو، كە سوپاسی هێزی پێشمەرگە دەكات، بۆ چوونی بۆ كەركووك، بەڕاستی كەركووك تووشی هەڕەشەیەكی گەورە بووە، لە ڕیازو لە حەویجە، توانرا بە چوونی هێزی پێشمەرگە ئەوە فەشەل پێ بهێنین، لەدوای مشتومڕێكی زۆر، دوای زەختێكی زۆر ئێمە پێنج خاڵمان تەسلیمی هێزەكانی ئەمریكا كرد بە دەورو تەسلیم، ئێستا سەرگەرمی ئەوەین كە بتوانین هێزێكی هاوبەشی بەتواناو بە ئیمكانیەت دروست بكەین، كە بەسابتی لەو ناوچانەدا بمێنێتەوە، چونكە ئێمە تەجروبەمان هەیە لەسەر كەركووك، بۆ ئەوەی هەم خەڵكی كەركووك زەمانەتی هەبێت كەجارێكی تر ئە هەڕەشانە ڕووبەروویان نابێتەوە، هەم بە عەرەبە شۆڤێنیەكان و كۆنە بەعسیەكان و ئیرهابیەكان بڵێین كە زوڵم و تەعەدا وهەڕەشە قبوڵ ناكەین كە لە پێكهاتەكانی كەركووك بكرێت، هەروەها بۆ ناوچەی دیالەش، من بەكورتی ئەوە جوابەكانم بوون، داوای لێبوردن دەكەم، ئەگەر شتێك یان نوقسانیەك هەبێت. باشە جوابیتان

دەدەمەوە، بەشاهیدی لیژنەکە نازانم کاك ئیسماعیل بوو یان کێ بوو، من مەوعیدێکی زۆر گرنگم هەبوو، لەگەڵ قیادەی قواتی ئەمریکیەکان لەبەغدا، کە لەسەر مەسائیلی زۆر زۆرگرنگ ئەبوایە قسەم لەگەڵ بکردنایە، من پێم وتن کە کاك کریم دێتە ئەوێ ئاگای لە وەزعەکەیەو هەرچیتان بوێ بۆتان باس دەکات، ئەگەر بەوەش قەناعەتتان نەکرد بانگم بکەن، من دێمە لاتان و چیتان بوێت پێتان دەڵێم و بۆتان باس دەکەم، من یاخی نیم، زەمانی یاخی بوونیش نەماوە، پێم خۆشە بزانن من بە ئینقلاب نەهاتووم ببم بە وەزیری پێشمەرگە، بەهێزی عەشایەریش نەهاتووم ببم بە وەزیری پێشمەرگە، مورەشەحی حزبەکەم بووم، هاتوومەتە بەردەمی ئەم خوشك و برایانە زۆرینەی ئەم خوشك وبرایانە دەنگیان بەمن داوە، ئێستەو دوێنێ و سبەیش، هەرکاتێك ئێوە ئەو سیقەیەتان لێ سەندمەوە من ئەچمەوە لای حزبەکەی خۆم، ئەگەر ئەویش ئیشی پێم نەدا ئەچمەوە ماڵی خۆم، بەڵام هەر پێشمەرگەیەکم بۆ پارێزگاری کردن لەو دەستکەوتانە، ئەو دەستکەوتانەش بەخوێنی شەهیدەکانمان بەکەمئەندامەکانمان، بە تەزحیەو فیداکاری میللەتەکەمان بەدەست هاتوون، ئێستاش دەیان هەزار پێشمەرگە لەسەنگەردایە کە هەموومان دەبێ یەکڕیزی وتەبایی میللەتەکەمان بپارێزین، وە ئەو دەستەکەوتانە بپارێزین، هەوڵ بدەین کەموکورتی و عەیب و عارو نوقسانیەکان بە هەموومانەوە بەیەك دەنگ و بەیەك ڕەنگ هەمووی تەواو بکەین، بەرەو ئەوەی بەرین کە فرسەتێکی باش ئەمڕۆ هاتووەتە پێشەوە، بیر لەبەرنامەی تر و لەدەستکەوتی تر و لەسەرکەوتنی تر بکەینەوە بۆ ئەم میللەتە، زۆر زۆر سوپاستان دەکەم، مەمنوونم بۆ پرسیار و ئیستیفسارو هەموو گلەییەکانتان و قسەو ڕەخنەکانتان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر بەپێی یاساو ماددەی (54) لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، دەبێ دەنگدان لەسەر لێسەندنەوەی سیقە دوای دوو ڕۆژ بێت، بەڵام ئەگەر جەنابت موافقی ئەوە ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان، گەر ئەوانیش ڕازین.

**بەڕێز شێخ جعفر شێخ مصطفی( وەزیری کاروباری پێشمەرگە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەزدەکەن من سبەی ناچمەوە وەزارەت بۆ دەورو تەسلیم، حەز دەکەن بیخەنە بەردەم خەڵکی کوردستان، ئەگەر لەوێ زۆرینەی دەنگیان پێم نەدا، دووبارە ناچمەوە بۆ وەزارەتەکەم، مەگەر بۆ دەورو تەسلیم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی(70)ی پەیڕەوی ناوخۆ، ئەمە دەقەکەیەتی، حەتا لەسەرۆکی حکومەتیش بەپێچەوانەی پەیڕەوەوە خرایە دەنگدانەوە، پێویست نیە بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە دەڵێت، گفتوگۆکردن لەسەر لێپرسینەوە بەدەنگدان کۆتایی پێهات، دەنگدانەکەش بووە هۆی رەفز کردنی لێپرسینەوەکە وا دادەندرێت کە مەسەلەکە کۆتایی پێهاتووە، لەکاتێکیشدا کە ئەنجومەن بە دوو لەسەر سێی ئامادە بووان، پشتگیری پرسینەوەکەی کرد، ئەم پشتگیرییە بەبەخشین دادەندرێت، لە پلەو پایەکانی ئەو کەسەی کە لێی دەپرسرێتەوە بەگوێرەی یاسا، لەبەر ئەوە هیچ دەنگدانی پێویست نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شتی وانیە، دانیشە تکایە، من سەرپەرشتی دانیشتنەکە دەکەم، نیە، لەگەڵ ئەوەن کە ئێستا بخرێتە دەنگدان؟، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە سەحبی سیقە لەم وەزیرە بکرێت؟، فەرموون، کێی لەگەڵدایە کە بمێنێتەوە؟، 68 کەسی لەگەڵدایە کە بمێنێتەوە، واتە بەزۆرینەی دەنگ مایەوە، دەستان خۆش بێت پیرۆزبایی لێدەکەین، دەستخۆشی لەخەڵکی کوردستان دەکەین، کە دووبارە سیقەیان دایەوە بەم بەڕێزە.

**بەڕێز شێخ جعفر شێخ مصطفى( وەزیری کاروباری پێشمەرگە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێن دەدەم تادوا دڵۆپی خوێنم پێشمەرگە بم بۆ ئەم کوردستانەو دیفاع لەو دەستکەوتانەی بکەم و بیپارێزم، وە زەمانەتی گەڕانەوەی ناوچە کێشە لەسەرەکانیش دەکەم کە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێرەدا کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دێنین تا سبەی سەعات 11 بەخواتان دەسپێرم.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بايز اسماعيل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)**

**دووشەممە رێکەوتی 11\4\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (5)

## دووشەممە ریکەوتی 2011/4/11

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2011/4/11 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (5)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2011/4/11 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای گرنگیدان بە گەنجان لە هەرێمی كوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای پرۆژە بچووكەكان لە هەرێمی كوردستان.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای صندوقی پاڵپشتی گەنجان لە هەرێمی كوردستان.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای پشتگیریی دارایی بۆ حزب و قەوارە سیاسیەكان لە هەرێمی كوردستان.

5- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای دەستەی نەزاهەی گشتی لە هەرێمی كوردستان.

6- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای قەدەغە كردنی رێكخستنە حزبیەكان لەناو ریزەكانی پێشمەرگەو هێزەكانی ئاسایشی گشتیدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (5)، رۆژی دانیشتن 2011/4/11، بەرنامەی كار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (5)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2011/4/11 بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای گرنگیدان بە گەنجان لە هەرێمی کوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای پرۆژە بچووکەکان لە هەرێمی کوردستان.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای صندوقی پاڵپشتی گەنجان لە هەرێمی کوردستان.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای پشتگیریی دارایی بۆ حزب و قەوارە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان.

5- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای دەستەی نەزاهەی گشتی لە هەرێمی کوردستان.

6- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای قەدەغە کردنی رێکخستنە حزبیەکان لەناو ریزەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی گشتیدا.

ئێستاش داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی وەرزش و لاوان و لیژنەی دارایی و لیژنەی کشتوکاڵ و لیژنەی پیشەسازی و لیژنەی کۆمەڵایەتی دەکەم، ئەوانەی راپۆرتیان هەیە، کەرەم بکەن نوێنەریان بێتە ئێرە، کەرەم بکەن لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

هەروەکو هەموو لایەك ئاگادارن سەبارەت بە گەنجان و لاوان، سێ پرۆژە تەقدیم کراوە، یەکیان/ پرۆژەی گرنگیدان بە گەنجان.

ئەویتریان/ پرۆژەی پاڵپشتی گەنجان.

ئەوتیریشیان/ پرۆژە بچووکەکانە بەنیسبەت گەنجان.

بۆیە ئێمەو لیژنەی وەرزش و لاوان یەك راپۆرتمان هەیە، کە ئێستا دەقە عەرەبیەکەی دەخوێنمەوە بەم شێوەیە:

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان _ العراق**

**م/ تقرير مشترك**

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية ولجنة الرياضة والشباب بتاريخ 9/گەلاوێژ/2710 الكوردية المصادف ليوم 2010/8/31 الميلادية لدراسة ثلاثة مشاريع قوانين خاصة بالشباب، الاول مشروع قانون صندوق دعم الشباب، الثاني مشروع قانون المشاريع الصغيرة، الثالث مشروع قانون الاهتمام بالشباب في كوردستان–العراق المقدمة من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى اللجان المعنية بعد القراءة الاولى للمشاريع في البرلمان

بجلسته الاعتيادية المرقمة (7 و19و21) في 5/5، و6/27، و2010/6/29 وبعد الدراسة والمناقشة والمداولة وعقد سلسلة من الاجتماعات بين اللجنتين، و وزير الثقافة والشباب، قررت اللجنتان توحيد هذه المشاريع ضمن مشروع واحد لتعلقها بموضوع واحد وتسمية القانون بـ(قانون صندوق الدعم والاهتمام بالشباب في اقليم كوردستان - العراق) وصياغة مواده كالآتي:-

المادة الاولى:

يقصد بالمصطلحات والتعابير الآتية المعاني المبينة ازاءها لأغراض هذا القانون:-

اولاً/ الاقليم: اقليم كوردستان - العراق.

ثانياً/ الوزارة: وزارة الثقافة والشباب في الاقليم.

ثالثاً/ الشباب: الذين تتراوح اعمارهم بين (16-35) سنة.

رابعاً/ الصندوق: صندوق الدعم والاهتمام بالشباب.

المادة الثانية: يهدف هذا القانون الى:-

1- الاستفادة من طاقات الشباب بما يكفل مشاركتهم الفعالة في تنمية الاقليم.

2- النهوض بالمستوى الاجتماعي والاقتصادي للشباب في الاقليم.

3- الوصول بقطاع الشباب الى الاكتفاء الذاتي بشكل متطور وحيوي سعياً لتحقيق نقلة نوعية لهذا القطاع.

4- تقديم الدعم اللازم للشباب لانشاء المشاريع الصغيرة.

المادة الثالثة:-

يؤسس صندوق بإسم (صندوق الدعم والاهتمام بالشباب) و يرتبط بالوزارة.

المادة الرابعة:-

يشكل مجلس باسم (مجلس ادارة الصندوق) ويتألف من:-

1- وزير الثقافة والشباب/ رئيساً.

2- ممثل عن وزارة الزراعة/ عضواً، لاتقل درجته عن مدير عام.

3- ممثل عن وزارة التخطيط/ عضواً، لاتقل درجته عن مدير عام.

4- ممثل عن وزارة العمل والشؤون الاجتماعية/ عضواً، لاتقل درجته عن مدير عام.

5- ممثل عن وزارة التجارة والصناعة/ عضواً، لاتقل درجته عن مدير عام.

6- ممثل عن وزارة التعليم العالي والبحث العلمي/ عضواً، لاتقل درجته عن مدير عام.

7- ممثل عن وزارة التربية/ عضواً ، لاتقل درجته عن مدير عام.

المادة الخامسة: يتولى المجلس المهام والصلاحيات الآتية:-

1- الاشراف على اعمال الصندوق و وضع اسس تقديم الدعم للشباب العاطلين عن العمل.

2- العمل على تنمية الموارد المالية للصندوق.

3- اقرار خطط استثمار اموال الصندوق.

4- اية مهام اخرى تتعلق باعمال الصندوق.

المادة السادسة: يتم منح السلفة (للشباب او مجموعة من الشباب مشاركة) من الصندوق للمشاريع الصغيرة وفق الشروط الآتية:-

1- ان يكون شاباً.

2- ان لايكون موظفاً لدى المؤسسات الحكومية او القطاع الخاص.

3- ان يكون من ذوي الامكانات المالية الضعيفة او المحدودة، وذلك بتعهد مصدق من قبل كاتب العدل.

4- ان يقدم الشاب دراسة الجدوى الاقتصادية للمشروع الذي ينوي القيام به.

5- ان يتم تسجيل المشروع لدى إدارة الصندوق.

6- ان يخدم المشروع احدى القطاعات التنموية في الاقليم.

7- تمنح السلفة وفق ضوابط تحددها الوزارة.

المادة السابعة:

تعفى المشاريع الصغيرة من الضرائب والرسوم لمدة خمس سنوات.

المادة الثامنة:

تتكون موارد الصندوق من:-

1- المساهمة السنوية لحكومة الاقليم.

2- الهبات والتبرعات والمنح، بعد استحصال موافقة مجلس الوزراء، اذا كانت من خارج الاقليم.

المادة التاسعة:-

يحدد سير عمل مجلس ادارة الصندوق وآلية ادارتها بنظام خاص.

المادة العاشرة:-

للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الحادية عشرة:-

ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) وينفذ اعتباراً من 2011/1/1.

## الاسباب الموجبة

لقد استحدث هذا الصندوق للاهتمام بالشباب واستغلال وادارة طاقاتهم واعانتهم بجدية اكثر للتقليل من وطأة مشاكلهم الاقتصادية، ومن جهة اخرى لرفع الضغط وتقليل الاعباء من على كاهل خزينة الدولة، والعمل على تحويل رغبات او مواهب الشباب نحو الاستفادة من طاقاتهم، والتأكيد على تنفيذ المشاريع الاقتصادية الصغيرة وحسب امكانياتهم المالية وبمعاونة من الصندوق.

راجين التفضل بالاطلاع وعرض التقرير المشترك بشأنه على البرلمان للمناقشة وابداء الرأي المناسب بشأنه والتصويت عليه. مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی دارایی راپۆرتتان تکایە، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ کەرەم بکە.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، پێموایە لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆدا نایەتەوە، چونکە ئێمە لێرە بەپێی بەرنامەی کار سێ پرۆژە یاسا هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دانیشە، راپۆرتی هاوبەشی دوو لیژنە بوو، بۆ لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ نایێ؟ راپۆرتی موشتەرەکی لیژنەی یاسایی و لیژنەی وەرزش و لاوان بوو، بە یەکەوە ئیمزایان کردووەو راپۆرتەکەیان خوێندەوە، ئێستا لیژنەی دارایی دەیخوێنێتەوە، دوایێ ئەوانی تر دەیخوێننەوە، تکایە دانیشە، لیژنەی دارایی کەرەم بکە، فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راپۆرتی لیژنەی دارایی، دوا بەدوای کۆنووسمان ژمارە (26) لە بەرواری 2010/8/26، کە بەرز کراوەتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەنووسراوی لیژنەمان ژمارە (53) لە 2010/8/26، دەربارەی هەرسێ پرۆژەی یاسای گرنگیدان بە گەنجان لە هەرێمی کوردستان، پرۆژە بچووکەکان، سندوقی پاڵپشتی گەنجان لە هەرێمی کوردستان، کە پێشتر خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە لە دانیشتنەکانی ژمارە (7 و 19 و 26)ی ساڵی 2010، لە کۆنووسی ناوبراودا لیژنەکەمان پێشنیاری کرد، کە ئەم بابەتە دوا بخرێت:

1- تاکو نوێنەری حکومەت ئامادەی لیژنە دەبێت، بۆ زانینی توانای دارایی حکومەت لەو بارەیەوە.

2- لە هەمان کاتدا لیژنەکەمان ئاگادار کرایەوە لەلایەن لیژنەی یاسایی پەرلەمانەوە بەنیازە ئەو سێ پرۆژە یاسایە یەك بخات، بەهۆی نزیکیان لە یەکترو لەچوارچێوەیەکی یاساییدا، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەکەمان راو بۆچوونی خۆی دەربارەی ئەو پرۆژە یاسایانە دواخست، تاکو پرۆژەیەکی یەکگرتوو لەلایەن لیژنەی یاساییەوە ئامادە دەکرێت، بۆیە لیژنەکەمان (67)مین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا لە بەرواری 2011/4/3، دەربارەی ئەو راپۆرتە هاوبەشەی کە ئامادە کراوە لەلایەن هەردوو لیژنەی یاسایی و وەرزش و لاوان، کە لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش ئامادەیان کرد بوو لە 2010/8/31، بە نووسراویان ژمارە (342) لە 2010/12/28 هەرسێ پرۆژە یاسایان کردووە بە یەك و دایانڕێشتووەو لە چوارچێوەی (11) ماددەی یاساییدا، لیژنەکەمان، بەزۆرینەی دەنگ گەیشتنە ئەم بڕیارانەی خوارەوە:

بڕیار

یەکەم/ پشتگیری کردنی لیژنەکەمان لە چوارچێوە گشتیەکەی ئەو راپۆرتە هاوبەشەی هەردوو لیژنەی ناوبراو، دەربارەی یەکخستنی هەرسێ پرۆژە یاساکە، کە بخرێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، بۆ گفتوگۆ کردن لەهۆڵی پەرلەمان، بەمەبەستی پەسند کردنی.
دووەم/ لەهەمان کاتدا، دەبێت ئەو خاڵە رەچاو بکرێت، کە بە ماددەیەکی یاسایی لە بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011ی حکومەتی هەرێم هاتووە، کە بڕی (25) ملیار دینار تەرخان کراوە بۆ قەرزی بچووك، بۆ پاڵپشت و دابین کردنی بواری کار بۆ گەنجان، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی کشتوکاڵ کەرەم بکەن.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی کشتوکال و ئاودێری لەم پرۆژە هاوبەشە موشارەکەی ئێمە نەکراوە لە موناقەشە کردنەکاندا، بەڵام لە پرۆژەی گرنگیدان بە گەنجان لە ماددەی شەشەمدا، کە پەیوەندی بە کشتوکاڵەوە هەیە، ئێمە راپۆرتێکمان هەیە، ئەگەر جەنابتان پێتان باشە دەیخوێنمەوە، هەرچەندە لەو راپۆرتە هاوبەشدا هیچ ئیشارەتێك بۆ ئەو راپۆرتەی ئێمە نەکراوە.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە، بیخوێنەوە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت / راپۆرتی لیژنە سەبارەت بە ماددەی 6ی پرۆژەی گرنگیدان بە گەنجان**

لە بەرواری 2010/9/28 رۆژی سێ شەممە لیژنەکەمان کۆبوونەوەی خۆی سازدا سەبارەت بە گفتوگۆ لەسەر برگەی ((6)) لە یاسای گرنگیدان بە گەنجان، کە پەیوەندیدارە بە کارو ئەرکی لیژنەکەمانەوە، سەرنج و تێبینیەکانمان سەبارەت بەو مادەیە بریتی یە:.
1- مەسەلەی گرێبەستی گەنج بۆ زەوی بە بڕی ((5)) پێنج دۆنم زەوی کشتوکاڵی، دیارە زۆربەی زەوی کشتوکاڵی لە کوردستان ((دێمیە))، بە باران ئاو دەدرێت رێژەیەکی کەمی زەوی هەرێم بەراوە، بۆیە ((5)) پێنج دۆنم بەشی بژێوی یەك کەسیش ناکات، نەك خێزانێك، جگە لەوەش زەوی بەراو دێم هەمووی دابەشکراوە بەپێی یاساکانی 117 ساڵی 1970 یاسای ژمارە ((90)) ساڵی 1975.
2- ئەم خاڵە ئەکرێت لە پێدانی سلفەی عقار رێنوێنی و رێنمایی پێ دەربچێت.

3- مەسەلەی سلفە بۆ هەڵگەندنی بیری ئیرتیوازی جێ بەجێ کراوە لە سلفەکانی بانکی کشتوکاڵی و، بەبێ هیچ قازانجێك و، بوارەکانی تری کشتوکاڵیش پارە لە بانکی کشتوکاڵ و بودجەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاویەکان تەرخانکراوە.

4- لە بانکی کشتوکاڵی زیاتر لەو پارەیەی لەم ماوەیەدا دیاری کراوە، کە زیاتر لە ((80)) هەشتا ملیۆن دینار ئەدرێتە ئەو جوتیارانەی بەپێ ی ڕێنماییەکان پرۆژەی ئاژەڵداری جێ بەجێ ئەکات، بەپێی یاساو ڕێنماییەکان، بەبێ هیچ قازانجێك و، باشتر وایە کە وشەی خانووی شووشەیی بگۆردرێت بۆ خانووی پلاستیکیGREENHOUSE چونکە ساڵانێکە ئیش کردن بە خانووی شووشەیی نەماوەو، بۆ هەمان مەبەست لە بانکی کشتوکاڵی زیاتر لەو پارەیەی دیاری کراوە ئەدرێت بە سلفە بە جوتیاران، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپانیاکان کە خانووی پلاستیکی دروست ئەکەن ئاسانکارییان هەیە بە هەمان شێوە بۆ جوتیاران.

5- مەبەست لە پرۆژەی کشتوکاڵی دیارنییە، چونکە لایەنی ڕووەکی و ئاژەڵداری ئەگرێتەوەو، بەهەمان شێوە هەم لە بودجەی بانکی کشتوکاڵی و هەم لە بودجەی وەزارەت پارە تەرخان کراوە بۆئەم بابەتە.

6- زیاترلە (1000) هەزار خانووی پلاستیکی بەبێ بەرامبەر دابەشکراوەو، پرۆسەکەش بەردەوامە.

7- هەموو ئەو قەرزانەی لە بانکی کشتوکاڵی ئەدرێت بەبێ قازانجە.

8- لە بودجەی وەزارەتی کشتوکاڵیش پارە تەرخانکراوە، کە وەرناگیرێتەوە بۆ کڕینی تراکتۆرو دەڕاسە.

9- بێجگە لە بودجەی ئاسایی ساڵی 2009 – 2010 بڕی 50 ملیار دینار دانراوە بۆ پشتگیری بواری کشتوکاڵ. لەگەڵ ڕێزماندا.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کشتوکاڵ ئێوەش هاوڕان، کە ڕاپۆرتە موشتەرەکەکە بێت.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە فەرمی بەشداری ئەو کۆبوونەوەمان نەکردووە، بەڵام لە ڕێی لیژنەی دارایی و ئابوورییەوە ڕاپۆرتەکەم بینیوەو، پێم باشە لەگەڵدا بم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش لیژنەی پیشەسازی ڕاپۆرتتان هەیە؟ کەرەم بکەن.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

هەڵبەتە ئێمە وەکو لیژنەی پیشەسازی و وزەو سامانە سروشتیەکان لەو سێ پرۆژە یاسایەی کە خوێندنەوەی بۆ کراوەو، ئێستا لە بەرنامەی کار دایە، تەنها پرۆژە یاسای پرۆژە بچووکەکان بەر لیژنەکەی ئێمە کەوتبوو، بۆیە ئەگەر بوارمان پێ ببەخشن، ئێمە رەئی خۆمان وەکو لیژنە بخوێنینەوە:

لیژنەکەمان چەند کۆبوونەوەیەکی کرد بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای پرۆژە بچووکەکان رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2010/9/21، لیژنەکەمان کۆتایی هێنا بە تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای پرۆژە بچووکەکان، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کرا بوو و، لە دانیشتنی ژمارە (19)ی رۆژی یەك شەممە رێکەوتی 2010/6/27 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو، بە نووسراوی ژمارە (374) لە رێکەوتی (2010/6/28) ئاراستەی لیژنەکەمان کرا بوو، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە لیژنەکەمان بەکۆی دەنگ پرۆژەکە رەت دەکاتەوە:

1- ئامانجەکانی ئەم پرۆژە یاسایە (8) خاڵن، بەڵام دژ بە یەکن.

2- پرۆژەکە تەنها باس لە دروست کردنی دەستەیەکی سەربەخۆ دەکات، کە هاوتەریبە لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەت، کە دەبێتە گران کردنی باری دارایی حکومەت و زیاد کردنی (النفقات التشغیلیة)، کە ئەمەش یەکێك بوو لەو کەموکورتییانەی کە لە بودجەی ساڵی 2010دا دیاری کرا بوو.

3- لە پێناسەی پرۆژە یاساکەدا هاتووە بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆژانەدا، دەبێت سەرمایەی پرۆژەکان لە (2) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و، دوای بەدواداچوون لەلایەن لیژنەکەمان دەرکەوت ئەم جۆرە پرۆژانە بەو سەرمایەیە لەلایەن وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیەوە دەدرێت، بۆیە پێویست بە دروست کردنی ئەم دەستەیە ناکات.

4- ناونیشان و ناوەڕۆکی پرۆژەکە لەگەڵ یەکتردا یەك ناگرێت.

هەروەها پرۆژەکەش بەکۆی دەنگی ئەندامانی لیژنەکە رازی بوون لەسەر رەت کردنەوەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵایەتی، کاروباری کۆمەڵایەتی راپۆرتتان هەیە؟

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کاتی خۆی کە باسی ئەوە کرا کە هەرسێ پرۆژە کۆ دەکرێتەوە، لیژنەکان دەیکەنە یەك پرۆژە، راپۆرتێکمان ناردبوو بۆ سەرۆکایەتی، کە ئێمە پشتگیری لە راپۆرتە هاوبەشەکە دەکەین، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا لیژنەی یاسایی بە کوردیش بخوێننەوە، کەرەم بکەن.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

**بابەت/ راپۆرتی هاوبەش**

لیژنـــەی كاروبــاری یاســایی و لیژنـــەی وەرزش و لاوان لــە رۆژی 9/گەلاوێــژ/2710ی كــوردی رێكــەوتی 2010/8/31ی زاینی كۆبووەوە، بۆ لێكۆڵینەوە لە سێ پرۆژە یاسای تایبـەت بـە لاوان، یەكـەمیان/ پـرۆژە یاسای سندووقی پاڵپشتی كردنی لاوان.

دووەمیان/ پرۆژە یاسای پرۆژە بچووكەكان.

سێیەمیان/ پرۆژە یاسای گرنگیدان بە لاوان لە كوردستان – عێراق.

كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كـراون و، بـۆ لیژنـەی دیـاری كـراو هـاتووە، دوای خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەكان لە پەرلـەمان لـە دانیشتنی ئاسـایی ژمـارە (7، 19، 21) لـە 5/5، 6/27، 2010/6/29، دوای وتووێـژو تـاوتوێ كردنیـان و بەسـتنی زنجیرەیـەك لـە كۆبوونـەوەی نێـوان هـەردوو لیژنەكـەو وەزیـری رۆشـنبیری و لاوان، هـەردوو لیژنەكـە بڕیاریانـدا ئـەم پرۆژانــە لێـك بـدرێن لـەناو پرۆژەیەكدا، چونكە پەیوەندیدارن بە یەك بابەت و یاساكە نـاو بنـرێ (یاسـای سـندووقی پاڵپشـتی كـردن و گرنگیدان بە لاوان لە هەرێمی كوردستان – عێراق)، بەم جۆرەی خوارەوە ماددەكانی دابڕێژرێن.

**ماددەی یەكەم:**

مەبەست لەم زاراوەو دەستەواژانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

یەكەم: هەرێم: هەرێمی كوردستان – عێراق.

دووەم: وەزارەت: وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لە هەرێم.

سێیەم: لاوان: ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (16 – 35) ساڵە.

چوارەم: سندووق: سندووقی پاڵپشتی كردن و گرنگیدان بە لاوان.

**ماددەی دووەم:**

ئەم یاسایە ئەم ئامانجانەی هەیە:

1- سوود وەرگرتن لە وزەی لاوان، كە دەستەبەری بەشدار بوونی كارایان دەكات لە گەشە پێ كردنی هەرێم.

2- بەرز كردنەوەی ئاستی كۆمەڵایەتی و ئابووری لاوان لە هەرێمدا.

3- گەیانـدنی كـەرتی لاوان بـە ئیكتیفـای خـودی بەشـێوەیەكی پەرەسـەندوو و زینـدوو وەك هەوڵـدان بـۆ بەدیهێنانی گواستنەوەیەكی جۆری بۆ ئەم كەرتە.

4- پێشكەش كردنی پاڵپشتی پێویست بۆ لاوان، بۆ دروست كردنی پرۆژەی بچووك.

**ماددەی سێیەم:**

سندووقێك دادەمەزرێ بەناوی (سندووقی پاڵپشتی كردن و گرنگیدان بە لاوان) بە وەزارەتەوە دەلكێ.

**ماددەی چوارەم:**

ئەنجومەنێك بەناوی (ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندووق) دادەمەزرێ و لەمانە پێكدێ:

1- وەزیری رۆشنبیری و لاوان/ سەرۆکە.

2- نوێنەرێك لە وەزارەتی کشتوکاڵ/ ئەندامە، پلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ.

3- نورێنەرێك لە وەزارتی پلاندانان/ ئەندامە، پلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ.

4- نورێنەرێك لە وەزارتی کارو کاروباری کۆمەلأیەتی/ ئەندامە، پلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ.

5- نورێنەرێك لە وەزارتی بازرگانی و پیشەسازی/ ئەندامە، پلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ.

6- نورێنەرێك لە وەزارتی خوێندنی بالأو توێژینەوەی زانستی/ ئەندامە، پلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ.

7- نورێنەرێك لە وەزارتی پەروەردە/ ئەندامە، پلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ.

ماددەی پێنجەم:

ئەنجومەن ئەم ئەرك و دەسەلأتانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

1- سەرپەرشتی کردنی کارەکانی سندووق و دانانی بنچینەکانی پالێشتی کردنی لاوە بی کارەکان.

2- کارکردن لە پێناوی گەشە کردنی داهاتی دارایی بۆ سندووق.

3- پەسند کردنی پلانەکانی وەبەرهێنانی داراییەکانی سندووق.

4- هەر ئەرکێکی دیکەی پەیوەندیدار بە کارەکانی سندووقەوە.

ماددەی شەشەم:

پێدانی پێشینە (بە لاو، یان بەکۆمەڵە لاوێکی بەشدار بوو) لە سندووق، بۆ پرۆژە بچووکەکان بەم هەلومەرجانەی خوارەوە دەبێ:

1- پێویستە لاو بێت.

2- پێویستە فەرمانبەر نەبێت لە دەزگا حکومیەکان، یان کەرتی تایبەت.

3- پێویستە خاوەن توانای دارایی لاواز، یان سنووردار بێت و ئەمەش بە بەڵێندانێك دەبێ کە راستاندرابێ لەلایەن دادنووسەوە.

4- دەبێ لاوەکە لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی سوودی ئابووری ئەو پرۆژەیە پێشکەش بکات، کە بە نیەتە پێی هەستێ.

5- دەبێ پرۆژەکە لەلای بەرێوەبەرایەتی سندووق تۆمار بکرێت.

6- دەبێ پرۆژەکە خزمەتی یەکێك لە کەرتەکانی گەشە پێدان لە هەرێمدا بکات.

7- پێشینەکە بەپێی ئەو مەرج و بەرزەفتانە دەدرێ کە وەزارەت دەست نیشانیان دەکات.

ماددەی حەوتەم:

پرۆژە بچووکەکان لە باج و رەسمەکان بۆ ماوەی پێنج ساڵ دەبووردرێت.

ماددەی هەشتەم:

**داهاتەکانی سندووق لەمانە پێك دێن:**

1- **بەشداری کردنی ساڵانەی حکومەتی هەرێم.**

2- **بەخشش و پیتاك و بەخشین، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بێن.**

**ماددەی نۆیەم:**

**بەڕێوە چوونی کاری ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندووق و میکانیزمی بەڕێوەبردنی بە پەیڕەوێکی تایبەتی دەست نیشان دەکرێ.**

**ماددەی دەیەم:**

**وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.**

**ماددەی یازدەم:**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوەو لە ڕۆژی (2011/1/1)ەوە جێ بەجێ دەکرێ.**

## هۆیە پێویستەکانی

**ئەم سندووقە دانراوە بۆ گرنگیدان بە لاوان و بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی وزەو تواناکانیان و یارمەتیدانیان بەشێوەیەکی جدیتر، بۆ کەمکردنەوەی کێشەی ئابوورییان و لەلایەکی دیکەشەوە بۆ لادانی فشارو کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر شانی گەنجینەی دەوڵەت و کارکردن لە پێناوی گۆڕینی ئارەزووەکان، یان بەهرەکانی لاوان بەرەو سوود وەرگرتن لە وزەو تواناکانیان و جەخت کردن لەسەر جێ بەجێ کردنی پرۆژە ئابوورییەکان و بەپێی لە دەستهاتنی دارایی و بە یارمەتی سندووق.**

**تکایە ئاگاداری بفەرمون و ڕاپۆرتی هاوبەش لەبارەیەوە بخرێتە بەردەم پەرلەمان، بۆ گفتوگۆکردن لەسەری و دەربڕینی ڕای گونجاو لەم بارەیەوەو گرنگیدان لەسەری، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەخێرهاتنی هەردوو ڕێزدار وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی ئاسۆس خان دەکەین زۆر زۆر بەخێرهاتن، هەروەها بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری دکتۆر کاوە محمود دەکەین زۆر بەخێرهاتن، بەخێرهاتنی کاك سەعد کە ڕێکخەری نێوان حکومەت و پەرلەمانە، هەمیشە لێرەیە زۆر زۆر بەخێرهاتن، بەڕێزان، لیژنەکان دیارە هەموویان ڕەئیان ئەوەیە ڕاپۆرتێکی موشتەرەکیان ئامادە کردووە، کە ببێتە ئەساس بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری دەیخەمە دەنگدانەوە، بۆ تەوحیدی هەرسێ پرۆژەکان بۆ یەك پرۆژە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (64) ئەندام پەرلەمانی بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرزبکاتەوە؟ (2) ئەندامی پەرلەمان لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا ئەو پرۆژەیە دەبێتە ئەساس بۆ گفتوگۆ کردنی ئێوەی بەڕێز، لیژنەی یاسایی فەرموون بۆ کارەکانتان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا بەناوی قانونەكە  دەست پێ دەكەم، دوایێ دەچمەوە ماددەی یەك.

لە ئەنجامی دەمج كردنی هەرسێ پرۆژە، ئەوەی كە موفتەرەحە بەنیسبەت ناوی قانونەكە بەم شێوەیەی لێ دێت:

(قانون صندوق الدعم والاهتمام بالشباب في اقليم كوردستان – العراق).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دەقە كوردیەكەش بۆ ناونیشانی یاساكە، هەروەكو لە راپۆرتە هاوبەشەكەی هەردوو لیژنە هاتووە: (یاسای سندووقی پاڵپشتی كردن و گرنگیدان بە لاوان لە هەرێمی كوردستان – عێراق).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەنیسبەت ناوەكە، جەنابی وەزیر رەئیتان هەیە؟

**بەڕێز د.كاوە محمود شاكر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ناوەكە، ئێمە تێبینیمان نییە لەسەر ناوی قانونەكە، بەتایبەتی دوای ئەو حاڵەتەی كە كۆمەڵێك پرۆژە دەمج كراوە، بەڵێ ئێمە تێبینیمان نییە لەسەر ناوەكە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاسۆس خان.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی یەك تێبینیم هەیە، پێش ئەوەی بێمە سەر ناوەكە، دەمەوێت شتێك بڵێم، دە دەقیقە پێش جەلسەكە بە من راگەیەندراوە، ئەگینا لە پێشەوە دەبوایە ئێمە پێشتر ئاگاداری ئەم جەلسەیە بووینایە، پێشتر خۆمان ئامادە دەكرد، بۆ ناوەكە هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەس ئەوە هەفتەیەك زیاترە راگەیاندن، مامۆستا سەعدمان ئاگادار كردەوە، ئەگەر تەقصیری هەبێت لەلای حكومەتەوە، نەك لە لای پەرلەمانەوە، چونكە ئێمە لە بەرنامەی كار لە پێشەوە دامانناوە لە

هەفتەی رابردووشەوە، مامۆستا سەعدیش من خۆم شەخصی دوێنێکە لەگەڵیم باس کرد، کە جەنابیشت و کاك کاوەش ئاگادار بکاتەوە، ئەندامانی پەرلەمان، ئەوانەی لەسەر ناوەکە دەیانەوێت قسە بکەن، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن، ڕێزداران (ژیان عمر، سالار محمود، شڤان احمد، شوان کەریم، د.حسن محمد، جمال طاهر، تارا ئەسعەدی، صباح بیت الله، سۆزان شهاب، شێردڵ تحسین)، فەرموو ژیان خان.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ناوی پرۆژەکە، باشترە بکرێت بە (سندووقی پاڵپشتی کردنی لاوان)، گرنگیدانەکە لابچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سالار کەرەم بکە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەوەی پەیوەندی بە موقتەرەحی ئەو ناوەوە هەیە، کە دەتوانم بڵێم کۆکراوەیە لەناوەڕۆکی هەرسێ پرۆژە یاساکە، کە ئەو لایەنانەی پێشکەشیان کردووە، لەڕاستیدا ماندوو بوونیان پێوە دیارەو لە کۆمەڵێ خاڵی هاوبەشدا یەکیان گرتۆتەوە، بۆیە ئێمەش لە لیژنەی لاوان کە من ئەندامم لە لیژنەی لاوان، ئەوەمان ئیقتیراح کرد کە لەگەڵ ناونیشان و ناوەڕۆکی پرۆژەکە تەکامول بکات لەگەڵ هەموو ئەو موقتەرەحاتانەی کە کراوە، چونکە ئەسڵی هەرسێ پرۆژە یاساکە، دەتوانم بڵێم لایەنی جیا جیا لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن، لیستەکانی کوردستانیش تێدا بەشداری کردووە، بۆیە ئەو ناوە وەکو خۆی بمێنێتەوە، من تەسەور دەکەم ئەنجامێکی باشی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شڤان احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەپاش ئەوەی کە تەماشام کرد ئەو عینوانەی کە بۆ یاساکە هەڵبـژێردراوە لەو سێ پرۆژەی کە لەبەر دەستە، من دەبینم هیچ لە ماناکەی ناگۆڕێت و پاڵپشتی کردن بە مانای گرنگیدان دێت، یەعنی هیچ مانای تر ناداتن، بۆیە بە رای من ئەو گرنگیدانە لەوێ هەڵبگرین و بنووسین (یاسای سندووقی پاڵپشتی کردنی گەنجان، یان لاوان) لێرە بە لاوان هاتووە، چونکە ئەو دەعمە دەقاو دەق مانای گرنگیدان نادات، بۆیە وشەیەکی زیاد دەبینم لەوەدا، من هاوڕام لەگەڵ ژیان خان کە پێشتر قسەی کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شوان کەرەم بکە.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ هەردوو هاوكارم بەلابردنی گرنگیدان، لە عەرەبیەكەش (الاهتمام) لەناوی یاساكە، لەبەرچی؟ ئەم یاسایە دەبێت ناوەكەی لەسەر ناونراوە بێت، واتا (اسم علی مسمی) بێت، ئەم یاسایە ئەركەكەی ئەوەیە كە قەرزی بچووك، پارە دەدات بە كۆمەڵە گەنجێك، بۆ ئەوەی پرۆژەیەك بكات، گرنگیدان لایەنی تر زۆر دەگرێتەوە، ئایا ئەم سندووقە گرنگی دەدات بە گەنجان لە بواری وەرزشدا، گرنگی دەدات بە گەنجان لە بواری میوزیكدا؟ لەبوارەكانی تردا، ئەركەكەی تەنها دەعم كردنە بە قەرزدان، بە پارەدان، لەبەر ئەوە بەڕاستی من پێم باشەو پێموایە ناوەكەی تەنها پاڵپشتی كردنەكە بمێنێتەوە، گرنگیدانەكە لابرێت، هەروەها لە عەرەبیەكەشدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دكتۆر حەسەن كەرەم بكە.

**بەڕێز حسن محمد سوره:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەم یاسایە وەرگیراوە لە ماددەی (29)ی دەستووری عێراقی لە خاڵی یەكەم/ب، كە دەڵێت (دەوڵەت كەفیلە بە گەشە پێدانی داهات و توانای گەنجان)، بۆیە بە باشی دەزانم پرۆژەكە ناو بنرێ بە پرۆژەی گەشە پێدانی داهات و توانای گەنجان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جەمال طاهر كەرەم بكە.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بێتو بێین سەیری ناوی پرۆژەكە بكەین، ناوێكی فراوانە، بەڵام ئەگەر بێتو سەیری مەتنی قانونەكە هەمووی بكەین، تەنها لەچوارچێوەیەك دەسوورێت ئەوەی پاڵپشتیە بە ڕێگای قەرز، لێرە دەبینم نەوعە ناكۆكیەك هەیە لەنێوان مەتنی قانون و عینوانی پرۆژەكە، بۆیە من پێشنیار دەكەم، چونكە دەبینم زۆربەی سولفە، یان قەرز، ئەوەش لێرە خیلافێكی هەیە با تەصحیحی بكەن، پێم باشترە بڵێن (قانون صندوق منح قروض المشاريع الصغيرة للشباب في اقليم كوردستان)، چونكە ئەمە تەقریبەن لەگەڵ مەتنی قانونەكە دەگونجێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی كەرەم بكە.

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من وا دەبینم دوای خوێندنەوەی ئەو پرۆژەیەو لێكدانی هەرسێ پرۆژەكە، بەڕاستی زیاتر ناوەڕۆكەكەی بۆ پاڵپشتی بوونی گەنجانە، لەبەر ئەوە بایەخدان وا پیشان دەدات، گرنگیدان، یان بایەخدان، وەكو بڵێی ئێستا ئێمە دەست پێ دەكەین كە بایەخ بدەین بە گەنجان، لەگەڵ ئەوەی كە ئێمە دەبنین لە سیاسەتی بوونی حكومەتداو هەموو ئەوانەی دڵسۆزانی ئەم كۆمەڵگایەن، كە بایەخ هەردەم بە گەنج دراوە، بەڵام ئەگەر ئێمە بە دەقاو دەق بمانەوێت ناوەڕۆكی ئەم سێ پرۆژەیە كە یەكیان گرتۆتەوە، بۆ ئەوەی شتێكی لێ بنیاد بنێین و پاڵپشتیەك بۆ گەنجان بنێین، لەبەر ئەوە بە رەئی منیش هەروەكو كاك شوان ئاماژەی پێ كرد پاڵپشتی لێ دەكەم، كە قانونەكە بە پاڵپشتی لاوان، یان گەنجان، وابزانم هیچ جیاواز نییە بەو ناوە بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێزدار صباح بیت الله كەرەم بكە.**

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**گەلەك لە خوشك و برایە ئەڤ پێشنیارا ئاراستە كر كە پەیڤا گرنگیدان بێتە لادان، ئەز لەگەڵ رەئی وان دامە، كە ڤی رەنگی بێتە صیاغە كرن، (یاسای سندووقێ پاڵپشتی كردن بە لاوان لە هەرێمی كوردستان)، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێزدار سۆزان شهاب كەرەم بكە.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تەبعەن منیش لەگەڵ ئەو بەڕێزانە هاوڕام، سەبارەت بەوەی كە گرنگیدانەكەی لێ لابرێت، هەر بكرێت بە سندووقی پاڵپشتی كردنی گەنجان، بۆ ئەوەی مەغزاكەی ئەوەیە ئەم سندووقە لە رووی پاڵپشتی كردن بۆ گەنجان بۆ كار، بۆ ئەوەی دەست بكەن بە كار ئەم یاسایە دەردەچێت، لەبەر ئەوە گرنگیدانەكە لابرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێزدار شێردڵ تەحسین كەرەم بكە.**

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**منیش هاوڕام لەگەڵ برادەرەكان ئەو ئیهتیمامە لابدرێت، بەس سندووقی دەعم بمێنێتن، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار كاك فرسەت كەرەم بكە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ دەنگی برادەرانم كو ناونیشانی ئەو قانونە فراوانترە زۆر لە مەزموونی قانونەكە، خۆ مەفروزە عینوانەكە ئینعیكاس بێت بۆ مەزموونی قانونەكە، ئەوە یەك.

دوو/ ئەوە لایەكە ئیهتیمامات بە گەنجان، نەك هەموو لایەك، لایەكانی تر زۆرن، با وای لێ نەكەین كو ئیهتیمامات مەحصورە بەس بەو لایەنە، لەبەر ئەوە من پێشنیاری ئەوە دەكەم، دوور نییە برادەرانیش هەر ئەو پێشنیارەیان كرد بێت، بە عەرەبی (قانون صندوق دعم مشاریع الشباب) ئان (المشاريع الصغيرة للشباب)، یەعنی با ئینعیكاس 100٪ بۆ مەزموونی قانونەكە بێت، زیاتر فراوانی نەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش كەرەم بكە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە وشەی دەعم، پشتیوانی كردن لە لاوان، ئێمەش لە ئەنجامی ڕاوبۆچوون و تێبینییەكانی ئەندامانی پەرلەمان وشەی پشتیوانیەكە فراوانترە لە بایەخدان، چونكە هەروەكو ڕوونیان كردەوە زۆر لایەنی دیكە هەیە، وەزارەتی دیكە هەیە بایەخ بەو توێژە دەدەن، بۆیە ئێمەش لەگەڵ هەڵگرتنی وشەی بایەخدانەكەینە، تەنها پشتیوانیەكە ئەو لایەنەش دەگرێتەوە، بە كوردیەكەش دەبێتە (سندووقی پشتیوانی گەنجان لەهەرێمی كوردستان)، بە عەرەبیەكەش (صندوق دعم الشباب في اقليم كوردستان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری ئەو ڕەئیە دەكەین، كە گرنگیدان لابرێت، لەبەر ئەوەی لە نەخشەی ڕێگای لاوان كە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان دانراوە تێدا كێشەی بێ كاری یەكێكە لە كێشەكانی لاوان، لەبەر ئەوە مەفهومی گرنگیدان مەفهومێكی شمولییە، واتا ئێستا ئێمە بە تەنها موعالەجەی مەوزوعی بێ كاری دەكەین، منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیەمە كە گرنگیدان لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان كەرەم بكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر پێتان باش بێت لەسەر رۆشنایی ئەو مولاحەزاتانەی کە درا ناوی قانونەکە ببێتە (قانون صندوق دعم مشاريع الشباب)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوەڕۆکی قانونەکە، پرۆژەی قانونەکە زیاتر پەیوەندی بە مەشاریعی بچووکەوە هەیە، یەعنی قانونەکە (قانون صندوق دعم المشاريع الصغيرة للشباب)، بۆیە ئێمە لە پێشەوە ئەوەمان گوت و گوتمان مولاحەزەمان نییە، وامانزانیی مەشروعەکانی تر هەموو کۆ دەکاتەوە، یەعنی قەزایەی دەعمیشی تیایە، بەلأم ئەوەی ناوەوەی شتێکی ترە، لەبەر ئەوە زیاتر (قانون صندوق دعم المشاريع الصغيرة للشباب)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئاسۆس خان کەرەم بکە.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لە وەزارەت، ئەم پرۆژە یاسایە وەکو پرۆژەی قەرزی بچووکە، لەبەر ئەوەی ئەو دەعمەی کە دەکرێت، ئەو پارەی کە دەدرێتە ئەو گەنجانە، تەنها بۆرپرۆژەی بچووك دەکرێت، داواکارم هەروەکو ئەوەی کاك کاوە باسی کرد، ناوەکەی ئەو ناونیشانە بێت، پرۆژەی پاڵپشتی پرۆژە بچووکەکان بێت، یاخود قەرزی بچووك بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش سەغیرە وەردەگرن لەسەر پێشنیاریان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین (قانون صندوق دعم المشاريع الصغيرة للشباب في الاقليم)، (سندووقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان لە هەرێمی کوردستان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، عینوانەکە بەو شێوەیەی کە ئاخیر صیاغەی کە دکتۆرە رۆژان کردی، ئێستا بۆ ماددەی یەك فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

يقصد بالمصطلحات والتعابير الآتية المعاني المبينة ازاءها لأغراض هذا القانون:-

اولاً/ الاقليم: اقليم كوردستان - العراق.

ثانياً/ الوزارة: وزارة الثقافة والشباب في الاقليم.

ثالثاً/ الشباب: الذين تتراوح اعمارهم بين (16-35) سنة.

رابعاً/ الصندوق: صندوق دعم المشاريع الصغيرة للشباب في اقليم كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیش تکایە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم:

مەبەست لەم زاراوەو دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

دووەم: وەزارەت: وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لە هەرێم.

سێیەم: لاوان: ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (16 – 35) ساڵە.

چوارەم: سندووق: سندووقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ ئەم بەڕێزانە داوای گفتوگۆیان کردووە، ڕێزداران (سۆزان شهاب، هاژە سلیمان، سالم تۆما، دانا سعید، خلیل عوسمان، تارا ئەسعەدی، بێریڤان سەرهەنگ، ئاسۆ کەریم، ئامینە زکری، شۆڕش مجید، سەروەر عبدالرحمن، زکیە سید صالح، د.ئاراس حسین، صبیحە احمد، صباح بیت الله، نیشتمان مرشد، دلێر محمود، گەشە دارا، عمر هەورامی، شڤان احمد، فاضل بەشارەتی، عبدالسلام بەرواری، د.حسن محمد، عمر نورەدینی)، سۆزان کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن بەپێی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان تەمەن (16 تا 34)ـە، لێرە (35) نووسراوە، ئەگەر (35)یش بێت، بە رەئی من ئەگەر بیەوێت ئەم سندووقە ئیهتیمام بدات بە توێژێکی زیاتر، بەلامەوە لێرە ئیشکال نییە، یەعنی هەتا (35)یشی تیا بێت، هیچ کێشە نییە، ئەوەی کە من دەمەوێت لێرە بڵێم

تەعریفێك هەیە لێرە نوقصانە، ئەویش ئەوەیە (المجلس: مجلس ادارة الصندوق)، لەوێدا نوقصانە، ئەگەر ئەوەش ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار هاژە سلیمان کەرەم بکە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر دووەم هەیە، کە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، سێیەم/ لاوان: ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (16 – 35) ساڵە، ئێمە کاتێك کە موناقەشەمان لەسەر یاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان کرد، بە پێوەرە نێودەوڵەتیەکان تەمەنی لاومان بە (14 – 34) دانا، نازانم یەعنی ئێستا (16 – 35) دانراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سالم تۆما کەرەم بکە.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها تێبینیم لەسەر بڕگەی دوو هەیە، لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکی پرۆژەکەو جێ بەجێ کردنی زیاتر پەیوەندی بە چارەسەر کردنی کێشەی بێ کاری و پەرەپێدانی باری ئابووری گەنجان و پێش خستنی، نەوەك پەرەپێدانی تواناسازی و بەهرەی گەنجان، زیاتر لەگەڵ پسپۆری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلآیەتی دەگونجێت، نەوەك لەگەڵ وەزارەتی وەرزش و لاوان، بۆیە پێشنیار دەکەم بخرێتە ئەستۆی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلآیەتی، نەوەك وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دانا سعید کەرەم بکە.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بەڕاستی تێبینیم لەسەر بڕگەی چوارەم سندووق هەیە، پێموایە دەبێت ناوەکەی بگۆڕین، لەبەر ئەوەی ئێمە ناوی پرۆژە یاساکەمان گۆڕی، دەبێت سندووقەکە ببێتە سندووقی پاڵپشتی کردنی پرۆژە بچووکەکانی لاوان، یان گەنجان بوو، نازانم لەبیرم نەماوە، چونکە ناوەکەی لێرە بە گرنگیدان هاتووە بە غەڵەت، دووبارە هاتۆتەوە.

سەبارەت بە تەمەنەکە، ئێمە پێشتر لە یاسای ژمارە (10)ی وەزارەتی رۆشنبیری پێموایە بە دەقیقی لەبیرم نەماوە، بەلاّم پێموایە (16 – 35) نەبوو ئەوەی ئیتیفاقمان لەسەری کرد، (14 – 34) بوو، نازانم تا چەند ئەوە دەگونجێندرێت لەگەڵ ئەوە؟

سەبارەت بە وەزارەت: وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، بە باوەڕی من، من پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك سالم دەکەم، لەبەر ئەوەی زیاتر دەچێتە بواری ئیش کردنی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی، پێموایە لە ئیهتیماماتی ئەوان دایە، لە زۆربەی ولاّتانی دنیاش پالّپشتی کردن لەبواری کۆمەلاّیەتی هەر چین و توێژێکی کۆمەلاّیەتی دەچێتە زیمنی ئیش کردنی وەزارەتی کار، جا بەڕاستی دەبێت ئەو مەسەلەیە یەکلا بکەینەوە، ئەگەر بمانەوێت لەبەر ئەوەی وەزارەتێکمان هەیە بەناوی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، لاوانی تێدایە، پێموایە دەبێت جۆرێك تەنسیق هەبێت لەنێوان هەردوو وەزارەت، یان وا بکەین هەردوو وەزارەت بە یەکەوە سەرپەرشتی بکەن لەبەر خاتری ئەوەی کە وەزارەتێکمان هەیە بەڕاستی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار خلیل عثمان کەرەم بکە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برادەران قسەکانی منیان کرد، بەلاّم من دووبارە هەر جەخت لەسەر قسەکەی کاك سالم و کاك دانا دەکەمەوە، بەپێی ئامانجەکانی ئەم یاسایەش کە لە بڕگەی دووەمدا هاتووە، دەبێت ئەم وەزارەتە، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی بێت زیاتر لەوەی کە وەزارەتی رۆشنبیری بێت، هەروەکو کارەکە کارێکی کۆمەلاّیەتیە، لە بڕگەی دووەمی ئامانجەکەیدا هاتووە، بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەلاّیەتی و ئابووری لاوان لەهەرێمدا، من پێموایە لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتیەوە نزیکترە تا لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار تارا ئەسعەدی کەرەم بکە.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لەدوای گۆڕینی ناوەکەش بۆ پرۆژەکە، من وا بەباشی دەزانم ئەم کارەی لەناوی کراوە عایدی هەردوو وەزارەتە، بەڕاستی وەزارەتی رۆشنبیری دانانی ستیراتیجیەتە بۆ گەنج لە هەموولایەنێکیەوە، ئیتر وەرزشی دەگرێتەوە، لە رێنماییەکانی خوێندن بلێین کە خزمەتی گەنجی پێ دەکرێت لە سەقافەتی عام وەریدەگرین، لە تەندروستی، لە هەموو شتێك دەتوانێت گەنج دەوری خۆی ببینێت، بەلاّم بۆ دابینی هەلی کار بۆ ئەو گەنجانە، بە مەشروعی بچووك، ئەگەر قەرزی بچووك بێت، وابزانم وەزارەتی کار بەشی گەورەی

هەیە لەو كارەدا، لەبەر ئەوە بوونی وەزارەتی لاوان لەگەڵ وەزارەتی عەمەل بە هەردووكیان زیاتر تەواوكەر دەبن بۆ كارەكە، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە ماوەیەكی زوو ئەو ئامانجەی ئێمە لەسەری دەستمان پێ كردووە، ئەویش لابردنی ئەو گەنجانەی بێ كارن، كە ئیشیان نییە لەحكومەت، كە ئیشیان نییە لە كەرتی تایبەت، بتوانین قەرزێكی بچووكیان بدەینێ بۆ كاركردن.

دووەم/ شت كە دەڵێت (الشباب: الذین تتراوح اعمارهم بین (16-35) سنة)، بەڕاستی گەنج هەتاكو ئێستا بە هەموو پێوەرەكان نەتوانراوە تەعریفێكی تەواو بۆ گەنج بكرێت، چونكە سێ شت گەنج دەگرێتەوە، لایەنی بایلۆجیەكە بەس وەگیراوە لێرە، كە تەمەنی (16 – 35) ساڵە، هەندێكیش تەمەنی (16 – 30) دادەنێن، لایەنی سایكۆلۆجی وەرنەگیراوە، سەقافەتی موجتەمەع لەگەڵ كۆمەڵگا، لایەنی فسیۆلۆجی وەرنەگیراوە، كە ئایا كێ گەنجە؟ ئەگەر ئێمە ئەمانە هەموو مەفهومەكان كۆ بكەینەوە، وابزانم (16 -30) زیاتر لێرە خزمەت دەكات.

چوارەم شت و ئەخیر، دەبێت ناوەكە بگۆڕین، (صندوق الدعم والاهتمام بالشباب)، ببێتە (صندوق دعم ومنح القروض الصغیرة للمشاریع)، وای بە باشی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار بێریڤان كەرەم بكە.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەتوانم ڕەئی خۆم بڵێم لەسەر هەموو پرۆژە یاساكە، چونكە ئەو پرۆژە یاسایە زۆر بە لاوازی دەبینم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە لەسەر ماددەی یەك.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی یەكەم، دەمەوێت بزانم تەمەنی لاو لە هەرێمی كوردستان چەندە؟ چونكە بەو یاسایەی كە دەرمانهێناوە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لەوێ گوتمان (14 – 34)، لێرە دەڵێت (16 – 35)، كامەیان لاوە لە هەرێمی كوردستان؟ ئەگەر هاتو پرۆژەیەكیش تەسلیمی گەنجێك بكرێت تەمەنی (16) ساڵ بێت، بە ڕەئی من ئەوە هەڵەیە، چونكە نەبوویتە (18) ساڵ، چۆن ئیمزا دەكات لەسەر وەرگرتنی ئەو پارەیە، كە بۆی نییە ئیمزا بكات، دوایێ ئەگەر ئێمە گەنجێك بینینە ساحە ئیش بكات و پرۆژەیەكی بدەینێ، با پرۆژەكە بچووكیش بێت، دەبێت سەركەوتوو بێت لەناوی، دەبێت ئامادە كرا بێت و شارەزاییەكی بچووكیشی هەبێت، پێشتر چەند دەوراتی دیتی بێت، ئەوجا دەبێت پێشكەشی پرۆژە بكات، چۆن ئێمە

پرۆژەیەك دەدەین بە كوڕی خۆم، كە تەمەنی (16) ساڵە؟ بڕوا ناكەم سەركەوتوو بێت، ئیلا پێشتر ئامادە كرا بێت، بۆیە تەمەنی (16) بچووكە، بۆ ئەوەی پارەیەكی بدەیتێ ئیشی پێ بكات.
بەنیسبەت ئەو پرۆژانەش كە لە ماددەكانی تر دانراوە، حەزم لێیە زۆر باس لەسەر ئەوە بكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئاسۆ كەریم كەرەم بكە.

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە لاوان، من هەمان رای بێریڤان خانم هەیە، بەڕاستی سەقفەكەی خوارێ كە (16) نووسراوە زۆر زۆر كەمە، هەرچەندە لە قانونیشدا، هەروەها لەناو كۆمەڵی كوردەواریشدا ئەو تەمەنە دەكرێت هەندێ تەسروفات بكات، تەسروفاتی قانونی، تەنانەت هەندێ ئیشیش لە كوردەواریدا دەیدەنە دەستی، بەلام بیلفیعل لەبەر ئەو ئەسبابانەی بێریڤان خان باسی كرد، منیش پێم باشە سەقفی خوارەوە بكرێتە (18).
بەنیسبەت شتێكی دیكە، بە بڕوای من نەقصە لەناو ئەو تەعریفە، پرۆژەی بچووك، بەڕاستی چ شتێك هەیە، پێوەرێك هەیە بە پرۆژەی بچووك دابنرێت، یان بە مامناوەند، یان بە گەورە، ئەگەر ئەوە تەعریف نەكرێت بە رێك و پێكی لەوێ، بەڕاستی مەجلیسی ئیدارەی ئەو سندووقە بە كەیفی خۆیان، بە ئارەزووی خۆیان دەتوانن تەفسیر بۆ مەشاریعی بچووك بكەن، بۆیە پێم باشە تەعریف بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئامینە كەرەم بكە.

**بەڕێز ئامینە ذكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەر وەزارەتا رۆشنبیری مـن ژی هەمان تێبینیا هەی هەڤ رەئیا هەڤالێت خۆمە، بەلكو موهیمە كارێ وەزارەتا كارو كاروبارێ كۆمەلایەتیە كو شولی بۆ گەنجان، یان بۆ هەر هاوولاتیەك پەیدا بكەت، لە لایەكی دیكە بە پەیدا كرنا شولیا، وەرشەیە، راهێنانە، دانە، ئامادە كرنا وان گەنجان بۆ بازاڕی كارێ كاروباری كۆمەلایەتیە، پێ تی ڤیا ئەم هەمی بۆ شول بكەین، كو وەزارتا كاروبارێ كۆمەلایەتی فەعال بكەین، ژی لایەكی تر وەزارەتا رۆشنبیری چەند موهیماتی دی ترێ هەین وەكی رۆشنبیر كرن، وەكی كارێ مە گرێدای بە رۆشنبیری كرن و وەرزشی بێ ڤەتن، لە لایەكی تر ڤە ئەگەر بێین سەح كەینێ كارێت وێ ناڤەندە حكومەتی دە ژی بارێكی گران لەسەر وتە بێژی حكومەتێ، كارێ وەزارەتێ دكەت، ڤێ ئەگەر بێ مەجلیسێ رێگە پێ بدا، دشێت چەند شی وی راكە ڤە، یەعنی ناڤەرۆكا وێدا ئەز بینم كارێ وەزارەتا كاروبارێ كۆمەلایەتیە، بەر هەندێ ژی زڤریت موهیما زیمنێ ناڤەرۆكا شولێ وێ و ڤێ كارە ببێت، چ ئالیەتی تر ڤە ژی پرۆژەی بچووك ژی تەعریفێ بۆ بێتە كرن وەكی هاڤكارێ من كاك ئاسۆش ئاماژەی پێدا، چونكە پێ تی

ڤیا پرۆژه بچووکی ئەڤ مەشروعا ئاماژە پرۆژە بچووکا تەعریفەك بۆ نەهێتە کرن، ئیحتیمالە سەقەفێك بۆ پرۆژا بچووك بێتە دانان، ژی ناحیە ماددی چەند هەتا چەند لێ وەرگریتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شۆڕش کەرەم بکە.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم کە پێناسەو زاراوەکانە، منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو خوشك و برایانەم، کە باس لەوە دەکەن کە ئەو یاسایە، یاخود بەهرەمەند بوونی لاوان لەو یاسایە پەیوەندی زیاتر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیەوە هەیە، تێبینیشم لەسەر بڕگەی سێیەم، کە (16) ساڵی دانراوە تا (35) ساڵ، لە (35) ساڵەکە هیچ گرفت نییە، بەلاَم لە (16) ساڵی، ڕەنگە بۆ ئەو بوارە، لەبواری بەهرەمەند بوونی گەنجان لەو یاسایەو لەو مینحەیان پێ دەدرێتێ و دەستگیری ئەوە دەکرێن بۆ هاوکاری کردن، یان خۆیان پێ بگەیەنن لە ڕووی ماددییەوە، پێموایە (16) ساڵ بۆ ئەو بوارە زۆر کەمە، لەبەر دوو، سێ هۆ، برادەران باسیشیان کرد، بەلاَم یەکێکیان تەمەنی یاسایی نییە.

دووەمیشیان/ مەفروزە لاو لەو تەمەنە لە قۆناغەکانی خوێندندا بێت، بۆ ئەوەی ئەو بەهرەمەند بوون لەو یاسایە نەبێتە هۆکارێك، یان بۆ هاندانی گەنج لەو تەمەنە واز لە خوێندن بێنن، من پێشنیاز دەکەم وەکو خوشك و برایانی ترم بکرێت بە (18) ساڵ، هیچ نەبێت ئەو کاتە قۆناغی دواناوەندی تەواو کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەس لەبیرتان نەچێت بەڕێزان ئێمە بە یاسا هەمانە گەنجێك (16) ساڵ بێت بە موافەقەتی حاکم دەتوانێت بۆ خۆی پرۆژەیەك بکات، دوکانێك دابنێت، ئەوە هەیە، هەر بۆ بە بیر هێنانەوە، ڕێزدار د.سەروەر کەرەم بکە.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ تێبینیم هەیە سەبارەت بەو ماددەیە، یەکێکیان/ بەڕاستی ئەو ماددەیە کلیلی یاساکەیە، سێ وشە هەیە، یان سێ دەستەواژە هەیە پێویستە تیایدا بێت، دوانیان ئاماژەی پێدرا، یەکێکیان سۆزان خان ئاماژەی پێدا کە ئەنجومەنە، بەڕاستی لێرەدا پێویستە پێناسە بکرێت.

دووەمیان/ مەسەلەی پرۆژەی بچووکە، کە کاك ئاسۆ باسی کرد.

سێیەمیشیان/ لە چەند شوێنێکیش ناوی حکومەتی هەرێم هاتووە، کە وشەی حکومەتیشی تیایدا بێت، ئەمە خاڵی یەکەم.

دووەم/ دیارە ئەمە تێکەڵەی چەند پرۆژەیەکە هاتووە، یەکێك لە پرۆژەکان باسی ئەوە دەکات سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری بێت، یەکێکیان دەڵێت سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بێت، یەکێکیان دەڵێت سەر بەوەزارەتی دارایی بێت، ئێمە پێویستە ساغی بکەینەوە کامیان باشترە؟ بۆیە من لێرە لەوانەیە پێشنیارێکی دیکە بکەم، پێویستە ئەم سندووقە کە دەستەیەکی بۆ دامەزرێ، یان ئەو ئەنجومەنە کۆمەڵێ خەڵکی شارەزای تیایدا بێت، جگە لەوانەی کەوا ناویان هاتووە لێرەدا سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت، بۆ ئەوەی راستەوخۆ بتوانێت کەوا وەکو دەڵێت دەسەڵاتی بەسەر هەموو وەزارەتەکانیشدا هەبێت و لەوێوە کۆکراوەی هەموو بێت.

تێبینی سێیەمم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، سەبارەت بە خاڵی سێیەمە، لە خاڵی سێیەمدا هاتووە دەڵێت ( 16 تا 35)، یەك/ بەنیسبەت سەقفەکەی خوارەوە، ئەگەر گەنجێك تەمەنی شازدە ساڵ بێت خۆی قاصیرە، ناتوانێت لەوانەیە لە بانکدا پارە رابکێشێت، یان بەجۆرێکی دیکە، ئەگەر باوکی بمرێت ئەو پارەی کەوا هەیەتی خۆی لەوێدا وەکو دەڵێت دەچێتە هینی قاصرینەوە، چۆن دەتوانێت ئەمە پرۆژە وەربگرێت؟ گەنجێك تەمەنی شازدە ساڵ بێت ناتوانێت ئیجازەی لێخورین وەربگرێت، چۆن دەتوانێت ئەمە بکات؟ ئێمە بەڕاستی پێمان باشە هەموو هاوکاری بکرێن، بەلاّم لەوانەیە بۆ ئەمە قورس بێت، بەلاّم سەبارەت بە سەقفەکەی تر، سەقفی سەرەوە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەمە هەڵبکشێت بۆ سەرەوەتر، لەبەر ئەوەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە بەهۆی ئەو بارودۆخانەی کەوا لە رابردوودا لە کوردستان هەبووە، گەنجانێکمان هەیە، خەڵکانێکمان هەیە ماونەتەوە، سوودمەند نەبوون بەهۆی ئەو بارودۆخانە، بەتایبەتی لە لادێیەکان بۆ پرۆژە کشتوکاڵیەکان، ئەمەش هاوکاری کردنێکی باش دەبێت، پشتگیری کردنێکی باش دەبێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە (18 – 40)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار زەکیە کەرەم بکە.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت خاڵە دوێ کو سەر وەزارەتا رۆشنبیری و لاوان ڤە بیتن، ئەز گەل هەندێمە سەر وەزارەتا رۆشنبیری و لاوان ڤە بیتن، چونکە هەندیا ئاگاهاداری سندووقەك هەی وەزارەتا یا کارو کاروبارا کۆمەلاّیەتی ئو وێ تەمەنی ڤە کریە بۆ هەر کەسەکی بچیتن بەشداری تێدا بکات و هەندیا ئاگاهادارین رێکخراوێکی پارەش ژ حکومەتێ وەرگری داتە گەنجان، بەس وی فایدەی خۆ وەرگریتن، ژی بەر هەندێ پێ تی ڤیا کو بۆ لاوانە ئەڤە سەر وەزارەتا وەرزش و لاوان بیتن، یا دی تر تەمەن، تەمەن هەرچەندە لە قانونا وەزارەتا رۆشنبیری و لاوان مەیا دیار کری کو (16 – 34) ساڵی بیتن، ڤێ درکێنە نە تەمەنی قانونی وەرگرتیە کو شازدە ساڵی مەیا هەی، نە پێڤەرێ نێودەوڵەتی کو هەژدە ساڵیە نابیتن بن هەژدێدا کار بکات، ژی بەر هەندێ پێ تی ڤیا ئەم پێڤەرەکی دی بۆ دابنێینە ڤە، یان هەژدە ساڵی هەتا چل ساڵی بیت، یان ژی

پێڤەری قانونا وەرزش و لاوان ئەوەمان دەرخست وەزارەتا وەرزش و لاوان کو (16 – 34)، یا دی تر مولاحەزە من بۆ هەندێ پرۆژەی بچووك، جارەکا کاك ئاسۆ گوتی لی ڤی درکێدا تەعریف نەهاتیە کرن، پێت ڤیا تەعریف بۆ پرۆژەی بچووك بێتە کرن و کوژمێ پارەی بۆ بهێتە دیاری کرن چەندێیە؟ هەتا چەندێ و؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر ئاراس کەرەم بکە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من تەئیدی ئەو پێشنیارانە دەکەم، ئەو بۆچوونانەی بەڕێزان هاوکارانم، کاك ئاسۆ و کاك شۆڕش و کاك سەروەرو زەکیە خان خۆشم لەگەڵیاندام، لە حەقیقەتدا بەنیسبەت تەمەنەکەوە، بەنیسبەت تەمەن کە بە شازدەوە دەست پێ دەکات، من پێم باشە ئەو تەمەنە بەنیسبەت قانونی خۆمانەوە، بەنیسبەت یاسا لەلای خۆمانەوە، تەمەنێکە پێی دەڵێن تەمەنی روشدی یاسایی، تەمەنی پێگەیشتنی یاسایی، چونکە لێرەدا ئەو کەسەی ئەو سولفەیە، یان ئەو پێشینەیە وەردەگرێت عەقدێکە دەیکات تاکو بەرامبەر ئەو عەقدە دەبێت بە تەرەفی دووەم، یان تەرەفی یەکەم ئەوە دەبێت بە تەرەفی دووەم، بزانین ئەگەر هاتو کێشەیەك روویدا توانای هەیە لەبەردەمی محاکمدا ئەو کەسە دیفاع لە خۆی بکات، یەعنی ئایا یاسای بەسەردا تەتبیق دەکرێت، یان نا؟ لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەگەر تەمەنی بڵێین پێگەیشتنی یاسایی لەلای ئێمە (18)یە بە (18) دەست پێ بکات، ئەگەر (17)یە بە (17) دەست پێ بکات، لە هەمان کاتدا تەئیدی ئەو برادەرانەم دەکەم دوایین تەمەن کە هەمانە (35) ساڵە بکرێت بە (40)، چونکە بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە ئێستا هەیە لەلای ئێمە ژمارەیەکی زۆر هەیە بێ کار ماونەتەوە، تا فیئەیەکی زیاتر لەو تەمەنە کەڵکی لێ وەربگرێت و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار صبیحە خان کەرەم بکە.

**بەڕێز صبیحە احمد مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ تێبینیم هەیە لەسەر ماددەی یەکەم، لە ماددەی یەکەم خاڵی یەك/ نووسراوە سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بێت، من پێم باشە سەر بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بێت، هاوڕام لەگەڵ رەئی بەڕێز ئامینە خان و کاك شۆڕش، لە ماددەی یەکەم خاڵی سێیەم/کە نووسراوە تەمەنیان لەنێوان (16 – 35) بێت، من پێم باشە تەمەنیان لە (16 – 40) ساڵ بێت، لە خاڵی چوارەم نووسراوە سندووقی پاڵپشتی کردنی لاوان، من پێم باشە ناوەکە وەکو قانونەکەی لێ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار صباح بیت الله كەرەم بكە.

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی ئێكێ فەقەرە سێ، بەنیسبەت تەمەنێ بیژێ (16 – 35) ساڵ، لە یاسای وەزارەتا ڕۆشنبیری و لاوان دبێژیتن (14 – 34)، ئەز پێشنیار دكەم تەمەن لە (16 – 40) ساڵ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار نیشتمان مرشد كەرەم بكە.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەكەم لە خاڵی دووەم/ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە هەرێم، من پێم باشە وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی بێت، چونكە وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی هەلی كار بۆ خەڵك دەدۆزێتەوەو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە چاودێری كردنی خەڵكەوە هەیە.

خاڵی سێیەم/ ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (16 – 35) ساڵە، منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو برادەرانە كە (18 – 40) ساڵی بێت.

خاڵی چوارەم/ سندووقی پاڵپشتی كردن و گرنگیدان بە لاوان، وەكو ئەوەی سەرەوەی لێ بكرێت (سندووقی پاڵپشتی كردنی پرۆژە بچووكەكان بە لاوان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دلێر محمود كەرەم بكە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام كە ماددەی یەكەم بكرێت بە پێنج بڕگە، ئەنجومەنیشی بۆ زیاد بكرێت، ئەنجومەنی بەڕێوەبردن، لە هەمان كاتدا لە بڕگەی دووەمدا، منیش لەگەڵ ئەوەدام كە وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی بێت، لەبەر ئەوەی وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی توانای زیاتر پێناساندن و دەست نیشان كردنی پرۆژەی بچووكی هەیە، لەبەر ئەوەی فەرمانگەی دەستەبەری كۆمەڵایەتی سەر بەوێیە، لە هەمان كاتدا پرۆژە یاسایەكیان بە دەستەوەیە بۆ گۆڕینی یاسای كار، لەبەر ئەوە من بە باشی دەزانم.

بەنیسبەت بڕگەی سێیەمەوە، من پێم باشە تەمەنەكە لە (18 – 40) ساڵ بێت، لەبەر ئەوە زۆر كەس هەن لەوانەی تەمەنیان گەیشتۆتە (40) ساڵ، تاكو ئێستا توانای ئەوەیان نییە بە شاگردی ئیش دەكەن لە زۆر پیشە، توانای ئەوەیان نییە كە خۆیان بۆخۆیان كارێكی سەربەخۆ بدۆزنەوە، لەبەر ئەوە (18 – 40) ساڵ باشترە، لە هەمان كاتدا (16) ساڵ كەم هەیە لەبواری كاردا بێت لە وڵاتی ئێمە، (18) ساڵەكە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار گەشە دارا کەرەم بکە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر سەبارەت بەو ماددەیە لە بڕگەی سێیەم باس لەوە دەکات، کە تەمەنە، ئێمە لە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان تەعریفی لاومان کردووە بەپێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڕاستی نابێت ئەم یاسایە ناکۆك بێت لەگەڵ ئەوە، یاخود دەبێت ئێمە هەر وشەی لاو لاببەین و یاساکە بەگشتی دەربچێت، ئەگەر تەمەنەکە زیاد بکەین بۆ (40)، بەنیسبەت ئەوەشەوە کە (16) ساڵ سنێکی قانونییە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئیش بکات دوای ئیزنی وەلی، کە جەنابیشت ئاماژەت پێدا، دکتۆر سەروەریش باسی لەوە کرد کە وشەی حکومەت نەهاتووە لە پێناسەکاندا، پێویستە پێناسەی بکرێت و چەند جارێك لە یاساکەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عمر صدیق کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر ئەوەیە ئایا وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بێت، یان وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلأیەتی بێت؟ ئێستا خۆشبختانە هەردوو وەزیری بەڕێز لێرەن، خۆ ئێمە یاسایەك دەردەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین ئیستیفادەی لێ بکەین لە ئەرزی واقیعداو لاوان و گەنجانمان سوود لەو مەشاریع و لەو بڕە پارانە وەربگرن، کە تەخصیص دەکرێت بۆ لاوان، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پڕۆژەی بچووکەوە ئیستیفادەی لێ بکەن، من پرسیارێك ئاراستەی هەردوو بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان لەگەڵ وەزیری کارو کاروباری کۆمەلأیەتی دەکەم، ئایا فەرمانگەکان و وەزارەتی کار یەکێك لەو دووانە باشترە، بۆ ئەوەی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکات؟ من تەسەور دەکەم ئەوان هاوکارمان دەبن لەوەی کەوا کام وەزارەت ئیختیار بکەین، چونکە ئێمە باشترو وردتر بە دیقەت بڕیار لەوە بدەین، ئێمە هەلی کار تەنها بۆ لاوان و بۆ گەنجانی سەنتەری شارە گەورەکان دەڕەخسێنین، بۆ ئەو گەنجانەی لە گوندەکانن، لە ناحیەو لە قەزاکانن، لە شوێنە دوورەکانن، دەبێت باشترین و فەعالترین فەرمانگە مامەڵە بکات لەگەڵ لاوان، بۆ ئەوەی بەخێراترین کات هەلی کار لە ڕێگای مەشاریعی بچووکەوە بۆ لاوان بڕەخسێنێت، ئەو کاتی ئێمە دەتوانین بڕیار بدەین لەوەی کە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بێت، یان وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلأیەتی بێت، هەردوو بەڕێز دەتوانن وەلأمی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە کامیان باشترە؟

تێبینی دووەمم لەسەر وشەی (شباب)ـە، من پێشنیار دەکەم وشەی شەباب لێرە لابدرێت، بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئێمە لێرە پێناسەی گەنج ناکەین، ئێمە پێناسەی ئەو کەسە دەکەین، کە سوودمەند دەبێت لە سندووق، بە باوەڕی من بکرێت بە سوودمەند، یان ئەو کەسەی کە پاڵپشتی دەکرێت (المستفید او المدعو)، ئەو کاتە دەتوانین زۆر بە ئاسانی لەو تەنگ و چەڵەمەیەش دەربچین بەوەی کە بڵێین ئەو گەنجانەی کە تەمەنیان لە (18) بەرەو سەرە هەتا (34)ساڵ، یان (35) ساڵ سوودمەند دەبن لەم سندووقە، واتا ئێمە جارێکی تر نایەینەوە پێناسە بۆ شەباب، بۆ گەنج بکەین، ئێمە بڵێین لە بری وشەی شەباب، یان گەنج و لاو، بنووسین سوودمەند، یان ئەو کەسەی مەدعو دەبێت، من تێبینیەکانم تەنها ئەوەندە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شڤان احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش چەند تێبینیەکم هەیە، یەك بە یەك دەیخەمە روو لەسەر ماددەی یەکەم، من پێم باشە هەروەکو خۆی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بێت، چونکە حەقیقەتەن وەزارەتی مەعنیە بەلاوان، ئەوەی کاك عومەر باسی کرد، حەقیقەتەن ئەگەر دەعمی ئەو عومرانە بکەین باشترە لەوەی ئێمە تەفادی زۆر شت دەکەین، یەعنی ئەگەر تەنیا بڵێین دەعمی ئەو تەمەنە هەتا ئەو تەمەنە، ئەوە تەفادی زۆر شت دەکات، ئەگەرنا لێرە تەعاروزێکی یەکجار زۆر دروست دەبێت، تەعاروزی قانونی دروست دەبێت، ئەگەر (16)مان دانا، حەقیقەتەن (16) تەعاروز لەگەڵ کۆمەڵێك قانون دەکات، لەگەڵ قانونی مەدەنی، ئەم شازدە ساڵە تەسروفاتی مەوقوفە لەسەر وەلی، ئێمە دێین خۆمان دەبەستین بە تەسروفاتی مەوقوف، حەقیقەتەن شتێکی قانونی باش ئەنجام نادەین، من جانبێکی قانونی تر باس دەکەم، من تەئیدی کاك عومەر دەکەم لە جیاتی (16) ساڵیەکە بنووسین (18) ساڵی تەواو کرد بێت و لە (30) ساڵ تێپەڕی نەکرد بێت، ئەمە شەباب لێرەیە، ئەگەر لە (30) ساڵ تێپەڕ بوو، ناحیە قانونیەکە داخیلی شەیخ دەبێتن، تەماشای مەجلیسی شیوخی ئەمریکی بکەین لە سی ساڵ کەمتر نییە، یەعنی شەیخە، نابێت لە سی ساڵ کەمتر بێتن، ئەگەر سی ساڵ تێپەڕی کرد دەبێتە شەیخ، ئەگەر ئەمەی کاك عومەر دەڵێتن موشکیلەکە بۆمان حەل دەکاتن، مەجلیسی نواب نابێت لە 25 ساڵ کەمتر بێتن، هی شیوخ نابێت لە سی ساڵ کەمتر بێتن، بۆیە لەوەی شێخ دەست پێ دەکاتن، عومری شێخ دەست پێ دەکاتن، بەڵام ئەگەر بڵێین (لغرض هذا القانون)، ئەمە زۆر زۆر باشەو موشکیلەکەمان حەل دەکاتن، ئێمە دەتوانین تەمەنەکە سەقفەکەشی بۆ زیاد بکەین بکەینە (40) ساڵ (لغرض هذا القانون)، بۆ ئەوەی تەفادی ئەو موشکیلەیە بکەین.

لە بڕگەی چوارەم تەحصیل حاصلە، دەبێت موافیق بێت لەگەڵ عینوانی ئێستا تەصویتمان کرد، لە بڕگەی پێنجەمیش تەعریفی پرۆژە بچووکەکان زۆر زۆر پێویستە، کە هاوکارانم باسیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شێخیش هەیە بە فترە شێخە، بە عومر نییە، ڕێزدار فازل بەشارەتی کەرەم بکە.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من دوو تێبینیم هەیە، لەگەڵ پێشنیارێك، زۆر باس لەسەر تەمەنەکە دەکرێت لە بەینی (18)و ئەوانە، بەلاَم ئەوەندەی من دەزانم و بینوومە لەناو بلاَو کراوەکان لە زۆربەی ولاَتانی دنیا لە دایك بوونەوە تا تەمەنی (40) ساڵ منداڵی حیساب دەکرێت، هەرچەند لە هەرێمی کوردستان ئەم زورفە نەرەخساوە تا تەمەنی (40) ساڵ منداڵ حیساب بێت، بە دە ساڵ و دوازدە ساڵییەوە بۆتە پێشمەرگە، یان کاسبکار، بۆیە منیش پێشنیار دەکەم مەسەلەی تەمەنەکە لە (18 – 40) ساڵ بێت، بەلاَم لێرە یەك تێبینیم هەیە بۆ هەردوو وەزیری بەڕێز، چونکە بە حەقیقەت بە بڕوای هەموو لایەك بوون و کەسایەتی ئینسان لە منداڵیەوە دەست پێ دەکات، نەك لە (25) ساڵی و (40) ساڵییەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاَیەتی بەتایبەتی چ پێوەرێکی هەیە بۆ دروست بوونی منداڵی کورد تا دەبێتە (18) ساڵ؟ تا (18) ساڵ چۆن پەروەردە دەکرێت؟ چونکە پێموایە ئینسان بە بۆچوونی زۆربەی فەیلەسوفەکانی دنیا، ئینسان لەسەر لانکەوە دەتوانرێت دەست نیشانی منداڵی بکرێت، نەك لە (18) ساڵی و (40) ساڵەوە، بۆیە من هیوادارم تەمەنی منداڵی لە پێش تەمەنی گەنجایەتیەکەی لەبەرچاو بگیرێت، بەتایبەتی لەلایەن وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاَیەتی، چونکە بە بڕوای من ئەوە زۆر گرنگترە لەوەی لە تەمەنی (18)و (40)ـەکەوە حیسابی بۆ بکرێت، هەر لە بڕگەی یەکەمەوە لە خاڵی چوار باسی گرنگیدان لە سندووقی پاڵپشتی گەنجان دەکات، لێرەش دیاری نەکراوە سندووقی پاڵپشتی هاوکاریەکەی چەندەو پرۆژە بچووکەکانی چین؟ کێ چاودێری پرۆژە بچووکەکان دەکات؟ هەر تەنها هاوکاری کردنەکەی سندووقی پاڵپشتی، یان دەبێت چاودێری یەکێك لە پەیوەندارەکان هەبێت بۆ پرۆژە بچووکەکان.

ئاخیر خاڵم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوەیە لەو سالاَنەی رابردوو لە کۆمەڵێك بلاَو کراوەکان من بینیم، بۆیە ئێستا من پێشنیار دەکەم، کەوا پەرلەمانێکی گەنجان دابندرێت، هەم بۆ پاڵپشتی کردن، هەم بۆ پێگەیاندنی .............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە وەرە سەر بابەتەکە، چاوەکەم، تەواو، خەلاس، یەکی تر، عبدالسلام بەرواری کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم کە پێناسەکانە، منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەوانەی کە پێشنیاریان کرد، کە پێناسەی پرۆژە بچووکەکانی تێدا بێت، چونکە ئەوە دیار نییە لە یاسا.

دووەم/ مەسەلەی لاو، هەموو ئەو رەئیانەی کە هاتن راستن، بەلاَم ئەم پێشنیارەی کاك عومەرو کاك شڤان هات، ئەوە منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگیان دەبێتە سێ رەئی، بێجگە لە ماددەی دووەم، کە باس لە

مەبەستی یاسا دەكات لەوێ وشەی لاو بێت، ئەویش بە تەعریفی دوەلی بكرێت، یان بە تـەعریفی وەزارەت، بەڵام ئێمە لە تەعریفی سوودمەندو، لە خوارەوە پاش ماددەی دوو لە هەر جێگایەك وشەی لاو هاتبێت بـە سوودمەندی دادەنێین، من لەگەڵ ئەوەمە لە (18) ساڵ، (20) ساڵیش بێت، چونكە دەبێت تەشجیعی ئـەوە بكەین هیچ نەبێت خوێندنی خۆی تەواو بكات، هیچ نەبێت هـەوڵی خـۆی دابێـت لـە بـازاڕی كـار دەرفـەتی نەبوو، ئینجا بیر بكات، ئەمە نوقتەی یەكەم، واتا سوودمەند لەجیاتی لاو و تەعریفی بكەین لە (18) ساڵ و سەرەوە.

دووەمیان/ بە تەسەوری مـن مەسـەلەی رەبـت كـردن بـە وەزارەت شـتێكی گرنگـە، هـەردوو بـەڕێزو عـەزیز وەزیر لێرەنە، بە بۆچوونی من وەزارەتـی رۆشـنبیری و لاوان سیاسـاتی حكومـەت دادەنـێ بـەرەو چـۆنیەتی مامەڵـە كـردن لەگـەڵ ئـەو زاهـیرەی، دیـاردەی كـە لاوانـی پـێ دەڵـێن، بـەڵام لـە رووی تەنفیزییـەوەو كـار دۆزینەوەو ئامادە كردنەوە، هەمووومان دەزانـین لـە وەزارەتـی كـارو كاروبـاری كۆمەڵایـەتی بەڕێوەبەرایـەتی گشتی كارو تەئهیلی میهەنی هەیە، ئەم سولفەیە باشترین كەس كە سوودی لێ وەربگرێت، ئەو كەسانەن لـە بازاڕی كار دەرفەتیان نەبوو، دێن ناوی خۆیان دەنووسن لەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەو بەپێی كـاری خۆمـان وەكو لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی زۆر جار رۆیشتووینە تەماشامان كـردووە ئەمانـە تـەئهێلێكی میهـەنیان وەرگرتـووە، بـەڵام توانـای ماددیـان نییـە، بۆیـە منـیش تەسـەور دەكـەم ئەمـە لـوبی كـاری وەزارەتـی كـارو كاروباری كۆمەڵایەتیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دكتۆر حەسەن كەرەم بكە.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەسەر ئەو ماددەیە دوو تێبینیم هەیە:

یەكەمیان/ بەنیسبەت تەمەنی گەنج، دیـارە چـەند تەمـەنی جیـاواز بـۆ گـەنج بـاس كـرا، حەقیقـەت ئەمـە شتێكی تەبیعیە، چونكە تاكو ئێستا لە دنیادا لە هەر وڵاتێك تەمەنێك حیساب دەكرێت بۆ مەسەلەی گەنج، دوو جۆر تەمەن بۆ گەنـج حیسـاب كـراوە، تەمـەنی بـایلۆجی هەیـە، تەمـەنی كۆمەڵایـەتی هەیـە، واتـا ئـەو تەمەنەی گەنج تێدا گەشەی دەكات لە (15 – 25) ساڵە، ئەو تەمەنەی كە كۆمەڵ بە گـەنجی دەزانێـت كـە زۆر لەسەری رێكن (15 – 35) ساڵە، بۆیە ئـەوەی كـە ئێسـتا مەبەسـتمانە كـە لـەو پـرۆژە داخیلـی بكـەین تەمەنی كۆمەڵایەتیە، واتا (15 – 35) كە لێرە بە (16 – 35) راست كراوەتەوە.

تێبینی دووەمم لەسەر ئەوەیە، كە ئەم پرۆژەیـە عایـدی وەزارەتـی وەرزش و لاوانـە، یـان عایـدی وەزارەتـی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی بێت، هەر لە سەرەتا باسمان كرد كـە پێویسـتە نـاو و ناوەڕۆكـە یـەك بگرێتـەوە، ئەگەر پرۆژەی پاڵپشتەكە بۆ مەسەلەی تەنمیە بێت، مەسەلەی تەنمیە مەلەسـەی فـرە موئەسەسـاتیە، واتـا گەنج لە هەموو شوێنێك هەیە، گـەنج لـە قوتابخانـە هەیـە، گـەنج هەیـە بـێ كـارە، گـەنج هەیـە وەرشـوانە،

گەنج هەیە دەرچووی کۆلیژە، گەنج هەیە لە ئیشوکاری جیاوازدا، بۆیە بەڕاستی هەروەکو لە بیدایەتدا ناوەکە بەوە راست کرایەوە کە سندووقی پاڵپشتی گەنجان بۆ پرۆژە بچووکەکان بێت، واتا بە رەئی منیش پێویستە ئەم پرۆژە یان عایدی ئەنجومەنی وەزیران بێت، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئیشرافی بکات، یان موباشیر عایدی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سۆزان شهاب کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی من لە پێشدا قسەم کرد، موداخەلەیەکم هەیە لەسەر ئەساسی هێنی پەروەردەیی، بەهۆی گۆڕینی سیستەمی پەروەردەوە، کە ئێستا بۆتە بنەڕەتی تا نۆ ساڵ، ئەوەی کە دەردەچێت ئەو خوێندکارو قوتابیەی کە دەردەچێت تەمەنی شازدە ساڵی تەواو دەبێت و خاوەنی بڕوانامەی بنەڕەتییە، دەتوانێت لە دوای ئەوەوە یان بەردەوام بێت لە خوێندن، یەعنی دەبێتە کەسێکی خوێندەوار، یان ئەوەتا دەتوانێت بچێتە بازاڕی کارەوە بۆ خۆی کارێك بدۆزێتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە دەتوانین ئەو ئازادییە بدەین بە گەنجەکان، لە دوای شازدە ساڵییەوە بچنە بازاڕی کارەوە، یاخود بەردەوام بن لە خوێندندا، ئەوە بۆ خۆیان دەمێنێتەوە، بۆیە من تکام وایە ئەوە بگرینە نەزەری ئیعتیبار نە (14) ساڵ دابنێین، نە (18) ساڵ دابنێین، بەڵکو (16) ساڵیەکە لە دوای بنەڕەتیەکە ئەو حاڵەتە چارەسەر دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عومەر نورەدینی کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی ئەو بیروبۆچوونانەی من هەمبوو، باس کران، بەتایبەتی زیاد کردنی زاراوەی ئەنجومەن و ناساندنی، هەروەها زیاد کردنی زاراوەی پرۆژە بچووکەکان و ناساندنی، بەتایبەتی مانا ئابوورییەکەی پرۆژە بچووکەکان چیە؟ پێویستە دیاری بکرێت.

سەبارەت بە مەسەلەی لاوان و تەمەنیشی، من پێشنیار دەکەم لە چوارچێوەی ئەو یاسایە دایە، ئەوەی لە بڕگەی سێیەم هاتووە نووسراوە لاوان بکرێتە لاوی سوودمەند لەو جەدەلەش رزگارمان دەبێت، منیش تەئیدی ئەوە دەکەم کە (35) ساڵەکە زیاد بکرێت، بکرێتە (40) ساڵ، بەلاّم لەوێدا لەجیاتی لاوان بە تەنها، یان سوودمەند بە تەنها بکرێتە لاوی سوودمەند، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر ارسەلان کەرەم بکە.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من یەك، دوو تێبینیم هەیە حەز دەكەم ئەو خوشك و برایانە دیقەت بكەن لە یەك، دوو شت، جارێ گەنجی ئەمڕۆ بەهۆی كۆمپیوتەرو ئەو وەسائیلانەی كە هەن بەڕاستی گەنجی وشیارن، وەكو سەردەمی جاران نین.

دووەمیان/ ئێمە وەكو پێویست لە كوردستان و لە شارەكان سەنتەری سەقافی و نەهێشتنی فارغمان بۆ گەنجان نییە، گەنجەكان ئێستا مومكینە بەشێكیان دەست بەتاڵ بن لەبەر هەندێ مەسەلەو لە رووی سیاسییەوە مەترسیەك هەیە، ئەگەر ئەو گەنجانە بە شتێك، یان كارێكیان نەبێت، من حەز دەكەم تێم بگەن دەڵێم چی، لەبەر ئەوە دەبێت دیقەتی ئەوە بكەین گەنج لە $(15)$ساڵی و $(16)$ساڵیەوە كارێكیان پێ بدرێت، چ لە رووی سیاسیەوە بێت، چ لە رووی سەقافیەوە بێت، چونكە گەنجی ئەمڕۆ دەڕوات، گەنجی ئەمڕۆ وشیارە، چ لە رووی كارێكەوە پێی مەشغول بێت.

لەبارەی سەر بە چ وەزارەتێك بێت، ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ئاخیر سەفحە، دوایین لاپەڕە، كە هۆیە پێویستیەكانە، ئەم مەشاریعانە، مەشاریعی ئابوورین، دەڵێن بۆ كەم كردنەوەی كێشەی ئابووری، بۆ سوود وەرگرتن، بۆ كەم كردنەوەی بارگرانی شانی گەنجینەی دەوڵەت، بۆ پرۆژە ئابوورییەكان، كەواتە بە نەزەری من هیچ رەبتێكی بە وەزارەتی سەقافەوە نابێت، رەبتی بە وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتیەوە دەبێت، بۆیە من پێم باشە لە $(16 - 35)$ساڵی بێت و سەر بە وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار كاك فرسەت كەرەم بكە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش رەئیم ئەوەیە $(16)$ساڵیەكە وەكو خۆی بمێنێت، چونكە كە تەماشای گەنجەكان دەكەین، ئێستا ئەوەی لە شازدە ساڵ كەمتریش بێت، بەڕاستی لە گەورەكان زیاتر ئیشی كۆمپیوتەرو ئیشی مۆبایل و تەصلیح كردن دەزانن، ئەو مولاحەزەیەمان كردووە، ئەوە زاهیرەیەكە كە تەماشای ئەوانە بكەین.

دوو/ ئەگەر تەماشای جادەكان بكەین لە ناحیەی بێ كاری و بەتاڵەت، ئەو فیئەتە دەبینین زۆربەیان لەسەر رەصیف راوەستاینە، لەوانەیە مەشاكیلی ئیجتیماعیش روو بدات لە نەتیجەی ئەو شتانە، بە رەئی من $(16)$ساڵیەكە موناسیبە بۆ ئەو وەزعە، غەرەزی قانون و موشەرع تەحقیق دەكاتن، وەكی تریش ناحیەی تجاری و تەصروفاتی قانونی ئیعتیادییە، وەزارەتی مەعنی دەتوانێت وای لێ بكات لە مەحكمە ئیجازەی پێ بدات، ئەگەر ئەوە ببێتە كێشە، ئەگەر نەبێتە كێشەش ئیشێكی زۆر ئیعتیادییەو بە رەئی من $(16)$ساڵی موناسیبە، وەكی تر مەفروزە وەزارەت تەماشای بكات، ئەگەر بێتو $(16)$ساڵی داوای پرۆژەیەكی كردو شعور بكات ئەوە لە تاقەتی ئەو نییە، ئەوە لە ئیمكانیەتی ئەو نییە، مەفروزە ئیجازەی

پێ نەدرێت و سولفەی پێ نەدرێت، ئەگەر بێتو ئەو مەشروعەی پێشنیار دەکات زیمنی حدودو سەقافەت و ئیمکانیەتی ئەوە، مەفروزە یارمەتی بدات، نەکو ئیهمالی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەر پرۆژەیەك كە تایبەتە بە دۆزینەوەی هەلی كارەوە، رووخساندنی هەلی كار سەر بە وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی بێت، لەبەر ئەوەی یەكێك لە ئامانجەكانی وەزارەت رەخساندنی هەلی كارە، دۆزینەوەی هەلی كارو رەخساندنی هەلی كار لەبواری وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتیە، ئەوە یەكەم تێبینیم.

دووەم تێبینیم لەسەر ئەوەیە بەڕاستی لەسەر تەمەنەكانە لەنێوان ($16 - 35$) لەسەر رۆشنایی یاساكانی كاركردن، ئەوەی سەرووی ($15$) ساڵ بێت دەتوانێت كار بكات لەو پرۆژانەی كە مەترسیدار نییە لەسەر ژیانی، هەلی كار كردنیش بەڕاستی بەپێی هەموو پرەنسیپە نێودەوڵەتیەكان و یاساكانی كار هیچ كاتێك سەقفی سەرەوە ($35$) ساڵ، یان ئەوانە تاكو ئێستا تەحدید نەكراوە، هەركەسێ بتوانێت كار بكات، ئێمە مولزەمین لە وەزارەت هەلی كار كردنی بۆ بدۆزینەوە، هەر ئەوە تێبینیەكانم بوو، داوا دەكەم ئەم پرۆژەیە سەر بە وەزارەتی ئێمە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

**بەڕێز د.كاوە محمود شاكر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تایبەتمەندی پرۆژەكە بە پلەی یەكەم ئەم پرۆژەیە دۆزینەوەی هەلی كارە، بە پلەی یەكەم پەیوەندی بە ئیش و كاری وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی هەیە، بوونی وشەی لاوان مانای ئەوە نییە دەبێت لە وەزارەتی لاوان بێت، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەرپرسە بەرامبەر تەنسیق كردن بۆ دانانی ستیراتیجیەتی نیشتمانی كوردستانی بۆ لاوان، كە ئەمە خوێندنی بالاْ دەگرێتەوە، بەعسات دەگرێتەوە، پەروەدە دەگرێتەوە، كشتوكاڵ دەگرێتەوە، هەموو بوارەكان دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە ئەم بوارە بەتایبەتی پەیوەندی بە وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتیەوە هەیە، ئەمە یەك.

دووەمین/ بەنیسبەت تەمەنەوە، ئەو تەمەنە ($16$) ساڵی وەكو بەڕێز وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی فەرمووی لە قانونی عەمەل بواری كاركردن دراوە بە ($16$) ساڵ جگە لەو پەرەسەندنانەی كە بەڕێزان ئاماژەیان پێ كرد، بەڵام لە هەمان كاتدا حاڵەتێك هەیە حاڵەتی كەفالەتی قەرز، یەعنی ئەو قەرزە هەر وا نادرێت، یەعنی ئەو قەرزە ئەگەر مەترسی ئەوەمان هەبێت كە ($16$) ساڵە قەرزی دەدەیتێ، كەفالەتی قەرز

هەیە، جگە لەوە سوڵتەی تەقدیری هەیە بۆ سندووقەکە، ئەو سندووقە کە خاوەنی سوڵتەی تەقدیرییە، ئەو بڕیاری ئەوە دەدات کە پێی بدرێت، یان پێی نەدرێت، لەوانەیە گەنج بێت نەیداتێ، چونکە لەوانەیە توانای ئەو مەسەلەیەی نەبێت، پێناسەی پرۆژەی بچووك گرنگە، چونکە پرۆژەی بچووك ئەو مەبلەغەی کە دادەنرێت سەرمایەکەی چەند بێت دیار بێت، لە زۆربەی ئەو قانونانەی کە لە وڵاتانی دیکە هەیە تەعریفی مەشاریعی بچووك و موتەوەست دەکات بەو سەرمایەی هەیەتی، ئەمەش جیایە لە رادەی بەشداری کردنی حکومەت، سندووقەکە بۆ دەعم، لەوانەیە ئەو پرۆژەیە بچووك بێت، بەڵام بەشێکی حکومەت دەعمی دەکات، بەشەکەی تری کابرا خۆی پارەی هەیە، یان جیهاتی تر دەعمی دەکات، لەبەر ئەوە ئێمە پێویستمان بەوە هەیە رادەی دەعمی سندووقەکەش دەست نیشان بکرێت، حەددی ئەعلا، یەعنی بۆ نموونە لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەست نیشان کراوە کە رادەی دەعمی حکومەت ئەم سندووقە دە هەزار دۆلارە، بۆ نموونە، بەڵام لەوانەیە پرۆژە بچووکەکە بایی سەد هەزار دۆلار بێت، مەبەستم ئەوەیە پێناسەیەك هەبێت بۆ پرۆژەی بچووك بە تەحدیدی لەسەر ئەساسی سەرمایەکەی، ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە، مادام ئەم پرۆژەیە پەیوەندی بە لاوانەوە هەیە، من پێموایە یەعنی لێرەدا بە پێچەوانەی خوشکی بەڕێزم وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کە ئەو پێیوایە نابێت سەقف هەبێت، چونکە هەلی کار بۆ هەموو کەسە، ئەوە راستە ئەوان پرۆژەیەکیان هەیە بۆ سندوقی دەعمی کارکردن، بێ کاری بۆ پرۆژەکان، ئەوە سەقفی نیە، بەڵام ئەم سندوقە تایبەتە بە لاوانەوە، کە تایبەت بێت بە لاوانەوە ئەبێ سەقفی هەبێت، یەعنی سەقفی بەرزیشی هەبێت بۆ ئەوەی خەڵکێك لەسەروو سی و چوار ساڵەوە پێناسەی لاوانی لەسەر تەتبیق بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی سێ، چوار مولاحەزەی گرنگ درا لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرە بەڕێزەکانەوە، دەتوانین حەسری بکەین بە چەند خاڵێك، یەکەمیان/ ئایا عایدی کام وەزارەت بێت؟ وەزارەتی وەرزش و لاوان بێت یان وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بێ، ئێمە بەینی خۆمان موناقەشەمان کرد بەڕاستی ئێمە ئەگەر بمانەوێ بە پێی سیستماتیك ئیش بکەین، پێوستە عایدی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بێت، لەبەرئەوەی هەروەکو جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێی دا، دانانی ستراتیجیەتی خزمەتکردنی لاوان لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری دەبێت لە بوارە جیاجیاکاندا، بەڵام هەر وەزارەتێك بواری خۆی جێ بەجێ دەکات، لەبەرئەوەی هەلی کارپەیوەندی بە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیەوە هەیە، وە تەئسیس کردنی ئەو پرۆژە بچووکانە بۆ گەنجان دەبێتە دروست کردنی هەلی کار، بۆ لاوان بۆ ئەوەی بتوانن لەژێر چەتری پرۆژە بچووکەکان کاریان بۆ بدۆزرێتەوە، دووەمیان/ بە نیسبەت عومر، عومر زۆر ئیشارەتی پێی

درا، تەبیعی من حەز دەکەم یەك نوقتە بڵێم ئەو عومرەی لێرە تەحدید کراوەو هەروەکو لە یاساکەشدا هاتووە دەڵێ (لاغراض هذا القانون) واتە بۆ قانونی وەزارەتی سەقافە و شەباب نیە هەروەکو دەڵێن، ڕاستە ستاندەری نێودەوڵەتی هەروەکو سۆزان خان ئیشارەتی پێی دا 16ـ 34 ئەوە لە بۆ گەنج بە شکلێکی گشتی بێت ڕەنگە، بەڵام لە بۆ ئەغرازی ئەو قانونە ئێمە پێمان وایە، بە نیسبەت 16ـ35 عومرێکی زۆر موتەوەسیت و موعتەدیلە بۆ ئەوەی بتوانێ بچێتە ژێر چەتری ئەو ئیلتزاماتەی کە لە ناو یاسایەکەش هەیە، بە تایبەتی ئەگەر عومری گەیشتە 16 ئەسڵەن بۆی هەیە ئیجازە بە منداڵەکەی بدات بچێت و ئەعمالی تیجاری بکات بە گوێرەی قانون، بۆیە پێموایە ڕەئی لیژنەی هاوبەش ئەوەیە کە هینەکە لە جێگای خۆیەتی، بە نیسبەت تەعریفی پرۆژە بچووکەکان ئێمە پێمانوایە پرۆژە بچووکەکان دەبێت تەعریف بکرێ، بەڵام لێرە تووشی ئەشکالێك دەبێت، ئایا رەئس مالی ئەو پرۆژە بچووکە چەند بێت و لە چەند کەمتر نەبێت، لە چەند زیاتر نەبێت، بەڕاستی ئەمەش کێشەیەکە ڕەنگە نەتوانین ئێستا بەو دەم و دەستە بتوانین ئێمە حەدی ئەدناو حەدی ئەعلای بۆ دابنێین، من پێموایە ئەمە بۆ وەزارەت دابنێین بۆ ئەوەی بتوانین لە نیزام داخلی، لەوێ تەعریفەکەی بداتێ و بتوانێ ڕەئس مالیشی بۆ دانێ، بە نیسبەت حەدی ئەدنا و حەدی ئەعلای پرۆژەکان، ئەمە کورتەی ئەم مولاحەزاتانە بوو کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی بەرچاویان خستبوو، نازانم ئەگەر هاوکارانم مولاحەزاتی تریان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیاری چەند پێناسەیەك زیاد بکرێت لەماددەی یەکەم، پێشنیاری ئەوە کرا کە ئەنجومەن زیاد بکرێت، لەبەرئەوەی لە ماددەی تەنها وشەی ئەنجومەن لەماددەی 4 و 5 هاتووە، لە چواریش ناوی تەنها وشەکە نەهاتووە پێناسەکە کرایە بۆیە بە پێویستمان نەزانی زیادی بکەین، تەنها لە ماددەی 5 کە باسی ئەنجومەن دەکرێت دەتوانین وشەی بەڕێوەبردنی سندوقەکەشی بۆ زیاد بکەین، ئەوە پێویست بەوە ناکات، باس لەوە کرا کە چاودێری سندوقەکە بکرێت، ئەوە لە ماددەی 5 وردەکاریەکان باس کراوە، ناوی سندوقەکەش یەکلاکرایەوە، وەکو ناونیشانی یاسایەکەی لێ دێت، کە کو لەوێ دەنگمان بۆی دا ، هەر ئەو تێبینیانەم تۆمار کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عماد فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەوزوعی تەمەن، تەبعەن لە وەزارەت تەحدید کراوە، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان 34-14 ساڵ بێت، بەڵام ئەمە بەس بۆ ئەوەیە کە گەنجان یان لاوان بەشداری لە نەشاتاتی مەراکزی شەباب بکەن، ئەوە لەبەرئەوە ئەو تەمەنە تەحدید کراوە، ئێمە 16 ساڵمان داناوە، چونکە بە پێی ڕووپێوی نیشتمانی ڕووال بۆ ساڵی 2009 هەندێك ڕێژە هاتووە، بۆ نموونە لێرە دەڵێت 10,1 ی لاوان لە تەمەنی 10 -30 ساڵ پێشتر قەد نەچوونە بەرباری خوێندن، باشە ئەمانە بەر باری خوێندن ئێستا لە جادەنە، چی بکەن؟ لەبەرئەوە ئێمە بە باشی دەزانین کە ئەم تەمەنە بمێنێ هەروەکو هاوکارانم سۆزان خان و برادەرانیش پێشنیاریان کردووە، مەجلس ئەوە تەعریف کراوە لە ماددەی کە دکتۆرە گوتی، لاریمان نیە ئەگەرمەشاریعی سەغیرە ئەگەر تەعریف بکەین، بەڵام ئەوە پێویستی بە ڕاوێژکردن لەگەڵ حکومەت هەیە، مەسەلەی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی کە سەر بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بێت، لە نەخشە ڕێی لاواندا هاتووە کە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان پێشنیار کراوە کە مەسەلەی بێ کاری و هەژاری لەناو گەنجاندا لە ئەستۆی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیە، واتە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ئەوان ئەو ئەرکەیان ڕاسپاردووە بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، ئێمەش مانعمان نیە کە بۆ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکم هەیە بۆ تەعریفی (المشاریع الصغیرە) چونکە کە لە یاسایەکە هاتووە ودەڵێت ئەوانەی دەخلی مەحدود، مادام باسی دەخلی مەحدود دەکەین، ئێمە با مەشاریعی سەغیرە بە ڕەئی من بەو شکلە تەعریف بکەین، (یقصد بها المشاریع التی لاتتجاوز کلفتها اربعین ملیون دینار عراقی) ئەم ئەعلای حەدە، بەڵام موشارەکەی حکومەت بۆ وەزارەت دەهێڵینەوە و ئەو ئیمکانیاتەی بۆ بەردەستی وەزارەت، چەند پارەیان هەیە و چەند دەتوانن بەشداری لەهەر پرۆژەیەك بکەن، ئەمە یەك، دووەم/ من پرسیارێك لە جەنابی وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دەکەم، چ ئالەتێکتان لە دەستە بۆ تەقیم کردنی پرۆژە یان جەدوای ئیقتسادی بۆ هەر پرۆژەیەك، چ ئالیەتێکیان هەیە بۆ بەدواداچوون، ئەگەر بڕیارماندا ئەو پرۆژە عاید بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بێت، ئەوەڵەن/ جەدوەلی ئیقتسادی چ ئالیەتی هەیە؟ دووەم/ بەدواداچوون و متابعەی مەشاریع، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان ئەگەر نیزامیە، ئەگەر شەرحە نابێ، نا نا، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن نیزامیەکـەم لەسـەر دوو بابەتـە، چـەند پەرلـەمانتارێك پێشـنیاری ئـەوەیان کـرد کـە وشـەی شـەباب هەڵگیرێت، ......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رجائەن دانیشە کاك عمر ئەوە لەبەردەستمانە و دەیخەینە دەنگدانەوە، لیژنەی یاسایی کەرەمکەن، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم تایبەتە بە پێناسەکان ئەگەر یەکلابووەوە کەوا پشتگیری لەو پێشنیارە کرا کەوا ئەو سندوقە سەر بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بێت، ئەوا پێشنیار دەکەین کـەوا بڕگـەی 2 لێـرە لابربدرێت لە ماددەی 1، ناوی وەزارەت ببێتە ماددەی 3، لەبـەر ئـەو هۆیـە کـە نـاوی وەزارەت لـە یاسایەکە دووبارە نەبووەتەوە تەنها لە ماددەی 3 هاتووە، کە بـاس لـەو دەکـات (یأسـس صـندوق باسـم صـندوق دعـم المشاریع الصغیرة للشباب ویرتبط) ئەوجا ناوی وەزارەتەکـە لـەوێ بـێ، نـاوی وەزارەت دووبـارە نەبووەتـەوە، وشـەی وەزارەت پێویسـت ناکـات پێناسـە بکرێـت لـە مـاددەی 1 ، بڕگـەی 2 لـە مـاددەی 1 واتـە لابـدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕگەی 2 کە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش وەریـانگرتووە لابچێ؟ کـێ لەگەڵـە لابچێت دەسـت بەرزبکاتـەوە؟، بڕگەی 2 لە تەعریف کێ لەگەڵە لابچێ؟ 48 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵە بمێنێتەوە؟ 8 کەس ئەوە لادرا، ئێستا بۆ بڕگەی 3 کە دەبێتە 2، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 1 / یقصد بالمصطلحات والتعابیر الاتیة المعانی المبینة ازاءها لاغراض هذا القانون:

1/ الاقلیم: اقلیم کوردستان ـ العراق.

2/ الشباب: الذین تتراوح اعمارهم بین 16ـ 35 سنة.

3/ الصندوق: صندوق دعم المشاریع الصغیرة للشباب.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی بخوێننەوە، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 1/مەبەست لەو زاراواوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

1- هەرێم: هەرێمی كوردستان ـ عیراق.

2- لاو: ئەوانەی كە تەمەنیان لەنێوان 16- 35 ساڵە.

3- صندوق: صندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووكەكانی لاوان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

امینە خان فەرموو.

**بەڕێز امینە ذكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژەیـت بچـیك گەلـەك ئەنـدام پەرلـەمانێ پێشـنیار كـرد كـو تـەعریف بێتـە كـرن، لبـەر هەنـدێ بشێت............ .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێرە نا، كاك سەروەر فەرموو.

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ساڵەكەی كە سـەقفی ئەعلاكەیـەتی كۆمـەڵێك لەبـەڕێزان وابـزانم تـەرحی ئـەوە كـرا كـە پێویسـتە ئـەویش بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، بەڕێزان پێشنیاری چەند ئەندام پەرلەمانێك هەبووكە 18 ـ 40 بێـت، بـەڵام پاشـان ڕوونكردنـەوەی زۆر درا، كێ لەگەڵ ئەوەیە عمری لاو لە تەعریف 18-40 بێت؟ بە ئەغلەبیی حەسم بوو، ناكرێت جارێكی تر تووشی هەڵەمان مەكە تكایە كاك سەروەر، ئێستا وەكو ئەوەی بە كوردی و بە عەرەبی خوێندرایەوە، كێ لەگەڵە ماددەی یەكەم، نیە تەواو، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشـتریش ئیشـارەتم پێـی دا، تەحدیـد كردنـی مەشـاریعی سـەغیرە مـن نـاڵێم ناكرێـت، دەكرێـت، بـەڵام مەسەلەی حەدی ئەعلا و ئەدنای مالیەكە كێ دەست نیشانی دەكات، مەفروزە بە پێی ئیمكانیەتی حكومەت بێت ئەوە، ئێمە لێرە هەتا ئێستا نازانین ئیمكانیەتی حكومەت لەو مەشروعانە چیەو چ نیـە، هـەتا حـەدی ئەعلای بۆ دابنێین یان حەدی ئەدنای بۆ دابنێین، یان چ ئیعتبار بكەین بـە مەشـاریعی بچووك، چ ئیعتبـار نەكەین بە مەشاریعی بچووك، بەڕاستی من پێموایە ئەوە بۆ حكومەت بەجێ بێڵینەوە، لە بۆ ئـەوەی ئێمـە چی دی ئیدارەی ئەو سندوقە بە جێ بهێڵینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر جار بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 1 / يقصد بالمصطلحات والتعابير الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

1/ الاقليم: اقليم كوردستان ـ العراق.

2/ الشباب: الذين تتراوح اعمارهم بين 16ـ 35 سنة.

3/ الصندوق: صندوق دعم المشاريع الصغيرة للشباب.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی بخوێننەوە، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 1

مەبەست لەو زاراواوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

1ـ هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

2ـ لاو: ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان 16ـ 35 ساڵە.

3ـ سندوق: سندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵە دەستی بەرز بکاتەوە تکایە؟ 45 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 11 کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆماددەی 2 کەرەمکە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 2/ ئەم یاسایە ئەم ئامانجانەی هەیە:

1ـ سوود وەرگرتن لە وزەی لاوان کە دەستەبەری بەشدار بوونی کارایان دەکات لە گەشە پێکردنی هەرێم.

2ـ بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری لاوان لە هەرێم دا.

3ـ گەیاندنی کەرتی لاوان بۆ ئیکتفای خودی بە شێوەیەکی پەرەسەندوو و زیندوو وەك هەوڵ دان بۆ بەدی هێنانی گواستنەوەیەکی جۆری بۆ ئەم کەرتە.

4ـ پێشکەش کردنی پاڵپشتی پێویست بۆ لاوان بۆ دروست کردنی پرۆژەی بچووك.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەی فەرموو.

**بەڕێز رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة 2/يهدف هذا القانون الى:**

**1- الاستفادة من طاقات الشباب بما يكفي مشاركتهم الفعالة في تنمية الاقليم.**

**2- النهوض بالمستوى الاجتماعي والاقتصادي للشباب في الاقليم.**

**3- الوصول بقطاع الشباب الى الاكتفاء الذاتي بشكل متطور وحيوي سعيا لتحقيق نقلة نوعية لهذا القطاع.**

**4- تقديم الدعم اللازم للشباب لانشاء المشاريع الصغيرة.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ دەیەوێ قسە بکات؟ ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بکەن، عمر نورەدینی، عمر هەورامی، گۆران ئازاد، گەشە دارا، لانە، محمد شارەزووری، دلێر محمود، شیلان، صباح، زکیە، ژیان، سالار، سمیرە، سەردار، سەروەر، شوان، کاوە، محمد امین، ئاسۆ، بێریڤان، پەروین، تارا، دانا، هاژە، سۆزان، د.بشیر، جمال طاهر، ئەمڕۆ یاساکە تەواو دەکەین، ئینجا چەند قسە بکەن بە کەیفی خۆتان و وەخت هەیە و شەویش دائەنیشین، کاک عمر فەرموو.**

**بەڕێز عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**جگە لەو ئامانجانەی کە لە ماددەی دووەمدا هاتووە، من پێشنیار دەکەم ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت، (ڕەخساندنی هەلی کار بۆ لاوان و وەکارخستنیان، سنووردانان بۆ دیاردەی بێ کاری و بێ کاری داپۆشراو، هەروەها پەرەپێدانی پرۆژە بچووکەکان لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**پێشنیارەکان بنووسن، ئیزافەتان هەیە بینێرن بۆ لیژنەی هاوبەش، کاک عمر فەرموو.**

**بەڕێز عمر هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من تێبینیم لەسەر ماددەی دووەم هەیە کە دەڵێ ئەم یاسایە بە باوەڕی من یاساکە نا سندوقەکە ئامانجی ئەوەیە، سندوقەکە ئەو ئامانجانەی خوارەوە دەپێکێ، نەك یاساکە، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم وشەی یاساکە لابردێت و بکرێت بە سەندوق، دوو/ لەسەر ئامانجەکان بە باوەڕی من ئەو ئامانجی یەکەم و دووەم و سێیەم ئەوە ئیشی تەنها ئەم سەندوقە نیە، بەڵکو ئیشی چەند وەزارەتێکی ناو حکومەتی هەرێمی**

کوردستانه، به باوەڕی من تەنها خاڵی چوارەم ئەویش پێشکەش کردنی پاڵپشتی پێویست بۆ لاوان بۆ دروست کردنی پرۆژەی بچووك كە خاڵێکی تری بۆ ئیزافە بکرێت، كەم كردنەوەی بێ کاری و هەژاری لەناو لاوان و گەنجان دا، من تەسەور دەكەم ئامانجی ئەم سەندوقە زیاتر لەمە تەحقیق دەبێ و ئەو سێ خاڵەی سەرەوە بەڕێزەوە ئەو وشەیە دەڵێم تەنها ئینشایە و لە ئامانجی چەند وەزارەتێکی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان دا هەیە، ئەو سەندوقە ناتوانێ تەحقیقی ئەو سێ ئامانجە تەنها بۆ خۆی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وێڕای پشتگیری کردنم بۆ قسەکانی هاوڕێم كاك عمر هەورامی، کۆی گشتی موکتەمەلی ئەم یاسایە بەڕاستی خۆی لە سندوق دا دەبینێتەوە و سندوقەکەش بۆ پاڵپشتی کردنی پرۆژەیە، کە ئەگەر کورتی بکەینەوە، ئەگەر ماددەیە بۆ ئەهداف بێت، کۆی یاسایەکە بۆ ئەم سندوقە بۆ کەم کردنەوەی ڕێژەی بێ کاریە، بۆیە پێم باشە لە ئەهدافەکاندا یەکێك لەوە بنووسرێ کە کەم کردنەوەی ڕێژەی بێ کاریە لە هەرێمی کوردستان، دووەمیان/ بۆ دوورخستنەوەی بابلێین یاخود هاندانی گەنجانە بۆ کارکردنیان لە کەرتی تایبەت وپشت نەبەستنیان بە کەرتی حکومەت، کە هەردووکی تێدا غیابە، بۆیە پێشنیار دەکەم لە خاڵێك دا ئەوە ئاماژەی پێ بکرێت کە ئامانج لەم سندوقە کەم کردنەوەی ڕێژەی بێ کاریە، لە خاڵێکی تردا هاندانە بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ كاك گۆران لە دوو خاڵدا، بەلام پێشنیاری ئەوە دەکەم کە چوار خاڵ بۆ ئەم ماددەیە زیاد بکرێت، یەکەم/کەم کردنەوەی ڕێژەی بێ کاری و چارەسەرکردنی لەنێو کۆمەڵدا، کە ئامانجی ئەم یاسایە بێت، هەروەها هاندانی کارکردن لە کەرتی تایبەت لە چوارچێوەی سیاسەتی بەکارخستن، ئامانجێکی تری ئەم پرۆژەیە ئەوە بێت سنوور دانان لە پشت بەستنی حکومەت، بەمەبەستی بەکاربردن و دامەزراندن وفەراهەم کردنی پشتگیری دارایی و تەکنیکی و بەڕێوەبردن بۆیان و بۆ زیاد بوونی باوەڕبوون بە خۆیان، هەروەها هاندانی لاوان و دەرچووان بۆ دەسپێشخەری کردن لە دامەزراندنی پرۆژەی بچووك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لانە خان فەرموو.

**بەڕێز لانە احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە نیسبەت ماددەی 2 کە نووسراوە (یهدف هذا القانون) بەڕەئی من بە نیسبەت خاڵی 2 بنووسرێت (معالجة البطالة وايجاد العمل للشباب وبدوره يؤدى الى النهوض بالمستوى الاجتماعى والاقتصادى للاقليم)، بە نیسبەت خاڵی 3 خاڵەکە بەو شێوەیەی دابڕێژرێتەوە (النهوض بقطاع الشباب وتطويره وتحسين فی نوعيته)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە ئەو پێشنیارانە بە نووسین بنێرنە ئێرە، بۆ ئەوەی سیاغەکە وازح بێت لەبەردەست، کاك محمد فەرموو.**

**بەڕێز محمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لە خاڵی 2 پێشنیاری ئەوە دەکەم (بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری گشتیشی بۆ زیاد بکرێت) پێشنیاری ئەوەش دەکەم کە خاڵێکی دیکەش زیاد بکرێت ئەوەی کە هاوکارم کاك گۆران باسی کردووە بەڕاستی کەرتی تایبەت غائیبە لەم ئامانجانەدا، چونکە کەرتی تایبەتیش لەم ساڵانەی دوایی دا کە گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ پڕکردنەوەی کۆمەڵێك کە حکومەت پێیان ناگات، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم کە خاڵێکی تری بۆ زیاد بکرێت، بەم شێوەیە (هاندانی کەرتی تایبەت بە پشتگیری کردن و دەستەبەر کردنی پرۆژەی بچووك بۆ لاوان) زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك دلێر فەرموو.**

**بەڕێز دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش پێشنیاری ئەوە دەکەم کە خاڵێکی تری بۆ زیاد بکرێت بەم شێوەیە: گرنگیدان بە کەرتی تایبەت و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجان، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی ئەم یاسایە زیاتر دەورێکی چالاکانەی هەبێ و گەنجان بە پەرۆشەوە بەرەو پیری بچن و زیاتر ببێتە هۆی ئەوەی فشار لەسەر کەرتی گشتی حکومەت کەم بکاتەوە بۆ دامەزراندن، ئێمە یاسایەکمان بۆ هاتووە لەلایەن حکومەتەوە کە تەعدیل کردنی هەندێ ماددەی تیایە لە یاسای کار، پێویستە لە دوای ئەمە دەست بەجێ کار بکەین بۆ ئەوەی ئەو تەعدیل کردنە موناقەشەی لەسەر بکرێ و پەسەند بکرێت بۆ ئەوەی زیاتر ببێتە هاندەرێك بۆ گەنجان وبەرەو پیری ئەم یاسایە و زیاتر گەنجان هان بدات بۆ ئەوەی بتوانێ لە کەرتی تایبەت کار بکات و بۆ گۆڕینی ئەو ماددانەی کە لە یاسای کار دا لەگەڵی هاتووە، ڕێگا خۆش دەکات بۆ ئەوەی گەنجانیش یان خەڵکی تر لە کەرتی تایبەت دا وەکو کەرتی گشتی خانەنیشین بکرێت و بە پێی شەهادە وبە پێی تەمەن، لەبەرئەوە من**

بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم لەدوای ئەم یاسایە کە پەسەندمان کرد، گرنگی بدەین بە گۆڕینی یاسای کار کە لەلایەن حکومەتەوە بۆمان هاتووە وخوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و بۆ ئەوەی موناقەشەی بکەین و پەسەندی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شیلان خان فەرموو.

**بەڕێز شیلان عبدالجبار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من لسەر تەسەلسلانە یا شمە دڤێتن سەرو بن بکەن، یەعنی خالا چارێ بێنە خالا ئێکێ، مادام ناڤێ پرۆژە یاسایەت هاتیە بسندوقا پالپشتا کرنا پرۆژێن بچیکێ لوان ل هەرێمێ کوردستانێ، یەعنی ئارمانجا ویا سەرەکی کو هاریکاریا گەنجان بێتە کرنێ بۆ پرۆژەیێن بچیك، ژ ئەز وەسا دبینم کو خالا چارێ بێتن جهێ خالا ئێکێ و سپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددێ دوو بڕگا ئێك دبیژیتن (سوود وەرگرتن لە وزەی لاوان) بڕەئیا من ببیتە (بەکارخستنی تواناکانی لاوان)، بڕگا 3 (گەیاندنی کەرتی لاوان بە ئیکتفای خودی) لە جیاتی کەرتی لاوان ببێتە (توێژی لاوان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زکیە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من ئەوەیە لسەر خالا ئێکێ یە کو دبێژیتن (سوود وەرگرتن لە وزەی لاوان کە دەستبەری بەشدار بوونی کارایان دەکات لە گەشە پێکردنی هەرێم)، بڕەئیا من ڤی ڕەنگی بیتن (سود وەرگرتن لە وزەی لاوان بۆ بەشداربوون لە گەشە پێکردنی هەرێم) لەمە زیاتر نەبێت، خالا دی ژی بڕەئیا من پێتڤیا بهێنە زێدە کرن وەکی هاڤکارێت من ئاماژە پێ کری، چونکو ئارمانج ژ دانانا ڤێ یاسایێ ئێ کەمکرنایە بێ کاریەیە ئەڤە دبێتە ئێك ژ وان خالێت پێتڤیا بهێتە زێدە کرن، ئارمانجا دی ژی وەکی هۆیەت دەرچوو داهاتیە دیار کرن ئەڤەیە کو بارگرانیا سەر حکومەتێ بهێتە کەم کرن بۆ دامەزراندنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ژیان خان فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە قسەکانی زەکیە خان دەکەم کە لە ماددەی 4 برگەی 1 (سوود وەرگرتن لە وزەی لاوان لە جیاتی دەستەبەری بەشداربوونی بۆ بەشداری پێکردنیان لە گەشە پێکردنی هەرێم)، بە نیسبەت 3 پشتگیری کاك صباح دەکەم لەجیاتی کەرت بڵێی توێژی لاوان عەرەبیەکەشی ببێت بە (قطاع)، چونکە ببێ بە تەبەقە نەك قتاع، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ئەوەی لە ئامانجەکاندا هاتووە خاڵی زۆر گرنگن، من تەنها پێشنیاری چەند خاڵێکی تر دەکەم کە هەندێکی هاوڕێیان ئاماژەیان پێی کرد، زیادکردنی بەرهەم لەڕێگەی کەرتی تایبەتەوە، هەمووان ئاگادارن کۆمەڵگای ئێمە هێشتا نەبووەتە کۆمەڵگایەکی وەبەرهێن، ئەم قۆناغە ئەو قۆناغەیە کە دەتوانین بڵێین دەرفەتەکان لەبەردەست دان کە ببێتە کۆمەڵگایەك کە پشت بە خۆی ببەستێ و ئامانج لەمە پاڵپشتی لاوانیش بۆ پرۆژە جیاوازەکانیان لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە بۆ زیاد کردنی بەرهەم بێت، ئەمە ئاماژەی پێ بکرێت کارێکی باشە، هەروەها پاڵپشتی کردن لە کەم کردنەوەی ڕێژەی بێ کاری و بە تایبەتی بێ کاری داپۆشراوی کە پێی دەوترێ (البطالة المقنعة)، خۆمان ئاگادارین کە هەوڵەکان چەند چڕ بێت لە ئایندەیەکی نزیك دا ناتوانین بێ کاری بنەبڕ بکەین، بەڵام دەکرێ ئیش لەسەر بەرنامە لەڕێگەی سێکتەرە جیا جیاکانەوە بە پاڵپشتی ئەم پرۆژەیەش ڕێژەی بێ کاری کەم بکرێتەوە و نەهێڵدرێ، یەعنی ئەوەی ئیمکانە بوترێ، خاڵێکی گرنگ تر ئەوەیە ئێمە لەم ئامانجانە ئاماژە بەوە بکەین کە بە یەکسانی مامەڵە بکرێت لەگەڵ ڕەگەزی نێر و مێ واتە کوڕو کچ یان ژن و پیاو، لە بەدیهێنانی خواستەکانیان و لە پشت بەخۆ بەستن لە کارەکانیان دا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی 2 خاڵی 1 سوودوەرگرتن لە وزەی لاوان، ئاماژە بەوە نەکراوە کە چۆن و بە چ ڕێگایەك سوود لە وزەی لاوان وەردەگیرێ، پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت، خاڵی سێیەم/ گەیاندنی کەرتی لاوان لەم خاڵەشدا ڕێگایەکان دەست نیشان نەکراوە، ئەگەر بکرێت دەست نیشان بکرێت چەند ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری لاوان بەرز دەکرێتەوە، هەروەها لە خاڵی 4 پێشکەشکردنی پاڵپشتی پێویست ئەو پاڵپشتە دیاری

بكرێت، ماددەكە دیاری بكرێت چەندە، هەروەها پێشنیار دەكەم یان وەكو ماددەیەك یان وەكو خاڵێك ئیزافە بكرێت لەسەر ئەم ماددەیە لەدوای دەرچوونی ئەم یاسایە پێویستە هەر كۆمپانیایەكی بیانی یا ناوخۆیی كەلە وەزارەتی بازرگانی هەرێم تۆمار دەكرێت پابەند بكرێت بە دابین كردنی هەلی كار بۆ چەند گەنجێك، بە مانگانەیەكی گونجاو، ژمارەی گەنجەكانیش لە 5 كەمتر نەبێت و ئەگەر كۆمپانیایەكە سەرمایەی زۆر بوو ژمارەكە زیاتر بكرێت، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 2 لە بڕگەی 2 (بەرزكردنەوەی ئاستی كۆمەڵایەتی ئابووری لاوان لە هەرێم دا) من پێم باشە ئاستی وشیاریشی بۆ زیاد بكرێت، لەبڕگەی 4 پێشكەش كردنی پاڵپشتی پێویست بۆ لاوان، بۆ دروست كردنی پرۆژەی بچووك بڕێك پارەی دیاری كراویشی بۆ زیاد بكرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە هاوڕێكانم كۆمەڵێك تەرحی جوانیان كرد، من پێموایە لە ئامانجەكانی ئەم یاسایە یاخود وەكو هاوڕێم كاك عمر باسی كرد، ئەم سندوقە دەتوانین بڵێین یەكەم خاڵ بۆ ئەوەی ڕیزبەندیان بكەین، یەكەم خاڵی خاڵێكە بۆی زیاد بكرێت (كەمكردنەوەی ڕێژەی بێ كاری و چارەسەر كردنی لەنێو كۆمەڵگادا) چونكە مەبەست لێی لە خاڵی یەكەمی ئامانج لێی ئەمەیە، دووەم خاڵ بە ڕای من خاڵی چوارەمە بێتە شوێنی و ببێت بە دووەم و پێشكەش كردنی پاڵپشتی پێویست بۆ لاوان بۆ دروست كردنی پرۆژەی بچووك، سێیەم خاڵی خاڵێكە زیاد بكرێت، هاندانی كاركردن لە كەرتی تایبەت لە چوارچێوەی سیاسەتی بەكارخستن و دەسگیرۆیی و هاوكاری لاوانی بەهرەمەند و خاوەن پرۆژە و سوودوەرگرتن لە وزە و تواناییان بۆ گەشەپێدانی هەرێم، ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەوەی ئەو خاڵە زیاد بكرێت و ئێمە لە خاڵی یەكەمیش كە هەم داڕشتنەكەی وەكو پێویست نیە و هەم نەقسیشی تێدایە رزگارمان بێت، لە خاڵی سێیەم هاوڕام لەگەڵ هاوڕێكانم كە مەسەلەی شتێك نیە بەناوی كەرتی لاوانەوە، خۆی توێژی لاوانە، عەرەبیەكەیش ((شەریحە)) دەنوسرێ و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان كريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕای من گرنگترین و سەرەكی ترین و بنەڕەتترین ئامانج كە ئەم یاسایەی بۆ دەردەچێت دابین كردنی هەلی كارە كە دەبێ لەناو ئەم ئامانجانە جێی بكرێتەوە، لەبەرئەوە پێشنیار دەكەم دابین كردنی هەلی كار ببێتە خاڵی یەكەم لە ماددەی دووەم دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاوە فەرموو.

**بەڕێز كاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم بڕگەی 1 پێم باشە بەو شێوە سیاغە بكرێتەوە (سوود وەرگرتن لە وزەی لاوان بۆ گەشەپێدانی هەرێم) ئەوەی تر زیادە، دەستەبەری بەشداربووانی كارایان دەكات لە گەشەپێ كردن، گەشە پێكردن ببێتە گەشەپێدان و كورت بكرێتەوە، دووەم/ بەرزكردنەوەی ئاستی كۆمەڵایەتی و ئابووری لاوان لەهەرێمدا، بەرزكردنەوەی ئاستی كۆمەڵایەتی خۆی دەبێتە تەحسیلێ حاسڵ، ببێتە بەرزكردنەوەی ئاستی ئابووری توانا و بەهرەی لاوان لە هەرێم دا، چونكە هەم لە هۆیە پێویستیەكانی ئیشارەت بە توانا و بەهرەیان دەدات بۆ ئەوەی ئەو فەقەرەش زیاد بكرێت لەگەڵ هۆیە پێویستیەكانی تێك بكاتەوە، بە قەناعەتی من بڕگەی 3 زیادە، لە جیاتی بڕگەی 3 وەكو كاك سەروەر و كاك عمر هەورامیش ئیشارەتیان پێدا كەم كردنەوەی بێ كاری و هەژاری بخرێتە شوێنی ئەو باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بكر كريم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم بڕگەی 3 بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، بە عەرەبی نوسیوومە (دعم الشباب للاعتماد على الذات بشكل حيوى سعيا لتحقيق نقلة نوعية لهذا القطاع) لەبەرئەوەی بەبڕوای من جیاوازی هەیە لە نێوان دوو عیبارە (الاعتماد على الذات) نووسراوە لێرە (الاكتفاء الذاتى) ئیكتفای زاتی شتێكە ئیعتمادی بە بڕوای من مەوزوعەكە ئیعتمادی عەلا زاتە، بۆیە بەبڕوای من من بۆ لیژنەی قانونشم ناردووە تا بەو شكلە سیاغە بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی 2 دا باسی ئامانجەکانی ئەم پرۆژە یاسایە و چەند ئامانجێك كراوە پێشنیارێکم هەیە و حەز دەکەم خاڵێك زیاد بکرێت کە ببێتە خاڵی 5 کە (ڕۆشنبیر کردنی گەنجانە بۆ مەبەست لە کارکردن) ڕوونکردنەوەیەکم هەیە کە بۆ دەمەوێ ئەو خاڵە زیاد بێت، دەمەوێ کەلتورێك دروست بێت لە هەرێمی کوردستان کە گەنج کار دەکات مەبەستەکەی بزانی بۆ کاردەکات، بۆ ئەوەی بزانی کارکردن تەنها مووچە نیە، کارکردن وەرزشە، کارکردن تەندروستیە و کارکردن دورکەوتنەوەیە لەکاری خراپ لە وەختی فەراغت زۆرە توشی کاری خراپ دەبی، کارکردن ئیعتماد کردنە لەسەر خۆی، کارکردن ئەوەیە کە گەنج بزانی واجبی دایك و باب نیە هەر بەخێوی بکات، بۆ خۆی دەبێت کاربکات، هەروەها کە بووە کەلتور گەنج بزانێ کاربکات دەتوانێ خوێندنیش بەردەوام بی لەگەڵ خوێندنی خۆشی کار بکات، چونکە خۆم خاوەنی سێ گەنجم هەر سێکیان دەخوێنن و کاریش دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە لە ماددەی دووەم خاڵێك زیاد بکرێت ئەویش کەم کردنەوەی ڕێژەی کۆچ کردن، یەك لە ئامانجەکانی کەم کردنەوەی ڕێژەی کۆچ کردنی گەنجانە بۆ هەندەران، کە مەبەستیان لە کۆچ کردنەکەش بێ کاریە، هەروەها بۆ بەدەرخستنی توانا شاراوەکانی لاوان و هاندانی ئەوانەیە کە لە دەرەوەن وبگەڕێنەوە هەرێم، من پێم باشە ڕێکارەکان دیاری بکرێت بە چۆنیەتی بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی و هەروەها پێشکەشکردنی پاڵپشتیەکان، پشتگیری ڕاکانی بێریڤان خان دەکەم بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری لاوان کە مەبەست لە کارکردنیەتی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لەگەڵ ئەوەم کە لەدوای خوێندنەوەم بۆ ئەم چەند خاڵە وا دەرکەوت زۆر شتی باسکردووە بەڕاستی، بەڵام گرنگترین ئیستفادە لەم قەرزە بچووکانە یا ئەو کارەی کە ئێستا ڕادەسپێردرێت بەو وەزارەتە کە بیکات، یەکەم/ کەمکردنەوەی هەڵاوساوی ئیداریە، کە ئێمە زۆر جار هەیە ئەگەر هەلی کار هەبێ ئەو بەتاڵە موقەنەعەیە نابێ لەناو هەموو دامودەزگاکان کە هەموو خەڵك پێی دەناڵێنێ، لەبەرئەوەی ئیعتمادی خەڵك تەنها لەسەر حکومەتە، ئیللا دەبێ ئەو تەعینی بکات و وای لێ دەکەی ئەو گەنجە خۆی بیر بکاتەوە و بزانێ یارمەتی هەیە وهاریکار هەیە بۆ ئەو کە بتوانێ کار بکات لەکارکردنەکەی دا ئەو کەم کردنەوەیە بەدی دەکرێت، واتە ئیقتراح دەکەم زیاد بکرێت، مەبەست لەم سەندوقە کە لەم

قانونەدا هاتووە بۆ کەمکردنەوەی کارکردنی پۆشراو یان بەتاڵەی موقەنەعە هەروەها بۆ کەمکردنەوەی بێ کاری لەناو کۆمەڵگاکە، هاوڕم لەگەڵ ئەو هاوکارانەم کە پێش منیش بۆ بێ کاری قسەیان کرد، دووەم/ مەبەست لەو سەندوقە پاڵپشتی کردنە بەڕاستی کە لە یەکەم خاڵ باسی ئەوە دەکات ئەو وزەیەی کە لەبن نایەت، ئێمە دەزانین زۆر وزە هەیە ڕەنگە ڕۆژێ لەبن بێ، ئەگەر نەوتە و ئەگەر هی سروشتیەکانە، بەڵام وزەی گەنج بە تایبەتی لە وڵاتێکی وەکو ئێمە کە زۆر وڵاتی وەکو یابان و وەکو ئەڵمانیا گەنج لەناویاندا ئەسڵەن نیە، زیاتر بۆ گەورەکانە، چونکە ڕێژەی منداڵ لەناویاندا نیە تاوەکو گەنجیان زۆر بێ، ئێمە گەنجێکی زۆرمان هەیە دەتوانین بەو ڕێگەیە بەڕاستی وایان لێ بکەین کە کار بکەن، سێیەم شت ئەو پشتگیریەم لەوەدایە بۆ بێریڤان خان بەڕاستی پێش ئەوەی بیمەی کۆمەڵایەتی کە لەناو پەرلەماندا بێتە دی تەنها بۆ ئەو کەسانە بێت کە کاریان نیە، ئێمە کاربکەین لەسەر ئەم پرۆژە بچووکانە بۆ ئەو گەنجانە، بەڵکو کاریان هەبێ و کە بیمەی کۆمەڵایەتیمان دانەنا ژنیش لەگەڵ گەنجەکاندایە و تەنها ئەو ژنانە وەری بگرن کە پیرن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دانا فەرموو.

**بەڕێز دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پێموایە ئامانجی سەرەکی دروست کردنی ئەو سندوقە زیاتر لە بڕگەی 1 و بڕگەی 4 دا کۆبووەتەوە، بۆیە بەڕاستی من پێشنیار دەکەم یەك بڕگە بێت و ئەویش بەو شێوەیە سیاغە بکرێتەوە (الاستفادة من طاقات الشباب وتقديم الدعم اللازم للشباب لانشاء المشاريع الصغيرة)، یەعنی پێموایە ئامانجی سەرەکی ئەم سندوقە تەنها لە بڕگەی 1 و بڕگەی 4 دا دەتوانین جێگای بکەینەوە ئەوانی تر پێموایە لە توانای ئەو سندوقە دا نیە، بەڵام ئەگەر هەر چوار بڕگە ئەگەر بمێنێتەوە تێبینی من لەسەر بڕگەی 2 ئەوەیە کە باس لەوە دەکات ئاستی کۆمەڵایەتی یەعنی بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری، ئاستی کۆمەڵایەتی یەعنی نازانم مەبەست چیە لەوەی کە بەرزبکرێتەوە؟ پێموایە ئەوە بە هەڵە هاتووە لەوانەیە تۆزێك خەلەل هەبێ لەوە، سەبارەت بە خاڵی سێیەم باس لەوە دەکات کە فیتاعی شەباب بەڕاستی ((شەریحە))ی شەباب هەیەو توێژی شەباب هەیە و توێژی لاوان، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەگەر مایەوە ئەوانە بگۆڕدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم كە سیغەكەی بەو شێوەیە بێت ماددەی 2، یەكەم/ هانـدانی لاوان بـە پێشكەش كردنـی پاڵپشتی پێویست بۆ دەسپێشخەری كـردن لـە دامەزرانـدنی پـرۆژەی بچووك، دووەم/چارەسـەر كردنـی بـێ كـاری و بـێ كـاری ناچـاری، سـێیەم/ سـنوور دانـان لـە پشـت بەسـتنی تـەواو بـە حكومـەت بـە مەبەسـتی بەكاربردن و دامەزرانـدن، چـوارەم/ سـوود وەرگـرتن لـە وزەی لاوان كـە دەسـتەبەری بەشـداربوونی كارایـان دەكات لە گەشە پێكردنی هەرێم، پێنجەم/ بەرزكردنـەوەی ئاسـتی كۆمەڵایـەتی و ئـابووری لاوان لـە هـەرێم دا، شەشەم/ برەو پێدان بە پرۆژە بچووكەكان لەڕووی چەندیەتی و چۆنیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دەبێ لە دانانی هەدەفی ئەم یاسایە بەڕوون وئاشكرا باسی بكەین كە ئێمە ئەم یاسایە بۆچی دائەنێین و بۆچی ئەم سندوقە دروست دەكەین؟، من پێم باشە لە خاڵی یەكەم دا بـەم شـێوەیە بێـت (الاسـتفادة مـن طاقات الشباب بما يكفى مشاركتهم الفعالـة فـى تنميـة الاقليـم عـن طريـق تشجيعهم علـى المبـادرة لتأسـيس المشـاريع الصغيرة عـن طريـق تـوفير الـدعم المـالى والتقنـى والادارى)، چـونكە سـندوقەكە تەشـجیعی گـەنجان دەكات، هەر تەشجیع ئەوە نیە پارەكەیان پێ دەدا، بەڵكو لەڕووی ئیداریەوە و لەڕووی تەقەنیەوە و لەڕووی مالیەوە یارمەتی دەریانە، ئەگەر ئێمەلە هەدەفەكانیان دا نەیڵێین ئـەی لـەكوێ دا دەیڵێین؟، ڕاسـتە لـە نـاو ماددەكانی تردا هاتووە، بەڵام پێم باشـە بـوترێ، لـەخاڵی دووەم دا (النهوض بالمستوى الاجتمـاعى والمعيشـى والاقتصـادى) ئێمـە كـە بـاس لـە ئیشـی ئیجتمـاعی دەكـەین، بـێ گومـان كـە كەسـێك كـاری كـرد لـەڕووی كۆمەڵایەتیشـەوە گەشـەپێدانێكی زۆر بـاش بەخۆیـەوە دەبینـێ، لەبەرئـەوە مـن ئەگـەر ئـەوە بشـمێنێتەوە بەلامەوە كێشەیەكی ئەوتۆ نیە، لەخاڵی 3 دا هاوڕام لەگەڵ كاك ئاسۆ كە دەبـێ ئیكتفـائی زاتـی بكرێـت بـە دەعم، (الوصول بقطاع الشباب الى الدعم الذاتى بشكل متطور....... الاعتماد علـى الـذات) ئەوەیـە كـە گـەنج ئیعتماد بكاتە سەر خۆی، من پێم باشە دوو خاڵی بۆی ئیزافە بكرێت بۆ ئەوەی بزانین ئێمە ئەم سەندوقە چی ئەكات و مەبەستەكەی چیە؟ ئەم قانونە بۆچی دەركراوە؟ (خامسا: معالجة البطالـة والبطالـة المقنعـة)، چونكە ئێمە هەدەفی ئەم قانونە ئەوەیە كە بێ كاری كەم بكاتەوەو بەتاڵەی موقەنەعەش دەتوانێ گەنجێك لەدوای دەرچوونی ئەم قانونەوە ئەگەر موزەفیش بێـت واز لـە وەزیفەكـەی خـۆی بێنـێ و دەسـت بكـات بـە مەشروعێكی خۆی كە من تەواو هاوڕام لەگەڵ كاك سالار كە دەڵێ ئەمـە كـەرتی تایبـەت پـێش دەخـات لـەم وڵاتەدا، شەشەم/ بۆ كەرتی تایبەت پـێش دەخـات لـەم وڵاتـەدا؟ خـۆ ئـەبێ باسـی ئـەوەش بكـەین كـە ئەمـە (تطـوير المشـاريع الصغيرة والمتوسـطة مـن حيـث الكـم والنـوع)، كـارێكی دیكـەمان هەیـە كـە پێـی دەوتـرێ تەشجیعی بازاڕ و كردنەوەی بازاڕ كە لەڕێگەی ئەم مەشاریعە بچووك و مامناوەندانـەوە لـە دنیـادا ڕۆڵێكـی

زۆر گەورەیان بینیوە، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا ئەم سندوقە چارەسەری کێشەیەکی زۆر گەورەمان بۆ دەکات، ئەویش کەمکردنەوەی بیروقراتیە لە تەسجیلی شەریکات و لەو ئیجرائاتانەی کە هەیە، چونکە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی هەڵدەستێ بەو ئیجرائاتانە و ئەو بیروقراتیەی کە هەیە ئێستا لە ناو دامودەزگاکان بۆ تەسجیلی شەریکات کەم دەبێتەوە، هیوادارم ئەم خاڵانە ئیزافە بکرێت بۆ ئەوەی هەرکەسێك کە ئەم قانونەی دەچێتە بەردەستی و تەعلیماتی پێ دەردەکات بزانێ کە هەدەفەکەی چیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، بە نیسبەت ماددەی 2 لە خاڵی یەکەم لە هەموو قانونەکە تەماشا بکەین شەباب لە عەرەبیەکەی بە سیغەی شەباب هاتووە، شەباب زیاتر لە ئەدەبیات دا لایەنی کوڕەکان دەگرێتەوە، نەك کچەکان، بۆ ئەوەی ئەمە شمولی هەر دوو ڕەگەز بکات، من پێم باشە لە خاڵی یەکەمی ماددەی 2 دا بڵێین (الاستفادە من طاقات الشباب من کلا الجنسین)، لە هەردوو ڕەگەزەوە (بما یدخل مشارکتهم) بۆ ئەوەی کچانیش لەو پرۆژەیە و سەندوقە بێ بەش نەبن، لە خاڵی 3 (الوصول بقطاع الشباب) وشەی قطاع بە زۆری لە بۆ مەسائیلی جوگرافی بەکاردێت، یەعنی هەتا لە کوردیەکەش هاتووە (گەیاندنی کەرتی لاوان) کەرت لە بۆ جێگاو شوێن و مەناتق بەکاردێت، بەڵام لێرەدا (توێژ یان چین)ی گەنجان یان توێژی گەنجان، (الوصول بشریحة الشباب الی الاکتفاء الذاتی والاعتماد علی الذات)، ئەمە بەڕاستی هەدەفە، هەدەفە کەوا گەنجەکانمان دەمانەوێ ئیعتماد لەسەرخۆیان بکەن (بشکل متطور وحیوی سعیا لتقلیل البطالة) ئەمە گرنگە کە لە ئامانجی قانونەکە دابێت و بەتاڵەیەك هەیە ئەمڕۆ لەناو چینی گەنجاندا ببێتە (سعیا لتقلیل البطالة) ئێمە یەك لە ئامانجەکانی دیکەی ئەم نەوعە پرۆژانە ئەوەیە کە بەڕاستی لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا گیانی کارکردن و گیانی عەمەل، یەعنی حوبی عەمەل ئێمە بڵاوی بکەینەوە لەبەر ئەوەی ئێمە تەماشا دەکەین لە بەعزێك کۆمەڵگاکان چەند کارکردن و ئیش کردن لایان پیرۆزە و بە شێوەیەکی هەتا لەلای دینیشەوە بە شێوازێکی پیرۆز تەماشای دەکەن، بۆیە تەماشای دەکەن پێغەمبەر (ص.ع) دەستی کرێکارێك ماچ دەکات لەبەرئەوەی کرێکارەو بەرهەم دێنێ، بۆیە من پێم باشە یەك لە ئەهدافەکان زیاد بکرێت و خاڵێك ئەویش ببێتە (تنمیة ثقافة حب العمل وتقدیسە بین الشباب وبخاصة العمل الاجماعی) بۆ ئەوەی کە حوبی عەمەلیش ببێتە هەدەفێك لە هەدەفەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بێتو سەیری ئەو خاڵانە بكەین كە ئەوانەی لێرە دابەزین، مەوزوعی ئەهداف من وەك كەسێك دەتوانم 10 تریشی ئیزافە بكەم كە بیخەنە ژێر ئامانجانی ئەم یاسایە، ئێمە كێشەیەكمان هەیە، با ئێمە هەدەفەكە بەرەو كێشە ببیەن، كێشەیەكمان هەیە، خەڵكێك بێ كارەو گەنجن دەمانەوێ یارمەتیان بدەین، بەچی؟ بە خلالی پشتەوانی كردنیان، بۆیە من بە ئیختسار دەڵێم دوو دێرم هەیە و بۆ برادەرانی ئەندامانی پەرلەمانی دەخوێنمەوە، جەماعەت ئەگەر پێیان باش بوو پەسەندی بكەن، ئەگەر نا باشە، ئەوانەی تر داعی ناكات، (تعزیز دور الشباب ذوی الامكانیات المالیة الضعیفة أو المحدودة فی الحیاة الاقتصادیة والاجتماعیة) ئەگەر ئەو حەیاتی ئیقتسادی و ئیجتماعیەمان گوت ئەوە هەمووی دەگرێت، (من خلال توفر فرص العمل لهم وتخفیض الضغط علی العمل فی وظائف الخدمة العامة) ئەمە قتاعی خاس و كەرتی تایبەت و ئەوانە هەمووی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش ئیختساسێكی باشت هەیە لێی، جەنابی وەزیر ئاسۆس خان ئەگەر كەرەمكەی، فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب (وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری من ئەوەیە كە یەكەم/ ئامانج لەم پرۆژەیە كەمكردنەوەی ڕێژەی بێ كاری بێت، دوو/ هاندانی توێژی گەنجان بێت بۆ كاركردن لەكەرتی تایبەت بۆ كەمكردنەوەی ئەو فشارەی كە ئێستا هەیە لەسەر دامەزراوە حكومیەكانمان، سێ/ گۆڕینی هزر و سیستمی ژیانی خێزان لە هەرێمی كوردستان لەوەی كە لە بەكاربردنەوە بۆ وەبەرهێنان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر كەرەمكە، فەرموو.

**بەڕێز كاوە محمود شاكر (وەزیری ڕۆشنبیری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جگە لەوەی بەڕێزی فەرمووی ئێمە بە نووسراو پێشكەشمان كرد.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستتان خۆش، لیژنەی هاوبەش، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیار و تێ بینیانەی دەربارەی ئامانجی ئەم یاسایە، ئەو ماددەیە تایەبتە بە ئامانجی یاسایەك كە بۆ پشتیوانی كردن لە سندوقەكە بۆ پرۆژەی بچووك، ئێمە نابێ لەچوارچێوەی ئەوە دەربچین، یاخود هەندێك ئامانج دانێین كە دواتر لە ناوەڕۆك و مادده و برگەكانی یاساكە وەكو كاك جمال ڕوونی كردەوە، ئەو ئامانجە نەتوانێ بەدەستی بهێنێ، بۆیە ئێمە تێبینی و ڕاو بۆچوونەكانی بەڕێزتانمان وەرگرت، هەوڵماندا لە چوارچێوەی ئەو ڕاو بۆچوونانە و ئامانجی یاسایەكە ئەو ماددەیە دابڕێژینەوە بەم شێوەیە:

المادة 2

يهدف هذا القانون الى:

1- النهوض بالمستوى الاجتماعي والاقتصادي للشباب في الاقليم.

2- تفعيل طاقات الشباب بما يكفي مشاركتهم الفعالة في تنمية الاقليم.

3- تشجيع الشباب على المبادرة بتأسيس المشاريع الصغيرة عن طريق توفير الدعم المالي لهم.

4- تامين فرص عمل اكثر للشباب.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عماد فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 2/ ئەم یاسایە ئەم ئامانجانەی هەیە:

1- بەرزكردنەوەی ئاستی كۆمەڵایەتی و ئابووری لاوان لەهەرێمدا.

2- بەكارخستنی وزەی لاوان كە دەستەبەری بەشداربوونی كارا دەكات لە گەشەپێكردنی هەرێم.

3- هاندانی لاوان بۆ دەست پێشخەری دامەزراندنی پرۆژە بچووكەكان لەڕێگەی دابین كردنی پشتیوانی دارایی بۆیان.

4- ڕەخساندنی هەلی كاری زیاتر بۆ لاوان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە لە لێكدانی سێ یاسا هاتبوو كە یەكێكیان لەبڕگە 6 ی كە چەند خاڵێك بوو دەربارەی كشتوكاڵ یان پیشەسازی تەفریری خۆی هەبوو، بۆیە من پێم باشە لە خاڵی 3 كە باسیان كردووە بۆ پرۆژەی بچووك

ئەمەی بۆ ئیزافە بکرێت، چونکە ئەوە گرنگە لەبوارە جیاجیاکاندا کشتوکاڵی و پیشەسازی و خزمەتگوزاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری، عەفو ئەگەر وانەبێ ئەو سێ یاسایە بۆ لێك درا؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی کە کرا ئێستا ئەوە لە ماددەی 6 لە بڕگەی 6 دا هاتووە و پێویست ناکات لێرە لە ئامانجی یاسایەکە دووبارە ببێتەوە، لە مەرجەکانی پێدانی ئەم قەرزە بە لاوان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی کاك جلال وتی وەرتان گرت؟ لە گشت بوارەکان؟ شتێکی وا هەیە، بەڕێزان ئێستا بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە دەست بەرزبکات تکایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ 1 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا بۆ ماددەی دواتر، کاك شێوان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 3 / سندوقێك دادەمەزرێ بەناوی سندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان کە سەر بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 3

يؤسس صندوق بأسم صندوق دعم المشاريع الصغيرة للشباب ويرتبط بوزارة العمل والشؤون الاجتماعية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ دەیەوێ قسە بکات؟ ئەو بەڕێزان دەیانەوێ قسە بکەن، د.حسن، زکیە، سەوەر، قادر، فاضل، د.حسن فەرموو.

**بەڕێز د.حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە باشی دەزانم کە ئەم عیبارەتە ئیزافە بکرێتە سەر ماددەی 3 (يتمتع بشخصية اعتبارية ذات استقلال مالي واداري) لەبەرئەوەی لە فەقەرەکانی تر دیارە هەم لەڕووی ئیداریەوە و هەم لەڕووی مواردی مالیەکەی

ئیستقلالیەتێکی خۆی هەیە، سەد لە سەد تابعی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی نیە، هەروەها بە باشی دەزانم شوێنی سندوقەکە دیاری بکرێت لە هەولێر و فەرعیشی هەبێت لە شارەکانی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زکیە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ژی هەمان ڕەئیا د.حسن یا هەی لڤێرێ گوتی سندوق دهێتە دامەزراندن سەر بە وەزارەتێ ڤەیە، فروعێت وی ئایا دێ هەبن ژ محافەزاتا ئان نا؟، من پێم باشە کو خاڵەك لڤێرێ بهێتە زێدە کرن کو ڤێ سندوقێ دا کو فروع ژی هەبن ل پارێزگەها ژی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەروەر فەرموو.

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك ئیزافەم بۆ ئەمە هەیە ، ئەگەر بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، چونکە سندوقێکت هەیە پێویستە پارەی تێدا بێت، پارەکە چەندەو چۆن دادەندرێ؟ بۆیە ئەگەر شێوازی دارشتنەوەکەی سندوقێك دادەمەزرێ بەناوی سندوقی پاڵپشتی کردن و گرنگی دان بەلاوان یان ئەو هینەی کە وتیان ئەوەی پێشتر، سندوقێك دادەمەزرێ بەو ناونیشانە، بە وەزارەتێکی کارو کاروباری کۆمەڵاتیەوە دەلکێندرێت، حکومەت ساڵانە لە بودجەی گشتی هەرێم دا بڕێك پارەی بۆ تەرخان دەکات، بۆ پاڵپشتی ئەو لاوانەی بێ کارن وئارەزووی کارکردنیان هەیەو، بەڵام توانای داراییان لاوازە، بەهەرحاڵ مەبەستمان لێرەدا ئەوەیە کە ئەو سندوقە پارەی تیادا بێت، ئەگەر پارەی تیا نەبێت و دەست نیشان نەکرێت ساڵانە لە بودجەی هەرێمدا پێموا نیە وەکو پێویست بتوانرێت سوودی لێ وەرگیرێ و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان پێشنیارم هەیە کە ئەم سندوقە بارەگاکەی لە هەولێری پایتەخت بێ و فروعەکانیشی لە پارێزگاکانی تر هەبێ و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانە ئیشارەتیان پێی دا و منیش هەر ئەو پێشنیارەم هەیە کە عەدەدی سندوقەکان، چونکە دەڵێ سندوقی پاڵپشتی، ئایا سندوقی پاڵپشتی بۆ هەموو قەزاکانیش دەبێ یان تەنها لە مەرکەز ئەو سندوقە دەکرێت؟، یەك تێبینی ترم هەیە، ئەو سندوقە تەنها سندوقی پاڵپشتی کردنی هاوکاریە، یان سندوقی وەرگرتنی داهاتیشە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر کەرەمکە و فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب(وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە پێشتر لە وەزارەت ئەزموونێکمان هەبووە بەدانی قەرزی بچووك بۆ گەنجان و سەرکەوتووش بووە، سندوقەکە پێکهاتووە لە ئەو بودجەیەی کە ساڵانە بۆی دائەنرێ لەبەڕێوبەرایەتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە وزارەت، ئەم سندوقە ئەو بودجەیەی کە بۆی دانراوە دابەش دەکرێت بەسەر هەموو بەڕێوبەراتیەکانی بەکارخستن و ئەو دامودەزگایەی فەرمانگانەی کە هەمانە لە شارەکانی تر، واتە ئێستا بۆ نموونە بۆ بودجەی ئەمساڵ ئێمە داوای 25 ملیارمان کردووە بۆ دوو پرۆژە کە پرۆژەی قەرزی بچووك و هەروەها پرۆژەی کار بۆ لاوان، کە ئەوەمان بۆ دابین کرا ئێمە لە وەزارەتەوە بە پێی ئەو بودجەیەی کە دابەشی دەکەین بەسەر فەرمانگەکانی خۆماندا ئەو لیژنانە هەڵدەستن بە پێدانی قەرزی بچووك، واتە پێویست ناکات ئێمە کە سندوقێك هەبێ لە ناو بەڕێوبەرایەتی گشتی ئێمە تەوزیعی بکەین بەسەر بەڕێوبەراتیەکانی تردا، چونکە پێشتر فەرمانگەمان هەیە بەپێی پێویستی ئەو فەرمانگانە بودجەکە تەوزیع دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، لیژنەی هاوبەش، فەرموون.

**د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم و دامەزراندنی سندوقەکە، لەماددەی یەکەم پێشنیاری ئەوە کرا کەوا سەر بەوەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بێت، کەسی سروشتیشی بۆ زیاد بکەین، ئەوەندە لەو ماددەیە بەسە، پێویست بە وردەکاری زیاتر ناکات، واتە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، (المادة الثالثة:- يؤسس صندوق بإسم (صندوق دعم المشاريع الصغيرة للشباب و يرتبط بوزارة العمل و الشؤون الاجتماعية، ويتمتع بالشخصية المعنوية). سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عیماد، فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وە زیاد کردنی (ولها فتح فروع في المحافظات) وابزانم ئەوە با بمێنێت بۆ نیزامەکە، ئەوە وەزارەتە دەتوانێ لە نیزامی خۆی ئەوە دیاری بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو سندوقە، سدوقێکی مەرکەزییە سەر بەوەزارەتە، من پێم وایە، پێویست ناکات ئێمە لێرە ناوی پارێزگا بهێنین، چونکە لەڕێگای دامودەزگای ئەو وەزارەتە لە پارێزگاکان جێبەجێ دەکرێت، وە ئیمکان هەیە لە نیزام داخلی تەفاصیلی پێ بدرێت، کە چۆنیەتی و ئالیەتی جێبەجێکردنی ئەم سندوقە چۆن دەبێت؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، بە کوردی بیخوێننەوە پاشان بە عەرەبی تا بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموون.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم: سندوقێك دادەمەزرێت بەناوی( (سندووقی پاڵپشتی کردنی پڕۆژە بچووکەکانی لاوان) سەر بە وەزارەتی کاروباکاروباری کۆمەڵایەتی دەبێت و خاوەن کەسایەتی مەعنەوی دەبێت.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

یؤسس صندوق بإسم (صندوق دعم المشاریع الصغیرة للشباب و یرتبط بوزارة العمل و الشؤون الاجتماعیة، ویتمتع بالشخصیة المعنویة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، یەك کەسی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی چوارەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی چوارەم:**

**ئەنجومەنێك بەناوی (ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندووق) دادەمەزرێ و لەمانە پێكدێ:**

1- وەزیری كاروكاروباری كۆمەڵایەتی/ سەرۆكە.

2- نوێنەرێك لە وەزارەتی كشتوكاڵ/ ئەندامە، پلەكەی لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێ.

3- نوێنەرێك لە وەزارتی پلاندانان/ ئەندامە، پلەكەی لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێ.

4- نوێنەرێك لە وەزارتی ڕۆشنبیری ولاوان/ ئەندامە، پلەكەی لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێ.

5- نوێنەرێك لە وەزارتی بازرگانی و پیشەسازی/ ئەندامە، پلەكەی لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێ.

6- نوێنەرێك لە وەزارتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/ ئەندامە، پلەكەی لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێ.

7- نوێنەرێك لە وەزارتی پەروەردە/ ئەندامە، پلەكەی لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێ.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة:-**

**يشكل مجلس باسم (مجلس ادارة الصندوق) ويتألف من:-**

1- وزير العمل والشؤون الاجتماعية/ رئيساً.

2- ممثل عن وزارة الزراعة/ عضواً، لاتقل درجته عن مدير عام.

3- ممثل عن وزارة التخطيط/ عضواً، لاتقل درجته عن مدير عام.

4- ممثل عن وزارة الثقافة والشباب/ عضواً، لاتقل درجته عن مدير عام.

5- ممثل عن وزارة التجارة والصناعة/ عضواً، لاتقل درجته عن مدير عام.

6- ممثل عن وزارة التعليم العالي والبحث العلمي/ عضواً، لاتقل درجته عن مدير عام.

7- ممثل عن وزارة التربية/ عضواً ، لاتقل درجته عن مدير عام.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ناكرێت، پێشنیارێكی كاك فرسەت هەیە، ئەگەر عەرزی بكات، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دووبارە كردنەوەی دەرەجەی مودیر عام ئەكرێ كورت بكرێتەوە، كە چۆن ئەنجومەن لە نوێنەرانی ئەو وەزارەتانە پێك دێت كە پلەیان لە مودیر عام كەمتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی کاك فرسەت دووبارە نەبێت، ئێستا کێ دەیەوێت قسە بکات، ناوتان دەنووسم تکایە، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن، (بەشیر خەلیل، دڵشاد شهاب، هاژە سلیمان، سالم توما، ئەمیر گوگە، شێردڵ تەحسین، دانا سعید سۆفی، خلیل عوسمان، دکتۆر حسن، تارا ئەسعەدی، پەروین عبدالرحمن، ئامینە زکری، شۆڕش سەید مەجید، شلێر، شڤان احمد، شلێر محمد نجیب، سەروەر عبدالرحمن، سەردار رەشید، سەمیرە گۆران، سالار محمود، زکیە سەید صالح، صبیحە احمد، صباح بیت الله، نیشتمان مرشد، دلێر محمود، لانە چەلەبی، گۆران ئازاد، قادر حسن، فازل بەشارەتی، عومەر هەورامی، عمر عبدالرحمن، جلال علی)دکتۆر بەشیر فەرموو.

**بەڕێز د. بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەماشا دەکەین ئێمە، لەو مەجلسەی کە دادەندرێت، ئەندامەکانی زۆرن بەڕاستی، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەندامەکانی کەم بکرێنەوە، هەردوو ئەندامەکانی وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا، لەبەر ئەوەی هیچ عیلاقەیەکیان نیە بە مەسەلەکەوە، ئەوانە لابرێن، لەجیاتی ئەوانە نوێنەری وەزارەتی دارایی هەبێت، لەبەر ئەوەی ئێمە لەیاساکەدا پێویستیمان بە جەدوای ئابووری هەیە، لەوێ نوێنەری خۆی دەنێرێت، هەروەها پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك فرسەتیش دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، دڵشاد شهاب، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە ڕای هەردوو بەڕێز کاك فرست و دکتۆر بەشیر دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هاژە خان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ پێشنیاری هەردوو هاوکاری بەڕێزمم، بەوەی کە بڕگەی شەش و حەوت نەمێنێت، نوێنەری وەزارەتی دارایی بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سالم، فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن دەسـتەی بـەڕێوەبردن بـە شـیاو نـازانم، بەعەكسـەوە دەسـتەی ڕاوێـژكاری بـۆ داڕشـتنی سیاسـەتی بەڕێوەبردنی سندوقەكەیە، مومكینە ئـەو هـەموو نوێنـەرە لـەوێ سـاڵی جارێـك كۆدەبێتـەوە، بـۆ داڕشـتنی سیاسەتی بەڕێوەبردنی سندوقەكە، بە عەكسەوە من لام زۆر گرنگە كـە نوێنـەری وەزارەتـی دارایـی لـەناوی هەبێت، بەڕێوەبردن لە ئیشی سولبی وەزارەتی كاروبـاری كۆمەڵایەتیـە، بـەس داڕشـتنی سیاسـەت مومكینـە ئەوە وەزارەتانە لەخۆ بگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك ئەمیر، فەرموو.

**بەڕێز امیر گوگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی دكتۆر بەشیرو برادەرانی تـر دەكـەم، بـە لابردنـی خـاڵی شـەش و حـەوت، وە زیـاد كردنـی نوێنەری وەزارەتی دارایی تێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر شێردڵ، فەرموو.

**بەڕێز شێردل تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە قسەكانی دكتۆر بەشیر دەكەم، هەر ئەوەندە كە ئەو دوو خاڵە لابچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دكتۆر دانا، فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید سوفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی منیش كران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك خلیل، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تەئكید لەسەر قسەكانی كاك سالم دەكەمەوە، دەكرێت ئەنجومەنێكی ڕاوێژكاری بێت، وە دەسـتەی بـەڕێوەبردن لـە سـولبی بەڕێوەبەرایەتیـەكانی وەزارەت بێـت، ئـەوە باشـترە كـە بـەنیزام ڕێـك بخرێـت، وە نوێنەری وەزارەتی داراییشی تێدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دكتۆر حسن، فەرموو.

**بەڕێز د. حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو پێشنیارم هەیە، یەكەمیان: ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی سندوق، بۆ سندوق شایستە نیە، لەبەر ئەوە ئەگەر بكرێت بە ئەنجومەنی ئەمینداریێتی سندوق، یان وەكو كاك سالم وتی، ئەنجومەنی ڕاوێژكاری سندوق، دوومیان: بەڕەئی من ئەو هەموو ناوە پێویست نیە بێت، تەنها بڵێین سندوقەكە وەزیری كاروكاروباری كۆمەڵایەتی سەرۆكی بێت و ئەندامێتی لە 10 كەس كەمتر نە بێت و لە 12 زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، تارا ئەسعدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لێرەدا ئەوەی كە وترا من تەئیدی دەكەم، نەك لە لابردنی نوێنەری وەزارەتەكان، بەڵكو زیاد كردنی نوێنەری وەزارەتی مالیەشی لەگەڵ بێت، كە مودیر عام دانراوە بۆ هەمووی، تەنها وەزارەتی كار نەبێت، پێم باشە ڕاوێژكاری هەبێت، چونكە كارو پرۆژەكە، كە سەر بەوەزارەتی كارە، زۆر گرنگە لەوێدا دەستەی ڕاوێژكارەكە لەوێدا بریتی بێت لە مودیر عامێك كە لە 10 ساڵ كەمتر پسپۆڕی نەبێت، چونكە تۆ لەوێدا بوار دەدەیت بە گەنجێك كە ئیش بكات، دەبێت خیبرەیەكی هەبێت، نەك چەند ساڵێكە دانراوەو خبرەی نیە، ئەوەی بۆ زیاد بكرێت كە شارەزایی لە 10 ساڵ كەمتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، پەروین عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستخۆش ئامینە، فەرموو.

**بەڕێز ئامینە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەباشی دەزانم بەندی شەشەم بمێنێت، هی وەزارەتی خوێندنی باڵا، چونكە مەنتقێكی عیلمی تێدایە، تۆ پرۆژەیەكی عیلمی یان بەحسێكی عیلمیت هەبێت، بۆ ئەوەی ئەوە پێش بكەوێ، پێویستیت پێی دەبێت،

یان بەرنامەی پێشخستنی کۆمپیوتەرت هەبێت، تۆ پێویستیت بە وەزارەتی خوێندنی بالاّ دەبێت، بەس سەبارەت بە وەزارەتی پەروەردە ئەوە من دەبینم مەنتقی تێدا نیە، ئەگەر تێیدا بێت ئیشی چیە؟، تا ئێستا ئێمە هیچ سیاسەتێکی ڕوونی وەزارەتی پەروەردەمان نەبینیوە، کە قوتابیێ پەروەردێ دەرچن؟، یان ژی خاندنا خۆ دێلن و نە ئامادە کەن، نەژی بۆ هندێ کو پالپشتیا گەنجا بکەن و بدەنە کاری، ئەز پێشنیار دکەم وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار زێدە ببیتن، وە مەبەستامن گەشت و گوزارە، چونکی پڕۆژەکی سیاحیە، یەکێ دچیت خانیەکێ ڤەکەت، یەکێ کەپرەکێ بەر دەرێ جهەکێ سیاحی ڤەکاتەوە، پڕۆژەکێ سیاحیە، ژبەر هندێ یاگرێ دایە پێڤە و ئەز پێشنیار دکەم، وەزارەتی شارەوانی گەشت و گوزار دێ زێدە ببیتن، دوو مادەشی ئەز پێشنیار دکەم کو زێدە ببیتن، ل هەر محافەزەکی نووسینگەکەها تایبەت هەبیتن، کو کارێ وێ چ بیتن، هەر چەند کارێ وێ پتر دێ گرێدای بتن، پتر پرۆگرامێ ناڤ خۆیا وێ بێتە وازح کرن، بەس ئەز شرۆڤەکی وەکی کەم دا وازح بتن، شۆلێ وێ نووسینگەهێ پتر ئەوە بیتن، دانا زانیاریێ پێتڤی بۆ پڕۆژەی بیتن، ئالیکاری و دەعم هەبتن، تێدا چەوا پڕۆژا دێ نڤیسن، دێ چەوا پێشکەش دکەن، دێ چەوا هاریکاریا گەشەپێدانێ کەتن پڕۆژێ وان، دێ چەوا شول کەت، دێ چەوا جەزبێ کەت، دێ چەوا ئیدارە کرنێ گەل خەلکی کەتن، یەعنی هۆشیاری هەبن، خەلکی فێری ڤێ کاری کەتن، پاشان بچیت وێ پڕۆژەی بهێتە وەرگرتن، ئەم هەمی زانیشین ئەوێت ڕێکخراوی مەدەنی کاری بکەتن، ئەگەر وەسا نەبیتن، ئەگەر فێرکرنا ل پارێ نەبیتن، گەلەك جارا پڕۆژەکا، ئەز شارەزاییا دێ پڕۆژەدا هەی، پڕۆژەکێ نڤیسین و دێ فرۆشن، فرۆتنا پڕۆژەی دکەن، یەعنی نەوعەکێ، تشتەکی ناڕەوایێ قانونی لێرەدا چێ بیتن، ژبەر هندێشی ئەو پڕۆژێ کو شەخسی پێتڤیا پڕۆژێ پێشکەش کەت، وەرشە وەربگریتن، خالاّ ماددێ دوێ بێتە زێدە کرن، یەعنی پێتڤیا بەرێ وەرگرتنێ پڕۆژێ دەستپێکێ بیتن، تەدریبێ وەربگریتن، سالەك لە ژێر چاودێری بیتن، هەر محافەزەکی زۆر سەرجەمی ئاکنجیێ وێ، پارەیێ مەشروعا بۆ بچیتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شۆڕش سید مەجید، فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، بەلاّم من پشتگیری لەو ڕایە دەکەم، کە لەجیاتی خالّی شەشەم و حەوتەم، نوێنەری دوو وەزارەتی تر دابندرێت، کە پەیوەندیدارن بە کارەکان، ئەوانیش وەزارەتی مالیەو گەشتوگوزارە، کە ڕەنگە یەکێ لەو پڕۆژانە گەنجێك لە گەنجەکان پڕۆژەیەکی هەبێت لەبواری گەشتوگوزاردا بێت، بۆیە با ئەوە لەجیاتی ئەو دوو وەزارەتە زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شلێر خان.

**شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**وەڵلاهی من قسەم لەسەر ئەوەیە، نوێنەری هەموو وەزارەتەکان دەڵێت( لاتقل درجتە عن مدیر عـام)خـۆی باشتر وایە خۆی کە حەسر کرا بە مودیر عام، لەزۆر وەزارەت هەیە، کەسەکە مەعنیە بە ئیشی لاوان، بەڵام پلەی مودیر عام نیە، ئەگـەر ئـاوا حەسـر بکرێـت، ئـەو نـاتوانێ بەشـداری بکـات، ئێمـە زۆرجـار لـەوەزارەت ئیشمان کردووەو بەسەرمان هاتووە، کەسی مەعنی نانێرن بۆ ئیشەکە، کە ببێت بە ئەندام، کەسێك دەنێرن پلەی مودیر عامە هیچیش لە ئیشەکە نازانێ، بۆیە لێـرە ئـەو حەسـر کردنـە، لەوانەیـە نـەتوانی شەخصـی مەنعی بکەیت بە نوێنەر لەو ئیشە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، کاك شڤان، فەرموو.**

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پشتگیری لەو ڕایە دەکەم، کە نوێنەری وەزارەتی مالیەشی تێدا بێت، کـە زۆر گرنگـە، مـن زۆر بـە پێویسـتی نازانم کە نوێنەری وەزارەتی پەروەردەی تێدا بێت، بۆیە لەجایتی حەوتەم، نوێنەری وەزارەتی مالیە بێـت، بۆ ئەوەی فەردیش بمێنێت، چونکە ئەگەر بمانەوێ زەوجی بمێنێ وەزارەتی تریش هەیە ئەتوانین ئیزافەی بکەین، بەس ئەگەر فەردی بێت زۆر زۆر باشترە، لە قەراردان، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**شلێر خان، فەرموو.**

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕاستی خۆی گرنگ لەیاسا ئەوەیە، کە دەرچوو بتوانیت جێبەجێی بکەیت، مـن هەرچـەند سـەیر دەکـەم، ئەمە جێبەجێ ناکرێت، لەبەر ئـەوەی خـۆی دووبەشـە ئـەوەی مـەوزوعی مەشاریع، لایـەنێك هەیـە تۆمـار دەکرێت لەلای، ئەوەی سندوقەکەش جیایە، ئێمـە نـازانم بۆچـی تۆمارکردنەکـە، ئەگـەر بخەینـەوە لای ئـەو دەزگایانەی کە پێشتر کردوویانە، ڕۆتینێکـی زۆر زۆرە، وە هـیچ پڕۆژەیـەك لەمانـە ناگـات بەئـەنجام، لەبـەر ئـەوەی ئـەو خەڵکانـەی کـە حـەتا بـۆ تۆمارکردنەکـە دانـراون لـەو ئەندامانـەی کـە ئێـوە بـۆ ئەنجومـەنی سندوقەکە داتان ناون زۆر زیاترن، وای لێدێت ئەو خەڵکە ئەسووڕێتەوە بەدوو ساڵیش ناگاتـە سـەر ئـەوەی کە ئیجازەی مەشروعێکی بدەنێ، حەتا ئەو ئسلوبەی کـە ئێمـە بـەکاری دەهێـنین لـەهیچ وڵاتێکـدا نـەماوە، چەند جار داوای یەك پەنجەرەییمان کرد، بۆ ئەو مەوزوعە بەهیچ شێوەیەك لـەدەوائیردا تـەتبیق ناکرێـت، گەنجێکی زۆر کە ڕوو لەئێمە دەکەن، پێمان دەڵێن ئەگەر ئێمە بەو یاسا کۆنانە ئیش بکەین بۆ تۆمارکردنی پڕۆژە، هیچ ئیستیفادەی نابێت، بـا ئێمـەش شـتێك دەرنەکـەین کـە بـەس لەسـەر وەرەقـە بێـت و گـەنجیش ئیستیفادەی لێ نەکات، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو قەرزەی کە دەدرێت، بەڕاستی ئەگەر بڵێین وەزارەتی شارەوانی**

تێدایە ئەوە لە تۆمارکردنەکە تێیدایە، فیعلەن ئەو تۆمارکردنە ئاگای لێ بێت، بەڵام قەرزەکە خۆی پارەیە، یەعنی شتەکە خۆی لە تۆمارکردنەکە هەمووی تۆمار کردووە، ئینجا هاتووەتە لای سندوقەکە، لەبەر ئەوە ئەو هەموو وەزارەتە پێویست ناکات، بەڕەئی من وەزارەتی مالیە زۆر مەعنیە، بۆ ئەو کارە، لەگەڵ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، چونکە لە بیدایەتدا ئێوە وەزارەتی مەعنیتان بەو دانا، لەبەر ئەوە تکا دەکەم، کە کارێك دەکرێت با ئێمە بتوانین بیخەینە بواری جێبەجێ کردنەوە، لەبەر ئەوە ئێوە تەسەور ناکەن تۆمارکردنی مەشروعێك 64 تەوقیعی دەوێت، 28 فەرمانگەی دەوێت، وە 36 لاپەڕە لە دۆسیەکدا هێشتا نەچووەتە بواری جێبەجێ کردنەوە، لەبەر ئەوە تکام وایە ئەو مەوزوعی تۆمارکردنەش بەهەند وەربگیرێت بێجگە لە سندوقەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر سەروەر، فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو ئەنجومەنەی کە دانراوە، هەم ژمارەکەی زۆرە، هەروەکو ئەوەی قسەیەك هەیە دەڵێت( ئیشێك کە بتەوێت نەکرێت، بەلیژنەی بسپێرە، لیژنەیەکیش بێت یان ئەنجومەنێکی ئاوا زۆر پێك هاتبێ) لەوانەیە وەکو شلێر خان وتی کۆکردنەوەیان زۆر کەمە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من شتێکی تر باس دەکەم، کە نوێنەری هەندێ شوێنی تر هەبوو کە زۆر گرنگتر بوو لەوەی کەدانراوە بەس دانەنراون، بۆ نموونە، ئەو پرۆژەیە کە دەردەچێت تایبەتە بەلاوانەوە، وەلاوانیش کۆمەڵێك ڕێکخراوی گرنگ هەن لەکوردستان بەتایبەت لەو پرۆژانەی کە پێشکەشی پەرلەمان کراون، دەبینین کە ئەوان هاتوون پێشکەشیان کردووە، بەڵام نوێنەری هیچ ڕێکخراوێکی تێدا نابینین، بۆیە من بەگرنگی دەزانم کە نوێنەری ڕێکخراوەکانی لاوانیشی تێدا بێت، نازانم میکانیزمەکەی چۆن دادەنرێت، لەوانەیە بڵێن ڕێکخراوەکان حزبین، بەڵام ئێمە فیدراسیۆنمان هەیە، ئەو ڕێکخراوانەش لە فیدراسۆنێکدا کۆبوونەتەوە، کە دەکرێت بەشێوەی دەوری لەگەڵی ڕێك بخرێت، ئەمە نوێنەری ڕێکخراوەکانی تێدا بێت زۆر گرنگە، بۆ زیاتر شارەزا بوون وئاشنا بوون بەکارەکان، نوێنەرێکی تر کە پێم باشە تێیدا بێت ئەویش نوێنەری سەندیکای کرێکارانە، کە پەیوەندیدارە بەهەمان کارەوە، خاڵێکی تر، کە باسی لێوە دەکەین پێشتر لە سندوقەکەش هاوڕێم کاك فازڵ بەشارەتی ئیشارەتی پێدا لەوێ نەهات و لێرەشدا هەر نەهات، ئەم ئەنجومەن شوێنی پایتەخت دەبێت، مەبەست لەم پرۆژەیە کەم کردنەوەی دیاردەی بێکارییە بۆ ئەو گەنج ولاوانەیە کەتوانای داراییان لاوازە، پێم وایە بەو هەموو ڕۆتینیاتەی کە هەیە، بەو هەموو هاتۆچۆیەی کە ئەوان بیکەن، بۆیە لە بەڕێز جەنابی وەزیر دەپرسم، ئایا ئێمە لێرەدا ئەنجومەنێکی بچووکتر دەبێت لە شارو شارۆچکەکان، ئایا بەڕێوەبەرایەتیەك دەبێت؟، ئایا بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتیان پێویستە؟، چونکە دەبێ ئەمە دەستنیشان بکرێت، ئەگینا ئەمە سەرئێشەیەکی زیاترە کە ئێمە بۆ لاوانی دەنێینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك سەردار، فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی چوارەم دیارە منیش پێشنیارەكەم جگە لەنوێنەری ئەو وەزارەتانە، نوێنەری ڕێكخراوەكان، بەتایبەتی سەندیكای كرێكاران، كە چینێكی گەورەیە، وەلاوان كە شەریحەیەكی بەرفراوانە، وە یەكێتی بێكاران كە لەكوردستاندا مۆڵەتی ڕەسمیان هەیە، كە دیارە ئەوانە ئیحصائیشیان لایە، ئەوانەش نوێنەرایەتی زۆربەی زۆری هەم گەنجان و هەم بیكاران دەكەن، كە منیش پێنشیار دەكەم ئەوانەشی بۆ زیاد بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەی كورتە باڵاكان، ئەی زیندانیە سیاسیەكان، ئەی كەم ئەندامان، ئەی ئافرەتان، ئەی ئەوانی تر!، كە ئەمانەش زۆر زۆرن، بۆیە لێی بگەڕێن با وەزارەت ئیشی خۆی بكات، بەحەقیقەت ئەوە ئیشێكی موختەصە لێبگەڕێن باوەزارەت ئیشی خۆی بكات، خەڵك هەیە داوا دەكات، وەزارەت شارەزای خۆیان هەیە، دەتوانن ئیشەكەی خۆیان بكەن، ئەگینا دوایی ئەمە دەبێتە موناقەسەی سیاسی، ناكرێت كاكە، سەمیرە خان، فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

منیش هەمان ڕەئی برادەرانم هەیە، كە ئەو هەموو تەزەخومە لە وەزارەتەكان پێم زیادە، تەنها سێ وەزارەتی مەعنی بمێنێت كە پەیوەستە بە ئەوانەوە، كە ئەوانیش(پلاندانان، كاروباری كۆمەڵایەتی، دارایی) ، لەگەڵ ڕێكخراوی مەدەنی كە تۆڕی ژنانی تێدایە، هەموو ئەحزابەكان دەگرێتەوە لەم تۆڕەدا، ئەگەر نوێنەرێكی ئەوانیشی تێدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، زەكیە خان، فەرموو.

**بەڕێز زكیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕەئی من مادام ئێمە وەزیری كاروكاروباری كۆمەڵایەتیمان كردووە بەسەرۆكی ئەم ئەنجومەنە با ئەو سەڵاحیەتە بۆ ئەو بێت، ئەو دەستنیشانی نوێنەرەكانی تر بكات لێرەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، صەبیحە احمد، فەرموو.

**بەڕێز صبیحە احمد مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە کە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوق بکرێت، بە ئەنجومەنی سندوق، چونکە ئەرکی سەرەکی ئەم ئەنجومەنە وەرگرتنی داواکاری لاوەکانە، لێرەدا تەنها وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دەوری ئەساسی دەبینن، هەروەها پێم باشە، وەزارەتی پلاندانان بمێنێت لەبەر ئەوەی هەمووی لە چوارچێوەی پلانێکی فراوان دەبێت، بە نیسبەت وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانیش ئەوە پەیوەندی بە پڕۆژەکانەوە هەیە، بەڵام نوێنەری وەزارەتەکانی کشتوکاڵ، خوێندنی باڵا، پەروەردە، بەڕەئی من لێرە دەوری ئەساسی نابینن، وە پێم باشە لەماددەی چوارەم خاڵێك زیاد بکرێت ئەویش نوێنەری وەزارەتی دارایی تێدا بەشدار بێت، چونکە وەزارەتی دارایی لێرە لەدوای سەرۆکی سندوقەکە دەوری ئەساسی دەبینێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك صباح، فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەکانی من کران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیشتمان خان، فەرموو.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی شلێر خان دەکەم، کە ئەو هەموو نوێنەرانەی پێویست نیە، وە یەك شتی تریشم هەیە، من پێم باشە کە مەرج نیە نوێنەری ئەم لیژنەیە مودیری عام بێت، لەبەر ئەوەی مودیر عام ئەو هەموو کارانەی پێ جێبەجێ ناکرێت، چونکە کاری خۆی زۆرە، وە پێم باشە کە ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری هەبێت بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان، خاڵێکی تر پێم باشە کە نوێنەری وەزارەتی دارایی تێدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دلێر، فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ئەوە دەکەم کە ئەو ئەنجومەنە ببێت بە ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری، وە لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بەڕێوەبەرایەتیەکی بۆ تەشکیل بکرێت، ئەوساکە ئەتوانێ بە بەڕێوەبەرایەتی بچێتە

شارەکانەوە، لەهەمان کاتدا وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا، من بەپێویستی نازانم، بەڵام لەجیاتی ئەوەدا وەزارەتی دارایی ونوێنەری سەندیکای کرێکاران ووەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری بۆ زیاد بکرێت، ئەو ئەنجومەنەش بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بەڕێوەی بەرێت بۆ ئەوەی ڕۆتین نەمێنێ، بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری خەڵك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ئەگەر هەر ڕاوێژکاریش بێت، هەر یەك کەس بڕیار دەدات، ئێمە باسی پرۆسەی دیموکراسی دەکەین، لانە خان، فەرموو.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەند خوشك وبرایانی بەڕێز قسەیان لەسەر کرد، بەڵام من تەئکید دەکەمەوە کە دەبێت نوێنەرێك هەبێت، هی وەزارەتی دارایی و ئابووری، لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڵام لێرە تەئکید دەکەم کە نوێنەری وەزارەتی پەروەردە، پێویست ناکات هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من ئەو ماددەیە زۆر بەگرنگ دەزانم، ئێمە لەسەرەتای یاساکە وشەیەکمان لادا، کە وشەی گرنگیدان بوو بە گەنجان، پێم وایە ئەو وشەیە بەخۆڕایی لەناو یاساکەدا دانەندرابوو، ئەو ماددەیە پەیوەست بوو بەو وشەیە، کاتی خۆی کە ئەو ڕاپۆرتە هاوبەشەش نووسرا بۆیە ئەو ئەنجومەنە لەم هەموو وەزارەتە وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵای تێدابوو، لەبەر ئەوەی وترا ئێمە لەناو ئەنجومەنی وەزیران هەر وەزارەتەو پلان و ستراتیژیەتی خۆی هەیە، بەشێوەك لە شێوەکان گرنگی بەلاوان دەدات، بۆ نموونە وەزارەتی خوێندنی باڵا تواناسازی هەیە، کە ئەمە ئیهتیمامە دەیکات، بۆ ئەوەی کۆی ئەو ئیهتیمامانە لە ئەنجومەنێکدا کۆ بکرێتەوە، بۆیە ئەم ئەنجومەنە پێشنیار کرا، ئێستا ئێمە گرنگیدانمان لابرد لە پێناسەو ناوەڕۆکی یاساکەدا، تەنها سندوقێکمان هێشتەوە، سندوقەکەمان بەستۆتەوە بە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیەوە، ئیتر بەڕاستی من کۆی ماددەکە بەزیاد دەبینم، وە ماددەکە بە زەرور نازانم، ماددەکە با هەر لابچێت، وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی کە ستراتیژی دۆزینەوەی هەلی کارە بۆ گشت چین و توێژەکان، بەلاوانیشەوە، پارە دابین دەکات، وە پێویستی بەدەعم هەیە، ئەگینا پێم وایە هەموو موستەلزەماتێکی لەبەردەستدایە، لەبەڕێوەبەرایەتی وهەتا لەمودیریەتی شارەکان ئەوەی کە باس دەکرێت، لەوێدا وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دەتوانێ ئیشەکانی خۆی بکات، بۆیە من بەڕاستی پێشنیار دەکەم کەماددەکە لابچێت، ئەگەر قبوڵیش نەکرا بمێنێتەوە، بەس بەڕاوێژکاری بمێنێتەوە، ڕاستە بڕیاردان

لەوەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دەبێت، بەس دەبێت تەنها بڕیاردان لەدەستی ئەو بێت، بەڵام بۆ بەرچاوڕوونی دۆخی پڕۆژەکان ئەگەر وەزارەتەکانی وەکو صناعە وپلاندانان ولەگەڵ زیاد کردنی وەزارەتی دارایش، ئەمە شتێکی ترە، بۆیە ئەگەر مایەوە ببێت بە ڕاوێژکاری وە هاوڕێیانیشم باسیان کرد، لە لادانی ئەو دوو وەزارەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك قادر حسن، فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە ڕای خوشك وبرایانم دەکەمەوە، کە نوێنەری وەزارەتی دارایشی بۆ ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك فازڵ بەشارەتی، فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من ڕەئیم وایە کە دەستەی ئەنجومەن بەشتێکی عەمەلی نابینم، چونکە 7 وەزارەت لەو ئەنجومەنەدا کۆکراوەتەوە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو ئەنجومەنە تەنها لە هەردوو وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی ڕۆشنبیری پێك بێت، چونکە من تەسەور ناکەم 7 وەزارەت بێت، دەستەکەیان کۆببێتەوە بە ئاسانی بۆ هەر بڕیار و کارێك کە لەو ئەنجومەنەدا بدرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم تەنها ئەو دوو وەزارەتە نوێنەریان هەبێت، هەرچەند خوشك وبرایانی بەڕێزم ئیشارەتیان بەوەدا کە نوێنەری وەزارەتی دارایشی لەگەڵ بێت، من دەڵێم نوێنەرێکی چاودێری دارایی لەگەڵ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عمر عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەئەصڵدا ئەم یاسایە، یاسای هاوکاری کردنی گەنجانە بۆ ئەوەی بکەونە ئیش و کار و سوودمەند بن، ئەم یاسایە خۆی کۆکراوەی سێ یاسایە، یەکێ لەوانە، پڕۆژە بچووکەکانە، ئەم یاسایە ئەو گرنگیە گەورەی نیە کە ئەم هەیئەت وئیدارەو مەجلس وئیستشاری و بەم قەرەباڵغیە 7 – 8 وەزارەت کۆ ببێتەوە، تا گەنجێك سلفەیەکی دەست بکەوێت لەم سندوقەو بکەوێتە ئیشکردن، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەی سێیەم، ئەم سندوقە پەیوەست کراوە بە وەزارەتەوە، وەزارەتەکەش دیاری کراوە، وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیە، لەیاسای هەموو وەزارەتەکاندا ئێمە سەڵاحیەتمان داوە بە وەزیرە بەڕێزەکان، دەمج و ئیلغاو ئیزافەی

موديريات بكەن لەناو وەزارەتەكانى خۆياندا، من پـێم وايـە بـۆ تەسـهيلى ئيشـى گـەنجان و زوو ڕاپەڕانـدنى ئيشوكارەكان كە هەندێ لە برادەرەكانيشم قسەيان لەسەر كرد، كـە ڕەبـت كـراوە بـەو وەزارەتـەوە، جـەنابى وەزير سەلاحيەتى كردنەوەى وەكو كاك دلێريش باسـى كـرد، دائيرەيـەكى دەبێـت، موديريـەتى نـاو ئـەنێت، دائيرەى ناو ئەنێت، فەرمانگەى ناو ئەنێت، هەرشتێكى ترە لەناو وەزارەتەكەى خۆى بۆ ئيدارە كردنـى ئـەم سندوقە، ئەگەر بگەڕێينەوە بۆ سـەر مـاددەى نۆيـەم، لێـرەدا موديريـەتێك دروسـت بكـات لـەماددەى نۆيـەم باسكراوە، كەئاليەتى ئيدارەكردنى ئەو سندوقەش بەنيزامێكى خاص ئەچێت بـەڕێوە، وەزيـر بۆشـى هەيـە ئيصدارى تەعليمات بكات، بۆ جێبەجێ كردنى ئەم ياسايە، بـەواتا ئـەم ماددەيـە لـە ئەصڵدا زيـادە لێـرەدا، مادام سندوقەكە پەيوەستە بەوەزارەتەوە، شەخصى وەزير خۆى دەتوانێت موديريەتێكى بۆ دروسـت بكـات، بۆى دابنێت، ئيتر هيچ پێويست ناكات نوێنەرى 7 وەزارەت كۆ ببنـەوە بـۆ كارێـك، بەنيسـبەتى ئـەوەى كـە نوێنەرى وەزارەتى ماليەى تێدا بێت، من پێم وايە لەماددەكانى ئـەخيردا باسـى ئـەوەش دەكـات، كـە لەسـەر ميزانيـەى عـام پـارەى بـۆ ديـارى دەكرێـت، لەبـەر ئـەوە ئـەم ماددەيـە هـەر پێويسـتە ئيلغـا بكرێتـەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك جەلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال على عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ديارە مەغزاو هەدەفى ئەم ياسايە، مەسەلەى دابين كردنى هەلى كارە، بۆ كۆمەڵێك گەنج كـە بێكـارن، وە لـە كـەرتى تايبەتـدا، بـەڕەئى مـن ئـەو ئەنجومەنـە، ئەنجومـەنى ڕاوێـژكارى بێـت، وەزيـرى كاروكاروبـارى كۆمەلايەتى ئيشەكان بكات، لەگەڵ كورت كردنـەوەى موعامـەلات، بەڕاسـتى كـورت كردنـەوەى موعامـەلات وەكـو هاوكـارم شـلێرخان فـەرمووى، 60 ئيمـزاو 20 وەرەقـە، سـەلاحيەتەكە بـدرێت بـە بـەڕێز وەزيـرى كاروكاروبارى كۆمەلايەتى، ئەويش كار بكات بۆ كەمكردنەوەى موعامەلات بەتايبەتيش ئەمە دابين كردنـى هەلى كارە بۆ كەرتى تايبەت، ئەم هەموو ڕاوێژكارو مودير عامەى ناوێت بەڕاستى، پێويستە بەڕێز وەزيرى كاروكاروبارى كۆمەلايەتى هاوبەشى لايەنى كەرتە تايبەتـەكانى پەيوەنديـدار بكـات، ئـەوەى لەكشـتوكاڵە بـا كۆمەڵـەى جوتيـاران بێـت، ئـەوەى پيشەسـازييە بـاژوورى بازرگـانى بێـت، ئەگـەر ئيشـى كۆمەلايەتيـە بـا ڕێكخـراوە مەدەنيـەكان بێـت، مـن ئيقتراحەكـەم ئەوەيـە كـە بـەس بـۆ ڕاوێـژكارى بێـت؟، بـەڕێز وەزيـرى كاروكاروبـارى كۆمەلايـەتى بـەو مەرجـەى ئـەو موعامەلاتـەكان كـەم بكاتـەوە، لايـەنى كـەرتى تايبـەتى پەيوەنديداريش هاوبەش بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، کاك خورشید، فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە باس لەچەند وەزارەتێك دەکەین کە ئەصڵەن پەیوەندیان بەو ئیشەوە نیە، بەڵام لایەن هەیە، کە ئێمە هیچ حسابێکمان بۆ نەکردوون، باشە نوێنەری پارێزگای سیلێمانی، دهۆك، ئیدارەی گەرمیان، نابێت ئەوانە لەو لیژنەیەدا ئامادە بن، بەشدار بن، بزانن سیاسەتی ئەو سندوقە چیە؟، چۆن ئیش دەکەن؟، لەسەر چ ئەساسێك ئیش دەکەن؟، من پێشنیار دەکەم نوێنەرانی پارێزگاکان بزانن مودیرە، چیە کە ئەو ئیشە دەکات، ئەندام بێت لەو سندوقە بۆ ئەوەی کارەکان ئاسانتر بێت و ئاشنا تر و شارەزاتر بێت لەو مەسەلەیەدا، وەزارەتی پلاندانان چ ئیشێکی هەیە لەو سندوقەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵڵا من دەڵێم مادام وای لێهات با هەموو کوردستان ئەندام بێت لەو سندوقەدا، ئەوە چۆن دەبێت حەزیش دەکەن دەیخەینە دەنگدانەوە، کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەنێوان خۆمان گفتوگۆمان کرد بەڕاستی، یەکەم: پێمان باشە ئەو سندوقە بمێنێتەوە، سندوقیش بەبێ مەجلسی ئیدارە بەڕێوە ناچێت، لەهەر لایەك کەباسی سندوق کرا دەبێ مەجلسی ئیدارەی بۆ دابندرێت، دووەم: بەنیسبەت تەقلیسی نوێنەرەکانی وەزارەت ئێمەش هاتینە ئەو قەناعەتە کە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا زیادە، حەتا وەزارەتی داراییشمان پێ زیادە، چونکە وەزارەتی دارایی ئەسنای موازەنە تەحدیدی پارەکە دەکات، کە تەحدید کرا ئەوە لە ئەنجومەنی وەزیران دەدرێت، ئیتر پەیوەندی بە مەسەلەکانەوە نامێنێت، پارەکەش ئێستا حاڵی حازر دیاری کراوە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەش نین کەنوێنەری وەزارەتی مالیەشی لەگەڵ بێت، حەتا پلاندانانیش پەیوەندی بە پڕۆژە بچووکەکانەوە نیە، ڕەنگە پڕۆژەکان کە گەورە بن ئەوە پەیوەندی بە پلاندانانەوە دەبێت، بەس پڕۆژەی بچووك پەیوەندی پێوە نیە، لەزمنی دۆزینەوەی بێکارییە لەدەسەڵاتەکانی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، بۆیە ئێستا ئێمە صیاغەی دەکەینەوە بەو شێوەی کە پێتان باش بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

با جەنابی وەزیر قسەی خۆی بکات، دوایی بیخوێننەوە، بەڕێزان مەجلس کەزۆر گەورە بوو یەعنی ئیش ناکات، بۆیە خەڵکێك کە پەیوەندی پێوەیە ئەوە با ئیشەکە بکات، جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب( وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یەکەم: بەپێی ماددەی 4 لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، من سەرۆکی مەجلسی ئیدارەی وەزارەتم، دووەم: بەپێی یاسای نەوجەوانان سەرۆکی لیژنەی مەجلسی چاودێری نەوجەوانانم لەوەزارەت، بەپێی یاساکانی ماڧی منداڵ، سەرۆکی لیژنەی ماڧی منداڵم لەهەرێم، هەروەها ئێستاش لیژنەی باڵامان پێکهێناوە، نوێنەرایەتی هەموو وەزارەتە پەیوەندیدارەکانم، ئەم پەرلەمانە بەڕێزەو ئەنجومەنی وەزیرانیشی تێدایە، کە سیاسەتی تەشغیلە، زۆربەی ئەم مەجلسانە نوێنەری هەموو وەزارەتەکانی تێدایە، بەڕاستی کە تەماشای ئەم ئەنجومەنە دەکەم دەموچاوی ئەو لاوانە دەبینم کە چاوەڕێی ئەوەن زوو ئەو داواکاریەیان بۆ ئیمزا بکەین وئەو قەرزەیان بدەینێ، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئەم ئەنجومەنە نەمێنێت، لەبەر ئەوەی ئێمە ئێستا لەوەزارەت چاوەڕێی ئەوەم کە زوو بودجە پەسەند بکرێت و من قەرز بدەم بەو گەنجانەی کە بێکارن، نەك من چاوەڕێی ئەوە بم کە ئەنجومەنێك دابمەزرێت، زۆرجار ئەم ئەنجومەنانە دادەمەزرێت بەڕاستی نوێنەر نابیننەوە لەوەزارەتەکانی تر، گەر نوێنەریش دەستنیشان بکرێت، لەکات و ساتی خۆیدا ئامادە نابێت، داوای ئەوە دەکەم کە ئەم ئەنجومەنە لابرێت، لەبەر ئەوەی ئێمە ئالیەتی ئەوەمان هەیە کە قەرزەکە بدەین، وە پێشتریش ئەم قەرزە دراوە، تەنها چاوەڕێی بودجەین، چاوەڕێی ئەوەین کە ئەو برە پارەی کەداوامان کردووە تەرخان بکرێت، ئەو بودجەیەش تەوزیع دەکرێت بەسەر سندوقی بەکار خستنەکانی هەرێم، لەهەر شوێنێك بێت، بۆیە داوا دەکەم کە ئەم ئەنجومەنە لابرێت، بە بوونی ئەو ئەنجومەنە ئێمە ناتوانین ئەو ئەرکەو ئەو ئامانجانەی کە لەم پرۆژە یاسایەدا هەیە جێبەجێی بکەین، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، جەنابی وەزیری ڕۆشبیری، فەرموو.**

**بەڕێز کاوە محمود شاکر( وەزیری ڕۆشنبیری ولاوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەم بابەتە کە خرایە قاڵبی سندوقەوە، زۆرینەی سندوقەکان مەجلسی ئیدارەی هەیە، مەجلسێك هەیە هی سندوقەکان، حەتا بۆ نموونە ئێمە باسی سندوقی تەقاعدی ڕۆژنامەنووسان دەکەین، هەمان مەجلسی هەیە، کە وەزارەتی دارایی، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیشی تێدایە، لەبەر ئەوە ئەو مەجلسە گرنگە، لەوانەیە تۆزێك ناتێگەشتن دروست بێت لەئاکامی نەبەستنی دوو ماددە، ماددەی 4 و 5، ماددەی 5 کەتەماشای ئەرکی مەجلسەکە بکەین، ئەرکی مەجلسەکە پەکخستنی کار نیە، یەعنی ئەوەی لەماددەی 5 هاتووە، ئەمە ئەوە نیە بچێتە ناو هەموو ئیشێکی تەنفیزیی و وردەکارییەکانەوە، پەکخستنی کارو زیاد کردنی ڕۆتین، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەرکی مەجلسەکە تەبیعەتی مەجلسەکە، ڕەبتی بکەین بە کاری مەجلسەکەوە کە ئەم مەجلسە گرنگە، بەڵام پەکخستنی کارو زیاد کردنی ڕۆتین نیە؟، ئەمە یەکەم: دووەم:**

منـيش لەگـەڵ ڕەئـی لیژنـەی یاسـاییم، کـە هەنـدێ لـەو نوێنەرانـە زیـادە بەتایبـەتی (دارایـی، پـەروەردە، خوێندنی باڵا) ئەمانە زیادن، حاڵەتێکی تر هەیە، جاری وا هەیە ئەم مەجلسـە پێویسـتی بـە خـەبیر هەیـە، لێرەدا بۆ ئـەوەی ئـەم ماددەیـە تـەکامول بێـت وەکـو ئـەو صـیغەیەی کـە لیژنـەی یاسـایی لێـرە باسـی کـرد، فەقەرەیەکی تری بۆ ئیزافە بکەین، ببێت بە ((أ) و فەقەرەی (ب)ش هەبێت، هـەر لەگـەڵ مـاددەی چواردا، ئەوەیە (للمجلس الاستعانة بـالخبراء مـن الـوزارات او مـن خارجهـا يـتم دعـوتهم مـع الاشـتراك في اجتماعـات المجلس دون ان يكون لهم حق التصويت) یەعنی ئەم مەجلسە لەکاتێ پێویستی بە نوێنەری ژووری بازرگانی بوو، بانگی دەکات بـۆ کۆبوونەوەکـە، یـەعنی ڕەغبـەتێك هەیـە کـە زۆر فـراوان بێـت، بـۆ ڕەچاوکردنی ئـەو ڕەغبەتە، مەجلسەکە ئەو سوڵتە تەقدیریەی هەیە، کەزانی پێویستی بـە لاوان هەیـە، نوێنـەری لاوان بـانگ دەکات، پێویستی بەجەدوا هەبوو، نوێنەری ژووری بازگانی بانگ دەکات، یان وەزارەتێکی دیـاریکراو، یـەعنی ئـەم فەقەرەیـەش ئیزافـە دەبێـت، وەکـو ئـەوەی (أ)کـە پێشـتر وتمـان، ئـەمیش فەقـەرەی (ب) دەبێـت، کـە تەجاوزی ئەو حاڵەتە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك فرسەت موداخەلەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تەسمیە بە بەلاش نەهاتووە، بەشێکە لە دەزگاکانی لامەرکەزی مەرفـەقی، ئەگـەر وتـت سـندوق، لازمـە مەجلسـی ئیـدارەی هـەبێت، ئەگـەر وتـت مودیریـەی عـام، شەخصـێك ئـەبێت، ئەگـەر وتـت وەزارەت یـەك شـەخص دەبێـت، نـاتوانی بڵێیـت،(مجلـس ادارە وزاریـە...)ئەگـەر وتمـان سـندوق و وەك سـندوق ڕۆشـت، مصادەقەمان لەسەری کرد، مەفروزە مەجلسی ئیـدارەی هـەبێت، بـەس ئـەتوانین بـۆ کەمکردنـەوەی ڕۆتـین نوێنەرەکان کەم بکەینەوە، منیش دەڵێم وەزارەتـی پـەروەردە پەیوەنـدی پێـوە نیـە، خوێنـدنی بـاڵاو حـەتا پلاندانانیش پەیوەندی پێوە نیە، گەنجێك لە گوندێك دەچێت کۆمەڵە مەڕێك و چەند مریشکێك بۆ خـۆی دەکرێـت و مەشـروعێکی بچووك دروسـت دەکـات، لـەو حاڵەتـەدا وەزارەتـی پلانـدانانی بـۆ چـیە؟، ئەوانـە مەشاریعی بچووکن، یان دوکانێکی بچووك ئەکاتەوە مۆبایل ئەفرۆشێت، لەم حاڵەتەدا وەزارەتـی پلانـدانانی بۆچیە؟، بەڕەئی من لە مەجلسەکە نوێنەری ئـەم وەزارەتانـەی لـێ دەربکرێـت، (پـەروەردە، خوێنـدنی بـاڵا، پلاندانان)، ئەگەر گەشتوگوزاری بێتە ناو، هەرچەندە زۆر دەبێت، ئیحتمال هەیە پێویستی بەوەش نەبێت، یەعنی دەتوانێ مەشروعێکی سیاحی دابنێت، دوو کەپر دروست بکات، دەبێ نوێنەری وەزارەتی گەشتوگوزار لـەوێ بێـت، چـونکە کـە مەشـروعی سـیاحی دروسـت دەکـات دەبـێ ئیجـازە لـە نوێنـەری وەزارەتـی سـیاحە وەربگرێت، لە مودیریەی سیاحە، یان مودیری ناحیە، یان قائیم مەقامە، لە پارێزگایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عماد، فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی چوارەم بەم شێوەیە دەبێت:

ماددەی چوارەم:

ئەنجومەنێك پێك دێت بەناوی (ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندووق)بەسەرۆکایەتی وەزیری کاروکاروباری کۆمەلأیەتی وئەندامێتی نوێنەری هەر یەك لەم وەزارەتانەی خوارەوە، کە پلەکەیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت.

1- وەزارەتی کشتوکاڵ.

2- وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان.

3- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:-

یشکل مجلس باسم (مجلس ادارة الصندوق) برئاسة وزیر العمل والشؤون الاجتماعیة وعضویة کل من الوزارات الاتیة علی ان لاتقل درجاتهم عن مدیر عام:

1- وزارة الزراعة.

2- وزارة الثقافة والشباب.

3- وزارة التجارة والصناعة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب( وەزیری کاروکاروباری کۆمەلأیەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ئەنجومەنی وەزارەت نوێنەری ژووری بازرگانیمان لەگەڵدایە، هەروەها نوێنەری سەندیکای کرێکارانیش، لەبەر ئەوەی ئەمە قەرزی بچووکەو ئەدرێت بە بێکاران، بێگومان زۆر لە بیکارانیش سەردانی ئەو سەندیکایانە دەکەن، سەردانی ژووری بازرگانیەکان دەکەن، بۆیە داوای ئەوە دەکەم کە نوێنەری سەندیکای کرێکاران و ژووری بازرگانیش ئەندام بن لەو ئەنجومەنەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر صیاغەتان بخوێنەوە، تا بیخەمە دەنگدانەوە، فەرموون.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی چوارەم: یەکەم: ئەنجومەنێك پێك دێت بەناوی (ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندووق)بەسەرۆکایەتی وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی وئەندامێتی نوێنەری هەر یەك لەم وەزارەتانەی خوارەوە، کە پلەکەیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت.**

**1- وەزارەتی کشتوکاڵ.**

**2- وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان.**

**3- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.**

**دووەم: ئەنجومەن بۆی هەیە ڕاوێژ بکات بەشارەزاو ڕاوێژکاران، لەناو وەزارەت یان لەدەرەوە لە کاتی پێویست.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، 9 کەسی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی پێنجەم تکایە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی پێنجەم:**

**ئەنجومەن ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:**

**1- سەرپەرشتی کردنی کارەکانی سندووق و دانانی بنچینەکانی پاڵپشتی کردنی لاوە بی کارەکان.**

**2- کارکردن لە پێناوی گەشە کردنی داهاتی دارایی بۆ سندووق.**

**3- پەسند کردنی پلانەکانی وەبەرهێنانی داراییەکانی سندووق.**

**4- هەر ئەرکێکی دیکەی پەیوەندیدار بە کارەکانی سندووقەوە.**

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة: يتولى المجلس المهام والصلاحيات الآتية:-**

**1- الاشراف على اعمال الصندوق و وضع اسس تقديم الدعم للشباب العاطلين عن العمل.**

**2- العمل على تنمية الموارد المالية للصندوق.**

**3- اقرار خطط استثمار اموال الصندوق.**

**4- اية مهام اخرى تتعلق باعمال الصندوق.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟ ناوتان دەنووسم، تکایە، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بکەن(عمر عبدالرحمن، گۆران ئازاد، صباح بیت الله، عبدالسلام بەرواری، شلێر، شڤان احمد، حسن محمد، سالم تۆما، ئەڤین عمر)کاك عومەر، فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: هەرچەندە مەجلس دەنگی خۆی هێنا، بەڵام من لەگەڵ فەقەرە یەکی ئەم ماددەی پێنجەدا، پێم وایە ئەو زەوابتە چیە کەوا ئیعتیمادی دەکاتە سەر بۆ ئەو گەنجەی (العاطلین عن العمل) دووەم: ئەگەر سەیری فەقەرەی حەوتی ماددەی شەشەم بکەین، کە دەڵێت سولفەکە بەزەوابت دەدرێت کەوەزارەت تەحدیدی دەکات، ئەمە تەناقوزێك دروست دەکات لەگەڵ ئەوەی کە ئەمە خۆی لە ئەساسدا یاسایەکە تایبەتە بە سندوقی دەعمی گەنجان، باسی گەنجی بێکاری تێدا نەکراوە، گەنج ولاو بەعام هاتووە، واتە کەلیمەی (العاطلین عن العمل)ئەمە عیبارەتێکی زیادە لێرەدا، هەر دەبێت باس لەگەنج بکرێت و هیچی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ماددەی پێنجەم بەتەواوەتی لابچێت، لەبەر ئەوەی ئەرك ودەسەڵاتەکانی ئەم سندوقە دەکرێت لەماددەی نۆیەم کە پەیڕەوێك دادەنـدرێت و دیاری دەکرێت، لەوێدا ئەم خاڵانە دەست نیشان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح، فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم لە ماددەی پێنجەم، دەڵێت (سەرپەرشتی کردنی کارەکانی سندووق و دانانی بنچینەکانی پاڵپشتی کردنی لاوە بی کارەکان) بەڕەئی من (بێکارەکان) ئەوە لابرێت، بۆ ئەوەی چینێکی فراوان لەلاوان سوودی لێ ببینن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە بۆ دانانی سندوقێکە کە قەرز بدات بەتوێژێك لە کۆمەڵگا، ئەنجومەنێکمان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم سندوقە دانا، لە ئەرکەکانیان، ئەرکە سەرەکیەکانی نەهاتووە، کێ بڕیار دەدات، کە ئەو داواکارییە پەسەند

بکرێت؟، قەرزەکە بدرێت یان نا؟، ئەنجومەن نیە کە ئەو بڕیارە دەدات، کەچی ئەوە نەکراوە بە ئەرك، من تکا دەکەم لە لیژنەی صیاغە، ئەمە ببێت بە ئەرکی سەرەکی و یەکەم ئەرکی ئەم سندوقە، ئەمە یەکەم: دووەم: دانانی بنچینەکانی پاڵپشتی کردنی لاوە بێکارەکان، ئەمە ئیشی دائیرەی کارە، ئەمانە بڕیار دەدەن ئەم پڕۆژەیە مەرجەکانی تێدایە یان نا؟، بۆیە داوا دەکەم ئەمە لابرێت، چونکە هیچ ئەرکی ئەوان نیەو پێشیان ناکرێت، (کارکردن لە پێناوی گەشە کردنی داهاتی دارایی بۆ سندووق)چوار بەڕێوەبەری گشتین هەر یەکەو لە وەزارەتێکە، ئەمە ئیشی دەستەیەکە کە دەوام بکەن ڕۆژانە، موتابەعەی بکەن، (پەسند کردنی پلانەکانی وەبەرهێنانی داراییەکانی سندووق)من نازانم ئەوە چ کارێکە، هەر ئەرکێکی دیکە، مادام وایە هەر دەیکەیت، کەواتە من پشتگیری کاك عومەر وکاك گۆران دەکەم کە ئەم ماددەیە داعی نیە، تەنها دەتوانین ڕستەیەك ئیزافە بکەین، هەرچەندە ڕۆیشت، یان لەماددەی حەوتەم یان هەر ماددەیەکی تر، بڵێین (ئەنجومەن بڕیار دەدات بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە لە ماددەی نۆیەم دیاری دەکرێت، کە قەرزەکان بدرێت، یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی چوارەم ئێمە ئەنجومەنێکمان دامەزراند بەناوی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوق، بەڵام کە دێینە ماددەی ماددەی پێنجەم، یەکەم خاڵی سەرپەرشتی کردنی کارەکانی سندوقە، لەوێ خۆی ناوی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنە، لێرەش یەکەم ئیشی سەپەرشتی کردن بێت، من لەو خاڵە پشتگیری کاك عبدالسلام دەکەم، ئەو سەرپەرشتی کردنە ببێت بە بەڕێوەبردنی کارەکانی سندوق، ئەگەر ئەو ماددەیە مایەوە، هەروەها پشتگیری کاك گۆران دەکەم، ئەم ماددەیە زیادە، لەبەر ئەوەی لەماددەی نۆیەم هەمووی باسکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ئەوە دەکەم کە ئەو ماددەیە بەیەکجاری لابرێت، ئەگەر نا خاڵێکی بۆ ئیزافە بکرێت، کە زۆر پێویستە، لەپاش خاڵی سێیەم خاڵی چوارەم دابنێین، (العمل على دراسة المشاريع المقدمة بحيث تقدم احدى قطاعات التنمية في الاقليم)ئەوە یەکێك لە ئەرکەکانی ئەم مەجلسە بێت، ئینجا پێنجەم (اية مهام اخرى تتعلق باعمال الصندوق) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دكتۆر حسن، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو پێشنیارم هەیە، یەكەم: خاڵی یەكەم لاببرێت، لەجێگای پێشنیاری خاڵێكی تر دەكەم، بەدانانی سیاسەتی گشتی سندوقەكە، دووەم: هەروەها لەگەڵ هاوكارم كاك عبدالسلامم، كە پێویستە خاڵێك زیاد بكرێت، بڕیار لەسەر ڕێككەوتنەكان و گرێبەستەكان دەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالم، فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما كاكۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من قسەكانم كران، تایبەت بوو بەنەمانی ماددەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەڤین عومەر، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەتە منیش پشتگیری ئەو ڕایە دەكەم، كە ئەصڵەن ئەو ماددەیە نەمێنێت، چونكە نیزامی داخلی هەیە كە تەحدیدی كارەكان و چۆنیەتی مەهامی ئەم مەجلسە دەكات، ئەگەر مایەوە، پێشنیار دەكەم كەوا یەكەم خاڵی بمێنێت، كە ئیشراف كردنە لەسەر كاری ئەم سندوقە، بەڵام خاڵی دووەم، سێیەم، چوارەم، ئەصڵەن نەمێنێت، لەجیاتی ئەو سێ خاڵە، دوو خاڵ هەبێت، یەكێكیان: تەقیمی مەشاریع بكات، ئەو مەشروعانەی كە ئەو لاوانە پێشكەشی دەكەن، تا بزانن ئەتواندرێت ئەو كارە جێبەجێ بكرێت یان ناكرێت، دووەم: موتابەعەی سەیری مەشروعەكە بكرێت، واتە بزانن ئەو مەشروعە تا چ ڕادەیەك دەڕوات وئیشی چۆنە وەستاوە یان نەوەستاوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خورشید، فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی یەكەم:( الاشراف على اعمال الصندوق) من تەئیدی كاك عبدالسلام دەكەم، (وضع اسس تقديم الدعم للشباب العاطلين عن العمل) ئەمە كاری ئەو سندوقە نیە، دەبێت بەم شێوە بێت، (الاشراف على اعمال الصندوق و وضع الظوابط الازمة لذلك)فەقەرەی دووەم و سێیەم، دووەم: (العمل على تنمية الموارد المالية

للصندوق) سێیەم(اقرار خطط استثمار اموال الصندوق) هەردووکیان بە کورتی وا بوترێت، (العمل على تنمية واستثمار الموارد المالية للصندوق)، بۆیە پێویست ناکات خاڵی دووەم و سێیەم هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرسەت موداخەلەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من یەکەم: لەگەڵ ئەوەدام کە بمێنێتەوە، چونکە بەنیسبەت ئسوسی دانانی پاڵپشتی گەنجانەکان، ئەگەر ئەو مەجلس ئیدارەیە ئەوە دانەنێت، کێی دایبنێت؟، دووەم: ئەو مەواردانە بەتەئکید دیاریکراو دەبن، یەعنی زۆر زۆر نابن، پێویستی بەوە هەیە کە تەنمیە بکرێن و ئیستسمار بکرێن، هەر سندوق خۆی ئەتوانێ ئیستسماری بکات وتەنمیەی بکات، بۆ زیاد کردنی مەوارد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش، فەرموون.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لەمانەوەی ماددەکە دەکەین، تەنها وشەی (ئیدارەی سندوق) لەدوای (مجلسەکە) زیاد بکرێت، لەبەر ئەوەی لەماددەی یەکەم پێناسە نەکرا، وە لەبڕگەی یەکەم، (العاطلين عن العمل) ئەوەش لابرێت، چونکە بەگشتی بۆ لاوانە، پشتیوانی لەلاوان، بڕگەکانی تریش وەك خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا صیاغەکەی بخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە، باشە جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب(وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە ئەم ماددەیە هەر لابرێت، ئەگەر بڵێین لابرێت و ئەویش هەر بمێنێتەوە، چونکە با خاڵی یەکەم تەنها دەسەڵاتێکی هەبێت ئەویش سەرپەرشتی کردن بێت، لەبەر ئەوەی نوێنەری ئەو وەزارەتە پەیوەندیدارانە دێن، خۆیان ئەتوانن موقابەلەی ئەو لاوانە بکەن کە بێکارن، ئایا ئەو پڕۆژانەی کە پێشکەش دەکرێت، ئەو ئەنجومەنە کاتی ئەوەی دەبێت، کە ڕۆژانە ئەو پڕۆژانە تاوتوێ بکات، وە جەدوای ئیقتصادی ئەو پڕۆژانە بزانێت، ئەوە دووەم، سێیەم: ئەو کاتەی کە ئێمە دەورە بۆ ئەو لاوە بێکارانە دەکەینەوە کە چۆن بتوانن ئەو قەرزە وەربگرن؟، ئیستسماری بکەن، فەرمانبەرانی وەزارەتن کە هەڵدەستن بە لیژنەی موتابەعەو تەفتیشی ئەو پڕۆژانە بۆ ئەوەی بزانن ئەو پڕۆژانە گەیشتوون بەچی؟، بۆیە بەڕاستی داوا دەکەم کە تەحدیدی ئیشی ئەم ئەنجومەنە بکرێت، کاك فرسەت جەنابی باسی ئەوەی کرد، ئیستسماری ئەم سندوقە، نازانم بەچ یاسایەك من ئەتوانم ئیستسماری ئەو پارەیە بکەم کەلەو

سندوقەدا هەیە، چونکە ئێستا سندوقی زەمانمان هەیە، بەپێی هەموو قانونێك ئێمە ناتوانین یەك دینـاری لێ دەربکەین، بەڕاستی داوای ئەوە دەکەم کە چۆن بتوانین؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرسەت موداخەلەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی مـن بیـزانم زۆربـەی سـندوقەکان ئیستسـماری مـەواردی خۆیـان دەکـەن، ئـەنواعی ئیستسـمار هەیـە، ئەوەی من دەیزانم یەکێك لەوانە سـندوقی سـەندیکای پـارێزەران، هـەر لـەبانق دابنـدرێت فائیـدە دەچـێتە سـەری، کـە ئـەوەش ئیستسـمارە، ئـەوەی کـە مـن دەزانم سـندوقی تـر، ئەگـەر بێـت و ئیستسـمار نەکـەن مەواردەکان مەحدود دەمێننـەوە، ئـەوە خاڵێـك: خـاڵی دووەم: ئـەو سـندوقە شەخصـیەی مەعنـەوی هەیـە، مـەفروزە بـەخۆی ئـیش وکـاری خـۆی بکـات، نـەك لەلایـەك بـێن موتابەعـەی ئیشـی ئـەوان بکـەن، یـەعنی بەنیسبەت فەرمانبەرانی وەزارەت، جیاوازن لەگەڵ فەرمانبەرانی ئـەو سـندوقە، جیـاوازن لەگـەڵ هەیکـەلی ئیداری ئەو سندوقە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عماد، فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی حەوتەم، وتمان (تعفى المشاريع الصغيرة من الضرائب والرسوم لمدة خمس سنوات.)واتە دوای پێنج ساڵەکە ئەم ڕسوماتانە دەچنە سەر مەواردی سندوقەکە، ئەگەر بەم شێوەیە مایەوە،

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمود شاکر(وەزیری ڕۆشنبیری ولاوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم، لەماددەی پێنجەم بەم شێوەی لێ بێت، (الاشراف على اعمال الصندوق و وضـع اسـس تقـديم الدعم واقراره.) نەچینە ناو (للشـباب العـاطلين عـن العمـل)( وكيفـة اسـترداد قـروض)چونکە ئەمـە دەعمـە منحە نیە، هەروەها دەبێ ئەو خەڵکە تێبگات کە ئێمە لێی وەردەگرینەوە، بۆیە دەبێ ئسوسێك دابنێـت بـۆ وەرگرتنەوەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە، یەعنی بوونەكە باشترە لەوەی كە ماددەكە ئیلغا بكەین، خۆی ئەوە ڕاستە كە سندوقەكە كاردەكات بۆ تەنمیەی مەواردی خۆی، وە ئەگەر كرا ئیستسماری ئەموالی سندوقەكەش بكات، بەقەناعەتی من مانەوەی هیچ زەرەرێكی نیە، هیچ ئەركێكی زیاتریشی نیە، خۆی ئەركە سەرەكیەكە مەعلومە كە چیە، ئەگەر ئەركە سەرەكیەكە جێبەجێ كرا من وا تەسەور دەكەم ئەوانی تر سانەوییە، یان دەیكەن یان نایكەن، یەعنی مەسەلەكە ئەوە نیە كە ئیلزامی تێدا بێت، ئەگەر موارد نەبێت لەكوێ تەنمیەی دەكات؟، ئەگەر مەوارد نەبێت لەكوێ دەتوانی ئیستسماری بكات؟، بۆیە بەقەناعەتی من مانەوەی هیچ زەرەرێكی نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر صیاغەتان چۆنە بیخوێننەوە، تكایە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوق ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

1- سەرپەرشتی كردنی كارەكانی سندووق و دانانی بنچینەكانی پاڵپشتی كردنی لاوان.

2- كاركردن لە پێناوی گەشە كردنی داهاتی دارایی بۆ سندووق.

3- پەسند كردنی پلانەكانی وەبەرهێنانی داراییەكانی سندووق.

4- هەر ئەركێكی دیكەی پەیوەندیدار بە كارەكانی سندووقەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەو شێوەی كە بەكوردی خوێندرایەوە، دەیخەینە دەنگەوە كێی لەگەڵدایە تكایە با دەستی بڵند بكات؟، فەرموون 34كەسی لەگەڵدایە؟، كێی لەگەڵدا نیە؟، 19 كەسی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ئێستا پێشنیارێك هەیە، كە ئیزافە بكرێت، ئەویش دیاریكردنی پڕۆژەی بچووكە، ئەویش لەسەرۆكایەتی كە ئەو سولفەیەی دەدرێتێ لە 40 ملیۆن بەسەرەوە نە بێت، واتە زیاتر نەبێت، یەعنی سەقفی ئەعلای بۆ دابندرێت، كە 40 ملیۆنە، كاك شێروان، ئەگەر صیاغەی بكەین، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی ئێمە صیاغەکەی بکەین، ئەگەر جەنابی وەزیر تەوزیحێکمان بداتێ ئێمە سوپاسی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب(وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك باسم کرد پێشتر وەزارەتمان بەو ئەزموونەدا تێپەڕبووە، قەرزیشی داوە بە بێکاران، ئەوەی کەدراوە بۆ پڕۆژەکان، 10 هەزار دۆلار بووە، ئەشکرێت هەندێ پڕۆژەش هەیە بەپێی جەدوای ئیقتصادی ئێمە پێی دەڵێین پڕۆژەی بچووك، ئەکرێت لە 10هەزار دۆلارەکەوە بیکەین بە 15 هەزار دۆلار، بەس نەك 40 ملیۆن لەبەر ئەوەی ئەو بودجەیەی کە هەیە، بەش ناکات، چونکە ئێمە دەمانەوێت ژمارەی سوودمەندان زیاتر بکەین، نەك کەمی بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری، فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمود شاکر(وەزیری ڕۆشنبیری ولاوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا ئێمە دەبێ دوو مەسەلە جیا بکەینەوە، پێناسەی پڕۆژەی بچووك لە پێناسەی دەعمی سندوقەکە بۆ پڕۆژەی بچووك، پڕۆژەی بچووك دەبێ پێناسەیەکی بۆ بکەین، چونکە ماددەی حەوتەم ئیعفای مەشاریعی بچووك دەکات لەزەریبەو ڕسوم، کە ئیعفای بکات دەبێ بزانین پڕۆژە بچووکەکە چەندە؟، بۆ ئەوەی ئەو لێخۆشبوونە بیگرێتەوە، بۆیە دەستنیشان کردنی پڕۆژەی بچووك وەکو زەرورەت گرنگە، با پێناسەکەی وای لێبکەین، (پڕۆژەی بچووك: ئەو پڕۆژەیەیە کە لەبواری وەبەرهێنان یان خزمەتگوزاری کە لەدوو ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نەبێت، لە 45 ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت، ژمارەی ئەوانەشی کە کاری تێدا دەکەن لە 10کرێکار زیارتر نەبێت،) ئەمە پڕۆژەی بچووك دەستنیشان دەکات، بەڵام دەعمەکە ئەوە موشکیلە نیە، ئێمە ئێستا دەتوانین 10 هەزار دۆلاریان بدەینێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید، فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من پێش ئێستاش پێشنیارم کرد، ئێستاش پێشنیار دەکەم، وابزانم برادەرانیش لەگەڵمدان، (المشاریع الصغیرە: یقصد بها المشاریع التی لاتتجاوز رأسمالها 4 ملیون دینار) ئێمە باسی ڕەئس مال دەکەین، بەڵام دەعم بەپێی ئەو پارەی کە دەتوانن خۆیان دیاری بکەن، ئێمە ئێستا ناتوانین دەعمێك دابنێین، بەڵام

دەتوانین بڵێین (المشاریع الصغیرە: یقصد بها المشاریع التی لاتتجاوز رأسمالها 4 ملیون دینار) بەڵام حکومەت چەندی پێ دەکرێت، ئەوە بۆ صندوق وئیمکانیاتی دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمود شاکر(وەزیری ڕۆشنبیری ولاوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە کە پێناسەکە باشە هەبێت، بەڵام دیسانەوە دەبێت دەعمەکە سنووردار بێت، دەستنیشان بکرێت، چونکە ئەمە یاسایە، بۆ ئەوەی ئەم سوڵتە تەقدیرییە نەمێنێت تاکو ئەم ئەنجومەنە سەقفێکی زۆر ئەعلا دابنێت، مەبەستی ئەم دەعمەش مەرج نیە سەرمایەی تێکڕای مەشروعەکە تۆ دەعمی بکەیت، تۆ بەشێك لەسەرمایەی مەشروعە بچووکەکە دەعم دەکەیت، لەبەر ئەوە بەپێی هەلومەرجی ئێمە من پێم وایە 10 ملیۆن تا 15 ملیۆن مەعقولە بۆ دەعم، بەڵام ئەوی تر دەمێنێتەوە، ئەمەش جیاوازە لەپێناسەی پڕۆژەی بچووك، با 25 بێت ئەوەش موشکلە نیە، بەڵام وەکو پڕۆژەی بچووك سەقفەکەی دەگاتە 40 بە دەعمی حکومی و لەوانەشە خۆی پارەی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب(وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە دەڵێین بۆ بێکاران و گەنجان، ئێمە مەبەستمان ئەو لاوانەیە کەهیچ سەرمایەیەکیان بەدەستەوە نیە، ئێمە دەعمی یەکێك بکەین و پڕۆژەکەی 40 ملیۆنی تێ بچێت، کە لە بەشێکی بەشدار بین، کەواتە ئەو بێکار نیە، پارەی هەیە، بۆیە ئێمە بۆ ئەوانە دەکەین کەهیچ پارەیان نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر ئەرسەلان موداخەلەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تەئیدی ئەو ڕەئیە دەکەم کە دەڵێین بێکارە، تۆ دەتەوێ کارێکی بۆ بدۆزیتەوە، یەعنی هیچ ئیمکانیەتێکی نیە، تا تەئمینی ژیانی خۆی بکات، ئەمە یەکێك، دووەمیان: ئەبێت تۆ حسابی ئەوە بکەیت

که قتاعێکی فراوانی بێکاری هەیە، بۆ ئەوەی خەڵکێکی زۆر مەشغول بکەیت بە ئێشەکەیەوە، بۆیە من پێم وایە ڕاستەو تەئیدی قسەی جەنابی وەزیرە دەکەم، دەبێ بزانین حکومەت چۆن تەعامول لەگەڵ مەوزوعەکانی خۆی دەکات؟، بۆیە پێم باشە لە 25 ملیۆن تێپەڕ نەکات بەڕاستی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

موناقەشە نەماوە، تکایە، بزانن لیژنەی یاسایی چۆن دایدەڕێژنەوە، فەرموو.

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمود شاکر(وەزیری ڕۆشنبیری ولاوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەست لەدەعم کردنی حکومەت بۆ پشتگیری کردنی لاوان، مانای ئەوە نیە، دیسان ئێمە بەو عەقڵیەتەوە بین کە بەس حکومەت باوکە، هەر دەبێت حکومەت دەعم بکات، ئێمە دەبێ بیر بکەینەوە کە سەرچاوەکانی دەعم فراوانتر بێت، لەوانەیە سبەی ڕۆژ بانقێکیش دەعمی بکات، لەوانەیە کەسوکاریشی دەعمی بکات، موهیم ئەوەیە ئێمە دەعمی کەرتی تایبەت دەکەین، وەبووژاندنەوەکەش دروست دەکەین، لەبەر ئەوە مەرج نیە دەعمەکەی حکومەت بۆ ئەم پڕۆژەیە یەکسان بێت، بە سەرمایەی تێکڕای پڕۆژەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش، فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو پێناسانەی کە لەبەردەممانداپە، یەکێك لەو پێناسانە ئەوەیە کە ئێستا دەیخوێنمەوە، (المشاریع الصغیرە: یقصد بها المشاریع التی لاتتجاوز رأسمالها عن 4 ملیون دینار) ئێمە کە دەڵێین (رأسمالها) عەجەبا ڕەئیس مالی عمومی مەشروعەکەیە، یان مەبلەغی دەعمەکەیە؟، هەمووی مەشروعەکە دەبێت؟، ئەگەر ئەمەش بێت فەیناکە، دەعمەکە خۆی وەزارەت دەبێت تەحدیدی بکات، چەند دەعمی دەکات یان چەند ناکات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لیژنەی هاوبەش، ئەندامان دەعمەکە سەقفەکەی دیار بێت، نەك مەشروعەکە چەندە، ئیحتمالە بۆ مەشروعەکەی خۆی شتێك دەکات لەملاو ئەولا خۆی پارەیەك پەیدا دەکات، بەلام وەزارەت تا چەند بتوانێ هاوکارییان بکات، فەرموو دکتۆر ڕۆژان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەپڕۆژەی بودجەی ئەمساڵدا هاتووە 25 ملیار دینار، جارێ هەر پڕۆژەیەو نازانم بەچەند پەسەند دەکرێت بڕەکە، بەلام ئامارێکمان لانیە کە بزانین ژمارەی ئەو کەسانەی کە سوودمەند دەبن لەو سندوقە

چەندە؟، بۆیە دیاریکردنی مەبلەغی دەعمەکە ئێستا کارێکی گرانە، تا بوانین لەناو یاساکە بڕەکە دیاری بکەین، ئەوە با لێی بگەڕێین بۆ نیزامەکەو بۆ ئەو دەسەلاتەی کەدراوە بەوەزیر، لە ئەحکامە خیتامیەکان چارەسەری ئەو کێشەیە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک عماد،

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەوە صیاغەیەکمان هەیە، با بیخوێنینەوە (یقصد بالمشاریع الصغیرة، کل نشاط اقتصادي او انتاجي او خدمي، لایقل رأسماله عن 2 ملیون دینار عراقي ولا یتجاوز 4 ملیون دینار عراقي)سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب(وەزیری کاروکاروباری کۆمەلایەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری ئەوە دەکەم، بەڕاستی سەقفەکەی دیاری بکرێت، لە 20 ملیۆن زیاتر نەبێت، لەبەر ئەوەی کە لە یاساکەدا هەبێت، ئەو بێکارەی کە دێت یان ئەو لاوەی کە تەقدیمی دەکات، داوای ئەو بڕە دەکات کە لەیاساکەدا هەیە، ئێمەش داوای ئەوە دەکەین کە ئێمە بتوانین ژمارەی سوودمەندان زیاد بکەین، چونکە بەڕاستی من تا ئێستا ژمارەی بێکاران نازانم چەندە؟، بەلام دەزانم چەند وەزعمان خراپە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری، فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمود شاکر(وەزیری ڕۆشنبیری ولاوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بیر بکەینەوە لە جیاوازی نێوان دوو سەقف، سەقفی مەشروع 40 ملیۆن ئاساییە، ئەمە مەشروعی بچووکە، چونکە هەندێ پێناسەی سندوقی نەقدی دەولی هەیە، کە قەرز پێشکەش دەکات، ئەو پێناسانە هی سندوقی نەقدی دەولی کە قەرز پێشکەش دەکات، تەسنیفێکی کردووە بۆ قەرز، دایناوە مەشاریعی بچووک، مەشاریعی ناوەند، مەشاریعی گەورە، کەوتت مەشاریعی بچووک، ئەو سەقفە 40 تا 45 ملیۆن دینار دەڕوات ومەعقولە بۆ مەشاریعی بچووک، بەلام مەرج نیە، ئەم دەعمەی کە حکومەت پێشکەشی دەکات یەکسان بێت بە سەرمایەی ئەو مەشروعە، حەدی ئەعلای ئەو دەعمەی حکومی ئەکرێت ئێوە تەقدیری بکەن، بەپێی توانا، ئەمە عیلاقەی بەتوانای حکومەتەوە هەیە، کە لەوانەیە ئەمساڵ بەپێی یاسا 20 ملیۆن بێت، یان 15 ملیۆن بێت، ئەوەندە ئیمکانیەتی هەیە، بەلام پێناسەی مەشروعی بچووک نەکەینە خوار 40ملیۆنەوە، چونکە لەگەڵ هەندێ مەعایردا ناگونجێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا سێ پێشنیار هەیە تکایە گوێ بگرن، جەنابی وەزیرە دەڵێت لە 20 ملیۆن زیاتر نەبێت، جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری دەڵێت لە 25 ملیۆن زیاتر نەبێت دەعمی حکومەت بۆ ئەو مەشروعە بچووکە، یەکێکی تر هەیە دەڵێت لە 40 ملیۆن زیاتر نەبێت ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، باشە ئێستا سەعاتێك ئیستراحەت دەکەین، سەعات 4 وەرنەوە بۆ هۆڵی کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی مداوەلەیەك بکەن و صیغەیەکی هاوبەش هەبێت تا بیخەینە دەنگەوە، سەعات 4 تکایە لێرەبن، چونکە ئەمڕۆ دەبێ تەواوی بکەین، فەرموون.**

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، لیژنەی یاسایی و کشتوکاڵ دەکەین با بێنە شوێنی خۆیان، لیژنەی هاوبەش ئێستا ئەو سیاغەی کە کردووتانە بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکەن، پاشان دەیخەینە دەنگدانەوە، سیاغەکە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی ڕەئی ئەندامانیش وەربگرین.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دوای تاوتوێ کردنی ئەو ماددانەو سەرمایەی ئەو پرۆژانەی کەوا حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لەسەر ڕۆشنایی هەموو تێبینیەکان ماددەکەمان بەو شێوەیە داڕشتەوە، کە دەبێتە ماددەی شەشەمی پێشنیار کراو.**

**المادة السادسة المقترحة:**

1- تكون المشاريع المشمولة باحكام هذا القانون، هي المشاريع التى لا تتجاوز رأسمالها عـن (40) اربعـين مليـون دينار عراقى.

2- لايجوز ان يتجاوز مبلغ السلفة للمشاريع المشمولة بأحكام هذا القانون عن (15) خمسة عشرة مليون دينار عراقى.

3- لايجوز للشخص الحصول على القرض بموجب احكام هذا القانون لاكثر من مرة واحدة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا كێ ئەیەوێت لەسەری موناقەشە بكات و ڕەئـی بـدات، ناوتـان بنووسـن، سـۆزان شـهاب، سـالار محمود، حسن محمد، شۆڕش سید مجید، عمر نـورەدینی، عمـر عبـدالرحمن، گـۆران ئـازاد، ئـەم ئەندامانـەی پەرلەمان ئەیانەوێت موداخەلە بكەن، كەرەمكە سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سـەبارەت بـەوەی كـە لـە 15 ملیـۆن زیـاتر نـەبێ، مـن ئیقتراحـێكم هەیـە، چـونكە ئـەبێ حیسـابی غـەلای مەعیشەش بكەی، جاران ئەگەر مەشروعێك بە 15 ملیۆن بیتوانیانە، ئەگەر ئەو كەسە خۆشی خـاوەن 15 ملیۆن بێت، ئەوە ئەیتوانی پرۆژەیەكی ئەوها دروست بكات، بەلام ئێمە ئەڵێین گەنجێكی زۆری بێ كار، بـێ ئیمكانیەت، ئەگەر قەرزەكە بكرێت كە لە 25 ملیۆن زیاتر نەبێ، ئەوسا تۆ ئـەو ڕێنجە بـەجێ دەهێڵـی بـۆ وەزارەت، هـەم ئـەتوانێت لـە ئـەنجامی ئـەو پـەیڕەوە ناوخۆییـەی كـە دایـدەنێ، وە هـەم گەنجەكـەش سـوود دەبینێ لە 25 ملیۆنەكە، بۆ ئەوەی قەرز نەكات زیاتر، ئینتیزاری یەك شـوێن بێـت، ئـەویش ئـەو سـندوقە بێت، نەوەك قەرزی بانكیشی لەگەڵدا بكات، ئەبێ قەرزاری یەك شوێن بێ، بۆیە من پێم باشـە زیـاتر نـەبێ لە 25 ملیۆن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سالار محمود كەرەمكە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سۆزان خان قسەكانی منی كرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش د.حسن كەرەمكە.

**بەڕێز حسن محمد سوورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من يەك پرسیارم هەیە، سەقفی سولفەكەمان دانا 15 ملیۆن، ئەگەر زیاتر لە یەك كەس بەشداری كرد لەم مەشروعە، لەو حاڵەتە ئەم 15 ملیۆنە بەسەر هەموویان دابەش دەكرێت، یان بۆ هەر یەكێكیان ئەو مەبلەغە دادەندرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش، شۆرش سید مجید كەرەمكە.

**بەڕێز شۆڕش سید مجید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیچ لاریەك نیە بۆ ئەو نسبەتەی كە 15 و بۆ 40كە، بەلاْم ئەو بۆ ئەو خەڵكانەیە كە خۆشیان شتێكیان هەیە، پرۆژەیەك تەقدیم دەكەن، بۆ ئەوەی حكومەت دەعمیان بكات، ئێمە مەبەستمان یەك لە ئامانجەكانی ئەو یاسایە وتوومانە هاوكاری كەم كردنەوەی ڕێژەی بێ كاری، بۆ ئەو گەنجانەی كە ئەسڵەن هیچیان نیە، لە سفرەوە دەستی پێ دەكەن، پێشنیاز دەكەم كە فەقەرەیەك زیاد بكرێت، لەوەشیان نیسبەتێك دیاری بكرێت، كە لە پێنج ملیۆن زیاتر نەبێ، یان كەمتر نەبێ، بۆ ئەوانەی كە هەر هیچیان نیە، بێ كارن، خەریكی ئیش پێ كردنی پرۆژەیەكن بۆ بژێوی ژیانی خۆیان، هەروەها ئەگەر نیسبەتی 100ش دابندرێت شتێكی باشترە لەو نسبەتە، بڵێین لە 60٪ ی پرۆژەكە حكومەت هاوكاری دەكات، پرۆژەكە 100ملیۆنی ویست، ئەو تا حەدی 60 ملیۆن هاوكاری بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش، عمر نورەدینی كەرەمكە.

**بەڕێز عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لە ڕاستیدا دیاریكردنی پرۆژە لە ڕووی ئابووریەوە، بەوەی كە گەورەیە یان بچووكە، ڕاستە پێوەرێكی بڕی سەرمایەكەیەتی، بەلاْم وەكو كاك(د.كاوە) وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان ئاماژەی پێدا، پێوەرێكی تریش ئەوەیە، ئەوەی هێزی كارە، من ئێستاش لەگەڵ ئەوەم ئەوەی هێزی كارەكەی بۆ ئیزافە بكرێت، لە 10 كەس زیاتر نەبێت كە لە ناویدا كار دەكەن، چونكە تەنها بە بڕی سەرمایەكە نیە، بە هێزی كاریش دیاری دەكرێت، ئەوە یەك، دوو، هەروەها منیش لەگەڵ ئەوەم كە ئەو بڕەیەی كە حكومەت دەعمی دەكات، بە نیسبەبێ، بە لە سەدا بێت، یان لە 60٪ بێت، یان 70٪ بێت، سەرمایەی پرۆژەكە بۆ خوارەوە، واتە زیاتر نەبێ یان لە 60٪، یان 70٪ زیاتر نەبێ، بە نیسبە دایبنێین نەوەك بە بڕی پارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، عمر عبدالرحمن كەرەمكە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر ویستم تەئکید لەسەر وتەی برادەرەکانم بکەمەوە، ئەو 15ملیۆن دینارەی کە تەخسیس دەکرێت، لەوانەیە پاش ساڵێك، دوو ساڵی تر، قوەی شیرائی دابەزێت و کەم بێتەوە زۆر زۆر، لەبەر ئەوە وەها عەدالەت ترە، بە نیسبەت بڵێین لە 60٪ی رەئس مالەکە موشارەکە دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گۆران ئازاد کەرەمکە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کاك سید شۆرش و کاك عمر کردیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، دانا سعید کەرەمکە.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاریکردنی بڕی پارەکە، پێموایە تووشی ئیشکالێکمان دەکات، ئەمە پێشتریش لەمەسەلەی سولفەی زەواج، وامان بڕیاردا کە هەر ساڵەو بە پێی بودجەی ئەو ساڵە حکومەت چەند ئیمکانیەتی هەیە، بودجەی ئەو ساڵە چەندە ئەو کات دیاری بکرێت، پێموایە ئێستاش ئێمە لێرەوە دیاری بکەین، دیسان تووشی ئیشکال دەبینەوە، لەوانەیە مەجبور بین ساڵێکی تر بیگۆڕین، یاخود مەسەلەی ئەوەی کە باسیان کرد، قوەی شیرا دادەبەزێ یان هەڵدەستێ، ئەوەش تەئسیر لە مەسەلەی ئەو مەبلەغە بکات، ئەو کاتەی کە دیاری دەکەین، بە باوەڕی من مەسەلەی دیاریکردن بە پێی نیسبەتیش بێت، لەوانەیە کەسێك هەبێت هیچ ئیمکانیەتێکی نەبێت، لەوانەیە پێویستی بەوە بێت لە 100٪ ی قەرزەکە وەربگرێت، یەعنی بۆ خودی پڕۆژەکە، ئەوەش دیسان ئیشکال دروست دەکات، بۆیە من پێموایە ئەو ئەوەیە بەجێبهێڵین بۆ وەزارەت بۆ خۆی، وەزارەت بە پێی ئەو معیارانەی کە هەیەتی دیاری بکات پێم باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر کەرەمکە.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لێرە ئێمە باسی ئەو گەنجانە دەکەین کە زۆربەیان تەخەروجیان کردووە، بەڕاستی لە ماڵەوەن و پارەی گیرفانیان لە ماڵەوە لە دایك و باوك وەردەگرن، با ئێمە لێرەوە تەحدیدی ئەوە نەکەین، 15 ملیۆنە یاخود 10 ملیۆنە، لەبەر ئەوەی ئەو بودجەیەی کە بۆمان تەرخان دەکرێت، بەڕاستی من نازانم، من خەمی ئەوەمە ئێستا بڵێم 20 ملیۆنە، دوو مانگی تر و سێ مانگی تر من هەر لێرە بانگ دەکرێمەوە، بڵێن بۆچی ئەو پڕۆژەیە جێبەجێ نەکراوە، بۆیە داوای ئەوە دەکەم، تەحدیدی ئەو دەعمە بە تەعلیماتی

وەزارەت تەحدیدی بکەین، چونکە تاوەکو ئێستا داتای تـەواوم نیـە، چـەندی بـێ کـار هەیـە؟، بـەڵام ڕێـژەی بێکاریمان زۆر زۆرە، بۆیە داوای ئەوە دەکەم ئەمە بـۆ وەزارەت بهێڵێتـەوە، بـە پێـی تـەعلیمات ئـەوە دیـاری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان لەسەر ئەو موداخەلانە، ڕەئی جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە چەند پێشنیارێك هاتە ئاراوە، مەفروز وایە ئـەو پێشـنیارانە یـەکلا بکرێتـەوە، یـەك لـەو پێشـنیارانە ئەوەیـە کـە چـەند ئەنـدامێکی پەرلـەمان ئیشارەتیان پێیـدا، کـە ئەمـە بگەڕێتـەوە بـۆ دەسـەڵاتی وەزیـر، دەسەڵاتی وەزیر بەپێی زروفی ئیقتیصادی بتوانێت دەسـتکاری مەبلـەغی سـولفەکە بکـات، ئەمـە یـەك لـە پێشنیارەکان بوو کە کـرا، یـەك لـەو پێشـنیارانەی کـە کـرا، نیسـبەی میئـەوی، بـە قەناعـەتی مـن نیسـبەی میئەوی ئەگەر دەسەڵاتی وەزیر بێ عەینەن شتە، چونکە ئەو دەتوانێت بـە گوێرەی زروفـی ئیقتیصـادیش زیاد کردنی مەبلەغی سولفەکە بکات، بە پێی ئەو زروفە ئیقتیصادیەی کە هەیـە، بۆیـە بـە قەناعـەتی مـن وابزانم برادەرانیش هاوکارمن، بە نیسبەت حەدی ئەعلایەکە وابزانم کۆ دەنگیـەکی لەسـەر هەیـە، چـونکە کەس ئیعتیرازی لەسـەر نـەگرت، بەنیسـبەت ڕەئـس مـالی مەشـروعەکە، ئـەوە کـۆ دەنگیـەکی لەسـەر هەیـە، بەنیسبەت فەقەرەی دووەمیش کەس ئیعتیرازی لەسەر نیە، ئەوەی موستەفید بـێ هـەر یـەکجار ئیسـتیفادە لە ئەحکامی ئـەو قانونـە دەکـات، جاری دووەم ناتوانێـت ئیسـتیفادەی لێ بکـات، ئەمـەش هـیچ ئیعتیـرازێکـی ئەوتۆی لەسەر نـەبوو، بۆیـە پێویسـتە ئـەو مەسـەلەیە بەڕاسـتی بدرێتـە دەنگدانـەوە، لـە زمنـی دەسـەڵاتی وەزیر بێت یان نەبێت، تەحدید کردنی ئەو مەبلەغە بۆ سولفە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە جەنابی وەزیر.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە باسی ئەوە دەکەین، ئەگەر تەحدید بکرێت بە تەعلیماتی ئێمە، پێشتر وتوومانە ئەنجومەنیمان هەیە، لە دەسەڵاتی من نابێ، ئەو ئەنجومەنەیە دیـاری دەکـات، دیـاری جـەدوای ئـەو ئیقتیصـادیەی کـە پێشکەشـی دەکرێت لە لایەن گەنجەکانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نە، سەقفی پارەکە ئەوەی کە سەلاحیەتی ئەنجومەنەکەو جـەنابی وەزیـر هـەبێ، کـە بیداتـە ئـەو خەڵکـەی موحتـاجن، لـە چـەند زیـاتر نـەبێ، یـەعنی مەبەسـتمان لێرەیـە، چـەند پێشـنیارێك هـەبوو، پێشـنیارێك هەبووڵە 25 زیاتر نەبێ، هەبوو لە 15 زیاتر نەبێ، ئەگەر ئەو سەقفە تەحدید بێ، پاشان بۆ جـەنابتان و

ئەو هەیئەتە ئەمێنێتەوە، کە ئەو پرۆژەیە هەیە، ڕەنگە بە چوار ملیۆن، پێنج ملیۆن بێ، هەیە بە 10 ملیۆنە، لەو بەینە خۆتان قەراری لەسەر دەدەن، کە ئەگەر تەحدید بێ بە ڕەئی ئێمە، سەقفێك هەبێ کە بزاندرێت، بۆ جەنابیشت باشترە، بۆ ئەوەی تووشی ئیشکالات نەبن، کەرەمکە کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەحدیدەکە بەو شکلەیە، بڵێین حەدی ئەعلا ئەوەندە بێ، یەعنی لە مابەینی ڕەقەمی کەم و زیاد، دەسەڵاتی وەزیرە، دەسەڵاتی سەرۆکی ئەو سندوقەیە، یان ئەو مەجلسەیە، ئەتوانم بۆ هەر پڕۆژەیەك نیسبەیەکە، ئەمە بە ڕەئی من لەساڵحی ئەوان دایە، بۆ؟، موراجع دێت بە پێی یاسا 15 ملیۆنە، ناتوانێت زەخت لە جەماعەت بکات، داوای زیاتر بکات، ئەڵێن یاسا 15 ملیۆنە، بەڵام 25 ملیۆن بێت، داوای 25 ملیۆن دەکات، 30 بێت، زەخت دەکات بۆ 30ملیۆن، لەبەر ئەوە 15 ملیۆن ڕەقەمێکی باشە ئەعلا حەد، ئینجا ئەوان بە ئیسراحەتی خۆیان پڕۆژەیەك ئەتوانن 5ملیۆن بدەن، ئێك 10 بدەن، ئێك 4 بدەن، ئەمە یەك، بەنیسبەت ئەو برادەرانەی کە دەڵێن نیسبەی، تەحدیدی پڕۆژەیەك چەند لێ سەرف بویە؟، تێچووەکەی چەندە؟، ئەمەش دەبێتە جێگای نیقاش و دانوستاندن و موراجەعات و واستەو واستەکاری، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوە نیمە، لەسەر ئەساس، هەر تەحدید بکەین، ئەعلا حەد 15 ملیۆنە، ئیتر کەمتر زیاتر دەسەڵاتی ئەنجومەنی سندوقە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش کەرەمکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیجازەم پێ بدەی، دیارە بەنیسبەت سولفەکە ڕەنگە مەشروعێك سێ، چوار گەنج تێدا ئیتیفاق بکەن، مەشروعێکی موشتەرەك دابنێن، بە قەناعەتی ئێمە، هەر گەنجێك هەقی خۆیەتی تەمەتوع بکات بەو سولفەیەی کە هاتووە، بەڵام خۆی بە موشارەکە دەیکات ئەو مەوزوعێکی ترە، بەڵام هەر گەنجێك هەقی خۆیەتی هەتا لە حاڵەتی موشارەکەش، تەمەتوع بکات بە سولفەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە یەك ڕوونکردنەوەیەك کاك شێروان ئەڵێت لە 15 دەرباز نەبێت، یەعنی هاوکاریەکە 15 ملیۆن بێت، بەڵام 5کەس بەشدار بوو، هەریەکی 15ی وەرگرت، بۆیە ئەبێ سیاغەیەکی باشتر.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە ئەڵێین لە 25 ملیۆن زیاتر نەبێ، مەبەستمان ئەوە نیە کە ئیلا 25 ملیۆن بێ، ئێمە ئەمانەوێت کارێکی پرۆفیشنەڵانە بکەین، جەدوای ئیقتیصادی تەقدیم کردووە، ئەو کەسە، پڕۆژەکەی 40 ملیۆنە،

حكومەت مولزەمە بەوەی کە لە 60٪ی پارەکەی پێ بدات، ئەمە لەو لایەنەوە، لە لایـەنێکی تـرەوە، ئەگـەر ئێمە وای لێ بێت گەنجەکانی ئێمە پێکەوە بتوانن مەشروعێك بکەن، کـە بکاتـە موشـتەرەك، ببێتـە نـەوەك پرۆژەی بچووك، بگاتە ئاستی مام ناوەندیش، خۆ زۆر زۆر ئاساییە ئەگەر ئێمە تەشجیعی بکەین، ئەمـە بـۆ تەنمیەی سناعیشمان زۆر زۆر موهیمە، بەلاَم هەتا ئێستا ئەو حالەتانـە باوەڕناکـەم ڕوویـدابێ، بۆیـە ئـەڵێم ئەگەر ئەو پارەیە، ئێمە بڵێین ئەو لیژنەیە هەتا 25 ملیۆن بۆی هەیە، بەس بۆی نیە زیاتر بـدات، یـەعنی جۆرێك لە قەید دادەنێین لەسەریان، لەوە زیاتر نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دووبارە کێ ئەیەوێت لەسەری قسە بکات ناوتان دەنووسمەوە، چونکە هەمووی نیزامیە، هەمووشـی قسـەیە، سالم تۆما، خلیل عثمان، تارا اسعدی، بشیر خلیل، شوان کـریم، سـەروەر عبـدالرحمان، صـبیحە احمـد، دلێـر محمود، گۆران ئازاد، ئەم بەڕێزانە ئەیانەوێت قسە بکەن، کەسی تر ماوە، دوایی نیزامی نیە، ئیمڕۆ نیزامـی بە کەستان نادەم، چونکە هەمووی بۆ قسە کردنە، کەرەمکە.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێتو ئەوەی موستەفید بێ لە قەرزەکە زیاتر لەیەك کەس بوو بۆ نەفسی پـرۆژە، پرۆژەکـە ئەسـلەن زەمانە بۆ دانەوەی قەرزەکە، ئەوە یەك، دوو، کە زیاتر بوون لە یەك، مومکینە سەقفەکەی بەرز بێت، ئـەو وەختە هەقی هەیـە ئیسـتیفادە بکـات لـە بـانکی پیشەسـازی، نـە لـە وەزارەتـی کـارو کاروبـاری کۆمەلاَیـەتی، ئەچێتە بانکی پیشەسازی لەوێ قەرز وەردەگرێتەوە، بۆیە هـەر پێویسـتە نسـبەیەك وا تەحدیـد بکـرێ، لـە 60٪ ئـاوا لـە پرۆژەکـە، بـۆ ئـەوەی یـەك کـەس ئیسـتیفادە بکـات، چـونکە ئەگـەر بوونـە دوو، سـێ سـەقفی سەرمایەی پرۆژەکە بەرز دەبێتەوە، هەقی هەیە ئیستیفادە لە بانکی پیشەسازی وەربگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل کەرەمکە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەگەر مەشروعەکە موشتەرەك بوو لە بەینی سێ چوار کەس، با نیوەی مەبلەغی موقـەرەربێ، یـەعنی ئـەو مەبلەغـەی کـە لێـرە قـەراری لێ دەدرێـت، مەشـروعەکە موشـتەرەك بـوو، بـا نیـوەی مەبلـەغی موقەرەر بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان کەرەمکە.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەم کە 15ملیۆن بۆ ئەمڕۆ بەڕاستی مەشروعەکەی پێ ئەوە نابێت، لەبەر ئەوە کەمترین شت لە بەینی 20، 25 ملیۆنێك بێت، تاوەکو ئەنجومەنەکە و وەزیریش دەست والآییەکی هەبێ بۆ ئەو گەنجانە، بتواندرێت ئەگەر چەند کەسێك لەگەڵ یەك مەشروعێك بکەن، وابزانم بۆ مەشروعە، پارەکە، نەوەك بۆ کەسەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بشیر کەرەمکە.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەرە ڕەئیم وایە کە پێدانی سولفەکە لەسەر ئەساسی مەشروع بێت، لەسەر ئەساسی ئەو شەخسە نەبێ، لەوانەیە جاری وا هەیە لە سێ نەفەر زیاترە، لە پێنج نەفەر زیاترە، 10 نەفەرە، مەعقول نیە 10 نەفەر هەر ئەوەندەیان بدەیێ، دوایی 15 ملیۆنەکەش بەڕاستی سەقفێکی زۆر زۆر کەمە، لە 25 کەمتر نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان کەرەمکە.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەو دەست پێ دەکەم، پرسیارێکم هەیە لەسەر قسەیەکی بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەلآیەتی، کە وتی چەندین دەرچووی زانکۆمان هەیە بێ ئیش و بێ کارن، پارە لە ماڵی خۆیان وەردەگرن، لێرەوە من ئەو پرسیارە دەکەم ئەم یاسایە بۆ ئەوانەیە کە تەنها دەرچووی زانکۆ و دەرچووی پەیمانگاو پلەکانی خوێندنن؟، یان بۆ ئەوەشە کە هیچ خوێندنێکیشی نەخوێندووە، بێ کارە؟، یەعنی ئەمەوێ ئەوە بە هەق مولاحەزە بکرێت، ئەمە یەکەم، دووەم، ئەوەی دەوترێ ئەگەر چەند کەسێك لە پڕۆژەیەك بەشدار بن و داواکاریەك پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی سولفە وەربگرن، بۆ هەر یەکەیان ئەو سەقفەی کە دانراوە، ئەو پارەیە وەربگیرێ، من پێموایە ئەوە باش نابێ، چونکە لە حەدی خۆی تێ دەپەڕێ، نەکەس پڕۆژەیەك تەقدیم دەکات، لەو فەرەزنا ئێمە قەرارمان لەسەر 15 دا، 10، 15 ملیۆنی دەکاتە 150 ملیۆن، سەقفەکەش تەحدید کراوە بە 44 ملیۆن، من پێموایە تەڵەبەکە بە دەرەجەی ڕەئیسی لەسەر خودی پڕۆژەکەیە، چەند کەس تیایدا بەشدارە، ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە، بەنیسبەت پارەکەشەوە کە تەحدید کراوە بە 15ملیۆن، من پێموایە 15ملیۆن کەمە، باشتر وایە کە بە نیسبەت بێ، نیسبەتێك لە تێچووی سەرجەمی پڕۆژەکە چەندە؟، بەلآم لە 50٪ کەمتر نەبێ، بەڕاستی بۆ ئەوەی بتوانن، چونکە ئەیدەی بە کەسێك کە ئیمکانیەتی هیچ شتێکی نیە، بێ ئیشە دەرامەتیشی کەمە، چۆن ئەو پارەیەی تر لە کوێ پەیدا دەکات بۆ ئەوەی پڕۆژەکەی دەست پێ بکات؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەروەر کەرەمکە.

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو پڕۆژەیە کەوا ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەین، بەڕاستی لەسەرەتاشەوە لەبەیانیەوە کەوا قسەی لەسەر دەکەین، باسی ئەوە دەکەین دەڵێین بۆ لاوی بێ کارە، بۆ ئەوانەیە کە وا هیچیان نیە، پێشتر ئیشارەتیشی پێ دراوە، بۆیە ئەوانەی کەوا هیچیان نیە، من نازانم ئێمە چۆن دەتوانین ڕێژەی بۆ دابنێین، لاوێك کەوا هیچی نیە، نیسبەی چەندی بۆ دادەنێی بێت ئەمە بکات، بۆیە ئەو یاسایە کە دەری دەکەین پێویستە ئێمە حیسابی شتێك بکەین، تەنها یاسایەك دەرنەکەین لە پێناوی یاسادا، یاسایەکی واقعی بێ، ئێمە ئەو چەند ڕۆژەی داهاتوو، پرۆژە یاسای بودجەمان لەبەر دەستدایە، ئێمە لێرەدا کە گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکەین، تاوەکو ئێستا ئەسلەن بیرو ڕای بەڕێز وەزیری داراییشمان وەرنەگرتووە، لەو بابەتانە پێویستە حیساب بۆ ئەوەش بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت ئێمە بارەکە ئەوەندە قورس بکەین، پڕۆژە یاسایەك دەربکەین، کەوا ببێت بە یاساو لە دواتردا جێبەجێ نەکرێت، هەم عەیبێکە بۆ پەرلەمان، هەم کێشە دروست دەکات بۆ حکومەتیش، بۆیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من ئەسلەن حەز دەکەم 15 نەبێ، 150 ملیۆن بێ، بەلاًم ئایا بودجەی ئێمە ئەمە هەڵدەگرێت، ئێمە لەو حیساباتانەی کەوا هەمانە، لەو پڕۆژانەی کەوا دانراون، ئەگەر لەبیرمان بێ، ساڵی ڕابردوو بڕی 120 ملیار دانرا بۆ توانا سازی کە پارەیەکی زۆر بوو، ئەمە ئەگەر بتوانین ئێمە باس لەوە بکەین، بۆ ئەوەی زۆرترین لاوی بێ کار سوودمەند بێ لەو پڕۆژەیە 15 ملیۆن بێ، زیاتر نەبێ، 15 ملیۆن ئەگەر حیسابی بکەین، 10 هەزار گەنج سوودی لێ وەربگرێت، ئەوە دەکات 150 ملیار، 150ملیار زۆر زۆرە، هەر بۆیە ئەگەر لەو حەدە تێپەڕێت، من پێموایە هەم بودجە تەحەمولی ناکات، هەم پڕۆژەکەش وەکو پێویست نابێ، هەر بۆیە پێم باشە بەڕاستی نیسبەکەی دیاری بکرێت، 150 ملیۆن بێت، بەلاًم بەمەرجێك بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەلاًیەتیش لێرەیە، یەك بەدواداچوون بکرێت، دوو، وەکو ئەو بڕە پارەیەکی لێ نەیەت کە لە ساڵی ڕابردوو ئێمە بۆ مەسەلەی قەرزی عەقار کەوا دامان ناوە، تاوەکو ئێستاشی لەگەڵ بێ وابزانم نسبەیەکی کەمی سەرف کراوە، بۆ ئەوەی بتواندرێت هەموو پارەکە سەرف بکرێت بۆ میکانیزمێکی باش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، صبیحە خان کەرەمکە.

**بەڕێز صبیحە احمد مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەگەر یەك كەس، یان دوو كەس داوای قەرزەكەی بكەن، پێی بدرێت، وە نیسبەكەی لە 60٪ كەمتر نەبێ، چونكە ئەم مەبلەغەی كە پێی دەدرێت بۆ یەك پرۆژەیە، وە پرۆژەكەش لە 40ملیۆن تێپەڕناكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دلێر كەرەمكە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە سەقفێكی زەمەنی دابندرێت، ئەویش كە بریتی بێت لە 20 ملیۆن، 20 ملیۆن بۆ هەر پرۆژەیەك، ئەگەر لە دوو كەس و زیاتر بوو، دووقات بێت، چونكە ئەوەی كە لە پرۆژە یاسای بودجەی 2011دا دەست نیشان كراوە، 25 ملیارە، ئەو 25 ملیار دینارە، ئەگەر 20ملیار بێت، بەشی 1250مەشروع دەكات، بەلاَم ئەوەی كە لە دوو كەس و زیاتر، گرووپێكە و یەعنی پرۆژەیەك دابنێین زۆری تێ دەچێت، ئەمەیان ئەتوانن بچن لەسەروو ئەو هینەوە، ئەو بڕەوە كە وتمان 20 ملیۆن، یان دوو كەس زیاتر بێت، دوو ئەوەندە بێت، ئەتوانن بچن سوود لە بانكی پیشەسازی وەربگرن، كە لە بودجەدا بڕێكیش دەست نیشان كراوە بۆ ئەو بابەتە، لەهەمان كاتدا من پێم باشە، دابەش كردنی ئەم پرۆژانەش، بە پێی ژمارەی دانیشتوان بەسەر پارێزگاكان و ئیدارەی گەرمیان دابەش بكرێت، ئەم پارێزگاو ئەو پارێزگا بكرێت، ئەگەر چەند مەشروع بكات بەپێی پارەكە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك گۆران كەرەمكە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەمەوێ ئاماژە بەو بدەم كە ئێمە ئەمڕۆ گفتوگۆی لەسەر دەكەین، ئەمە كە دەردەچێت یاسایە، دەستكاری كردنی یاسا، ئالیەت و ئیجرائاتێكی هەیە قورسترە، ئێمە لە زووتردا پرۆژە یاسای سولفەی زەواجمان لێرەدا تەئجیل كرد، تا پەسەند كردنی بودجە، لەبەر ئەوەی كۆك نەبووین لەسەر دیاریكردنی بڕێك، ئەو قسانەمان كرد كەوا ساڵانە مەسەلەی مالی هەڵكشان دەبێت، داكشان دەبێت، دەگۆڕێت، ئەمە یاسایە پێویستی بە تەعدیلە، من پێموایە هەموو ئەو موبەریرانەی مەسەلەی سولفەی زەواج، هەمان موبەریر لێرەدا وجودی هەیە، ئەمە یەك، دوو، ئێمە قسەمان لەسەر ئەوەیە ڕاستە ئێمە دەمانەوێ دەست گیرۆیی هەموو گەنجێك بكەین، گەنجێك ئەگەر 25 ملیۆنی هەیە، گەنجێك ئەگەر هیچی نیە، بەلاَم لە ڕووی ستراتیجی كارو پلانی كاری وەزارەتەكەو ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان و هەموو موئەسەسەیەك، بە تەئكید تۆ یەكەم جار دەبێت ئیهتیمام بەو گەنجە بدەی كە ملیۆنێكی پێویستە بۆ ئەوەی كارێك بكات، نەوەك ئەوەی 25 ملیۆنی هەیە، حكومەت گریمان 5 ملیۆنی دیكەی دەداتێ بۆ ئەوەی بچێت ببێت بە 30

ملیۆن و له مەشروعێکیدا سەرفی بکات، بۆیە دەست نیشان کردنی رەئس مالی مەشروع، هەتا دەگاتە مەسەلەی 40 ملیۆنەکە، بەگوێرەی ئەوە بێت، ئەگەر 25 ملیۆنی هەبێ ئاساییە، ئەگەر حکومەت 15 ی دیکەی بداتێ، یاخود 5ملیۆنی بداتێ، لەوانەیە پاش مودەیەکی زەمەنی گەنجێك دەچێت داوای دوو ملیۆن دەکات، بەلأم ئەم سندوقە پارەی تیا نەماوەو بێ بەش دەبێ، بۆیە بەڕاستی ئەو کاتە پێم وانیە ئەم یاسایە خزمەت بە گەنج بکات، کۆتایی قسەکەم ئەوەیە کەوا لە یاسادا لەگەڵ دیاریکردنی بڕنین، لەبەر ئەوەی ئەمە یاسایە، گۆڕانکاری بەسەردادێت، ئێمە ئەنجومەنێکی گەورەمان داناوە بۆ دیراسە کردنی مەسەلەی ئابووری، قسەش لەسەر ئەوە دەکرێت، ئایا گەنجێك وەردەگرێت یان دوو وەردەگرێت، ئێمە ڕاستە دەیدەین بە گەنجەکە، بەلأم لە ستراتیجدا دەیدەین بە پڕۆژە، کەواتە دوو گەنج، سێ گەنج دەیانەوێ لەیەك پڕۆژەدا ئیش بکەن وەردەگرن، ئەگەر ویستیان هەر کەس بە پڕۆژەی خۆیان سەربەخۆ ئیش بکەن، هەر وەردەگرن، کەواتە ئێمە مەبەستمان لە پێدانە، بەیەك پڕۆژە، بۆ یەکجار سوودمەند دەبێ، یەك پڕۆژەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر کەرەمکە.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەلأیەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەك پێشتر وتم، لە 15 ملیۆن تێپەڕ نەکات، سەبارەت بەوەی کەباسی ئەو لاوەم کرد کە دەرچووی زانکۆیە، ئێمە بە تەعلیمات ئەو سوودمەندانەمان دیاری کردووە، کە سوود وەردەگرن لەو قەرزە، نەوجەوانانیشی تیایە، هەروها ئەو کەسانەشی تیایە کە حوکم دراون و پاش ئەوەی کە حوکمەکەیان تەواو دەکەن لە چاکسازیەکان، ئەوانیش بۆیان هەیە کە سوودمەند بن لەو قەرزە، ئێستاش داوای ئەوە دەکەم کە لە 15 ملیۆنەکە تێپەڕنەکات، تەحدیدی ئەوە لەسەر پڕۆژەکان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش، ئاخیر سیاغەتان، کاك کاوە کەرەمکە.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس بۆ مەعلومات، ئەو پارەیەی کەهەیە، تەخسیس کراو لە بودجە 25 ملیارە، بەلأم 25 ملیار بۆ هەمووی نیە، ئەو 25 ملیارە نزیکەی نۆ ملیاری سەرف دەبێ، بۆ پڕۆژەی دۆزینەوەی فرسەتی کار، لە کەرتی تایبەت بە دەعمی حکومی، ئەو ژمارەیەیەی کە تەرخانکراوە دابینی بکەین، یەعنی لە سالێك 9 ملیاری بۆ دەچێت، یەعنی تەقریبەن 16، 15 ملیار دەمێنێتەوە، ئەمە یەك، دووەم، حالەتی نیسبە، زەحمەتە بەنیسبە دایبنێی، چونکە ئەگەر بە نیسبە دایبنێی بلێی نیوەی پڕۆژەکە ئەدەم، ئەگەر

پرۆژەیەك پێویستی بە 10 ملیۆن بوو، ئەبێ 5 ملیۆنی بدەیتێ ئەو كاتە، لەكاتێك ئەتوانی هەر 10ملیۆنەكەی بدەیتێ، یەعنی زیاتر خزمەتی دەكات بێ نیسبە، سێیەم شت، مەسەلەكە بۆ پرۆژەیە نەوەك بۆ ئەفراد، چونكە بۆ ئەوەی تەحایولی قانونیش نەبێ لەسەر مەسەلەكە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەشت خۆش، لیژنەی هاوبەش ئاخیر سیاغەتان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

1- تكون المشاريع المشمولة باحكام هذا القانون، هي المشاريع التى لا تتجاوز رأسمالها عن اربعين مليون دينار عيراقى.

2- لايجوز ان يتجاوز مبلغ السلفة للمشاريع المشمولة باحكام هذا القانون عن خمسة عشره مليون دينار عيراقى.

3- لايجوز للمستفيد الحصول على السلفة بموجب احكام هذا القانون لاكثر من مرة واحدة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیش كەرەمكە.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم:

یەك: ئەو پرۆژانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، دەبێ سەرمایەی لە 40 ملیۆن دیناری عیراقی تێپەڕنەكات.

دوو: نابێت بڕی قەرزی ئەو پرۆژانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە 15 ملیۆن دینار زیاتر بێت.

سێ: نابێت هەر سوودمەندێك لە یەكجار زیاتر قەرز وەربگرێت بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، سوپاس، كێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بكاتەوە؟، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، بۆ ماددەی 7 كەرەمكە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم لە ئەسڵی پرۆژەكە دەبێتە ماددەی حەوتەم، لەبەر ئەوەی ماددەیەكمان زیاد كرد.

ماددەی حەوتەم:

پێدانی پێشینە (سولفە) بە لاوان یان بە کۆمەڵە لاوێکی بەشدار بوو لە سندوق بۆ پـڕۆژە بچووکەکان بـەم مەرجانەی خوارەوە دەبێت:

یەك: پێویستە لاو بێت.

دوو: پێویستە فەرمانبەر نەبێت لە دەزگا حکومیەکان یان لە کەرتی تایبەت.

سێ: پێویستە توانای دارایی لاواز بێت یان سنووردار بێت، ئەمەش بە بەڵێنێك دەبێت کە پەسـەند کرابێـت لە لایەن داد نووسەوە.

چوار: دەبێت لاوەکە لێکۆڵینەوەیەك لە بارەی سـوودی ئـابووری ئـەو پڕۆژەیـە پێشکەش بکـات کـە بـەنیازە ئەنجامی بدات.

پێنج: دەبێت پڕۆژەکە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی سندوق تۆمار بکرێت.

شەش: دەبێت پڕۆژەکە خزمەتی یەکێك لە کەرتـەکانی گەشـەپێدان لـە هەرێمـدا بکـات واتـە(خزمـەت بـەو کەرتە بکات).

حەوت: پێشینەکە بە پێی ئەو مەرج و بەرزەفتانە دەدرێت کە وەزارەت دەست نیشانیان دەکات.

وەزارەت، لەبــەر ئــەوەی مــاددەی یــەك پێناســەکەمان هــەڵگرت، دەبێــت لێــرە وەزارەتــی کــارو کاروبــاری کۆمەڵایەتی ئەگەر لە دەسەڵاتی ئەو مایەو ناوی وەزارەتەکە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیش کەرەمکە.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

يتم منح السلفة للشاب او مجموعة من الشباب مشاركة من الصندوق المشاريع الصغيرة وفق الشروط الاتية:

1- ان يكون شاباً.

2- ان لايكون موظفاً لدى المؤسسات الحكومية او القطاع الخاص.

3- ان يكون من ذوي الامكانات المالية الضعيفة او المحدودة وذلك بتعهد مصدق من قبل كاتب العدل.

4- ان يقدم شاب دراسة الجدوى الاقتصادية للمشروع الذي ينوي القيام به.

5- ان يتم تسجيل المشروع لدى الادارة الصندوق.

6- ان يخدم المشروع احدى القطاعات التنموية في الاقليم.

7- تمنح السلفة وفق ضوابط تحددها الوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ ئەیەوێت قسەبکات، دلێر، گەشە دارا، گۆران، قادر حسن، عمر عبدالرحمن، عبدالسلام بەرواری، صبیحە احمد، شیلان عبدالجبار، کاوە محمدامین، ، شوان کریم، شلێر محی الدین، شڤان احمد، شلێر محمد، سەروەر عبدالرحمن، سمیرە گۆران، ئاراس حسین، خلیل عثمان، حسن محمد، جمال طاهر، تارا عبدالرزاق، تارا ئەسعەدی، بێریڤان سەرهەنگ، ئامینە زکری، ئەڤین عمر، بشیر خلیل، سۆزان شهاب، ئەمیر گۆگە، شێردڵ تەحسین، ئەم بەڕێزانە ئەیانەوێ موداخەلە بکەن، کاك دلێر کەرەمکە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی حەوتەم بڕگەی یەکەم، من بە پێویستی نازانم لێرە هەبێ، لەبەر ئەوەی لە ماددەی یەکەم ئێمە ئیشارەتمان پێی داوە، کە ئەم پڕۆژەیە پڕۆژەی پاڵپشتی گەنجانە، تەمەنیشمان دەستنیشان کردووە، بەنیسبەت دووەم، کە ئەڵێت پێویستە فەرمانبەر نەبێت لە دەزگا حکومیەکان یان لە کەرتی تایبەت، من پێم باشە تەنها فەرمانبەر نەبێت لە دەزگا حکومیەکان، کەرتی تایبەت خۆی کەرتی تایبەتە، چونکە کەرتی تایبەت هەقی خۆیەتی، لە کەرتی تایبەت زیاتر پڕۆژە وەردەگرێت، چونکە پڕۆژەکان پڕۆژەی ئابوورین، بە قەناعەتی من دەبێت خاڵێکی تری بۆ زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی ئەم پڕۆژانە لە بوارێك لە بوارەکانی ئابووریدا، خزمەت بە گەشەکردنی ئابووری وڵات بگەیەنێت، نەوەکو بۆ بواری تر بڕوات، چونکە بۆ بواری ئابووریە زیاتر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گەشە دارا کەرەمکە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی یەکەم، کە دەڵێت پێویستە لاو بێت، پێویستە هەڵگری ڕەگەزنامەی عیراقیش بێت، دانیشتووی ناوەوەی هەرێمیش بێت، یەعنی ئەو پڕۆژەیە نەباتە دەرەوەی هەرێم، لە هیچ دامو دەزگایەکی حکومی و ناحکومی دانەمەزرابێت، پێموایە ئەمە لە ڕاپۆرتە کوردیەکە بە هەڵە هاتووە، لە عەرەبیەکە بەم شێوەیە نیە، ئەڵێت (لایکون) خاڵی شەشەم کە دەڵێت پڕۆژەکە خزمەتی یەکێك لە کەرتەکانی گەشەپێدانی هەرێمدا بکات، من پێموایە خاڵی چوار هەر لەم ماددەیە هەمان شت دەگرێتەوە، دیراسەی جەدوای ئیقتیسادی لەم پڕۆژەدا دەکرێت، خزمەت بە ئابووری کوردستان دەکات، پێم باشە میکانیزمێك دابندرێت بۆ ئەو لاوانەی کە کەم دەرامەتن، یەعنی ئەولەویەتیان بدرێتێ، بۆ نموونە، باس لەوە دەکەین کە پڕۆژەیەکە بایی 40 ملیۆنە، ئەو شتێکی هەیە، یەعنی پێشینەیەکی هەیە کە بتوانێت پڕۆژەکە بکات، ئەی کە لاوێك هیچ کارێکی نیە؟، ئەولەویەت بدرێت بەوانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران کەرەمکە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس قسەكانی من گەشە خان كردی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

قادر حسن كەرەمكە.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە قسەكانی گەشە خان دەكەم، كە دەڵێت دەبێت لاو بێت، پێویستە هەڵگری ڕەگەزنامەو ناسنامەی عیراقی بێت و دانیشتووی هەرێمی كوردستان بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

عمر عبدالرحمن كەرەمكە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەسەر ئەوەی كە فەقەرەیەكی ئەم ماددەیە لابرێت، چونكە یاسایەكە تایبەتە بە گەنجان، ئیتر پێویست ناكات شەرتی گەنج بێت، فەقەرەی دووەمی(ان لایكون موظفاً لدی المؤسسات الحكومیة والقطاع الخاص) ئەوەی لە قتاعی خاس ئیش دەكات مۆزەف نیە، مۆزەف ئەوەیە كە قانونی خدمەو میلاكی بەسەردا تەتبیق دەكرێت، فەقەرە سێ، زەوی ئیمكانیاتی مالی زەعیفەو مەحدودە، بە تەعاهدێكی كاتب عدل، ئیختیساسی كاتب عدل ئەوە نیە تەقدیری مەقدەری مالی خەڵك بكات، بزانێت زەعیفە یان مەحدودە، ئیختیساسی كاتب عەدل بە گوێرەی قانونی ڕەقەم 24 ی كتاب العدول، تەصدیق و تەوثیقی وثائیقة، لەبەر ئەوە ئەمە زیادە لێرە ئەو فەقەرەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش، عبدالسلام بەرواری كەرەمكە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش ئەڵێم لە كەرتی تایبەت فەرمانبەر نیە، بۆیە بە تەسەوری من هەر لایدەین، ئەسلەن ئێمە یەكێك لە كەرتی تایبەت ئیش دەكات، ئەیەوێت ئیشێكی ترو پرۆژیەكی باشتر بكات، نابێت ڕێگەی لێ بگرین، بەڵام ئەمەش حەل كراوە لە خاڵی سێیەم، كە باسی لاوازی و شت، واتە ئەگەر فعلەن لە كەرتی تایبەت ئیش

دەكات، وەزعی لاوازەو یان سنووردارە، بۆ ڕێگەی لێ بگرین ئەگەر پرۆژەیەك بكات، وەزعی ئیقتیسادی خۆی بگۆڕێت، ئەو كەلیمەیە یان لەكەرتی تایبەت هەڵبگیرێ، من ئەڵێم ئەوەی شەشەمیش ڕەنگە موشكیلەیەك ببێت لە كاتی دانانی پێشینەكە، پرۆژەكە خزمەتی یەكێك لە كەرتەكانی گەشەپێدان لە هەرێمدا بكات، من ئەگەر دەرفەت ببینم كوشكەكی بچووك چاك بكەم قەهوە بفرۆشم بەیانیان، ئەگەر یەكێك بە من بڵێت ئەو بەشداری ناكات لە گەشەپێدانی هەرێم، كەچی ئەو ئەبێتە مەصدەری ڕزقی من، ئەو شتە بە تەسەوری من مەتاتیەو ڕێگە لە خەڵك دەگرێت، ئێمە ئەمانەوێ مەجال بدەین ئەوانەی بژێویان نیە، بۆخۆیان جێگایەك بدۆزنەوە، ئەمانەوێ بەشدار ببن لە تەنمیەی كوردستان، بە تەسەوری من سیاغەیەكی گشتی عامەو ڕێگاش دەگرێت یەعنی بەهانەیە، پێنجەم، چونكە خۆی لێكۆڵینەوەی كردووەو سوودی هەیە، واتە ئەو سوود وەردەگرێت، خەڵكی تریش سوود وەردەگرێت، بەڵام ئەم گەشە پێدانە نازانم، پێنجەم، من تێناگەم پرۆژەكە دەبێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی سندوق تۆمار بكرێت، بۆ تۆماربكرێت؟، بڵێین دەبێ پێشكەشی داواكاریەك بۆ سندوق بكات، تۆمار كردن یانی چی؟، نووسراو پێشكەشی ئەنجومەن بكرێت، تۆماربكرێت لە سندوق، خۆ ئەوە نیە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

صبیحە خان كەرەمكە،

**بەڕێز صبیحە احمد مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی 7م خاڵی یەكەم، چونكە ئێمە ئێستا لە كۆمەڵگەیەك دەژین، بواری كار زۆر بۆ ئافرەت نەڕەخساوە، بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی كە لە ماڵەوەن، یان ئەو ئافرەتانەی كە نەخوێندەوارن، لەم خاڵەدا فەقەت ئیشارەت بە لاو كراوە، بەڕاستی من مەترسی ئەوەم هەیە، كە ئەم ناوە لاوە لێرەدا فەقەت ئیشارەت بە ڕەگەزی نێر بكرێت، بۆیە پێم باشە كە لە دوای كەلیمەی لاو، لەناو كەوانەیەك ئیشارەت بەڕەگەزی نێرو مێ بكرێت، بەنیسبەت خاڵی دووەم، پرسیارێكم هەیە، بەنیسبەت ئەو لاوانەی كە فەرمانبەرن، ئەمە ڕاتبیان لە 250 هەزار، تا 300 هەزار زیاتر نیە، بەڵكو ئەوانیش پێیان باشە ئیستیفادە لەو قەرزە بچووكانە بكەن، ئەوجا پرسیار ئاراستەی وەزیری كارو باری كۆمەڵایەتی دەكەم، كە ئایا ئەوانە دەتوانن لەو قەرزە ئیستیفادە بكەن یان نا؟، بەنیسبەت خاڵی شەشەم، بەڕاستی ئەو خاڵەم پێ زیادە، یەعنی هەر نەمێنێت لەناو ماددەكە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

شیلان عبدالجبار كەرەمكە.

**بەڕێز شیلان عبدالجبار عبدالغنی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 7م برگەی یەك، (ان یكون شابا) یا ژ من ڤە هەر زێدەیە نەمینێتن باشە، ژبەر ئەوە تەحصیل حاصلە، هەر ناڤێ پرۆژە یاساییدا هاتیە، کە ئەوە پرۆژە یاسایەکە گرێدایە، هەم تەعریفا وان ژ هاتیە کو ئێکە تەمەنێ وێ 16-35 یە، ئەوجا ئەز بینم برگا ئێکێ زێدەیە نەمینێتن باشە، سەبارەت برگا دووێ، عەینی ڕەئی من هەیە وەکی هەڤالاً من صبیحە خان، کو فەرمانبەر نەبیتن ل دەزگای حکومی یان کەرتێ تایبەت، بەس مادەم مە نموونە گەلەکێت هەین، فەرمانبەرە بەس توانای دارایی لاوازە یان سنووردارە، یا ژ ئەو برگا دووێ و سێیێ تەناقوزەك دگەل ئێك و دووێ هەیە، ئەگەر برگا دووێ نەمینێتن، ئەو فەرمانبەر بیتن، بەلێ توانای دارایی لاواز بیتن یان سنووردار بیتن، ئەو ژی بێ بەش نەبیتن ڤێ سلفێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاوە محمدامین کەرەمکە.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە برگەی دوو پێویستە فەرمانبەر نەبێ لە دەزگا حکومیەکان یان کەرتی تایبەت، من پێم باشە کەرتی تایبەت لابرێت، ئەگەر ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت، باشترە ئەگەر دەرچووی ئامادەیی و پەیمانگا پیشەییەکان بێت، لەبەر ئەوەی وەکو خۆمان دەزانین زەختێکی زۆر هەیە، لە خەریج کە لە دام و دەزگا حکومیەکان دانامەزرێن، میلاکات کەمە، ئەوە لێرە دەتوانی جێگەیان بکەیەوە و تۆماتیکیەن خۆی دەبێتە کەرتی تایبەت، خالی پێنجەم دەبێت پرۆژەکە لە لای بەڕێوەبەرایەتی سندوق تۆمار بکرێت، ئەوە لە ماددەی پێنجەم کە کرا بە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوق، ئەوە بەڕێوەبەرایەتیە چاك بکرێتەوە، لە خالی حەوتەم، پێشینەکە بە پێی ئەو مەرج و بەرزەفتانە دەدرێت، کە وەزارەت دەستنیشانیان دەکات، بەڕاستی بەرزەفت لێرە مانایەکی تەواو نادات، پێشینەکە بەپێی ئەو مەرج و ڕێنماییانە، ئەگەر بەرزەفتەکە لابدرێت، ئەگەر لاش نەدرێت بۆ ئەوەی جوملەکە لاسەنگ نەبێت، بەپێی ئەو مەرج و ڕێنماییانە یاخود هەر ئەوە بمێنێتەوە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شوان کریم کەرەمکە.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەتا ئێستا وا لەم پرۆژە یاسایە تێگەیشتووم کە ئەو هاوکاریە، ئەو پێشینەیە بۆ سەرجەمی لاوانە بە خوێندەوارو نەخوێندەوارە، بەلاًم خالی چواری ماددەی 7، ئەو مەترسیەم لا دروست دەکاتەوە کە تۆزێك

لەمەوپێش پرسیارەکەم لە بەڕێز وەزیر کرد، وتم باسی دەرچوانی زانکۆی کردووە، یان دەرچوانی پلەیەکی خوێندنی کردووە، بۆ ئەوانەی کە نەخوێندەوارن چۆن ئەتوانێت بەحسێ تەقدیم بکات بە جەدوای ئیقتیسادی ئەو پڕۆژەیە؟، ئەو پرسیارەم تکایە وەڵامم بدەنەوە زەحمەت نەبێ، ئەوە یەك، دوو، ئێمە لێرە لە ماددەی 7، شەش مەرجمان داناوە بۆ وەرگرتنی پێشینەکە، دوایش هاتووینەتەوە لە خاڵی حەوتەم هەم دیسان کۆمەڵێ مەرجی تر داوا دەکەین لەوەزارەتەوە تەحدید دەکرێت بۆ وەرگرتنی ئەو پێشینەیە، بەڕاستی ئەمە ئەوەندەی ڕێگریە، ئەوەندە تەسهیلات نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر محی الدین کەرەمکە.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی زۆربەی قسەکانم کرا، بەلاَم ئەمنیش هاوڕام لەگەڵ هاوکارانم، خاڵی یەکەم پێویستە لاو بێت، وابزانم ئەوە هەر تەحصیل حاصلە، چونکە خۆی لە ماددەکە دەڵێت پێشینەی لاوان، دووبارە مەرجەکە لێرە دەڵێت لاو بێت، لێرەش لە ماددەی یەکەم هەر باسی لاو کراوە، لە هەموو پڕۆژەکە، لە خاڵی چوارەم دەڵێت دەبێ لاوەکە لێکۆڵینەوەیەك لە بارەی سوودی ئابووری ئەوە پڕۆژەیە پێشکەش بکات، لێکۆڵینەوە تەحقیقە، یەعنی تەحقیق لە چ پێشکەش بکات؟، لە جیاتی ئەو لێکۆڵینەوەیە ببێتە پوختەی پڕۆژە، ، یان ببێتە پڕۆپۆزەڵ، کە دەبێت پرۆپۆزەڵەك تەقدیم بکات، نەوەك لێکۆڵینەوە، لە ماددەی پێنجەمیش، هەر دیسان دەربارەی زمانەوانیە، دەڵێت لە لای بەڕێوەبەرایەتی سندوقی تۆمار، ئێمە بەڕێوەبەرایەتیمان نیە، ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوقمان هەیە، ئەو بەڕێوەبەرایەتیە ببێتە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوق، حەوتەمیش، پێشینەکە بەپێی ئەو مەرج و بەرزەفتانە دەدرێت کە وەزارەت دەست نیشانی دەکات، وابزانم ئەو پێشینەیە ئەوە هەمووی مەرجە، ئەدی بۆ لێرە دووبارە لە ماددەی 7 دیسان دەڵێت مەرجەکان دەست نیشان دەکرێت لە لای وەزارەت، ئەی ئەوانە هەمووی لەسەرەوە مەرج نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شڤان احمد کەرەمکە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من کۆمەڵێك تیبینیم هەیە تەبیعی لەسەر ماددەی 7، من هاوڕام لەگەڵ خوشك و برایانی پەرلەمانتار، کە خاڵی یەکەم ئەوە بۆخۆی تەحصیل حاصلە، بەلاَم کە پێویستە لەجیاتی ئەو ئەوە دابندرێت، عیراقی بێت

و دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت، ئەمە زۆر پێویستە، بڕگەی دوو، بڕگەی سێ من تێبینیەکی وام لەسەری نیە، بڕگەی چوار، دەبێت لاوەکە لێکۆڵینەوەیەك لە بارەی سوودی ئابووری ئەو پرۆژەیە پێشکەش بکات، کە بەنیەتە پێی هەڵسێ، پرسیار لێرەیە، ئایا ئەو لێکۆڵینەوەیە کە جەدوای ئیقتیسادی لاوێك یان سوود مەندێك دەتوانێت بۆخۆی پێشکەش بکات؟، توانای ئەوەی هەیە؟، ئەمە ئیشی خەبیرە، خەبیرێك جەدوای ئیقتیسادی ئەم مەشروعە دیار دەکات، ئەگەر بە خەبیرێك بکات، بە تەئکید ماددەیەکی دەوێت بۆ سەرف کردن، لێرە ئایا حکومەت دەتوانێت نیو ملیۆنە، ملیۆنێکە بدات بۆ تەقیمی ئەو جەدوایە کە خەبیرێك بۆی ئەوە دەکات؟، پرسیار لێرەیە، یەعنی بە تەئکید سوودمەندێك ناتوانێت، ئەو لێکۆڵینەوەی جەدوای ئیقتیسادی تەقدیم بکات، ئەگەر بە واستەی کەسێکی تر نەبێت، کەسێکی تریش پارەی دەوێت، بەبێ پارە نایکات، ئیشی خەبیرە، ئەوەی لە بڕگە پێنجدا هاتووە بەهەقیقەت بەڕێوەبەرایەتیەکە ئەنجومەنە، ئەو تۆمارکردنە پێشکەش بکرێت، نەوەك تۆمار بکرێتن، لە خاڵی بڕگەی شەش دا هاتووە، دەبێت پرۆژەکە خزمەتی یەکێك لە کەرتەکانی گەشە پێدان لە هەرێمدا بکات، کێ تەقیمی ئەمە دەکات؟، ئالیەتەکە دیار نەکراوە، کێ تەقیمی ئەم پرۆژەیە دەکات کە خزمەتی یەکێك لە بوارەکانمان تەنمیەی هەرێمەوە دەکات؟، ئالیەتەکە دەبێت دیار بکرێت، پرسیار بۆ جەنابی وەزیر و بۆ لیژنەی هاوبەش، لە بڕگەی 7دا، پێویستە پێشینەکە بە پێی ئەو مەرج و بەرزەفتانە دەدرێت کە وەزارەت، لێرە وەزارەت نیە بە ڕەئی من، ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوق دەست نیشانی دەکات، لە جیاتی وەزارەت بکرێتە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوق، دیسان لێرەش پرسیارێك دێتە پێش، ئیعادە کردنی ئەو پێشینەیە دیاری نەکراوە ئالیەتەکەی، لێرە ئەو ئالیەتەی کە پێویستە بۆ ئەوەی ئەو پێشینەیە دیار بکرێت، ئیعادە کردنی دیار نەکراوە، بۆیە من دوو پێشنیار دەکەم، یەك، بە ماددەیەك ئیعادە کردنی پێشینەکە دیار بکرێت بە سیاغەیەکی تازە، سەقفی زەمەنیشی بۆ دابندرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئێستا باسی ئەوە دەکەی کە دەیدەینێ، بە چ شروتێك، کەی ئەوە خەلاس بوو، ئەو پێشنیارەت بنووسە بماندەرێ، نا، نا نەفسی ماددە نیە، ئەوە ماددەیەکی جودایە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێدانیە، برادەران هەموو موتەفقن لەگەڵم، هەموویان کە ئەوە تێدانیە، ئەو ئالیەتە نەهاتووە، مولاحەزەی دووەم، دەکەمە پێشنیار، هەر لەو بڕگانە بڕگەیەك ئیزافە بکەین، ئەم پێشینەیە تەعاروز دەکات لەسەر بیمەی کۆمەڵایەتی، بیمەی کۆمەڵایەتی سبەی بە خەڵك دەدرێت، ئەم پێشینەیە تەعاروز دەکات، بە بڕگەیەك بڵێن، تەعاروز لەگەڵ بیمەی کۆمەڵایەتی نەکات، بۆ ئەوەی عیلاج بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**شلێر محمد کەرەمکە.**

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش ئەو قسانەی کە ئەمویست بیکەم زۆربەی برادەرەکانم کردیان، بەلاَم لە ماددەی سێیەم پێویستە خاوەن توانای دارایی لاواز بێت، من هەر پرسیارەکە لەوەزیری کار دەکەم، ئایا چ پێوەرێك هەیە بۆ ئەوە؟، یەعنی ئێستا ئەو باسی بەعزە کەسێکی کرد، لە چاکسازی لاوان، ئەوانەی کە دەردەچن، لەوانەیە فورسەتی کاریان بدرێتێ، بەس ئەو خەڵکە بێ کارە، کە بەڕاستی بۆ ئەوەی شتەکە نەبێت بەوەی کە هەموو کەسێ بچێت بۆ لای کاتب عەدل و بڵێ من، ئەبێ ئەوە زۆر لە لای خۆیەوە بە وردی، ئیشی بۆ بکرێت، دووەم، ئەبێ لاوەکە ئەو لێکۆڵینەوەیە، تەبعەن خۆی هەڵسەنگاندێك لە لایەن وەزارەتی کارەوە بکرێت، زۆر لەو لێکۆڵینەوە باشترە، چونکە ئەوە بار فورسیەك دەبێت، ئەو گەنجە، ئێمە دەمانەوێت ژیانی ڕۆژانەی خۆی دابین بکات، لەبەر ئەوە ئەوەی بۆ ناکرێت، دەبێت پڕۆژەکە خزمەتی یەکێك لە کەرتەکانی گەشەپێدان لە هەرێمدا بکات، ئەوەش لاببرێت، چونکە وەکو وتمان ئەو بێ کارە، بەهەر نەوعێك بێت ئەبێ ژیانی ڕۆژانەی خۆی بۆ دابین بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەروەر کەرەمکە.

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری تەواوی ڕایەکانی هاوڕێم خاتوو گەشە دەکەم، لەوەی کە ئەو ماددەیە زیاد بکرێت، پێویستە هەڵگری ڕەگەزنامەی عیراقی بێت، دانیشتووی هەرێم بێت بۆ ئەوەی پڕۆژەکە نەچێتە دەرەوە، سەبارەت بەخاڵی دووەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەبەر ئەوەی ئەو پڕۆژەیە بۆ لاوانی بێ کارە زیاتر بۆ ئەوانەیە کە پڕۆژەو داواکاری داهێنەرەیان دەبێت، بۆ ئەوانەیە کەوا هیچیان نیە، چونکە ئەوانەی کەوا دەمەزراون، مووچەیەکیان هەیە، بەلاَم بۆ ئەوانەی کە هیچیان نیە، بۆیە من تکا دەکەم کەوا ئەو ماددەیە بمێنێتەوە، دەستکاری نەکرێت، بەو جۆرەی کە لە هیچ دام و دەزگایەکی حکومیدا دانەمەزرابێت، مووچە وەربگرێت، سەبارەت بە خاڵی شەشەم بەڕاستی ئەمە زیادە، چونکە خاڵی شەشەم، هەمان ئەوەیە کە لەخاڵی چوارەمدا هاتووە، چونکە لەوێ کە دەڵێت، جەدوای ئیقتیسادی هەبێ، جەدوای ئیقتیسادی خۆی ئەوە دەگرێتەوە کە بەشداری دەکات لەمەسەلەی گەشەپێدان و فلاَن و، ئەوە هیچ پێویست ناکات ئەمە لێرە بێت زیادە، هەروەك هاوڕێکانیشم پێشی من باسیان کرد، سەبارەت بە خاڵی حەوتەمیش، من پێموایە هەر زیادە، بەڕێز سەرۆکی پەلەمان، ئەگەر ئێمە سەیری بکەین لە ماددەی 9، کە دەبێت بە ماددەی 10، لە دواتردا هاتووە، هەمان بابەت لەوێدا ئیشارەتی پێ دراوە، ئێمە پێویست ناکات لێرەدا بیڵێین، لێرەدا باس لەوە بکەین، هەمان ئەو مەسەلەیە لەوێدا هاتووە، خاڵێکی تر، بەڕاستی من پێم باشە بەهەمان شێوەی کە گەشە خان باسی کرد، میکانیزمێك دابنرێت بۆ ئەوەی کەوا کێن ئەوانەی ئەولەویەتیان هەیە؟، چونکە هەندێ

خەڵك هەن ئەولەویەتیان دەبێت، من ئەوەی پێم باشە کە لێرەدا هەبێ، یەكێك لەوانە بەڕاستی پشتگیریەك بۆ هاوڕێم صبیحە خان، بۆ ژنان بێت، بۆ ئەوەی ژنان بتوانین زیاتر بێینە ناو ئەو پرۆسەیەی مەسەلەی ئابووری و ئیش کردن و، لە ماڵەوە بێنە دەرەوە هەتا ئەگەر ژنان هەبن، لە پێش پیاوانەوە پێیان بدرێت، خاڵێکی تریش بە تایبەتی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان هەقە لە پێشەوە بن، لە مەسەلەی وەرگرتنی ئەو پێشینەیەدا، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من یەك پێشنیار دەکەم ئەگەر هی منیش نەبێ، کاك شوان باسی شتێکی کرد، بەڵێ، شێوازی وەرگرتنەوەی قەرزەکە هەقە دوو ماددەی تر ئێمە زیاد بکەین، نازانم لە کوێ دایبنێین، یەکیان جۆری گەڕانەوەی قەرزەکان، جۆری گەڕانەوەی قەرزەکان هەقە دەست نیشان بکرێت بە ماددەیەك، ماددەیەکی تریش زیاد بکرێت، سەبارەت ئەوەی کەوا لە لایەن ئەوانەی کە بە خەڵکانی ترەوە، یان ئەوانەی کە بەهێزن، یان ئەوانەی کە ئیمکانیەتێکی زۆریان هەیە، نەیەن ئیحتیکاری ئەو پرۆژە بچووکانە بکەن، لەمەشیان میکانیزمێك دابندرێت، من نووسیبومەوەش، بۆ لیژنەی یاسایشم ناردبوو ئەمەیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵی حەوت لەگەڵ ماددەی نۆ، بەڕەئی من نەختێك فەرقیان هەیە ئەو ئیشە، ئەم زەوابتە دادەندرێت، ئەو ئیش کردنە، ئەم زەوابتی دانانی سولفەکەیە، دوو شتی لەیەك جودایە، سەمیرە خان کەرەمکە.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم بە ڕەئی من، یەکەم و سێیەم زیادە، هەر لابدرێت، چونکە یەکەم ئەوە تەحصیل حاصلە، لە خاڵی دوومیشدا، کە دەڵێت فەرمانبەر بێت، لە کوردی و عەرەبیەکە تۆزێك غەڵەتی هەیە، بەڵام بە ڕەئی من هەر هەردووکیشی بێت ئیعتیادیە، چونکە زۆرجار بەهرەمەند هەیە دەیەوێت کارێك بکات، بەڵام فەرمانبەرە یان فەرمانبەر نیە، گرنگ ئەوەیە هاووڵاتی لەم هەرێمە پێویستی بەم یاسایە هەیە، پاڵپشتی بکرێت هەلی کار بدۆزرێتەوە بۆ گەنجان، لە خاڵی سێیەمدا، بە بڕوای من هەر ئەم خاڵە کە گوتمان پێویست نیە، چونکە باشتر وایە ئەم یاسایە ئەوە نەبێت کە لاوەکە دارایی لاوازە یان سنووردار‌بێت، ئێمە بە چ پێوەرێك دەزانین لاوازە یان دەوڵەمەندە، باشتر ئەوەیە تەرکیز لەسەر ئەوە بێت، کە کار دروست بکات، چەند لاوێك لێی سوودمەند بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ئاراس کەرەمکە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی بڕگەی یەك، لە ڕاستیدا (ان یکون شابا) چەند زیادەیەکیان هێنا هاوڕێکانم، من بۆچوونێکم هەیە لەگەڵی ئەگەر بکرێت، ئیزافەی ئەوەش بکەین، (ضمن الفئة العمرية المحدودة في هذا القانون) ئەگەر

بكرێت، يان ئەگەر پێویستی کرد، دەربارەی خاڵی دوو، ان لا يكون موظفا لدى المؤسسات الحكومية او القطاع الخاص، بەڕەئی من ڤیتاعی خاصەکە بمێنێتەوە، چونکە ئێستا تا ڕادەیەك كار کردن لە هەندێ شەریكاتی ڤیتاعی خاص پێشکەوتوویی بە خۆیەوە دیوە، هەندێ کەس هەیە كار دەکات لەگەڵ ڤیتاعی خاص بە عەقد، مانای ئەوەیە مادەم عەقدێکی موبرەم هەیە، مانای ئەو کەسە عاتل نیە، کار دەکات، نەوەك هەر ڤیتاعی خاص، ڤیتاعی تریش ئیزافە بکەین، کەرتی تێکەڵاو، ڤیتاعی موختەلەت، کەواتە ڤیتاعی حکومی، لەگەڵ ڤیتاعی موختەلەت، هەروەها ڤیتاعی موختەلەت بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی عاتل نین، بە عەقد ئیش دەکەن، دەربارەی خاڵی سێ(ان يكون من ذوى الامكانات المالية الضعيفة) بەس لێرە من پرسیارێك دەکەم لە بەڕێزان لیژنەی هاوبەش، چۆن ئەم خاڵە یەك دەگرێتەوە، لەگەڵ بڕگەیەك لەماددەی پێشوو کە ئیزافەمان کرد، کە وتمان سەرمایەی پڕۆژەکە لە 40 ملیۆن تێپەڕنەکات، ئایا ئەو سەرمایەی نزیکەی 40 ملیۆن بوو، چۆن ئەو کەسە ئیمکانیەتی زەعیفە؟، دەربارەی خاڵی چوار، (ان يقدم الشاب دراسة الجدوى الاقتصادى للمشروع) ئێمە بڕی قەرزەکەی کە هەمانە، تا 15 ملیۆنە، باشە ئەگەر بڕی قەرزەکە، بۆ نموونە، بۆ پڕۆژەیەك لە پڕۆژەکان 2ملیۆن بوو، چۆن بۆ پڕۆژەیەکی وا داوای جەدوای ئیقتیسادی لێ دەکەی، چونکە لەوانیە جەدوای ئیقتیسادیەکە لە 50٪ی بڕی قەرزەکە بەرێت، بە ڕەئی من ئەگەر تەحدیدی مەبلەغی دەعمەکە بکەین، بڵێین جەدوای ئیقتیسادی بۆ ئەو دەعمەی کە تەجاوز دەکات، بە ڕەئی من لە 7 ملیۆن زیاتر بێت، کە جەدوای ئیقتیسادی پێویست دەکات، چونکە جەدوای ئیقتیسادی بە دوو شێوە دەکرێت، ئایا لە لایەن ئەو کەسەوە کە داوای قەرزەکە دەکات، یان لە لایەن جیهەتێکی مەعنیەوە، ئێمە جیهەتی ڕەسمیمان  هەیە کە جەدوای ئیقتیسادی دەکات، ئیعتیرافی پێ دەکرێت، بە ڕەئی من ئەگەر بکرێت، مەبلەغی دەعمەکە، ئەگەر گەیشتە حەوت ملیۆن، تەجاوزی کردی ئەوکاتە داوای جەدوای ئیقتیسادی لێ بکەین، بەنیسبەت خاڵی شەش، (ان يخدم المشروع احد القطاعات التنموية في الاقليم) زۆر کەس ئیعتیرازی هەبوو لەسەر ئەوە، بەڕەئی من بمێنێتەوە، بەس ( ان يخدم المشروع النشاط الاقتصادى للمشروع في الاقليم) ئەوەی کەوا مەشروعە مەرج نییە هەر پڕۆژەیەك کە جەدوای ئیقتیصادیەکەی تەواو بوو، مەشروع بوو لە رووی کۆمەڵایەتیەوە، بەڕای من بەو شێوەیە بێت وەکو پێشنیارێك، گونجاوتر ئەبێت، خاڵی حەوت، ئەگەر قبولی بکەن لێم، بەحەقیقەت کە ئەڵێن: (تمنح السلفة)، ئیزافەیەك بکەین (واستردادها وفق ضوابط تحددها الوزارة)، چونکە مەنحی سولفە کە ئەکرێت، یان مەنحی قەرد کە ئەکرێت، ئەبێ ئیستیردادیش بکرێت، ماددەیەکی یاسایی نەهاتووە لە پرۆژە یاساکە کە موعالەجەی ئیستیرداد بکات، ئێمە ئەمەمان بەجێ هێشتووە بۆ وەزارەتی کار، زەوابیت دەرکات، ئەگەر بکرێ ئیزافەی ئەو وشەیەی بکەین (تمنح السلفة واستردادها وفق ضوابط تحددها الوزارة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك خەلیل فەرمووو.

**بەڕێز خليل عثمان حمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بـرادەران سـەرنـج و تێبینیـان زۆر دا، بـەڵام جـەنابت سـەبارەت بـە خـاڵی حـەوت، پێـت باشـە ئـەوە بمینێتەوە، بـەڵام مـن پێموایـە ئـەوە ئەگـەر بشـمێنێتەوە، كەلیمـەی مـەرج لابـردرێ، چـونكە ئەمانـەی كـە دانـدراون هـەر هـەمووی مـەرجن بەڕاسـتی، پێشـینەكە بـە پێـی ئـەو بەرزەفتانـە دەدرێ كـە وەزارەت دەستنیشانیان دەكات، مەرجەكە لابردرێ، چونكە ئەو حەوت خاڵەی كە باس كرا هـەر هـەمووی مەرجـە، خاڵێكی دیكە كە دەمەوێ تەئكیدی لەسەر بكەمەوە، ئەویش ئەم پرۆژەیە بەشێكە لە، ئەم یاسایە بەشـێكە لە دۆزینەوەی هەلی كار، بۆ بەگەڕ خستنی ئەوانـەی كـە كـەم دەرامـەتن و ئـەو گەنجانـەی كـە كاریـان نیـە، بۆیە من پێم باش بوو، خاڵێك زیاد بكرێ ئەویش دەلالەت لـەوە دەكـات كـە گەنجەكـە خـودی خـۆی كـار لـە پرۆژەكەدا بكات، دیارە ئەو گەنجەی كە هەڵێدەبژێری بە پێی ئیختیصاصی خۆی بـێ، بۆیـە مـن پـێم باشـە بـەو شـێوە زیـاد بكـرێ، ئەگـەر كەسـی سوودمەند، خـاوەن پێداویسـتی تایبـەت نـەبوو، پێویسـتە خـۆی لـە پرۆژەكەدا كار بكات، ئەگەر خاوەن پێداویستی تایبـەت بـێ، تەبعـەن لەوانەیـە نـەتوانێ وەكـو پێویسـت كـار بكات، بەڵام ئەگەر خاوەن پێداویستی تایبەت نەبێ خۆی لە پرۆژەكـەدا كـار بكـات، مـن پـێم وایـە لـە رووی میهەنیەوە و لە رووی نەهێشتنی بەتاڵەوە ئەمە كاریگەری خۆی هەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، د.حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە لە خاڵی سێ، ئەوەی كە دەڵێ راست بكرێتەوە لە لایـەن دادنووسـەوە، ئەمـە شـتێكی زیـادە، چونكە قیاسی پێداویستی و هەژاری، قیاسێكی جیاوازە لە كۆمەڵگادا، خاڵێكی تر دەمەوێ ئەوە بڵێم كە ئەو سولفانەی كە بە بێ سوود دەدرێن بە هاووڵاتیان، پێویستە، جا چ لە قانونەكـە و چ لـە تـەعلیماتی وەزارەت هەندێ ئەولەویاتی بۆ دابنرێ، هەندێ لەو ئەولەویاتانە باس كرا، منیش لێرە چەند حاڵەتێك باس دەكەم، لەوانە پرۆژەكە بەرهەمهێنەر بێت و فورسەتی كار زیاتر دابین بكات و كارەكەش كاری دائیمی ئەفزەڵیـەتی زیاتر بدرێ لە كاری موئەقەت، دوو، ئەو پرۆژانە پێویستە ببێتە هۆی چاككردنی باری ژیان و ژینگەی ئەو كەسەی كە پێویستیتی، بە تایبـەتیش خـاوەن پێداویسـتیە تایبەتیـەكان، خـاڵی سـێیەم، ئـەو پرۆژانـەی كـە توانای موشارەكەی خەڵكی زیاتری تێدایە، واتا لە یـەك كـەس زیـاتر ئیسـتیفادەی لـێ دەكـات، ئـەو پرۆژانـە زیاتر ئەولەویاتیان بدرێتێ، خاڵێكی تر دەمەوێ بڵێم: ئەم سولفەیە لە رێگای وەسیتێك بـدرێ بـە لاوەكـە، چونكە هیچ دەرامەتێكی نیە بۆ وەرگرتنەوە، پێویستە وەسیتێك هەبێ لەو نێوانە، خاڵێكی تـریش ئەوەیـە كە دەمەوێ بڵێم لەبـەر ئـەوەی ئەمـە قـەرزە، پێویسـتە مودەیـەك دابنـرێ بـۆ گەڕانـەوەی، ئـەو مودەیـەش ناكرێ بە پێی هەل و مەرجی بانك و ئەوانە بێت، بۆیە بە رێی من ئەمە بە پێی تەبیعەتی پرۆژەكە بێت، تەحدید بكرێ لە 18 مانگ بۆ 60 مانگ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لـە گفتوگـۆی بـرادەران وا دیـاربوو کـە ئێمـە وەکـو پەرلـەمان، دەڕۆینـە نـاو ئیشـی وەزارەت زیـاتر یـەعنی ئەوزەوابیتانـە تەقریبـەن مـن دەڵـێم شـتێکی ئیجرائینـە، ئـەوە زیـاتر پەیوەنـدی بـە وەزارەتەوەیـە، بۆیـە ئەگەر ئێمە بڵێین: تمنح السلفه، باشـە ئـەم زەوابیتـە یـان ئـەم شـروته علـی سـبیل المثـالن، یـان علـی سـبیل الحصرن؟، ئەگەر علی سبیل الحصر بێت، مانـای ئەوەیـە بـەدەر ئـەم شـروتانە، سولفە یـان قـەرز بـە کـەس نادرێ، یانیش ئەگەر ئەمە هەندێکی تر هەبێتن، دیار بوو برادەران موداخەلاتیان کە هەندێك زەوابیتی تر هەیە یان شرووتی تر هەیە، ئەگەر علی سبیل المثال بێت ئەوە باسێکی ترە، ئەگەر علی سبیل الحصـر بێـت لازمە ئێمە ئەوە بکەین، چونکە چەند ئێمە بڕۆینە ناو تەفاصیل، مەشاکیل زیاتر دەبێت، بۆیە بـۆ بـڕینی ئـەم کێشـەیە، مـن پێشـنیارێکم پێشکەشـی لێژنـەی کردیـە، بهـێڵن وەزارەت، چـۆن ئـەڵێن (اهـل مکـە ادری بشعابها)، وا بزانم وەزارەت پتر کێشە و گرفت و ئازاری خۆی دەزانێت، ئەوە چاکتر دەزانێـت چـۆن زەوابیـت و تــەعلیمات دەربهێنــێتن و ســەلاحیات بەوانــە بــدەن، بۆیــە مــن پێشــنیارێکم نووســیە، ئــەڵێم: یمــنح القـرض(للشـاب او مجموعـة مـن الشـباب) مشـارکة مـن الصـندوق، نـا صـندوق دعـم المشـاریع الصـغیرة، مـن الصندوق، ویسترد)، لێرە کەلیمەی یسترد جەماعەت هەر دیاری نەکردبوون، (ویسترد وفق ضوابط تحـددها الوزارة بنظام)، لێرە ئەو کاتە بڵێین وەزارەت، وەزارەتی پەیوەندیدار زیاتر، شارەزاتر لە مەوزوع تـەعلیمات و زەوابیت دەردێنێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەزارەت یان مەجلیسی ئیدارەکە؟، کامەیان؟، تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر پێشنیاری ئەوە دەکەم کە مەرجێکی تری بۆ زیاد بکرێ، وەك چۆن هاوڕێکانم پێشنیاریان کـرد، ئـەویش پێویسـتە لاو هـەڵگری بڕوانامـەی عیراقـی بێـت و دانیشـتووی هـەرێم بێـت، هـەروەها لـە بڕگـەی حەوتیش وەزارەت لابردرێت و ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی صندوق دەستنیشانی مەرجەکان بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، تارا ئەسعەدی فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لێرە کە تەماشا دەکەین، ئەم خاڵانەی کە داندراوە، هەر یەکە بە شێوەیەك خزمەتی ئەو مینحەیە دەکات کە دەدرێت بە گەنجەکە، بەڵام بە ئیستیفادە کردن لەو مەشروعەی کە بۆ لاوان تەقدیم کراوە لە لایەن مونەزەمەی کیدۆ، زۆر شتی باشی تێدایە، زۆری هاوکارەکانم لێرە وەریان گرتووەو هەندێك بیرو باوەڕی جوان بۆ خزمەتکردنی ئەم پرۆژەیە، ئەویش دەستنیشان کردنی فیئاتی موستەهدەف کێیە؟ کێن ئەو گەنجانەی ئەیانەوێ ئیستیفادە، یان دەتوانن ئیستیفادە بکەن لەم سولفەیە؟ ئایا گەنجەکان کێن؟، با یەکەم گەنج بێت (شباب)، (ثانیاً: نساء)، (ثالثاً: ذوي الاحتیاجات الخاصة)، چونکە (ذوي الاحتیاجات الخاصة) کەم ئەندام زۆر زیاتر پێویستی پێیە پرۆژە بکات، زۆر جار عەقلێکی گەورەو توانایەکی زۆری هەیە، بەڵام پێویستی لەبەر بێدارایی خۆی، ناتوانێ هەندێ مەشروع بکات بۆ خزمەتی خۆی هەروەکو کەمئەندام، لەبەر ئەوە زۆر زۆر لەسەر ئەوە تەئکید دەکەم, کە وا بزانم هاوکارانی تریشم هەر هەمان شتیان دەستنیشان کرد، لەگەڵ ژنان کە بەپێی گەنجان هەموو لەگەڵ ئەو مەشروعە بن، دووەم شت ئەمەوێ دەستنیشان بکەم، لە سێیەم خاڵدا: (ان یکون من ذوي الامکانیات المالیة الضعیفة او المحدودة بتعهد مصدق)، ئایا (کاتب عدل) بچێت لە تەنیشتی بینووسێت بڵێت من فەقیرم، من هەژارم، من بێ توانام؟ نازانم هەر لایەنی دەروونیەکەی بۆ ئەو کەسەی کە ئەچێت تەقدیمی مەشروعێك ئەکات چۆنە؟ یەعنی ئەبێ پێوەرێك هەبێ، من حەزم لێیە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی هەر ئەو پرسیارەشی ئاراستە بکەم، ئایا کە ئەم مەجلیسە داندرا بە چ پێوەرێك ئەڵێن ئەمە نییەتی و ئەمە هەیەیتی؟، ئەو گەنجە چۆن بە عادیلانە، وەك ئەڵێ بە عەدالەتی ئیجتیماعی خۆمان کە ئیمانمان پێیەتی لەم پەرلەمانەدا، چین ئەو پێوەرەی کە دائەنرێن بۆ ئەوەی بڵێن ئەم گەنجە بێ ئیمکانیەتە؟ سێیەم شتم و زۆر گرنگە کە هاوکارم لەگەڵ د.ئاراسیش و لەگەڵ هاوکارەکانی تریشم، ئیستیردادی ئەو پارەیە زۆر موهیمە، چۆن بیدایەت هەیەو، نیهایەت هەیە، قەرز هەیە و وەرگرتنەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بیریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش وەکو زۆر لە هاوڕێ ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان، دەڵێم خاڵی یەکەم زیادە، چونکە ئەو پرۆژەیە هەر خۆی لە خۆیدا بۆ لاوانە، لە ماددەی یەکەمیشدا دیاری کراوە کە ئەو لاوەی تەمەنی لە 16 بۆ 35 ، داواش دەکەم کە ئەوەش ڕاست بکرێتەوە، غەڵەتێك لە کوردیش هەیە کە دەڵێ: فەرمانبەر بێت، فەرمانبەر نەبێت، پشتگیری هاوکاریشم دەکەم د. تارا، کە پێویستە ئەو کەسەی ئەو پێشینەی وەردەگریت هاووڵاتی یان دانیشتووی هەمیشەیی هەرێمی کوردستان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئامینە خان.

**بەڕێز ئامینە ذکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت خاڵە ئێکێ، ئەژی گەل هەندێ مە کو نەمێنێتن، چونکە لە ماددەی ئێکیدا ژی هاتیتە تەحدید کرن یا وازیحە یا پرۆژە بۆ کێ بن، کەرتێ تایبەت دێ چۆن دزانین کو ئەڤ لایەنە کەرتی تایبەت شوول بکەن، یان شوول نەکەن، ئەگەر فەرمانبەرێ دەزگای حکومی بێ یەکسانە هیە، بەس ئەوێ قوتاع، یەعنی کەرتێ تایبەت کار بکاتن یەکسانا نینە ئەم بزانین و مەعلوماتی تام بەدەست بێنین. سەبارەت بە سوودا ئابووری، ئەز وێ باش تێدەگەهەم وێ پێ تی ڤیا ئەڤە تێدا بیتن، چونکە ئەم زانین وەختێ پرۆپۆزەل دێتە تەقدیم کرن، ڤێت تێدا دیار بیتن کو ئەڤ پرۆژە بۆ کێ بیت؟ چەند کەس دێ قازانجێ ژی ڤە کرن؟ دە ل کیرێ بی؟ موفادارێت وێ دێ چەند کەس بن؟ ژ بەر هەندێ ژ ئەو بارێ سوودە ئابووری پێ تی ڤیا ئەو کەسە کو پرۆژە خۆ پێشکەش دکات، یا دیار وازیح بێتن بۆ جیهەتێك و پارە دێ وەکی سولفە دەداتێ و بزانێ کە پرۆژە وی دە ل کیرێ بی؟ دە چۆن بی؟ چەند کەس سوودی ژی وەرگرن؟ کەسانێ کو دێ قازانج ژی پرۆژەی بەنکینە، چەندن؟

سەبارەت بە خاڵە شەشێ، کەرتی گەشە پێدانی بۆ هەندێ کو، بۆ هاوولاتی ژیا روون و ئاشکرا بیت بۆ وەزارەتێ ژی، یان ئەنجومەنێ ڕێڤەبەرایەتیا وێ یاوازیح بێتن، ئەز بینم کو دێتن مابەینا قەوسادا خاڵە دی بێتە دیار کرن (گەشتوگوزار، بازرگانی، صناعە، کشتوکاڵ، تەکنیك و تەکنەلۆجیاو کارێن دەستی)، یەعنی تەحدیدا وان پرۆژە کەرتی گەشە پێدان ژی بێتە دانان.

ژی ئالیەکی تر سەبارەت بە خاڵە حەفتێ، پێشینە وەرگرتنا وێ، وەرگرتنا وێ هاوولاتیا دێت چ رەنگ بێتن؟ یەعنی ئەو ژی دیار بی.

دوو خاڵێ تریش ئەز پێشنیار دکەم زێدە بیتن، یا ئێکێ/ هاوسەنگی ما بەینا پارێزگاهادا بێتە پاراستن، ئەز نزانم کە بەرێ نوکە سەر کاروبارا کۆمەڵایەتی ئەو پرۆژە کو تەقدیم کرن، یان بۆ مەسەلە بێ کارێ، ئایا دیف مەسەلە هاوسەنگیا پاراستنی پارێزگاها بوویە، چونکە مەسەلە بەتاڵێ هەر پارێزگایەك دیف سنوورێ، یان دیف ئا کنجیا بۆ خۆ تەحەمەلە وێ دکات و رات دکات، ژی بەر هەندێ دێ ئەڤ هاوسەنگیا پارێزگاها ژی بێتە بەرچاڤ وەرگرتن.

خاڵەکا دی تر بێتە زێدە کرن، پێ تی ڤیا بەری وەرگرتنا پارەی تەدریب ببینیتن، ئێکێ هەی نەخوێندەوارە، بەس چیا من ڤێت مەشروعێکێ کشتوکاڵی دانێم، من عاردی هەی، من شیانێ هەندێ ژی تەنگ و کو ئەز پرۆژەیەکی کشتوکاڵی، یان گول خانەکا، گوڵ خانەکا گوڵ فرۆشی ڤەکەم، بەس ئەگەر ئەز تەدریبی نەبینم، ئەز نەشێم پێ تی ڤیا کو ئەڤ گولە موحتاجی چەند ئەڤێیە؟ جەوێ وی چۆن دەبی؟ ژی بەر هەندێ گور پرۆژا پێ تی ڤیا تەدریب ژی بیهنەدان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. بشیر خلیل فەرموو.

**بەڕێز د. بشير خليل حداد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 6 لە ئەصڵی مەشروعەكە، لە 7 خاڵ پێكهاتیە، خاڵی یەكەم بەڕاستی زیادە بەلای منیشەوە، لەبەر ئەوەی لە مەنتوقی ماددەكە دەڵێ: منح السلفه للشاب، ان يكون شابا ئەوە لێرە زیادە، لە جیاتی ئەمە بنووسین: ان يكون عراقيا و ساكنا في الاقليم، پشتگیری ئەوە دەكەم كە لە هەرێم ساكن بێت، خاڵی سێیەم: ان يكون من ذوي الامكانيات المالية الضعيفة، باشە كێ تەدقيق ئەوە دەكات؟، زانیمان كاتب عدل وەكو كاك عومەر باسی كرد، كاتب عدل ئیشی ئەوەی نیە بچێت تەدقيق بكات ئايا ئەوە وەزعەكەی حاڵەتی فەقیرە یان نا؟، من لێرە پێشنیار دەكەم، مەجلیس بۆ خۆی لێژنەیەك پێك بێنێ، لێژنەكە بچێت بۆ كەشف، بەس بچێت حاڵ و وەزعەكەی ببینێ و بە تەقریرێكی لێژنەكە بزانین كە ئەوە وەزعەكەی زەعیفە یان نا؟، خاڵی چوارەم: ان يقدم الشاب، دیسان (شاب)ەكە لێرە زیادە، ان يقدم دراسە و جدوى اقتصاديه، خاڵی پێنجەم: ان يتم تسجيل المشروع، تسجيل المشروع، ئێمە دەزانین یان لە ئیتیحادی صیناعات دەكرێت لە مەشاریعە گەورەكان، یان لە غورفە تیجارەكان دەكرێ، بەڵام مەجلیس ئیشی ئەوە نیە تەسجیلی لێ بكرێ، بۆیە من رەئیم لەگەڵ ئەوەیە لە جیاتی تەسجیلەكە: ان يقدم طلبا للمجلس او لمجلس الصندوق، نەك اداره المشروع، خاڵی شەشەم زیادە، بەڕای منیشەوە زیادە و هەڵبستی، خاڵی حەوتەم: تمنح السلفه وفق ضوابط تحددها الوزاره، ئەوەش زیاد بكرێ (و بدون فوائد)، لەبەر ئەوەی ئێمە ناومان ناوە سولفە، سولفەش فەرقی لەگەڵ قەرز ئەوەیە كەوا ئیحتیمالی هەیە سولفە بێ فەوائید بێ، ئەگەر ئەوە فەوائیدی بەنكی لەسەر بێ دیسان تووشی موشكەلیەكی دیكەمان دەكاتەوە و زۆر خەڵكی وا هەیە كەوا وەرنەگرێ، بۆیە من پێشنیار دەكەم كەوا بدون فوائيد بێ و ئالیەتی وەرگرتنەوە، ئالیەتی زەمانەتی نەفەوتانی پارەكەش دیسان لێرە دیار بكرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش، سۆزان شهاب فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من حەز دەكەم بە هەمووتان رابگەینم، ئەم پرۆژە یاسایە تەجروبەیەكی پێشووتری كابینەی پێشووە، بەڵام بەداخەوە وەستا، پەنجا قەرزیان دا و هەتا ئێستا 49 كەس قەرزەكەشی گەڕاندۆتەوە و تەنها یەك كەس نەیگەڕاندۆتەوە وەزارەت، هەموو كەسێك كە تەقدیمی ئەم قەرزەی كردووە، تەدریبیشی پێ كردووە و جەدوای ئیقتیصادیشی لەگەڵدا باس كردووە، بۆ ئەوەی هەمان مەشروع لە لای مەجموعەیەك هەمان مەشروع تیكرار نەبێتەوە، خزمەت بە تەنمیە بكات، جۆری پرۆژەكان، یەعنی وەزارەت تەخەصوصی كردووە لەو بابەتە، دائیرەی خۆی هەبووە كە یارمەتی ئەو گەنجانەی داوە، بەس تەنها ئێمە كە ئێستا ئەو صندوقەی بۆ دائەمەزرێنین بۆ ئەوە نیە یەعنی، بۆ ئەوەی ئەمانەوێ ئەم تەجروبەیە بەردەوام بێت،

نامانەوێ، چونکە بەداخەوە وەستا لەبەر ئەوەی پارەی نەخرا ناو ئەو صندوقەوە، بۆیە من پێم خۆشە ئەوە بگرینە بەرچاو، هەندێ شروت و زەوابیت هەیە دانەندرێ، چونکە ئەوان خۆیان هینیان هەیە لەسەری، تەجروبەیان هەیە لەسەری، یەکەم: (ان یکون شاب)، ئەوە تازە ئێمە وتوومانە، ئەمە سندوقی پاڵپشتی گەنجانە، من پێم باشە لابرێ، قوتاعی خاص لابرێ، چونکە قوتاعی خاص، یەعنی (ان یکون موظفا)، کەسەکە لە قوتاعی خاصدایە، بە عەقدەو مەعاشی باشەو مەبلەغێکی باشی بۆ خۆی پێك هێناوە، دەیەوێت بەشێکیش لە سندوقەکە سوود وەرگرێ و پرۆژەیەك بۆ خۆی دابنێ، خۆ ئەوە کفر نییە، ئیتر ئەو کەسە دەتوانی مستەوای ژیانی خۆی چاك بکات، ئێمە ئەمانەوێ مستوای ژیانیان چاك بکەین، عێراقی بێ و دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێ، یەکێکە لەو خاڵانەی کە بەراستی با تێیدا بێ، خاڵی سێیەم با لابردرێ، چونکە پێویست ناکات، جارێکی تر باسی ئەکەینەوە، هەیە هیچی نییەو هەیە مەبلەغێکی هەیە و تۆ یارمەتی دەدەی، ئەم جیاوازیە تەبەقیە با نەهێڵین، هەموویان وەکو یەك سەیری بکەین، بەیەك چاو سەیر بکەین، ئەوەی هەیەتی، ئەوەی نیەتی هەموو مەبلەغەکەی دەوێت، لەوانەیە ئەوەی هەیەتی پێویستی بە مەبلەغێکی کەمی قەرزەکە بێت، بۆیە ئەو خاڵە لابرێت.

(ان یقدم الشاب دراسة الجدوی الاقتصادیة للمشروع)، بەڕێزان، جەدوای ئیقتیصادی مەشروع وا دەکات کە مەشروعەکە فاشیل نەبێت، بۆیە یەعنی لابردنی ئەوە، تۆ یارمەتی دەدەیت بەبێ دیراسە، بەبێ پلان پرۆژەیەك دەست پێ بکات و پاش شەش مانگ، حەوت مانگ فەشلی تیا بێنێت، چونکە دیراسەی جەدوای ئیقتیصادی بۆ نەکردووە، لەبەر ئەوە با ئەوە بمێنێت، دیراسەی جەدوای ئیقتیصادی وەزارەت خۆیان خەڵکی موتەخەصصیان هەیە یارمەتی دەدەن بۆ داڕشتنی جەدوای ئیقتیصادی.

(ان یتم تسجیل المشروع لدی إدارة الصندوق)، بەڕێزان، گەورەترین بیروقراتیەت ئێستا لە تەسجیلی شەریکاتدا هەیە، بۆ زانینتان ئێمە لەم وڵاتەدا بەخۆمان دەڵێین ولاتی ئینفیتاح، ئینفیتاحمان کردووە، خوا خوامانە شەریکاتی ئەجنەبی بێت، ئێستا شەریکات هەیە شەش مانگی پێ دەچێت تا تەسجیل دەکرێت، بۆیە هەر داوا دەکەین لە لای ئیدارەی سندووقەکە بێت، لەلای مەجلیسەکە بێت.

(ان یخدم المشروع احدی القطاعات التنمویة)، ئەویش بەهەمان شێوە بێت و بمێنێتەوە وەکو خۆی.

(تمنح السلفة وتسترد وفق ضوابط یحددها المجلس)................

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار امیر گوگا کەرەم بکە.

**بەڕێز امیر گوگا یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی پشتگیریا رەئیا کاك جەمالێ دکەم، ئەو ژی من نفیسین نفری کر، چونکە هەر حەفت خاڵێ تەحصیل حاصلن، بە رەئیا من ئەگەر ڤی رەنگی بێت بنووسین (یتم منح السلفة للشباب او مجموعة من

الشباب مشاركة من الصندوق واستردادها وفق ضوابط تحددها الوزارة) حەمی ئەڤ ئیشکاله دێ مە ژی خەلاص کر، چونکە وەزارەت ئەڤ هەمی تەعلیماتە دەردەخات (کیفیة المنح وکیفیة الاسترداد) ما بۆچیە، ئەڤ وەزارەش ئەڤ خالە ئیحتیماله هەندێ خالە دەڤ وەزارەت هەبن ڤێرێ نەهاتبێ نڤیساندن، ئەڤ جوملە هاتنێ بنووسین کافیە، ئەڤ دشتا دی هەمیاو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شێردڵ کەرەم بکە.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئەڤین کەرەم بکە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ئەوەی ئێمە دەیبینین ئێستا چەند ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێزین، لێرە دانیشتوون، بەلاّم هەر خاڵێك لەم خالاّنە تەفسیرو تەئویلی زۆری بۆ دەکەین، کەواتە ئەگەر بێتو ئەم خالاّنە کاتێك بکەوێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە دیارە زیاتر خۆی لەمەی کە ئێمە تەفسیرو تەئویلی بۆ دەکەین و ئیشتیهاداتی بۆ دەکەین لەوە زیاتر هەڵدەگرێت، بۆیە من رەئیم دەخەمە پاڵ رەئی کاك جەمال و کاك ئەمیرەوە، کەوا ئێمە ئەو حەوت خاڵەش هەلگرین، تەنها خاڵێك دابنێین، کەوا بڵێین (یتم منح السلفة وفق ضوابط تحددها مجلس ادارة الصندوق)، تەواو، ئەوان خۆیان ئیتر لە ئیدارەی سندووقەکە خۆیان دەتوانن تەحدیدی بکەن، کەوا چۆن ئەو مینحەیە دەدرێت و چۆنیش لێیان وەردەگیرێت؟ بۆیە وابزانم بەو شێوەیە ئیشەکە زۆر جوانتر دەڕوات و رێك و پێك تر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من دەمەوێت پێش ئەوەی بێمە سەر خاڵەکان تێبینیەکم بدەم، ئەوەی ئێمە لە سەعات (11)ەوە تاکو ئێستا باسی دەکەین، باوەڕ بکە هەر هەمووی رێنماییەکانی وەزارەتی کارە، ئەوەی کە تایبەتە بە دانی

قەرزی بچووك، ڕێنماییەکان زۆر لەمە شمولیترن و خاڵی زیاتریشی تێدایە، بەڵام بە هەر حاڵ دێمە سەر خاڵەکان:

خاڵی یەکەم/ کە دەڵێت پێویستە لاو بێت، پێشنیاری ئەوە دەکەم کورد بێت و دانیشتووی هەرێم بێت، کوردستانی بێت و دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت.

خاڵی دووەم/ پێویستە فەرمانبەر، کە ئەوەی دەڵێت فەرمانبەر نەبێت، ئێمە ئەوانەی کە بێ کارن لە هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەکارخستن لە هەموو شارەکانی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی بەکارخستنمان هەیە، دائیرەی تەشغیلمان هەیە، ئەوەی کە بێ کارە دەچێت فۆرمێك پڕ دەکاتەوە، کە بێ کارە خۆی ناونووس دەکات، ئیتر کە دوای ئەوەی هەلی کاری بۆ دەدۆزینەوە ئیشی لیژنەکانی موتابەعەی وەزارەتەمانەو، ئەوەی ئیشیشی بۆ دەدۆزینەوە، بەڵام زۆر جار بەو ئیشانە رازی نابن.

ئەوەی کە دەڵێت دەبێت لاوەکە لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی سوودی ئابووری ئەو پرۆژەیە پێشکەش بکات، ئەوە ئیشی ئەو لاوە نییە، چونکە ئێمە دەورە دەکەینەوە، زۆر جار خۆمان پرۆژەمان هەیە بۆ ئەو کەسەی کە داوای قەرزی بچووك دەکات، ئەو لاوەی کە دێت داوای قەرزی بچووك دەکات، ئێمە ئەو قەرزەی هەروا نادەینێ، دەورەیەکی بۆ دەکەینەوە، بزانین دەتوانێت ئەو پرۆژەیە ئەنجام بدات بەبێ ئەوەی زەرەر بکات، دوای ئەوەش لەکاتی ئەنجامدانی پرۆژەکەش، ئێمە لیژنەکانمان لەگەڵیان دەبن، ستافەکانمان لەگەڵیاندا دەبێت، هەروا جێی ناهێڵین، چونکە فۆرممان هەیەو ئامادە کراوە، وەك پێشتریش باسم کرد ئەزموونێکمان هەبووەو زۆر سەرکەوتووش بووە، بەڵام ئەوەی کە نیمانەو ئێستا لە وەزارەت بودجەی تەرخان کراوم نییە، بەڕێزان، ئێستا من ئەگەر بۆم تەرخان بکرێت، سبەی من دەورات دەکەمەوە بۆ ئەو کەسانەی کە داوای قەرز دەکەن.

پێنجەم/ دەبێت پرۆژەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی سندووق تۆمار بکرێت، پرۆژەکە دەدرێتە ئەو لیژنانەی کە ئێمە ئێستا لیژنەکانمان ئامادەن و لیژنەی موتابەعەمان هەیە، لیژنەی ئامادەکاریمان هەیەو تەفتیشیشمان هەیە، دەبێت پرۆژەکە خزمەتی یەکێك لە کەرتەکانی گەشە پێدان بکات و ئێمە باسی ئەوەمان کردووە، هەر لە ڕێنماییەکانی خۆماندا هەیە، پرۆژەکان دەبێت وەبەرهێنەر بن، وەبەرهێنان بێت، هەموو پرۆژەیەك ئێمە رازی نابین لەسەر ئەوەی کە قەرزی بدەینێ، جگە لەوەش زۆر ڕێنمایی هەیە، بەتایبەتی ئەوەی کە سوودمەند بێت لەمە، ئەولەویەت دەدەین بە ژنان، ئەولەویەت دەدەین بەوانەی کە دەورەیان بینوە، خولیان بینوە لە بنکەکانی راهێنان و مەشقی پیشەیی لە هەرسێ شارەکانی هەرێم، هەروەها ئەوانەی پێشتر خولیان بینوە لەو بنکانەو شەهادەشیان پێ دراوە، ئەوانەی کە لە بنکەکانی چاکسازی دەردەچن، ئەوانەی کە نەوجەوانن و هەژدە ساڵ تەواو دەکەن و پێویستیان بە کارەو بێ کارن ئێستا، واتا ئێمە لە ڕێنماییەکانی خۆمان خاڵی زۆر زۆر زیاترمان لەمانە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، بە تەئکید وەزارەتێکی پسپۆرە لەو بوارەوەو سەرکەوتووش دەبن تێدا، لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

دیارە مولاحەزاتێکی زۆر درا، سەبارەت بەو مولاحەزاتانەی کە دران و دەڵێت فەقەرەی یەك لابرێت، لە هەمان کاتدا مولاحەزاتی تر هەبوو دەڵێت هەندێك دەستەواژە ئیزافە بکرێت، بۆیە ئێمە پێمان باشە دەستەواژەکە ئیزافە بکرێت باشترە، دەڵێین (ان یکون شابا ومن مواطني الاقلیم وساکنا فیە)، ئەمە ئیزافە بکرێت باشترە، بۆ ئەوەی یاساکە بۆ هەرێمی کوردستان دەردەچێت، بۆ لاوی هەرێمی کوردستان دەردەچێت، بۆ گەنجی هەرێمی کوردستان دەردەچێت، ئەمە یەك.

دووەمین/ مولاحەزە درا دەڵێن مەسەلەی قیتاعی خاص لابرێت، ئێمە وامان لێ کرد، یاخود فەرمانبەر یەعنی ئەوەی لە قیتاعی خاص ئیش دەکات فەرمانبەر نییە، ئێمە وامان لێ کردووە (ان لایکون عاملاً لدی المؤسسات الحکومیة والقطاع الخاص)، کەواتە هەردوولا دەگرێتەوەو سیفەتی فەرمانبەریشی نەماوە.

سێیەم/ زۆر ئیشارەتیان بەوەدا کە تەعەهودی کاتب عەدل بمێنێت، ئێمەش هاتینە ئەو قەناعەتە کە تەعەهودی کاتب عەدل لابرێت، تەنها تەحدیدی ئەو مەسەلەیە بگەڕێتەوە بۆ مەجلیسی ئیدارەی سندووق، یان بگەڕێتەوە بۆ وەزارەت.

مەسەلەی تەقیمی جەدوای ئیقتیصادی، ئێمە پێمان باشە جەدوای ئیقتیصادیەکە تەقیمەکە لەلایەن مەجلیسی ئیدارەی سندووقەوە بێت، یان لەلای وەزارەتەوە بێت، بەپێی ئەو مەشروعەی کە تەقدیم دەکرێت، نەوەك لەلای ئەو کەسەی کە داوای مەشروعەکە دەکات.

بەنیسبەت تەسجیلی مەشروع (لدی مجلس الصندوق)، ئەو مەسەلەیە غەیری ئەو مەوزوعەیە کە سۆزان خان ئیشارەتی پێدا، چونکە مەوزوعی تەسجیلی شەریکات شتێکە، مەوزوعی تەسجیلی پرۆژە بچووکەکان لە مەجلیسی ئیدارەی سندووق شتێکی ترە، ئەمە خازیعی قانونی شەریکات نییە.

خاڵی شەشەم، ئێمەش پێمان باشە لابدرێت، خاڵی حەوتەم، ئێمەش پێمان باشە بەو شێوەیە بێت (تمنح وتسترد السلفة وفق ضوابط یحددها مجلس ادارة الصندوق)، ئەمە ئەم خاڵانەی کە زۆر مورەکەزە لە زەوابتەکان لەناو قانونەکەدا دامانبەزاندووە، ئەو زەوابتانەی تر بەجێمان هێشتووە بۆ مەجلیسی ئیدارەی سندووق، ئێستاش صیاغەکەمان بەم شێوەیە کردووە، کە عەرزی بەڕێزانی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکەن صیاغەکەی بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، دوو مولاحەزەی هەردوو جەنابی وەزیر هەیە، کاك کاوە.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیەكەم پێش ئەوەی صیاغەكە بكرێت سوودی لێ وەربگیرێت، تێبینیەكەم پەیوەندی بە چەمكی ڤیتاعی خاص مایەوە، یەعنی پێناسەكە چەمكی ڤیتاعی خاص چیە؟ كابرایەك ئەگەر پاقلە بفرۆشێت بە ڤیتاعی خاص حیسابە، كرێكارێك ئەگەر بە رۆژانەیەكی كەم ئیش بكات بە ڤیتاعی خاص حیسابە، بەڵام ئەم كرێكارە لەوانەیە ئیشەكەی بدۆڕێنێ لەحەزەیەك لە لەحزات، لەبەر ئەوە با ڤیتاعی خاصی تیا نەبێت، بۆ ئەوەی مەجال هەبێت بۆ یەكێك كە لە كەرتی تایبەت ئیش دەكات بە وەزعێكی خراپ بتوانێت وەزعی خۆی چاك بكاتەوە، چونكە ئێمە هەدەفەكەمان هەمووی تەنیمیەیە، گەشە پێدان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەك خاڵم لێرە بیر چوو، ئەویش ئەوەیە، كە دەڵێت خاوەن توانای دارایی لاواز، خۆ ئیشی كاتب عەدل نییە، ئیشی باحیسی ئیجتیماعیە، توێژەری كۆمەڵایەتی ئێمە دەكرێت لە ڕێگای توێژەرە كۆمەڵایەتیەكان، لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی چاودێری گەشە پێدانی كۆمەڵایەتی بتوانین راپۆرتێك لەسەر حاڵەی ئیجتیماعی ئەو كەسە وەربگرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەم بكەن بیخوێننەوە بە كوردی یەكەم، پاشان بە عەرەبی، بۆ ئاخیر صیاغە.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرە چوار كەس لە ئەندامەكان گوتیان گەنجێكی ئیعتیادی، دووەم/ ژن بێت، سێیەمیش/ كەم ئەندام بێت، ئەگەر ناكرێت، بۆمان شەرح بكەن، ئەگەر دەشكرێت بیخەنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كه وشەی لاو لێرە هاتووە، لە عەرەبیەكە (شاب) هاتووە، لە ماددەی یەك پێناسەمان كردووە، پێویست ناكات باسی نێرو مێ بكەین، ئەو جیاوازییە پێویست ناكات، چونكە وشەی لاو لە عەرەبیەكەش (شاب) هەمووان دەگرێتەوە، ئەوە باشترە، فراوانترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

یەكەم/ پێدانی پێشینە بە لاوان بە كۆمەڵە لاوێكی بەشداربوو لە سندووق بۆ پرۆژە بچووكەكان بەم هەل و مەرجانەی خوارەوە دەبێ:

1- پێویستە لاو بێت و هاووڵاتی و نیشتەجێی هەرێم بێت.

2- نابێت كارمەند بێت لە دەزگا حكومیەكان.

3- پێویستە خاوەن توانای دارایی لاواز یان سنووردار بێت.

4- هەڵسەنگاندنی سوودی ئابووری ئەو پرۆژەیەی ئەنجامی دەدات، لە لایەن ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندووق دەكرێت.

5- دەبێ پرۆژەكە لە لایەن ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندووق تۆمار بكرێ.

دووەم/ وەرگرتن و پێدانی پێشینەكە بەپێی ئەو مەرج و بەرزەفتانەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندووق دیاری دەكات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەكەش تكایە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم بووە ماددەی حەوتەم: كردمانە دوو برگە (یەكەم و دووەم).

المادة السابعة:

اولاً: يتم منح السلفة للشاب او مجموعة من الشباب مشاركة من الصندوق وفق الشروط الآتية:-

1- ان يكون شاباً ومن مواطني الاقليم وساكناً فيه.

2- ان لايكون من العاملين لدى المؤسسات الحكومية.

3- ان يكون من ذوي الامكانات المالية الضعيفة او المحدودة.

4- ان يتم تقييم الجدوى الاقتصادية للمشروع الذي ينوي القيام به من قبل مجلس ادارة الصندوق.

5- ان يتم تسجيل المشروع لدى مجلس ادارة الصندوق.

ثانياً: تمنح وتسترد السلفة وفق ضوابط يحددها مجلس ادارة الصندوق.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (8) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی هەشت تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

پرۆژە بچووکەکان لە باج و ڕەسمەکان بۆ ماوەی پێنج ساڵ دەبووردرێت.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

تعفى المشاريع الصغيرة من الضرائب والرسوم لمدة خمس سنوات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ئەوە قسە بکات؟ ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن، ڕێزداران (عمر نورەدینی، دلێر محمود، ئاواز عبدالواحد، صباح بیت الله، ژیان عمر، شلێر محمد، سەردار رشید، شلێر محی الدین، حسن محمد، هاژە سلیمان، دڵشاد شهاب)، کەسی تر هەیە؟ نییە، کاک عومەر کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر حمدامین(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە باس لە جۆرێکی تر لە پشتیوانی حکومەت دەکات بۆ ئەو پرۆژە بچووکانە، لەڕاستیدا ئەگەر سەیری ئەزموونی ولآتانی تر دەکەیت لە ڕووی پشتیوانی کردنی ئەم پرۆژە بچووکانە لەلایەن حکومەتەوە، پشتیوانیەکە تەنها لە دەعمی ماددیدا چڕ نابێتەوە، بەڵکو جۆرێك لە دەعمی تر هەیە، کە پێی دەگوترێت دەعمی مەعنەوی، بۆ نموونە، مەسەلەن لەولآتانی تر، حکومەت هاوکاری ئەو پرۆژە بچووکانە دەکات لە ڕووی ڕاهێنانەوە، لە ڕووی ڕاوێژکارییەوە، لە ڕووی هەڵسەنگاندنەوە، لە ڕووی بەرز کردنی توانای زانیاری و توانا جۆراو جۆرەکانی ئەوانەوە......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، بەس باسی زەریبە دەکات عەفو بکرێت، یان نەکرێت؟ ئەوەی تر وەزیر باسی کرد، کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر حمدامین(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێشـنیاری ئـەوە دەکـەم دەعمەکـە جیـا بکرێتـەوە، مەسـەلەن لـە پـاڵ ئـەوەدا دەبەخشـرێن، هـەروەها بڕگەیـەکی تـریش لێـرە زیـاد بکرێـت بڵـێین (حکومـەتی هـەرێم بـەردەوام دەبێـت لـە پشـتیوانی کردنـی مەعنەوی پرۆژە بچووکان لە رووی راوێـژکاری و راهێنـان و هەڵسـەنگاندن و بـەرز کردنـی تواناکانیانـەوە)، واتا دوای دەست بەکار بوونی پرۆژەکانیش ئەو دەعمە بەردەوام بێت، هەروەها بڕگەیەکی تریش هەیە، بـۆ نموونە، لە ولاّتـانی خـەلیج بـۆ ئـەو پـرۆژە بچـووکانەی کـە ئـابووریین و لـە رووی وەبـەرهێنان و لـە رووی خزمەتگوزارییـەوە لـە 5%ی بەرهەمـەکانیان لەلایـەن حکومـەت و دامودەزگاکانیانـەوە دەکڕدرێـت، واتـا حکومەت دەبێتە موشتەری ئەو پرۆژە بچووکانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دلێر محمود کەرەم بکە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە بنووسـرێتەوە (پـرۆژە بچـووکەکان لـە بـاج و رەسمـەکان و سـوود (الفائـدة) لەماوەی پێنج ساڵ دەبووردرێن)، ئەگەر لە فائیدەی بانکیش ببووردرێت، ئەمە زیاتر بۆ ماوەی پێنج ساڵ، نەك بۆ هەتا هەتایی، دەبێتە هۆی ئەوەی خاوەن پرۆژەکە هەوڵ بدات لە مـاوەی پێـنج ساڵەکە قەرزەکـەی بگەڕێنێتەوە، نەوەکو زیاتری بکات، کە گەڕاندیەوە ئەم سندووقە ساڵ بە سـاڵ بـەردەوام دەبێـت و دەوامـی دەبێت، وا بە باشی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئاواز عبدالواحد کەرەم بکە.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا باس لە پرۆژە بچووکەکان دەکات، مادام پـرۆژەی بچـووکە هـەر لـە قـەرزو بڵـێین لـە بـاج و رسـومات ببووردرێن، ئیتر ئەمە خۆی لە خۆیدا دەعمێکە بۆ خەڵکێکی کەم دەرامەت و لاوان، بـە رەئـی مـن پێویسـت ناکات باج و رسوماتی لەسەر بێت ببووردرێن، بـۆ ئـەوەی بتـوانن ئیسـتیفادەی لـێ بکـەن، یـەعنی تحدیـدی پێنج ساڵ نەکرێت، هەر ببووردرێن و لێیان وەرنەگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار صباح بیت الله کەرەم بکە.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(تعفى المشاريع الصغيرة من الضرائب) به رەئیا من (الگمارك)یش بێته ئیزافه کرن، پێنج ساڵەکەش نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ژیان عمر کەرەم بکە.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری کاك صباح و ئاواز خان دەکەم، منیش داوا دەکەم هەر باج و زەریبەیان لێ وەرنەگیرێت بە هیچ شێوەیەك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شلێر محمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە هەمان شێوە پێموایە کە ئەو پێنج ساڵە ئەسڵەن لە مەشاریعی وەبەرهێنانی گەورەکان دایە، چۆن دەبێت بۆ پرۆژەیەکی بچووك تۆ ئەو باج و رسومانە بکرێت، بە پێچەوانەوە هەر دەبێت ئیعفا بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سەردار رشید کەرەم بکە.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو خوشك و برایانە، هەموو پرۆژەیەکی بچووك با باجی لەسەر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شلێر محی الدین کەرەم بکە.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، تەنها یەك پرسیارم ماوە، بۆ ماوەی پێنج ساڵ عەفو بکرێن لە زەرائیب لە حاڵەتێك ئەگەر خەسارەتی کرد؟ من هاوڕام لەگەڵ ئەوانەی کە دەڵێن هەر یەکجاری عەفو بکرێن، بەڵام ئەگەر بۆ ماوەی پێنج ساڵ بێت، ئەو پرۆژانەی کە خەسارەتیان دەبێت، هەمان مەعامەلەیان لەگەڵ دەکرێت، یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر حەسەن کەرەم بکە.

**بەڕێز د.حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەباشی دەزانم (والعوائد الحكومية والبلدية) ئیزافە بكرێت لەگەڵ زەرائیب و رسومات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار هاژە سلیمان كەرەم بكە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ هاوكارانم بەوەی كە پرۆژە بچووكەكان لە باج و رسوم ببووردرێن، چونكە ئەوە دەگەڕێندرێتەوە پرۆژە بچووكەكان، بۆیە پێویست ناكات باج و رەسمی لەسەر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دڵشاد شهاب كەرەم بكە.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەی من كرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار جەنابی وەزیر موداخەلەتان هەبوو؟ كەرەم بكە.

**بەڕێز د.كاوە محمود شاكر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەستەواژەی مەشاریعی بچووك، دەستەواژەیەكی فراوانە، ئێمە باسی ئەو مەشاریعە بچووكانە دەكەین، كە ئەم قانونە دەیگرێتەوە، لەبەر ئەوە دەبێت بڵێین (تعفى المشاريع الصغيرة المشمولة بأحكام هذا القانون)، ئەمە یەك.

حاڵەتی دووەم/ ئێمە خۆمان لە سیاسەتی ئیقتیصادی باسی ئەوە دەكەین، كە ئێمە تەجاوزی چەمكی دەوڵەتی رەیعی بكەین، دەوڵەتی رەیعی، یەعنی تۆ یەكسەر چارەت هەیە نەوتەكە دەفرۆشیت و پارە تەوزیع دەكەیت، دەمانەوێت سەرچاوەكانی داهات فراوان بێت، لەبەر ئەوە زۆر ئاساییە ئێمە بیر بكەینەوە لە روسوم لە زەرائیب، بۆ ئەوەی دەوڵەت بتوانێت ئەو ئیش و كارەكانی ئینفاقی عام بكات، لەبەر ئەوە ناكرێت تۆ هەتا هەتایی ئیعفای بكەیت، دەبێت سنوورێك هەبێت، ئەو سنوورە پشتگیرییە بۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر كەرەم بكە.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵێکی زۆر گرنگ هەبوو، کە تەنها دکتۆر بەشیر باسی ئەوەی کرد، کە گوتی ئەو قەرزانە بێ سوودن، یان سوودیان لەسەرە؟ ئەو قەرزانەی کە ئێمە دەیدەین سوودی لەسەر نییە، بەلاّم پێم باش بوو ئێستا نوێنەری مالیە لێرە بوایە، چونکە باج و رسومات بەڕاستی دەبوایە یاساو رێسای خۆی هەیە، ئێمە ناتوانین لێرەوە بڕیاری ئەوە بدەین، کە ئەو پرۆژانە لەوێ ئیعفا دەکرێت، یاخود نا؟ بەلاّم ئێمە لەوە دلْنیاین کە ئەم قەرزانە سوودی لەسەر نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، هەر بۆ روون کردنەوەیەکی کەمێك زیاتر، ئەگەر زیادەیەك، فائیدە نەکات، قازانج نەکات، حکومەت هیچی لێ ناستێنێ، هاوکاریشی دەکات، بەلاّم ئەگەر ئیستیفادەی باشی کرد نیسبەتێکی لێ دەستێنێت، ئەوە کە تەحدیدتان کردووە بۆ ماوەیەك لێی نەستێنێت، زۆر تەبیعیە، بەلاّم هەتا هەتایی، وابزانم نەختێك بۆ هەرێم خراپە، بۆ خۆمان خراپە، لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوو تەوزیحمان هەیە:

یەکەمیان/ پرۆژەکە بەناوی سولفە هاتووە، کە بەناوی سولفەش هاتووە، مانای وایە هیچ زیادەیەکی لەسەر نییە، هیچ فائیدەیەکی لەسەر نییە، چۆن دراوەتەوە ئەوها وەردەگیرێتەوە، ئەگەر قەرز بوایە، ئیمکان هەبوو قەرز بە فائیدە دەدرێت عادەتەن، بەلاّم پرۆژەکە بەناوی سولفە هاتووە، ئێمەش وەکو لیژنەی هاوبەش لەگەلْ ئەوە داین کە پێنج ساڵەکە تەسبیت بێتن، لەبەر ئەوە ناکرێت ئێمە ئیعفایەکی موتلّەق بدەین، بەلاّم ئەو روسوماتانەی کەهاتووە هەموو رەسمەکان دەگرێتەوە، ئەوەی لە هەرێمی کوردستان وەردەگیرێت، فیعلەن ئەو پرۆژە بچووکانەی کە هەیە، فیعلەن ئەو پرۆژە بچووکانەیە، کە مەشمولە بەو قانونە، کە ئێستا ئیعادەی صیاغەمان کردۆتەوە بەو شێوەیەی کە دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێش ئەوەی بیخوێننەوە، جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ماوەی پێنج ساڵەکە، بەڕاستی ئێمە ئەو قەرزانەی کە داومانەتە ئەو خەلّکە، هەر هەمووی لە ماوەی سێ ساڵ و چوار ساڵ بووە، بەڕاستی ئێمە پەلەی ئەوەمانە کە قیستی یەکەم بدرێتەوە، بۆ ئەوەی کەسی بێ کاری دیکە سوودمەند بێت، پێنج ساڵ بە رەئی من زۆر زۆرەو، تەنها هەر لەماوەی چوار ساڵ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکەن بیخوێننەوە بە کوردی، پاشان بە عەرەبی.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم: پرۆژە بچووکەکانی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە باج و رەسمەکان بۆ ماوەی پێنج ساڵ دەبووردرێت.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة: تعفى المشاريع الصغيرة المشمولة بأحكام هذا القانون من الضرائب والرسوم لمدة خمس سنوات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی نۆیەم، فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

داهاتەکانی سندووق لەمانە پێك دێن:

1- بەشداری کردنی ساڵانەی حکومەتی هەرێم.

2- بەخشش و پیتاك و بەخشین، دوای وەرگرتنی رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بێن.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

تتكون موارد الصندوق من:-

1- المساهمة السنوية لحكومة الاقليم.

2- الهبات والتبرعات والمنح، بعد استحصال موافقة مجلس الوزراء، اذا كانت من خارج الاقليم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ دوو کەس، سەمیرە خان و کاك صباح و کاك عومەر، سەمیرە خان کەرەم بکە.

**بەڕێز سميره عبدالله اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاز دەکەم خاڵێکی بۆ زیاد بکرێت بەم شێوەیە: (دروست کردنی تیمێکی گەنجانی خۆبەخش بۆ کۆکردنەوەی داهات بۆ سندووق لەلای سەرمایەداران و خاوەنکاران و، پێدانی بڕی 10٪ی ئەو پارەیە پەیدا دەکات بۆ سندووق، دوای ئەوەی رێکارێکی رەسمی لەم رووەوە دەگرێتە بەر، کە سەرمایەکە بە رەسمی پێشکەشی سندووق بکات، بەڵام ئاماژە بە رۆڵی تیمەکە بکرێت لە رازی کردنی سەرمایەدار)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار صباح بیت الله کەرەم بکە.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەقەرە یەك لە ماددەی نۆ (المساهمة السنوية لحكومة الاقليم)، بە ڕەئیا من فێ ڕەنگی بێتە دارِشتن (المساهمة السنوية التي ترصدها الحكومة ضمن الميزانية العامة للاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عمر هەورامی کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە، ئەویش ئەوەیە لە خاڵی دووەمیان دەڵێت (بەخشش و پیتاك و بەخشین دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بێن)، ئەی ئەگەر لەناوەوەی هەرێم بن موافەقەی کێی دەوێت؟ چ جیهەتێك؟ ئەوە دەبێت روون بکرێتەوە.

خاڵێکی تر، ئێمە لە ماددەکانی پێشوو گوتمان ئیدارەی سندووق بۆیان هەیە ئیستیسمار بکەن، دەبێت ئاماژەش بەوە بدرێت کە یەکێك لە سەرچاوەکانی ئەم سندووقە عوائیدە، یان ئەو ئیستیفادەیە، کە لە نەتیجەی ئیستیفادە کردنی سندووق دەگەڕێتەوە بۆ ناو سندووقەکەو، واتا دەبێت خاڵێکی تر بۆی ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر موداخەلەتان هەیە؟ نییە، لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان و ئاخیر صیاغەتان کەرەم بکەن، کەرەم بکە جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەوانەیە روون کردنەوەیەکمان پێویست بێت بۆ حاڵەتێك، مەبەست لەوەی موساهەمەی سەنەوی لەلایەك و دوایی ئەو عائیداتانەی لە سولفە کە دەگەڕێتەوە، ئەو عائیداتانەی لە سولفە بگەڕێتەوەو مودەوەر حیسابی بکەین لەسەر خۆمان، ئەوە ئەو وەختە موساهەمە سەنەویەکە کافیە، بەڵام ئەوعائیداتانەی ئەگەر لە سندووقەکە دەربچێت، دوایی بگەڕێتەوە، دەبێت بڵێین (العائدات من السلف) یەعنی حاڵەتەکە وای لێ دێت، بۆ ئەوەی لای لیژنەی قانونی وازیح بێت، بۆ ئەوەی صیاغەیەك بدۆزینەوە، بگونجێت، چونکە لە سندووقەکە دەردەچێت، دوایی جارێکی تر دەبێت بگەڕێتەوە، ئایا بە مودەوەر حیساب دەبێت ئەمە، یان بە حاڵەتی گەڕانەوە حیساب دەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمانوایە ئەوە ئیعتیبار ناکرێت بە وارید، ئەوە بە مودەوەری سندووق حیساب دەکرێت و دەچێتەوە سەر حیساباتی سندووق، دووبارە تەسلیف دەست پێ دەکاتەوە بەنیسبەت ئەو پارانەی کە وەردەگیرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە بە کوردی، پاشان بە عەرەبی، دەیدەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر زیاتر بۆ بەرچاو روونی، ئێمە لە ماددەی پێنجەم ئیشارەتێك کراوە بە ئیستیسماری ئەموالی سندووق، ئایا ئیستیسماری ئەموالی سندووق بە عائیدات حیساب نییە، یەعنی ئەوەش باشە، ببوورن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەوەی تێدەگەین عائیدات کە دێتن ئیرادێکی تازەیە، ئەوەی لە موازەنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەخصیص دەکرێت و دەچێتە سندووقەکە، ئەمە دەبێتە واریدێك بۆ ئەم سندووقە، سندووقەکە ئیشی پێ دەکاتن و سولفەی دەداتن، دوایێ سولفەکە دەگەڕێتەوە ناو سندووق لە زیمنی واریداتەکە تەدویری پێ دەکرێت، ئەو عەمەلیە پێی بەردەوام دەبێت، یەعنی ئەمە واریدە تەخصیصەکە وارید نییە، ئەو مینحەیە کە حکومەتی هەرێم بۆ ئەو سندووقە تەخصیص دەکات، دووبارە کە وەردەگریتەوە، ئەو سولفەیە نابێتەوە وارید، چونکە خۆی واریدە لە زیمنی سندووقەکە دەوران دەکاتن، بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم وا تێ ناگەم ئەوە واریدە، چونکە ئەوە لە تەخصیصاتی حکومەتی هەرێمەو داخیلی سندووق بووەو عەمەلیەی دەورانی لەسەر کراوە، ئەوەی تازە دێتن، هەر ساڵێك دێتە سەر سندووقەکە، ئەوە ئیمکان دەکرێت و دەبێتەوە وارید لەناو سندووقەکەو دەورانی پێ دەکرێت و دەبێتەوە سەرمایەی ئەو سندووقە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس دیار بێت وەکو مورود ئیشارەتێکی پێ بکرێت و صیاغەکەمان بدەنێ، کەرەم بکە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو شێوەیە ماددەکەمان داڕشتەوە............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەس دەقیقەیەك، یەعنی ئەمە ئەگەر نەكەینە وارید، مانای وایە ئێمە داخیلی شتێكی غەڵەت دەبین، حیسابیەن غەڵەت دەبین، لە فەرزەك سەری ساڵ ئەم سندووقە سەد ملیۆنی هەیە، لە خیلالی ساڵی 2011 پەنجا ملیۆن قەرزی بۆ گەڕاوەتەوە، دەبێت رەصیدی ئەوان ببێتە (150) ملیۆن، وانییە؟ ئەگەر ئێمە ئەو پەنجا ملیۆنە نەكەینە رەصید، ئەی چۆن حیساب دەكەین، بە چ شكلێك حیساب دەكەین؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

وەكو وارید ئیشارەتی پێ بكەن، صیاغەی بكەن، دكتۆرە ئەگەر بخوێنیەوە، تەواو، كاك شێروان كەرەم بكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

موستەرەداتی سولفە بە وارید ئیعتیبار ناكرێت، موستەرەداتی سولفە زیمنی سندووق دەدرێت، بە وارید ئیعتیبار ناكرێت، موستەرەداتی سولفە لە گەنجەكان و لە لاوەكان، واریدەكی خۆمان داومانەتێ و خۆی دەداتەوە ئێمە، كەی ئەوە واریدە؟ لە مەبلەغی خۆمان داومانە بە ئەوان، واریدەكی تازە نییە دێتە ناو ئەو سندووقە، هەمان رصیدی سندووقە تەدویر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر كەرەم بكە.

**بەڕێز د.كاوە محمود شاكر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەو داهاتەی كە دێتە سندووقەكە هەموو ساڵێك تۆ موازەنەت هەیە لەو سندووقە، ئەوەی لێی دەرچوو مەرج نییە هەمووی بگەڕێتەوە، چونكە دائیمەن نیسبەیەك دادەنێین لەوانەیە بۆ زەرەرە، بۆ مەشروعێك زەرەر دەكات و ئەوانە، لەبەر ئەوە تۆ ناتوانیت هەر هەموو ئەوەی كە حكومەت دەتداتێ ئەو سندووقە بیكاتە ماڵ بەسەر خۆی، ئەو سندووقە حەرەكەتی تیا دەكەوێت، بەشێك لەو حەرەكەتە دەچێتە دەرەوە، یەعنی (out put) هەیە، بەشێكی تر هەیە (in put) یەعنی ئەو حەرەكەتەی تیایە، لەبەر ئەوە دیسانەوە دەبێت لە چوارچێوەی ئەو حەرەكەتە تەماشا بكەین، بە تەسەوری خۆم، لەوانەشە تەسەوری كاك شێروان راست بێت، بەس من ئەوەی لێی تێ بگەم وا بۆی دەچم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخیر صیاغەتان كەرەم بكەن.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی زەحمەتە ئەو هەموو راو و بۆچوونە جیاوازە ئاخیر صیاغە هەبێت.

المادة التاسعة: تتكون موارد الصندوق من:-

1- المساهمة السنوية التي تخصصها الحكومة من الموازنة العامة للاقليم.

2- عائدات استثمار اموال الصندوق.

3- الهبات والتبرعات والمنح بعد استحصال موافقة مجلس الوزراء اذا كانت من خارج الاقليم.

پێمان خۆشە ئیراداتەکان زۆر بێت، سەرچاوەی داهاتەکان زۆر بێت، بەلاّم ئەوەی کە لە توانادا هەیەو دەکرێت جێ بەجێ بکرێت.

(عائدات استثمار اموال الصندوق) برِگەی دووەمە، تێیدایە (عائدات استثمار اموال الصندوق).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی رەئی ئێوە چیە؟

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیستیردادی سولەف بە وارید حیساب دەبێت بۆ سندووق، یان نا؟ هەر بەکورت و کرمانجی.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیستیردادی سولەف بە وارید حیسابە. دەبێتەوە بە رەئس مالی سندووقەکە جارێکی دیکە، تەسجیلەکەی بە وارید، دەبێتەوە بەوارید بۆ سندووق، بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رەئیەکەی لیژنەی دارایی وەردەگرین، دکتۆرە ئیشارەتێکی پێ بکە، نەوەکو وارید حیساب بێت.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەشمان وەرگرت:

المادة التاسعة: تتكون موارد الصندوق من:-

1- المساهمة السنوية التي تخصصها الحكومة من الموازنة العامة للاقليم.

2- عائدات استثمار اموال الصندوق وريع النشاطات.

3- عائدات السلف المستردة.

4- الهبات والتبرعات والمنح بعد استحصال موافقة مجلس الوزراء اذا كانت من خارج الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیش بخوێننەوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەقە عەرەبیەکەم لەبەر دەستە، هەوڵ دەدەم بیکەمەوە کوردی.

ماددەی نۆیەم: داهاتەکانی سندووق لەمانە پێك دێن:

1- بەشداری کردنی ساڵانە بەو برِەیە کەوا حکومەت تەرخانی دەکات لە بودجەی گشتی هەرێم.

2- قازانجی بەرهەمهێنانی سەرمایەی سندووق و قازانجی ئەو چالاکیانەی کەوا ئەنجامی دەدات.

3- وەرگرتنەوەی قەرزەکان.

4- بەخشش و پیتاك و بەخشین، دوای وەرگرتنی رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بێن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، (3) كەس لەگەڵدا نییە، بۆ ماددەی دە، فەرموون.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم لە ئەسڵی پرۆژەكە، كە دەبێتە ماددەی دەیەم:

ماددەی دەیەم: بەڕێوە چوونی كاری ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندووق و میكانیزمی بەڕێوەبردنی بە پەیڕەوێكی تایبەتی دەست نیشان دەكرێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە عەرەبیش تكایە.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة العاشرة: يحدد سير عمل مجلس ادارة الصندوق وآلية ادارتها بنظام خاص.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەس لەسەر ئەوە قسەی هەیە؟ نییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەی یازدە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یازدەم: وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست دەربكات بۆ ئاسانكاری جێ بەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە عەرەبیش كەرەم بكە.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الحادية عشرة: للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ماددەیەکی ڕۆتینیە، ئیعتیادییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی دوازدە تکایە.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دوازدەم:**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بلاّو دەکرێتەوەو لە ڕۆژی (2011/1/1)ەوە جێ بەجێ دەکرێ.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کەس هەیە لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ سێ کەس، (سمیرە خان، شڤان احمد، عبدالسلام بەرواری، عمر هەورامی)، فەرموو سەمیرە خان.**

**بەڕێز سمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەماددەی دوازدەم، پێویستە کاتی جێ بەجێ کردنی یاساکە بگۆڕێت، ئەم یاسایە لە ڕۆژی پەسند کردنییەوە جێ بەجێ بکرێت.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار شڤان احمد کەرەم بکە.**

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێستا ئێمە لە مانگی چوارین، مانگی چوار تەواو دەبێت و ئەم یاسایە دەرناچێت، یەعنی چوار مانگ لەم ساڵە دەردەچێت، ئەمە بارێکی قورس دەخەینە سەر حکومەت بەبێ ئەوە، ئێمە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ئیعتیباری بۆ بکرێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، لە تاریخی نەشریەوە دەبێت، ڕێزدار عبدالسلام بەرواری کەرەم بکە.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تاكو ببينه سێ، منيش دەڵێم له تاريخى نەشرى بێت، چونكه ميكانيزمى ئەوەيە، ئێستا خەڵكێك هەيە خۆى تەقديم كردووە، ئەوە يەك.

دووەم مولاحەزەم، دەگەڕێمەوە راپۆرتى ليژنەى دارايى، تێبينيەكى زۆر گرنگيان باس كردووە، كە لێرە پێش ئەوەى ئێمە تەواوى بكەين، حەقە بە رەئى من يان ماددەيەك، يان لەم ماددەيە ئيشارەتى پێ بكەين، له پرۆژەى بودجەى خەملێنراو (25) مليار دينار.........

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

رجائەن، وەرە سەر ماددەكە، (ينشر هذا القانون)، قەيدى نييە، لەسەر ئەمە وەرە، پاشان دێينە سەر ئەوەى تر، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

هەروەها ئەو پارانەى تەرخان كراوە بۆ پرۆژەى قەرزى بچووك بە دەرچوونى ئەم ياسايە رادەگيرێت، چونكه (25) مليار دينارمان بۆ ئەوێ هەيە، ئێستاش ئێمە دادەنێين.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عمر كەرەم بكە.

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

قسەكانى من كران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ليژنەى هاوبەش كەرەم بكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەيدەرى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئێمە كە راپۆرتەكەمان ئامادە كرد بوو 2010 بوو، تەوەقوعى ئەوەمان دەكرد كە پرۆژەكە پەسند بكرێت، بۆيە لە 2011/1/1مان داناوە، بەلاَم عادەتەن ئيعتيبارە (من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية) باشترەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

ئێستا ئاخير صياغەتان بخوێننەوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەيى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

المادة الحادية عشرة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

بەكورديش كەرەم بكەن.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دوازدەم:**

**ئەم یاسایە لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ئەسباب موجیبە.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆیە پێویستیەکان**

**ئەم سندووقە دانراوە بۆ گرنگیدان بە لاوان و بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی وزەو تواناکانیان و یارمەتیدانیان بەشێوەیەکی جددیتر، بۆ کەمکردنەوەی کێشەی ئابوورییان، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ لادانی فشارو کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر شانی گەنجینەی دەوڵەت، کارکردن لەپێناوی گۆڕینی ئارەزووەکان، یان بەهرەکانی لاوان بەرەو سوود وەرگرتن لە وزەو تواناکانیان و جەخت کردن لەسەر جێ بەجێ کردنی پرۆژە ئابوورییەکان و بەپێی بەدەستهاتنی دارایی و بە یارمەتی سندووق.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە عەرەبیش کەرەم بکەن.**

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

**لقد استحدث هذا الصندوق للاهتمام بالشباب واستغلال وادارة طاقاتهم واعانتهم بجدية اكثر للتقليل من وطأة مشاكلهم الاقتصادية، ومن جهة اخرى لرفع الضغط وتقليل الاعباء من على كاهل خزينة الدولة، والعمل على تحويل رغبات او مواهب الشباب نحو الاستفادة من طاقاتهم، والتأكيد على تنفيذ المشاريع الاقتصادية الصغيرة وحسب امكانياتهم المالية وبمعاونة من الصندوق.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کەس موداخەلەی هەیە لەسەر ئەمە؟ ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن، ڕێزداران (کاوە محمد، شوان کەریم، شڤان احمد، شلێر محمد، سەروەر عبدالرحمن، شیلان عبدالجبار)، کەرەم بکە.**

**بەڕێز کاوە محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە خەتی سێیەم (کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر شانی گەنجینەی دەوڵەت، کارکردن لەپێناوی گۆڕینی ئارەزووەکان)، بەڕاستی لەپێناو گۆڕینی ئارەزووەکان نازانم، تێ ناگەم ئێمە چۆن دەتوانین ئارەزوو بگۆڕین، لێرە ئارەزوو گۆڕین جوملەیەکە لەجێی خۆی نییە بەڕاستی، یان نەمێنێت، یان لەپێناو دابین کردنی ئارەزووەکانی تر، لێرە ئەو جوملەیە لەجێی خۆی نییە، ئەگەر راست بکرێتەوە باشە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شوان كەریم كەرەم بكە.

**بەڕێز شوان عبدالكریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو، سێ تێبینی زمانەوانیم هەیە لە كوردیەكەی، سەرەتا كە دەڵێت ئەم سندووقە دانراوە بۆ گرنگیدان، هەم دیسان گرنگیدان هاتۆتەوە پێشەوە بكرێتەوە بە پشتیوانی باشترە، ئەوە یەك.

دووەم/ لە دێری دووەمدا كە دەڵێت بەشێوەیەكی جددیتر لەوێدا باشتر وایە بگوترێت بەشێوەیەكی باشتر، یان كاریگەرتر، لە دێری سێیەم، ئەوەی هاوكارم كاك كاوەش ئاماژەی پێدا كاركردن لەپێناوی گۆڕینی ئارەزووەكان، بەڕاستی لە عەرەبیەكەی (تحویل) ـە، من پێموایە تەحویلەكە لێرە ئاراستە كردنی بەهرەكانی لاوان بەرەو سوود وەرگرتن، ئاراستە كردن لە رووی زمانەوانیەوە جوانترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شڤان احمد كەرەم بكە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ كاك شوان قسەكانی منی كرد.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شلێر محمد كەرەم بكە.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی لە بیدایەتەكە، لەبەر ئەوەی ئەمە هەر پرۆژە یاسایە، بنووسین ئەم پرۆژە یاسایە بەشێكە لە چارەسەر كردنی كێشەی بێ كاری گەنجان، بەپێدانی قەرزی بچووك لە رێگای ئەم سندووقەوە، دوای ئەوە بۆ كەمكردنەوەو ئەو مولاحەزانەی كاك شوان و كاك كاوە باش بوو بۆ گۆڕین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار د.سەروەر كەرەم بكە.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیەكەم هەم لە رووی زمانەوانیەو هەم لە رووی رێكخستنەوەیەتی، هەندێ ئەوە مامۆستا كاوەو برادەرانیش باسیان كرد، پێم باشە بەم جۆرە بێت (ئەم سندوقە دانراوە بۆ گرنگیدانی زیاتر بە لاوان، بەگەڕ خستنی وزەو تواناكانیان، ئاوەڕدانەوەیەكی جیددیتر لێیان، بۆ كەمكردنەوەی كێشەی ئابووریان، لە لایەكی تریشەوە بۆ كەمكردنەوەی فشارو بارگرانی لەسەر شانی گەنجینەی حكومەت، چونكە لەوێ دەوڵەت هاتووە، بەوەی لاوان تەنها چاویان لەوە نەبێت كە دەزگاكانی حكومەت دابمەزرێن، بەڵكو بتوانن سوود لە

تواناكانی خۆیان وەربگرن لە ڕێگەی جێ بەجێ كردنی پرۆژەی ئابووری بچووك كە هەیانەو كار بكرێت، بۆ بەدیهێنانی ئارەزووەكانیان و دەرخستنی تواناو بەهرەكان لە ڕێگەی دانانی ئەم سندووقەو بووژاندنەوەی كەرتی تایبەت)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شیلان كەرەم بكە.

**بەڕێز شیلان عبدالجبار عبدالغنی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڤێ بەشی رستا دوێ كە بە عەرەبی هاتیە (وتقلیل الاعباء من علی كاهل خزینة الدولة)، ئەڤ سولفە هەمی كوا عبەئەكە سەر شانی گەنجینەی دەوڵەتێ، یەعنی نزانم ئەز ڤێرێ دبینم كو ئەوە هاتی دژە، یەعنی دژە مەبەستە ڤێ پرۆژە یاسایە، پێشنیارا من ئەوە كو نەمینێتن ئەڤ رستە، ئان ژی لێ زێدە بكەن (وتقلیل الاعباء من علی كاهل خزینة الدولة علی المدی البعید)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

### الاسباب الموجبة

لقد استحدث هذا الصندوق لزیادة الاهتمام بالشباب واستغلال وادارة طاقاتهم واعانتهم بجدیة اكثر للتقلیل من وطأة مشاكلهم الاقتصادیة، ومن جهة اخری لرفع الضغط وتقلیل الاعباء علی خزینة الدولة، والعمل علی تفعیل مواهب الشباب نحو الاستفادة من طاقاتهم، والتأكید علی دعم المشاریع الصغیرة وحسب امكانیاتهم المالیة وبمعاونة من الصندوق.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

### هۆیە پێویستیەكان

ئەم سندوقە دانراوە بۆ زیاتر گرنگیدان بە لاوان و بەكارهێنان و بەڕێوەبردنی وزەو تواناكانیان و یارمەتیدانیان بەشێوەیەكی جیددیتر، بۆ كەمكردنەوەی كێشەی ئابووریان، لە لایەكی دیكەشەوە بۆ لادانی فشارو كەمكردنەوەی بارگرانی لەسەر شانی گەنجینەی دەوڵەت، كاركردن لە پێناو گۆڕینی بەهرەكانی لاوان بەرەو سوود وەرگرتن لە وزەو تواناكانیان و جەخت كردن لەسەر جێبەجێ كردنی پرۆژە ئابوورییەكان و، بەپێی بەدەست هاتنی دارایی و بە یارمەتی سندووق.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا گشت پرۆژەکە لەگەڵ دیباجەکە، ئەسباب موجیبە عەرەبیەکە دەکەینە ئەساس بۆ تەرجومە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پێشەکی پیرۆزبایی لە گەنجانی کوردستان و خەڵکی کوردستان دەکەین بەم پرۆژە یاسایەی کە پەرلەمانی کوردستان پەسندی کرد، سوپاس بۆ یەکە یەکەی ئێوەی بەڕێز، بۆ ئەوانەی پرۆژەکەیان تەقدیم کردووە، بۆ ئەوانەی کاریان لەسەر کردووە، سوپاس بۆ هەردوو ڕێزدار ئاسۆس خان و دکتۆر کاوە، کە لە بەیانیەوە لەگەڵمانن و زۆر هیلاك بوون، لە لیژنەکانیش وەختی خۆی دەورییان هەبووە، سوپاس بۆ لیژنەی هاوبەش کە ئەزیەتیان کێشاوە، دووبارە پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم دەکەین، دەستان خۆش بێت، سبەی سەعات (11) دانیشتنی داهاتوومان دەبێت، هەر سەرکەوتوو بن، ئێستاش کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د. ارسلان بایز اسماعیل | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |